# بنەماکانی رۆژنامەوانی

ئەو شتەی دەبێ هەواڵکاران بیزانن و

جەماوەر چاوەڕوانی بکات

بیلّ كۆڤاچ و تۆم رۆزێنستیلّ

# بنەماكانی رۆژنامەوانی

## ئەو شتەی دەبێ هەواڵكاران بیزانن و جەماوەر چاوەڕوانی بكات

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە:

لەیلا حەمید

دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی ئاراس

هەولێر - هەرێمی كوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

بیڵ کۆڤاچ و تۆم رۆزێنستیڵ
بنەماکانی ڕۆژنامەوانی
وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: لەیلا حەمید
کتێبی ئاراس ژمارە: ١٣١٣
چاپی یەکەم ٢٠١٢
تیرێژ: ٦٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٩٠٨ – ٢٠١٢
نەخشاندنی ناوەوە: زیاد تاریق
رازاندنەوەی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: تریسکە ئەحمەد

ژێنک:
ژمارەی پێوانەییی ناودەوڵەتیی کتێب
ISBN: 978-9966-487-33-1

# دیباچەی چاپی نوێی کتێبەکە

لەوەتەی یەکەم چاپی ئەم کتێبە لە ٢٠٠٠دا بڵاو بووەوە، پێوەندیی نێوان ڕۆژنامەوانی و تەکنۆلۆجیا بەشێوەیەکی بەرچاو پەرەی سەندووە. دابڕانی ئەو جەماوەرەی کڕیاری هەواڵە تاوی سەندووە و تەنگژەی متمانە لە نێوان ئەو ڕۆژنامەنووسانەی هەواڵ بەرهەم دێنن، بەرز بووەتەوە. بەڵام ئەم گۆڕانانە باوەڕمان بەوەی بنەماکانی ڕۆژنامەوانیی بنەڕەتی و درێژخایەن دەمێننەوە، تەنانەت پتەوتر دەکات.

ڕۆژنامەوانی بۆ زیندوومانەوەی پێویستە لە فۆرم و ستایل خۆی بگونجێنێ تاوەکو ڕەنگدانەوە بێت بۆ گۆڕان لە کولتوور و سیاسەت و سەلیقە و تەکنۆلۆجیا. بەڵام لەگەڵ گۆڕانی ڕۆژنامەوانی ئەوانەیش کە هەواڵ بەرهەم دێنن، پێویستە بەنوێنەرایەتیی خەڵک، ئامانج و بنەماکانی بەرهەمهێنانی زانیاریی تەواویان لە بەرچاو بێت. ئەو بنەمایانە و ئەو ئامانجەی تیۆر و ئەرکی هەواڵ لە کۆمەڵگەی شارستانی پێک دێنن، ئەو شتەن کە ئەم کتێبە هەوڵی خستنەڕوویان دەدات.

زۆر شت لە ماوەی پێنج ساڵی ڕابردوودا ڕوویان داوە کە لە یەکەم نیگادا وێ دەچێت ڕێگر بن لە بووژاندنەوەی ڕۆژنامەوانی. لە سەرەتای هەزارەی نوێدا سەرەتا ترس و پاشان گورزی دۆت. کۆم ڕۆژنامەنووسانی بەرامبەر بە هۆیەلی نوێی وێبەوە[1] یەکجار گوماناوی کرد و تێکەڵبوونی ڕۆژنامەنووسانی لەگەڵ پێشکەوتنەکانی تەکنۆلۆجیادا دواخست، کە لە سەرەتای ٢٠٠٦دا شێوازگەلی چاپکردن و نووسیاری خۆییی بێ ژماری هێنابووە بەر.

لە ١٩٩٩دا کۆمپانیایەکی کالیفۆرنیا بەناوی پایرا لەبز[2]، بڵۆگەر. دۆت کۆمی بەکار خست – سیستەمێکی چاپکردن کە دەرگەی بۆ بەکاربەرانی لە ڕووی تەکنیکییەوە نەشارەزا ئاوەڵە کرد تاوەکو بابەتی خۆیان لەسەر ئینتەرنێت بەرهەم بێنن و بڵاوی بکەنەوە. ئەم پێگانە بە وێبلۆگ یان بلۆگ ناو دەبران و زۆر هاووڵاتی

1. Web
2. Pyra Labs

دەرفەتیان قۆستەوە بۆ ئەوەی ببن بە نووسیاری بابەتی خۆیان. بلۆگەکان تەنیا فاکتەرێک بوون لەناو لێشاوی تەکنۆلۆجیا کە ڕێگەی بە هاوولاتییان دا دەست بەسەر زانیاریدا بگرن. پەرەسەندنەکانی فۆتۆگرافیی دیجیتاڵ و کەلوپەلی ئەلیکترۆنیی هەڵگرتەنی[3]، لاپتۆپ و کامێرا و میوزیک پلێیری زۆر بەتواناتر و هەرزانتری خستە بەردەست. لەگەڵ بەرزبوونەوەی خواستی خەڵک بۆ تەکنۆلۆجیا دامەزرێنەرانی وێب ڕێگەیەکیان بۆ تێهەڵکێشکردنی تازەگەرییەکان دۆزییەوە و لە ٢٠٠٢دا خەڵک بابەت و وێنە و ڤیدیۆ و ئۆدیۆی خۆی لەسەر ئینتەرنێت بڵاو دەکردەوە.

هاوکات لەگەڵ سەرهەڵدانی ئەم پەرەسەندانە ڕووداوەکانی ١١ی ئەیلوولی ٢٠٠١ ڕۆڵێکی گرینگیان لە پەلکێشکردنی بەملیۆنان خەڵک هەبوو بۆ سەر ئینتەرنێت لە پێناو وەرگرتنی هەواڵ و کۆمەڵگە و دەرفەتێک بۆ گفتوگۆکردن لەبارەی چارەنووسی وڵاتەوە. بەکارهێنانی ئینتەرنێت بۆ پێوانێکی نوێ هەڵکشا و لەو کاتەوە دانەبەزیوەتەوە. هاوولاتییانی بەشدار لە گفتوگۆی سیاسی و کۆمەلایەتی چمکی ڕۆژنامەوانیی تایبەت بە هاوولاتییان هێنایە ئاراوە، کە یەکەمین لایەنگرانی پێشبینی داهاتوویەکیان دەکرد تێیدا هەرکەسێک لە توانایدا بوو زانیاری بەرهەم بێنێت و بیبەشێتەوە.

ئەوەی تەحەداکانی بەردەم میدیای کۆن زیاتر دەکات، کۆمپانیای هەواڵیی وەک یاهوو و گۆگڵن کە خزمەتگوزاریی هەواڵیی ئەوتۆیان خستووەتە گەڕ کە نەک بابەتی ڕەسەن، بگرە هەواڵی ئامادەکراو لەلایەن دامەزراوە کۆنەکانی سەرانسەری دنیاوە لە خۆ دەگرن. لە کاتێکدا زۆربەی بلۆگەکان لە تۆماری ڕۆژانەی بیرەوەرییەکانی کەسێنی تێ نەدەپەڕین، هەندێکیان وەک پێشەنگی بۆچوون لەناو مەودای سیاسەتی ئەمەریکاییدا سەریان وەدەر نا. بۆ نموونە لە درەنگانی ٢٠٠٢دا بلۆگەرەکان ترێنت لۆتیان[4] لە سەرکردایەتیی سیناتۆرە کۆمارییەکان لادا، ئەمەش لە ڕێگەی بەگشتی جاڕدانی گوتەیەکی نەژادپەرستانەی ئەو سیناتۆرەی میسیسیپی کە لە ئاهەنگی ١٠٠ ساڵەی لەدایک بوونی ستڕۆم سێرمۆندا[5] درکاندبووی. میدیای کۆن هەمووی لەلا بوو، بەڵام ناوەڕۆکەکەی پشتگوێ خستبوو.

3. Portable
4. Trent Lott
5. Strom Thurmond

له ٢٠٠٤ بلۆگەکان لە هەڵبژاردنە سەرەتاییەکانی سەرۆکایەتیدا ڕۆڵێکی سەرەکییان هەبوو و توانییان کاندیدێکی کەم ناسراوە لە هاوارد دیندا[6] ناوزەد بکەن. لە هەمان ئەو ساڵەدا ڤیدیۆیەکی ١٠ خولەکی کە دیمەنی میدیای ٢٠١٤ی پێشبینیی دەکرد لەلایەن دوو ڕۆژنامەنووسی گەنج بەرهەم هات کە لە پەیمانگەی پۆیتنری[7] سێینت پیترزبورگی فلۆریدا یەکتریان ناسیبوو. ئەم داهاتووە بەرهەمێکی لاوەکیی گۆگڵ بوو بەناوی EPEC کە "بەستە زانیارییەکی نەریتیی بەرهەم دەهێنا، بەگوێرەی هەڵبژاردن و خووەکانی خواردن و حەز و دیمۆگرافی و تۆڕەکانی کۆمەڵایەتیی هەر بەکاربەرێک بۆ شێوەدان بە بەرهەمەکە". زۆربەی ڕۆژنامەنووسان ئێستا بەلایەنەوە سیناریۆکە کردەنییە.

لە هەمان کاتدا ڕۆژنامەوانیی کۆن بەبۆنەی زنجیرەیەک ریسوایی کە بەڕوالەت لە هەموو ئاستەکانیدا بووە، تێک شکاوە. ساختەکاری و دزیی ئەدەبیی خێرای هەواڵنێرێکی گەنجی نیویۆرک تایمز بەناوی جێسن بلێیر[8] نەک تەنیا کێشەی قووڵتری لە ژووری هەواڵ ئاشکرا کرد، بگرە بووە هۆی شۆڕشی کارمەندان کە لادانی سەرنووسیاری ڕۆژنامەکەی لێ کەوتەوە – شەرمەزارییەک کە لە ڕۆژنامەی بەرچاوی نەتەوەی ئەمەریکاییدا بێوێنە بووە. تامەزرۆیی بۆ هەواڵی دەستی یەکەم لە یوو ئێس ئێی توودێ– تیراژ بەرزترین ڕۆژنامەی ئەمەریکایی – و نزمیی ئاستی رۆشنبیریی ڕۆژنامەکە بۆ بەرهەمهێنانی ئەو هەواڵانە بەرێکوپێکی، ڕێگەی بۆ پەیامنێرێکی بێگانەی تەڵەکەباز بەناوی جەک کێلی[9] والا کرد تا لە خۆیەوە درۆ بکات، بیانخاتە سەر ڕۆژنامە و لەلایەن نووسیارانی پایەبەرزەوە بەدرێژیی ماوەکە پارێزگاریی لێ بکرێت، ئەمەش سەرەڕای نیگەرانییەکانی کارمەندانی پلە نزم.

ناکۆکییەکانی تر پاڵنەری براوەکانی خەلاتی پولێتزر وەک جودیس میلێر[10] و بۆب وودواردیان[11] خستووەتە ژێر گومانەوە و لە شوێنی تر ڕۆژنامەنووسی کەمتر ناسراو، بەڵام خاوەن بەرپرسیاریەتیی گەورە، تاوانە ڕژدەکانیان لێ ئاشکرا بووە.

---

6. Howard Dean
7. Poynter
8. Jason Blair
9. Jack Kelly
10. Judith Miller
11. Bob Woodward

لەناو ئەو لیستەدا ستێفان دانفیی[12] سیاتێڵ تایمزە کە بەبۆنەی دزیی ئەدەبییەوە لە کار لادرا، یان دایانا گرییێگۆ ئێروینی[13] سەکرامێنتۆبییە[14] کە پاش ئەوەی نووسیاران زانییانەوە چل و سێ کەسی ئەو گوتەی وەرگرتبوون بوونیان نییە، دەستی لە کار کێشایەوە، یانیش کریس سێسلە[15]، سەرنووسیارێکی گەنج لە دێیلی تریبیوون نیوز لە کارتیۆسڤیل[16] (لە جۆرجیا)، کە پاش ئەوەی بەڕێوەبەرانی ڕۆژنامە ٨٠٠٠ تیراژییەکە زانییانەوە ئەو ستوونەکانی گوتارفرۆشێکی براوەی خەڵاتی پوڵیتزری دزیوە، لە کار لادرا. ئەستەمە بزانرێت ئاخۆ ئەو جۆرە سەرەڕۆییانە لە بەرزبوونەوەدا بوونە یاخۆ تەنیا بەهۆی چاودێریی چاپەمەنییەوە ژمارەیەکی زۆرتریان ئاشکرا بوونە – یانیش هەردوو حاڵەتەکە.

ئاماژەگەلی هیواگەیێنیشی بەدرێژاییی ڕێگەدا هەن. لە ٢٠٠٥دا بی بی سی هێزی هاووڵاتییانی هێنایە ژێر ڕکێفی خۆی بۆ رووماڵکردنی تەقینەوەکانی تەمووز لە لەندەن، ئەمەش بە پێشاندانی ڤیدیۆگەلی ناپیشەییانە و گوتەی شایەتحاڵان و ئەو وێنانەی بە مۆبایلەوە گیرابوون. تەنیا چەند حەفتە دواتر لەو کاتەی زریانی کاترینا لە نیوو ئۆرلێنزی دا، دامەزراوە هەواڵییەکانی ئەمەریکایی توانییان بەبەردەوامی زانیاریی نوێ دابین بکەن و بابەتی بەرهەم هاتوو لەلایەن هاووڵاتییانەوە بەکار بێنن. لە دەرەوەی میدیای کۆنباودا، هاووڵاتییان لە ژوورەکانی چاتکردندا کۆ بوونەوە و هەواڵی دەستبەجێیان داڕشت و سەرچاوەگەلی بەردەوام نوێکراوەیان بەرهەم هێنا، ئەمەش بەڕێگەی وەرگرتنی زانیاریی لە هەموو سەرچاوەکان و پێداچوونەوە بەبابەتی یەکتر بۆ ڕاستکردنەوەی هەڵەکان و دەوڵەمەندکردنی بابەتەکە.

توانای بەنزیکەیی هەموو کەسێک بۆ بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی بابەت و ڤیدیۆ و ئۆدیۆ، لەلای بەکاربەرانەوە خواستی بەکەسێنیکردنی ئەو بابەتانەشی بەرز کردووەتەوە کە لە سەرچاوەکانی ترەوە وەری دەگرن و حەز دەکەن لە یەک پێگەدا کۆیان بکەنەوە یاخۆ بە تاقە پرۆگرامێکەوە کاریان پێ بکەن. لە نیسانی ٢٠٠٦دا نیویۆرک تایمز دوا ئامادەکارییەکانی بۆ مای تایمز[17] دەکرد – خزمەتگوزارییەک کە

---

12. Stephan Dunphy
13. Diana Griego Erwin
14. Sacramento Bee
15. Chris Cecil
16. Cartersville (Georgia)
17. My Times

"بوارت پێ دەدات لاپەڕەیەکی تایبەت بە خۆشترین بابەتەکانی نیویۆرک تایمز و پێگە و بلۆگە ئینتەرنێتییە هەرە پەسندەکانی خۆت، دروست بکەی". ڕۆژنامەکە بلۆگی دامەزراند بۆ ئەو نووسیار و هەواڵنێرانەی هەواڵی گوزارشکراوەیان لەگەڵ بۆچوون ئاوێتە دەکرد و لینکێکیان بۆ بابەتی بەرهەم هاتوو لەلایەن خەڵکانی ترەوە دەدا.

هەواڵ تا دێت لە قاڵبی وانەیەکی ئامادەکراوەوە دەگۆڕێت بۆ گفتوگۆیەکی کراوە، لەگەڵ هەر هەموو ئەو خاڵە باش و خراپانەی هاوەڵییەتی.

تەکنۆلۆجیا بەردەوام ورووژێنەری گرژییەکانی نێوان میدیا و هاووڵاتییان بووە. ڕۆژنامەنووسان بەردەوام لەژێر چاودێرییەکی چڕی بلۆگەرەکاندان و زۆر دامەزراوە تێ دەکۆشن چالاکییەکان لەسەر ئینتەرنێت بگوازنەوە بۆ ژووری هەواڵ، بەبێ دابەزاندنی پێوەرەکانی داڕشتنی هەواڵ و سەلماندنی زانیاری. بەشێکی زۆری ئەو پاڵەپەستۆ تەندروستە. گوتەی پاراو و پاڵنەری ئەوانەی تامەزرۆی نەهێشتنی ڕۆژنامەوانیی گشتین (MSMی ناحەز، یان Mainstream Media) وەلا بنێ، بەم شێوەیە ڕۆژنامەوانی بەو وردبینییەی جیهانی بلۆگ پێشکێشی دەکات، باشتر دەبێت.

ئەو تەوژمەی چالاکی لەسەر ئینتەرنێت بەبێ بووژاندنەوەی ژێرخان نەدەهاتە دی. دزەکردنی ئینتەرنێت بۆ ناوماڵی ئەمەریکاییەکان لە ٢٠٠٦دا گەیشتە ٧٠٪ و پتر لە ٧٤ ملیۆن کەس هێڵی برۆدبانددییان بەکار دەهێنا- هەڵکشانێکی بەنزیکەیی چوار ئەوەندە لە چاو ٢٠٠٢وە. ئەم بەکاربەرانەی برۆدباند، لە هەر تەمەنێک بن، بەبەراورد لەگەڵ گرووپەکانی تر هەواڵی ئینتەرنێتیی یەکجار زیاتر دەکڕن.

ئەم چاپەی بەم دواییانە نوێکراوەی بنەماکانی ڕۆژنامەوانی هەوڵ دەدات تیشک بخاتە سەر کاریگەریی ئەم پەرەسەندنانە. ئەم بەرهەمە هەروەتر بەو تێگەیشتنە قووڵترانەوە دەوڵەمەند کراوە کە بەرەنجامی گفتوگۆکردنە لەگەڵ ڕۆژنامەنووسانی سەدان ژووری هەواڵ لە سەرانسەری وڵاتدا، ئەمەش لە ڕێگەی مەنهەجی گەڕۆکی لێژنەی ڕۆژنامەنووسانی پەرۆشەوە - کە پرۆگرامێکی راهێنانە لەسەر بنەمای یەکەم چاپی ئەم کتێبە. هەروەتر ئێمە توانیومانە وانەکانی مێژوویی ڕۆژنامەوانی باشتر دابڕێژینەوە و کۆمەڵێک هەڵە لە ئاست ڕاستییەکانەوە بچنین کە خوێنەرانی ئەم کتێبە و هەروەها وانەبێژانی ڕۆژنامەوانی کە کتێبەکەیان لە وانەکانیاندا بەکار

هێناوە، خستیانە بەر دیدمان.

خوێنەران بەگشتی گۆڕانکاری دەبینن. زۆرێک لە نموونەکان بە نموونەی نوێترەوە گۆڕاونەوە. لە حاڵەتەکانی تردا پەرەسەندنی نوێتر خراونەتە سەر ڕووداوگەلی ئاماژەپێدراو، چونکە بوونیان پێویست بووە بە یەکتر و پێکەوە ڕووداوێکی زۆر ئاڵۆزتر دەردەخەن.

بەشەکەی تایبەت بە دڵسۆزی و کار لە نوێوە داڕێژراوەتەوە بۆ ئەوەی جێی کۆمەڵێک گۆڕانکاری بکاتەوە - هەرەسهێنانی ژمارەیەک کۆمپانیای ئاوێتەکاری سەرەکی لەوەتەی ٢٠٠١ و نەمانی دەسەڵاتی ڕۆژنامەنووسان لە کۆمپانیاکانیان و دەسەڵاتی بەرزەوەبووەی ژمێریاران. کەم بەخەیاڵماندا دەهات ئەو گۆڕانکارییە زۆرە لەو ماوە کورتەدا ڕوو بدات، ئەمەش بە ڕەچاوکردنی تەمەنی درێژی ململانێ لەسەر بناغەی کۆمپانیا هەواڵییەکان.

هەندێک لە گۆڕانکارییەکان ئاشکراتر و پێشبینیکراوەترن. لەوانەش ئێستا پێویستە چاپەمەنی نەک تەنیا خۆی لەگەڵ هەلومەرجی ڕکابەرانەدا بگونجێنێت، بگرە پێویستە لە دەنگی بەم دواییانە بەرزەوەبووەی هاوڵاتی تێ بگات و خۆی لەگەڵدا بسازێنێت.

بەشەکانی تر وردەکارییان خراوەتە سەر، چونکە ڕامانی ڕۆژنامەنووسان و ڕوانگەی ئێمە لەمەڕ کۆمەڵێک چمک قووڵتر بووەتەوە. لەبارەی ئەو ئامرازانەی ڕۆژنامەنووسان بەهۆیانەوە دوای ئامانجیان دەکەون، بەشی تایبەت بە سەلماندن، ڕەنگە پتر لە هەر بەشێکی تری کتێبەکە سوودمەند بووبێت لە گفتوگۆی سەدان ڕۆژنامەنووس و ڕاهێنەری ڕۆژنامەنووسان لە ژوورەکانی هەواڵ و وانەگوتنەوە لە سەرانسەری وڵاتدا. باسی بابەتییانەبوون بەتایبەتی لەم گفتوگۆیانەوە سوودمەند بووە. لە ئەنجامدا ئێمە هەست دەکەین لە وەسفکردنی مانای ڕەسەنی بابەتییانەبوون وەک کۆدەنگییەک لەسەر ڕێباز نەک ئامانج، نزیکتر بووینەوە. بەتایبەتی بیرۆکەی دیوەدەری لە زمانی ڕۆژنامەوانیدا لەوەتەی چاپی یەکەمی ئەم کتێبەوە لە زمانی ڕۆژنامەوانیدا گرینگییەکی پتری وەرگرتووە و بەردەوام لەگەڵ کاری ئینتەرنێت بۆ وەگەڕخستنی ئەو پرۆسەیەی کە بەهۆیەوە ڕۆژنامەوانی دەخرێتە بەر چاودێرییەکی جەماوەرییەوە پەرە دەسەنێت و، لە کۆتاییدا ئەم گفتوگۆیانە

سەبارەت بەوەی چۆن سەلماندنی ڕێبازی دیوەدەرانە دەبێتە گرینگترین ئامراز بۆ کۆنترۆڵکردنی کێشەی دڕکاویی لایەنگری – هەم لایەنگریی سوودگەیێن و هەم پڕ کێشە- کە تووشی ڕۆژنامەنووسان و ڕۆژنامەوانی دەبێت، بەرچاوڕوونییەکی زیاتریان داوە بە ئێمە و هیواداریین بۆ خوێنەرانی ئەم چاپەش هەروا بێت.

هەریەک لە بەشەکانی تر بە هەمان شێوە سوودمەند بووە لە گفتوگۆکانمان لە ژووری هەواڵ سەبارەت بەوەی ئاخۆ چۆن ئەو ڕۆڵە جیاوازانەی ڕۆژنامەوانی لە کۆمەڵگەیەکی سەربەخۆدا دەیانگێڕێت، چڕ کراونەتەوە لەو کاتەی هەواڵ وەک کالایەکی یەکجار بەردەستی لێ هاتووە.

لە بەشی تایبەت بە ڕۆژنامەوانی وەک کۆڕبەندی جەماوەری، نەک تەنیا سروشتی ئەو کۆڕبەندە لەگەڵ چمکی "ئێمە میدیا" بووژاوەتەوە، بگرە ئێمە لەو باوەڕەداین کولتووری مشتومڕی و دوو جەمسەرەکردنی میدیا پێی ناوەتە قۆناغێکی نوێوە کە تێیدا مشتومڕیی هاوسەنگکراو بۆ وروژاندنی ئاگرین، شوێن بۆ شتێکی نوێ چۆڵ دەکات – بەڵێنی وەلامدانەوە یان سەلماندن، کولتوورێکی مشتومڕیی زیاتر یەک لایەنە، بەلام لە زۆر ڕووەوە جێگیرتر. بەشی تایبەت بە ویژدان لە هەواڵ بە زەقی گۆڕاوە، ئەمەش لە ئەنجامی ریسوایی و گۆڕانە گەورە و بچووکەکانەوە. رەنگە لە هەمووان هەستپێکراوەتر ئەوە بێت کە خوێنەران لەم چاپەدا تێبینیی بنەمایەکی نوێی ڕۆژنامەوانیی بکەن. لە یەکەم چاپی بەرگ کاغەزیی ئەم کتێبەدا ئێمە پڕۆژەیەکی مافەکانی ڕۆژنامەییی هاوولاتیمان زیاد کردبوو. لەم چاپە نوێیەدا پێوەندیی تێکسمڕاوی پەرەسەندوو لە نێوان ڕۆژنامەوانی و جەماوەردا، ئێمەی هێناوەتە سەر ئەو باوەڕەی پرسی ڕۆڵی هاوولاتی بەرز دەبێتەوە بۆ پلەی دەیەم بنەما، واتە ماف و ئەرکەکانی هاوولاتی.

لەگەڵ نزیکبوونەوەمان لە کۆتاییی یەکەم دەیەی ئەم سەدەیە، پێویستی بۆ گۆڕینی بناغەیی لە چاپەمەنیدا بە بەراورد لەگەڵ پێنج ساڵ پێش زیاتر دانی پێ نراوە. ئاماژەکانی دەرککردن بەوە گشتی نین. بۆ نموونە وێ ناچێت هەواڵی تەلەڤزیۆنە لۆکاڵەکان لەسەر ئینتەرنێت داهاتوویەکیان هەبێت بەو شێوەیەی هەواڵی ئینتەرنێتی داهاتووی بناغەڕێژ دەکات. لە بەرامبەردا، کۆمەڵێک ڕۆژنامە ڕژدتر لەوانی تر بەرەو ئینتەرنێت هەنگاویان ناوە.

خـوێنـەران هـەروەها رەنگە تێـبـینی بکـەن زۆر پرسـیـار بێ وەڵام مـاونـەتەوە. پرسـیـارێکیـان ئەوەیە ئاخـۆ پیشـەسـازیی هـەواڵ زۆر چاوەڕان بووە و بەمـەش زۆر هەلی لە کیس چووە، لەوانەش پێشنیـازی چەند ساڵ پێش بۆ کڕینـی کۆمـپـانیاکـانی دامەزرێنەری ئینتەرنێتی کە ئێستا ڕکابەری سەرەکین لە میدیای نوێدا. پرسیاری تر ئەوەیە ئاخۆ کڕیاران گرینگی بەو بەهایانە دەدەن کە چاپەمەنیی کۆنباو بەرجەستەی کـردوون - یانیش نـاونیـشـانی وەک سی بی ئێس نیـوز یان نیـویۆرک تایمز کـە نوێنەرایەتیی ئەم بەهـایـانەیان کردووە. پرسـیـارێکی سـێـیـەم و رەنگە لە هەمـوویان گرینگتر ئەوە بێت ئاخۆ ڕۆژنامـەنووسان شـارەزاییی پێویسـتیان لەو بنەمـایانە هەیە کە نەوە دوای نەوە ئەوانی پاراسـتووە تاوەکو لە داهـاتوودا شـوێنێکیـان بۆ مسـۆگـەر بکات.

چۆنیەتیی کۆکردنەوەی هەواڵ تا دێت بۆ جەماوەر ئاشکراتر و بەردەستتر دەبێت. کاردانەوەی زۆر ڕۆژنامـەنووس لە ڕابردوودا ئەوە بووە لەبەر خۆیانەوە بڵێن "هـەرگیز مـەهێڵە بزانن سـۆسـیـجەکە چۆن دروست دەکرێت". ئەو راسـتییـەی ئەم بیروباوەڕە هـەرگـیـز بەئاشکرا دەرنەبڕاوە، تەنانـەت ئەو کـاتیش ئامـاژەی بـە دوودیوبـوونی بۆچوونەکە دەکرد و دیوەدەربوونی ئەم سەردەمە وای کردووە ئەو بۆچوونە بەخەیاڵدا نەیەت.

لەوەتەی ئەو سـەرلێشـێوان و گومـانەی بووە هەوێنی بزووتنەوەی پێشکەوتنخـوازی لە سـەرەتای سـەدەی بیسـتـەمدا، هیچ شـتێک پاڵی بە رۆژنامـەنـووسـانەوە نەناوە بۆ بیـرکـردنـەوەیەکی قـووڵـتـر و داهێنەرانـەتر سـەبارەت بە کـارەکـەیان و چۆنیـەتیی ئەنجامدانی ئەو کارە و هۆکاری هەستیـاربوونی کارەکە بۆ دیمـوکراسیی وشـیارانە. ئەو دەنگانـەی لەم کتـێـبـەدا دێنە قسـە و هـەروەها ئەو لێکۆڵینەوەی تەواوکـەری ئەو دەنگانەن، چۆنیـەتیی گـەڕانەوەی ڕۆژنامـەنووسـانی ئەم سـەردەمـە دەردەخـات بۆ ئەو پرسـانەی بیرمـەندانی سـەردەمی پێشتـر لە کـاتی پێناسـەکردنەوەی ڕۆژنامـەوانی بۆ سەدەیەکی نوێ زۆرانبازییان لەگەڵدا کردبوون.

هیوادارین ئەم چاپە نوێیەی بنەماکانی ڕۆژنامەوانی ئەو باسە روونتر بکاتەوە.

# پێشەکی

کاتێک کۆمەڵناسان هەستان بە بەراوردکردنی تێبینییەکان لەسەر ژمارەیەکی کەم لە کولتوورە سەرەتاییە بەجێماوەکانی دنیا، شتێکی چاوەڕواننەکراوەیان دۆزییەوە. لە کۆمەڵگە خێڵەکییە هەرە دابڕاوەکانی ئەفریقیاوە بگرە تا دوورگە هەرە دوورەدەستەکانی زەریای ئارام، خەڵکەکە لە بنەڕەتدا هەمان پێناسەی بۆ هەواڵ هەبوو. تەنانەت لەو نامەبەرانەی بۆ کۆکردنەوە یان ناردنی هەواڵەکانیان هەڵیان دەبژاردن، ئەوان بەدوای هەمان تایبەتمەندییەکان گەڕاون. ئەوان خەڵکی وایان دەویست بە خێرایی تا گردۆلەی تر ڕابکەن، بەدروستی زانیاری کۆ بکەنەوە و بەڕێکوپێکی بیگێڕنەوە. مێژوونووسان نووسیویانە هەمان بەهاگەلی بنەڕەتی هەواڵ بەدرێژایی کات بەجێگیری ماونەتەوە. (مرۆڤەکان تێکەڵەیەکی وێکچووی هەواڵیان ئاڵوگۆڕ کردووە... بەدرێژایی مێژوو و لەناو کولتوورەکاندا)، بە قەڵەمی میچێڵ ستێفانسی[18] مێژوونووس.

ئاخۆ چۆن نهێنیی ئەم نەگۆڕانەمان پێ شی دەکرێتەوە؟ وەڵامەکەی بە تێگەیشتنی مێژوونووسان و کۆمەڵناسانەوە ئەوەیە هەواڵ مەیلێکی بنەڕەتیی مرۆڤ تێر دەکات. خەڵک پێویستییەکی دەروونی – خۆرسکێکیان – هەیە بۆ زانینی ڕووداوەکانی سەرووی ژیانی راستەوخۆیان. بە ئاگەداربوون لەو ڕووداوانەی ئێمە خۆمان ناتوانین بیانبینین، هەستێکی ئاسایش و کۆنترۆڵ و متمانە لەدایک دەبێت. نووسەرێک ناوی لەوە ناوە (برسێتی بۆ وشیاری).

لە یەکەم ئەو شتانەی خەڵک لە کاتی دیتنی هاوڕێ یان ناسیاوێک دەیکات، پێدانی زانیارییە. "بیستووتە...؟" ئێمە دەمانەوێت بزانین ئاخۆ ئەوانیش ئەو شتەی ئێمە بیستوومانە، بەرگوێیان کەوتووە و ئاخۆ بەهەمان شێوەی ئێمە بیستوویانە. خرۆشێک لە هەستکردنێکی هاوبەش لە دۆزینەوەدا هەیە. ئێمە تا ڕادەیەک لەسەر ئەو بنەمایەی ئاخۆ کاردانەوەی کەسێک بەرامبەر بە زانیارییەک بە هەمان شێوەی

18. Mitchell Stephens

کاردانەوەی ئێمەیە، پێوەندیی دۆستانە دەبەستین، هاورێ هەڵدەبژێرین و بڕیار لەسەر کەسێتی دەدەین.

کاتێک بەر بەتەوژمی هەواڵ دەگیرێت، (تاریکی دادەسەپێت) و نیگەرانی باڵ دەکێشێت. جیهان لە ڕاستیدا یەکجار خامۆش دەبێت. ئێمە هەست بە تەنیایی دەکەین. جۆن مەککێن[19]، سیناتۆری ئەمەریکایی خەڵکی ئاریزۆنا، نووسیویەتی لە پێنج ساڵ و نیوی تەمەنی وەک دیلی شەڕ لە هانووای، ئەو شتەی پتر لە هەمووان تامەزرۆی بوو، نە ئاسوودەیی نە خۆراک نە ئازادی و نە تەنانەت خێزان و هاورێکانی بوون. (ئەو شتەی زیاتر لە هەمووان بیرم دەکردەوە زانیاریی سەربەخۆی سانسۆرنەکراو و نەشێوێنراو و دەوڵەمەند بوو). ناوی لێ بنێ خۆرسکیی وشیاری.

ئێمە بۆ ژیانمان، پاراستنی خۆمان، یەکگرتن لەگەڵ یەکتر و پێناسەکردنی دۆست و دوژمن پێویستمان بە هەواڵە. ڕۆژنامەوانی لە بنەڕەتدا ئەو سیستەمەیە کۆمەڵگە بۆ دابینکردنی هەواڵ دایمەزراندووە. هەر بۆیەش ئێمە گرینگی بە تایبەتمەندییەکانی ئەو هەواڵ و ڕۆژنامەوانییە دەدەین کە بە دەستمان دەگات: ئەوانە کار لە چۆنیەتیی ژیانی ئێمە و هزر و کولتوورمان دەکەن. تۆماس کەهیلی[20] نووسەر، دانەری کۆمەڵێک کتێبی پڕجەماوەر لەبارەی مێژوویی ئاینەوە، بەم شێوەیە ئەوەی دەربڕیوە (ئێوە دەتوانن لە ڕێگەی هەواڵەکانی کولتوورێکەوە، ڕوانگەی گشتیی نەتەوەیەک.... ترس و خواستە شاراوەکانی بزانن).

لە ساتێکی شۆڕشی پێوەندییەکاندا، ئاخۆ ئەو هەواڵانەی ئێمەی دەیانگەیەنین، چ شتێک لەبارەی بۆچوونی گشتیی ئێمە و ترس و خواست و بەهاکانمانەوە ئاشکرا دەکات؟

ئەم کتێبە لە ڕۆژێکی باراناویی حوزەیرانی ١٩٩٧ لەدایک بوو، کاتێک ٢٥ ڕۆژنامەنووس لە یانەی مامۆستایانی زانکۆی هارڤارد کۆ بوونەوە. نووسیارانی کۆمەڵێک لە ڕۆژنامە پلە یەکەکانی ئەمەریکایی و ژمارەیەک لە ناوە هەرە ناسراوەکانی رادیۆ و تەلەڤزیۆن و هەندێک مامۆستای پلە بەرزی ڕۆژنامەوانی و ژمارەیەک نووسەری دیاری وڵات دەوریان لە مێزێکی درێژ دابوو. لەبەرئەوەی پێیان وا بوو لە پیشەکەیاندا شتێکی بەڕاستی هەڵە هەیە، لەوێ کۆ بووبوونەوە. ئەوان لە

19. John McCain
20. Thomas Cahill

زۆربەی کاری هاوکارەکانیاندا بە ئاستەم ئەو شتەیان بەدی دەکرد کە بەلایەنەوە ڕۆژنامەوانی بوو. لەوە دەترسان پیشەکەیان لە جیاتیی ئەوەی خزمەتێکی زیاتر بە بەرژەوەندیی گشتی بکات، لەناوی بەرێت.

لە بەرامبەردا جەماوەر تا دەهات پتر ڕۆژنامەنووسانی هەراسان دەکرد و تەنانەت ڕقی لێ دەبوونەوە. بارودۆخەکە بەردەوام خراتر دەبوو. لە ١٩٩٩دا تەنیا ٢١٪ی ئەمەریکاییەکان پێیان وا بوو، چاپەمەنی خەمی خەڵکییەتی، ئەمەش بە بەراورد لەگەڵ ٤١٪ی ساڵی ١٩٨٧ دابەزیبوو. تەنیا ٥٨٪ دانیان بە ڕۆڵی چاودێرانەی چاپەمەنی دادەنا، دابەزینێک لە ٦٧٪ی ١٩٨٥. کەمتر لە نیوە، ٤٥٪، پێیان وا بوو چاپەمەنی پارێزەری دیموکراسییە. ئەم ڕێژەیەش لە ١٩٨٥دا بە نێزیکەیی ١٠ پلە بەرزتر بوو. لە ٢٠٠٥دا هەندێک لەم ژمارانە هەڵکشانێکی کەمیان بەخۆوە دیت – ٢٨٪ی ئەمەریکاییەکان پێیان وابوو چاپەمەنی خەمی خەڵکییەتی.

ئەو شتەی ئەو ڕۆژە لە کەمبریجدا جیاواز بوو، ئەوەبوو زۆرێک لە ڕۆژنامەنووسانی ناو ژوورەکە – و لە سەرانسەری وڵاتدا– بەرە بەرە لەگەڵ جەماوەردا هاوڕا دەبوون. (لە ژووری هەواڵ ئێمە ئیتر باسی ڕۆژنامەوانی ناکەین)، مەکسوێل کینگی[21] نووسیاری ئەو کاتی فیلادێلفیا ئینکوایرر. نووسیارێکی تر هاوڕا بوو: (پاڵەپەستۆی کاری و قازانج ئێمەی لەناو بردووە). هەواڵ خەریکە دەبووە سەرگەرمی[22] و سەرگەرمیش هەواڵ. قازانجی ڕۆژنامەنووسان تا دەهات پتر گرێدراوی سوودی کۆمپانیا دەبوو نەک جۆریەتیی ئیشەکەیان. لە کۆتاییدا پرۆفیسۆر جێیمز کێریی[23] کۆچکردوو، لە زانکۆی کۆڵۆمبیا، پێشنیازێکی کرد کە زۆر کەس وەک پوختەیەک بە بیریان دێتەوە (کێشەکە ئەوەیە ئێوە شایەتی ونبوونی ڕۆژنامەوانین لەناو دنیایەکی گەورەتری پێوەندییەکاندا. ئەوەی ئاواتی بۆ دەخوازن گێڕانەوەی ڕۆژنامەوانییە لەناو ئەو دنیا گەورەترەدا).

ئەوە شتێکی گرینگتری لە ناوەخۆدا هەڵگرتبوو. ئەگەر ڕۆژنامەوانی، ئەو سیستەمەی ئێمە بەهۆیەوە هەواڵمان بەدەست دەگات، تێهەڵکێش کرابا، چ شتێک شوێنی دەگرتەوە؟ ڕێکلام؟ سەرگەرمی؟ بازرگانیی ئەلیکترۆنی؟ پڕوپاگەندە؟

---

21. Maxwell King
22. Entertainment
23. James Carey

کۆمـپـانیـای هـەواڵ کـۆکـەرەوەی ئینتـەرنـێتی؟ تێکەڵەیـەک لە هـەمـوو ئـەمـانـە؟ و ئاخـۆ بەرەنجامەکەی بەکوێ دەگەیشت؟

وەڵامەکان بە هـەمـان رادە بۆ جەماوەر و هـەواڵکاران گرینگە. ڕۆژنامـەوانی شتێکی بێ هـاوتـا دەداتە کـولتـوور: زانیـاریی بێـلایـەن و جێی باوەڕ و ورد و گـشـتگیـر کـە هـاووڵاتیـیـان بۆ ئازادبوونیـان داوای دەکەن. ڕۆژنـامـەوانیـیـەک کە داوای لێ بکرێت شتێکی جگە لەوە دابین بکات، کولتووری دیموکراسی سـەراونخوون دەکات، ئەمەش کـاتێک ڕوو دەدات حکوومـەت کـۆنتـرۆڵی هـەواڵ بکات وەک لـە ئـەڵمـانیـی نازی و یەکـەتیی سـۆڤیـەتدا. ئەوە لە شـوێنی وەک سـەنگافـوور دەبینینـەوە کـە حکوومـەت کۆنترۆڵی هەواڵ دەکات لە پێناو هاندانی سـەرمایەداری و سـستکردنی بەشـداری لە پرۆسەی سیاسیدا. شتێکی نێزیک لەوە، لەسەر شێوازێکی زیاتر بازرگانییەوە رەنگە لە وڵاتە یەکگرتووەکاندا رەگ و ڕیشە دەربکات، وەک ئەو کـاتەی دەزگاکانی هـەواڵیی سـەر بە کـۆمـپـانیـا هـاوبەشـییـە مـەزنتـرەکان بۆ بـرەودان بە بەرهـەمـەکـانی خـاوەنی کۆمپـانیا ئاوێتەکان بۆ لۆبیکردنێکی بێ کەمـوکووڕی یان ڕکابەریەتیی کۆمپـانیاکانی هـاوبەشی بەکار دێن، یانیش لەگـەڵ ڕێکلامکردن بۆ بـەرزکردنەوەی ئـاسـتی قـازانج تێکەڵ دەکرێن. کێشەکە تەنیا لەدەستدانی ڕۆژنامـەوانی نییە. ئەوەی لە مەترسیدایە ئەوەیە ئاخۆ ئێمـە وەک هـاووڵاتی هـەلی دەسترەسی بە زانیاریی سـەربەخۆمان دەبێت بۆ ئەوەی بتوانین بەشدار بین لە بڕیاردان بۆ خۆمان.

لە سـاڵانی پاش ١٩٩٧ واتە کـاتێک گـرووپەکـە لە کـەمـبـریـجـدا کـۆ بووەوە، ئەو پاڵەپـەسـتـۆیانە هـەر بەهـێـزتر بوون. لە ئیـدارەی جـۆرج دەبلیـو بووشـدا سـەرۆک و هـاوەڵە بەرزەکـانی تر بەڕاشکاوی چاپەمـەنیـیـان وەک گـرووپێکی بەرژەوەندیـخـوازی تری ناو کۆمەڵگە کە خاوەنی ئەجێندای تایبەتیی خۆیەتی، رەتکردەوە. هـەرچەندە ئەو هـەڵوێسـتـە رەنگە بەشـێکی سـیـاسی بووبێت و سـەرۆک لـە سـەرەتای ٢٠٠٥دا لەم هـەڵوێسـتـەی بە پاڵپـشـتـیکردن لە سـەربەخـۆیی چاپەمـەنی پاشگەز بووەوە، ئەم سیاسـەتوانانە شتێکیـان جاڕدا کـە جەمـاوەر بۆ خـۆی بەشێـوەیەکی رووەو زیادبوون هەستی پێ کردبوو.

ئیـدارەکـە هـەروەها لە چـاو ئیـدارەی کلینـتـۆن و بوشی پێـشـوو بۆ دامـەزراندنی مـیدیای بەرهـەمـهـاتوو لەلایەن حکوومـەتەوە زیاتر بۆ پێشەوە چوو. ئیدارەکە هـەواڵی ڤیدیـۆیی چەواشەکارانەی بەسـەر وێسـتگە تەلەڤزیۆنییـە لۆکاڵەکـان دابەش دەکرد.

کـۆمـپـانیـایەکی بۆ دابەزاندنی هەواڵی یەک لایەنەی نووسـراو لەلایەن سـوپای ئەمەریکاوە، لەناو میدیای عێراقیدا پاداشت دەکرد. هەروەها ستوونـنووسانی وڵاتە یەکگرتووەکانی بۆ دارشتنی بابەتگەلێک بۆ پاڵپشتی لە سیاسەتەکانی خوێندن و هاوسەرگیری بەکرێ گرت. هەوڵی دا درکاندنی نهێنیی لێکۆڵینەوەکان لەبارەی هەواڵگەلی تایبەتەوە بە یەکجار یاساییبوونی دانانی ئامێر بۆ بەدزی گوێگرتن لە تەلەفۆنی ماڵان و هەروەتر گرتیگەی نهێنی لە دەرەوەی وڵات، تاوانبار بکات.

تەکنۆلۆجیا تەنیا یارمەتیدەر نەبووە بۆ هەوڵی حکوومەت لە دارشتن و بڵاوکردنەوەی بابەت. کاتێک بلۆگەکان لە ٢٠٠٤دا بەگشتی ناوبانگیان پەیدا کرد، خەڵک تا دەهات زیاتر بابەتی خۆیان لەسەر پێگەی تایبەت بەخۆ بڵاو دەکردەوە. ئەم بزووتنەوەی رۆژنامەوانیی هاوولاتی[٢٤] رەنگە رێخۆشکەر بووبێت بۆ سرینەوەی هەر جۆرە ترسێکی تایبەت لەو بیرۆکەیەی حکوومەت خەریکی بەرهەمهێنانی رۆژنامەوانیی فەرمیی خۆیەتی.

لە ١٩٩٧دا ئەو کۆمەڵە رۆژنامەنووسەی لە کەمبریج لە لووتکەی ئەم گۆرانانەدا بەیەک گەیشتن، لەسەر پلانێک رێک کەوتن: بەشداری پێکردنی رۆژنامەنووسان و جەماوەر لە تێروانینێکی ورد لە سروشتی رۆژنامەوانی. وا رێک کەوتن وەڵامی دوو پرسیار بدەینەوە. ئەگەر هەواڵکاران پێیان وابوو رۆژنامەوانی شتێکی جیاوازە لە شێوازەکانی تری پێوەندیکردن، جیاوازییەکە چییە؟ ئەگەریش پێیان وابوو رۆژنامەوانی پێویستیی بە گۆرانە، بەڵام هەندێک بنەوای بنچینەیی پێویستە بهێڵرێنەوە، ئاخۆ ئەو بنەوایانە کامانەن؟

بۆ ماوەی دوو ساڵی دواتر گرووپەکە، کە ئێستا خۆی بە لێژنەی رۆژنامەنووسانی پەرۆش ناو ناوە، دۆمدرێژترین و سیستەمیانەترین و گشتگیرترین هەڵسەنگاندنی تا ئێستا ئەنجامدراوی لەلایەن رۆژنامەنووسانەوە سەبارەت بە کۆکردنەوەی هەواڵ و بەرپرسیاریەتییەکانی کردووە. ئێمە ٢١ کۆربەندی جەماوەریمان بەستووە، بەئامادەبوونی ٣٠٠٠ کەس و بەشایەتیی پتر لە ٣٠٠ رۆژنامەنووس. ئێمە لەگەڵ تیمێکی لێکۆڵەوانانی زانکۆ کە پتر لە ١٠٠ دیمانەی سێ سەعات و نیویان لەگەڵ رۆژنامەنووسان سەبارەت بە بەهاکانیان ئەنجام داوە، بەشدار بووین. دوو راپرسیمان لەسەر رۆژنامەنووسان لەبارەی بنەواکانیانەوە ئەنجام دا. لووتکەیەکمان

24. Civilian Journalism

بۆ (هەمـوارکـردنی یەکـەم)[٢٥] و رۆشنبـیـرانـی رۆژنامـەوانی رێک خـست. لـە رێگەی پرۆژەی (نایابی لـە رۆژنامــەوانیــدا) ئێــمــە بەنێــزیکەیی دوازدە لێکۆڵینەوەی تێـروتەسـەلمان لەبارەی گـوزارشکردنـی هـەواڵەوە بەرهـەم هێناوە. ئێـمـە لـە مێـژووی رۆژنامەنووسـانی پێش خۆمـان کۆڵییـەوە و لە ژوورەکانی هـەواڵی سـەرانسـەری وڵاتدا راهێنانمان کرد.

ئەم کتێبـە بەرهـەمی ئەو لێکۆڵینەوەیە. مشـتومڕی نییە، بگرە وەسـفێکی تیـۆر و کـولتـووری رۆژنامـەنووسـیـیـە کـە بەرهـەمی سێ سـاڵ گـوێگرتن لە هـاووڵاتیـیـان و رۆژنامـەنووسـان و لێکۆڵینەوەکـارییـەکانی خـۆمـان و خـوێندنەوەمـانە بۆ مـێـژووی پیشـەکە، هـاوکات لەگەڵ پەرەسـەندنی لە وڵاتە یەکگرتووەکاندا. ئێمە لەناو شتـەکانی تردا لەوە تێ گـەیشـتین کۆمـەڵگە چاوەڕوانە رۆژنامـەنووسـان کـار بەم تیـۆرە بکەن و هـاووڵاتییـان لێی تێ بگەن، هـەرچەندە بەدەگمـەن دەخـوێندرێتـەوە یان بە ڕوونی دانی پێدا دەنرێت. ئەم ناڕوونییە، هـەم بۆ هـاووڵاتییـان و هـەم بۆ هـەواڵکاران، رۆژنامەوانی لاواز کردووە و ئێستـە کۆمـەڵگەی دیموکراسی سـست دەکات. تەنیـا ئەگەر لە تیـۆری چاپەمــەنیی ئازاد تێ بگەین و داوای بکەینەوە، ئەگـەرنـا رۆژنامـەنووسـان پیـشـەی خـۆیان دەدەنـە بەر مـەترسـیی لەناوچوونەوە. لەو حـاڵەتەشـدا تەنگژەی کـولتـوور و رۆژنامەوانیی ئێمە تەنگژەیەکی بیر و بۆچوونە.

لە لێکۆڵینەوەکـەمـانەوە کـۆمـەڵێک بنەوای روونمان پاڵاوتووە کـە رۆژنـامـەنووسـان لەسـەریان کـۆکن – و هـاووڵاتییـانیش مـافدارن چاوەڕوانی ئەو بنەوایانـە بکەن. ئەوانە ئەو بنـەمـایانـەن کـە بـە تێپـەڕینی کـات هـەڵکشـاون و داکـشـاون، بەڵام بەردەوام بەشـێـوەیەک دەرکـەوتوون. ئەمـانـە زیندوو مـاونەتەوە، لەبەرئەوەی رۆژنامـەنووسـان توانیـویانە ئەو بنەوایانە لەگـەڵ خـواسـتـەکـانی سـەکـۆیە نوێیـەکـان و شـێـوازەکـانی ڕاپەڕاندنی ئەرکی سـەرەکـیـان بۆ ئاگـادارکـردنـەوەی خـەڵک، بگونجـێنـن. بەڵام رۆژنامـەنووسـان کـارەکەیان گونجـاندووە نەک بنەواکـان – بە هـەمـان ئەو شـێـوەیەی جـەمـاوەر خـۆی لەگـەڵ شـێـوازی وەرگرتنی هـەواڵەکـانیـان گونجـاندووە. ئەمـانە ئەو بنـەوایانـەن هـەم یارمــەتیی رۆژنـامــەنووسـان و هـەم خــەڵکی ناو سـیـسـتـەمـە سـەربەخـۆکانیـان داوە خـواسـتـەکانیـان لەگەڵ جیـهانێکی تەنانەت ئاڵۆزتر بگونجێنن.

25. First Amendment .

– کە لە ١٧٩١ دەرچوو و مافی ئازادیی دەربڕین و کۆبوونەوە و ئاین و چاپەمەنیی بەخشی.

ئەمانە بنەماکانی رۆژنامەوانین. یەکەمینی ئەو بنەوایانە ئەوەیە ئامانجی رۆژنامەوانی دابینکردنی ئەو زانیارییەیە بۆ خەڵک کە بۆ ئازادی و سەربەخۆییان پێویستیانە.

لە پێناو ڕاپەڕاندنی ئەم ئەرکە:

٦- رۆژنامەوانی بە پلەی یەکەم بەرپرسیارە بەرامبەر بە راستی.

٧- لایەنگری بە پلەی یەکەم بۆ هاووڵاتییانە.

٨- لە خۆیدا پێڕەوێکە بۆ سەلماندن.

٩- ئەوانەی کاری پێ دەکەن پێویستە سەربەخۆیی خۆیان بپارێزن لەو کەسانەی رووماڵیان دەکەن.

١٠- پێویستە وەک چاودێرێکی سەربەخۆی دەسەڵات خزمەت بکات.

١١- پێویستە کۆڕبەندێک بۆ رەخنە و ئاشتەوایی جەماوەری دابمەزرێنێت.

١٢- دەبێت هەوڵ بدات ئەوەی گرینگە سەرنج ڕاکێش و پڕ بایەخ بکات.

١٣- پێویستە هەواڵ بە گشتگیری و بەراوردی رابگرێت.

١٤- ئەوانەی کار لە رۆژنامەوانی دەکەن مەرجە ویژدانی خۆیان بەکار بێنن.

١٥- لەوەی پێوەندیی بە هەواڵەوە هەیە، هاووڵاتییانیش ئەرک و مافەیلی خۆیان هەیە.

بۆچی ئەم دەیە؟ هەندێک خوێنەر پێیان وایە کۆمەڵێک بابەت لێرەدا دیار نین. دادوەری لە کوێیە؟ هاوسەنگی لە کوێیە؟ پاش ئاوێتەکردنی ئەو شتەی فێری بووین، دەرکەوت ژمارەیەک بیرۆکەی ئاشنا و تەنانەت بەسوود، لەوانەش دادوەری و هاوسەنگی - ئەوەندە لێڵن کە ناکرێت بۆ ئاستی بنەوا سەرەکییەکانی پیشەکە بەرز بکرێنەوە. کەسانی تر رەنگە بڵێن ئەم لیستە شتێکی نوێ نییە. بەپێچەوانەوە، ئێمە تێ گەیشتین زۆر بیرۆکە لەبارەی بنەواکانی رۆژنامەوانییەوە بە ئەفسانە و بیرۆکەگەلی هەڵەوە تەنراون. تێگەیشتنێکی هەڵە ئەوەیە پێویستە رۆژنامەنووسان بە دیوارێک لە نێوان کار و هەواڵدا بپارێزێن. یەکێکی تر ئەوەیە سەربەخۆیی رۆژنامەنووسان ناچار دەکات بێلایەن بن. چەمکی بابەتییانەبوون ئەوەندە شێوێندراوە کە ئێستا بەزۆری بۆ وەسفکردنی هەر خودی ئەو کێشەیە بەکار دێت کە بۆ چارەسەرکردنی لەدایک بووبوو.

هەروەها ئەمە یەکەم جار نییە ئەو شێوازانەی ئێمە هەواڵمان پێ دەگات،

گـۆڕانکاریی زەبەنی بەسـەردا دێت. ئەمـە هەر جـارە و گـۆڕانێکی کـۆمـەڵایەتیی ئابووریی تەکنۆلۆجیی گرینک هەبووبێت، رووی داوە. لە ١٨٣٠ و ١٨٤٠ەکاندا لەگەڵ داهێنانی تێلێگرافـدا و لە ١٨٨٠کـاندا لـەگـەڵ دابەزینی نرخی کـاغـەز و تیـرژانی کۆچبەراندا هەبووە. دووبارە لە ١٩٢٠ەکاندا لەگەڵ داهێنانی رادیۆ و بەرزبوونەوەی ژمارەی رۆژنامەی بچووکی ورووژێنەر و کولتووری گوتەگوت و ناوداران رووی داوە. لەگەڵ داهێنانی تەلەڤزیۆن و هاتنی شەڕی ساردا دەرکەوتووەتەوە.

ئێستـاش لەگـەڵ دەرکەوتنی تەلەڤـزیۆن و رادیۆ و دوا بەدوایشی ئینتـەرنێت سـەر هەڵدەداتەوە. پێکداداني ئەمجارە رەنگە زەقتر بێت. بۆ یەکەم جار لە مێژوومان‌دا هەواڵ بەشێوەیەکی رووەو زیادبوون لەلایەن کۆمپانیاکانی دەرەوەی بواری رۆژنامەوانییەوە بەرهەم دەهێنرێت و ئەم دامەزراوە ئابوورییە نوێیە گرینگە. ئێمە بەرەوڕووی ئەو رێتێچوونە بووینەوە کە دەنگ و شوێنی هەواڵی بێلایەنە دەگرێتەوە و رێکلامکردن لە بەرژەوەندیی کەسێنیدا خۆی وەک هەواڵ دەسەپێنێت. ئەگەر ئەوە روو بدات، ئێمە رۆژنامەوانیمان وەک دامەزراوەیەکی سەربەخۆی ئازاد لە چاودێریکردنی دەسەڵاتە پڕ هێزەکانی تر و دامەزراوەکانی تری کۆمەڵگە، لەدەست دەچێت.

لە سـەدەی نوێدا یەکێک لە پرسە هەرە گرینگەکان لەبارەی کـۆمـەڵگەی دیموکراتییەوە ئەوەیە ئاخۆ چاپەمەنییەکی سەربەخۆ زیندوو دەمێنێتەوە؟ وەڵامەکەی بەندە بەوەی ئاخـۆ رۆژنامـەوانی ئەو دیوەدەری و بنـەوایەی هەیە بۆ ئەوەی دان بە مانای چاپەمەنیی ئازاد بنێت و ئاخۆ ئەمە بۆ ئەوانی ترمان وەک هاووڵاتی گرینگە.

ئەم کـتێبـە وەک یەکـەم هـەنگاو بۆ یارمـەتیدانی رۆژنامـەنووسـان لە داننان بەو بەهایانە و بۆ یاریدەدانی هاووڵاتییـان بۆ داواکردنی رۆژنامـەوانییـەکی پابەند بەو بنەوایانەی لە بنەڕەتدا چاپەمەنیی ئازادیان هێنایە بەر، داڕێژراوە. هەندێک کەس رەنگە پرسیار بکەن ئاخۆ لەم کتێبەدا پرۆگرامێکی دیاریکراو دانراوە بۆ ئەوەی ئەمە بێنێتە دی، واتە کێشەکانی رۆژنامەوانی چارەسەر بکات. وەڵاممان بۆ ئەوە لە دوو بەش پێک دێت.

یەکەم وەڵام ئەوەیە مێژوو بە تامەزرۆبوون بۆ تاقە ساتێک، بۆ کردەوەیەکی بوێرانە یان چارەسـەرێکی هاوکێشـەیی دروست نابێت. رۆژنامـەوانیش بەو شێـوەیە پەرەی نەسەندووە یان بەو جۆرە نەگەیشتووەتە ئەو شێوازەی ئێستای لە سەرەتای سەتەی بیست و یەکەمدا. رۆژنامەوانیی بێ وچان پەرە دەسەنێت. لە هەر ساتێکی

دیاریکراودا دەکرێت لە هەمان کاتدا شێوازەکانی پێشڤەچوون و تێکچوون دەستنیشان بکرێن.

لە ٢٠٠٦دا بە بەراورد لەگەڵ هەر کاتێکی تر لە مێژوودا رەنگە گەنجێکی زۆرتر چاودێریی جیهانیان بکەن و ئەو شتەی بەڕێگەیەکی رۆژنامەوانانە دەیدۆزنەوە بە هەستێکی بەرزتری ئەرک و ئەخلاقی گشتییەوە بیبەشنەوە. خەڵکانی کردنخوازی خۆدامەزرێنەر[٢٦]، واتە خەڵکانی ناو چوارچێوەی کاری هاوبەشیش هەن کە پێیان وایە ئابووریی ئێستای رۆژنامەوانی دەیسەلمێنێت جۆریەتی و خۆبەختکردن بۆ بەرژەوەندیی گشتی چمکی سەیروسەمەرە و بیرۆکەگەلی ساوێلکەن کە پێویستە واقیعبینانی ژێر دەستبەرداریان بن.

وەڵامی دووەم – کە بۆچی ناتوانرێت پرۆگرامێکی پێنج یان دە خاڵی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی رۆڵی رۆژنامەوانی لە کۆمەڵگەدا بدۆزرێتەوە – بریتییە لەوەی ئەزموونی گشتیمان بۆ ماوەی حەفتا ساڵ لەم پیشەیەدا وانەیەکی روونتر بۆ دۆزینەوەی ئەو چارەسەرە پێشکێش دەکات.

وەڵامەکە لەو کەسانەدا دەدۆزرێتەوە کە رۆژانە بەشارەزایی لە بنەواکانی رۆژنامەوانی و بە وردییەوە جێبەجێکردنیان لەسەر شێوازی کارکردن و بیرکردنەوەیان هەواڵ دروست دەکەن. چارەسەرەکە بە هەمان ئەو رێگەیەی وەرزشکاران توانستیان بەرز دەکەنەوە، دەدۆزرێتەوە: بەدووبارەکردنەوەی کردەوەکە تا ئەو کاتەی بنەواکان دەبنە شتێکی خۆڕسکی. ئەمەش سەرچاوەی روونی لە ئامانج و متمانە لە کارکردن و سەنگی جەماوەرییە.

کلیلی گەیشتن بەمەش، سەرەتا جیاکردنەوەی ئەو بنەوایانەیەن کە رێنیشاندەری ئامانجی رۆژنامەوانین لەو تەکنیکانەی نەوەیەک دەیانگۆڕێت بۆ ئامرازێک بۆ جێبەجێکردنی ئەو بنەوایانە. تەنیا لە رێگەی داننان بە باڵادەستبوونی بنەواوە رۆژنامەوانی دەتوانێت بەشێوەیەکی ئەخلاقی بگۆڕێت و لەلایەکەی ترەوە دەربچێت و هێشتاش هەمان ئامانجی دیموکراسی بۆ سەدەیەکی نوێ و تەکنۆلۆجیایەکی نوێ و جۆرە هاووڵاتییەکی نوێی تەلبەندکراو بە زانیارییەوە، بپێکێت.

26. Pragmatist self-appointed

بەشی یەکەم

## ڕۆژنامەوانی بۆ چییە؟

لە سپێدەیەکی باراناوایی کانوونی دووەمی ١٩٨١دا، ئاننا سێمبۆرشکا[٢٧] لە خەو هەستا و رادیۆکەی کردە سەر پرۆگرامی دڵویستی خۆی، ٦٠ خولەک لە کاتژمێرێکدا، ٦٠MPH[٢٨]. سێمبۆرشکای حەڤدە ساڵان شێوازی ئەو کۆمیدیێیە رەخنەئامێزەی بەدڵ بوو کە سنوورەکانی ئەو شتەی دەبەزاند کە خەڵکی پۆڵەندا نەیاندەتوانی بە ڕاشکاوی بیڵێن. هەرچەندە ماوەی چەند ساڵێک بوو دەوەشێنرا، لەگەڵ سەرهەڵدانی سەندیکای یەکەتیی کرێکاری پرۆگرامەکە بوێرانەتر بووبوو. چیرۆکی وەک هی دوکتۆرێکی کۆمۆنیستی گەمژە کە بێهوودە وێڵی چارەسەرێکە بۆ توندڕەوایەتی، سرووشێک بوو بۆ ئاننا و هاوڕێ هەرزەکارەکانی لە وارشۆ. بەرنامەکە پێشانی دەدا خەڵکانی تریش بەهەمان شێوەی ئەو بیر لە دنیا دەکەنەوە، بەڵام هەرگیز نەوێراون ئەمە بدرکێنن. (ئێمە وامان هەست دەکرد، ئەگەر شتی لەو جۆرە لەسەر رادیۆ بگوترێت کەواتە ئێمە ئازادین)، ئەمەی بەنێزیکەیی بیست ساڵ دواتر بە بیر دەهاتەوە.

بەڵام کاتێک لە ١٣ی تشرینی دووەمی ١٩٨١دا ئان دەستی بۆ رادیۆ برد بۆ ئەوەی بیکاتە سەر بەرنامەکە، تەنیا وژەوژی بیست. وێستگەیەکی تری تاقی کردەوە و دواتر یەکێکی تر. هیچ شتێک نەبوو. هەوڵی دا پێوەندی بە هاوڕێیەکی بکات، بەڵام تەلەفۆن بێبەی لێوە نەدەهات. دایکی بانگی بەر پەنجەرەی کرد. تانکەکان لەوناوە تێ دەپەڕین. حکوومەتی سوپاییی پۆڵەندا دەسەڵاتی سەربازیی سەپاندبوو و سەندیکاکەی قەدەخە کردبوو و دووبارە کۆتوبەندی خستبووە سەر میدیا و دەربڕین. ئەزموونی پۆڵەندی لە لیبرالیزمدا بە کۆتا هاتبوو.

27. Anna Semborska
28. 60 minutes per hour

لە ماوەی چەند کاتژمێرێکدا ئاننا و هاوڕێکانی گوێبیستی هەواڵی وا بوون کە ئامـاژەیان بەوە دەدا ئەم جارە شتێک جیاوازە. لە شارێکی بچووک بەناوی سویدنیک[29] لە نێزیک سنووری چیک، پیاسەپێکەرانی سەگ هەبوون. هەموو شەوێک لە ٧:٣٠دا کاتێک هەواڵی تەلەڤزیۆنی دەوڵەتی دەوەشێنرا، بەنێزیکەیی هەموو خەڵک لە سویدنیک دەچوونە دەرەوە و لە پارکێکی بچووکی ناوەڕاستی شاردا پیاسەیان بە سەگەکانی خۆیان دەکرد. ئەوە بووبووە دەربڕینێکی هێمنانەی دژایەتی و یەکەتی. ئێمە نامانەوێت تەماشا بکەین. ئێمە ئەو جۆرە راستییەی ئێوە رەت دەکەینەوە.

لە گدناسکدا[30] شاشەی رەشی تەلەفزیۆن هەبوو. لەوێدا خەڵکەکە دەستیان کرد بە گواستنەوەی تەلەڤزیۆنەکانیان بۆ سەر پەنجەرە و شاشەیان بەرامبەر بە شەقام دادەنا. ئەوان پەیامێکیان لەگەڵ یەکتر و حکوومەتدا ئاڵوگۆڕ دەکرد. ئێمەش نامانەوێت تەماشا بکەین. ئێمەش ئەو جۆرە راستییەی ئێوە رەت دەکەینەوە.

چاپەمەنییەکی نهێنی بە سوودوەرگرتن لە ئامێرێکی کۆنی دەستی کەوتە گەشەکردنەوە. خەڵک دەستی دایە ڤیدیۆ کامیرا و فیلمی بەڵگەیی تایبەتی بەرهەم هێنا کە بەنهێنییەوە لە سەردابەکانی کەلیسەکاندا پێشانیان دەدان. زوو سەرکردەکانی پۆڵەندا تێ گەیشتن بەرەوڕووی دیاردەیەکی نوێ بوونەوە، شتێک کە بۆ ناوانی پێویست بوو ڕوو لە رۆئاوا بکەن: سەرهەڵدانی رای گشتیی پۆڵەندا. لە ١٩٨٣دا حکوومەت یەکەمین دامەزراوەی لە کۆمەڵە دامەزراوەیەک بۆ لێکۆڵینەوە لە رای گشتی پێک هێنا. زۆری نەبرد دامەزراوەی هاوشێوە لە سەرانسەری ئەورووپای رۆهەڵاتدا دامەزران. بەڵام رای گشتی شتێک نەبوو کاربەدەستانی تۆتالیتاری بتوانن بیسەپێنن. ئەوپەڕی دەیانتوانی لێی تێ بگەن و دواتر لە بەرژەوەندیی خۆیان بەکاری بێنن، کە ئەمەش بەپێچەوانەی سیاسەتوانانی دیموکراتی رۆئاوایی نەبوو. ئەوان سەرنەکەوتن.

دواتر سەرکردەکانی بزووتنەوەی ئازادی ئاوڕیان لە دواوە داوە و پێیان وابوو هەڵوەشانەوەی کۆمۆنیسم پێوەندییەکی زۆری هەبووە بە هاتنی زانیاریی تەکنۆلۆجی و کاریگەرییەکەی لەسەر روحی مرۆڤەوە. لە زستانی ١٩٨١دا ئەو پیاوەی پاش کەمێک بە سەرۆکی پۆڵەندا هەڵدەبژێردرا، سەردانی رۆژنامەنووسانی واشینتۆنی

29. Swindik
30. Gdansk

کرد. (ئاخۆ دەکرێت ستالینێکی نوێی بکوژ لەم سەردەمەدا سەر وەدەرنێت؟)، لێخ والێزا[31] زمانپاراوانە پرسی. خۆی وەڵامی خۆی داوە، نا لە سەردەمی کۆمپیوتەر و سەتەلایت و فاکس و ڤیدیۆکاسێت ریکۆردەر، (ئەمە ئەستەمە). تەکنۆلۆجیا ئێستا بەخێراییەکی زۆر زانیاریی خستووەتە بەردەستی خەڵکێکی یەکجار زۆر. زانیاری دیموکراسیی زاوە. ئێمە رەنگە ئاوڕ لە دواوە بدەینەوە و پێمان وابێت والێسا تووشی شاگەشکەی ئەو ساتە بووبێت. بەڵام ئەم هەستەی کەمتر رەنگدانەوەی ساویلکەیی و پتر تەقینەوەی گەشبینیی بوو لە بەشێکی دنیا کە تازە بە تازە دەرکی بە تەکنۆلۆجیا و هێزەکەی دەکرد بۆ چاکەکاری و سروش هێنان بۆ خەڵک بۆ خەباتکردن لە پێناو ئازادیدا.

سوودی رۆژنامەوانی لە چیدایە؟ بۆ پۆڵەندییەکان و خەڵکانی تری دیموکراسییە ساواکانی ئەوروپای رۆهەڵات، پرسیارەکە بە کردەوە وەڵام درایەوە. رۆژنامەوانی بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگە بووە. رۆژنامەوانی بۆ هاووڵاتیبوون بووە. رۆژنامەوانی بۆ دیموکراسی بووە. و وەک سەرۆکی چێک ڤاکلاف هاڤڵ[32] لە ١٩٩١بە کۆمەڵێک رۆژنامەنووسی گردبووە لە پراگی گوت، رۆژنامەوانی بۆ وەرگرتنەوەی ئەو زمانەیە لە حکوومەتێک کە زمانەکەی لەناو پڕوپاگەندەکەیەوە نقوومی کردووە کە هەر خۆی ئازدایی هزریی نەهیشتووتەوە. میلیۆنەها خەڵک کە هەڵقووڵانی ئازادانەی زانیاری سرووشی بۆ هێنابوون، بەشدرابوون لە هێنانەدیی حکوومەتێکی نوێ و یاساگەلی نوێ بۆ ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریی وڵاتی خۆیان. ئاخۆ ئەمە ئامانجی هەمیشەییی رۆژنامەوانییە؟ یان ئاخۆ ئەوە تەنیا بۆ ساتێک و شوێنێک راست بووە؟

لە وڵاتە یەکگرتووەکاندا لە ماوەی نیو سەدەی پێشوو یان زیاتر پرسیاری (رۆژنامەوانی بۆ چییە؟) بەدەگمەن لەلایەن هاووڵاتییان و رۆژنامەنووسانەوە ئاراستە کراوە. ئێوە خاوەنی چاپەمەنییەک یان مۆڵەتی وەشاندن بوونە و رۆژنامەوانیتان کردووە. لە وڵاتە یەکگرتووەکاندا رۆژنامەوانی لە درێژبڕییەکی بێ کەموکووڕیدا چڕ کراوەتەوە: هەر شتێکە کە رۆژنامەنووسان دەیڵێن. وەک مەکسوێڵ کینگی نووسیاری پێشووی فیلادێڵفیا ئینکوایرر گوتوویەتی (ئێمە وامان کردووە کاری ئێمە بۆ خۆی قسە بکات). یان لەژێر پاڵەپەستۆدا، رۆژنامەنووسان خزمەتکردن بە

31. Lech Walesa
32. Vaclav Havel

بەرژەوەندیی جەماوەر وەک مەرجێک لێک دەدەنەوە.

ئەم وەڵامە سادەیە – ئەگەر لە ڕاستیشدا هەر توانیبێتی باوەڕ بە جەماوەرێکی بەردەوام بەگومانتربووە بێنێت – چیی تر پڕ بە پێست نییە، نە بۆ ئێستا کە تەکنۆلۆجیای نوێی پێوەندیکردن بەو مانایەیە هەر کەسێکی خاوەن مۆدێم و کۆمپیوتەرێک دەتوانێت خۆی بە (ڕۆژنامەنووس) دابنێت. نە بۆ ئێستا کە تەکنۆلۆجیا ڕێکخراوێکی نوێی ئابووریی ڕۆژنامەوانیی داهێناوە کە تێیدا پێوەرەکانی ڕۆژنامەوانی دەکێشرێنەوە و پێناسە دەکرێنەوە و هەندێک جار وازیان لێ دەهێنرێت.

لەوانەیە هەندێک پێیان وابێت پێناسەی ڕۆژنامەوانی لەگەڵ تەکنۆلۆجیاوە گەیشتووەتە ترۆپک و ئێستا هەموو شتێک بە ڕۆژنامەوانی دەزانرێت. بەڵام بە تێڕامانێکی وردتر، وەک ئەوەی جەماوەری پۆڵەندا پێشانیان دا، ئامانجی ڕۆژنامەوانی نە بە تەکنۆلۆجیا پێناسە کراوە، نە بە ڕۆژنامەنووسان و نە ئەو تەکنیکانەی بەکاری دێنن. وەک دەیخەینە ڕوو، بنەواکان و ئامانجی ڕۆژنامەوانی بە شتێکی زۆر بنەڕەتیترەوە پێناسە دەکرێن: ئەو ئەرکەی هەواڵ لە ژیانی جەماوەردا دەیگێڕێت.

هەر لەبەر هەموو ئەو شتە لە ڕاستیدا شێوەی ڕۆژنامەوانی گۆڕاوە، بەڵام لەوەتەی چمکی "چاپەمەنی" بۆ یەکەم جار پتر لە سێ هەزار ساڵ پێش سەری هەڵدا، ئامانجەکەی یەکجار بە نەگۆڕی ماوەتەوە، ئەگەریش هەردەم بە باشی خزمەت نەکرابێت. هەر لەبەرئەوە خێرایی و تەکنیک و تایبەتمەندیی رادەستکردنی هەواڵ گۆڕاوە و لەوانەیە بەردەوام تەنانەت خێراتریش بگۆڕێت، تیۆر و فەلسەفەیەکی ڕوون لەبارەی ڕۆژنامەوانییەوە هەیە کە لە ئەرکی هەواڵەوە سەرچاوە دەگرێت کە بە نەگۆڕی و خۆگری ماوەتەوە.

ئامانجی سەرەکیی ڕۆژنامەوانی دابینکردنی ئەو زانیارییانەیە بۆ هاووڵاتییان کە بۆ ئازادی و سەربەخۆیی پێویستیانە.

لە کاتی گوێگرتن لە هاووڵاتییان و ڕۆژنامەنووسان بیستمان ئەم بەرپرسیاریەتییە بەرامبەر بە هاووڵاتییان کۆمەڵێک بنەوا لەخۆ دەگرێت. میدیای هەواڵی یارمەتیمان دەدات لە پێناسەکردنی کۆمەڵگەکانمان و هەروەها ڕێخۆشکەرە بۆ دارشتنی

زمـانێکی هـاوبەش لە پێناو زانیـارییـەکی هـاوبەشی ڕەگـداکـوتاو لـەناو واقـیـعـەوە. ڕۆژنامـەوانی هـەروەها یارمەتیدەرە بۆ پێناسـەکردنی ئامـانج و قارەمـان و ناکەسـانی کۆمـەڵگەیەک. (ماوەیەکی درێژە زۆر هـەسـتم بەوە کردووە ئەگـەر بنەوایەکی هـاوبەشی زانیارییمـان هـەبێت، وەک کۆمەڵگە بە باشترین شێوە بەرەو پێش دەچین)، هـەواڵبێژی ئەو کـاتەی ئێن بی سی، تۆم برۆکاو[33] بە هـاوکـارە لێکۆڵەوانەکـانی ئێمـەی گـوتبوو. مـیدیای هـەواڵـی وەک چاودێرێک خـزمـەت دەکـات، هـانی خـەڵک دەدات بێ باک بن و دەبێـتـە دەنگی فـەرامـۆشکراوان. (دەمـەوێ دەرفـەتی ئاخـەوتن بدەم بـەو خـەڵکانەی پێـویسـتیـان پێـیـەتی... ئەوانەی بێ دەسـەڵاتن)، یوان یینگ چان[34]، هـەواڵنێـرێکی پێشـووی نیـویۆرک دێیلی نیـووز کـە پرۆگرامـێکی ڕاهێنانی ڕۆژنامـەوانیی لە هۆنگ کـۆنگ دانا، وای گـوت. جـێـیـمـز کـێـیـریی کـۆچکردوو، یەکـێک لە دامـەزرێنەرانی لیژنەکەی ئێمـە، لە نووسـینی خـۆیدا ئەمەی بەم شـێوەیە دەربڕیوە: ڕەنگە لە دواییدا ڕۆژنامـەوانی تەنیا بەمانای گـواستنەوە و فـراوانکردنی گفـتوگـۆی خـودی خـەڵک بێت. ئەو ئامــانجـە لەگـەڵ دەرکـەوتـنی ئینتــەرنێت و بلۆگ و ڕۆژنـامــەوانیی هـاووڵاتـیـیـان بەئاشکرا گرینگتر دێتە بەرچاو.

ئەم پێناسـەیە بەدرێژاییی مـێژوو ئـەوەندە نەگـۆڕ بووە و وا دیارە ئەوەندە بە قـووڵی لە هزری ئەوانەی بەدرێژاییی سـەدەکانەوە هـەواڵیـان داڕشـتـووە، ڕەگی داکـوتاوە کـە جـێیی گـومـانێکی کـەمی هێـشـتـووەتەوە. لە کـاتی ئاوڕدانەوە لە ڕابردوو، سـەخـتـە تەنانەت چـمکی ڕۆژنامـەوانی لە چـمکی دامـەزراندنی کـۆمـەڵگە و دواتر دیمـوکراسی جیا بکرێتەوە. وەک دواتر دەبینین، ڕۆژنامـەوانی ئەوەندە بۆ ئەو ئامانجە بنەڕەتییە کە ئەو کۆمەڵگانەی بیانەوێت ئازادی سـەرکوت بکەن پێوسـتە پێشتر چاپەمەنی تەپەسـەر بکەن. ئەو کـۆمـەڵگانە بەشـێـوەیەکی سـەرنجـڕاکێش پێویسـتیـان بە سـەرکوتکردنی سـەرمـایەداری نامـێنێت. ئەوپەڕی وەک ئەوەش دواتر ڕوون دەکـەینەوە، ڕۆژنامـەوانی ڕەنگدانەوەیەکی وردە بۆ تێگەیشتن لە چـۆنیـەتیی هـەڵسـوکـەوتی هـاووڵاتـیـیـان، تێگەیشتنێک کە ئێمە بە تیۆری جەماوەری پێکەوەبەستراوی ناو دەبەین.

هێشتاش تیۆر و ئامانجی درێژخایەنی ڕۆژنامەوانی ئەمڕۆکە بەشێوەیەکی بێ وێنە، بەلایەنی کـەمەوە لە وڵاتە یەکگرتووەکاندا تەحدایان دەکرێت. تەکنۆلۆجیا خـەریکە لە

33. Tom
34. Yuen Ying Chan

کۆمپانیاکانی زانیاری دامەزراوەیەکی ئابووریی نوێ دروست دەکات کە ڕۆژنامەوانی لەناو خۆیدا دەتوێنێتەوە. مەترسییەکە ئێستاکە ئیدی تەنیا لە سانسۆری حکوومەتدا نییە. بەهۆی تەکنۆلۆجیای نوێوە، وێ دەچێت حکوومەت پتر هەوڵی رووخاندنی ڕۆژنامەوانی بدات ئەمەش بە هەوڵدان بۆ لەکەدارکردنی راستگۆیییەکەی و سڕینەوەی کاریگەرییەکەی. لە سەدەی بیست و یەکەمدا حکوومەت ئامرازی زیاتری بەردەستە بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە، دامەزراندنی نیمچە ڕۆژنامەوانی لە شێوەی پێگەی هەواڵی چەوت، بڵاوکردنەوەی هەواڵی ڤیدیۆیی، بەکرێگرتنی ئەو (کەسایەتییانەی میدیا)یی کە تامەزرۆی بانگەشەن بۆ سیاسەت لە پێناو پارە و زۆر ڕێگەی تر. حکوومەت بەمسۆگەری هەروەها هەوڵ دەدات ڕۆژنامەوانیی هاووڵاتیش لە کاتی پتر پەرەسەندنیدا بتوێنێت. هەڕەشەی حکوومەت هاوکاتە لەگەڵ مەترسییەکی نوێ: ڕۆژنامەوانیی سەربەخۆ ڕەنگە لەناو پێوەندییەکانی بازرگانی و پڕوپاگەندەی هاوکاران بۆ یەکتر واتە لەناو بازرگانیی هاوبەشیدا بتوێتەوە. مانای ڕاستەقینەی هەموارکردنی یەکەم – ئەوەی چاپەمەنییەکی ئازاد دامەزراوەیەکی سەربەخۆیە – بۆ یەکەم جار لە مێژوومان‌دا هەڕەشەی لێ کراوە، تەنانەت بە بێ خۆهەڵقورتاندنی حکوومەتەوە.

کەسانێک هەن لەو باوەڕەدان پێناسەکردنی ڕۆژنامەوانی مەترسیدارە. ئەوان دەڵێن پێناسەکردنی ڕۆژنامەوانی بەمانای سنووردارکردنیەتی. ڕەنگە ئەو کارە ناوەڕۆکی هەموارکردنی یەکەم پێشێل بکات: (پێویستە کۆنگرێس هیچ یاسایەک دەرنەکات... کە ئازادیی دەربڕین یان چاپەمەنی کەم بکاتەوە). ئەوان دەڵێن لەبەر ئەوەیە ڕۆژنامەنووسان وەک دوکتۆر و پارێزەران ڕێگەیان بەو سنووربەندییە نەداوە. ئەوان هەروەها لەوە نیگەرانن پێناسەکردنەکە تەنیا ببێتە هۆی ئەوەی ڕۆژنامەوانی بەرهەڵستی گۆڕانکاری لەگەڵ سەردەمدا بکات کە ئەمەش ڕەنگە ببێتە هۆی لەناوچوونی پیشەکە.

لە ڕاستیدا بەرهەڵستی لە دژی پێناسەکردنی ڕۆژنامەوانی بنەوایەکی یەکجار ڕەگداکوتاو نییە، بەڵکو پاڵنەرێکی تا ڕادەیەک نوێ و بەشێوەیەکی سەرەکی بازرگانییە. چاپەمەنییەکان سەدەیەک لەمەوبەر بەبەردەوامی لە لاپەڕەی پێشەوەی تایبەت بە نووسیاران و لاپەڕەکانی بۆچوون و درووشمەکانی کۆمپانیادا بانگەشەیان بۆ

بەهاكانی خۆیان دەكرد بە هەمان ئەو شێوەی زۆربەی جار بەئاشكرا هێرشیان دەكردە سەر بەها رۆژنامەوانییەكانی ركابەرەكانیان. ئەمە بازاڕدۆزینەوە بوو. هاوولاتیانیش چاپەمەنییەكانیان بەگوێرەی شێواز و ڕێبازی هەواڵ نووسین بۆ خوێندنەوە هەڵدەبژارد. تەنیا ئەو كاتەی چاپەمەنی دەستی كرد بە وەرگرتنی شێوازێكی ناوكۆییتر و چوونیەكتر و پاوانكارانەتر، سنووردارتر بوو. پارێزەران كۆمپانیا هەواڵییەكانیان ئامۆژگاری كرد بەوەی بنەواكانیان لە نووسیندا پێناسە نەكەن، مەبادا لە داداگەدا لە دژی خۆیان بەكار بێنەوە. بەم شێوەیە، خۆبواردن لە پێناسەكردن ستراتیجییەكی بازرگانی بوو. لە ناوەڕۆكی هەمواركردنی یەكەمەوە سەرچاوەی نەگرتبوو.

لەلایەكی ترەوە، هەندێك پێیان وایە نەك تەنیا پێویستە ئامانجی رۆژنامەوانی نەگۆڕ بێت، بگرە شێوازەكەشی پێویستە بەجێگیری بمێنێتەوە. ئەوان لەچاو ئەو كاتەی گەنج بوونە گۆڕانكاری لە شێوەی رۆژنامەوانیدا دەبینین و وەك گوتە لەیادنەچووەكەی نیل پۆستمەن[٣٥] لەوە دەترسن ئێمە (خۆمان بە رابواردنەوە بكوژین). ئەوان راستییەكی تر فەرامۆش دەكەن. هەر نەوەیەك رۆژنامەوانی خۆی دادەمەزرێنێت. بەلام ئێمە لەوە تێ گەیشتووین ئامانج و بنەوا شاراوەكانی رۆژنامەوانی هەمان شتن.

هەرچەندە رۆژنامەنووسان بە پێناسەكردنی كارەكەیان ئاسوودە نین، بەشێوەیەكی بنەڕەتی لەسەر ئامانجەكەی كۆكن. ئەو كاتەی ئێمە لە ١٩٩٧ ڕێك كەوتین خاڵی هاوبەشی هەواڵكاران بخەینە روو، ئەمە یەكەم وەلام بوو بیستمان" ئامانجی سەرەكیی رۆژنامەوانی دەربڕینی راستییە تاوەكو خەڵك زانیاریی پێویستیان بۆ سەربەخۆیی لە بەردەست بێت". ئەوە قسەی جاك فوولەری[٣٦] نووسەر و پارێزەر و سەرۆكی ئەو كاتی كۆمپانیای چاپەمەنیی تریبیوون بوو كە شیكاگۆ تریبیوونی دەردەكرد.

تەنانەت ئەو خەڵكەی ناوی رۆژنامەنووسیان ناوێت، ئەوانەی لەسەر ئینتەرنێت ئیش دەكەن، ئامانجێكی هاوشێوە پێشان دەدەن. ئۆمەر واسۆ كە خۆی بە (سەرمایەدارێكی بواری گەراژ) وەسف دەكات و پێگەیەكی بەناوی نیویۆرك ئۆنلاین دامەزراندووە، لە كۆڕبەندێكدا بەئێمەی گوت ئامانجی تا ڕادەیەك ئەوەیە بتوانێت

35. Neil Postman
36. Jack Fuller

هاووڵاتیی وا دروست بکات کە (کـرپار و هەڵلووشـەر و ڕەتدەرەوەی مـیـدیا بێت... جەماوەرێک کە تێکەڵ بە میدیا بووە و دەتوانێت بەوریاییەوە وەڵام بداتەوە).

ئاخۆ ئەمانە تەنیا دەنگی نائۆمێدان بوون؟ لە ڕاستیدا نا. بەهاوکاریی سەنتەری لێکۆڵینەوەی پیوو بۆ خەڵک و چاپەمەنی[37] ئێمە لە ڕۆژنامەنووسانمان پرسی ئاخۆ بەلایانەوە چ تایبەتمەندییەکی ڕۆژنامەوانی جیاکەرەوەیە. ئەوانەی لە هەواڵدا کاریان دەکرد، ئەم ئەرکە دیموکراسییەیان بەنێزیکەیی دوو ئەوەندەی هەر وەڵامێکی تر دەستنیشان کرد. دیمانەگەلی کراوە و چڕوپڕ لەگەڵ سەت ڕۆژنامەنووسی تر کە لەلایەن دەروونناسانی بواری گەشەسەندن لە زانکۆکانی ستەفۆرد و هارڤارد و شیکاگۆی هاوکارمان ئەنجام درابوو، بە هەمان ئەنجام گەیشتبوون. ئەوان نووسیویانە "شارەزایانی هەواڵ لە هەر ئاستێکدا... دڵسۆزییەکی سەرسەختانەیان بۆ کۆمەڵێک پێوەری بنەڕەتی هەیە کە لەناو جەماوەرەکەیان و لە پێوەندییان بە ئەرکی گەیاندنی زانیاریی بە جەماوەر بەرچاون".

یاساکانی ئەخلاقی و لێدوانەکان لەبارەی ئەرکی ڕۆژنامەوانی هەمان شت دەسەلمێنن. ئامانجەکە (خزمەتکردن بە بەرژەوەندیی گشتییە لە ڕێگەی ئاگەدارکردنەوەی خەڵک)، ئەمەش بەگوێرەی یاسای کۆمەڵگەی ئەمەریکایی بۆ نووسیارانی ڕۆژنامە[38]، گەورەترین کۆمەڵگەی بەڕێوەبەرانی ژووری هەواڵی چاپەمەنییەکان لە ئەمەریکای باکور. (ڕووناکی دابین بکە و خەڵک ڕێگەی خۆیان دەدۆزنەوە)، لە تیتری ڕۆژنامەگەلی سکریپس کۆمپانیدا[39] هاتووە. لە ڕاستیدا لە دەقی ئەرکی هەر ڕۆژنامەیەکی تۆمارکراو لەلای کۆمەڵگەی ئەمەریکایی بۆ نووسیارانی ڕۆژنامەدا، بڕەودان بە مافی چارەنووس بە بنەوای سەرەکیی دامەزراوەی هەواڵی ناو براوە.

خەڵکانی دەرەوەی ڕۆژنامەوانیش دەرک بە بەرپرسیاریەتییەکی گەورەتری کۆمەڵایەتی و ئەخلاقیی ڕۆژنامەنووسان دەکەن. بزانن پۆپ جۆن پۆلی دووەم[40] لە حوزەیرانی ۲۰۰۰دا گوتوویەتی (ناکرێت ڕۆژنامەوانی بەخۆ بە کاریگەرییە بەرفرەوان و ڕاستەوخۆکەی بەتەنیا لەلایەن هێزگەلی ئابووری و قازانج و

37. Pew Research Center for the People and Press
38. American Society for Newspaper Editors
39. Scripps Company
40. Pop John Paul II

بەرژەوەندیی تایبەتەوە ڕێنوێنی بکرێت. لەبری ئەوە پێویستە بە ئەرکێکی لە ڕوویەکەوە پیرۆز دەرک بکرێت، کە بە پشتبەستن بەو تێگەیشتنەوە جێبەجێ بکرێت کە ئامرازێکی بەهێزی پێوەندیکردنتان لە پێناو چاکەی هەمووان پێ بەخشراوە).

ئەم ئەرکە دیموکراسییە تەنیا بیرۆکەیەکی سەردەمییانە نییە. بەدرێژاییی سەدەکانەوە چمکی بەدیهێنانی سەروەری لە هەر راگەیەندراو و مشتومڕییەکی سەرەکی لەبارەی چاپەمەنییەوە هەبووە، ئەمەش نەک تەنیا لەلایەن ڕۆژنامەنووسانەوە، بگرە لەلایەن ئەو شۆرشگێڕانەی لە پێناو بنەواکانی دیموکراسییەوە خەباتیان کردووە، لە ئەمەریکا و لە ڕاستیدا لە هەر دیموکراسییەکی لەگەشدابووە لەو کات بەدواوە هەبووە.

## خۆڕسکیی وشیاری

میچێل ستێفانسی مێژوونووس لە چۆنیەتیی کاردانەوەی هەواڵی کۆڵییەوە لەسەر ژیانی خەڵک بەدرێژاییی مێژوو و گەیشتە ئەو جێگیرییە بەرچاوەی ئێمە لە سەرەتای ئەم کتێبەدا باسمان کرد. ئەو نووسیویەتی (ئەو بابەتە سەرەکییانەی... دارشتەی هەواڵ لێی کۆڵیونەوە و پێوەرە بنەڕەتییەکانی هەڵسەنگاندنی بایەخی هەواڵ، وێ دەچێت زۆر کەم گۆڕابن. مرۆڤەکان تێکەڵەیەکی وێکچووی هەواڵیان بەنەگۆڕی لە سەرانسەری مێژوو و لە کولتوورەکاندا ئاڵوگۆڕ کردووە، کە پەلکێشبوون بۆ ئەم هەواڵە ناگوزیر دەکات، ئەگەر خۆڕسکیشی نەکات". ڕۆشنبیرانی جیاواز هۆی ئەمەیان ڕوون کردووەتەوە. بەهۆی خۆڕسکی بنەڕەتی – شتێک کە ئێمە بە خۆڕسکی وشیاری ناوی دەبەین– خەڵک تامەزرۆی هەواڵن. ئەوان پێویستیان بەوەیە بزانن لە گەردۆلەی ئەوبەر چی ڕوو دەدات، بەوەی لە ڕووداوەکانی سەرووی ژیانی ڕاستەوخۆیان ئاگەدار بن. زانیاری لەبارەی نەزانراوەوە ئاسوودەیان دەکات، ڕێگەیان پێ دەدات بۆ ژیانیان پلان دابنێن و دانووستان بکەن. ئالوگۆڕیی ئەم زانیارییە دەبێتە بناخەی دامەزراندنی کۆمەڵە و بەستنی پێوەندی لە نێوان مرۆڤەکاندا.

هەواڵ ئەو بەشەی پێوەندییەکانە کە لە ڕووداو و بابەت و تایبەتمەندییە گۆڕاوەکانی جیهانی دەرەوە ئاگەدارمان دەکاتەوە. لە کاتی خۆیدا مێژوونووسان

ئەوەیان خستە روو کە فەرمانڕەوایان بۆ یەکڕیزیی کۆمەڵگەکانیان سوودیان لە هەواڵ بینیوە. هەواڵ هەستێکی یەکەتی و ئامانجێکی هاوبەشی پێشکێش کردووە. تەنانەت یارمەتیی فەرمانڕەوا دیکتاتۆرەکانی داوە لە ڕێگەی یەکخستنی جەماوەر لە دژی هەڕەشەیەکی هاوبەشەوە، کۆنترۆڵی خەڵکەکە بکەن.

مێژوو شێوازێکی گرینگی تر ئاشکرا دەکات. چەندی کۆمەڵگەکە دیموکراسیتر بێت، هەواڵ و زانیاریی زیاتری هەیە. کاتێک کۆمەڵگەکان لە سەرەتای گەشەسەندنی دیموکراسیدا بوون، بەرەو جۆرە پێش–ڕۆژنامەوانییەک چەمانەوە.

کۆنترین دیموکراسی، یۆنانی کۆن، پشتی بە ڕۆژنامەوانییەکی زارەکی لە بازاڕی ئەسینا بەستبوو کە تێیدا (بەنێزیکەیی هەر بابەتێکی گرینگ لەبارەی کاروباری خەڵک ئاشکرا بوو)، جۆن هۆهێنبێرگی[41] وانەبێژی ڕۆژنامەوانی نووسیویەتی. ڕۆمییەکان تۆمارێکی ڕۆژانەی سینای ڕۆمی و ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتییان پەرە پێ دا و ناویان لێ نا diurna acta، کە لەسەر پاپیرۆس دەنووسرا و بۆ شوێنە گشتییەکان دەنێردرا. لەگەڵ پتر ئۆتۆریتاریەبوون و پێشێلکارتربوونی کۆمەڵگە ئەوروپاییەکان لە سەدەکانی ناوەڕاستدا پێوەندییەکە بەرەونەمان چوو و هەواڵی نووسراو لە بنەڕەتدا بوونی نەما.

## لەدایکبوونی ڕۆژنامەوانی

لەگەڵ کۆتاهاتنی سەدەکانی ناوەڕاست هەواڵ بەشێوەی هەڵبەست و چیرۆک بوو لەو بەستە هەواڵییانەی گۆرانیبێژانی گەڕۆک دەیانچڕی.

ئەوەی ئێمە رەنگە بە ڕۆژنامەوانی سەردەمی لە قەڵەم بدەین، لە سەرەتای سەدەی حەڤدەمەوە بە مانای وشەوە لە گفتوگۆ و بەتایبەتیش گفتوگۆی شوێنە گشتییەکانەوە سەری هەڵدا. لە ئینگەلترا یەکەم ڕۆژنامەکان لە قاوەخانەکانەوە گەشەیان سەند– کە بەڕادەیەک بێ شومار بوون کۆمەڵێکیان لە هەندێک جۆری زانیاری شارەزاییان پەیدا کرد. ئەوەندە جەماوەرکێش بوون کە ڕۆشنبیران گلەییان کرد (هیچ شتێک جگە لە هەواڵ و کاروباری جیهانی مەسیحییەت باسی لێوە ناکرێت).

---

41. John Hohenberg

پاشان لە ئەمەریکادا رۆژنامەوانی لە مەیخانە یان مێوانخانەکانەوە (publick house) دەستی پێ کرد. لێرەدا خاوەنی مەیخانەکان، کە بە مەیخانەچی (publican) ناو دەبران، گفتوگۆی بەجۆشیان رێک دەخست لەبارەی زانیاریی ئەو گەشتیارانەی زۆربەی جار ئەو شتانەی دەیاندیت و دەیانبیست لە کتێبەکانی تۆماری رۆژانەدا دەیاننووسی کە لە دواوەوەی مەیخانەدا هەڵگیرابوون. یەکەم رۆژنامەکان لەو قاوەخانانەوە سەرچاوەیان گرت، کاتێک خاوەن ئیمتیازە تێکۆشەرەکانی رۆژنامە هەستان بە کۆکردنەوەی زانیاری و چیرۆکی گواستراوە لە دەرەوەی وڵات و گوتەگوت و مشتومڕیی سیاسیی تر لە قاوەخانەکانەوە بۆ ئەوەی لەسەر کاغەز لە چاپیان بدەن.

لەگەڵ دەرچوونی یەکەم رۆژنامە سیاسەتوانانی ئینگلیز باسیان لە دیاردەیەکی نوێ دەکرد، کە بە رای گشتی ناویان نا. لە سەرەتای سەدەی هەژدەمدا رۆژنامەنووسان، خاوەن ئیمتیازەکانی رۆژنامە هەستان بە دانانی تیۆرێک بۆ گوتار و چاپەمەنیی ئازاد. لە ١٧٢٠دا دوو رۆژنامەنووس کە لەژێر ناوی قەڵەمیی کێیتۆ[٤٢] دەیاننووسی ئەو بیرۆکەیان دایەن اسین کە پێویستە واقیع پاڵپشتیک بێت لە دژی تۆمەت. ئەو کاتە یاسای گشتیی بەریتانیا رێگەی بەپێچەوانەکە دابوو: نەک تەنیا هەر رەخنەیەک لە حکوومەت تاوان بوو بگرە (چەندی راستییەکە مەزنتر بووایە، ئەوەندەش ناوزڕاندنەکە گەورەتر بوو)، لەبەرئەوەی راستی زیانێکی زۆرتری هەبوو.

بۆچوونی کێیتۆ کاریگەرییەکی زۆی لەسەر کۆلۆنییە ئەمەریکاییەکان هەبوو کە تێیاندا ناڕەزایی لە دژی رژێمی شاهانەی بەریتانی لە هەڵچووندا بوو. خاوەن ئیمتیازێکی رۆژنامەیەک، گەنجی هەڵکەوتوو بەناوی بێنجامین فرانکلین[٤٣] لەوانە بوو کە نووسینەکانی کێیتۆ دووبارە لە چاپ داوە. کاتێک خاوەن ئیمتیازی رۆژنامەیەک بەناوی جۆن پیتێر زێنگر[٤٤] لە ١٧٣٥ بەبۆنەی رەخنەگرتن لە پارێزگاری نیویۆرکی سەر بە بنەماڵەی شاهانە درایە دادگە، بیرۆکەکانی کێیتۆ بوونە بنەوای بەرگرییەکەی. خەڵک (مافی ئەوەیان هەیە دەسەڵاتی هەڕەمەکی لەرێگەی دەربڕین و نووسینی راستی..... هەم ئاشکرا بکەن و هەم دژایەتیی بکەن)، بە گوتەی پارێزەری

42. Cato
43. Benjamin Franklin
44.John Peter Zenger

زێنگر کـە فـرانکلین و ئـەوانی تر پاداشـتـیـان دەرکـردەوە. دەسـتـەی دادوەرانی سوێندخواردوو زێنگریان ئازاد کرد و کۆمەڵگەی شەرعیی کۆلۆنیاڵیان حەپەساند و بەمەش مانای چاپەمەنییەکی ئازاد لەئەمریکادا دەستی کرد بە وەرگرتنی شێوازێکی فەرمی.

چمکەکە لە هزری داڕێژەرانی دەستووری ئەمەریکاشدا رەگی داکوتا و ڕێی خۆی کردەوە بۆ ناو جاڕنامەی ڤێرجینا بۆ مافەکان کە بەشێکی لەلایەن جێیمز مەدیسن[٤٥] نووسراو، دەستووری ماساچۆسێتی نووسراو لەلایەن جۆن ئادامز[٤٦]، هەروەتر زۆربەی جاڕنامەکانی سەردەمی کۆلۆنیاڵی نوێ لەبارەی مافەکانەوە. "نابێت هیچ حکوومەتێک بێ سانسۆڕ بێت و لە شوێنێک کە چاپەمەنی ئازادە، هیچ لایەنێک هەرگیز ناتوانێت وا بێت"، تۆماس جێفرسۆن[٤٧] بە جۆرج واشینگتۆنی[٤٨] دەگوت. فرانکلین و مەدیسن هیچ کامیان بیریان بۆ ئەوە نەدەچوو ئەو جۆرە زمانە بۆ دەستووری فیدراڵی پێویست بێت، بەڵام دوو نوێنەر، جۆرج مێسن[٤٩] لە ڤیرجینیا و ئێلبریج گێری[٥٠] لە ماساچۆسێتس وازیان لەو بیر و بۆچوونە هێنا و لەگەڵ پیاوانی وەک تۆماس پێین[٥١] و سامیوئێڵ ئادامز[٥٢] هانی جەماوەریان دا داوای پرۆژە یاسایەکی نووسراو لەبارەی مافەکانەوە بکەن وەک مەرجێک بۆ پەسەندکردنی دەستوورەکە. بەم شێوەیە چاپەمەنییەکی ئازاد بووە یەکەم داواکاریی خەڵک لە حکوومەتەکەیان.

لە ماوەی دووسەت ساڵی داهاتوویدا چمکی چاپەمەنی وەک پشتیوانێک بۆ ئازادی خرایە ناو یاسای ئەمەریکایی. دادگەی باڵا بڕیاری دا بە پارێزگاریکردن لە مافی نیویۆرک تایمز بۆ بڵاوکردنەوەی بەڵگەنامە نهێنییەکانی حکوومەت لە ١٩٧١دا کە بە بەڵگەنامەکانی پێنتاگۆن ناو دەبران: (لە هەموارکردنی یەکەمدا دەستوورنووسانی ئەمەریکا ئەو مافەیان دایە چاپەمەنیی ئازاد کە پێویستە هەیبێت بۆ ئەوەی ڕۆڵی سەرەکیی خۆی لە دیموکراسیی ئێمەدا بگێڕێت. چاپەمەنی لە خزمەت

45. James Madison
46. John Adams
47. Thomas Jefferson
48. George Washington
49. George Mason
50. Elbridge Gerry
51. Thomas Paine
52. Samuel Adams

حوکملێکراودایە نەک حاکم).

زانای بەشــدار لە هەمــوارکـردنی یەکــەم، لی بۆلینگر[٥٣]، کـە ئەو کــات ســەرۆکی زانکۆی مـیـشـیگان بوو، لە کۆڕبـەندێکی لیژنەکـەدا بە ئێـمەی گوت ئەو بیـرۆکـەیەی دادگەکان بەردەوام جەختـیان لێ کردەوە، بیرۆکـەیەکی سادەیە: لە ڕێگەی جیـاوازیی دەنگەکانەوە خەڵکەکە ڕەنگە پتر زانیاری لە سەر راستی هەبێت و بەم شێویە توانای سەربەخۆییان هەبێت.

تەنانـەت کـاتێکیش ڕۆژنامــەوانی لەدەست شــارەزایانی ڕۆژنامــە بەجـۆشـەکـانی سـەرەتای سـەدەی بیسـتـەم یان بەشـێوەی چاپەمـەنییـە وروژێنەرەکانی ١٩٢٠ەکان بوو، بنیاتنانی کۆمەڵگە و برەودان بە دیموکراسی وەک بەهایەکی بنەڕەتی مانەوە. لە سـاتە هـەرە دژوارەکـانیـاندا، جـۆزێف پولـیـتـزر[٥٤] و ویلیـام راندۆلف هێـرست[٥٥] لە خـزمـەت چێژی هـەسـتـەکی و پاڵنەری نیـشـتـمانپـەروەریی جـەمـاوەرەکـەیاندا بوون. پۆلـیـتـزر یەکـەم لاپەڕەی خـۆی بـۆ پەلکێـشـکردنی خـوێنـەرانی بەکـار دەهێـنا، بەڵام لاپەڕەی نـووسـیــاریی تـەرخــان کــردبوو تـا فــێــریان بکات چۆن ببنـە هـاووڵاتـیی ئەمـەریکایی. لە شـەوانی هەڵبـژاردندا ئەو و هێرست هـەوڵیـان دەدا مەیدان بە یـەکتـر چۆڵ بکەن، یەکێکیـان بە بەکـرێگرتنی مـەدیسن سکوێر گاردن بۆ پارتێکی ئازاد و ئەوی تریان بە پێـشـاندانی ئەنجـامـەکـانی بانگەشـەی ئەنجـامـدراو لەسـەر لایەکی بالاخانە ئاسماندڕەکەیدا.

چ بە گـەڕانـەوە بە سـێـسـەت سـاڵ پێش چ تـەنانـەت سێ هـەزار سـاڵیش ئەسـتـەمە هەواڵ لـە کــۆمــەڵگە و بـەتێـپــەڕینی کــاتیش تـەنانـەت بـەتایبــەتیش لە کــۆمــەڵگەی دیموکراسی، جیا بکرێتەوە.

53. Lee Bolinger
54. Joseph Pulitzer
55. William Randolph Hearst

## چاپەمەنییەکی ئازاد لە سەردەمێکی ئەلیکترۆنیدا

لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکەمدا ئەمە چ بایەخێکی هەیە؟ زانیاری ئەوەندە سەربەخۆیە کە چمکی رۆژنامەوانی وەک قەوارەیەکی چوونیەک رەنگە نائاسایی بێتە بەرچاو. لەوانەیە هەمووارکردنی یەکەم بۆ خۆی کۆنینەیەکی سەردەمێکی سنووردارتر و دەستەبژێرانەتر بێت.

بەدڵنیاییەوە چمکی چاپەمەنی وەک دەرکەوانێک بۆ بڕیاردان لەوەی ئاخۆ جەماوەر پێویستە چ زانیارییەک بزانن و چی نەزانن، چیی تر پێناسەیەکی ورد نییە بۆ رۆڵی رۆژنامەوانی. ئەگەر نیویۆرک تایمز بڕیار بدات شتێک بڵاو نەکاتەوە، بەلایەنی کەمەوە یەکێک لە پێگە ئەلیکترۆنییە بێ ژمارەکانی تر، پێشکێشکارانی بەرنامەی رادیۆیی گفتوگۆئامێز، بڵۆگەکان و خەباتکاران بڵاوی دەکەنەوە. ئێمە ئێستا بەبەردەوامی نموونەی لەو جۆرە دەبینین. کاتێک نیووزویک[56] لە درکاندنی ریسواییەکەی لووینسکی[57] لە سەرەتادا دوا کەوت، مەت دراج[58] هەنگاوی نا و بڵاوی کردەوە. یان کاتێک میدیای هەواڵیی کۆن چاوپۆشییان لە پەسندانەکەی ترێنت لۆت لەبارەی بانگەشەی هەڵبژاردنی ١٩٤٨ی سترۆم تێرمۆنت کرد کە لەسەر بنەوای جیاکاریی رەگەزپەرستانە بوو، بڵۆگەکان پەلاماریان دا و لە دواییدا لۆتییان ناچار کرد واز لە سەرکردایەتیی سینای کۆماریخوازان بێنێت.

سەرهەڵدانی ئینتەرنێت، جیهانی بلۆگ، چمکەکانی (رۆژنامەوانیی هاووڵاتی) و (ئێمە میدیا) و بەدیموکراسیکردنی برۆدباند، وەک ئەوەی کەسانێک گوتوویانە، بەو مانایە نییە بیرۆکەی حوکمدان لەسەر هەواڵ- هەوڵ بۆ بڕیاردان لەوەی خەڵک بۆ سەربەخۆبوونیان پێویستییان بە چییە و داوای چی دەکەن- باوی نەماوە.

تەکنۆلۆجیا خەریکە هاووڵاتییان لە کڕیاری ناچالاکی ئەو هەواڵەی لەلایەن شارەزایانەوە بەرهەم هاتووە، بۆ بەشداربووانی چالاک دەگۆڕێت کە لە توانایاندایە رۆژنامەوانیی خۆیان لە سەرچاوەگەلی جیاوازەوە کۆ بکەنەوە. کاتێک خەڵک بۆ زانیاری لە گۆگڵدا دەگەڕێت، بەناو ریزبەندێکی بەرووالەت بێ کۆتای کەناڵەکانەوە دەخولێتەوە و بڵۆگەکان دەخوێنێت یان تێیاندا دەنووسێت، خەڵکەکە وا دەبێتە

---

56. Newsweek
57. Lewinsky
58. Matt Drudge

نووسیار و لێکۆڵەوان و هەواڵنێری خۆی. ئەو شتەی پێی دەگوترا رۆژنامەوانی تەنیا بەشێکی ئەم تێکەڵەیە و رۆڵەکەی وەک نێوانجیکار یان سەلمێنەر، وەک رۆڵی داوودەزگاکانی شارستانی رووەو لاوازبوونە.

ئێمە شایەتی سەرهەڵدانی هاووڵاتیبوونیێکی نوێ و چالاکتری ئەمەریکایین- کە هەڵگری کۆمەڵێک بەرپرسیاریەتیی نوێیە کە وا خەریکە رەچاو دەکرێن. رۆژنامەوانیی سەدەی بیست و یەکەم پێویستە ددان بەمە بنێت و رێخۆشکەر بێت بۆ پڕچەککردنی جەماوەر بە ئامرازەکانی پێویست بۆ بەدیهێنانی ئەم شێوازە هاووڵاتیبوونە چالاکترە.

جۆن سیلّی بروان[59]، کارگێڕی پێشووی زیرۆکس پارک کە تینک تانکێکی[60] بەناوبانگی سیلیکۆن ڤەلییە[61]، هەر زوو هەستی بەوە کرد لە جیاتیی پێشکێشکردنی چمکی خزمەتی دیموکراسییانە بە جەماوەر کە لەناو گریمانەی رۆژنامەوانیدایە، تەکنۆلۆجیا شێوازی بەدیهێنانی ئەو چمکەی لەلای رۆژنامەنووسانەوە گۆڕیوە.

(ئەوەی ئێمە لە ئابووریی نوێ و کولتووری پێوەندییە نوێیەکان پێویستمانە، مانابەخشییە. پێویستییەکی زۆرمان بەوەیە کۆمەڵێک خاڵی جێگیر لە جیهانێکی بەردەوام شێتبووەتردا بدۆزینەوە.) بروان روونی دەکاتەوە ئەمە یانی رۆژنامەنووسان پێویستییان بەوەیە (بتوانن لە گۆشەنیگای جیاوازەوە لە شتەکان رامێنن و بگەنە ناو کرۆکی بابەتەکانەوە). پۆڵ سافۆی[62] ئایندەگەرا ئەم ئەرکەی بە بەکارهێنانی لێکۆڵینەوە و حوکمدانی رۆژنامەوانە (بۆ گەیشتن بە بەرەنجام لە هەلومەرجی ناسەقامگیر)دا وەسف کردووە.

رۆژنامەنووسی نوێ ئیدی بڕیار لەوە نادات ئاخۆ پێویستە جەماوەر چ شتێک بزانێت- ئەمە رۆڵە کلاسیکییەکەی دەرکەوان بوو. ئەو یارمەتی جەماوەر دەدات بۆ خۆی داوای بکات. ئەمە تەنیا بەمانای زیادکردنی لێکدانەوە و شیکردنەوە بۆ گوزارشی هەواڵ نییە. لە جیاتی ئەوە یەکەم ئەرکی رۆژنامەنووسان، مانابەخشانی نوێ سەلماندنی زانیاریی جێی باوەڕ و دواتر رێکخستنیەتی بۆ ئەوەی خەڵک بتوانێت

59. John Seely Brown
60. Think tank
61. Silicon Valley
62. Paul Saffo

بەشێوەیەکی کاریگەر وەری بگرێت.

سیلّی براون پێی وابوو لە سەردەمێکدا کە هەر کەسێک بۆی هەیە لەسەر ئینتەرنێت پەیامنێر یان شرۆڤەکار بێت، رۆژنامەنووس دەبێتە (سەرکردەی کۆڕبەند)، یانیش نێوانجیکارێک نەک تەنیا مامۆستا یان وانەبێژ. جەماوەر نابێتە کڕیار بگرە کڕیاری بەرهەمهێن، دووڕەگەیەک لە کڕیار و بەرهەمهێن.

هەندێک لە لایەنگرانی (ئێمە میدیا) لەو باوەڕدان ئیتر کەس کۆنترۆڵی زانیاری ناکات، هەر بۆیەش پێویستی بە رۆژنامەنووسان بۆ خۆی باوی نامێنێت. لەبەرئەوەی هاووڵاتییان دەتوانن بەشێوەیەکی ئاسانتر پێوەندی بە یەکتر بکەن، لە حەقیقەتی راستەقینە و زانیاریی وردتر نێزیکتر دەبنەوە. بێ شک دەتوانن بەئاسانتری پێوەندی بەیەکەوە بکەن. میلیۆنان خەڵک بلۆگەکان دەخوێننەوە، هەرچەندە ئامارەکان ئاماژە بەوە دەکەن ئەو ژمارانە رەنگە جێگیر بێت. بەڵام پێویستە کۆمەڵێک پرسیار بکرێن، ئاخۆ ئەو هاووڵاتییانە کات و پاڵنەر و شارەزاییی پێویست بۆ ئەم کارەیان هەیە؟ ئەگەر نا، کەواتە ئاخۆ ئەوانەی هەوڵ دەدەن هەواڵ بەشێوەیەکی پیشەییانە رووماڵ بکەن، شارەزایی و ویستیان هەیە بۆ یارمەتیدانی جەماوەر بۆ بەدەستهێنانی ئەم ئامرازانە؟

چ بە ئا چ بە نا، بەرەنجامی کۆتا زۆر سەلمێنەرترە و زانیاریی راست و درووست پێوەستە بە ئاستی خۆبەختکردن بۆ ئەو ئامانجانەی کولتووری (ئێمە میدیا) پەرەیان پێ دەدات. گەڕان بەدوای زانیاری راست و دروست هێزی پاڵنەر بوو لە سەردەمی رۆشنبیری، کە چمکی گرینگیی تاک و چاپەمەنییەکی جەماوەریی لێ هەڵقووڵا. ئەم زانیارییە جەماوەری لەژێر دەسەڵاتی جۆرە دیکتاتۆرییەتێکی ناوەندی یان هێزێکی دۆگماتیک رزگار کرد کە دەبینین ئەمڕۆکە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا لە گەشەدایە. ئەگەر رۆژنامەوانیی تایبەت بە سەلماندن دەبێت لە سەردەمی زانیاریی نوێ بەردەوام بێت، کەواتە پێویستە ببێتە هێزی دەسەڵاتپێدەری هاووڵاتیان بۆ ئەوەی کۆمەڵگەی خۆیان لەسەر بنەوای زانیاریی ساخکراوە دابمەزرێنن.

ئەمە گۆڕانێکی وەرچەرخێنە، بەلایەنی کەمەوە بەقەدەر داهێنانی تێلێگراف و تەلەڤزیۆن مەزنە. یەکەمیان دەرفەتی دایە ئەو خەڵکەی بە مەودایەکی درێژ لێک دوور کەوتبوون، لە هەمان کاتدا بە شتەکان بزانن. ئەوەی دواتر توانای ئەوەی بۆ

خەڵکەکە زیاد کرد بۆ خۆیان هەواڵەکان ببینن.

ئەمڕۆکە خەڵک لە کرپاری ناچالاکەوە دەگۆڕێت بۆ ئەو کۆکەرەوەی دەسەڵاتی بەسەر رۆژنامەوانیی تایبەت بە خۆی و بۆچوونە جیهانییەکاندا دەشکێتەوە. لەناو شتەکانی تردا خەڵک دەتوانێت لەگەڵ خودی هەواڵ و هەروەها ئەو شارەزایانەی بەرهەمی دێنن، تێکەڵاو بێت. هەندێکیان ئینتەرنێت بۆ پێشکێشکردنی گوتەی خۆیان لەبارەی رووداوەکانەوە بەتەواوی لەگەڵ فۆتۆ و ڤیدیۆ و ئۆدیۆ، بەکار دێنن. کۆمەڵێکیان بە پۆستی ئەلیکترۆنی یان فۆرمی فیدباک پێوەندی بەو رۆژنامەنووسانەوە دەکەن کە هەواڵێکیان رووماڵ کردووە، بۆ ئەوەی یان هەڵەی تۆمارەکە راست بکەنەوە یانیش زانیاریی نوێ پێشکێش بکەن. و هەندێک بەشدار دەبن لە گفتوگۆ لەبارەی ئەو پرۆسەیەی هەواڵەکەی پێ بەرهەم هاتووە، کە ئەمەش تۆمارێکی بەنێزیکەیی راستەوخۆی رەخنە لە چاپەمەنی و وردبینی پێک دێنێت.

ئەگەر هاووڵاتییان لەگەڵ هەواڵدا کێشەیەکیان هەبێت، دەزانن دەبێت بۆ کێ ئیمەیڵ بکەن بۆ راستکردنەوەی بابەتی تۆمارکراو (رۆژنامەکان بەشێوەیەکی رووەوزیادبوون ناوونیشانی ئیمەیڵ و پێگە ئەلیکترۆنییەکان لە سەرەدەقدا دەنووسن، بۆ کارئاسانی لە پێوەندیکردن بە نووسەر و نووسیار و خاوەن ئیمتیازەکانەوە). جەماوەر چاوەڕێیە زانیارییە نوێیەکانی ئەوان ببێتە بەشێکی بابەتەکە. گفتوگۆ لەگەڵ جەماوەردا بەم شێوەیە بەشێکی دانەبڕاوی هەواڵەکەیە لە کاتی پەرەسەندنیدا.

ئەم جۆرە تێکەڵییە یەکجار ئەلیکترۆنییە، رۆژنامەوانییەکە کە دووبارە دەربڕی گفتوگۆیە، زۆر لەو رۆژنامەوانییە رەسەنە دەچێت کە لە مەیخانە و قاوەخانەکانەوە چوارسەت ساڵ پێش دەستی پێ کرد. لەم روانگەوە ئەرکی رۆژنامەوانی لە بنەڕەتدا لەگەڵ سەردەمی دیجیتاڵدا نەگۆڕاوە. تەکنیکەکان رەنگە جیاواز بن، بەڵام بنەوا شاراوەکان هەمان شتن. کاری رۆژنامەنووس بە پلەی یەکەم سەلماندنە.

ئاخۆ چۆن ئەم رۆڵە، جا چ لەلایەن نووسەرێکی ئایدیاڵیستی سەردەمی رۆشنبیری یان تیۆردانێکی سیلیکۆن ڤەلییەوە پێشکێش کرابێت، کاری پێ دەکرێت. ئاخۆ چۆن چاپەمەنیی ئازاد لە ڕاستیدا دەبێتە پاڵپشتێک بۆ ئازادی؟ ئاخۆ ئەمە لە بنەڕەتدا کردەنییە؟

رۆژنامـەنووسـان زۆربەی جـار بەئاشکرا بیـر لەم پرسیـارانە ناکـەنەوە. رەنگە پرسیـار لەوەی ئاخـۆ ئەو تیـۆرە دیموکـراسـییـە چییـە کـە لە پشت هـەواڵی تـەلەڤزیـۆنی یان رۆژنامەکەتانە، سەیر بێتە بەرچاو؟ ئێمـە ئازادترین چاپەمەنیی رێتێچوومان هەیە و لەگەڵ ئەوەشـدا لە مـاوەی سی سـاڵی پێشـوودا ژمارەی ئـەو ئەمەریکایانەی دەتوانن تەنانەت نوێنەری خۆیان لە کۆنگرێسدا دەستنیشـان بکەن زۆربەی جار بەرێژەی ٣ لە ١٠کەس نزمـە. کەمـتر لـە نیـوەی ئەمـەریکاییـەکـان بـەشـداری لە دەنگدان دەکـەن – تەنانەت لە هـەڵبـژاردنەکانی سـەرۆکایەتیـشـدا– کە ئەمـەش زۆر کـەمترە لەو وڵاتانەی بێ بەشن لە هـەموارکردنی یەکەم.

زۆربەی خـەڵک هـەواڵەکانی لە رێگەی تەلەڤزیۆنە ناوەخۆیییـەکانەوە بەدەست دەگات – مـیـدیایەک کە بەشـێوەیەکی بەرچاو پرۆسـەی حوکمـڕانی پشـتگوێ دەخـات. تەنیـا ٤٥٪ی خـەڵک گوتوویانـە رۆژی پێشـتـر رۆژنامـەیەکیـان خـوێندووەتەوە و خـەڵکەکە لەوەی ٥٠ سـاڵ پێش لەبارەی جیهانی دەرەوەیان دەزانی، زیـاتر نازانن. ئەگەر وردتر بڕوانیت، رەنـگە بیـرۆکـەی ئەوەی چاپەمـەنی زانیـاریی پێویست بۆ سـەربەخـۆبوونی خـەڵک دابین دەکـات سـەرابێک بێت. رەنگە ئەوە بـۆ خـەڵک گرینگ نەبێت. رەنگە لە ڕاسـتیـدا ئێمـە لە واقیـع و لە بنەڕەتدا هـەر سـەربەخـۆ نین. حکوومـەت کـار دەکـات و ئەوانی ترمان بەگشتی تەماشاکارین.

ئەم باسـە لە ١٩٢٠دا لە هەڵشاخـانی بیـرۆکەکـانی واڵتر لیپمـەنی[٦٣] رۆژنامـەنووس لەگەڵ هـی جۆن دوویی[٦٤] فەیلەسووف بۆ ماوەیەکی کورت گڕی گرت. ئەو کاتە کاتێک بوو بۆ رەشبینی بەرامبەر بە دیموکراسی. حکوومـەتە دیموکراسییـەکانی ئەڵمـانیا و ئیـتـاڵیـا رووخـابوون. شـۆڕشی بۆلشـێڤیک ڕۆئاوای تەنیـبـووە. تا دەهـات ترس لەوەی حکوومـەتە سـەربازییـەکان تەکنـۆلۆجیـای نوێ و زانسـتی نوێ بۆ پڕوپاگـەندەکـردن لە پێناو کۆنترۆڵکردنی ویستی جەماوەر بەکار بێنن، زیادی دەکرد.

لیپمـەن کـە ئەو کـات یەکێک لە ناودارترین رۆژنامـەنووسـانی ئەمـەریکایی بوو، لە پڕفرۆشـتـرین کتـێبـیـدا بەناوی پابلیک ئۆپنیـەن[٦٥] باسی لەوە کرد دیمـوکراسی لە

63. Walter Lippman
64. 65. John Dewey
65. Public Opinion واتە رای گشتی

بنەڕەتدا بەهەڵەدا براوە. ئەو گوتی خەڵک بەگشتی بەناڕاستەوخۆیی لە جیهان ئاگەدار دەبنەوە، ئەمەش لە ڕێگەی (ئەو وێنانەی لە مێشکی خۆیاندا بەرجەستەیان دەکەن).

ئەو وێنە خەیاڵییانە بەشێوەیەکی بەرچاو لە میدیاوە وەردەگرن. لیپمەن پێی وابوو کێشەکە ئەوەیە ئەو وێنانەی ناو مێشکی خەڵک بەشێوەیەکی خەیاڵشکێنەرانە شێوێندراو و ناتەواون و بە کێماسییەکی نەگۆڕی چاپەمەنییەوە لێڵ کراون. هەر بەهەمان رادە خراپیش، توانستی جەماوەر بۆ تێگەیشتن لە راستی تەنانەت ئەگەر هاتوو بەڕێکەوت دەربکەوێت، بەهۆی دەمارگیریی مرۆڤ و کلێشەکاری و ناحەزی و نەزانینەوە رووەو لەناوچوونە. لەکۆتاییدا لیپمەن وای دەزانی هاوولاتیان وەک تەماشاچییانی شانۆن کە (لە ناوەڕاستی رووداوی سێیەم دەگەنە جێ و پێش دوا پەردە دەردەچن، هەر ئەوەندە دەمێننەوە تاوەکو بزانن کێ قارەمان و کێ ناکەسەیە).

(رای گشتی) سەرکەوتنێکی مەزنی بەدەست هێنا و بەلای زۆر کەسەوە بووە سەرچاوەی لەدایکبوونی لێکۆڵینەوەی هاوچەرخ لەبارەی پێوەندییەکانەوە. هەروەتر کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر فەیلەسووفی ناوداری ئەمەریکایی، پرۆفیسۆر دوویی زانکۆی کۆڵۆمبیا هەبوو. لە خوێندنەوەی بۆ پابلیک ئۆپینیەندا کە لە کۆواری خودی لیپمەن بەناوی زێ نیوو پابلیکدا[٦٦] دەرکەوت، دوویی شرۆڤەی لیپمەنی سەبارەت بە سنوورەکانی تێگەیشتنی مرۆڤ بە (کاریگەرترین تاوانی دیموکراسی... کە تا ئەو کاتە لە قەڵەم درابێت)، وەسف کرد و دانی بەوە نا لیپمەن پەنجەی خستووەتە سەر کۆمەڵە کێماسییەکی رژدی چاپەمەنی و جەماوەر.

بەڵام دوویی کە دواتر رەخنەی خۆی لە کتێبەکەیدا بەناوی زێ پابلیک ئەند ئیتس پرۆبلمزدا[٦٧] بلاوی کردەوە، گوتی پێناسەی لیپمەن بۆ دیموکراسی لە بنەڕەتدا هەڵەیە. دوویی گوتی ئامانجی دیموکراسی بەڕێوەبردنی کاریگەرانەی کاروباری گشتی نییە. بگرە ئەوەیە رێگە بە جەماوەر بدات بەتەواوەتی گەشە بە توانستیان بدەن. بەواتایەکی تر دیموکراسی ئامانجە نەک ئامراز. راستە، جەماوەر تەنیا دەتوانێت (یەکلاکەرەوەی دوایین دادە)ی حکوومەت بێت کە زۆربەی جار تەنیا هێڵە

66. The New Public جەماوەری نوێ

67. The Public and Its Problems جەماوەر وکێشەکانی

گشتییەکانی مشتومڕییەکە دادەنێت. دووی پێی وابوو، بەڵام ئەمە هەر هەموو ئەو شتە بووە کە دەستوورنووسانی ئەمەریکا لە ژیانێکی دیموکرات مەبەستیان بووە، کە ئەمەش یەکجار زیاتر لە حکوومەتێکی کاریگەر هەڵدەگرێت. مەبەستی راستەقینەی ئازادیی مرۆڤ بوو. رێگەچارە بۆ کێشەکانی دیموکراسی ئەوە نییە سازشی لەسەر بکرێت، بگرە هەوڵدانە بۆ برەودان بە توانستەکانی چاپەمەنی و فێرکردنی جەماوەر.

دووی هەستی بە شتێک کرد کە ئەمرۆکە پاش دارمانی فاشیزم و کۆمونیزم لە سەدەی بیستەمدا، دیتنی ئاسانترە. ئەو پێی وابوو ئەگەر خەڵک رێگەیان پێ بدرێت بەسەربەستی لەگەڵ یەکتری پێوەندی بکەن، ئەوا دیموکراسی دەرهاوێشتەی سروشتیی تێکەڵاوبوونی خەڵکە. ئەوەش فرۆفێڵێک نییە بۆ باشترکردنی حکوومەت.

پاش هەشتا ساڵ هێشتا مشتومڕییەکە بەردەوامە و یەکلایی نەکراوەتەوە. پێوەندیی تێکئاڵۆسکاوی نێوان رۆژنامەوانی و هاوولاتی لە ژوورەکانی هەواڵدا کە بەردەوام لە گەشەدایە، ئەو پرسیارە دێنێتە پێش ئاخۆ رۆژنامەنووسان هێشتاش رۆڵ دەگێڕن لە دارشتنی ئەجێندا– لە هەوڵدان بۆ وریاکردنەوەی جەماوەر لەوەی کام هەواڵانە گرینگن، واتە گرینگترین هەواڵەکان. هەرچەندە ئەو رۆڵە لە گۆڕاندایە، لێمان روونە کە ون نابێت.

ئەوانەی هەواڵ دەگوازنەوە، هێشتاش پێویستە بڕیار بدەن لەسەر چۆنیەتیی بەکارهێنانی سەرچاوەکان، هەڵبژاردنی ئەو هەواڵانەی پێویستە دابەزن ئەوەش کە کامیان پێویستە بەدرێژی و کامیان بە کورتی رووماڵ بکرێن و هەروەها هەزار بڕیاری تری رۆژانە.

لە کاتی ئەو بڕیارانەدا، رۆژنامەنووسان هەروەها سەرقاڵی شتێک دەبن کە گەورەترە لەوەی بەڕوواڵەت دیارە. هەر کاتێک نووسیاران لاپەڕەیەک یان پێگەیەک دادەڕێژن، یان کاتێک خەڵک بڕیار لەسەر ئەوە بدات ئاخۆ کام گۆشەنیگا یان بۆچوون لەبارەی رووداوێک یان بابەتێک پێویستە جەختی لەسەر بکرێت یان لێکۆڵینەوەی لەبارەوە بکرێت، ئەوان مەزندەی ئەو شتە دەکەن کە خوێنەران دەیانەوێت یان پێویستە بیزانن. ئەوان لە کاتی ئەنجامدانی ئەوەدا، هەرچەندە ناهۆشەکییانەیە، جۆرە تیۆرییەکی دیموکراسی پیادە دەکەن– تیۆرێک بۆ ئەو شتەی هاندەرە بۆ سیاسەتوانان و بۆ هاوولاتیبوون و بۆ چۆنیەتیی بڕیاردانی خەڵک.

مەبەستی ئێمە لێرەدا دانانی تیۆرێکە کە پێمان وایە لەناو ئەو رۆژنامەگەوانییەی لە باشترین باردا لە خزمەتی ئێمەدایە وەک هاوولاتی، شاراوە و بەگشتی نەزانراوەیە.

کۆمەڵێک رەخنەگر لەوە باوەڕەدان بۆچوونی لیپمەن یەکجار زاڵە بەسەر شێوازی کارکردنی رۆژنامەنووسان لەم سەردەمەدا. لێکۆڵینەوەکان دەری دەخەن رۆژنامە و تەلەڤزیۆنەکان پرۆگرامەکانی خۆیان ئاراستەی چینی دەستەبژێر یان دیمۆگرافیایەکی تری یەکجار تەسکتر کردووە، لە کاتێکدا بەشێکی زۆری هاوولاتییانیان پشتگوێ خستووە. سیاسەت و بۆچوونەکان فەرامۆش کراون یان بۆ رابواردن پێشکێش کراون، یانیش بەشاراوەیی لەناو مەودای چۆنیەتیی هەڵسەنگاندنی هەڵویستێکی سیاسیی دیاریکراو بۆ دەسەلاتدان بە کەسێک لە دژی رکابەرەکەیدا بەشارەوایی دەربڕاون.

هەواڵنێران دان بەوە دەنێن تەنانەت نەریتی دیمانەکردنی دەنگدەران لە بانگەشە سیاسییەکاندا لەلایەن هەواڵنێرانەوە هونەرێکی رووەو نەمانە. جێیمز کێری نووسیویەتی ئێمە پەرەمان بە (رۆژنامەوانییەک داوە کە بەناوی جەماوەرەوە رەوایی دەدات بەخۆی، بەلام تێیدا جەماوەر جگە لە گوێگرتن هیچ رۆڵێک ناگێرێت)، بەقەڵەمی. هاوولاتییان بوونەتە شتێکی نابەرجەستە، شتێک کە چاپەمەنی لەبارەیەوە دەدەوێت نەک لەگەڵی.

بێگومان سەرهەڵدانی میدیای هاوولاتی و دەسەلاتدان بە کڕیاران رێخۆشکەرە بۆ تیشک خستنە سەر ئەم کێشەیە. جەماوەر وا خۆی هەڵدەقورتێنێتە ناو گفتوگۆکە. رۆژنامەنووسان و ئەجێندا سیاسییەکانیان وێ دەچێت زۆرتر ئاشکرا بن. ئەو رۆژنامەنووسانەی هەوڵەکانیان بۆ سەلماندنی هەواڵ کەمە، وێ دەچێت زیاتر ئاشکرا بن. ئەو رۆژنامەنووسانەی پێیان وایە دەزانن هاوولاتییان گرینگی بەچی دەدەن، رەنگە زوو هەست بکەن بەهەڵەدا چوون.

بەلام ئەمە بەئاشکرا کێشەی رۆژنامەنووسان سەبارەت بە جیاکردنەوەی ویستی هاوولاتییان لە پێویستییان، چارەسەر ناکات و لە جیاتی داوای تیۆرێکی تەنانەت روونتری دیموکراسی و هاوولاتیبوون بۆ چاپەمەنی دەکات.

لە کاتێکدا ئێمە لە پێوەندیی لێکگرێدراوی نوێی رۆژنامەنووسان و هاوولاتییان دەکۆڵینەوە، لە پێگە و بلۆگ و رۆژنامەکانی کۆمەڵگە و تەلەڤزیۆنە گشتییەکاندا،

وێنەی جەماوەرێکی ئاڵۆزتر و ڕەوانتر دەبینین لەوەی بەزۆری لە مشتومڕییە کۆنەکاندا پێشان دراوە. ئێمە پێمان وایە ئەم وێنەیە چۆنیەتیی کارکردنی راستەقینەی هەم هاوولاتییان و هەم زۆرێک لە رۆژنامەنووسان دەردەخات.

## تیۆری جەماوەری لێکگرێدراو

دێیف بێرگن[68] کە لە فلۆریداوە بۆ کالیفۆرنیا لە رۆژنامەکاندا نووسیاری دەکرد، ئەم وێنەیەی لە شێوازی راهێنانی کۆمەڵێک رۆژنامەنووس لە چۆنیەتیی پڕکردنەوەی لاپەڕەکان بە نموونە دانا. ئەو دەیگوت بیر لەوە بکەوە بەگشتی ١٥٪ خوێنەرانت، نەک زیاتر، حەز دەکەن هەواڵێک لە لاپەڕەیەکدا بخوێننەوە. ئەرکی تۆ ئەوەیە دڵنیا بیت لەوەی هەر لاپەڕەیەک بەڕادەی پێویست هەواڵی جۆراوجۆری تێدایە بۆ ئەوەی هەر ئەندمێکی جەماوەر بیەوێت هەواڵێکی لێ بخوێنێتەوە.

ئەو بیرۆکەی لە تیۆری بێرگن سەبارەت بە رەنگاوڕەنگیی لاپەڕەدا شاراوەیە، ئەوەیە هەر کەسەوە حەزی لە بابەتێکە و تەنانەت شارەزایە لێی. ئەو بۆچوونە چەوتە کە دەڵێت بەشێوەیەکی ئاسایی خەڵک نەزانە، یان خەڵکی تر حەزی لە هەر بابەتێکە. کاتێک گوێمان لە قسەی رۆژنامەنووسان و هاوولاتییان بوو، هەستمان بەوە کرد ئەمە جۆرە وەسفێکی واقیعبینانەیە بۆ چۆنیەتیی تێکەلاوبوونی خەڵک لەگەڵ هەواڵ لە پێناو پێکهێنانی جەماوەرێک. ئێمە ئەمە بە تیۆری جەماوەری لێکگرێدراو ناو دەبەین.

لە پێناو باسەکەدا با بڵێین سێ ئاستی گشتی بۆ تێکەلاوبوونی جەماوەر لەگەڵ هەر بابەتێکدا هەن، هەریەکەیان پۆلێنی تەنانەت وردتریشی هەیە. جەماوەرێکی بەشدار هەیە کە بەرژەوەندییەکی کەسێنی لە بابەتێک و تێگەیشتنێکی تیژیشی هەیە. جەماوەرێکی ئارەزوومەند هەیە کە هیچ رۆڵێکی راستەوخۆی لە بابەتەکەدا نییە، بەلام کاری لێ دەکرێت و بە کاردانەوەیەکی نوێوە وەلام دەداتەوە. جەماوەرێکی بەشدارنەبووەش هەیە کە بایەخێکی کەم بە بابەتەکە دەدات و ئەگەر تەنانەت بەشداریش بێت پاش ئەوە بەشدارە کە چوارچێوەی باسەکە لەلایەن ئەوانی ترەوە دانرابێت. لە جەماوەری لێکگرێدراودا بەگوێرەی بابەتەکەوە ئێمە هەموومان ئەندامین لە هەرسێ گرووپەکەدا.

---

68. Dave Burgin

کاسبێکی بواری ئۆتۆمۆبێل لە ناوچەیەکی دیترۆیتدا[٦٩] بۆ نموونە رەنگە بایەخێکی کەم بە سیاسەتی کشتوکاڵ یان کاروباری دەرەوە بدات و رەنگە تەنیا ناوە ناوە رۆژنامەیەک بکرێت یان تەماشای هەواڵەکانی تەلەڤزیۆنی بکات. بەڵام ئەزموونی لەبارەی زۆر مشتومڕیی لەسەر مامەڵەی ناوکۆییەوە هەیە و باش لە بیرۆکراسییەتی کاری هاوبەشی و ئاسایشی شوێنی کار تێ دەگات. ئەو رەنگە منداڵی لە قوتابخانەکانی ناوچەکە یان لە کاردا هاوڕێی لە دەزگای خێرخوازی هەبێت و رەنگە تێ بگات چۆن پیسبوونی ژینگە کاریگەریی هەبووە لەسەر ئەو رووبارانەی ئەو ماسییان لێ دەگرێت. بۆ ئەم نیگەرانییە و هەموو نیگەرانییەکانی تر کۆمەڵێک زانیاری و شارەزایی بەکار دێنێت. لە هەندێک بابەتدا ئەو جەماوەرەی بەشدارە، لەوانی تر ئارەزومەند و لەوانی تریشدا بێ ئاگا و دابڕاوە.

هاوپشکێک لە کۆمپانیایەکی یاسایی واشینتۆندا بەهەمان شێوە دژایەتیی گشتاندنەکە دەکات. ئەو دایەگەورەیەک، باخەوانێکی بەجۆش و کەسێکی تینووە بۆ هەواڵ کە لە دوورەوە وەک ئەندامێکی کلاسیکی دەستەبژێری سەرقاڵ دێتە بەرچاو. شارەزاییەکی پێشەنگ لە یاسای دەستوری کە زۆرجار لە چاپەمەنیدا گوتەی وەرگیراوە، ئەویش لە تەکنۆلۆجیا سڵ دەکات و لە لێکۆڵینەوە و کار بێزار بووە و پشتگوێیان دەخات. منداڵەکانی گەورە بوون و چیی تر بایەخ بە هەواڵی قوتابخانەکانی ناوچەکە و تەنانەت حکوومەتی لۆکاڵیش نادات.

یان کەیبانوویەکی کالیفۆرنیا کە خاوەن بڕوانامەی دواناوەندییە بێنە بەرچاوت کە پیشەی هاوسەرەکەی بە هی خۆی دەزانێت. لە ڕێگەی کاری خۆبەخشانەی لە قوتابخانەی منداڵاندا ئەو بەرچاوڕوونییەکی لەبارەی هۆکاری بەهەڵەداچوونی رۆژنامەی لۆکاڵ لە رووماڵکردنی پەروەردەییدا پێ دەبەخشێت و ئەو لە ژیانی خۆیەوە تێگەیشتنێکی هەڵقووڵاوەی لەبارەی خەڵکەوە هەیە.

ئەم نموونانە بەئاشکرا گریمانەیین، بەڵام چمکی ئاڵۆزی جەماوەر سادە دەکەنەوە. هێزی خەڵک لە قەوارە و جۆراوجۆریەتیی بێ کەموکوڕییەکەیدایە. شارەزای بەشدار لە بە بابەتێک، ئەندامی بێ ئاگا و بێ خەمی جەماوەرە لە بابەتێکی تردا. سێ گرووپەکە کە بۆ خۆیان گشتاندنی کرچوکاڵن، وەک چاودێرێک بۆ یەکتر کار

69. Detroit

دەکەن بۆ ئەوی هیچ مشومڕییەک نەبێتە ڕاگۆڕینەوەیەکی بەجۆش و ڕەهای گرووپە بەرژەوەندیخوازەکانی چالاکەوە. جگە لەوەش ئەم ئاوێتەکردنەی جەماوەر زۆربەی جار زۆر ژیرانەترە لە جەماوەری بەشدار بەتەنیا.

گوێ لە ڕۆژنامەنووسان بگرە کاتێک لەبارەی ئەو جەماوەر دەدوێن کە لە کاتی کارکردندا لە خەیاڵیاندایە و هەست بە جەماوەرێکی لێکگرێدراو دەکەیت. بایرۆن کەلێم[٧٠] نووسیاری بابەتی گشتی لە نیویۆرک تایمز ئەوەی بیست کاتێک دیمانەی لەگەڵ هاوکارانی کرد. (کۆمەڵێک نووسیار لەوانەش سوزن دێیلی[٧١]، کە تازە بووبووە نووسیاری بابەتی نەتەوەیی پاش ئەوەی کورتە ئەزموونێکی وەک نووسیاری بابەتی پەروەردەیی وەرگرتبوو، تێبینی دا پێویستە دوو جۆرە خوێنەر لە بەرچاو بگرین) یەکێکیان شارەزایە لەسەر هەر بابەتێک ئێمە لەبارەیەوە دەنووسین، کەسێک کە ئەم هەواڵە هەر شتێک بێت، دەخوێنێتەوە، بەڵام یەکجار ڕەخنەگرە... ئەوەی تریان کەسە لە بنەڕەتدا زانخوازەکەی تۆیە، بەڵام کاتێکی ئەوەندە زۆری نییە، کەسێک کە بەبڕوای من کێشە ڕاستەقینەکەیە.

ئەو ڕەنگە هەواڵەکە بخوێنێتەوە، بەڵام پێویستە هەواڵەکە پەلکێشی بکات. مێشکم بەوە سەرقاڵە: باشە، ئێمە چۆن ئەو هەواڵە بنووسین تاوەکو ڕاست و دروست بێت و سەنگی هەبێت و لە هەمان کاتیشدا بۆ کەسێک کە بەڕاستی بایەخێکی ئەوتۆ، بۆ نموونە، بە بەشە ناوەخۆیییەکانی کۆلێج یان فێرکاری نادات، سەرنجراکیش بێت؟".

جەماوەر لەو ڕوانگەیەوە یەکجار زیاتر لەوەی لیپمەن بەخەیاڵیدا هاتبوو، بەدەسەڵاتترە و چاپەمەنی وەک ئەو بۆی چووبوو، ئەرکی تۆقێنەری ڕادەستکردنی (ڕاستی)ی بۆ جەماوەرێکی ناچالاک نییە. ئەرکی میدیای هەواڵی، وەک چۆن لە بەشی داهاتوودا زیاتری لێی دەدوێین، ئەوەیە پێداویستییەکان بۆ ئەو جەماوەر ئاڵۆزتر و بگۆڕترە دابین بکات تاوەکو بۆ خۆی بەتێپەڕینی کات ڕاستی جیا بکاتەوە.

بەڵام ئەم تێگەیشتنە یەکجار ئاڵۆزە لە جەماوەر هەروەها لە خۆیدا هەڵگری تاوانێکی چاپەمەنیی سەردەمە. ڕۆژنامەوانییەک کە دەپرژێتە سەر دەستەبژێری شارەزا، بەرژەوەندییە تایبەتەکانەوە ڕەنگە تا ڕادەیەک بەرپرس بێت لە نائومێدکردنی جەماوەر. ئەو جۆرە چاپەمەنییە جیهان بەو شێوەیەی زۆربەی خەڵک

70. Byron Calame
71. Suzanne Daley

دەژین و هەستی پێ دەکەن، پێشان نادات. رووماڵکردنی بابەتی سیاسی کە بۆ تامەزرۆیانی سیاسی دەپرژێتە سەر لایەنی تاکتیکی و ئارەزوومەند و بەشدارنەبووان فەرامۆش دەکات، لە بەرپرسیاریەتییەکانی رۆژنامەوانیدا سەرنەکەوتووە. رۆژنامەوانییەک کە تێیدا هەر هەواڵێک بۆ گەورەترین ژمارەی رێتێچووی جەماوەر- رۆژنامەوانییەک بۆ هەمووان لە هەموو کاتێکدا_ لە ڕاستیدا زۆربەی جەماوەر پشتگوێ دەخات.

بەکورتی ئەم وێنە فرەلایەنەی جەماوەری لێکگرێدراو بەو مانایەیە مەرجەکانی چاپەمەنیی کۆن، واتە خزمەتکردن بە بەرژەوەندییەکانی گەورەترین کۆمەڵی رێتێچوو، وەک هەردەم بەهێز دەمێنێتەوە. لە هەمان کاتدا ئەو نەریتانەی لە یەکەم دەیەی ئەم سەدەیەدا لە گەشەدان روونی دەکەنەوە ددانان بە پێویستییەکانی جەماوەری لێکگرێدراوی ئاڵۆزتر لە بەردەوام دژوارتر دەبێت. زۆرێک لە شرۆڤەکاران پێیان وایە ئەو تەوژمە کۆنەپارێزانەی لە یەکەم دوو هەڵبژارنەکانی نەتەوەیی لە سەدەی بیست و یەکەمدا دەرکەوت، لە کۆمەڵێکی گەورەی خەڵکی پەراوێزخراو بەهۆی داوونەریتی دەیەکانی رابردووەوە سەرچاوەی دەگرت کە ئەم نەریتانە بە تێگەیشتنی ئاناتۆل لیڤنی[72] مێژوونووس جەماوەری "یەکجار بێگانە کرد و ئاواتەخوازی کردن بۆ (گەڕانەوە) بۆ جۆرێکی ئایدیالی وڵات لە تەمەنی لاوێتیی یان رەنگە ئێستاکە بۆ سەردەمی گەنجێتیی دایک و باوکیان".

شکستی زۆرێک لە ئەمەریکاییەکان لە (تەنانەت تێگەیشتن) لە هۆکارەکانی نامۆبوونیان، ئاماژەیە بەوەی بەلایەنی کەمەوە بەشێکی کێشەکە چۆنیەتیی گواستنەوەی ئەم بابەتانە بووە لەگەڵ پەرەسەندنیان و ئەو ستراتیجییە سیاسی و مانایانەی ئەو بابەتانە ورووژاندوویانە کە لە بەرژەوەندیی هەڵوێستە توندڕۆیانەکاندا بووە. زۆربەی جار لە گواستنەوەی بابەتگەلی کۆمەلایەتیی گرینگ لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا لە مافەکانی شارستانی، شۆڕشەکانی سێکسی، هەستی دژایەتیکردنی شەڕی ڤێتنام، کۆچکردن و جیهانگەراییدا- چاپەمەنیی ناو و کلێشەی بەکار دەهێنا و پشتی بە گوتەبێژان دەبەست بۆ زێدەڕۆیی. ئەم کلێشە و ناونانە بوونەتە زمانی هاوبەش لە گفتوگۆی سیاسیدا و وایان کردووە چاپەمەنی

72. Anatol Lieven

بەردەوام پرسیار بکات ئاخۆ تا چ ئاستێک ئەم هەڵوێستە گشتین یان تەنانەت چ مانایەکیان هەیە. ئەگەر ڕۆژنامەنووسان لە خزمەت هاووڵاتییانی کۆمەڵگەیەکی دیموکرات دان، کەواتە ئەرکی ڕۆژنامەوانی ئاسانکارییە بۆ گەیشتن بەو تێگەیشتنەی ڕێگە بەو جۆرە سازشە دەدات کە بەڕێوەبردنی جەماوەرێکی ئاڵۆزی لێکگرێدراو پشتی پێ دەبەستێت.

تیۆری جەماوەری لێکگرێدراو هەروەها چمکی بازاڕی کاردۆزینەوەیش لە ڕۆژنامەنووسیدا دەخاتە ژێر پرسیار. پێناسەکردنی زۆرێک لەو پیشانەی لە ڕێگەی سەککۆکانی نوێی ڕادەستکردنی زانیارییەوە هاتوونەتە کایەوە، یەکجار قورسترە لەو پۆلێنە ناسروشتییانەی کە لە لێکۆڵینەوەی بازاڕدۆزینەوەدا پێناسە کراون. تەلەڤزیۆنێکی ئاراستەکراو بۆ ژنانی نێوان ١٨ تا ٣٤ ساڵ یان نەوەی X[٧٣] یان سۆکر مامز[٧٤]، یان هەوادارانی تۆپی پێ، ڕەنگە ژمارەیەکی یەکجار زۆرتری خەڵکی ئەو گرووپەی مەبەستیەتی، بێگانە بکات. خەڵک بەشێوەیەکی ئاسایی زۆر ئاڵۆزترن لەو پۆلێن و کلێشانەی ئێمە بۆیان دەخوڵقێنین.

## کێشەی نوێ

ئەگەر تیۆری جەماوەری لێکگرێدراو ئەو چمکە بەهێز دەکات کە ڕۆژنامەوانی پێویستە برەو بە ئازادیی دیموکراسی بدات، پیشەکە لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکەمدا ڕەنگە بەرەورووی گەورەترین هەڕەشەی ببێتەوە. ئێمە وا بۆ یەکەم جار شایەتی سەرهەڵدانی ڕۆژنامەوانییەکی پشتبەستوو بە بازاڕین کە بەردەوام پتر لە بیرۆکەی بەرپرسیاریەتیی شارستانی دوور دەکەوێتەوە.

بیر لە قسەی سەرمایەداری میدیای سەردەمیانە، ڕوپێرت مێردۆک[٧٥] بکەوە کاتێک کۆمپانیاکەی مافی وەشانی تەلەڤزیۆنیی لە سینگاپۆر پێ درا:

سینگاپۆر لیبراڵ نییە، بەڵام خاوێنە و لە ئاڵوودەبووانەوە پاکژە. زۆر پێش ئێستا

---

73. Generation X, واتە ئەو نەوەیەی لەپاش شەڕی جیهانیی یەکەم لە نێوان ساڵانی ١٩٦١ تا ١٩٨١ لە دایک بوو

74. Soccer Moms,

– دایکی چینی ناوەڕاست کە زۆربەی کاتی خۆی بۆ یاریکردنی توپێی پێ بەمنداەکانی یان بە ئەنجامدانی چالاکیی تر بەسەر دەبات

75. Rupert Murdoch

نەبوو کە کۆڵۆنیایەکی هەژار و چەوسێندراو و قاتوقڕ و نەخۆش و کێشەدار بوو. ئێستا خەڵک خۆی لەناو ئاپارتومانی سێ ژووریدا، خاوەن کار و شەقامی پاک دەدۆزێتەوە. پاڵنەری مادی بازرگانی دەخوڵقێنێت و بازاڕی ئازادیش ئابووری. ئەگەریش سیاسەتوانان پێچەوانەکەی لە ڕێگەی دیموکراسییەوە تاقی بکەنەوە، ئەنجامەکەی سیستەمی رووسیایە. ٩٠٪ی چینییەکان پتر لە مافی دەنگدان حەز لە گوزەرانێکی مادی باشتر دەکەنەوە.

پاڵپشتیی خاوەن ئیمتیازێکی ئەم سەردەمە لە سەرمایەداری بەبێ پاڵپشتی لە دیموکراسی، چمکێکە لە مێژووی رۆژنامەوانی ئەمەریکادا وێنەیەکی واتاداری نەبووە. لەگەڵ ئەوەشدا لیستێکی بەردەوام بەرزەوەبووی نموونەی تری خاوەنداریەتی هەیە کە رۆژنامەوانی دەبەستێتەوە بە بەرژەوەندیی بازرگانیی ترەوە. ئەو رۆژەی خزمەتگوزاریی ئینتەرنێتیی ئەمێریکەن ئۆنلاین[٧٦]، کۆمپانیای هاوبەشیی تایمی[٧٧] کڕی، سەرۆکی تایم وارنەر[٧٨] جێراڵد Levin[٧٩] لەخۆشیدا باڵی گرت لەوەی (ئەمە لە ڕاستیدا تەواوکەری گۆڕانی دیجیتاڵیی تایم وارنەرە... ئەم دوو کۆمپانیانە سروشتییانە لەگەڵ یەک دەگونجێن.) ئەو راستییەی یەکێک لە کۆمپانیاکان ئەرکێکی رۆژنامەوانی و ئەوەی تریان هیچ ئەرکێکی لەو شێوەی نەبوو، یان ئەوەی رۆژنامەنووسانی تایم، سی ئێن ئێن، فۆرچن[٨٠]، یان ئەوانی تر ئەو کاتە لایەنگریی دژیەکیان هەبووە لە کاتی گواستنەوەی هەواڵ بۆ ئینتەرنێت و رادیۆ و تەلەڤزیۆن و کۆمەڵێک بواری تر، وێ دەچوو بەرێکەوت بێت. ستیڤ کێیس[٨١]، بەڕێوەبەری جێبەجێکاری ئەمێریکەن ئۆن لاین (AOL) کە تام وارنەری کڕیبوو، بۆ جەماوەر ئەو سوودە گەورانەی تایم وارنەری ژمارد کە لە کۆمپانیا تازە یەکبووەکانی وەردەگرت. هەرچەندە کۆمپانیای نوێ کۆمەڵێک لە هەرە بەهێزترین دامەزراوە رۆژنامەوانییەکانی ئەمەریکایی لەخۆ دەگرت، ئەو تەنیا باسی لە سەرگەرمی، کڕینی ئینتەرنێتی و پێوەندیکردنی دوو کەسی کرد. شەش ساڵ دواتر، کێیس ئاوێتەکردنی ئێی ئۆ ئێڵ- تایمی بە شکستێک لە قەڵەم دا و لە درەنگانی ٢٠٠٥دا گوتی

76. American Online
77. Time Inc.
78. Time Warner
79. Gerald Levin
80. Fortune
81. Steve Case

"ستراتیجیەتی یەک کۆمپانیایی هەرگیز نەسڕاوەتەوە.

کێیس لە لاپەڕەی بۆچوونی پێچەوانەی واشینتۆن پۆستدا نووسی (هەر بەشەوە کاری خۆی دەکرد. هەرچەندە ئەوە ڕێگر بوو لە شەڕە دەسەلات، بەلام بۆ نوێگەریی کاریگەر نەبوو). کێیس پێی وابوو کۆمپانیا پێویستە دابەشی چوار قەوارەی سەربەخۆ بێت: تایم وارنەر کێیبڵ، تایم وارنەر ئینتێرنێت، تایم ئای ئێن سی و ئەمێریکەن ئۆن لاین.

ئاوێتەکاریی تریش لە هەمان کاتدا ناکۆکیێی هاوشێوەیان تێدا بەدیار دەکەوت. زوو پاش کڕینی ئێی بی سی نیوز، بەڕێوەبەری جێبەجێکاری دیزنی[82]، مایکڵ ئایزنر[83] گوتی بەلایەوە شتێکی گونجاو نییە (دیزی دیزنی رووماڵ بکات). بەواتایەکی تر، لە مێشکی ئەو پیاوەی کۆمپانیای هاوبەشی ئێی بی سی نیوزی تێهەڵکێش کردبوو، ڕێکخراوە هەواڵییەکە نەک تەنیا پێناسەی جیاکەرەوەی لەدەست دابوو، بگرە دەبووایە لە تەقەڵلادا بێت بۆ گواستنەوە یان چۆنیەتیی رووماڵکردنی (جیهانی سەرسەڕمێنی دیزنی)- کۆمپانیاییەکی هاوبەشی بە نرخی ٢٣ بیلیۆن دۆلار کە چالاکییە جیهانییەکانی لە تیمەکانی وەرزشی و پارکەکانی سەرگەرمییەوە بگرە تا کەناڵەکانی رادیۆ و تەلەڤزیۆن و دەروازەگەلی ئینتەرنێتین.

دەسکەوتەکەی دیزنیش لە ڕووی ئابوورییەوە شکێستی هێنا، بەلایەنی کەمەوە بۆ پرۆژەکانی رۆژنامەوانیی ناوخۆییی ئێی بی سی. کەمێک پێش ئەوەی لەلایەن کەپیتاڵ سیتیزەوە[84] بکردرێت، سەرۆکی ئێی بی سی نیوز، رۆن ئارلێج[85] بە ستافی خۆی راگەیاند پرۆگرامەکانی ئێی بی سی نیوز لە هەر ستوونێکی کاتی کە رکابەرێتییان کردبێت- لە پرۆگرامی بەیانیان، هەواڵی ئێواران، بەیانیی یەکشەممان و تەنانەت گەشتی هەواڵی کاتی هەڵبژاردەی جەماوەریشدا- پلە یەک بووە. لەژێر کارگێڕیی دیزنیدا و لەگەڵ خانەنشینکردنی زۆرەکییانەی ئارلێجدا وەک بەڕێوەبەرێکی دەستناخۆش، ئێی بی سی نیوز لە ڕاستیدا شایەتی هەرەسهێنانی هەر هەموو پرۆگرامەکانی خۆی بوو، پاشڤەچوونێک کە لەگەڵ هەوڵی کاربەدەستانی

82. Disney
83. Michael Eisner
84. Capital Cities
85. Rone Arledge

دیزنی لە ۲۰۰۲دا بۆ گۆڕینەوەی نایتلاین[86] لەگەڵ دێیڤید لیتێرمەن شووی[87] سی بی ئێس، گەیشتە نزمترین ئاست. لە دواییدا لە ۲۰۰٥ ئێی بی سی توانی تێد کۆپڵ[88] و بەرهەمهێنی جێبەجێکاری ئەو، تۆم بێتاگ[89] لە تۆڕەکە لا بدات.

سێ هێزی سەرەکی لە پشت ئەم هەڵگەڕانەوەی رۆژنامەوانیی پابەند بە بنیاتنانی هاووڵاتین. یەکەمیان سروشتی تەکنۆلۆجیای نوێیە. ئینتەرنێت دەستی کردووە بە دابڕاندنی رۆژنامەوانی لە جوگرافیا و لە ئەنجامدا لە کۆمەڵگەش، بەو واتا سیاسی و شارستانیەی ئێمە لێی تێ دەگەین. ئاسانترە ببینرێت چۆن خزمەت بە بازرگانیی وێب و کۆمەڵگەکانی بەرژەوەندیخوازی بکرێت نەک کۆمەڵگە سیاسییەکەی. لە هەمان کاتدا، تەکنۆلۆجیا ئەو هەلە بۆ هاووڵاتییانی لە ڕووی جوگرافییەوە دابڕاو لە یەکتر دەرەخسێنێت، راستەوخۆ لەگەڵ یەک تێکەڵاو بن- هەلێک کە دەربڕی ئەو ئەگەر و تەحەدایانەیە ئێمە دواتر لەو کتێبەدا باسیان لێوە دەکەین.

دووەم هۆکاری سەرەکی کۆمپانیاکانی هاوبەشین. رەخنەگران لەمێژە هێرشیان بردووەتە سەر بەرزبوونەوەی زنجیرە کۆمپانیای هەواڵی- ئەو کۆمپانیانەی لە کۆمەڵگەی جیاوازدا داوودەزگای خۆیان هەیە. ئێی. جی. لێیبلینگ[90]، رەخنەگری چاپەمەنی لە زێ نیویۆرک[91] لە ۱۹٤۰ەکاندا لەو بارەیەوە گلەیی کردووە.

ئێمە هەروەها گەشەی ئەو کۆمپانیانەمان دیوە کە پێشتر تەواوی میدیا جۆراوجۆرەکانیان هەبووە. کۆمپانیای تریبیوون لە شیکاگۆ هێشتاش رادیۆ و تەلەڤزیۆن و رۆژنامەی لە هەمان شاردا هەیە – شتێک کە حکومەتی فیدراڵ لە دواییدا لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەم قەدەخەی کرد و بەتەمایە یاساکە هەڵبوەشێنێتەوە. بەڵام تەنانەت لەناو زنجیرەکانی کەرتی گشتیشدا، ئەم داوودەزگایانە بەڕوونی کۆمپانیای هەواڵی بوونە. رەخنەی سەرەکی لە دژیان رەمەکێتی و چوونیەکییە. گارنێت[92] خاوەنی ۹۰ رۆژنامە بوو، بەڵام کۆمپانییەکی رۆژنامەوانی بوو کە لەلایەن ئەو هەواڵکارانەوە بەڕێوە دەبرا، کە دانیان بە بەها

86. Nightline
87. David Litterman Show
88. Ted Koppel
89. Tom Bettag
90. A. J. Leibling
91. The New Yorker
92. Garnnett

هەواڵییەکانی تایبەت بە کۆمپانیایان دەنا و تەنانەت توانییان کۆمەڵێک بنەوای کاری ئەخلاقی بۆ لقە رۆژنامەوانییەکانی کۆمپانیاکە دابرێژن. تاکە ریزپەڕێک لە سێ تۆڕە تەلەڤزیۆنییەکەی وەشانی کۆن بوو کە تێیدا کۆمپانیاکان سەرگەرمی[93] و هەواڵیان بەرهەم دەهێنا.

بەڵام لە زۆربەی مێژووییاندا بەشەکانی تۆڕی هەواڵ بەپەرۆش بوون بۆ بەدیهێنانی مەرجی بەرژەوەندیی هاووڵاتی کە لەلایەن حکوومەتەوە لە بریی بەکارهێنانی شەپۆلە هەوایییەکانی گشتییەوە داوا دەکرا. قازانج پەیداکردن مەرجێکی نوێیە.

لەگەڵ دەستپێکی سەدەی نوێ ئەم نەریتەی دەستبەسەرداگرتنی کۆمپانیاکانی هەواڵی بەسەر رۆژنامەوانیدا خەریک بوو تێک دەشکا. هەواڵ دەبووە بەشێکی بچووکتر لەناو کۆمپانیا هاوبەشەکانی جیهانیدا. ئێی بی سی نیووز کەمتر لە ٢٪ی قازانجی دیزنی بوو. هەواڵ سەردەمانێک بە گەورەترین سوودی کۆمپانیای هاوبەشیی تایم هەژمار دەکرا. بەڵام لەناو ئێی ئۆ ئێڵ - تایمدا تەنیا بەشێک لە سوودەکەی بەرهەم دەهێنا. ئێن بی سی نیووز کەمتر لە ٢٪ی سوودەکانی جێنێراڵ ئێلێکتریکی[94] دابین دەکرد.

تەنانەت رۆڵگێری سەرەکیی نوێتریش لە بازرگانیی هەواڵدا، لە بنەڕەتدا هەواڵ کۆکەرەوە نەبوون، بگرە سەرچاوەی وەک گوگڵ نیووز و یاهوو! نیووز بوون کە بەشێوەیەکی سەرەکی کاری بەرهەمهاتوو لەلایەن خەڵکانی تریان کۆ دەکردەوە. خزمەتگوزاریی گوگڵ نیوز کە لە ٢٠٠٢دا دەست بەکار بوو، ئەم گەڵاڵەکردن و ریزبەندکردنەی تەنانەت بەبێ نووسیارانی مرۆییەوە ئەنجام دەدا. کارەکە بە ئەلگۆریتمەکانی کۆمپیوتەرەوە جێبەجێ دەکرا.

بەڕێوەبەرانی لقە پاشکۆییەکانی هەواڵی بۆ سەربەخۆبوونیان تێ دەکۆشن و بەرهەڵستی دەکەن، بەڵام مێژوو ئاماژە بەوە دەدات گۆڕانەکە لەوانەیە سروشتی رۆژنامەوانیش بگۆڕێت. "ئێمە لە ١٩٣٠ەکان رادەمێنین و پیشەسازیی ستیل و بابەتی کیمیاوی دەبینین کە خەریکە رۆژنامەوانیی ئەوروپا دەکڕێت"، جێیمز کێیری دەڵێت. ئەوەش روانگەی میدیای ئەوروپیی بەرامبەر بە سەرهەڵدانی فاشیزم گۆڕی. سەربازی بووە پیشەی گونجاو. کێیری دەڵێت ئەمرۆ "بازرگانیی سەرگەرمی و

93. Amusement
94. General Electric

ڕێکلامی ئەلیکترۆنی دەکرێت. سەرگەرمی و ڕێکلامی ئەلیکترۆنی ئەمڕۆ ئەو شتانەن کە پیشەسازیی ستیل و بابەتی کیمیاوی لە ١٩٣٠ ەکان دەریان دەبڕین".

چمکی ئازادیی میدیا لە سەربەخۆیییەوە سەرچاوە دەگرێت. تەنیا چاپەمەنییەکی ئازاد لە سانسۆرەکانی حکوومەت دەتوانێت ڕاستی بگوازێتەوە. لەم سەردەمەدا، ئەو ئازادییە فراوانتر کراوە، تاوەکو مانای سەربەخۆیی لە دامەزراوەکانی تر وەک حزب و ڕێکلامکاران و بازرگانی و ژمارەیەکی زۆرتری داوودەزگاکانیشەوە بگەیەنێت. تێهەڵکێشکردنی کاری هەواڵ لەگەڵ کۆمپانیای بازرگانی هەڕەشە لە زیندوومانەوەی چاپەمەنی وەک دامەزراوەیەکی سەربەخۆ دەکات، لەبەرئەوەی ڕۆژنامەوانی دەبێتە بەشێکی لاوەکی لەناو کۆمپانیا هاوبەشییە گەورەکانەوە کە بەشێوەیەکی ڕەگداکوتاوتر لە پێناو ئامانجی بازرگانیی جیاوازەوە دامەزراون.

ئەم ئاوێتەکارییە و بیرۆکەی پاڵنەر بۆ بەشێکی زۆری کاری هاوبەشی لە پێوەندییەکاندا- ئەو بیرکەیەی کە بە مانا ئەوەیە ڕۆژنامەوانی تەنیا دەقێکە یان هەموو میدیاکان وەک یەکن- ئەگەرێکی تر دەخەنە ڕوو. هەمووارکردنی یەکەم باس لە بەرپرسیاریەتییەکی گشتی ناکات کە بەناوی کۆمەڵگەی مەزنترەوە وەرگیراوە. لە جیاتی ئەوە داوای مافی تایبەت دەکات بۆ کاری وەک لێبووردنی بێیسبۆڵ لە یاسای دژەقۆرخکردن. لەم جیهانەدا هەموارکردنی یەکەم دەبێتە مافێکی مۆڵکینە و ڕێسا بنچینەییییەکان بۆ ڕکابەرایەتییەیی ئابووریی ئازاد نەک ئازادیی ڕادەربڕین دادەڕێژێت. ئەمە گۆڕانێکی بنەڕتی و نائاساییە کە هەڵگری گیروگرفتی بێ ژمارە بۆ کۆمەڵگەی دیموکراسی. وەک مایکل سەندڵ پرۆفیسۆری فەلسەفە لە زانکۆی هارڤارد گوتوویەتی (دەبێت دەنگێکی بۆڵەبۆڵینکەر لە ناخی هەر هەمووماندا هەبێت، بپرسێت: ئاخۆ دیموکراسیش پێویستیی بە پەروەردەکردنە؟)

سێیەمین هێزی پاڵنەر بۆ بەبازاڕیبوونی نوێی ڕۆژنامەوانی جیهانگەراییە. لەگەڵ گۆڕانی کۆمپانیاکان بەتایبەتیش کۆمپانیاکانی پێوەندی بۆ کۆمپانیای هاوبەشیی بێ سنوورەوە، چمکی هاوولاتیبوون و کۆمەڵگەی کۆن لە ڕووی بازرگانییەوە لەناو چوون.

جیهانگەرایی ناوەڕۆکی بەرهەمی ئەم کۆمپانیانە دەگۆڕێت. ئەوە شتێکە کە ئێستا هۆلیوود فیلمی ئەکشن پتر بەرهەم دێنێت، لەبەرئەوەی شەڕەفیشەک

پێویستیی بە وەرگێڕان نییە و فرۆشی لە وڵاتانی بیانیدا پارەی زیاتری پێوە دێت. و شتێکی ترە بیر بکرێتەوە لە بەرەنجامەکانی بڕیاردان بۆ رۆژنامەوانی لەسەر بنەوای ئاماژەگەلێکی کولتووریی بەهەمان شێوە سادەکراوەدا. یەکەم کاردانەوە بەرامبەر بە جیهانگەراییی خواستی هەواڵی هەڵگری بەها کۆنەکانی هەواڵی بوو _ سەبارەت بە ناوداران و کارەساتەکان و تراجیدیا- کە لە سنووری هەرێمی و نەتەوەییدا روویان دەدا. لەمانە دادگاییکردنی ئۆ. جێی. سیمپسن[٩٥] بە تۆمەتی کوشتن و مەرگی شازادە دایانا یان تێکشکانی فرۆکەی جۆن ئێف کەنێدی جونێیر[٩٦] بوو.

بەڵام ١١ی ئەیلوول سەلماندی جیهانگەرایی لە بۆشاییدا روو نادات. ئەو فرۆکە رفێندراوانەی خۆیان کێشا بە سەنتەری بازرگانیی جیهانی، تەوژمێکی خێرای هەواڵی رەق و وشکی سروشت جیاوازیان پێشکێش کرد کە سنوورەکانی نەتەوەییی بەزاند: تەقینەوە بۆمبییەکانی مادرید و لەندەن، نارەزاییە بەربڵاوەکان لە دژی کاریکاتۆرەکانی محەمەدی پەیامبەر و توندوتیژی لەناو رۆژەڵاتی ناوەڕاست. هەرچەندە ئێستا ئەمانە بە سیستەمی میدیای جیهانییەوە دەگوازرێنەوە، رووماڵکردنەکە زۆربەی جار مۆرکێکی نەتەوەیی هەبووە. گواستنەوەی ئەم رووداوانە لە فۆکس و سی ئێن ئێن بەئەستەم وەک هی ئەلجەزیرەیە.

پرسیارەکە ئەوە نییە ئاخۆ ئەم سیستەمە نوێیەی میدیای جیهانی ئەم ئاکارە نەتەوەییە بەر دەدات یان نا، بگرە ئەوەیە تا چ رادەیەک هاووڵاتییان دەتوانن پشت بەم چاپەمەنییە هەواڵییە پاشکۆییەی ناو کۆمپانیا هاوبەشییەکان ببەستن بۆ چاودێریکردنی بەرژەوەندییە بەهێزەکانی ناو کۆمەڵگە؟ ئاخۆ ئێمە دەتوانین پشت بە ژمارەیەکی کەمتر کۆمپانیا ببەستین بۆ پاڵپشتیکردن لەو چاودێرییە- تەنانەت کاتێک ئەوە لە بەرژەوەندیی کۆمپانیا هاوبەشییەکانی خاوەنیان نەبێت؟ لە کۆتاییدا پرسیار ئەمەیە: ئاخۆ رۆژنامەوانی دەتوانێت لە سەدەی بیست و یەکەمدا بەردەوامی بەو ئامانجە بدات کە لە سێ سەدە و نیو پێش ئێستا رۆژنامەوانی دامەزراند؟

بەردەوامیدانەکە بە پێناسەکردنی ئامانجەکەوە دەست پێ دەکات. هەنگاوی داهاتوو تێگەیشتنە لەو بنەوایانەی رێگە بە هەواڵکارانەوە دەدەن بە نوێنەرایەتیی ئێمە درێژە بەو ئامانجە بدەن.

95. O.J. Simpson

96. Jr - Junior. کە لێرەدا بەمانلی کوڕە

بەشی دووەم

## هەقیقەت: یەکەمین و ئاڵۆزترین بنەما

چەند ڕۆژێکی کەم پاش ئەوەی جۆن ئێف کەنێدی کوژرا، ئەو پیاوەی شوێنی ئەوەی وەک سەرۆک گرتەوە، لیندن جۆنسن[97]، ناردیە دوای وەزیری بەرگری. جۆنسن دەیەویست بزانێت لە ڕاستیدا لە ١٠٠٠٠ میل ئەوبەری جیهان، لە وڵاتێکی بچووک بەناوی ڤیتنامدا چی روو دەدات. جۆنسن باوەڕی بەو شتانە نەبوو کە کاتێک جێگری سەرۆک بوو، پێی گوترابوو. دەیەویست زانیاریی خۆی هەبێت. هەر بۆیەش وەزیری بەرگری رۆبێرت مەکنمارا[98] چووە سایگۆن[99] و سێ رۆژی بە قسەکردن لەگەڵ هەموو جەنەراڵەکان و بە گەڕان بەناو گۆڕەپانە جیاکانی شەڕدا بەسەر برد.

لەکاتی گەڕانەوەیدا، مەکنمارا لە فرۆکەخانەی تان سۆن نووتدا[100] کۆنفرانسێکی رۆژنامەوانیی ساز دا و گوتی یەکجار دڵگەرمە. پێشکەوتنەکە بەرچاوە. هێزەکان لە ڤێتنامی باشوور رۆڵێکی تەنانەت مەزنتریان دەگێڕا. ژمارەی قوربانییانی ڤییێت کۆنگ[101] لە بەرزبوونەوەدا بوو. کاتێک مەکنمارا رۆژی دواتری لە بنکەی هێزی ئاسمانیی ئەندرووز[102] دابەزی، کۆنفرانسێکی رۆژنامەوانیی تری ساز دا بۆ ئەوەی هەمان شت بڵێتەوە. پاشان بە هەلیکۆپتەرێک بۆ ناوچەی کۆشکی سپی چوو تاوەکو خۆی راپۆرت بدات بە جۆنسن و جیهان هیچ شتێکی زیاتری لەبارەی چاوپێکەوتنی وەزیر و راپۆرتەکەی بۆ سەرۆک جۆنسن نەبیست.

هەشت ساڵ دواتر نیویۆرک تایمز و واشینتۆن پۆست تۆمارێکی حکوومەتیی نهێنییان لەبارەی زانیاریی راستەقینەی سەرانی حکوومەت و بۆچوونیان لەبارەی

97. Lyndon Johnson
98. Robert McNamara
99. Saigon
100. Tan Son Nhut Airport
101. Viet Cong
102. Andrews

شـەڕی ڤـێـتنام بڵاو کـردەوە. لـەناو ئەم بەڵگەنـامـانەدا کـە بە ناوی بەڵگەنامـەکـانی پێنتاگۆن ناوزەد کران، ناوەرۆکی ئەو ڕاپۆرتەی مـەکنمـارا لە ڕاسـتیدا بە سـەرۆکی ڕاگـەیاندبوو، شـاردرابووەوە. لە ڤـێـتنام بـارودۆخـەکـە وا دەبووە دۆزەخ. ژمـارەی پشتیـوانانی ڤیێت کۆنگ لە ژمارەی قوربانییـانی زیاتر دەبوو. ژمارەیەکی زۆرتر نەک کەمتری هێزەکانی ئەمەریکایی پێویست بوون.

بەگشـتی ڕاپۆرتەکـە بەتەواوەتی بەپێچـەوانەی هـەر شـتـێک بوو کـە وەزیر لە دوو کۆنفرانسە ڕۆژنامەوانییە گشتییەکانیدا ڕای گەیاندبوو. بێنجامین سی برادلیی[١٠٣] نووسـیـاری جێبـەجێکاری پێشـوو لە واشـینتۆن پۆست دوو دەیە دواتر پرسـیـبـووی "ئاخۆ چ شتێک رووی دەدا ئەگەر ڕاستییەکە لە ١٩٦٣ ئاشکرا بووایە نەک ١٩٧١؟".

ئێمـە ئەو وشـانە ڕۆژانە بەکار دێنین- هـەقیقـەت و درۆ، ڕاست و چەوت- و پێمـان وایە دەربڕی شـتێکی پڕواتـان. مەکنمـارا لە کۆنفرانسـە ڕۆژنامـەوانییـەکاندا درۆی کرد. بـەڵگەنامـەکـانی پێنتـاگۆن هـەقـیـقـەتی هزری وەزیر و ئەو ڕاپۆرتەی دایبـوو بە جۆنسن ئاشکرا کرد.

ڕووداوەکە تەنانەت پێوەندیی بە چینەکانی ڕاسـتی و چەوتییـەوە هـەیە. چاپەمـەنی گوتەی مـەکنمـارا لـە کۆنفرانسـە ڕۆژنامـەوانیـیـەکان بـەتەواوەتی گواسـتـەوە، بەڵام نەگەیشتنە واقیعی ئەو شتەی ئەو دەیزانی.

لـەمـــاوەی سـێ ســـەدەی ڕابردوودا شـــارەزایانی بـواری هـەواڵ پـەرەیان داوە بـە کۆمەڵەیەکی نەچەسپاوی بنەما و بەهاکان بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکی دابینکردنی هەواڵ- واتە ئەو زانیـارییـە ناراسـتـەوخـۆیەی بەهـۆیەوە خـەڵک بـۆچوونی خـۆی سـەبارەت بەجیهانەوە دادەڕێژێت. لە سەرووی ئەو بنەمایانەوە:

## ڕۆژنامەوانی بە پلەی یەکەم بەرپرسیارە بەرامبەر بە ڕاستی

لەسـەر ئەو بنەمـایـە هـاوڕاییـەکی ڕەهـا و هـەروەهـا سـەرلێـشـێـوانێکی سـەخت هـەیە: هـەمـووان پێیـان وایە ڕۆژنامـەنووسـان پێویسـتـە ڕاسـتی بـڵێن، بەڵام خـەڵک لەبارەی مانای "ڕاستی"یەوە سەری لێ شێواوە.

کـاتێک بۆ لێکۆڵینەوەیەک سـەنتـەری پیـوو بۆ خـەڵک و چاپەمـەنی و لیـژنەی

103. Benjamin C. Bradlee

ڕۆژنامەنووسانی پەرۆش پرسیاریان لە ڕۆژنامەنووسان کرد چ بەهایەک بۆ ئەوان پێشەنگە، ١٠٠٪ ڕۆژنامەنووسانی دیمانەکراو وەڵامیان داوە "وەدەستهێنانی زانیارییەکان بە ڕاست و دروستی."

لە دیمانە دوورودرێژەکانی هاوکارانی لێکۆڵەوانمان لە زانکۆ، ڕۆژنامەنووسانی میدیای سەر بە کۆن و نوێ بە هەمان شێوە یەکجار زۆر "ڕاستی"یان وەک بەرپرسیارێتییەکی سەرەکی دەستنیشان کرد. لە کۆڕبەندەکاندا تەنانەت ڕۆژنامەنووسانی ئایدیۆلۆژیک هەمان وڵامیان دایەوە. "ئێمە مەبەستمان ئەوەیە ئێوە ناتوانن بابەتیانە بن، چونکە تووشی کۆمەڵێک لایەنگیریی دیاریکراو دەبن، بەڵام بەدڵنیاییەوە دەتوانن بەدوای تەواوێتی، دادوەری و هەقیقەتدا بگەڕێن و ئەو گەڕانە بەردەوامە"، پەتی کەڵهوونی[١٠٤] نووسیاری حەفتەنامەی نوێی وێستوێرد گوتی[١٠٥].

خولیابوون بۆ زانیاریی ڕاست و دروست بنەڕەتییە. لەبەرئەوەی هەواڵ شتێکە خەڵک بۆ شارەزایی و بیرکردنەوەیان لەبارەی جیهانی سەرووی خۆیانەوە سوودی لێ وەردەگرن، گرینگترین مەرج ئەوەیە هەواڵەکە پربایەخ و جێی متمانە بێت. ئاخۆ بەیانی باران دەبارێت؟ ئاخۆ لە سەرووەتر ڕێگا قەرەباڵغە؟ ئاخۆ تیمەکەی من بردییەوە؟ سەرۆک چی گوت؟ هەقیقیبوون، بە کردەوە، ئەو هەستە ئاسایشە دروست دەکات کە لە ئاگاداربوونەوە سەرچاوە دەگرێت و لە ناو کروکی هەواڵەکەدایە.

ئەم حەزە بنەڕەتییە بۆ هەقیقەت یەکجار بەهێزە و بەگوێرەی بەڵگەکانەوە لەناخدا چەسپاوە. "لەسەرەتادا وشە[١٠٦] هەبوو"، یەکەم هێڵە لە بەشی جۆنی پیاوچاک لە ئینجیلدا. کۆنترین ڕۆژنامەنووسان، پەیامنێرانی ناو کۆمەڵگەکانی پێش دەرکەوتنی خوێندەواری، دەبووایە ڕووداوەکان بەتەواوەتی و بەشێوەیەکی متمانەپێکراو بگێرنەوە کە ئەمەش تارادەیەک لە پێویستییەوە سەرچاوەی دەگرت. بەزۆری ئەو هەواڵانەی ئەم پەیامنێران دەیان گواستەوە، بابەتی مان و نەمان بوو. سەرۆکەکان قسەی ڕاست و دروستیان لەبارەی ئەگەری هێرشی هۆزەکەی ئەوبەری گردۆلە پێویست بوو.

شتێکی سەرنجراکێشە کە کۆمەڵگە سەرکوتکارەکان حەز دەکەن پێناسە

---

104. Patty Calhoun
105. Westword

١٠٦ مەبەست ڕاستیی بەڵێنی خوایە.

سـادەکـانی هەقیـقـیـبـوون و راست و دروسـتی بێ نـرخ پێـشـان بدەن، وەک چۆن پۆستمۆدێرنیستەکانیش ئەمرۆکە وا دەکەن، هەرچەندە هۆکارەکانیان جیاوازە. بۆ نموونە لە سـەدەکانی ناوەڕاسـتدا راهیـبەکان پێیـان وابوو لە ڕاسـتیدا هەقیـقەت پلەپلەیە. لە بەرزترین ئاست ئەو پەیامانە هەبوو کە لەبارەی چارەنووسی گەردوون، وەک ئەوەی ئاخـۆ بەهەشت بوونی هەیە یان نا، زانیـارییـان پێ دەداین. دواتر هەقیـقـەتی ئەخـلاقـی دەهات کـە فـێـری چۆنیـەتیی ژیانی دەکـردین. دوای ئەمـەش هەقیقەتی مەجازی دەهات کە باسی لە وانە ئەخلاقییەکانی چیرۆکەکانەوە دەکرد. لەکۆتاییدا لە خوارەوە لە نزمترین ئاستدا هەقیقەتی وشەیی زانیاری دەهات، کە تیۆریزانەکان زۆربەی کات بە بێ مانا و بێ بایەخیان ناو دەبرد.

وەک چۆن لە دەستنووسێکی سەدەی چواردەهەمدا، بە تێگەیشتنێکی هاوشێوەی ئەوەی ئەمـرۆ لە رۆشنبیـرێکی پۆستـمـۆدرێن یان بەرهـەمـهـێنێکی هۆلیـوودەوە دەبیـیـستـین، هاتووە "چ هەقیـقـەت مێـژوو بێت چ ئەفسـانە گرینگ نییـە، چونکە نموونەکە لە پێناو بایەخەکەیەوە نەک خودی خۆیدا دابین کراوە".

سیاسەتوانانی سەردەم شەیدای چمکی هاوشێوەن و زۆربەی کات بانگەشـە بۆ ئەو بیرۆکەیە دەکەن کە لە سیاسەتدا تێگەیشتن واقیعە. سیاسەتوانانی دەوروپشتی ریچارد نیکسۆن لە ١٩٦٨ پەسنی ئەو جۆرە چمکانەیان دەدا بۆئەوەی پێگەی خۆیان لەو هەڵبژاردنەدا بەهێزتر بکەن.

ئامرازەکانی پێویست بۆ بەڕێوەبردنی ئەو جۆرە زانیارییە رەنگە ئەمڕۆ تەنانەت باشـتر بووبن. ئەو تەکنۆلۆجیـایەی بیـرۆکـەی رۆژنـامـەوانیی هـاوولاتیی داهـێناوە، هـەروەها دەسـەڵاتی داوەتە هێزە سیاسییەکان وێنەی خۆیان بەرامبەر بە جەماوەر کۆنترۆڵ بکەن. بیر لە قسەی راوێژکارێکی ناونەبراوی جۆرج بووش بەرامبەر بە رۆن سـاسکیندی[١٠٧] بکە کـە بۆ راپۆرتێکی لە نیـویۆرک تـایمز مـەگـەزین[١٠٨] لەبارەی چونیـەتیی هەوڵدانی حکوومـەت بۆ کۆنتـرۆڵکردنـی زانیـاری لە جیـهـانی نوێدا پێی گوترابوو- "رۆژنامەنووسان لەناو ئەو شتەدان کە ئێمە بە کۆمەڵگەی بنیانراو لەسەر واقیع ناوی دەبەین...

ئەمـەش ئیدی شێوەی بەڕێوەچوونی ئەم جیهانە نییە... ئەو کاتەی ئێمـە دەست

107. Ron Suskind.
108. New York Time Magazine

بەکار دەبین، ئێمە واقیعی خۆمان دەخوڵقێنین. کاتێک ئێوە ئەو واقیعە لێک دەدەنەوە... ئێمە دووبارە کار دەکەین، واقیعی نوێی تر دەخوڵقێنین کە ئێوە دەتوانن لەوانیش بکۆڵنەوە".

ئەمە شتێکی نوێ نییە. ئامانجی بیرمەندانی سەدەکانی ناوەڕاست، بە هەمان شێوەی سیاسەتوانانی ئەمڕۆکە، زیاتر لە رۆشنبیری دەسەڵات بووە. ئەوان نەیاندەویست زانیارییە رواڵەتییەکان رێگر بن لە بیروباوەڕی سیاسی یان ئایینی. تێگەیشتنێکی راست و دروست لە هەلومەرجی سەردەم هەڕەشەی لەو دەسەڵاتە کرد– بە هەمان شێوەی ئەمڕۆکە، تێگەیشتنەکە چەکێک بوو لەدژی زۆرداری و چەوساندنەوە. کاتێک چاپەمەنیی سەردەم لەگەڵ لەدایکبوونی تیۆری دیموکراسیدا خەریک بوو دادەمەزرا، بەڵێنی هەقیقیبوون و تەواوێتی خێرا بووە بەشێکی بەهێزی یەکەمین بازاردۆزینەوەکان لەبواری رۆژنامەوانیدا. یەکەمین رۆژنامەی پێناسەکراو و نەپساوەی لە ئینگلتەرا بانگەشەی بۆ پشتبەستن بە "باشترین و دڵنیاترین زانیاریی هەواڵگری" دەکرد. نووسیاری یەکەمین رۆژنامە لە فەرەنسا، هەرچەندە پڕۆژەکەی هی حکوومەت بوو، لە یەکەمین ژمارەی رۆژنامەکەدا بەڵێنی دا "لە تاکە شتێک مل بۆ کەس کەچ ناکەم– مەبەستم لە هەوڵدانامە بۆ گەیشتن بە هەقیقەت". بەڵێنی هاوشێوە بۆ راست و دروستبوون لە یەکەمین رۆژنامەکانی ئەمەریکا و ئەڵمانیا و ئیسپانیا و شوێنی تریش دەبینرێن.

کۆنترین رۆژنامەوانیی کۆلۆنیاڵ تێکەڵەیەکی سەیری گوتار و زانیاری بوو. زانیاریی لەبارەی گواستنەوە و بارەکان راست و دروست بوون. گوتەکانی سیاسی راستییەکی کەمتریان هەبوو، بەڵام بەئاشکراش بۆچوون یان گوتاری زیاتر لە زانیاریی رووتیان تێدا بوو. مێژوونووسان لەو باوەڕەدان تەنانەت جێیمز کەلێندر[١٠٩] تینووی هەڵڕشتنی ریسوایی لەو سەردەمەدا کە بەهۆی ئاشکراکردنی ریسواییە سێکسییەکانی ئەلێگزەندەر هامیلتۆن[١١٠] و تۆماس جێفرسن[١١١] ناوبانگی پەیدا کرد، لەخۆیەوە هەواڵی دروست نەدەکرد، بگرە بەناو راستییەکانی تێکەڵبوو لەگەڵ دەنگۆدا دەخولاوە.

---

109. James Callender
110. Alexander Hamilton
111. Thomas Jefferson

کاتێک ڕۆژنامەوانی لە سەدەی نۆزدەمدا خۆی لە کۆتوبەندی کۆنترۆڵی سیاسی ڕزگار کرد، هەوڵی دا یەکەم کۆمەڵەی جەماوەریی خۆی بدۆزێتەوە، ئەمەش تاڕادەیەک بە پڕژانە سەر تاوانی سەرسڕمێن، ریسوایی، ورووژاندن و پەرستشی ناوداران و هەروەها بەنووسینی هەواڵ بە زمانێکی سادە بۆ خەڵکی ئاسایی. یەکەم هەنگاو بۆ دوورکەوتنەوە لە لایەنگریی حزبایەتی لە ١٨٣٠ەکاندا لەلایەن نیویۆرک سان هاوێژرا[١١٢] و ڕۆژنامەوانی لە کۆتاییی سەدەدا گەیشتە ئاستی بەرزتری جەماوەرییبوون و ورووژاندن. ئەمانە سالانی ویلیام ڕاندۆڵف هێرست وجۆزێف پوڵیتزر و "ڕۆژنامەوانیی وروژێنەر[١١٣] " بوون.

لەگەڵ ئەوەشدا تەنانەت لۆردەکانی ڕۆژنامەوانیی وروژێنەر هەوڵیان دەدا خوێنەرانیان دڵنیا بکەن باوەڕ بەو شتە بێنن کە دەیخوێننەوە، هەرچەندە ئەم بەڵێنە هەموو کات نەدەگەیەندرایە سەر. جۆرنالی[١١٤] هێرست کە لەبەرئەوەی زیاتر ورووژێنەر بوو نەک داهێنەر ڕەخنەی لێ دەگیرا، بانگەشەی بۆ ئەوە دەکرد ڕاست و دروستترین ڕۆژنامەیە لەسەرانسەری شارەکەدا. وێرڵدی[١١٥] پوڵیتزر لەژێر دروشمی "ڕاست و دروستی، ڕاست و دروستی، ڕاست و دروستی" کاری دەکرد و پتر لەوەی زۆربەی جار دانی پێدا دەنرێت، جێی متمانە بووە.

لە پێناو دڵنیاکردنی خوێنەرانی بۆ بڕواکردن بەوەی دەیخوێننەوە، لە ١٩١٣دا لە نیویۆرک وێرڵدا[١١٦]، پوڵیتزر نووسینگەی ڕاستی و هەڵسوکەوتی ڕەوای[١١٧] دامەزراند. لە گوتارێکی لە ١٩٨٤دا لە کۆڵۆمبیا جۆرنالیزم ریڤیوو[١١٨]، کاساندرا تێیت[١١٩] باسی لەوە کرد چۆن یەکەمین چاودێری وێرڵد تێبینیی شێوازێکی ڕاپۆرتدان لەبارەی تێکشکانی کەشتییەکانی کردبوو: هەر هەموو ئەم هەواڵانە باسیان لە پشیلەیەک دەکرد کە زیندوو مابووە. کاتێک چاودێرەکە سەبارەت بەو ڕێکەوتنە سەیرەوە پرسیاری لە هەواڵنێرەکەوە کردبوو، پێی گوترابوو:

"یەکێک لەو کەشتییە تێکشکاوانە پشیلەیەکی لەناو بوو و کارکەرانی کەشتییەکە

112. New York Sun
113. Yellow Journalism
114. Journal
115. World
116. New York World
117. Bureau of Accuracy and Fair Play
118. Colombia Journalism Review
119. Cassandra Tate

گەڕانەوە بۆ رزگارکردنی پشیلەکە. من لە هەواڵەکەمدا باسی پشیلەکەم کرد لەکاتێکدا هەواڵنێرانی تر باسیان لێ نەکردبوو و لەلایەن نووسیارانی شارەکانی خۆیانەوە بەبۆنەی دۆڕاندنەوە بانگ کرابوون. جاری دواتر کە کەشتییەک تێک شکا، هیچ پشیلەیەک نەبوو، بەڵام هەواڵنێرانی تر بۆ رووداوی تێکشکانی کەشتییەکە حەزیان نەکرد خۆیان بخەنە مەترسییەوە و پشیلەکەیان کردە ناو هەواڵەکەوە. من هەواڵەکەم بەبێ پشیلەکە نووسی و پاشان بەبۆنەی شکەستەوە بەتوندی سەرزەنش کرام. ئێستا کە تێکشکانی کەشتییەک هەیە، هەموومان بەردەوام پشیلەیەک لەناو هەواڵ دادەنێین".

هەڵبەتە، مەجازەکە ئەوەیە ئەو زێدەڕۆوییانە هەمووی بۆ خولقاندنی هەستێکی واقیعبینییە.

لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا رۆژنامەنووسان خەریک بوو هەستیان بەوە دەکرد واقیبینی و واقیع- یان راست و دروستی و هەقیقەت- وا بەئاسانی لێک گرێ نەدراون. لە ١٩٢٠دا والتر لیپمەن وشەی هەقیقەت و هەواڵی وەک هاوواتا لە لیبێرتی ئەند زێ نیوزدا [١٢٠] بەکار هێنا. بەڵام لە ١٩٢٢ لە پابلیک ئۆپینیەندا نووسی "هەواڵ و واقیع یەک شت نین... ئەرکی هەواڵ ئاماژەدانە بە رووداوێک"، یان ئاگادارکردنەوەی خەڵکە لێی. "ئەرکی هەقیقەت رۆشنایی خستنە سەر زانیارییە شاراوەکان و لێک بەستنەوەیان و دروستکردنی وێنەیەکە لە واقیع کە بەهۆیەوە مرۆڤ بتوانێت کاردانەوە بنوێنێت". لە ١٩٣٨دا کتێبەکانی رۆژنامەوانی بەرەبەرە گومانیان دەخستە سەر ئاستی راستەقینەی واقیع لە هەواڵدا.

لەماوەی پەنجا ساڵی داهاتوویدا، پاش چەندین دەیە گفتوگۆ و مشتومڕیی نێوان هەندێک جار ئایدۆلۆجیای سیاسی و هەندێک جار ئەکادیمییە بنیاتشکێنەرەکانی پۆستمۆدێرن [١٢١]، ئێمە گەیشتووینەتە ئەو خاڵەی کە تێیدا هەندێک پێیان وایە هەموو کەسێک ناتوانێت زانیاری بخاتە ناو دەقێکی پڕمانا بۆئەوەی گوزارشت لە هەقیقەتەکەی پێوەست بە زانیارییەکە بکات. گومانێکی مەعریفەخوازانانە دزەی کردووەتە سەرجەم رەهەندەکانی ژیانی رۆشنبیریی ئێمە، لە هونەر و وێژە و یاسا و فیزیاوە بگرە تا مێژوو.

120. Liberty and the News ئازادی و هەواڵ
121. Postmodern deconstructionalist

مـێـژووزانـی زانکـۆی کـۆڵۆمـبـیـا، سـایمۆن شـامـا[122] گـوتوویەتی "دڵـنیـابوون لە هەقیقەتێکی لەبنەڕەتدا بینراو و بەکردەوە سەلمێندراو،" بوونی نەماوە.

وێ دەچێت بەدوای واقیع کەوتن بۆ ئێمە یەکجار ئاڵۆز بێت. یان لەوانەیە تەنانەت بوونی نەبێت، چونکە ئێـمـە هەمـوومـان تاکی خـودگـەراین[123] . ئەمـانـە مـشـتـومـڕیی سەرنجڕاکیشن و ڕەنگە لە ئاستێکی فەلسەفیدا تەنانەت ڕاست و دروست بن. بەڵام ئەوە ڕۆژنامـەوانی لە کوێ بەجێ دێڵێت؟ ئاخـۆ وشـەی هەقـیـقـەت ئێـسـتـا شـتـێکی پڕبەپێـسـتـە بـۆگفـتـوگـۆی ڕۆژانە، بەڵام شـتـێکە کـە وردبینییـەکـی ڕاسـتـەقـینەی بۆ ناکرێت؟

ئاشکرایە ئاسـت هـەن. ڕۆژنامـەنووس و ڕەخنەگری چاپەمـەنی ریچـارد هـاروود[124] لە کۆڕبەندێکی لێژنەیی پێی گوتن "ڕۆژنامـەنووسـەکەی نیـویۆرک تایمز ئەو ڕۆژە بە ئێمەی گوت نیویۆرک جـاێینتس[125] یارییـەکی تۆپی پێی ٢٠-٨ دۆڕاند. ئێـسـتـا ئەمـە بەشـێـکی بچـووکی هـەقـیـقـەتەکـەیە. بـەڵام چیـرۆکی هۆکـاری دۆراندنی جـاێـنتس دەتوانرێت بە سـەدان شـێـوازی جۆراوجـۆر بگوترێتـەوە- هـەر چیـرۆکـەو بە لێـنزێکی جیا کە بە کلێشەسازی و لایەنگریی کەسێنییەوە تەماوی بووە".

کەواتە ئاخۆ مـانای بەرپرسـیاریەتیی ڕۆژنامەنووس بەرامـبـەر بە هەقیقـەت چییـە؟ زۆربەی جار هـەوڵەکان بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، لە سیمینارەکان یان لە گوتارە فـەلسـەفییـەکاندا، بە سـەرلێشـێوان کۆتاییـیان دێت. هۆکارێکی ئەوەیە گفتـوگۆکە زۆربەی جار باس لە جیـهانی واقیعی ناکات. شـرۆڤە فەلسەفییەکانی لەبارەی ئەوەی ئاخۆ "هەقیقەت" لە ڕاستیدا بوونی هەیە یان نا لە واتاسـازیدا دەچەقن.

هـۆکـارێکی تر ئـەوەیە ڕۆژنامـەنووسـان خـۆیان هـەرگـیـز سـەبارەت بـە مـانـای هـەقـیـقـیـبـوون زۆر ڕوون و ئاشکرا نەبوون. ڕۆژنـامـەوانی بە سـروشت کـاردانەوەیی و کـــردارییـــە نـەک فـــەلـســـەفی و ڕۆحی. بـەرهـەمی ڕژدی نـووســـراو لـەلایەن ئـەو ڕۆژنامـەنووسـانەی بیریان لەو کێشـانە کردبێتـەوە دەوڵەمـەند نییـە و ئەوەندەشـی کـە هـەیە، زۆربەی ڕۆژنامـەنووسـان نەیانخـوێندووەتەوە. تیـۆرەکـانـی ڕۆژنامـەوانـی بۆ ئـەکـادیمییـەکـان وازیان لێ هێنراوە و بەشـێکی زۆری هـەواڵکاران لەمێژوودا لە نرخی

122. Simon Schama
123. Subjective
124. Richard Haywood
125. New York Giants

پەروەردەی رۆژنامەوانییان کەم کردووەتەوە و گوتوویانە تاکە رێگەیەک بۆ فێربوون توانەوە و چوونە ناو پیشەکەیە. وەک چۆن تەنانەت رۆژنامەنووسی تەلەڤزیۆنکار، تێد کۆپڵ، جارێک گوتی "قوتابخانەکانی رۆژنامەوانی کاتکوژییەکی تەواو و بێ کەموکاستن".

تێگەشیتنە کۆنەکانی رۆژنامەنووسان لەبارەی چۆنیەتیی گەیشتن بە هەقیقەت وێ دەچێت کاردانەوەی خێرا بن کە لە دیمانە یان گوتار یان لەوەش خراتر لە درووشمەکانی بازاڕدۆزینەوەدا سەرچاوەیان گرتووە و زۆربەی جار پشت بە مەجازی کرچوکاڵ دەبەستن. دێیڤید بارتلێتی[126] سەرۆکی پێشووی رادیۆ و تەلەڤزیۆنی نیووز دایرێکترز ئەسۆسیێیشن[127] دەڵێت چاپەمەنی "ئاوێنە"ی کۆمەڵگەیە. تۆم[128] برۆکاو دەڵێت رۆژنامەوانی "رەنگدانەوەی جۆش و خرۆشی رۆژە". بەرهەمهێنێکی سی ئێن ئێن دەڵێت هەواڵ هەر شتێکە کە "لە رۆژێکی دیاریکراودا لە هەموو شتێک پتر شیاوی باسکردن بێت". ئەم تێگەیشتنانە رۆژنامەنووسان بە ناکارا پێشان دەدەن– وەک تەنیا تۆمارکاری رووداوەکان نەک هەڵبژێر یان نووسیار پێشانیان دەدەن.

وەک ئەوەیە پێیان وابێت هەقیقەت شتێکە هەر بۆخۆی وەک هەویری نان بەرز دەبێتەوە. رۆژنامەنووسان لە جیاتیی بەرگریکردن لە تەکنیک و رێبازەکانمان بۆ گەیشتن بە هەقیقەت زیاتر نکوڵییان لە بوونیان کردووە.

ئەوە جا چ بەهۆی نهێنیکارییەوە بێت چ سەرلێشێوان، شکەستی رۆژنامەنووسان لە دانان بەوەی ئەنجامی دەدەن و ئەو گومانە لەلای هاووڵاتییان دروست دەکات کە یان چاپەمەنی خۆی هەڵ دەخەڵێنێت یان شتێک دەشارێتەوە. ئەمە هۆکاریکە بۆئەوەی گفتوگۆ لەبارەی بابەتییانەبوونی رۆژنامەوانی ببێتە مەتەڵێکی وەهایی. زاراوەکە ئەوەندە بە هەڵە لێکدراوەتەوە و شێوێندراوە کە گفتوگۆکە زۆربەی جار لە بابەتەکە لادەدات.

وەک چۆن ئێمە بەقووڵییەکی زیاترەوە لە بەشی چوارەمدا، لەبارەی سەلماندنەوە باسی لێوە دەکەن، لەبنەڕەتدا ئەوە رۆژنامەنووس نییە کە دەبێت بابەتیانە بێت بەڵکو

126. David Bartlett
127. News Directors Association
128. Tom برۆکار

شێوازەکەیەتی. بەڵام ئەمڕۆ تاڕادەیەک لەبەرئەوەی ڕۆژنامەنووسان نەیانتوانیوە ئەو شتەی ئەنجامی دەدەن دەربڕن، تێگەیشتنی سەردەمییانەی ئێمە لە بابەتیانەبوون یەکجار شێواوە.

سەرەڕای سەرلێشێوانی جەماوەر، باوەڕەی ڕۆژنامەنووسان بەوەی خۆیان خەریکی بەدواداچوونن بۆ هەقیقەتن نەک تەنیا لێدوان و بازرگانی، جێی گومانێکی کەمە. پێویستە ئێمە وا بین- چونکە ئەمە ئەو شتەیە کۆمەڵگە لێمان چاوەڕێ دەکات.

و وەک دواتر تێبینی دەکەین، "هەقیقەتی ڕۆژنامەوانی" شتێکی زیاترە لە بەتەنیا ڕاست و دروستی. پرۆسەیەکی ڕێکخستنە کە لەنێوان هەواڵی یەکەم و تێکەڵاویی نێوان جەماوەر و هەواڵکاران و ڕۆژنامەنووسان ڕوو دەدات. ئەم یەکەم بنەمایەی ڕۆژنامەوانی- گەڕانێکی حەز پێنەکراو بۆ هەقیقەت - لەدواییدا ئەو شتەیە ڕۆژنامەوانی لە سەرجەم شێوازەکانی تری پێوەندیکردن جیا دەکاتەوە.

## هەقیقەتی ڕۆژنامەوانی

بۆ تێگەیشتن لەو پرۆسەیەی ڕێکخستن، گرینگە ئەوە لە بەرچاو بگیرێت کە ڕۆژنامەوانی لە مەودای کۆمەڵگەدا بوونی هەیە. بەهۆی پێویستییەوە هاووڵاتییان و کۆمەڵگەکان پشت بە گوزارشتی ڕاست و دروستی ڕووداوەکانەوە دەبەستن. پەرە بە ڕێوشوێن و پرۆسەی وا دەدەن بۆئەوەی بگەنە ئەو شتەی پێی دەگوترێت "هەقیقەتی کرداری". لەسەر بنەمای ڕاستییەکانەوە پۆلیس دوای گومانلێکراون دەکەوێت و دەسگیریان دەکات، دادوەران دادگایی دەکەن، دەستەی سوێندخواردووانی داداگا بڕیار لەسەر تاوانباری یان بێ تاوانی دەدەن، پیشەسازییەکان ڕێک دەخرێن، باجەکان کۆ دەکرێنەوە، یاسا دەردەکرێت و ئێمە منداڵانمان فێری ڕێساکان، مێژوو و فیزیا و زیندەوەرزانی دەکەین. گشت ئەم هەقیقەتانە تەنانەت یاساکانی زانست ڕەنگە پێداچوونەوەیان بۆ بکرێت، بەڵام ئێمە لەو بەینەدا بەگوێرەیانەوە کار دەکەین چونکە پێویست و کردەنین.

ئەمە ئامانجی ڕۆژنامەوانییە- شێوازێکی کردەنی یان کردارییی هەقیقەت. هەقیقەت ڕەها یان فەلسەفییەکە نییە. هەقیقەتی هاوکێشەیەکی کیمیایی نییە. ڕۆژنامەوانی دەتوانێت و پێویستە بەدوای ئەو هەقیقەتانەدا بگەڕێت کە

بەگوێرەیانەوە ئێمە رۆژانە کار دەکەین. بیل کێلەر[129]، بەڕێوەبەری نووسیاریی ئەوکاتی نیۆریۆرک تایمز لە کۆڕبەندێکی لێژنەدا پێی گوتین "ئێمە پێمان شتێکی ناماقووڵ نییە چاوەڕێی بین دەستەی سوێندخواردووان حوکمی دادوەرانە بدەن یان مامۆستاکان وانەی راستگۆیانە بڵێنەوە یان مێژوونووسان مێژووی بێ لایەنە بنووسنەوە و زانایان بێ دەمارگیری لێکۆڵینەوە بکەن.

ئەی بۆ دەبێت ئامانجی نزمتر بۆ رۆژنامەنووسانی داماو دابنێین؟ ئەگەر بابەتیانەبوونی راستەقینە تەنانەت رێتێچووش بێت- پێم وانییە ئەوە ئامانجی ئێمە بێت... ئێمە هەوڵ بۆ گوزارشێک دەدەین کە ئامانجی ئەوەیە تا بکرێت زانیاریی پێویست بۆ خوێنەر دابین بکات تاوەکو بەهۆیەوە بڕیاری خۆی بدات. ئەمە ئامانجی بەرزی ئێمەیە."

ئاخۆ ئەمە بەو مانایەیە رۆژنامەنووسان دەبێت تەنیا خۆیان بە راست و دروستییەوە ببەستنەوە، ناو و ڕێکەوتنەکان بەدروستی وەدەست بێنێت؟ ئاخۆ ئەوە بەسە؟ سروشتی بەشی زۆری رۆژنامەوانیی ئەمرۆکە، کە تا دێت پتر دەبێتە شرۆڤەکارانە، و وەڵامی رۆژنامەنووسان لە کۆڕبەند و راپرسی و دیمانەکانیش پێمان دەڵێن نا. رۆژنامەوانییەکی بنیاتنراو لەسەر بەتەنیا راست و دروستییەوە ناتوانێت بەڕادەی پێویست بەرو پێشمان بەرێت.

سەرەتا راست و دروستی بەتەنیا دەتوانێت هەر لە خودی خۆیدا لێڵییەک بێت. تا ١٩٧٤یش کۆمسیۆنی هاچینز[130]، گرووپێکی رۆشنبیران کە ساڵانێک خەریکی بەرهەمهێنانی بەڵگەنامەیەک بوون بۆ داڕشتنی مەرجەکانی رۆژنامەوانی، وریاییان دا لە دژی مەترسییەکانی بڵاوکردنەوەی هەواڵی ئەوتۆ کە "لە ڕووی زانیارییەوە راستن بەڵام لە بنەڕەتدا هەڵەن". تەنانەت ئەو کاتیش کۆمیسیۆنەکە ئاماژەی بەو هەواڵانەدا کە لەبارەی ئەندامانی گرووپە کەمینەکان بوون و بەبێ دابینکردنی دەق یان بە جەختکردنەوەی بێ مانا لەسەر نەژاد یان ئیتنیک، پەرەیان بە کلیشەسازییە چەوتەکان دەدا. "ئیدی پێویست نییە زانیارییەکە بەشێوەیەکی هەقیقی بگوزارێتەوە. ئەوەی ئێستا پێویستە گواستنەوەی هەقیقەتی پێوەست بە زانیارییەکەیە."

راست و دروستیی رووت هەروەها ئەو شتە نییە خەڵک چاوەڕێی دەکەن.

129. Bill Keller
130. Hutchins

ڕۆژنامەنووس جەک فوڵر لە کتێبەکەیدا بەناوی نیووز ڤەڵیووز[131] ڕوونی دەکاتەوە بە بۆچوونی فەیلەسووفەکانەوە دوو جۆرە تاقیکردنەوە بۆ هەقیقەت هەن: یەکێکیان هاوتابوون و ئەوەی تر یەکانگیرییە. بۆ ڕۆژنامەنووسان ئەم تاقیکردنەوانە بەگشتی بەمانای وەدەستهێنانی زانیاری بەراستەخۆیی و مانابەخشینە بە زانیارییەکان. فولر بەم شێوەیە دەیبڕێنێتەوە: پێویستە یەکانگیری تاقیکردنەوەی یەکلاکەرەوە بێت بۆ هەقیقەتی ڕۆژنامەوانی. "بێ ڕەچاوکردنی قسەی کەسانی گوماناویی ڕادیکاڵ، خەڵک هێشتاش بەپەرۆشەوە باوەڕیان بە مانا هەیە. ئەوان وێنە تەواوەکەیان دەوێت، نەک تەنیا پارچەیەکی... ئەوان لە گفتگویە دژیەکەکان، لە مۆدیلی مەکلافین گرووپ[132] بۆ گفتوگۆی جەماوەری ماندوو بوون".

بۆچوونی گشتی هەمان شتمان پێ دەڵێت. ئەمڕۆکە ئەو هەواڵانەی بەتەنیا گوزراش لە پەسندانی پۆلیس لەلایەن شارەوانەوە لە نیوەڕۆخوانی گاردن کلاب[133] دەکەن، وێ دەچێت ناتەواو یان تەنانەت گەمژانەش بن- ئەمەش ئەگەر پۆلیس لە ڕاستیدا گرفتاری ریسواییەکی گەندەڵی بووبێتەوە: گوتەکانی شارەوان بەئاشکرا گوتەی سیاسین و بۆ ولامدانەوەی کۆمەڵێک هێرشن کە بەو دوایییانە لەلایەن رەخنەگرانیەوە کرابنە سەری.

بەڵام ئەمە، بەو مانایە نییە ڕاست و دروستی بایەخی نییە. بەپێچەوانەوە، ڕاست و دروستی ئەو بناغەیەیە هەموو شتێکی تری لەسەر بنیات دەنرێت: دەق، لێکدانەوە، مشتومڕی و گشت گفتوگۆیە جەماوەرییەکە. ئەگەر بناغەکە کەموکوڕیی هەبێت، هەموو شتێکی تر تێک دەچێت. یەکێک لە مەترسییەکانی هەڵکشانی نوێی ژمارەی داوودەزگاکان، بەرنامەی گفتگۆئامێز، بلۆگ و گوزارشی شرۆڤەکارانە ئەوەیە ئەم شێوازانە وازیان لە سەلماندن هێناوە. مشتومڕییەکی نێوان ناحەزان کە بە ئاماری هەڵە یان تەنیا بە دەمارگیرییەوە گفتوگۆ دەکەن، زانیاریبەخش نییە. تەنیا ورووژێنەرە. کۆمەڵگە بە هیچ شوێنێک ناگەیەنێت.

زۆر باشتر و ڕاستترە هەقیقەتی ڕۆژنامەوانی بە پرۆسەیەک دابنرێت- یان بە گەشتێکی بەردەوام لە پێناو تێگەیشتن- کە بە یەکەم هەواڵەوە دەست پێ دەکات و بە

131. News Value بەهاکانی هەواڵ
132. McLaughlin Group
133. Garden Club

تێپەڕینی کات پەرە دەسەنێت. بۆ نموونە، یەکەم هەواڵەکان ئاماژە بە رووداو یان نەریتێکی نوێ دەدەن. رەنگە بە باسکردنی شتێکی سانا- کۆبوونەوەیەک یان رووداوێکی ئۆتۆمبێل- دەست پێ بکەن. کات و شوێنی رووداوەکە، زیانەکانی تووشبوو، جۆری ئۆتۆمبێلەکان، دەستگیرکردن، کەشوهەوای نائاسایی یان هەلومەرجی رێگاوبان- لە ڕاستیدا رووکەشە فیزیکییەکان حاڵەتەکە- ئەو راستییانەن کە دەتوانرێن تۆمار بکرێن و پشتڕاست بکرێنەوە.

کاتێک هەواڵنێران راستییەکانیان ساخ کردەوە، هەوڵ دەدەن وەسفێکی رێکوپێک و باوەڕپێکراو لەبارەی مانایانەوە بدەن کە بۆ ئێستا راست و دروستە و قابیلی لێکۆڵینەوەی زیاتریشە. کارڵ بێرنستاینی[134] رۆژنامەنووس ئەمە بە تێکۆشانی هەواڵنێران بۆ دابینکردنی "باشترین نموونەی هەقیقەتی وەدەست هاتوو" وەسف کردووە. بەگوێرەی بنەماکانی واشینتۆن پۆست کە لەلایەن یوجین مێیر لە ١٩٣٣ نووسراونەوە، " هەر کە هەقیقەت سەلمێندرا" پێویستە بگێڕدرێتەوە.

هەواڵنێر بەتەنیا رەنگە نەتوانێت لە هەواڵی یەکەمدا زۆر لە ئاستی رووکەشیانەی راست و دروستیی زیاتر بەرەو پێش بچێت. بەڵام هەواڵەکە دەبێتە بناغە بۆ دووەم هەواڵ کە تێیدا سەرچاوەکانی هەواڵ کاردانەوەیان بەرامبەر بە هەڵە سەرەتاییەکان و کەموکوڕییەکان هەبووە، و دووەم هەواڵیش دەبێتە سێیەم هەواڵ و هتد.

دەق دەخرێتە سەر هەر چینێکی یەک لەدوای یەک. لە هەواڵە زۆر گرینگتر و ئالۆزترەکاندا دوابەدوای لاپەڕەی نووسیاران نوسینی تر و باسوخواستەکان لە بەرنامەی گفتوگۆئامێز و لاپەڕەی بۆچوونی پێچەوانە و بۆچوونی بڵاوکراوە لەسەر بلۆگ و پێگە ئینتەرنێتییەکانی تر و وەڵامی نێردراو بە نامە بۆ نووسیار یان بە پێوەندیی تەلەفۆنی بۆ بەرنامەی گفتگۆیی رادیۆ- واتە مەودایەکی تەواو بۆ گفتوگۆی جەماوەری و تایبەت- هەیە. هەقیقەتی کارەکی شتێکی پرۆتینییە کە وەک فێربوون هاوشێوەی چلوورەی کلسی لە ئەشکەوت، دڵۆپ دڵۆپ بەتێپەڕینی کات گەورە دەبێت.

نموونەی بێ ژمار هەن. ئەبنر لویما[135] ، کۆچبەری هاییتی کە بەبۆنەی رەفتارێکی ناشایستە لەدەرەوەی یانەی شەوانەی بروکلین[136] لە ١٩٩٧ دەسگیر کرا، بەنموونە

134. Karl Bernstein
135. Abner Louima
136. Brooklyn

وەربگرە. هەواڵەکە سەرەتا وەک پوختەیەکی ناو دەفتەری تۆماری پۆلیس دەهاتە بەر چاو. بەڵام سێ ڕۆژ دواتر ستوونووس مایک مەک ئالری[137] ی دەیلی نیووزی[138] نیویۆرک لوویمای لە نەخۆشخانە دۆزییەوە و چاوپێکەوتنی لەگەڵ کرد. لوویما ئاشکرای کرد پۆلیس دەستدرێژیی کردووەتە سەری و بە دەسکی پەستێنەری توالێت زۆرەگێی کردووە. هەر هەمان ڕۆژ پۆلیس دوو کارمەندی بەشدار لە دەستگیرییەکەی لە کار لادا. دوو ڕۆژ دواتری لە چاوپێکەوتنێکی دووەمدا، لوویما گوتی کارمەندانی دەستگیرکردن بە ئەویان گوتووە "ئێستا سەردەمی جولیانییە[139] (مەبەستیان شارەداری پێشوو رادۆلف جولیانی بوو) نەک سەردەمی دینکینز[140] (وەک ئاماژە بە شارەدار دێیڤید دینکینز کە ئەفریقیاییەکی ئەمەریکایی بوو). ژمارەیەکی زۆرتری کارمەندان لە کار لادران و زۆری نەبرد هاووڵاتییان خۆپێشاندانیان لە بروکلین ساز کرد.

لەماوەی چەند ڕۆژێکدا نیویۆرک تایمز شرۆڤەیەکی قووڵی بڵاو کردەوە و ئاماژەی بەوە دا کەمبوونەوەی تاوان لە شاری نیویۆرک هاوکاتە لەگەڵ بەرزبوونەوەی هەراسانکاری و دڕندایەتیی پۆلیس. شارەکە سەرلەنوێ پرژایە سەر چۆنیەتیی مامەڵەکردنی پۆلیس لەگەڵ گومانباران. ساڵێک دواتر لوویما لە تۆمەتەکانی خۆی ئەوەی باسی لە"کاتی گیلیانی"دەکرد، پاشگەز بووە، هەرچەندە قسەکەی خۆی لەبارەی دەستدرێژییەکە نەخواردەوە. چەند مانگ دواتر سیتی جۆرناڵی[141] سەر بە ئەنیستیتۆی مەنهاتان گوتارێکی بڵاو کردەوە بۆ پشتگیری لەوەی هەرچەندە ڕووداوەکانی دڕندایەتیی پۆلیس زۆرن، بەڵام پۆلیسی نیویۆرک رابردوویەکی بەبەراورد باشی هەیە لە ڕووی پرسی بێ بەزەییانەبوونی پۆلیسەوە.

بەواتایەکی تر لێرەدا هەقیقەت دیاردەیەکی ئاڵۆز و هەندێک جار دژیەکە، بەڵام ئەگەر بە پرۆسەیەکی بەردەوام دابنرێت، ڕۆژنامەوانی دەتوانێت بیدۆزێتەوە. ڕۆژنامەوانی هەوڵ دەدات لە جیهانێکی شێواودا بگاتە هەقیقەت، ئەمەش سەرەتا بە جیاکردنەوەی زانیاری لە هەر جۆرە زانیارییەکی هەڵە یان شێواو یان دەمارگیریی

137. Mike McAlary
138. Daily News
139. Radolph Giuliani
140. David Dinkins
141. City Journal

بەرژەوەندیخوازانەوە دەست پێ دەکات و دواتریش بە بواردان بە کۆمەڵگە بۆ کاردانەوە لەگەڵ پرۆسەی رێکخستن. گەڕان بەدوای هەقیقەت دەبێتە گفتوکۆیەک.

ئەم پێناسەیە یارمەتیدەرە بۆ گونجاندنی ئەو شێوازەی ئێمە وشەکانی راست و درۆ رۆژانە بەکار دێنین لەگەڵ شێوازی شیکردنەوەی ئەو وشانە لە دەفری شووشەیی مشتومڕی فەلسەفیدا . ئەم پێناسەیە گونجاوترە بۆ تێگەیشتنی خۆڕسکییانەی رۆژنامەنووسان لەو کارەی دەیکەن بەبەراورد لەگەڵ مەجازە کرچوکاڵەکانی ئاوێنەبوون و رەنگدانەوە کە بەشێوەیەکی گشتی بڵاو بوونەتەوە.

ئێمە هەقیقەت بە ئامانج تێ دەگەین کە لە باشترین حاڵەتدا ونە و لە هەمان کاتیشدا باوەشی پێدا دەکەین. ئێمە باوەشی پێدا دەکەین بە هەمان ئەو شێوەیەی ئالبێرت ئەنیشتاین[142] کردی، کاتێک گوتی زانست باس لە هەقیقەت ناکات بەڵکو زانیاریی ئێمە بێ هەڵەتر دەکات. چونکە ئەمە لە ڕاستیدا حاڵی ژیانە – ئێمە زۆربەی جار لە تەقەڵلا داین و هەرگیز بەتەواوەتی ناگەین بە ئامانج. وەک گۆردن[143] وودی مێژوونووس لەبارەی تۆمارکردنی مێژوووە گوتوویەتی " کەسێک دەتوانێت ئەو بۆچوونە قبووڵ بکات کە تۆماری مێژوو پچڕپچڕ و ناتەواوە و ئەوەی کە مێژوونووسان لەدواییدا هەرگیز لەسەر لێکدانەوەکانیان رێک ناکەون", و لەهەمان کاتدا باوەڕی هەبێت بە بوونی "هەقیقەتێکی بابەتیانە لەبارەی رابردووەوە کە دەکرێت ببینرێت و بە شێوەیەکی کرداری بسەلمێنرێت".

ئەمە شتێکی زیاترە لە بازدانێکی بیروباوەڕی. لە ژیانی واقیعدا خەڵک دەزانن چ کەسێک لە راستییەوە نزیکتر بووەتەوە، کاتێک سەرچاوەکە جێی متمانەیە، کاتێک لێکۆڵینەوەکە تێروتەسەلە، کاتێک شێوازەکە دیوەدەرە. یان وەک وود گوتوویەتی "رۆژنامەنووسان رەنگە هەرگیز هەقیقەت بەتەواوەتی و بەدوایی نەبینن و پێشکێشی نەکەن، بەڵام هەندێکیان لە نووسینی مێژووەکەیاندا لەوانی تر زیاتر لێی نزیک دەبنەوە، تاڕادەیەک تەواوتر و هەروەها بابەتیانەتر و راستگۆترن و ئێمە کاتێک تەماشای مێژووەکە دەکەین لەوە تێ دەگەین و تێ گەیشتووین".

ئەوانەی لە بواری هەواڵ یان سیاسەتدا کاریان کردووە زیاتر هەمان شت دەڵێنەوە: وەدەستهێنانی ئەو هەواڵەی کە لە نموونەیەکی هەقیقەتەکە نزیکترە

142. Albert Einstein
143. Gordon Wood

بەرەنجامی راستەقینەی دەبێت. لە یەکەم کاتژمێرەکانی رووداوێکدا کاتێک راست و دروستی لە هەموو کاتێک سەختترە، ئەو وردبینییە لەوانەیە گرینگترین بابەت بێت. لەو ماوەیەدایە رای گشتی کە هەندێک جار سەرسەختانەیە، لەرێگەی ئەو دەقە زانیارییەی پێشکێش دەکرێت، دروست دەبێت. ئاخۆ ئەوە هەرەشەم لێ دەکات؟ ئاخۆ بۆ من باشە؟ ئاخۆ ئەوە شتێکە پێویستە مشووری لێ بخۆم؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە بڕیار لەوە دەدات ئاخۆ من تا چ رادەیەک بە وردییەوە بەدواداچوون بۆ رووداوی نوێ دەکەم، چەند بەدوای سەلماندنی زانیارییەکانەوە دەبم. هۆدینگ کارتەر[١٤٤]، رۆژنامەنووسێکی کۆنەکار کە وەک یاریدەدەری وەزیر بۆ کاروباری گشتی لە وەزارەتی دەوڵەتی سەردەمی کارتەردا کاری دەکرد، بە پشتبەستن بە ئەزموونی خۆی گوتوویەتی ئەو ماوەیە کاتێکە بۆ حکوومەت تاوەکو تا ئەوپەڕی کۆنترۆڵی مێشکی جەماوەر بکات. "ئەگەر بۆماوەی سێ رۆژ هیچ تەحەدایەکی رژد نەبێت، حکوومەت زەمینە بۆ رووداوێک دەرەخسێنێت و کۆنترۆڵی بۆچوونی جەماوەر دەکات لەبارەی ئەو رووداوە".

ئەمە خاڵێکە لەگەڵ نەبوونی کاردانەوە یان هەنگاونەهاوێشتی حکوومەت راستەوخۆ پاش زریانی کاترینا لە ٢٠٠٥دا سەلمێندرا. لەبەرئەوەی حکوومەت نەیتوانی هەلومەرجەکە بڕەخسێنێت، گوزارشەکانی هاووڵاتییانی تۆقیو و رۆژنامەنووسان بووە هەواڵ. چەند حەفتەی برد تاوەکو حکوومەت بتوانێت هەواڵەکە بخاتە ژێر کۆنترۆڵی سیاسیی خۆی.

لەماوەی چەند ساڵدا هەندێک رۆژنامەنووس جێگرەوەیان بۆ هەقیقیبوون پێشنیاز کردووە. لەوانەیە باوترین جێگرەوەکان دادوەری و هاوسەنگی بن. بەڵام هەردووکیان، لەژێر وردبینیدا، ناتەواون. دادوەری یەکجار نابەرجەستەیە و لە کۆتاییدا خۆییانەتر لە واقیع. دادوەر بەرامبەر بە کێ؟ چۆن دادوەری تاقی دەکەیەوە؟ هەقیقیبوون سەرەڕای هەموو کێشەکانی لانی کەم دەکرێت تاقی بکرێتەوە.

هاوسەنگیش یەکجار خۆییانەیە. هاوسەنگکردنی هەواڵێک بە دادوەرایەتی بەرامبەر بە هەر دوو لا رەنگە بەرامبەر بە هەقیقەت دادوەرانە نەبێت، ئەگەر بێو هەر دوو لا لە راستیدا سەنگی یەکسانیان هەبێت. ئاخۆ گەرمبوونی جیهان راستە یان

144. Hodding Carter

درۆیە؟ زۆربەی زانایان چەندین ساڵ بوو دەیان گوت ئەو شتە هەیە، بەڵام گوزارشەکانی چاپەمەنی بەدرێژاییی کات پاش مشتومڕیی زانستیی بەردەوام هاوسەنگیی هەردوو لای هەواڵەکەیان پاراستووە و لە هەموو ئەو بارانەی پتر لە دوو لایەن لە هەواڵەکەدا هەن، ئاخۆ چۆن دەتوانرێت بزانرێت کام لایەن راست دەکات؟ هاوسەنگی، ئەگەر ببێتە هاوسەنگییەکی هەڵە، دەگۆڕێت بۆ شێواندن.

لە کتێبەکەماندا بەناوی رەپ سپید[145] باسمان لەوە کردووە چۆن هێزە جۆراوجۆرەکان لێک نزیک بوونەوە بۆئەوەی هەوڵی رۆژنامەنووسان بۆ واقعیبوون لاواز بکەن، سەرەڕای ئەو دڵسۆزییەی بەردەوام زۆربەی رۆژنامەنووسان دانی پێدا دەنێن.

بێ ئەوەی ئەو شرۆڤانە بە هیچ شێوەیەک دووبارە بکەینەوە، تەنیا پێویستە تێبینیی ئەوە بکەین، لە کولتووری میدیای نوێی هەواڵی بەردەوامدا، هەواڵ زیاتر بووەتە پارچە ژەمێک: سەرچاوەیەک بۆ زاڵبوون بەسەر ئەو رۆژنامەنووسانەی دەیگوازنەوە، پێوەرە جیاوازەکانی رۆژنامەوانی وا ئەرکی دەرکەوانیی چاپەمەنی تێک دەشکێنن: مشتومڕی هەرزان و دژیەک زاڵە بەسەر هەواڵدا و چاپەمەنی تا دێت زیاتر دەپڕژێتە سەر دۆزینەوەی "هەواڵی گەورە" تاوەکو بەشێوەیەکی کاتەکی ئاپۆرەی لێک دابڕاوی جەماوەر لەم سەردەمەدا کۆ بکاتەوە. پێکەوە، ئەم تایبەتمەندییە نوێیانەی ئەو شتەی ئێمە بە کولتووری میدیای تێکەڵ ناومان بردووە، خەریکە ئەرکی کلاسیکیی رێکخستنی گوزارشێکی راست و باوەڕپێکراوی رووداوەکانی رۆژ دەگێڕێت.

لە کولتووری هەواڵی بەردەوامدا ئەو رۆژنامەنووسانەی هەوڵ دەدەن نوێترین زانیاری بە شەپۆل یان ئینتەرنێت بڵاو بکەنەوە، کاتێکی کەمیان بۆ پێداچوونەوە بە شتەکان هەیە. زۆربەی جار شتەکان بەڕێ دەکەن، شتێک دەخوڵقێنن کە ئێمە بە رۆژنامەوانییەکی نوێی راگەیاندن ناوی دەبەین – شتێک کە رۆژنامەوانیی کۆنی سەلماندن لەناو خۆیدا نقووم دەکات.

لەماوەی ساڵانی پاش بڵاوبوونەوەی چاپی یەکەمی ئەم کتێبە لە ٢٠٠١دا ئێمە تێبینیی سەرهەڵدانی شێوازێکی سێیەمی میدیامان کردووە کە لەسەر شێوەی گفتوگۆیەکی رادیۆیی و لە هەندێک هەواڵی رادیۆو تەلەڤزیۆن یان شێوازی تردایە:

---

145. Wrap Speed

ڕۆژنامەوانیی دووپاتکردنەوە کە نەک بۆ ساخکردنەوەی زانیارییەکانە بەشێوەیەکی گوماناوییە بگرە بۆ دووپاتکردنەوەی بۆچوونەکانی جەماوەرە. لەسەر ئینتەرنێتیش ئەو پێگە ئەلیکترۆنییانەی زۆربەی جار لە ڕێگەی ئەو ماشێنانەی بە بەکارهێنانی ئەلگۆریتمی کۆمپیوتەری کۆ دەبنەوە، ڕێخۆشکەرن بۆ سەرهەڵدانی جۆرێکی چوارەم – ڕۆژنامەوانیی ئاوێتەکار – کە لەوانەیە یان لەوانە نییە دەنگۆ و زانیاری و پێشبینی لێک بهاوێرێت. ئەوەیان دەبێت بەکاربەر بیکات.

سەرەڕای ئەم شێوازانە، ڕۆژنامەنووسان هێشتاش باوەڕیان بە گرینگیی باسکردنی هەقیقەت هەیە. لە ڕاپرسییەکەی ئێمەدا سەبارەت بە بەهاکانی سەرەکی، لە هەر دە ڕۆژنامەنووسێک کە لە دەزگاکانی نەتەوەییدا کاریان کردبێت، هەشتیان و لە هەر دە ڕۆژنامەنووسی دەزگا لۆکاڵەکان پتر لە حەوت کەسیان گوتیان هەست دەکەن "شتێک بە ناوی گوزارشێکی ڕاست و تەواوی ڕووداوێک بوونی هەیە". هەمان شت ڕاستە بۆ میدیای نوێ یان ڕۆژنامەنووسانی ئینتەرنێتی کە لەوێدا لە هەر دە کەس حەوتیان پێیان وابوو دەستبەرکردنی ئەو گوزارشە ڕاست و وردە کردەنییە.

لە هەر دە ڕۆژنامەنووسی نەتەوەیی و لۆکاڵ حەوتیان دڵنیابوون دەتوانن پەرە بە ڕێبازێکی پیشەییانە بدەن لە پێناو "ڕوومالکردنی ڕووداوەکان بەڕێگەیەکی سەرنجڕانەکێش و دادوەرانە". بەنزیکەیی لە هەر دە کەسی میدیای نوێ شەشیان هەمان شتیان گوت. بەڵام گومانێکی هەستپێکراویش هەیە: بەگشتی چارەکێکی سەرجەم ڕۆژنامەنووسانی سەر بە هەموو میدیاکان گومانیان لە کارەکیبوونی ئەم ئامانجە هەبوو–٢٧٪ی ڕۆژنامەنووسانی لۆکاڵ و ٣١٪ی سەر بە میدیای نوێ.

ڕەنگە بەهۆی ئەم گومانانەوە، کاردانەوەی نەرێنیی ئەو شتەی بە میدیای ڕژد ناو دەبردرێت، بۆ سەر کولتووری میدیای نوێ ئەوە بێت کە ڕۆڵەکەی زیادکردنی دەق و لێکدانەوەیە بۆ هەواڵ. بیرۆکەکە ئەوەیە ئەمە یارمەتیی جەماوەر دەدات لە پۆلێنکردنی هەگبەی قورسی زانیاری و مانایەکی زیاتر دەبەخشێتە هەواڵ. لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە پێمان وایە تێگەیشتن لەم کاردانەوەیە بەرامبەر بە تەکنۆلۆجیای نوێ لاوازە.

لەبەر شتێک ڕاست نییە وا بیر بکەینەوە خەڵک زانیاریی نەپاڵێوراو دەخوێنێتەوە. هەرچەندە بەدڵنیاییەوە ڕاستە بەکاربەرانی پێوەست بە ئینتەرنێت لە سەدەی بیست و یەکەمدا بەبەراورد لەگەڵ هاوشانەکانیان لە سەرەتای سەدەی بیستەمـــدا دەزگای

هەواڵــــیی زیاتریان هەیـــە، بەڵام خەڵک ماوەیەکی دیاریکراو بە خوێندنەوەی هەواڵ بەسەر دەبەن. لە ڕاستیدا سەرەڕای هەڵکشانی ژمارەی هەواڵەکان، روون نییە ئاخۆ خەڵکیش ماوەی هەواڵ خوێندنەوەیان زیادی کردووە یان نا.

لەم سەردەمە نوێیەی ئێمە لە میدیا و گەشەسەندنی دەزگاکاندا بەبەراورد لەگەڵ رابردوو لە گرینگیی خۆڕسکیی هەقیقەت کەم نەبووەتەوە. پیتێر ڤێریکی[146] پرۆفیسۆری خانەنشینبووەی مێژوو لە ماونت هۆلیۆک کۆلێج[147] پێی وایە خۆڕسکی بۆ هەقیقەت لە هەموو کات گرینگتر بووە. ئەو دەڵێت " هیچ شتێکی تری قەشەنگتر لە هەوڵەکانمان بۆ گەیشتن بە راستییەکان، لە هەوڵدانمان بۆ گێڕانەوەی شتەکان وەک بەڕاستی وا بن، بە خەیاڵمدا نایەت، هەرچەندە بەردەوام شکستی لێ دێنین، چونکە لانی کەم واقیع، هەرچەندە هەرگیز بەتەواوەتی وەدەست ناهێت، دەتوانرێت پێناسە بکرێت. واقیع ئەو شتەیە کاتێک تۆ بڕوای پێ ناکەی، دوور ناکەوێتەوە".

بەشێوەیەکی مەجازی دۆزینەوەی هەقیقەت بە هەندێک رێگەدا کاری پتری دەوێت لەوەی بەراستەوخۆیی ئەنجام بدرێت، چونکە زانیارییەکی زۆر لەبەر دەستە. ئەمە بە دژیەکییەکی فێربوون لە سەردەمی زانیاریدا ناو بنێ. کاتێک زانیاری بەهۆی فراوانبوونییەوە دەبێتە کالآ– کاتێک کەرەستەکە یەکجار زۆرترە– تێگەیشتن سەختترە نەک ئاسانتر. پێویستە زانیارییەکی پتر لێک بدرێتەوە بۆئەوەی شتەکان رێک بخرێن. تێگەیشتنی وەدەستهاتوو رەنگە قووڵتر و باشتر بێت، بەڵام لەوانەیە زۆر تایبەتیتریش بێت.

لەوەش زیاتر، کاتێک میدیا دەبێت ژاوەژاوەی دواوەی رووداو، توانامان بۆ پڕژاندن کەم دەبێتەوە. دەنگ بەرزکردنەوە لەناو دەنگەدەنگی بەردەوام سەختتر دەبێت. ئەگەر ویسنستن چێرچڵ[148] راستی گوتبێت کە "درۆیەک نیوەڕێیەک بەناو جیهاندا دەڕوات پێش ئەوەی راستی دەرفەتی پانتۆڵ لەپێ کردنی پێ بدرێت"، تەکنۆلۆجیای مەزنتر تەنیا یارمەتیدەر بووە بۆ خێراترکردنی پرۆسەکە، خزمەتکردنی راست و درۆ بەیەکسانی.

ئەم هۆکــــارانە یارمــــەتیـــــدەرن بۆ روونکردنەوەی هۆکـــــاری تەنانەت سەرانجراکێشتربوونی رۆژنامەوانیی پشتگیریکارانەی سەردمی ئێمەدا–

146. Peter Viereck
147. Mt. Holyoke College
148. Winston Churchill

ڕۆژنامەوانیی دووپاتکردنەوە، بۆ هەندێک کەس لەمڕۆکەدا. ڕۆژنامەوانییەکە شتەکان ئاسانتر دەکات. ڕێگەیەکە بۆ دەستەبەرکردنی ڕێکوپێکی لە جیهانێکی شێوادا، بێ ئەوەی وردبوونەوەیەکی زۆر و قورساییەکی زۆری هەبێت. ئاسانە. چەندی باشتریش بێت، ئەم بارودۆخە تەحەدداکە گەورەتر دەکات و پێویستی بۆ ڕۆژنامەوانییەک کە بە پلەی یەکەم زانیارییەکان بەدروستی وەردەگرێت، زیاتر دەکات. ئەوە بناغەیە بۆ هەر شتێکی تر.

شرۆڤەی پتر ڕەنگە تەنیا ببێتە هۆی نەگونجان و لادان بەرەو ئاستە نەرمترەکانی هەقیقەت- ئەو ئاستانەی پێویستە بەشێکی پرۆسەی ڕێکخستن بن پاش ئەوەی زانیارییەکان جێگیر دەکرین. هەڵەیە پێش لەوەی ئەو شتەی لە ڕاستیدا رووی داوە، جیا بکرێتەوە، بە پەلە هەنگاو بۆ قۆناخی شرۆڤەکردن بنرێت.

لە جیاتیی پەلەکردن بۆ زیادکردنی دەق و شرۆڤە، چاپەمەنی پێویستیی بە پڕژانە سەر ئاوێتەسازی و سەلماندن هەیە. دەنگو و پلار و بابەتی بێ بایەخ و درۆ جیا بکاتەوە و بپڕژێتە سەر ئەوەی لە هەواڵەکەدا ڕاست و گرینگە. بۆ هاووڵاتییان سەرچاوەی پێناسەکراو دابین بکە و زانیارییەکە پشتڕاست بکەوە، لەگەڵ بەرجەستەکردنی ئەو شتەی گرینگە بیزانن و ئەوەی تر بپاڵێوە. خەڵک لە جیاتیی ئەوەی بۆ خۆیان بەناو زانیاریدا بگەڕێن، پێویستیان بەو سەرچاوانەوە هەیە پێیان بڵێت چی ڕاست و گرینگە. ئەوان پێویستیان بە وەڵامێکە بۆ پرسیاری "ئێستا دەتوانم باوەڕ بە چی بکەم؟". کەواتە ڕۆڵی چاپەمەنی لەم سەردەمە نوێیەدا وەڵامدانەوەی پرسیاری "چ شتێک باشە"یە. سەلماندن و ئاوێتەکردن دەبنە دوو کۆڵەکەی ڕۆژنامەوانیی نوێ. ڕۆڵیان "مانابەخشین"ە، وەک جۆن سیلی براونی[149] زیرۆکس پارک[150] گوتوویەتی کە لە بەشی پێشوودا باسکرا. بە کورتی پێویستی بۆ هەقیقەت لە سەردەمی نوێدا زیاتر بووە نەک کەمتر، چونکە ئەگەری بابەتی ناهەقیقی یەکجار زۆر بووە.

بۆ زاڵبوونی هەقیقەت پێویستە ڕۆژنامەوانی ڕوونی بکاتەوە ئاخۆ یەکەمین لایەنگریی بۆ کێیە. ئەوەش هەنگاوی دواترە.

---

149. John Seely Brown
150. Xerox PARC

بەشی سێیەم

## رۆژنامەنووسان بۆ کێ کار دەکەن

لە کۆتاییی هەر ساڵێکدا کاربەدەستانی هەرە بەرزی سەرانسەری وڵات چاوەڕێی بڕیارێکی نوێی پیشییانەن: ئاخۆ تا چ ئاستێک باش کاریان کردووە و چەند پاداشت وەردەگرن. زۆربەی جار بەشێکی بەرچاوی داهاتیان لە مەترسیدایە. بەڵام بڕیارەکە ئیتر بەتەنیا لەسەر بنەمای جۆریەتیی رۆژنامەوانییەکەیان نییە. هۆکاری جۆریەتی زۆربەی جار نیوە یان کەمتری پێوەری بڕیارەکە پێک دێنێت. زیادەپاداشتی کاربەدەستانی ژووری هەواڵ ئەمڕۆکە بەزۆری گرێدراوی قازانجی کۆمپانیاکانیانن.

ئەمە هەر هەمووی رەنگە ئاسایی بێتە بەرچاو. زۆر بازرگانی وەک رێگەیەک بۆ چاندنی بەرپرسیاریەتی لەناو بەڕێوەبەراندا پرۆگرامی پاداشتکردنەوەیان هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا گرێدانی مووچەی رۆژنامەنووس بە هۆکاری تری جگە لە جۆریەتیی رۆژنامەوانییەکەیان شێوازێکی نوێ – تایبەتمەندییەکی ئەو بیست ساڵەی دواییە. هۆکاری ئەوە رەنگە لەرووکەشدا بەجێ بێت. رۆژنامەوانی کارێکە و بەڕێوەبەران بەرپرسیاریەتیی کاریان لە ئەستۆیە بۆ ئەوەی مووچە وەربگرن و کڕیاران رابکێشن.

بەڵام ئەم پرۆگرامە پاڵنەرانەی کۆمپانیاکانی هاوبەشی گۆڕانێکی سەرەکی لە بیرکردنەوەی ژووری هەواڵدا دروست دەکەن. شێوازەکە تیۆرێکی نوێی بەرپرسیاریەتییەکانی رۆژنامەنووس دادەڕێژێت – ئەو بەرپرسیاریەتییانەی بەشێکن لە گۆڕانێکی مەزنتر لە سروشتی پیشەکە بۆ گواستنەوەی هەواڵ.

لە کۆتاییی سەدەی بیستەمدا سەرکردەکانی رۆژنامەوانیی ئەمەریکا ئەگەر بە ناویش نەبووبێت، بە کردەوە بوونە خەڵکانێکی بازرگان. نیوەیان ئێستا دەڵێن لانی کەم سێ بەشی کاتیان بۆ بابەتی بازرگانی تەرخان دەکەن نەک رۆژنامەوانی.

ئێمە وەک هاووڵاتی پێویستە وریا بین. رۆژنامەنووسانیش لەبەرامبەردا پێویستە تێ بگەن پێگەیان لاواز کراوە. ئەوەی بەشێوەیەکی مەزن تێبینی نەکراوە ئەوەیە چۆن

ئەم گۆڕانە رایەڵی نێوان هاووڵاتی و هەواڵ کۆکەرەوانی بێ هێز کردووە و چۆن لەدژی ئەو تیۆرەدایە کە پێناسەی چاپەمەنیی سەردەمی کردووە. گۆڕان لە جەختەکە گێژەن و کێشەی ئەخلاقیشی لەناو دامەزراوەکانی هەواڵی لێ کەوتووەتەوە و توانای رۆژنامەنووسانی بۆ دابینکردنی هەواڵ بەبێ ترس و لایەنگری سنووردار کردووەتەوە. یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکان بووە بۆ لەناوبردنی متمانەی هاووڵاتییان بە چاپەمەنی و بۆ رابەرانی ژووری هەواڵی ناو کۆمپانیاکانیان لایەنگریکردنی بەرژەوەندیی گشتیی ئاڵۆز کردووە.

لەم خاڵەدا ئەو چمکەی پێویستە رۆژنامەنووسان هەوڵی بۆ بدەن-هەقیقەت-روون و ئاشکرایە، بەڵام ئەوە بەس نییە. ئەو مەرجانە چین بۆئەوەی رۆژنامەنووسان بتوانن بەهۆیانەوە هەقیقەت بزانن و ئەو هەقیقەتەش بەجۆرێک بگەیەننە جەماوەر کە بڕوای پێ بکەن؟ وەڵامەکە-دووەم بنەمای رۆژنامەوانی- لایەنگرییە.

کەس گومانی لەوە نییە داوودەزگاکانی هەواڵی وەڵامی زۆر پێکهاتەی جەماوەری دەدەنەوە. دامەزراوەکانی جەماوەری، گرووپەکانی لۆکاڵ، کۆمپانیاکانی هاوبەشی، پشکداران، رێکلامکاران و زۆر بەرژەوەندیی تر پێویستە رەچاو بکرێن و دامەزراوەییەکی هەواڵیی سەرکەوتوو لە خزمەتیاندا بێت. بەڵام ئەوەی خاوەن ئیمتیازی رۆژنامەکان لە سەدەی نۆزدەمدا بەرەبەرە درکیان پێ کرد و لەو کاتەوە بە مەینەتییەکی بەرچاوەوە چاکسازییان بۆ کردووە، ئەوەیە رۆژنامەنووسان (و زۆربەی جاریش خاوەنەکانیش) پێویستە تاکە دڵسۆزییەکەیان لەسەرووی هەمووان بێت. و ئەم خۆبەختکردنە دووەم بنەمای رۆژنامەوانی پێک دێنێت:

## یەکەمین لایەنگریی رۆژنامەنووس بۆ هاووڵاتییانە

خۆبەختکردن بۆ هاووڵاتییان شتێکی زیاترە لە خۆپەرستیی پیشەییانە. رێکەوتنێکی شاراوەیە لەگەڵ جەماوەر کە بە جەماوەر دەڵێت هەڵسەنگاندنەکانی تایبەت بە فیلم راشکاون، هەڵسەنگاندنی ریستۆرانتەکان بەهۆی کڕیاری رێکلامێکەوە کاری لێ نەکراوە، گوزارشەکان لە بەرژەوەندیی خۆییدا نین و بەلای هاوڕێیاندا نەشکاونەتەوە. چمکی ئەوەی بەرهەمهێنانی هەواڵ بۆ گەڕان بەدوای ڕاستی و گوتنی راستییەکەیە رێگرییان لێ نەکراوە- تەنانەت ئەگەر ئەمە بە نرخی بەرژەوەندییە داراییەکانی تری خاوەن کۆمپانیاکانی هەواڵی بێت- پێش مەرجێکە بۆ

گوزارشێکی نەک تەنیا ورد بەڵکو باوەڕپێکراوی هەواڵ. ئەوە بنەمای متمانەی هاووڵاتییانە بە دامەزراوەیەکی هەواڵی. سەرچاوەی متمانەی دامەزراوەکەیە. بە کورتی سەرمایەی پێدراوەی کۆمپانیای هەواڵی و ئەو کەسانەیە کەلەناوی کار دەکەن.

بەم شێوەیە ئەم خەڵکانەی هەواڵ کۆ دەکەنەوە وەک کارمەندانی کۆمپانیاکانی تر نین. ئەوان بەرپرسیاریەتییەکی کۆمەڵایەتییان لە ئەستۆیە کە هەندێک جار زاڵە بەسەر بەرژەوەندییە راستەوخۆکانی دامەزرێنەرانیان، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم بەرپرسیاریەتییەش سەرچاوەی سەرکەوتنی دارایی دامەزرێنەرانیانە.

دڵسۆزی بەرامبەر بە هاووڵاتییان ئەو واتایە ئێمە بە سەربەخۆیی رۆژنامەوانی ناومان ناوە. وەک لەداهاتوو دەبینین، زاراوەکە زۆربەی جار وەک هاوواتایەک بۆ بیرۆکەی تر بەکار هاتووە، لەوانەش تێکەڵاونەبوون و دوورکەوتنەوە و دابڕان. بەڵام ئەم زاراوانە گێژەنێک دەخوڵقێنن و دەبنە هۆی تێگەیشتنێکی لێڵ لەلای هەواڵکارانەوە. رۆژنامەنووسان بەشیان بە مەینەتیی خۆیان هەبووە، ئەمەش بە گواستنەوەی ئەو گێژەنە بۆ جەماوەر و لە ئەنجامدا هاووڵاتییان بەشێوەیەکی درکپێکراو گوماناوی و تەنانەت زویر بوونە.

ئەو کەسانەی هەواڵ بەرهەم دێنن هێشتاش بەقووڵییەوە بروایان بەو بیروکە ماوە کە رۆژنامەنووسان بە پلەی یەکەم خزمەتی هاووڵاتییان دەکەن. پرسیاری "ئاخۆ ئێمە بۆ کێ کار دەکەین؟" وەڵامێکی یەکجار بەهێزی لەنێو زۆربەی ئەو رۆژنامەنووسانی دیمانەمان کردن، دەرخست. لە راپرسییەکی ١٩٩٩دا لەبارەی بەهاکانەوە کە لەلایەن سەنتەری لێکۆڵینەوەی پیوو بۆ خەڵک و چاپەمەنی و لیژنەی رۆژنامەنووسانی پەرۆشەوە ئەنجام درابوو، پتر لە ٨٠٪ "رەچاوکردنی خوێنەر/ گوێگر/ بینەرەکەت وەک بەرپرسیاریەتیی یەکەم"، وەک "بنەمایەکی سەرەکیی رۆژنامەوانی" لە قەڵەم دابوو. لە چاوپێکەوتنی تری کراوەی گشتگیردا لەلایەن دەروونزانانی پەرەسەندنەوە، پتر لە ٧٠٪ی رۆژنامەنووسان بەهەمان شێوە "جەماوەر"یان وەک یەکەم لایەنگرییان، لە سەرووی دامەزرێنەران و خۆیان و پیشەیان و تەنانەت خێزانیشیان دەستنیشان کردبوو. نیک کلۆنی[151]، هەواڵبێژەری

151. Nick Klooney

پێشوو لە لۆسانجلێس و چینچیناتی[152] و شوێنی تر دەڵێت "من هەردەم بۆ ئەو خەڵکە کار دەکەم کە تەلەڤزیۆنەکە دادەگیرسێنن. هەردەم. هەر کاتێک من لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتیی گشتی یان ئەندامێکی دەستەی کارگێڕییەوە گفتگۆیەکەم هەبووبێت، بنەمام هەردەم ئەوە بووە (من بۆ ئێوە کار ناکەم، ئێوە چەکەکەی من دەدەن و من زۆر دڵخۆشم، بەڵام راستیی بابەتەکە ئەوەیە من بۆ ئێوە کار ناکەم و ئەگەر بێتە سەر پرسی لایەنگری، لایەنگریی من بۆ ئەو کەسەیە تەلەڤزیۆنەکە دادەگیرسێنێت)... کاتێک من ئەو هەڵوێستەم روون دەکردەوە، هەرگیز پرسیاری لێ نەدەکرا."

ئەم تێگەیشتنە لەوەی رۆژنامەنووس لایەنگرییەکی لەوبەر و لەسەرووی لایەنگرییەکەی بۆ دامەزرێنەرکەی هەیە، ئەوەندە بەقووڵییەوە دەرکی پێ کراوە کە خۆی لە شۆڕشەکانی گشتی و زەقی ناو باشترین دامەزراوە هەواڵییەکانی بەرجەسە دەکات بەشێوەیەک کە لە پیشەسازییەکانی تردا بەخەیاڵدا نایەت. لە ٢٠٠٣دا کاتێک هەواڵنێران و نووسیارانی نیویۆرک تایمز هەستیان کرد دوو لە هەرە دەسترۆیشتووترین خەڵکانی ناو ژووری هەواڵیان- نووسیاری جێبەجێکار و بەڕێوەبەری نووسین- ئەم لایەنگرییەیان بە چاوپۆشیکردن لە رەفتاری جێسن بلێیری هەواڵنیر کە دزی ئەدەبی و درۆی کردبوو، و دواتر بە هەواڵدان بۆ لادانی بەرپرسیاریەتی لێی پێشێل کردووە، تووڕەییی ژووری هەواڵ خاوەن ئیمتیازی ناچار کرد ئەم دوو نووسیارە لا بدات. کاتێک مامەڵەکردنی خاوەن ئیمتیاز لەگەڵ تێوەگلانی جودیس میلێر[153]، هەواڵنێری بە هەراو هۆریا، لە لێکۆڵینەوەیەکی درکاندنی نهێنییەکان لە ٢٠٠٥دا نیگەرانیی هاوشێوەی خولقاند، هەواڵنێرانی نیویۆرک تایمز، دان ڤان ناتا جونیێر[154] و ئادام لیپتاک[155] و کلیفۆرد جێی لێڤی[156] باکیان نەبوو لە ئاشکراکردنی ئەم کێماسییانەی رۆژنامەکە. و دواتر لە هۆشیارکردنەوەیەکی یەکجار گشتیدا بۆ سەرۆکەکەی، مورین داود[157] ستوونووس لە لاپەڕەی بۆچووندا هەڕەشەی کرد ئەگەر میلێیر رێگەی پێ بدرێت بگەڕێتەوە سەر

152. Cincinnati
153. Judith Miller
154. Don Van Natta Jr.
155. Adam Liptak
156. Clifford J. Levy
157. Maureen Dowd

هەواڵنێری لەبواری تایبەتی خۆیدان جەماوەر نابێت ئیدی متمانەی بە ڕۆژنامەکە هەبێت. لە دواییدا میلێر دەستی لەکار کێشایەوە.

لە لۆسانجلێس تایمزدا هێنری واینستاینی[158] هەواڵنێر و ئەوانی تر سەرکردایەتیی شۆڕشێکی هاوشێوەیان کرد پاش ئەوەی ڕۆژنامەکە لەگەڵ خاوەنەکانی یاریگەیەکی نوێی وەرزشی، ستێیپڵز سێنتر[159]، ڕێکەوتنێکی نهێنییان کرد بۆئەوەی سوودی ڕێکلامکردن بۆ چاپێکی گۆواری یەکشەممان بەتەواوەتی تەرخان بکرێت بۆ کردنەوەی یاریگەکە. جۆن کەرۆڵی نووسیار کە دواتر لە ڕۆژنامەیەکی هاوتاوە لە باڵتیمۆر بۆ بەڕێوەبردنی ژووری هەواڵی تایمز هێنرابوو، گوتی "لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی لە ژووری نانخواردن ڕووبەڕووبوونەوەیەکی ئەوەندە تووڕە هەبوو کە گەیشتە لێواری توندوتیژی". ڕووداوەکە لەدواییدا لێکۆڵینەوەیەکی تەواو لە بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆژنامەکەی بەدواوە هات و لەئەنجامدا بووە هۆی ئەوەی کۆمپانیاکە بە تریبیوون کۆمپانی بفرۆشرێت.

بۆ ئەوانی دەرەوەی بواری ڕۆژنامەوانی، ئەم تەقینەوە گشتییانە ڕەنگە ئاماژە بە قەیرانێک لە بەهاکانی ڕۆژنامەوانی بدەن. بێگومان سەرەڕوویەکانی بوونە هۆی ئەم شۆڕشانە ڕژدانە. بەڵام دژییەکییەکە لە خوێندنەوەیەکی وردتری ئەم حاڵەتانەدایە. بوێری و بێباکیی کاردانەوەکان لەناو ژووری هەواڵدا و سروشتە جەماوەرییەکانیان ئاستی قووڵی و گشتیبوونی پابەندی بە ڕێسای لایەنگری بەرامبەر بە جەماوەر لەنێو ئەوانەی لەم پیشەیەدا کار دەکەن، دەردەخەن.

ئەم جۆرە تێگەیشتنە بەئاسانی نەهاتووەتە بەر. هەرچەندە هەوڵدان بۆ لایەنگری نیو سەدە پێش دەستی پێ کرد، بەڵام تاوەکو بەشی کۆتاییی سەدەی نۆزدەم ژمارەیەکی زۆری خاوەن ئیمتیازانی ڕۆژنامەکانی پێشەنگ دەستیان بە گۆڕینەوەی سەربەخۆییی نووسیارانەیان بۆ ئایدۆلۆجیای سیاسی نەکرد. بەناوبانگترین جاڕدانی ئەم سەربەخۆییە دارایی و ئابوورییە لە ١٨٩٦ بوو کاتێک خاوەن ئیمتیازێکی گەنجی ڕۆژنامەیەک لە تێنێسی[160] بەناوی ئادۆلف ئۆکس[161] نیویۆرک تایمزی تەقەڵلادەری کڕی. ئۆکس لەو باوەڕەدا بوو ژمارەیەکی زۆری خەڵکی نیویۆرک

158. Henry Weinstein
159. Staples Center
160. Tennessee
161. Adolph Ochs

لە ورووژێنەرایەتی هەرزانی ویلیام راندۆڵف هێرست و جۆزێف پوڵیتزر بێزار بوونە و ئامادەن بۆ شێوازێکی پڕچێژتر و وردبینانەتری رۆژنامەوانی. لەژێر سەردێری رەبەقی "راگەیاندنی کار"دا، ئۆکس لە یەکەم رۆژیدا وەک خاوەنی رۆژنامە ئەو وشانەی چاپ کرد کە بوونە میراتی ئەو. نووسی "ئامانجی راستەقینەی دابینکردنی هەواڵە بێ لایەنە وبێ ترس و لایەنگرییە بێ رەچاوکردنی پارت و تاقم و بەرژەوەندییەکانی تووشبوو".

خاوەن ئیمتیازانی تریش لێداوانی هاوشێوەیان بۆ سەربەخۆیی دا، بەڵام وەک ئەڵێکس جۆنز[١٦٢] و سوزن تیفتی[١٦٣] نووسەر گوتویانە، ئۆک"لە ڕاستیدا بڕوای بەوە هەبووە کە نووسیبووی". رۆژنامەکانی سەرانسەری وڵات لێدوانەکەیان بەتەواوەتی لە چاپ دا. کاتێک تایم بەردەوام بوو تا بووە کاریگەرترین رۆژنامە لە نیویۆرک و پاشان لە جیهاندا، ئەوانی تریش شوێن مۆدیلی ئۆک کەوتن و، لە پێناو ئەو بیرۆکەیەی کە دانانی جەماوەر لەسەرووی بەرژەوەندییە سیاسی و داراییە راستەوخۆکان باشترین ستراتیجیی درێژخایەنە، پلانی بازرگانییان دەخستە مەترسییەوە. بۆ نموونە پاش کڕینی واشینتۆن پۆست لە ١٩٣٣دا یوجین مێیر یەکەم کۆمەڵەی بنەماکانی دارشت کە لەنێو مەرجەکانی تردا، نووسیبووی "لە گەڕان بەدوای راستیدا، پێویستە رۆژنامەکە ئامادە بێت بۆ قوربانیدان بە سەرمایە ماددیەکانی ئەگەر بێو ئەم کارە پێویست بێت بۆ بەرژەوەندیی گشتی".

کاتێک خاوەنەکان دەستیان کرد بە جاڕدانی سەربەخۆیی نووسیارانە لە رێکلامکردندا، رۆژنامەنووسانیش هەلەکەیان قۆستەوە بۆ بەرەوپێشبردنی پیشەکەیان. نەوەیەک لە رەخنەگرانی سەرەتایی رۆژنامەوانی سەریان هەڵدا، وەک ویل ئایروین[١٦٤]، هەواڵنێرێکی پێشووی رۆژنامە و نووسیاری مەکلێر مەگەزین[١٦٥] کە لە ١٩١١دا زنجیرەیەکی پازدە بەشیی ورووژێنەری لە کۆلیێرزدا[١٦٦] چاپ کرد- ئەمەش تۆماری بوێرانەی وردەکارییەکانی خراپ بەکارهێنانی چاپەمەنی بوو. بە سوودوەرگرتن لە تەکنۆلۆجیای نوێی گڵۆپ، ئایروین بانگەشەی بۆ رۆڵێکی نوێی

162. Alex Johns
163. Suzan Tift
164. Will Irwin
165. McClure's Magazine
166. Colliers

ڕۆژنامـەوانی لەڕووی خزمـەتکردن بە جەمـاوەر کرد، "ڕووناکییەکی ئەلیکترۆنی لەناو ڕێگەیەکی تاریکدا". نووسیارانی ڕۆژنامەوانی لە بەرامبەردا کاریگەر بوون بە گوتەی سـەرۆکەکانیـان و سـەرزەنشتـەکانی ڕەخنـەگران و هـەوڵیـان دا وەک گرووپ پەرە بە پیـشـــەیان بدەن. مـاڵکۆڵم بینگێی[167]، سـتـوونـنوسـێکی دیتـرۆیت فـری پرێس[168] پەرەسـەندەکانی گەیاندە ئاستی دامەزراندنی کۆمەڵگەی ئەمـەریکایی بۆ نووسیارانی ڕۆژنامـە، کۆمـەڵگەی بازرگـانیـی سـەرەکی بۆ ئەوانـەی ژووری هـەواڵی ڕۆژنامـەکـانی ئەمـەریکا بەڕێوە دەبەن. لە ١٩١٢ کۆمـەڵێک نووسـیـار شـەوێکی هـاوین لە ڕۆکیـز[169] کۆبووبوونەوە بۆ لێرامانی گلەشیێر نەشناڵ پارک[170] :

کـاتێک بەدەوەری ئاگـری هـەوارگەوە ڕۆنیـشـتن بیسـتـیـان (کـەسـپـێـر) یۆست[171] (نووسـیـاری لاپـەڕەی نووسـیــاریی سـێـینت لویسگلــۆب دێمـۆکـرات[172]) باس لە بیرۆکـەیەک دەکات کە مێشکی داگیر کردبوو. خـەونی بە داهێنانی دامـەزراوەیەکی ئەخلاقی بۆ نووسیارانی ڕۆژنامەیی ئەمەریکاییەوە دەبینی... کەسپێری بچکۆلە، کە لەلایـەن هـاوسـەردەمــانی بە زەڕنـیخ و کـۆنە قـەیتـان ناونـرابوو، ڕەنگە باشــتـر بە داهێنەری چمکی سەردەمییانەی بەرپرسیاریەتیی چاپەمەنی بێتەوە یاد، چمکێک کە زۆربەی جار لەمڕۆکەدا لە مشتومڕیی زەقتر لەبارەی ئازادیی چاپەمەنییەوە ون بووە.

سـیاسـەتی ئەخـلاقیی دامـەزراوەکە سـەربەخـۆیی نووسـیـاری لە سـەرووی هـەمـوو شتێک دانا، بەپێی سیاسەتەکە"سـەربەخۆیی، سـەربەستی لە هـەر پابەندییەک جگە لە بەرپرسـیـاریەتی بەرامـبـەر بـە بەرژەوەندیی گـشـتی مـەرجـە. برەودان بە هـەر جـۆرە بەرژەوەندییـــەکی پێـــچــەوانەی بەرژەوەنـدیی گــشــتی، بە هـەر بیــانـۆیەک، لەگــەڵ ڕۆژنامـەوانیی ڕاسـتگۆیانەدا نـاگونجێت...کوێرە لایەنگری لە بۆچوونی نووسـیـاریدا کـە سـووڕ لە هـەقیـقـەت دادەبڕێت، ڕۆحی بەرزی ڕۆژنـامـەوانیی ئەمـەریکایی پێشـێل دەکـات، لە سـتـوونەکـانی هـەواڵـیـشـدا بنەمـای سـەرەکیی پیـشـەکە سـەراونخـوون دەکاتەوە".

هیچ دامـەزراوەیەکی سـەرکـەوتووتر یان لەڕووی داراییـەوە ژیرتر لـە وۆڵ سـتـریت

---

167. Malcolm Bingay
168. Detroit Free Press
169. Rokies
170. Glacier National Park
171. Casper Yost
172. St. Louis Globe Democrat

جۆرنالّ[173] نییە کە چۆنیەتیی چەسپاندنی ئەم بنەمایەی خزمەتکردنی جەماوەر بە پلەی یەکەم، پێشان دەدات. کاتێک یەکێک لە ستوونووسەکانی، فۆستر ویناس[174]، بەبۆنەی تێوەگلانی لە بازرگانییەکی حزبیانە لە ١٩٨٠کاندا گیرا، رۆژنامەکە هەستی کرد ناچارە سیاسەتی ئەخلاقیی خۆی سەرلەنوێ بەئاشکرا تاقی بکاتەوە و دابڕێژێتەوە. "کۆڵەکەی سەرەکیی ئەم سیاسەتە ئەوەیە ناوبانگی داوجۆنز[175] بۆ جۆریەتی و سەربەخۆیی و راستگۆییی چاپەمەنییەکانی ئێمە ناخ و رۆحی هەڵمەتی ئێمەیە". ئەمە بنەمایەکی دارایی بوو نەک تەنیا رۆژنامەوانی، وەک چۆن بۆ دامەزراوە هەواڵییەکانی تریش هەر وایە. "داوجۆنز ناتوانێت پێش کەوێت ئەگەر بێو کڕیارانی ئێمە نەتوانن باوەڕ بەوە بکەن... شرۆڤەکانمان دەربڕی بڕیاردانە یەکجار سەربەخۆکانمانن نەک مەیلەکانمان یان مەیلی سەرچاوە و رێکلامکارانمان یان ئەوانەی زانیاریمان بۆ دابین دەکەن".

رۆژنامەکان لە ١٩٦٠ەکاندا قۆرخ کران و بەگشتی ئەم دروشمانە لە ساتەکانی تەنگژەکاندا کاڵ بوونەوە، تەنیا لە رۆژنامەی وەک جۆرناڵدا نەبێت. بەڵام رۆژنامەوانیی تەلەڤزیۆنی کە لە ڕووی بازرگانییەوە یەکجار زۆرتر رکابەرانەیە، بەردەوام بوو لە بازرگانیکردن بەناوی جەماوەرەوە. بۆنموونە لەماوەی ١٩٩٠ەکاندا لە کاتی سەرهەڵدانی گومان لەبارەی چاپەمەنی "لایەنگری ئێوە" و "لە خزمەت ئێوەدا" بووبوون بە هەرە باوترین دروشمەکانی جەماوەری ناو هەواڵی تەلەڤزیۆنە لۆکاڵەکانەوە. لێکۆڵینەوەی کەناڵە لۆکاڵەکان و گرووپەکانی هەڵسەنگێنەر کە پرۆژەی نایابی لە رۆژنامەوانیدا سەرپەرشتیی کردبوون، ئاماژە بەوە دەدەن ئەو دروشمانە هەروەها کاریگەرترین دروشم بوونە.

## سەربەخۆیی تا دابڕان

هاوشێوەی زۆر بیرۆکەی پیشەییانە، سەربەخۆییی نووسیاری بە تێپەڕینی کات لە هەندێک ناوچەدا وا خەریکە دەچێتە ناوقاڵبی دابڕانەوە. کاتێک رۆژنامەنووسان هەوڵ دەدەن رێز لە سەربەخۆییی سەخت وەدەستهاتووەی خۆیان بگرن و لەدژی پاڵەپەستۆکانی حزبایەتی و بازرگانییەوە بیپارێزن، هەندێک جار لە پێناو خودی

173. Wall Street Journal
174. Foster Winans
175. Dow Jones

سەربەخۆییدا دوای سەربەخۆیی دەکەون. ئازادی لە پاڵەپەستۆکانی دەرەکی رەنگە ببێتە هۆی دابڕان لە کۆمەڵگە.

تا ڕادەیەک ئەمە بەرەنجامی گۆڕانی پیشەییانەی رۆژنامەوانی بوو. لەگەڵ بەرزبوونەوەی ئاستی خوێندەواریی رۆژنامەنووسان و خۆرێکخستنەوەی چاپەمەنی لە کۆمپانیا زنجیرەییەکاندا، کۆمپانیاکان دەستیان کرد بە بەکارهێنانی رۆژنامە و وێستگە تەلەڤزیۆنییەکان وەک سیستەمی کێڵگەیی بۆ راهێنانی رۆژنامەنووسان لە بازاڕی بچووک لە پێناو وەرگرتنی ئەرک لە بازاڕی گەورەتر لە داهاتوودا. بەپێی راپرسییەک لە ١٩٩٧دا دوو لەسەر سێی رۆژنامەنووسانی رۆژنامە لەو کۆمەڵگەیەی رووماڵیان دەکرد، پەروەردە نەبووبوون. زۆربەیان هەستیان بەوە دەکرد "کەمتر تێکەڵاو"ی کۆمەڵگەکانیانن بەبەراورد لەگەڵ خەڵکانی تری ناو کۆمەڵگە – هەڵکشانێکی زەق بەبەراورد لەگەڵ هەشت ساڵی پێشوو. رۆژنامەنووسان وا دەبوونە دانیشتووی رەفتەنیی کۆمەڵگەی رۆژنامەوانی، چینێکی "کۆچەرییەکانی هەواڵکار".

هۆکاری دووەم بۆ دابڕانی گەشەسەندوو گۆڕانێک بوو لە تۆنی رۆژنامەوانی. پاش ڤێتنام و واترگێیت[176] و دواتر لەگەڵ سەرهەڵدانی هەواڵی رادیۆو تەلەڤزیۆن ٢٤ کاتژمێری، رۆژنامەوانی بەشێوەیەکی هەستپێکراو زیاتر بووە خۆییانە و رەخنەگرانە. گوزارشەکان زیاتر دەپرژانە سەر لێکدانەوەی قسەی جەماوەر لەبری ئەوەی تەنیا بیگوزانەوە. لێکۆڵینەوەیەکی بەرچاو دەری خست بونموونە لە تەلەڤزیۆندا درێژیی لێدوانی هەر پاڵێوراوێک یان ساوند بایتەکە[177] لە گەشتی هەواڵی شەوانەدا لەماوەی ساڵانی هەڵبژاردندا بەرەبەرە لە تێکڕای ٤٣ سات لە ١٩٦٨ بۆ تەنیا ٩ سات لە ١٩٨٨ دابەزی. لە هەمان کاتدا کۆتاییە زەقەکانی تێیاندا پەیامنێران هەواڵەکەیان کورت دەکردەوە، درێژتر و رەخنەگرانەتر بوون. لە رۆژنامەکاندا، وەک چۆن لێکۆڵینەوەی جۆراوجۆر دەریان خستووە، هەواڵەکان تا دەهات کەمتر لە سەر لێدوانی پاڵێوراوان و زیاتر لەسەر هاندەرە تاکتیکییەکانی لێدوانەکانیان هەڵوەستەیان دەکرد. لێکۆڵینەوەیەک لەبارەی یەکەم لاپەڕەی نیویۆرک

---

176. Watergate

– رووداوێک کە بووە هۆی دەست لە کارکێشانەوەی سەرۆک ریچارد نیکسۆن لە ١٩٧٤ پاش ئەوەی دەرکەوت دەستی لە بەرتیلدان و خراپ بەکارهێنانی پۆستی خۆی هەبووە.

177. Sound bite

تایمز و واشینتۆن پۆستەوە دەری خست ژمارەی "هەواڵە راستەوخۆ"کان دابەزی و ژمارەی هەواڵە لێکدانەوەیی و شرۆڤەییەکان هەڵکشا. زۆربەی جار ئەم هەواڵە لێکدانەوەییانە بە شرۆڤەیی وەسف نەدەکران یان ناو نەدەبران. دەستەواژەی داڕێژراو بۆ پەردەلادان لەسەر چالاکیی سیاسی، لەوانەش سپاین داکترز[178] و فۆتۆ ئۆپ[179] بەرەبەرە لە چاپەمەنیدا دەرکەوتن. لەکاتی خۆیدا ئەمە بووە هۆی دەرکەوتنی کۆمەڵە زاراوەیەکی نوێی سەبارەت بە هەڵسووکەوتی رەخنەلێگیراوی رۆژنامەنووسان- زاراوەی وەک فرێنزی فیدینگ[180] و گۆچا جۆرناڵیزم[181].

لەناو دەستی هەندێک کەسدا، ئەم شێوازە پتر شرۆڤەییە لەخزمەت مەیلی رۆژنامەنوسەکەدایە بۆ خوڵقاندنی کەسێکی جەماوەری بەهەمان رادەی هەر شتێکی تر. لە ساڵی بانگەشەی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی ٢٠٠٠دا مایکڵ کێلی[182] ستوونوسی سیاسی رەخنەی لە ئاڵ گۆری[183] دیموکرات گرت بەبۆنەی هەڵدان بە کولتووره لادێییانەکەی. دەقی "ئالی جووتیار" گاڵتەی بەو راستییە کرد کە گۆر گەنجێتیی خۆی زیاتر لە واشینتۆن هۆتیلدا بەسەر بردووە کاتێک باوکی لە سینای ولاتە یەکگرتووەکاندا بووە، نەک لە تێنێسی:

ئال بەناو شوققە فراوانەکەدا رای کرد (خانووە کێڵگەییەکەی بنەماڵەی گۆر لە شەش ژووری گەورە پێک هاتبوو لە بەرزترین نهۆمی (هۆتیلی) فێیرفەکس[184] و ئالیش شانازی بەوە دەکرد، ئەو ماڵانەی واشینتۆن کە خانووە لوکسەکانیان دیمەنی رۆژهەڵات و رۆژئاوابوونیان لێ دیار بوو، زۆر نەبوون)... ئەو بەدەم راکردنەوە نانی خوارد و تەنیا بۆ راکێشانی تەورە بەوەفا دوو سەرەکەی لە هەڵواسەی سەیواندا راوەستا.

پارچە دەقە تەواو گاڵتەئامێزەکەی کێلی بەبۆنەی ئاشکراکردنی دووڕوویی هەستپێکراوی گۆر پەسن درا. کێشەکە لەوەدا بوو دوازدە ساڵ پێشتر، بەر لەوەی ببێتە ستوونووسی واشینتۆنی ناسراو بە زمانە بڕاکەی، کێلی وەک هەواڵنێری

178. Spin doctors
179. Photo Op
180. Frenzy feeding
181. Gotcha journalism
182. Michael Kelly
183. Al Gore
184. Fairfax

باڵتیمۆر سان[185] هەمان ئەو راستییانەی وەک راستیی پێسەلمێن نەک دووڕوویانە پێشکێش کردبوو:

لەناو مەزرادا، لەگەڵ پێداگیریی باوکی و سکاڵاکانی دایکی، ژیان جیاواز بوو. گۆر دەڵێت "هاوینان دەبووایە پێش گزنگ لەخەو هەستابام و لە لەوەڕاندنی دەوار یارمەتیم دابا. پاشان دەبووایە شوێنی بەرازەکانم خاوێن بکردایە...دواتر دەبووایە بەدرێژای رۆژ لەناو مەزرا کار بکەم و دووبارە پێش نانی ئێوارە خواردن بە دەوار بدەمەوە". بە هەموو شێوەیەک، بەڕێز گۆر لە سەرتای گەنجێتییەوە سەرووئاساییانە رژد و تێکۆشەر بووە.

تەنانەت کۆمەڵێک رۆژنامەنووس نیگەران بوون لەوەی ژمارەیەکی زۆری هاوکارانیان هێڵی گومانیان بۆ رەشبینی یان بۆ تەنانەت جۆرە پووچگەراییەکی رۆژنامەوانی- فەلسەفەی بڕوانەکردن بە هیچ شتێک- دابەزاندبوو. فیل ترۆنستاین[186] کە ئەو کات نووسیاری سیاسیی سان جۆز مێرکۆری نیووز[187] بوو، هان درا بۆ نووسینی گوتارێک لەسەر بابەتەکە بۆ لێژنەی رۆژنامەنووسانی پەرۆش. "وێ دەچێت خراپترین شت کە هەواڵنێر یان شرۆڤەکارێک لە هەندێک بازنەدا پێی تۆمەتبار بکرێت، نە ناتەواوی و نە نادادوەری بگرە خۆشباوەڕی بێت".

پرۆفیسۆر جۆزێف ئێن کاپێلا[188] و هاڵ جێیمسنی[189] زانکۆی پێنسیلڤیا[190] لە زێ سپایرڵ ئاف سینیسیزم، زێ پرێس ئەند زێ پابلیک گود[191] پێیان وایە بەشێکی گرینگی کێشەکە ئەوەیە تا دێت زیاتر رۆژنامەنووسان دەپرژێنە سەر پاڵنەرەکانی کاربەدەستانی گشتی نەک کردەوەکانیان. ئەوان گوتوویانە بە وەرچەرخان لە "چی"ی ژیانی سیاسی بۆ "بۆچی"، رۆژنامەنووسان ژیانی سیاسییان کردووەتە "نهێنی"، کردوویانەتە سایکۆلۆجیا و خودی سیاسەتوانان وایان کردووە کەمتر باس لە بەرەنجامەکانی ئەو سیاسەتەی بکرێت کە لە ڕاستیدا کاریگەری لەسەر هاووڵاتییان دەبێت. ئەم هەڵوەستە رەشبینانە وێ دەچێت رۆژنامەنووسان لە هاووڵاتییان زیاتر دابڕێنێت.

185. Baltimore Sun
186. Phil Trounstein
187. Sun Joes Mercurry News
188. Joseph N. Cappella
189. Hall Jamison
190. Pennsylvania
191. The Spiral of Cynicism: The Press and the Public Good گێژە رەشبینی: چاپەمەنی جەماوەر

له کۆتاییدا دابرانی خـزۆکانەی ڕۆژنامـەوانی هاوکات بوو لەگـەڵ سـتراتژییـەتی بازرگانی لە زۆرێک لە ڕۆژنامـەکان و دواتر لە وێستگەکانی تەلەڤزیۆنیشدا لە پێناو بەرزکردنەوەی سـوود، ئـەمـەش لەڕێگەی بەدواداچوونی جەمـاوەری هـەرە زەنگین یان کاریگەر نەک گەورەترین جەماوەر. لە تەلەڤزیۆندا ئەمە بەمانای داڕشتنی پرۆگرام بوو بۆ ژنانی تەمەن ١٨ تا ٤٩ ساڵ کە بەشی زۆری بڕیارەکانی تایبەت بە کڕینی ناو ماڵ دەدەن. لە ڕۆژنامـەکاندا ئەوە بەو مانایە تیـراژەکە بەپێی پۆسـتـەی ناوچەکانی پرسوودتر سنووردار بکرێت، کە ئـەمـەش خەرجی بەرهەمـهێنان و بڵاوکردنەوەی کەم دەکردەوە. ئامانجکردنی هەواڵ بەو مانایە بوو کۆمپانیایەکی هەواڵی بەشێوەیەکی تیۆری دەیتوانی لە شتێکی کەمترەوە زۆرتر قازانج بکات- ئاستێکی بەرزتری ڕێکلام و جـەمـاوەرێکی بچـووکـتـر. هـەروەها بـەو مـانایە بـوو ڕۆژنامــە یان وێسـتـگە تەلەڤزیۆنییـەکە دەیتوانی لە رووماڵکردنەکەیدا چەند بەشێکی کۆمـەڵگە فـەرامـۆش بکات، کـە هـەروەها دەبووە هـۆی کـۆکـردنەوەی پـارە. دابڕان، بە واتایـەکی دی، بووە پلانێکی بازرگانی. پاش ئەوەی میناپۆلیس ستار تریبیوون[192] لە ماوەی سێ ساڵ لە ناوەڕاستی ١٩٩٠ەکاندا لە ٤٪ی تیراژی دابەزاند، جۆل کرەمری[193] خاوەن ئیمـتیاز بە نیـویۆرک تایمزی گوت "بازرگانییـەکـەمـان تەندروسـتـترە چونکە پارەیەکی پتر لە خوێنەرانمان وەردەگرین و تیراژێکی کەمترمان داناوە". لـەوانەیە هیچ شتێک باشـتر بۆچوونەکە روون نەکاتەوە لە چیرۆکی ئەو کاربەدەستـەی بلـوومینگدێیت[194] نـەبێت کـە بە روپێرت مێردۆچی گوتبوو کۆگاکە لە نیویۆرک پۆستی مـێردۆچدا ڕێکلامی نەکـردووە، چونکە "خـوێنەرانـی ئێـوە دووکـانبـڕانی ئێـمـەن". هـەرچەندە لەوانـەیە بێـژەرەکـەی نەناسـراو بێت، بەڵام چیـرۆکـەکـە بووە ئەفـسـانەیەکی شـارسـتـانی لە بازرگانیی ڕۆژنامەدا، چونکە چوارچێوەیەکی زۆر پڕ بەپێستی بۆ شێوەی کارکردنی پیشەسازییەکە دانابوو.

192. Minneapolis Star Tribune
193. Joel Kramer
194. Bloomingdate

## کاردانەوە لەدژی دابڕان

هەرچەندە ژمارەیەکی کەم لەکاتی خۆیدا هەستیان پێی کرد، بەڵام لە ١٩٩٠ەکاندا شتێک دەستی پێ کرد گۆڕا بۆ بیرکردنەوە لە سەربەخۆیی ژووری هەواڵ. هۆکاری سەرەتایی بریتیی بوو لەوەی ستراتیژیەتی کاری لە ئامانجکردنی دیمۆگرافییەکان بەرەبەرە شکستی هێنا. دەستکەوتنی پارە بەبێ بەرزکردنەوەی تیراژ سەرکەوتنی وەدەست هێنابوو، لەبەرئەوەی کاری رۆژنامەوانی ئەوەندە قۆرخ کرابوو کە توانیبووی بنەمای رێکلامکردنی بە شتێکی ئاسایی دابنێت. نێزیکی ١٩٨٩ لەگەڵ گۆڕانی وەرچەرخێن لە تەکنۆلۆجیای پێوەندییەکان و تاکفرۆشی ئەو بارودۆخە سست بوو. هەرەسهێنان و ئاوێتەبوون و قەرد دوکاندار و کۆگاکانی بەشەکان- کۆڵەکەی دارایی رۆژنامەکانی-لەرزاندەوە. تاکفرۆشانی داشکێنەر کە شوێنی ئەوانیان گرتەوە رێکلامی رۆژنامەکانیان نەدەکڕی، چونکە لەبەرئەوەی هەموو شتێک رۆژانە دادەشکا، پێویستیان بە رێکلامکردنی شتە تایبەتەکانیان نەبوو. بەگوتەی سەنفۆرد سی بێرنستاین[195] لە یازدەی ساڵی نێوان ١٩٨٠ تا ١٩٩١، مەودای رێکلامکردن لە رۆژنامەکانی شارە گەورەکان ٨٪ دابەزی. لە ١٩٩١دا بە تەنیا، پیشەسازییەکە دابەزینێکی ٩،٤٪ ی لە رێکلامکردنی تاکەکاڵایی تووش هات- خێراترین دابەزینی یەک ساڵە لە مێژوودا. گۆڕانێکی وێکچووش خەریک بوو کاری لە تەلەڤزیۆن دەکرد، کاتێک بینەران بەرەو پرۆگرامی نیمچە هەواڵی، وەشانی دووبارەی هەواڵ و لە دواییدا بەرەو ئینتەرنێت خزان.

هاوکات لەگەڵ ئاڵۆزتربوونی بازرگانیی رۆژنامەوانی بەڕێوەبەران هەستان بە نوێکردنەوەی شێوازی کارکردنیان. لە رۆژنامەکاندا ئەوە بەمانای بڕینی خەرجییەکان بوو نەک وەبەرهێنانی پتر لە هەواڵ- ئەمەش لە پێناو بەرزبوونەوەی خواستی. لەنێوان ١٩٩٢ تا ١٩٩٧ رۆژنامە بچووکترەکان ١١٪ و رۆژنامە گەورەترەکان ١٤٪ی ئەو بودجەکەیان لە خەرجیی هەواڵ بڕی. لە جیاتیی بازرگانییەکە پتر لە بازاڕدۆزینەوەدا وەبەرهێنانی کرد.

بەڕێوەبەرانی بازرگانییەکە هاوکات لەگەڵ کەمکردنەوەی خەرجییەکان بەرەبەرە چاوەڕوانی بەرپرسیاریەتییەکی پتریان لە نووسیارانیان دەکرد. ئەوان هەروەها

195. Sanford C. Bernstein

بەرەبەرە داوای خـــــەڵکی هەواڵکارایان دەکـــــرد بۆ ئەوەی رەوایی بدەن بە رۆژنامەوانییەکەیان. خەڵکانی بازرگان لێکۆڵینەوەی تایبەت بە بازاڕ و هەموو چەشنە تەکنۆلۆجیایەکی نوێ- داتای خولەک بە خولەک لەسەر تەلەڤزیۆن، داتای گرۆپەکانی هەڵسەنگێنەر و تەنانەت شاشەی سەرووسووریان هەبوو کە رێچکەی جوڵانی چاوی خوێنەری لەسەر لاپەڕەیەک دەدۆزییەوە. ئومێد دەکرا ئەگەر رۆژنامەنووسان تەکنۆلۆجیای زیاتر بەکار بێنن، دەسەڵاتیان زیاتر دەبێت بۆ جێگیرکردنی تیراژ و ئەوەندە لەناو خەڵک ناجەماوەری نەبن.

بەرەبەرە لەنێوان بازرگان و هەواڵکاران و لەوەش خراتر لەنێوان هەواڵنێران و بەڕێوەبەرانی هەواڵکار کەنداوێکی دروست دەبوو. رۆژنامەنووسان پێیان وابوو لایەنە بازرگانییەکە لە دژی سەربەخۆیی رۆژنامەوانییانە و لەوە نیگەران بوو بەرپرسیاریەتی وشەیەکی هێمایی بێت بۆ ئەوەی رێگە بە رێکلامکاران بدات هەواڵەکان دابڕێژن. لایەنە بازرگانییەکە بەرەبەرە پرسیاری لەوە دەکرد ئاخۆ ژووری هەواڵ یەکجار سەرسەختە بەرامبەر بە گۆڕانکاری، رەنگە دابڕانی خەیاڵیی ژووری هەواڵ سەرچاوەی چەقبەستنی بازرگانان بووبێت. شەڕێکی کولتووری بەرەبەرە لەناو بازرگانیی هەواڵدا خۆشتر دەبوو.

دێبۆرا هاوڵ[196]، سەرۆکی ئەوکاتی نووسینگەی واشینتۆنی نیووهاوس نیووزپێیپرز[197] لە کۆبوونەوەیەکی کۆمەڵگەی ئەمەریکایی بۆ نووسیارانی رۆژنامە لە ١٩٩٨دا گوتی " زۆر هەواڵنێر لەو باوەڕەدان نووسیارانیان سنووریان بەزاندووە".

لە هەمان کاتدا ئەو رۆژنامەنووسانەی لەناو کۆمپانیاکانیاندا پاڵپشتییان لە بنەمای بەرژەوەندیی گشتی کردبا رەنگە بە ساویلکە، کۆنباو یان سەرسەخت ناوبرابان. "ئەگەر لەناو کۆمپانیای هاوبەشیدا باس لە "خزمەت بە جەماوەر" بکەیت بە کەسێکی ئایدیالیست و ناواقیعی ناو دەبردرێیت و گوێت لێ ناگرن"، جۆن کەرۆڵ گوتی. ئەو ریکۆردی سێزدەی خەڵاتەکانی پۆلیتزر لەماوەی پێنج ساڵی کارکردنی لە ٢٠٠٠ تا ٢٠٠٥ لە لۆسانجلێس تایمزدا بردەوە و پاش ململانێ لەگەڵ سەرکارەکانی لە کۆمپانیای هاوبەشیی تریبیوون کۆمپانی[198] لە شیکاگو دەستی لەکار کێشایەوە.

---

196. Deborah Howell
197. Newhouse Newspapers
198. Tribune Company

هەر دوو لایەن زۆربەی کات بەو رادەیەی لە گوفتاردا دابەش بووبوون لە واقیعدا دابەش نەبووبوون. شەڕە راستەقینەکە لەسەر بەهاکان نەبوو بەڵکو لەسەر سروشتی گۆڕانەکە بوو. لایەنگرانی گۆڕان خۆیان لە ملمـلانێکردن بۆ زیندووڕاگرتنی پیشەسازییەکە دەدۆزییەوە، بەرهەڵستیکارانیش خۆیان لە بەرەی بەرگریکردن لە رەوەشتی پیشەیی کە کۆڵەکەی سەرکەوتنی بازرگانییەکە بوو.

لەگەڵ ئەوەشدا دووبەرەکییەکە بەرەنجامی زیانگەیێنی هەبوو. یەکێکیان ئەوە بوو نوێخوازان سەرکۆنە کران. کاتێک مایک فەنچر[199] لە سیاتێل تایمز[200] لە ١٩٩٠ەکاندا پێشنیازی کرد پێویستە نووسیاران زانیاریی زیاتر لەبارەی بازرگانی وەدەست بێنن بۆئەوەی پارێزگاری لە خۆیان بکەن، پشتگوێ خرا. ئەو بزووتنەوەیەی بە رۆژنامەوانیی "جەماوەر"ی یان "شارستانی" ناسرا، بە هەمان شێوە هەڵگری بیرۆکەگەلی بەرز بوو لەبارەی هەوڵدان بۆ دووبارە پێوەندیکردن لەگەڵ کۆمەڵگە، ئەمەش لە ڕێگەی تەکنیکی نوێی وەک تێگەیشتن لەوەی دەنگدەران لە هەموو شتێک پتر پەرۆشی چین و پاشان داواکردن لە کاندیدە سیاسییەکان بۆ باسکردنی ئەو نیگەرانییانە. بەڵام بەمسۆگەری هەموو تاقیکردنەوەکان سەرکەوتوو نەبوون. لە هەندێک باردا دەنگدان یەکجار دەقاودەق بەدواداچوونی بۆ دەکرا و رێگەی بە سەپاندنی هەواڵەکە دەدا. لە بارەکانی تردا دروشمی رۆژنامەوانیی شارستانی وەک پلانێکی بازارڕدۆزینەوە بەکار دەهات. زۆر لە ئەندامانی دەستەبژێری راگەیاندنی نەتەوەیی ئەو نموونانەیان قۆستەوە بۆ بەرهەڵستیکردنی گۆڕان.

دووەم بەرەنجامی دووبەرەکییەکە ئەوە بوو کۆمەڵێک نەریتی بازرگانی لە ژووری هەواڵدا بەکار دەهاتن کە پێچەوانەی بەرژەوەندییە بەرزەکانی رۆژنامەوانی و هاوولاتییان بوون. یەکێک لە هەرە بنەڕەتیترین تەکنیکەکانی خولقاندنی بەرپرسیاریەتی لەناو ژووری هەواڵ پرۆگرامێکی هاندەرانە بوو بە ناوی بەڕێوەبەردن بەپێی ئامانج یان ئێم بی ئۆ[201]. چمکەکە کە لە ١٩٥٠کاندا لەلایەن شارەزای بەڕێوەبەرن پیتێر ئێف دراکرەوە[202] داهێنرا، سادەیە: لەڕێگەی دانانی ئامانجەکان و زیادکردنی پاداشت بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکان کۆمپانیا دەتوانێت سیستەمێکی

199. Mike Fancher
200. Seattle Times
201. Management by Objective (MBO)
202. Peter F. Drucker

یەکـانگیـر هەم بۆ هـەمـاهـەنگیـردن و هـەم چاودێریکردنی کـاری کـاربەدەسـتـانی دابمەزرێنێت.

ئەمـڕۆکە بەشـێکی زۆری کـاربەدەسـتـانی تەلەڤـزیۆنی و چاپـەمـەنی ئێم بی ئۆیان هەیە. ژمـارەیەکـی زۆریان بەشـێـوەیەک داڕێژراون کە لەخـۆوە ڕۆڵـی ڕۆژنامـەنووسـان یان پێداویستییەکانی کۆمەڵگەکان دەشێوێنن یان لاوازیان دەکەن. لە ڕاپرسـییـەکی ستێیت ئۆڤ زێ ئەمێریکەن نیووزپێیپر پرۆجێکت[203] لە ١٩٩٨دا، ٧١٪ی نووسیارن گوتیـان کۆمپانیـاکانیـان ئێم بی ئۆ بـەکار دێنن. لەوانەی بەکاریان دەهێنا، نیـوەیان گوتیان ٢٠٪ تا ٥٠٪ی داهـاتیان لە پرۆگرامەکانەوە سەرچاوە دەگرێت. و زۆربەی ئەم نووسـیـارانە گـوتیـان پتـر لە نیـوەی پاداشـتـیـان گـرێدراوی چالاکـیی داراییی ڕۆژنامەکانیانە.

چ شتێکی ئەم نەریتانە نەشیـاوە؟ لەبنەڕەتدا ڕۆژنامەوانی چ سوودێکی هـەیە ئەگەر فرۆشی نەبێت؟

کـێـشـەکـە ئەوەیە گـرێدانی داهـاتی ڕۆژنامــەنووســان بە چالاکـیی داراییی دامـەزراوەکەی لە ڕاسـتـیـدا لایەنگریی ڕۆژنامـەنووسـەکە دەگـۆڕێت. کۆمـپـانیـا وا بەئاشکرا دەڵێت بەشێکی باشی لایەنگریی ڕۆژنامـەنووس زیاتر لەوەی بۆ خـوێنەر و بیسەر و بینەرانە پێویستە بۆ سەرچاوەی کۆمپانیا هاوبەشییەکان و پشکدران بێت. ئەی ئەگەر ڕێکلامکارێک ڕوونی بکاتەوە داهـاتی زۆرتر بەڕێوەیە ئەگەر ڕوومـاڵکردنی بابەتێک بەرەبەرە بـوەستێنرێت یان ئەگەر هـەواڵنێرێکی دیاریکراو دەربکرێت یان لە بواری خـۆی لا بدرێت؟ کـەی ڕێکلامکارێک داوای ڕوومـاڵکردنێکی پتری گـەندەڵیی بازرگـانی یان جێگیرکـردنی نرخی کـردووە؟ تۆ چۆن دەتوانیت هـەواڵ بێ ترس یان لایەنگری بگوازییـەوە کـاتێک بۆ نووسـیـارەکـە ڕوون دەکـەیەوە یەکـێک لە ئامـانجـە سەرەکییـەکانی وەدەستهێنانی پارەیەکی زیاترە بەم شێوەیە. ئێم بی ئۆی گرێدراو لە قازانج ئەو لایەنگرییە دابەش دەکات.

سـاندرا ڕۆی[204] نووسیاری[205] ئۆرێگۆنیەن ی پۆرتلاند باش بۆ کێشەکە چوو. ئەو گـوتویـەتی ئاسـاییـە ڕۆژنامـەنووسـانت فێـری بازرگـانی بکەیت. پرسـیـارەکـە ئەوەیە

203. The American Newspaper Project
204. Sandra Rowe
205. ئۆرێگۆنیەن

ڕۆژنانەنووسانت پێڕۆی کام لایەنن؟ ئاخۆ ئەوان ئەو ڕۆژنامەنووسانەن کە لە بازرگانی تێ دەگەن؟ یان کەسانی بازرگانن کە لە ڕۆژنامەنووسی تێ دەگەن؟ جیاکردنەوەکە پێوەندیی بە لایەنگرییەوە هەیە. ئاخۆ کلتووری کۆمپانیای هاوبەشی لەسەر ئەو بۆچوونە دامەزراوە کە خۆبەختکردن بۆ خزمەت بە هاوولاتییان ئەنجامەکەی هەرەسهێنانە؟ یان کلتوورەکە لە سەر خۆتەرخانکردن بۆ گەورەترین قازانج دامەزراوە تەنانەت ئەگەر لەسەر حسێبی پێویستیی هاوولاتییانیش بێت؟

سەرشێواندن لە ڕۆژنامەنووسان سەبارەت بە لایەنگرییەکانیان هەمیشە بەرەنجامی هەستپێکراوی هەبووە. کاتێک زانرا وێستگەیەکی تەلەڤزیۆنیی سەر بە فۆکس لە تێنێسی لە نووسینی رووماڵێکی ئەرێنی بۆ ئەوانەی لەسەر وێستگەکە ڕێکلامیان دەکرد ئومێدگەیێنە، دۆزینەوەکە ڕێخۆشکەر بوو بۆ خزمەتگوزاریی ئاژانسی هەواڵی. ئەوەی نوێ نەبوو ئەوە بوو نەریتەکە یەکجار بەربلاوتر بوو لەوەی زۆرێک لە ڕۆژنامەنووسان هەستیان پێ کردبێت. "ئەوە هەمیشە بە چاونووقانێک و سەرلقانێک روو دەدات...بەتایبەتی لە بازارە بچووکەکاندا کە سوودەکە سەختترە وەدەست دێت. ئەوەی تەنانەت زۆر باوتریشە ئەوەیە کاتێک لەسەر هەواڵێک لەبارەی هەر بابەتێک کار بکەیت، بۆچوونێک هەیە کە یەکەم چاوپێکەوتنت لەگەڵ سپۆنسەرێکدا دەبێت"، کاربەدەستێکی پێشووی فۆکس کە ناوەکەی دەپارێزین بۆئەوەی لەکارەکەی لە تەلەڤزیۆنی بازرگانیدا بەردەوام بێت، وای گوت.

زۆر شارەزای هەواڵکار دان بەوە دەنێن بۆچوونەکە کلاسیکییە. "ئێمە پێویستە لەگەڵ کەسێک قسە بکەین. رەنگە ئەوەش کەسێک بێت کە سپۆنسەری پرۆگرامەکانمان دەکات". تەکنیکێکی تر ئەوەیە پێشکەوتنە بازرگانییەکانی سپۆنسەرە سەرەکییەکان وەک بازرگانانی ئۆتۆمبێل بگوازرێنەوە، ئەمەش بەشێوەی بۆنەی جەماوەری بە شێوەی پرۆگرامی راستەوخۆ کە هەندێک جار بە بەکارهێنانی کارمەندانی هەواڵکار یان زۆربەی جار پێشکێشکارانی هەواڵی کەشوهەوا یان وەرزش ئەنجام دەدرێت.

# هاووڵاتییان کڕیار نین

هێنانی بەرپرسیاریەتیی بازرگانی بۆ ژووری هەواڵ بەمانای هێنانی زمانی بازرگانیش بوو. لە کۆمەڵێک کۆمپانیا ئەمە بەمانای پیادەکردنی زمانی بازاڕدۆزینەوە بۆ هەواڵ و هەژمارکردنی خوێنەر و بێنەر بە "کڕیار" بوو- تێگەیشتن لە کڕیاران بە واتای "بازاڕدۆزینەوە" و هەواڵیش بەمانای "خزمەتگوزاریی تایبەت بە کڕیار". بۆب ئینگلی[٢٠٦] سەرنووسیاری پێشووی سان جۆز مێرکۆری نیووز[٢٠٧] و سەرۆکی پێشووی چالاکییەکانی میدیای نوێ لە نایت رایدر[٢٠٨] دەڵێت " باشترین نووسیاران بازاڕدۆزەرەوەن. ئەوەش ئەو شتە بوو من وەک نووسیار هەوڵم بۆی دا- کارمەندانی نەفرەتی ناچار بکەم گوێ لە جەماوەر بگرن. دەمەویست ئاوا باسی من بکەن (ئەو بازاڕدۆزەرەوەیەکی سەرسڕمینە)".

کەم کەس پێیان وایە رۆژنامەنووسان پێویستە بازاردۆزەرەوە بن، بەڵام لێرەدا وردبینی گرینگە. وشەی کڕیار هەم یەکجار بەرتەسک و هەم ناتەواوە. کڕیارێک وەک لە فەرهەنگی کەلەپووری ئەمێریکا بۆ زمانی ئینگلیزیدا پێناسە کراوە "ئەو کەسەیە کە کاڵا یان خزمەتگوزاری دەکرێت". بەشی زۆری رۆژنامەوانی خزمەتگوزارییەکی کڕاوە نییە. بە خۆڕایی دابین دەکرێت – بە لەخۆگرتنی پێگە هەواڵییەکانی ئینتەرنێتی و زۆرێک لە حەفتەنامەکانی ئەمەریکایی و هەواڵەکانی رادیۆیی و تەلەڤزیۆنی. جگە لەوەش رۆژنامە و کۆوارەکانی شارە گەورەکان لە ڕاستیدا بە زەرەوە بە جەماوەر دەفرۆشرێن.

هەواڵکاران لە جیاتیی ئەوەی دەق بفرۆشنە کڕیاران خەریکن پێوەندییەکی راوەستاو لەسەر بەهاکان و هەڵسەنگاندن و دەسەڵات و بوێری و پیشەییبوون و خۆبەختکردنیان بۆ کۆمەڵگە، لەگەڵ جەماوەریان دادەمەزرێنن. دابینکردنی ئەم خزمەتگوزارییە رایەڵێک لەگەڵ جەماوەر پێک دێنێت کە دواتر دامەزراوەکە بەکرێ دەیدات بە رێکلامکاران.

جەماوەری هەواڵی کڕیارە، بەڵام ناوبردنی بە کڕیار یەکجار ئاسانکراو و سەرشێوینەرە. پێوەندییەکە لەوە قووڵترە و لە کڕیاری راستەقینەی بازرگانییەکە واتە رێکلامکار جیاوازە.

---

206. Bob Ingle
207. Mercurry News
208. Knight Ridder

بە کورتی پێوەندیی بازرگانیی ڕۆژنامەوانی جیاوازە لەو بازاڕدۆزینەوەی کۆن و لە هەندێک باردا ئاڵۆزترە. بەو مانایەی پێوەندییەکە سێگۆشەیەکە. ڕێکلامکارە نەک جەماوەرەکە کڕیاری کاڵا و خزمەتگوزارییە. لەگەڵ ئەوەشدا کڕیار یان ڕێکلامکار پێویستە لە سێگۆشەکەدا پێوەست بێت بە سێیەم لایەن- هاوولاتی. تەنانەت گەورە بازرگانی بەهەڵمەتی وەک هێنری لووس لەم سێگۆشەیە تێ دەگەن. "ئەگەر پێویست بێت پاڵپشتیی کەسێکمان هەبێت، پێمان وایە ڕێکلامکار ڕێتێچوونی یەکجار سەرنجڕاکیش پێشکێش دەکات"، لووس لە ١٩٣٨ بە هاوکارە پلەبەرزەکانی گوت. ئەو گوتی ئامانجی ئەوەیە"لەسەر زیاتر لە پشکێکی بچووکی ڕۆحی ڕۆژنامەوانیمان سازش نەکرێت". لووس[٢٠٩] شانازیی بەوە دەکرد "ڕێکلامکارێک لە ئەمەریکادا نییە لە سەربەخۆیی سەرسەختانەی کۆمپانیای هاوبەشیی تایم تێ نەگات".

## دیوارەکە

ئەگەر ڕۆژنامەنووسان یەکەم جار دڵسۆزن بەرامبەر بە هاوولاتییان، ئەی خەڵکی تر کە لە کۆمپانیاکانی هەواڵیدا کار دەکەن چۆنن- فرۆشیارانی ڕێکلامکار، بەشی دابەشکردن، شۆفێرانی لۆری، خاوەن ئیمتیاز و خاوەنی کۆمپانیاکان؟ هاوولاتییان پێویستە چاوەڕەیی چ شتێکیان لێ بکەن؟ پێوەندییان بە ژووری هەواڵەوە چییە؟

بەشێوەیەکی ئاسایی ڕۆژنامەنووسان لە سەدەی بیستەمدا زۆربەی کات باسیان لە هەبوونی فایێرووۆڵێک[٢١٠] لەنێوان هەواڵ و ڕەهەندە بازرگانییەکانی کۆمپانیا هەواڵییەکان دەکرد. نووسیارانی کۆمپانیای هاوبەشیی تایمز پێشوازییان لە بیرۆکەی هێنری ئار لووس کرد بۆ جیاکردنەوەی کەلیسە (هەواڵ) لە دەوڵەت (لایەنی بازرگانی) لەناو کۆمپانیاکەیاندا. ڕۆبێرت مەککرۆمیک[٢١١] خاوەن ئیمتیازی ناوزەد و ناتۆرەی شیکاگۆ تریبیوون[٢١٢] لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا لەناو تریبیوون تاوری ڕازاوەیدا کە دەیروانی بەسەر ڕووباری شیکاگۆ، دوو ڕیزی جودای پەیژەی کارەبایی دامەزراند. ئەو نەیدەویست فرۆشیارانی ڕێکلامکاری تەنانەت لەگەڵ هەواڵنێرانی سەر بکەون.

209. Henry Luce
210. Firewall
211. Robert McCromick
212. Chicago Tribune

بەداخـەوە ئەو چمکەی گوایـە ڕۆژنامەنووس لە پشت دیوارێکەوە بۆ خزمـەتکردن بە جەماوەر دابڕێنراوە لەکاتێکدا هەر کەسێکی تر بە سەربەستی خۆی بۆ قازانجکردن بەخت کردووە، مەجازێکی چەواشـەکراوە. یەکەم، چمکەکە هانی ئەم دابڕانەی دا کە ئێمە وەسفمان کرد. دووەم، ئەگەر هەردوو لایەنی دامەزراوەیەکی هەواڵی لە ڕاستیدا بە ئاراستـەی پێچەوانەوە کار بکەن، دیارە ڕۆژنامەوانی لایەنە گەندەڵەکەی گرتووەتە بەر.

شـەرمەزارییـەکەی تێـوەگلانی لۆسانجلێس تـایمز و یاریگەی وەرزشـیی ستێپلێس سێنتر دەیسەلمێنێت لە ڕاستیدا مەجازی دیوارەکە تا چ رادیەک لاوازە. رۆژنامەکە کاری پێـویستی ئەنجـام دا بۆئەوەی خـاوەکـانی یاریگەکە لەبری یارمـەتیدانیـان لە فرۆشـتنی ریکلام هاوبەشی قـازانجی بن. خـاوەنەکـانی یاریگەکە نامـەی رژدیان بۆ بەڵێندەرە لاوەکییـەکانیان نارد و داوایان لێ کردن ریکلام بکرن. هەواڵەکانی دابەزاو و نووسـراو لە رۆژنامـەکـە هەمـوویان ئەرێنی بوون. زووری هـەواڵ لەو پلانە ئاگـادار نەکرابووە. دیوارەکە، بە واتایەکی تر، بە ساغی مابووە. کاتێک پلانەکە ئاشکرا بوو، هەواڵنێران و خوێنەران هەردووکیان تووڕە بوون.

پتـر لە دوو سـەد نامـە و ئیمـێڵ و فـەکس و نامـەی تەلەفۆنی لەماوەی کـەمتـر لە حەفـتـەیەکدا گـەیشـتنە نووسینگەی ناردا زەکینۆ[٢١٣] کە نوێنەری خـوێنەران بوو. کاتێک شارۆن واکسمەنی[٢١٤] واشینتۆن پۆست بۆ دیمانەکردن سـەردانی زاکینۆی کرد چاوی بە تۆماری نامەکانی تەلەفۆنی سەر مێزەکە کەوت، بیرۆکە سەرەکییەکانی هەر یەکەیان بە مـارکەرێکی زەرد بەرجەسـتـە کرابوون. "بە گشـتی خـوێنەران دەڵێن ئەمــە باوەڕی ئەوانی لەق کـردووە، باوەریـان بە رۆژنامــەکـە. لە زۆر شت دەپرسن. پرسـیـار دەکـەن ئاخـۆ ریکلامکـاران کـاریگەریـیان لەسـەر هەواڵەکـانی ئێـمـە هەیە. گـومـان خـستنەسـەر راستگۆیی ئێـمـە. ئەوەی نیگەرانم دەکات ئەم پرسـیـارانەیە لەبارەی راست ودروسـتبـوونی گوزارشـەکانمان: ئاخـۆ فـلان یان فلان کۆمپـانیـای هاوبەشی ریکەوتنێکی لەگەڵ ئێوەدا هەیە؟"، زاکینۆ بە واکسمەنی گوت.

لەئەنجامدا هەواڵنێری میدیایی دێیڤید شـاو[٢١٥] توانی نەریتێکی لەگەشـەدابووە

213. Narda Zucchini
214. Sharon Waxman
215. David Shaw

لەناو بەڕێوەبەرایەتیی تایمزدا بدۆزێتـــەوە-چەوســـاندنەوەی خـــوێنەران بەناوی ڕێکلامکارەکانییەوە، هەر هەموو ئەم کارەش بەبێ ئاگادارکردنەوەی ژووری هەواڵ. ئەمە هەر هەمووی پاش ئەوە رووی دابوو کە کاربەدەستێکی پێشووی کۆمپانیایەکی تایبەت بە دانەوێڵە بە ناوی مارک ویلز[216] بە پیشینەیەکی کەم و تێگەیشتنێکی رووکەشیانە لە ئابووریی رۆژنامەوانی دەستی بەسەر کۆمپانیای تایمز میرۆردا[217] گرت کە خاوەنی رۆژنامەکە بوو. دیوارە ئەفسانەییەکە، بە واتایەکی دی، شتێکی کەمی لە دەست هات بۆ پاراستنی هەمووان. لایەنە بازرگانییەکە ژووری هەواڵی مـــەزاد دەکـــرد و دەســـەڵاتی تەواوی هەبوو بۆ سنووردانان بۆ ژووری هەواڵ بەبێ ئەوەی ژوورەکە هەستی پێ بکات.

گرژییەکانی نێوان ژووری هەواڵ و لایەنی بازرگانی چەندین ساڵ بوو تەشەنەی دەکرد. سالانی ١٩٧٠کان خالێک بوون لەم تاوسەندنەدا. لە بەرامبەر قەیرانی نەوتدا، رۆژنامە دەوڵەتییە سەرەکییەکانی وەک ئاتلانتا جۆرناڵ کۆنستییوشن[218] یان دێس مـــۆینێس ریجیـــســـتـــر[219] بەهۆی بەرزبوونەوەی تێچووی گواستنەوە بەشێوەیەکی زەق تیراژی خۆیان لەسەر ئاستی دەوڵەتی دابەزاند.

ماوەیەکی تری تاوسەندنی گرژییەکە لە ١٩٨٩ دەستی پێ کرد کاتێک پیشەسازیی رۆژنامەوانی تووشی کپبوونی ڕێکلام هات و تیراژی گشتیی رۆژنامەکان بۆ یەکەم جار و بە یەکجاری لە کورتی دا، نەوەک تەنیا کەمبوونەوە لە رێژەیەکی لە سەدەی بۆ جەماوەر. ڕێکلامکارە سەرەکییەکانی وەک فرۆشگا و دوکانە زنجیرەییەکان بە قۆناخی ئاوێتەبووندا تێ دەپەڕین - کاتێک ڕکابەرییەکە نەما، ئەو ڕێکلامکردنەش کە بەرهەمی ڕکابەرییکە بوو، نەما. لە هەمان کاتدا ڕکابەرانی نوێ لەبواری تاکفرۆشیی وەک وۆڵمارت[220] لەبنەڕەتدا لە رۆژنامە ڕێکلامیان نەدەکرد.

لەسەرتای نەوەتەکاندا زۆربەی کۆمپانیا رۆژنامەییەکان بەئاشکرا کۆمپانیای هاوبەشیی بازرگانی بوون. وەک کاردانەوەیەک بەرامبەر بە کێشەکان پیشەسازیی رۆژنامەوانی هەوڵی دا باوەڕ بە وۆڵ ستریت[221] بێنێت کە خەریکە بۆ خەرجییەکان

216. Mark Willes
217. Times Mirror
218. Atlanta Journal Constitution
219. Des Moines Register
220. Wal-Mart
221. Wall Street

وردتر دەبێت و هەر کەموکوڕییەکی بەجێماوە لە کۆڵ دەکاتەوە. بودجەی ژوورەکانی هەواڵ بڕا و کاتێک پیشەسازییەکە هەوڵی دا لەگەڵ ئابووریدا بگەڕێتەوە، ئەو کەلێنانە بەتەواوەتی پڕ نەکرانەوە. ئەو شێوازە لە کپبوونی دواتری ڕۆژنامە لە ٢٠٠١ یش دووبارە بووە، کاتێک ٢٠٠٠ کەس بێ کار کرا و لەو کاتە لەبارانەی دواتر هاتن، نەگەڕێندرانەوە.

کاتێک لایەنی بازرگانی هەستا بە بەهێزترکردنی دەسەڵاتی بۆ قەربووکردنەوەی قازانجی لەکیسچوو، زنجیرەیەک لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی ئەنجام دران تا ئەوکاتەی پێوەندییەکی بەتینیان لەنێوان وەبەرهێنانی دارایی لە ژووری هەواڵ و ڕۆژنامەوانیی جۆریەتیی دۆزییەوە. بە گوێرەی لێکۆڵینەوەکان پشتیوانیکردن لە کۆکردنەوەی هەواڵ ڕۆژنامەوانیی جۆریەتیی دەخوڵقاند و ئەمەش لەبەرامبەردا تیراژی بەرز دەکردەوە ویارمەتیدەر بوو بۆ بنەماکان. بەڵام باسەکە هەرگیز لە ژووری بەڕێوەبەراندا کە زۆربەی مشتومڕییەکەی تێدا ڕوو دەدات، بەبرەو نەبوو. بۆ ماوەی چەندین ساڵ ئەم باسە بۆ ڕۆژنامەنووسان و جەماوەرکەیان شتێکی تر نەبوو جگە لە دەنگەدەنگی پاش زەوینە. هەندێک ڕۆشنبیر وەک فیلّ مێیر[222] لە زانکۆی نۆرس کارۆلاینا پێیان وابوو پیشەسازیی ڕۆژنامەوانی کورتبینە و لە گێژەنێکی مەرگباری بڕینی بەرهەم لە پێناو پارێزگاریکردن لە قازانجی بەرز خۆی دەکوژێت. پارە بڕینەکان تەنیا ژمارەیەکی زیاتری خوێنەریان دوور دەکردەوە کە هەڵبژاردنی تریان بۆ دۆزینەوەی هەواڵ هەبوو کە ئەمەش لە بەرامبەردا دەبووە هۆی پارەبڕینی زیاتر. ئەوە چ وشیارانە چ ناوشیارانە کرابێت، ستراتژییەک بوو بۆ هەڵوەشاندنەوەی پیشەسازیی ڕۆژنامەوانی.

لە ٢٠٠٥دا کێشەکانی تایبەت بە لایەنی دارایی وێ دەچوو خراپتر بووبن کاتێک خوێنەران بەرەبەرە ڕوویان لە ئینتەرنێت کرد. زیانەکانی بڵاوکردنەوەی چاپەمەنی تاوی سەند و پیشەسازییەکە دووبارە بەرەبەرە خەڵکی تووشی بێکاری کرد– ئەمجارەیان بەتەواوەتی پێوەندیی بە بنەماکانی پیشەسازییەکەوە هەبوو نەک گۆڕانە ئابوورییەکانەوە. ئەو کۆمپانیایانەی باشترین داهاتیان هەبوو ئەوانە بوون کە ڕێبازێکی هێواشتر و درێژمەوداتریان گرتبووە بەر کە ئەمە پارەبڕینی کەمتر و وەبەرهێنانێکی پتری لە ژووری هەواڵ دەگرتەوە. بەڵام ئەو دەمە بۆ ئەو کۆمپانیانەی

222. Phil Meyer

وایان نەکردبوو کاتەکە تەواو بووبوو. وەبەرهێنەران لە نایت رایدردا، یەکێک لە سەرسەختترین کۆمپانیاکان لەڕووی پارەبڕینەوە، هێشتاش رازی نەبوون و بوونە هۆی فرۆشتنی کۆمپانیاکە. کڕیاری نایت رایدر، کۆمپانیای مەکلەچی[٢٢٣] یەکێک لە رکابەرە درێژمەوداتر و وەبەرهێنەرترەکان بوو.

پێنج ساڵ لەمەوبەر کاتێک یەکەم چاپی ئەم کتێبە بڵاو بووەوە، خەڵک هێشتا گەشبین بوو بەوەی دەتوانرێت بەهاکانی رۆژنامەوانی لە سەردەمی کۆمپانیای هاوبەشیدا بپارێزرێن. لە ٢٠٠٠دا پیتەر سی گۆڵدمارکی جونیێر[٢٢٤]، سەرۆکی پێشوو و کاربەدەستی یەکەمی ئینتێرنەشناڵ هێراڵد تریبیوون[٢٢٥] لە کۆبوونەوەیەکی ئەنیستیتۆی ئەسپندا[٢٢٦] ئەوەی خستە روو کە کۆمپانیا هاوبەشییەکان پێویستە شتێک بکەن "بەهای کاری رۆژنامەنووسی لەناو ئەم ئیمپراتۆریەتە هاوبەشییە زەبەلاحانەدا بچەسپێنن...هەموو کاربەدەستانی جێبەجێکار دەبێت تێ بگەن بەرامبەر بە پشکدارەکانیان ئەرکی ئەمانتپارێزیان هەیە. بۆ رۆژنامەوانیش، من پتر باوەڕم بە سەرکردایەتیی کۆمپانیای هاوبەشی هەیە کە لەوە تێ دەگەن ئەرکێکی بە هەمان رادە رژدی ئەمانەتپارێزیان هەیە کە لە خاوەندارێتیی دامەزراوەیەکی هەواڵی سەرچاوە دەگرێت- و لەوە تێ دەگەن جەماوەر متمانەی پێیانە.

گۆڵدمارک چوار پێشنیازی کرد: کاربەدەستانی جێبەجێکار ساڵانە لەگەڵ هاوکارانیان لە دامەزراوەکانی هاوشێوە چاویان بە یەک بکەوێت بۆئەوەی تەندروستیی کۆمپانیاکانیان لەڕووی رۆژنامەوانییەوە هەڵبسەنگێنن، کەسێکی ئەنجوومەنی بەڕێوەبەران بۆ وەرگرتنی ئەرکی تایبەت بە پاراستنی سەربەخۆیی دامەزراوەی هەواڵی راسپێردرێت، پێداچوونەوە و چاودێرییەکی ساڵانە بۆ سەربەخۆیی و گرۆتینی کاری هەواڵی لە کۆمپانیاکەدا بکرێت، بەهاوبەشی لەگەڵ کۆمپانیاکانی هاوشێوە ئەنجوومەنێکی سەربەخۆ پارەی بۆ دابین بکرێت لە پێناو بەدواداچوون و برەودان و هەڵسەنگاندن و بەرگریکردن لە سەربەخۆیی چاپەمەنی.

لە ٢٠٠٦دا بەڵگەی پێویست هەبوون کە دەیان سەلماند تەنانەت ژێرخانێکی گەورەتر لەم مشتومڕییەدا لەناو چووە. لە ڕاستیدا لە زۆرێک لە کۆمپانیاکانی

---

223. McClatchy
224. Peter C. Goldmark Jr.
225. International Herald Tribune
226. Aspen Institute

میدیای کۆندا نەک هەموویان مشتومڕی بە دەیە درێژخایەنی لە ئاستی سەرەوەدا لە نێوان ئایدیالیست و ژمێریاران تەواو بووە. ئایدیالیستەکان دۆڕاندوویانە. کێشەکانی ٢٠٠٥، کاتێک پتر لە ٢٠٠٠ رۆژنامەنووس کاری خۆیان لە کۆمپانیاکانی هەواڵیی سەرانسەری وڵاتدا لە دەست دا، گورزێکی بەزەبر بوو لەم کشمەکشمەی رۆژنامەوانی لە پێناو بەرژەوەندیی گشتیدا.

کاربەدەستێکی یەکێک لە سێ تۆڕەکانی هەواڵی ساڵی پار لە کۆبوونەوەیەکدا بە کارمەندانی پلە بەرزی گوت "سندانی ئەخلاقی هەڵگیراوە"، بەو مانایەی بەرهەمهێن دەتوانێت دەستبەرداری چمکە کۆنەکانی یاساوڕێسای رۆژنامەوانی بێت. رەنگە نووسیاری هەرە بەناوبانگی وڵات جۆن کەرۆڵی[٢٢٧] لۆسانجلێس تایمز لە نائومێدیدا وازی هێنابێت، بەڵام تەنیا پاش ئەوەی چەندین حەفتە هەوڵی دا جێنشینی خۆی لە هاتنە ریزی ئەو پەشیمان بکاتەوە. تێد کۆپڵ، کە رەنگە هێشتاش ناوزەدترین رۆژنامەنووس ئەی بی سی بێت، چووە ریز تەلەڤزیۆن، بەڵام تەنیا پاش ئەوەی رایگەیاند نە هەواڵی سەر تەلەڤزیۆنی و نە هی تۆڕی هەواڵ لەگەڵ ئەو شێوازە کارە درێژخایەنەی ئەو ئاواتی بۆ دەخواست، ناگونجێت.

زانراوەترین شرۆڤە کە بۆچی رۆژنامەوانی لە پێناو بەرژەوەندیی گشتی دەسەڵاتی نەماوە لەوانەیە لەلایەن پۆڵک لەفوونی چوارەم[٢٢٨]، گوتیاری کۆمپانیای هاوبەشی نایت رایدر پێشکێشی کردبێت. ئەو گوتی"خۆزگە پێوەندییەکی دیار و بەهێز لەنێوان رۆژنامەوانیی جۆریەتی و... فرۆشی رۆژنامە هەبووایە. شتەکە ئەوەندە ئاسان نییە". لەم کاتە بەدواوە لە زۆر کۆمپانیادا شەڕ بۆ بەرژەوەندیی گشتی لەلایەن کارمەندانی ئاساییی ژووری هەواڵەوە دەکرێت و کاربەدەستانی هەواڵی وەک نێوانجیکار وان لەگەڵ دەستەی بەڕێوەبەران. لە زۆرێک لە کۆمپانیاکانی میدیای نوێدا روون نییە ئاخۆ لایەنگرانی بەرژەوەندیی گشتی هەر لە بنەڕەتدا بوونیان هەیە یان نا.

لە جیهانی میدیای کۆندا کۆمەڵێک ریزپەڕی زەق بۆ ئەم حاڵە هەن و ئەو رۆژنامەنووسانەی لەوێدا کار دەکەن ئەمرۆکە خۆیان بە بەختەوەر دەزانن. ئەوانە دامەزراوەی بێ دیوارن بەڵام شوێنێکن کە تێیاندا لایەنە بازرگانییەکەی کۆمپانیا بەهاکانی ژووری هەواڵی وەک رۆحی کارەکە پەسەند کردووە. لەم کۆمپانیانەدا

---

227. John Carrol
228. Polk Laffoon IV

رۆژنامـەوانیی سـەربـەخۆ لـە پێناو بەرژەوەنـدیی گـشـتی ئەو بەرهـەم و بـەهـایەیە کـە کۆمـپـانیـاکـە دەیفـرۆشـێت و قـازانج دەبێتـە ئەولەویەتی دووەم، بەرهـەمـێکی لاوەکیی چاوەڕوانکراو کـە بەشـێـوەیەکی سـتـراتیـژی و بـە ناچاری بۆ تـەندروسـتـیـیـەکی درێژخایەن پێویستە.

لە ٢٠٠٢دا گاردیەن نیووزپێیپرز لیمیتد[٢٢٩] لە شانشینی یەکگرتوودا کاردانەوەی نواند بەرامبەر بە کێشەی پێوەندییەکی نوێی لە گەشەدابوو لەگەڵ جەماوەرەکەیدا کاتێک بە دامـەزراندنی هەڵسەنگاندنێکی ساڵانە بەنـاوی "پابەندبوون بە بەهاکانمان" هەوڵێکی بنەڕەتیی بۆ دیوەدەری دەست پێ کرد. مـەبەست لەو چاودێرییـە بێ لایەنە ئەوە بوو بۆ خـوێنەران سروشـتی تایبـەتی پێوەندیی نێوان دامـەزراوەیەکی هەواڵی بازرگانی و هاووڵاتییان روون ببێتەوە. هەڵسەنگاندنی ساڵانە گوزارشی بەڵگەداری پرووردەکاری بوو بۆ جەماوەر لەبارەی هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقیی کۆمپانیا و بەڵێنەکەی بۆ بەرهـەمـهێنانی "رۆژنامـەیەکی لیبراڵ و پێشکەوتوو و نێودەوڵەتی" و هەروەها هەڵسوکەوتی وەک پیشەیەکی بازرگانی لە بواری وەک پێوندییەکەی لەگەڵ کـارمـەندانی و هـاوبەشـە بازرگـانییـەکـانی و دامـەزراوەکانی تری نـاو کۆمـەڵگە و جیـهـان. لە جیـاتیی ئەوەی کۆمـپـانیـاکـە وەک دوو دامـەزراوەی جـودا بخـاتە روو، هەڵسەنگاندنەکەی گاردیەن پێشانی دەدات چۆن بەهاکانی هاوبەش لەنێوان رەهەندە بازرگانی و هەواڵییەکەدا پێکەوە خزمەت بە بەرژەوەندیی گشتی دەکەن.

کـۆمـپـانیـایەکی هـەواڵیی ئەمـەریکایی کـە لە ٢٠٠٥دا تووشی بێکاری نەبوو، مـەکلەچی بوو کـە سـەرۆک و کـاربەدەسـتی جێبەجێکاری پێیان وابوو رۆژنامـەوانیی جۆریەتی بەردی بناغەی بازرگانییەکەن. لە گوتەیەکی بۆ پشکدارەکان لە ٢٠٠٥دا گەری پرویت[٢٣٠] جەختی لەم بناغە کردەوە و گوتی ئەوە هەم بووەتە هۆی دەسکەوتی سـەرکـیی بۆ کـۆمـەڵێک رۆژنامـەی کـۆمـپـانیـاکـە و هەمیش سـەرکـەوتنی دارایی بۆ کـۆمـپـانیـا. و پرویت ئەوەشی خـسـتـە سـەر "جـەختکردنەوەمـان لەسـەر جـۆریەتیی رۆژنامـەوانی و پێشکەوتنی بەردەوام بەدڵنیـاییـیـەوە پشـتـیـوانی لە ئاسـتی بەرزی تیـراژمـان دەکات." بەهۆی ئەو خـاڵەوە رۆژنامـەکـانی مـەکلـەچی تیـراژیان لەمـاوەی ٢٠ساڵدا بەخێرایی بەرز بووەتەوە.

229. Guardian Newspapers Limited
230. Gary Pruitt

له پوختیەک لەبارەی کۆمپانیاکە لە ۲۰۰۳دا، ئەمێریکەن جۆرنالیزم ریڤیوو[231] پێناسەی ۱۰۰ وشەییی رۆژنامەوانیی جۆریەتیی پرویتی بڵاو کردەوە. "رۆژنامەی جۆری گوزارشێکی تەواو و بێ کەموکووڕی هەواڵ و بژاردەی لۆکاڵ و ناو وڵات و نێودەوڵەتی دابین دەکات بەشێوەیەک کە خەڵکەکە بەتەواوەتی ئاگادار بکرێنەوە و لە ژیانی شارستانیدا بەشدار بن و تەنیا ژیانێکی ئاسوودەتر بەسەر بەرن- لە رێنوێنییەکانەوە بگرە تاوەکو کردەوەکانی ئەنجوومەنی شارەکان و نەتەوە یەکگرتووەکان. رۆژنامەکان تاکە ئامرازی جەماوەریی بەجێماوەن لە هەر بازارێکی لۆکاڵدا، بۆیە نەک تەنیا بۆ ئاگادارکردنەوەی خوێنەران بەڵکو بۆ خولقاندنی هەستێکی یەکێتی لەناو کۆمەڵگەشدا پێویستن. هیچ ئامراز یان دامەزراوەیەکی تر، بە لەخۆگرتنی حکوومەتیش لە توانایدا نییە ئەو رۆڵە بگێرێت ئەگەر رەچاوی ئەو دابەشکارییەی جەماوەر بکرێت کە لە شێوازەکانی تری راگەیاندا وەدەر کەوتووە".

سەرەڕای بێکاربوون و دابەزینی نرخی پشکەکان، کۆمپانیای نیویۆرک تایمز هەمیشە پابەندی خۆی بە رۆژنامەوانیی جۆریەتی پاراستبوو و ئەمەش بە باشترین شێوە لە رۆژنامەی فلەگشیپدا[232] رەنگی داوەتەوە. شرۆڤەکاران لە ڕاستیدا نیگەرانییان نواندووە لەوەی کۆمپانیای تایمز یەکجار دەپرژێتە سەر رۆژنامە و هەوڵ نادات قازانجەکانی بە وەبەرهێنان لە بەرهەمەکانی تر بگۆڕێت. ئارسر سوڵزبێرگر جونیێر، سەرۆکی کۆمپانیاکە و خاوەن ئیمتیازی زێ نیویۆرک تایمز لە ۲۰۰۵دا بە کێن ئۆلێتای[233] رۆژنامەکەی گوت "ئێمە کۆمپانیایەکین خۆمان بۆ رۆژنامەوانی تەرخان کردووە. ئەوە کرۆکی هێزمانە. پارێزەرمانە. ئێمە کاری پەروەردەیی یان چێشلێنان ناکەین. دواتر دەمانبیننەوە لە رۆژنامەوانی وەبەرهێنان دەکەین".

ئەگەر دیوارە ئەفسانەیەکە نەتوانێت پارێزگاری لە دڵسۆزیی رۆژنامەنووسان بەرامبەر بە هاووڵاتییان بە پلەی یەکەمەوە بکات، ئەی چ شتێک دەتوانێت؟ ئەو کۆمپانیانەی هێشتا بەهۆی پاڵپەستۆی قازانجەوە شکستیان نەخواردووە، لەڕووی پێناسەکردنی پێوەندیی نێوان هەواڵ و بازرگانیدا تایبەتمەندیی لێکچوویان هەیە. پێنج تایبەتمەندیی سەرەکی خۆ دەنوێنن:

231. American Journalism Review
232. Flagship
233. Ken Auletta

## ١- خاوەن یان کۆمپانیای هاوبەشی پێویستە بە پلەی یەکەم دڵسۆز بێت بەرامبەر بە هاووڵاتییان

نەک بە دابڕاندنی ژووری هەواڵ لە پاشماوەی دامەزراوەکە، نەک ئەو کاتەی لایەکیان خۆی بۆ بازرگانی و لایەنی تر بۆ بەرژەوەندیی گشتی تەرخان کردووە، بگرە ئەو کاتەی هەر دوو لا خۆیان بۆ بەهاکانی پیشەکە تەرخان کردووە، ڕۆژنامەوانی بە باشترین شێوە دەکەوێتە کار. مێژوو نیشانی دەدات ئەوە کاتێک دێتە دی کە خاوەنی کۆمپانیاکە باوەڕێکی قووڵی بەم بەها کرۆکییانەی ڕۆژنامەوانی هەبێت.

تەنانەت هەندێک لەوانەی بە بەرگریکاری دیوارەکە ناو دەبردرێن، لە ڕاستیدا ئەم فەلسەفە هاوبەشەیان پیادە دەکرد و ئەولەوییەتیان دەدا بە ڕۆژنامەوانی. بە پێچەوانەی بابەتی نووسراوەوە، بەڵگەیەکی کەم هەیە لەسەر ئەوەی هێنری لووس لە ڕاستیدا باسی لە کەلیسە و دەوڵەت کردبێت، ئەمەش بە قسەی تۆم لیۆناردی[٢٣٤] مێژوونووسەوە. لە جیاتیی لووس پێی وابوو کۆمپانیا بەگشتی پێوستە "سەرسەختانە سەربەخۆ" بێت.

کاتێک تۆم جۆنسنی خاوەن ئیمتیازی پێشووی لۆسانجلێس تایمز و سەرۆکی پێشووی کێیبڵ نیوز نێتوێرک[٢٣٥] ئاوڕێکی لە خەباتی کاریی خۆی داوە گەیشتە هەر هەمان ئەوە ئەنجامەی لووس نەوەیەک پێشتر یان ئۆکس نەوەیەک پێش ئەو، پێی گەیشتبوو:

خاوەنانی میدیا یان لە حاڵەتی کۆمپانیاکانی بە ئاشکرا بازرگانیدا، دەستەی هەڵبژێردراوی کاربەدەستانی جێبەجێکار، لەبنەڕەتدا بڕیار لەسەر جۆریەتیی هەواڵی بەرهەم هاتوو یان وەشێنراوی بەشەکانی هەواڵی خۆیان دەدەن. ئەوە ئەوانن کە زۆربەی جار خەڵک هەڵدەبژێرن، بە کرێیان دەگرن، دەریان دەکەن و نووسیار و خاوەن ئیمتیاز و بەڕێوەبەری گشتی پلەبەرز، بەڕێوەبەرانی هەواڵی و بەڕێوەبەرانی نووسیاری- ڕۆژنامەنووسان- ئەوانەی ژوورەکانی هەواڵیان بۆ بەڕیوە دەبەن، بەرز دەکەنەوە... خاوەنەکان بڕیار دەدەن لەسەر بودجەی ژوورەکانی هەواڵ و هەروەها ماوە و پانتاییی دابینکراو بۆ هەواڵ بەپێچەوانەی ڕێکلام. ئەوان پێوەرەکانی

234. Tom Leonard
235. Cable News Network

جۆریەتی بەگوێرەی تایبەتمەندیی ئەو کەسانەی هەڵیان دەبژێرن و ئەو سیاسەتە هەواڵییانەی پەسەندیانە، دادەرێژن. خاوەنەکان بڕیار لەوە دەدەن ئاخۆ پێویستە چەند قازانج لە سامانە میدیاییەکانیان وەدەست بێنن. خاوەنەکان بڕیار دەدەن ئاخۆ پشتیوانی لە چ ئاستێکی جۆریەتی بکرێت، ئەمەش بەگوێرەی باش یان خراپ پاداشتکردنەوەی رۆژنامەنووسەکانیانە.

بەهەمان شێوەی خاوەن ئیمتیازی لۆسانجلێس تایمز، ئۆتیس چەندلر[٢٣٦]ی کۆچکردوو بە بەردەوامی دەیگوت ئەو سەرسەختانە سەربەخۆیە، وەک جۆنسن دەیگێڕێتەوە. چەندلر "قەلغانی گەرمی"ی دابین کرد بۆ پاراستنی سەربەخۆیی هەواڵکارانی لە چنگ خێزانی خۆی و دەستەی بەڕێوەبەرانی و بەرژەوەندییەکانی تایبەت- جا چ لەلایەن دایکی خۆی بووایە کە بەردەوام داوای دەکرد رەخنەگری بەشی موسیقای تایمز لا بدرێت یان دەستەی بەڕێوەبەران بووایە کە کەسانی بێزارکەری تریان هەبوو یان کۆمەڵێک خەڵکی تر.

وەرگرتنی ئەم هەڵوێستە لە سەردەمی خاوەندارانی سەربەخۆ ئاسانتر بوو، مۆدیلێک کە جگە لە مشتێک ریزپەڕەوە نەبێت، ئێستا بوونی نەماوە. ئەگەر سەربەخۆیی سەرمایەی هەرە گرینگی کۆمپانیایەکی هەواڵی و گرینگترین چمکی هەموارکردنی یەکەم بێت، کێشەکە ئەوەیە چۆن ئەو سەربەخۆییە بپارێزرێت لەناو کولتوورێکی کۆمپانیا هاوبەشییەکاندا کە جۆنسۆن بە کولتووری کاربەدەستانی جێبەجێکاری ناوی دەبات کە لەلایەن دەستەی بەڕێوەبەرانەوە دامەزراوە.

قەلغانی مێژووییانەی رۆژنامەوانی، پاتریاکی نیازپاک[٢٣٧] دیاری نەماوە و کولتووری کۆمپانیای هاوبەشیی هیچی ئەنجام نەداوە بۆئەوەی جێگەکەی پڕ بکاتەوە. کۆمپانیای هاوبەشی ئەرکێکی فراوانترە لە پشکدارەکانییەوە لەئەستۆدایە کاتێک رۆژنامەوانی دەخاتە ناو لیستی مولکەکانی. سەرەکیترین خاڵ ئەوەیە کۆمپانیا هاوبەشییەکان بەرەبەرە هەست بە بەرپرسیاریەتییان بەرامبەر بە جەماوەر دەکەن و ئەم بەرپرسیاریەتییە گۆ دەکەن و هەنگاو دەنێن بۆ رەچاوکردنی. خاڵێکی بەهەمان رادە یەکلاکەرەوە ئەوەیە جەماوەر لە گرەوی خۆی لەمەدا تێ دەگات و داوا

236. Otis Chandler

٢٣٧ . کەسایەتییەکی ناو ئینجیل کە بە باوکی نەژادی مرۆڤی دانراوە بوتایبەتیش ئیبراهیم و مووسا ویەعقووب وباپیرانیان

دەكات بەرژەوەندییە دیموكراتییەكانی نەک تەنیا لەلایەن رۆژنامەنووسانەوە بگرە لەلایەن سەركردایەتیی كۆمپانیا هاوبەشییەكانیش كە ئێستا لە رۆژنامەنووسان بەرپرسیارن، دانیان پێ بنرێ. ئەگەر ئەمە رووی نەدا، رۆژنامەوانیی سەربەخۆ لە كۆمپانیای هاوبەشیی خاوەن بەرژەوەندیی تایبەت لەناو دەچێت.

**٢-ئەو بەڕێوەبەرە بازرگانییانەی ئەوانیش ئەولەویەت دەدەن بە هاووڵاتییان دابمەزرێنە.**

هەرچەندە خاوەنی دامەزراوە بڕیاردەری سەرەكییە بۆ بەهاكانی دامەزراوەكە، بازرگانانی سەركەوتوو هەروەها باس لە دامەزراندنی ئەو بەڕێوەبەرانە دەكەن كە هەمان ئەرك دەگێڕن، تەنانەت ئەگەر فرۆشتنی ریكلام یان بەرزكردنەوەی تیراژ كاری جیاواز بن لە بەرهەمهێنانی هەواڵ. رۆبێرت دێشاری[٢٣٨] سەرۆک و كاربەدەستی جێبەجێكاری رۆژنامە و تەلەڤزیۆنی ئێی ئێچ بێڵۆ[٢٣٩] گوتی دڵسۆزی و تێگەیشتن پێویستە بڕژێتە ناو دامەزراوەكەوە. "دەبێت شۆڕ ببێتەوە بۆ ئەوەی ئەو خەڵكانە هەڵبژێریت كە هەڵسەنگاندنێكی باشیان بۆ هەواڵ و ئەزموونێكی باشیان لە رۆژنامەوانیدا هەیە و بەرامبەر بە ناكۆكییە رێتێچووەكانەوە هەستیارن. من پێم باشترە كەسێكم بەو هەڵسەنگاندنە تەندروستەوە هەبێت".

نیویۆرک تایمزیش مۆدێلێكی هاوشێوەی هەیە. بەشی رێكلامی بۆ نموونە بە بەردەوامی كاتێک رووداوەكان پێویستیان بە پانتاییەكی پترە بۆ هەواڵ، وەک لە رۆژانی پرێس كۆنفرانس یان لێدوانێكی سەرەكیی سەرۆكایەتیدا، رێكلامەكان لا دەدات. بەشی رێكلام لەوە تێ دەگات خوێنەران وایان لێ هاتووە چاوەڕێی دەقی تەواوی ئەو رووداوانەن و ئەو پێوەندییە لایەنی بازرگانیی رۆژنامەكە لە داهاتوودا بەهێزتر دەكات.

**٣- ستانداردی روون دابنێ و باسیان لێوە بكە**

تەنانەت ئەگەر خاوەنەكان بەرپرسیاریەتیی رۆژنامەوانییان هەبێت، زۆرێک كۆمپانیای هەواڵی هەست دەكەن پێویستیان بە ستانداردی بەروونییەوە دەربڕاوەیان هەبێت بۆ هەر پلە و پایەک و هەروەها ژینگەیەک بۆ ئەوەی خەڵكی بازرگان و

238. Robert Dechard
239. A.H.Belo

هەواڵکار لانی کەم لە هەندێک ئاستدا بتوانن بدوێن تاوەکو لەوە دڵنیا بن لە ئەرکی یەکتر تێ گەیشتوون و ڕێزی لێ دەنێن.

جێنی باکنری[240] نووسیاری کارلۆت ئۆبزێرڤەری[241] سەر بە نایت رایدر گوتی"پێویستە بنەمای ڕوونت هەبێت و شتەکانت بە نووسین هەبێت". ئۆبزێرڤەر لە ١٩٩٩دا زنجیرەیەک گفتوگۆی سازدا کە تێیاندا کارمەندانی هەموو بەشەکان ڕێنوێنییەکانی تایبەت بە مامەڵەکردن لەگەڵ ناکۆکییە ڕێتێچووەکانی نێوان کاری ڕێکلام و هەواڵیان بۆ باس کرا. نووسیارانی ئۆبزێرڤەر لە کۆبوونەوەیەکی بەشی ڕێکلام بەشدار بوون بەمەبەستی ڕوونکردنەوەی پرۆسەی هەڵسەنگاندنی هەواڵ و خستنەڕووی، وەک باکنر دەڵێت، بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوەی کە" ئێمە کراوەین بۆ وەرگرتنی بیرۆکەکان نەک بۆ دەستێوەردان".

باڵتیمۆر سان کۆبوونەوەی هاوشێوەی هەبوو بۆ ڕوونکردنەوەی پێوەندییەکانی نێوان ڕێکلام و هەواڵ و بۆ دڵنیابوون لەوەی هەموو کارمەندان لەو پێوەندییانە تێ گەیشتوون. ویلیام ماریمۆری[242] بەڕێوەبەری کاریگێڕیی پێشوو گوتی "ئێمە باسی ئەو ڕاستییەمان کرد بۆ بڕیاری پێوەست بە ڕۆژنامەوانی، دەبێت ژووری هەواڵ ئەو یەکەتییەی هەبێت دوا بڕیار بدات".

لەگەڵ ئەوەشدا کۆبوونەوە و ڕێساکان دەربڕی یەکەم هەنگاون کە تا ئێستا هاوێشترابێت. پێویستە ئەمانە سیاسەتی کارپێکراوە بن لە دژی پاڵەپەستۆکانی تەنگژەیەک و ڕۆژانەش کاتێک هیچ تەنگژەیەک لە ئارادا نییە، بەرجەستە ببنەوە. ئەو ستانداردانەی لەسەر دیوارەوە لە چوارچێوە نراون و کاریان پێ ناکرێت ڕێکلام بۆ بۆشبوونی قسەکانی کارگێڕی دەکەن.

### ٤- ڕۆژنامەنووسان دوا بڕیار لەسەر هەواڵ دەدەن

وەک ئەوانەی یاسای وردیان بە نووسین دارشتووە، زۆر دامەزراوەی تری بواری بەرهەمهێنانی هەواڵ دەڵێن پێویستە ڕوونترین بنەما ئەوە بێت کە ژووری هەواڵ دوا بڕیار لەسەر هەواڵ بدات. ئەمە لە زۆرێک لە باشترین دامەزراوەکانی هەواڵیدا یاسایە. لە واشینتۆن پۆستدا نووسیاری جێبەجێکار لیۆنارد داونی جونیێر[243]

240. Jennie Buckner
241. Charlotte Observer
242. William Marimor
243. Leonard Downie Jr.

پێداگری لەوە دەکات بەرهەمە ڕیکلامییەکان، ئەو بەشە تایبەتانەی بە پاشکۆ ڕێکلامییەکان ناو نراون- "لەلایەن منەوە بەرێوە بچن و کاتێک کێشەیەک هەیە رەتیان دەکەینەوە. ئێمە هەروەها دەڕوانین تا لەوە دڵنیا بین ریکلامەکان بە گونجاوی ناو نراون".

## ٥- ستانداردی روون بە جەماوەر رابگەیەنە

دوا خاڵی سەرەکی سەبارەت بە چۆنیەتیی کارکردنی دامەزراوە هەواڵییەکان ئەوەیە لەگەڵ جەماوەر روون بیت- روونتر لە رابردوو. ئێدوارد سیتن[٢٤٤]، سەرۆکی کۆمەڵگەی ئەمەریکایی بۆ نووسیارانی رۆژنامە لە ١٩٩٩دا و نووسیاری مەنهاتن مێرکۆری[٢٤٥] لە مەنهاتن و کێنزاس لە گوتارێک بۆ کۆمەڵگەکە پێشنیازی کرد باشترین ڕێگە بۆ رۆژنامەیەک بۆ بنیاتنانەوەی متمانە و ناوبانگ ئەوەیە "خۆت روون بکەیەوە... ئێمە وەک نووسیار پێویستە سەرکردە بین. پێویستە بەهاکانمان دەربب‌ڕین. کاتێک ستانداردمان هەبێت شتێکمان هەیە کە بتوانین بۆ جەماوەر و ستافی خۆمان روونی بکەینەوە، شتێک کە هەمووان دەتوانن ببیبستن و لێی تێ بگەن. پێویستە زیاتر و باشتر لە رابردوو کار بکەین. پێویستە جەخت لە خزمەتکردن بە هاووڵاتییان بکەینەوە نەک داهاتی گشتی یان تەکنۆلۆجیامان".

کۆمەڵێک وێستگەی تەلەڤزیۆنی رێبازی هاوشێوەیان گرتووەتە بەر. کاتێک فۆرێست کار[٢٤٦] لە کێی ئێف یوو ئێن تی ڤی[٢٤٧] لە توکسن[٢٤٨] بەڕێوەبەری هەواڵی بوو "لیستێکی مافەکانی بینەر "ی داهێنا کە بە وردی باسی ئەو شتەی دەکرد کە هاووڵاتییانی توکسن دەبووایە لە تەلەڤزیۆن و ستافی ئەو چاوەڕوانیان کردبا و بەردەوام لیستەکەی دەوەشاندەوە.

بابەتی وەک پێناسەکردنی مافی جەماوەر بۆ ئاگاداربوون (وێستگەکە "پرسیاری سەخت دەکات و لێکۆڵینەوە دەکات") و مافیان بۆ کۆکردنەوەی هەواڵ بەشێوەیەکی ئەخلاقی (وێستگەکە پێرەوی لە یاساکانی ئەخلاقیی کۆمەڵگەی رۆژنامەنووسانی شارەزا دەکات) و مافی رۆژنامەوانی بۆ چارەسەرکردنی (وێستگەکە هەوڵ دەدات

244. Edward Seaton
245. Manhattan Mercury
246. Forrest Carr
247. KFUN-TV
248.Tucson

نەک تەنیا بپرژێتە سەر کێشەکان بگرە چارەسەر بدۆزێتەوە یان تیشک بخاتە سەری) لەناو لیستەکەی حەوت مافەکاندا هەبوون. لیستەکە هەروەها مافێکی بۆ نهێنیپارێزی هەبوو لەگەڵ ئەو روونکردنەوەیە "ئەرکی رۆژنامەوانیی ئێمە و مافی جەماوەر بۆ زانینەوە زۆربەی جار ناچارمان دەکات خەڵک یان دامەزراوەی وا لەناو هەوڵەکان دابنێین کە خۆیان حەز نەکەن لەوێ بن. ئێمە هەرگیز بە شێوازێکی بێباکانە یان نابەرپرسانە ئەم کارە ناکەین و هەمیشە رەچاوی لایەنەکانی نهێنیپارێزی دەکەین لەکاتی هەڵسەنگاندنی بایەخی هەواڵێکدا. ئێمە هەرگیز دوای قوربانییانی تاوانێک ناکەوین و بێزاریان ناکەین".

لەکۆتاییدا لیستەکەی "مافی لێپرسینەوە"ی تێدا بوو و روونی کردبووە چۆن بینەران دەتوانن بەکاری بێنن- لەرێگەی نوێنەرایەتیی بینەرانی وێستگەکەوە کە لە سکالاکانی بینەرانی دەکۆڵییەوە و لە رێگەی وەشاندنی وەلامەکەی بینەرانی لە تەلەڤزیۆندا.

رەنگە بۆ خەڵکانێک دەربڕینی لیستی مافەکان شتێکی کۆن بێت. بەڵام گرووپەکانی هەڵسەنگێنەر کە بۆ پرۆژەی نایابی لە رۆژنامەنووسیدا لە توکسن بوون لەدەوروبەری ئەو کاتەی وێستگەکە پرۆگرامەکەی پێشکێش کردبوو، ئاماژەیان بەوە دا، مافەکان لەناو خەڵک جێیان کردووەتەوە. کاتێک کۆڕگێر لە هاوولاتییانی پرسی ئەوان چۆن ئاستی تەلەڤزیۆنی هەواڵیی لۆکاڵ هەڵدەسەنگێنن، بینەران راستەوخۆ ئاماژەیان بە شێوازی کاری KGUN دابوو. پیاوێک گوتبووی "رەنگە ئەوە پێوەندیی بەوە هەبێت ئاخۆ وێستگەکە هەندێک رێنوێنیی هەیە یان نا، شتێک کە پێی دەگوترێت ئەخلاقی گوزارشکردن. ئەو شتە پێناسە بکە... (و دواتر) بە شێوەیەکی بەپێز ئەنجامی بدە. ئەوەی پێویستە بیکەیت ئەوەیە کۆمەڵێک خەڵکی وەک من رابکێشیتە ژوورەوە و پرسیاریان لێ بکەیت حەز دەکەن چ شتێک ببنن". وەک دیارە، ئەمە هەمان شتە کە KGUN کردوویەتی.

هەندێک رەخنەگر پلانی KGUNیان بە شتێکی بێ نرخ ناو برد، بەڵام پشکی جەماوەری تەلەڤزیۆنیی وێستگەکە لە توکسندا بەردەوام لە هەڵکشانێکی خێرادا بوو. کار، بەڕێوەبەری هەواڵی، گوتی پرۆژەکە سوودێکی تریشی هەیە: بەهاکانی دامەزراوەکە بۆ ئەو کەسانەی تێیدا کار دەکەن، روون دەکاتەوە. کار گوتی بۆ

باشترکردنی کولتووری ژووری هەواڵی خۆی هیچ شتێکی تا ئەو کات کردبێتی پتر لەوە یارمەتیی نەدابووە. ئاشکرایە بەڵێنەکانی KGUN بە هەمان رادەی ئەو کارەی بەدوایانەوە دێت باشن، بەڵام وێستگەکە ڕێگەی داوە بە هاووڵاتییان لیپێچینەوە لەگەڵ وێستگەکەدا بکەن، کە هەڵبەتە لەبەر ئەوەشە کارەکە قورسە.

بەشێوەیەکی مەجازی هەندێک دامەزراوەی هەواڵی بە ئاراستەی تردا دەڕۆن. لە لۆس ئەنجلۆس تایمزدا، یەکێک لە یەکەمین کارەکانی تریبیوون کۆمپانی لە ٢٠٠٥دا کردی، لەو دەمەی بە کاتی سەختدا تێ دەپەڕی، ئەوە بوو بودجەی ڕۆژنامەکەی لە پێناو پێوەندیکردن لەگەڵ جەماوەر لە ٧,١٢ ملیۆن دۆلارەوە بۆ ٣٠٠هەزار بڕی. جۆن کارۆڵی نووسیار پێی وابوو دەبووایە ڕۆژنامەکە تەواو پێچەوانەی ئەوەی کردبا. کارۆڵ گوتی "بەهاکانی ڕۆژنامەوانی بەهۆی هەڵمەتی بازاردۆزینەوەی دامەزراوەکانی ڕکابەر کە بیرۆکەی میدیای کۆن بچووک دەکەنەوە، یان کەسانی وەک ڕۆجێر ئێڵێز[249] (سەرۆکی فۆکس نیوز) کە لەناو سیاسەتی هێرشبردنەوە هاتووە، سووکایەتییان پێ دەکرێت". ئەو پێی وابوو ڕۆژنامەکە و سەرجەم دەزگاکانی هەواڵیی میدیای کۆن پێویستە بە دابینکردنی پارەی پتر بۆ برەودان بەو بەهایانەی ڕۆژنامەوانیی کۆن گرینگ و تایبەت دەکات، وەڵام بدەنەوە. ئەو پرسی "ئاخۆ کەمکردنەوەی بودجەی برەودانی ڕۆژنامەیەک لە ٧,١٢ ملیۆن دۆلارەوە بۆ ٣٠٠ هەزار لە تاقە ساڵێکدا کاردانەوەیەکی لۆجیکانەیە؟". کارۆڵ پێی وابوو تریبیوون هەر شتێکی کردبێت، ئەمەیان بە بۆچوونی ئەو ئاماژەی بە پاشەکشەیەک دەدا و کاتی ئەوە هاتبوو ئەویش واز بێنێت.

بێ ڕەچاوکردنی ئەو ڕێبازەی دامەزراوەیەکی هەواڵی دەیگرێتە بەر، دڵسۆزی پرسێکی بنەڕەتییە و زۆربەی جار فەرامۆش کراوە یان بە هەڵە لێکدراوەتەوە. بەڵام هۆکاری یەکجار گرینگبوونی بەدروستی ئەوەیە کە چاپەمەنی یەکجار ناجەماوەری بووە. ئەو شتەی زۆربەی جار لە تێگەیشتن لە دابەزینی متمانەی جەماوەری بە چاپەمەنی پشتگوێ دەخرێت ئەوەیە لە ژێرەوە، ئەم قەیرانەی متمانە پێوەندی بە پاڵنەرەوە هەیە. ئێمە وەک هاووڵاتی چاوەڕوانی بێ کەموکوڕیبوون لە ڕۆژنامەنووسانمان- یان تەنانەت ڕۆژنامەوانییەک کە هەموو وشەکانی بە ڕێنووسی

---

249. Roger Ailes

تەواو نووسیبێت- ناکەین. کێشەکە یەکجار بنەڕەتیترە.

ڕۆژنامەنووسان حەز دەکەن خۆیان بە نوێنەری خەڵک دابنێن و وێنەی کۆمەڵگە لە بەرژەوەندی کۆمەڵگەدا بگوازنەوە. بەڵام تا دێت جەماوەر متمانەی پێیان نامێنێت. خەڵک وروژاندن و چەوساندنەوە دەبینن، هەست بەوە دەکەن ڕۆژنامەنووسان لە پێناو پارە یان ناوبانگی کەسێتی یان ڕەنگە خراترلەوانە، لە پێناو جۆرە چێژێکی ناپەسەندی سەرچاوەگرتووله نەهامەتی، کارەکە دەکەن. کاتێک نەریتی بۆب وودوارد لە دیمانەکردن لەگەڵ کاربەدەستانی کارگێری بۆ کتێبەکەی- و دەستبەجێ بڵاونەکردنەوەی بەشێکی زۆری زانیارییەکە- ئاشکرا بوو، خوێنەران گومانیان لە لایەنگرییەکەی کرد. ئاخۆ ئەو نووسەرێک بوو کە کاری بۆ خۆی دەکرد یان پەیامنێرێکی واشینتۆن پۆست بوو کە خزمەتی بە جەماوەر دەکرد؟ هەندێک خوێنەر لەوە باوەڕەدابوون وودوارد ناتوانێت بڕیار بدات چ شتێک پێویستە دەستبەجێ بڵاو بکرێتەوە یانیش ساڵێک یان دووان بمێنێتەوە بۆ ئەوەی بچێتە نێو کتێبێکەوە. خوێنەرێک لە بەشی پرسیار و وەڵامی پێگەی ڕۆژنامەی پۆست پرسیاری لە لیۆنارد داونی جونیێر، نووسیاری ڕۆژنامەکە کردبوو "ئاخۆ هەمیشە وودوارد بەبۆچوونی خۆی بڕیار دەدات ئێمە چ زانیارییەکمان پێویستە؟".

بۆ بەستنەوەی خەڵک بە هەواڵ و بەستنەوەیان لەڕێگەی هەواڵەوە بە جیهانی گەورەتر، پێویستە ڕۆژنامەنووسان دڵسۆزییان بەرامبەر بە جەماوەر بنیات بنێننەوە، دڵسۆزییەک کە پیشەسازیی هەواڵی بە هەڵە ڕێخۆشکەر بووە بۆ رووخاندنی، بەڵام تەنانەت ئەمەش لەدواییدا بەس نییە. ڕاستگۆیی و وەفاداری بەرامبەر بە هاووڵاتییان تەنیا دوو هەنگاوی یەکەمی کاری ڕۆژنامەوانین. هەنگاوی دواتر بە هەمان ڕادە گرینگە: ئەو ڕێبازەی ڕۆژنامەنووسان بەکاری دێنن بۆ نزیکبوونەوە لە هەقیقەت و گەیاندنی ئەو ڕێبازە بە هاووڵاتییان.

بەشی چوارەم

## رۆژنامەوانیی سەلماندن

کاتێک هەواڵنێرە یۆنانییەکە دانیشتە سەر نووسین، ویستی بڕوا بە خوێنەرانی بێنێت ئەوان دەتوانن متمانەی پێ بکەن. ئەو گوزارشێکی فەرمیی لەبارەی شەڕ یان گوزارشێکی بەپەلەی نەدەنووسییەوە، دەیویست خەڵک تێ بگات. لە پێناو شتێکی سەربەخۆتر، متمانەپێکراوتر و درێژخایەنتر هەوڵی دەدا . لە گوزارشەکەیدا ئاگەداری ئەوە بوو بە ڕێگەیەک مێشک و بۆچوون و سیاسەتەکان بیرەوەری لێڵ دەکەن. لە ڕاستییەکانی دڵنیا بووبووە.

بۆ گەیاندن گشت ئەم شتەش، بڕیاری دا ڕێبازی گوزارشکردنەکەی هەر لە سەرەتاوە شی بکاتەوە. ئەمە خۆبەختکردنە بۆ ڕێبازی هەقیقەت، ئەوەی سوسیدیدز لە سەدەی پێنجەمی پێش زاین لە پێشەکیی چیرۆکەکەی لەبارەی شەڕی پێلۆپۆنیزیاوە نووسیویەتی:

لەوەی پێوەندیی بە گوزارشکردنێکی رواقعیی رووداوەکانەوە هەبێت... من کردوومەتە بنەما، یەکەم رووداو کە بەلامدا هات نەنووسم و تەنانەت بەبۆچوونە گشتییەکانی خۆمەوە ڕێنوێنی نەکرێم. یان خۆم لە شوێنی ئەو رووداوانە بووم کە گوزارشم لێ کردوون یان لە شایەتیی بەچاودیتەم بیستوون کە لەگەڵیان ئەوەندەی کرابێت بۆ تەواوبوونی گوزارشەکە پرسیارم کردووە. بەڵام لەگەڵ ئەوەدا دۆزینەوەی هەقیقەت ئەوەندە ئاسان نەبوو: شایەتە بەچاودیتەکان هەریەکەیان قسەی جیاوازیان لەبارەی هەمان رووداوە وەهەبوو، قسەکانیان لە لایەنگری بۆ لایەنێک یان لە بیرەوەریی ناتەواوە سەرچاوەی دەگرت.

بۆچی ئەم دەقە پاش پتر لە ٢٠٠٠ ساڵ بەسەر نووسینیدا، پێ دەچێت ئەوەندە سەردەمییانە بێت؟ لەبەرئەوەی پێوەندیی بە کرۆکی کاری ناچیرۆکییەوە هەیە. ئاخۆ چۆن دەتوانیت دەنگۆ و گوتەگوت و بیرەوەریی ناتەواو و ئەجێندای ئامانجدار لە

هێڵەک بکەیت و هەوڵ بدەیت ئەو شتە بپاڵێوی کە ئەوپەڕی تەواوی بێت و بکرێت لە سایەی زانیاری و روانگەی نوێوە دەسکاری بکرێتەوە؟ ئاخۆ چۆن دەتوانیت بەسەر سنوورەکانی بۆچوون و هەروەها بەسەر ئەزموونی خۆتدا زاڵ بیت و شتێک بنووسیت کە خەڵکێکی زیاتر بە باوەڕپێکراوی دادەنێن؟ هەر هەموو مشتومڕیی تایبەت بە رۆژنامەوانی، هەموو جیاوازییەکانی ناو میدیا یان ناو سەردەمێک یان یەکێکی تر بڕێژە دوور. ئەمانە پرسیاری واقیعن کە رۆژانە بەرەوڕووی ئەوانە ببنەوە کە هەوڵ دەدەن هەواڵ کۆ بکەنەوە، لێی تێ بگەن و بە خەڵکی تری رابگەیەن.

هەرچەندە هیچ یاسایەکی ستاندارد پێڕەو ناکرێت، بەڵام هەر رۆژنامەنووسێک بەگوێرەی جۆرە رێبازێکی یەکجار کەسێنی بۆ تاقیکردنەوە و دابینکردنی زانیاری کار دەکات بەگوێرەی بنەمای خۆی بۆ سەلماندن. نەریتی وەک دۆزینەوەی چەندین شایەت لەسەر رووداوێک، خستنەڕووی ئەوپەڕی زانیاری لەبارەی سەرچاوەکانەوە و پرسیارکردن لەبارەی زۆر رەهەندی بۆچوون لە ڕاستیدا ئامرازەکانی بنەمای سەلماندنن. ئەم رێبازانە رەنگە یەکجار کەسێنی و تایبەت بن. ریک مێیری[250] نووسەر لە لۆس ئەنجلس تایمز واقیع و دیمانەکانی خۆی لەسەر پارچەی بچووکی وەک کارتی تێبینی پێکەوە دەلکاند و لەسەر ئەردی نووسینگەی خۆیدا رێکی دەخستن. یان رەنگە شێوازەکە دامەزراوەیی بێت وەک بەشی پشکنینی راستییەکان لە زێ نیویۆرکدا. بەڵام ئەم نەریت و رێبازانە بە هەر ناوێک و شێوازێک بن زەوینەی بنەمای سێیەمن:

## کرۆکی رۆژنامەوانی بنەمای سەلماندنە

لە دواییدا، بنەمای سەلماندن ئەو شتەیە رۆژنامەوانی لە سەرگەرمی و پڕوپاگەندە و چیرۆک و هونەر جیا دەکاتەوە. سەرگەرمی و ئامۆزاکەی "زانیاری-سەرگەرمی[251]"- دەپڕژێتە سەر سەرنج ڕاکێشترین شت. پروپاگەندە واقیعەکان هەڵدەبژێریت یان دایان دەهێنێت بۆ خزمەتکردن بە ئامانجی راستەقینە: هاندان و ئیستیغلالکردن. چیرۆک سیناریۆ دادەڕێژێت لە پێناو گەیشتن بەبۆچوونێکی زۆر کەسێنیتری ئەو شتەی پێی دەگوترێت واقیع.

---

250. Rich Meyer

٢٥١ . ibfotaibment وشەیەکی لێکدراوە لە information واتە زانیاری و entertainment یانی سەرگەرمی.

ڕۆژنامەوانی بەتەنیا دەپرژێتە سەر نووسینی ئەو شتەی ڕووی داوە بەتەواوەتی. ئەمە ڕاستە جا چ بۆ کاری بەشی هەواڵی تۆڕێکی تەلەڤزیۆنی بێت چ بۆ تاقە هاووڵاتییەکی ڕۆژنامەنووس کە لەسەر ئینتەرنێت بلۆگ دەکات و یەکەمین پێوەرە بۆ هەر کارێک کە بە ڕۆژنامەوانی دابنرێت، چونکە ڕۆژنامەوانی بەگوێرەی لێهاتووییەوە هەڵدەسەنگێنرێت.

ڕۆژنامەنووسان زۆربەی کات ناتوانن هەستە قووڵەکانی خۆیان لەمەڕ پیشەکەوە لە پرسیارە فەلسەفییە گەورەترەکانی پێوەست بە ڕۆڵی ڕۆژنامەوانی گرێ بدەن. ئەوان دەزانن چۆن لە هەواڵێک دڵنیا ببنەوە تەنانەت ئەگەر هەمیشە نەتوانن دان بە ڕۆڵی سەلماندنی هەواڵێک لەناو کۆمەڵگەدا بنێن. بەڵام سەلماندنی ڕاستییەکان ئەرکی ناوەندیی ڕۆژنامەوانییە. وەک واڵتر لیپمەن لە ١٩٢٠دا گوتوویەتی "کۆمەڵگە هیچ ئازادییەکی نابێت ئەگەر ئەو زانیارییەی نەبێت کە بە هۆیەوە درۆیەکان بناسێتەوە".

لەبەرئەوەیە ڕۆژنامەنووسان لە فیلمسازانی هۆلیوود یەکجار پەست دەبن کاتێک چیرۆکی ڕاستەقینە بە لارێدا دەبەن. مایک والاسی[٢٥٢] پەیامنێری سیکستی مینیتس[٢٥٣] قەڵس بوو کاتێک لە ١٩٩٩ فلیمی زێ ئینسایدر[٢٥٤] قسەی بەناوی ئەوە کردبوو و کاتەکانی گۆڕیبوو وەک ئاماژەیەک بەوەی والاس نیگەرانیی "میرات"ەکەی بووە کاتێک بۆ هەواڵێک ملکەچی پیشەسازیی تووتن بوو. "هەرگیز گوێتان لێم بووە باسی "میرات"بکەم؟ ئەوە هەر قسەی بێ مانایە و... بێ ڕێزیم پێ کراوە". مایکڵ مەنی[٢٥٥] دەرهێنەری فیلمەکە وەڵامی داوە هەرچەندە شتەکان لە پێناو بەرجەستەترکردنی فیلمەکە گۆڕابوو، بەڵام فیلمەکە بەپێی پێناسەی بەرفراوانتری واقیعبینییەوە "لە بنەڕەتدا ڕاست و دروست" بووە، چونکە بەڕاستیش چۆکی دابوو." ئەگەر قسەکان هەڵبەستراو بووبن یان ئەگەر پاڵنەرە هۆشەکییەکانی والاس جیاواز بووبن، ئەوە گرینگ نەبووە. لەم بارودۆخەدا بەکەڵک هاتن دەبێتە بەهایەکی بەرزتر و واقیعی دەقاودەق دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی چیرۆکە پێوەستەکانەوە.

دوو پیاوەکە نەقڵی جیاوازیان هەبوو. مەن دەیگوت والاس خۆی لەپشت ڕاستییەکانەوە حەشار داوە تاوەکو کاریگەریی ئەو کارەی کردبووی دیار نەبێت.

252. Mike Wallace
253. 60 Minutes
254. The Insider
255. Michael Mann

والآسیش پێی وابوو هەرگیز ناکرێت کاریگەرییەکە لە گوزارشێکی راست و دروستی وردەکارییەکانەوە دابڕێنرێت. لەم حاڵەتدا دەکرێت هەردوو بۆچوونەکە دەکرێت بسەلمێنرێن. بەڵام پێویستە پرۆسەی رۆژنامەوانی لە سەلماندندا هەردوو بۆچوونەکە رەچاو بکات.

لەو ساتەوە کە هەواڵ بووە کالآیەکی دەستبەجێ و بەردەوام بەردەست لە داوودەزگایەکی بەنزیکەیی بێ ژماردا، پرۆسەی سەلماندن- دڵی ترپەلێدەری رۆژناوانی بڕواپێکراو و خزمەتکاری بەرژەوەندیی گشتی- ڕووبەڕووی پاڵەپەستۆیەکی نوێ بووەوە. ئەم پاڵەپەستۆیە لە دوو سەرچاوەی بنەڕەتییەوە هەڵدەقووڵێت. یەکەمیان وەسوەسەبوونە بۆ چاپکردنی دەستبەجێ چونکە هەر شتێک دەکرێت دواتر راست بکرێتەوە. دووەمیان مەیلێکە لەناو سیستەمی میدیای نوێدا بۆ بڵاوکردنەوەی هەواڵ تەنیا لەبەرئەوەی هەواڵەکە "هەیە".

کێشەکە لەناو ئەو واقیعە نوێیەی کە لەگەڵ شەڕی دژ بە تیرۆری پاش ١١ی ئەیلوول جاڕ درا، ئاڵۆزتر بووە. ئەم واقیعە نوێیە لەگەڵ چمکی جەماوەریی کولتووری "ئێمە میدیا"دا لە ناکۆکیدایە کولتوورەکە بەو مانایەیە چونکە هاووڵاتییان دەتوانن بە ئارەزووی خۆیان پێوەندی بەیەکەوە بکەن، رەنگە نزیکتر بن لە واقیعی راستەقینە و زانیاری تەواوترەوە.

بێگومان ئەوان بەئاسانتری پێوەندی دەکەن. ئەوەی کە ئاخۆ دوا بەرهەم لەگەڵ رۆژنامەوانی سەلماندن دەگونجێت یان نا دەوەستێتە سەر ئاستی خۆ تەرخانکردن بۆ ئەو ئامانجە لەلایەن ئەو کەسانەی زانیارییەکە بەرهەم دێنن بە ڕکابەریکردن لەگەڵ دامەزراوە نێوانجیکەرەکانی بەهێزی تردا کە زانیارییەکە بۆ هاندان یان ئیستیغلالکردن بەرهەڤ دەکەن.

## مانای ونبووی بابەتییانەبوون

لەوانەیە لەبەرئەوەی بنەمای سەلماندن یەکجار کەسێنییە و یەکجار هەڕەمەکییانە دەردەبڕێت، بەشی بە یەکێک لە گەورەترین گێژەنەکانی رۆژنامەوانییەوە هەبێت- چمکی بابەتییانەبوون. مانای رەسەنی ئەم بیرۆکەیە ئێستا لێکدانەوەی تەواو هەڵەی بۆ کراوە و بەگشتی ون بووە.

کاتێک ڕەخنەگران بە لەخۆگرتنی زۆرێک لە ڕەخنەگرانی ڕۆژنامەوانیش چمکی بابەتییانەبوون ڕەت دەکەنەوە، ئەم ڕەتکردنەوەیان زۆربەی کات لەسەر ئەو بنەمایەیە کە هیچ کەسێک هەرگیز ناتوانێت بابەتییانە بێت. وەک دان گیلمۆری[٢٥٦] نووسیاری وی زێ میدیا[٢٥٧] لە گوتارێکی پڕ خوێنەری ٢٠٠٥ بەناوی "کۆتاییی بابەتییانەبوون" نووسیویەتی "ئێمە مرۆڤین. لایەنگری و پێشینە و جۆران ناکۆکیمان هەیە کە ڕۆژانە بۆ سەر کارەکانمان دەیانگوازینەوە". گیلمۆر جەختی لەوە دەکردەوە ڕۆژنامەنووسان واز لە وشەی بابەتییانەبوون بێنن و لەگەڵ تەواوەتی، وردبینی، دادپەروەری و دیوەدەری بیگۆڕنەوە.

گوتارەکەی ئەو تەنیا نوێترین گوتارە لەناو بەنزیکەیی هەشت دەیەی گوماناوییبوون بەرامبەر بە چمکی بابەتییانەبوون. بەڵام ئەوەی بەسەر بۆچوونەکەدا زاڵە، بەشێوەیەکی سەرەکی گێژەنێکە. کاتێک چمکی بابەتییانەبوون لە سەرەتاوە پەڕییەوە بۆ ناو ڕۆژنامەوانی، بەو مانایە نەبوو ڕۆژنامەنووسان پێویستە بێلایەن بن، بگرە تەواو بەپێچەوانەوە بوو.

دەستەواژەکە بەرەبەرە دەبووە بەشێکی ڕۆژنامەوانی لە سەرەتای سەدەی ڕابردوو، بەتایبەتی لە ١٩٢٠ەکاندا، لەبەرئەوەی تا دەهات زیاتر هەست بەوە دەکرا ڕۆژنامەنووسان تەواو لایەنگرن، لایەنگرییەک کە زۆربەی جار ناهۆشەکییانە بوو. بانگەشەکردنی ڕۆژنامەنووسان بۆ گرتنەبەری بابەتییانەبوون داوایەک بوو بۆ ئەوەی پەرە بدرێت بە ڕێبازێکی چەسپاو بۆ بەوردی تاقیکردنەوەی زانیاری- هەوڵێکی دیودەرانە بۆ بەڵگە - تاوەکو لایەنگرییە کەسێتی و کولتوورییەکان وردبینیی کارەکەیان لاواز نەکات.

لە سەدەی نۆزدەمدا ڕۆژنامەنووسان باسیان لە شتێک بەناوی ریالیزم دەکرد نەک بابەتییانەبوون. ئەمە ئەو بیرۆکەیە بوو ئەگەر هەواڵنێران ڕاستییەکان بدۆزنەوە و لە پەنا یەک ڕیزیان بخەن، هەقیقەت یەکجار سروشتییانە خۆی ئاشکرا دەکات. ریالیزم لە کاتێکدا سەری هەڵدا کە ڕۆژنامەوانی لە پارتە سیاسییەکان جیا دەبووەوە و زۆر وردبینتر دەبوو. ریالیزم بەنزیکەیی لەگەڵ داهێنانی ئەو شتەدا دەرکەوت کە ڕۆژنامەوانی بەهەرەمی هەڵگەڕاوی ناو دەبات هەرەمێک کە تێیدا

256. Dan Gilmor
257. We the Media

ڕۆژنامەنووس ڕاستییەکان لە گرینگترینەوە بۆ کەم بایەخترینیان ریز دەکات، چونکە پێی وایە ئەوە یارمەتیی جەماوەر دەدات سروشتیانە لە شتەکان تێ بگەن.

بەڵام لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا سادەییی ریالیزم بەرەبەرە هەندێک ڕۆژنامەنووسی تووشی نیگەرانی کرد. تا ڕادەیەک هەواڵنێر و نووسیاران تا دەهات پتر هەستیان بە بەرزبوونەوەی پڕوپاگەندە و ڕۆڵی پڕوپاگەندەکارانەوە دەکرد. کاتێک فرۆید[258] خەریکی پەرەدان بە تیۆرەکانی لەبارەی ناهۆش و نیگارکێشی وەک پیکاسۆ[259] کیۆبیزمیان[260] تاقی دەکردەوە، ڕۆژنامەنووسان گەشەیان بە ناسینەوەیەکی زیاتری خۆییبوونی (Subjectivity) مرۆیی دەدا. لە ١٩١٩دا واڵتر لیپمەن و چارڵز مێرز[261] کە نووسیارێکی هاوکاری نیویۆرک تایمز بوو بابەتێکی کاریگەر و دڵتەزێنیان نووسی لەو بارەوە کە چۆن چاوبەستە کولتورییەکان رووماڵکردنی شۆڕشی رووسیایان لەلایەن نیویۆرک تایمزەوە شێواندبوو. ئەوان نووسییان "بەگشتی هەواڵەکانی رووسیا نموونەیەکن لە دیتنی شتێک کە مرۆڤ حەزی کردووە ببینێت نەک ئەو شتەی کە رووی داوە". لیپمەن و ئەوانی تر دەستیان کرد بە گەڕان بۆ دۆزینەوەی ڕێگەی وا تاوەکو تاکەکانی ڕۆژنامەنووس "لە پێناو تێبینکردن، تێگەیشتن و پێشکێشکردنی هەواڵدا، روون بیر بکاتەوە و لە دەمارگیرییە ناماقووڵ و نەسەلمێنراو و دان پێنەنراوەکانی خۆی دابڕێت".

لیپمەن رای گەیاند "شایەتی لاوەکی رانەهاتووە" وا خەریکە کاری ڕۆژنامەنووسی دەکات. نیازپاکی یان ئەو شتەی هەندێک کەس بە "هەوڵی راستگۆیانە"ی ڕۆژنامەنووسانی ناو دەبەن، بەس نەبوو. هەروەها باوەڕ بە تاکگەراییی گڕی هەواڵنێری سەرسەخت ئەو شتەی لیپمەن بە "ڕەشبینیی پیشەکە" ناوی دەبرد، بەس نەبوو. بەهەمان شێوەش هەندێک نەریتی ئەو کات، وەک سەردێرنووسی یان ستووننووسی بەس نەبوون.

لیپمەن پێی وابوو چارەسەر ئەوەیە ڕۆژنامەنووسان "ڕۆحێکی زانستیی گەورەتر وەربگرن... تەنیا یەک جۆرە یەکەتیی ڕێ تێچوو لە دنیایەکی جۆرەوجۆری وەک دنیای خۆماندا هەیە. ئەوەش یەکەتیی رێبازە نەک ئامانج، یەکەتیی تاقیکردنەوەی

258. Freud
259. Picasso
260. Cubism
261. Charles Merz

بنەمادار". لیپمەن لێرەدا مەبەستی ئەوە بوو پێویستە رۆژنامەنووسان ئاواتەخواز بن بۆ "رێبازێکی رۆشنبیرانەی هاوبەش و تێگەیشتنێکی هاوبەش لە راستیی متمانەپێکراو". لە دەستپێکدا لیپمەن پێی وابوو بواری ساوای پەروەردەی رۆژنامەنووسی پێویستە لە "قوتابخانەی بازرگانییەوە کە بۆ پێگەیاندنی خەڵکانی خاوەن مووچەی بەرزترن لەناو کۆمەڵگە بەرقەرارەکاندا" بگۆڕێن. لە جیاتیی ئەوە پێویستە بوارەکە لێکۆڵینەوە لە بەڵگە و سەلماندن بکاتە بەردی بناغەی خۆی.

هەرچەندە ئەمە سەردەمێکی بیروباوەڕ بوو لە زانستدا، لیپمەن کەمێک خەیاڵیشی هەبوو. "گرینگ نییە کە هەواڵ هێزی دەربڕینێکی ماتماتیکیانەی نییە. لە ڕاستیدا تەنیا لەبەرئەوەی هەواڵ ئاڵۆز و خولیسکە[٢٦٢]، بۆ گوزارشکردنێکی باش پێویستە بەرزترین تایبەتمەندییەکانی زانستی پیادە بکرێن". بەواتایەکی تر مانای بنەڕەتیی ئەوەیە رۆژنامەنووس بابەتییانە نییە، بەڵام رێبازەکە دەکرێت بابەتییانە بێت. خاڵی سەرەکی لە رێکخستنی کارەکەدا بوو نەک لە ئامانجی.

ئەمرۆکە ئەو قسانە وێ دەچێت مەجازی بن. بەشی هەرە زۆری تێگەیشتنی سەردەمییانە لە بابەتییانەبوون لە ڕۆژنامەوانی ئەو شتەی پێچەوانە کردووەتەوە کە لیپمەن پێی وابوو کێشەیەکە و هەوڵی دەدا تیشک بخاتە سەری. زۆربەی خەڵک بابەتییانەبوون لە ڕۆژنامەوانی بە ئامانجێک دەزانن نەک رێبازێک و زۆر هاووڵاتی گاڵتەیان بەم بۆچوونە دێت، چونکە زانیارییەکی کەمیان سەبارەت بەو رێبازانە هەیە کە رۆژنامەنووسان رەنگە بیانگرنە بەر. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو بۆچوونەی کە ناکرێت ئامانجی بابەتییانەبوون بەبێ یەکەتی لە رێبازدا بێتە دی، وەک هەمیشە بۆ ئەمرۆکەش راست و دروستە. لە ڕاستیدا بۆچوونەکە لەو شتەی گیلمۆر وەک ئەلتەرناتیڤێک پشتیوانیی لێ کردووە، نزیک دەبێتەوە.

هەروەتر ئەم تێگەیشتنە بنەڕەتییە لە بابەتییانەبوون کۆمەڵێک بەرەنجامی گرینگی هەن کە بەتەواوەتی سەردەمییانەن بۆ تێگەیشتنێکی سەدەی بیست و یەکەمی لە میدیادا. یەکێکیان ئەوەیە دەنگی بێلایەنبوونی کە زۆر دامەزراوەی هەواڵی هەڵیان بڕیوە – ئەو ستایلە ئاشنا و بەڕواڵەت بێلایەنەی نووسینی هەواڵ- بنەمایەکی سەرەکیی ڕۆژنامەوانی نییە، بگرە زۆربەی کات ئامرازێکی یاریدەرە کە

٢٦٢ . sippy یانی خز، شتێکی کە بەئاسانی خۆی بەدەستەوە نادات.

دامەزراوەکانی هەواڵی بەکاری دێنن بۆ جەختکردن لەوەی لە هەوڵی ئەوەدان شتێکی دەستکەوتوو بە رێگەیەکی بابەتییانە بەرهەم بێنن. دووەم بەرەنجام ئەوەیە ئەم دەنگە بێلایەنە بەبێ بنەمای سەلماندن رووکەشێکە لەسەر شتێکی بەتاڵ. ئەو رۆژنامەنووسانەی ئەو سەرچاوانە هەڵدەبژێرن کە بۆچوونی خودی رۆژنامەنووسەکان دەردەبڕن و دواتر دەنگی بێلایەنبوون هەڵدەبڕن بۆ ئەوەی شتەکە بابەتییانە بێتە بەرچاو، خەریکی چەواشەکارین. ئەمە زیان بە ناوبانگی پیشەکە بەگشتی دەگەیەنێت، چونکە وای دەنوێنێت پیشەکە بێ بنەما، ناڕاستگۆ و لایەنگرانەیە. ئەمە هۆشدارییەکی گرینگە لە سەردەمێک کە ستانداردەکانی چاپەمەنی جێی گومانن.

ئەم بیرۆکەیە شایەنی دووبارەبوونەوەیە لە پێناو جەختکردنەوە. لەم تێگەیشتنە بنەڕەتییە لە بابەتییانەبووندا، بێلایەنبوون بنەمایەکی سەرەکیی ڕۆژنامەوانی نییە. تەنیا دەنگێکە، ئامرازێکە بۆ باوەڕهێنان بە جەماوەر سەبارەت بە وردبینی و دادپەروەریی کەسێک.

هەروەها جێی سەرنجە ئەوانەی لە چاپەمەنیی بازرگانیدا کار دەکەن، جا چ چەپڕۆ و چ ڕاستڕۆ، ئەوانەی کە ڕۆژنامەوانیی بۆچوونئامێز بەرهەم دێنن زۆربەی کات نکووڵی لە بابەتییانەبوون دەکەن و لە جیاتیی بانگەشە بۆ دادپەروەری دەکەن. فۆکس نیوز بانگەشەی "دادپەروەری و هاوسەنگی" بۆ خۆی دەکات. ئان کوڵتری[٢٦٣] ڕاستڕۆ حەز لە ئاشکراکردنی "درۆیەکانی" چەپڕۆیان دەکات. ئاڵ فرانکێنی[٢٦٤] چەپڕۆیش بانگەشەی"هەقیقیبوون" بۆ کتێبەکەی خۆی دەکات. ئەوانە دەنگدانەوەی هێرست و پولێتزر و چاپەمەنیی ورووژێنەری سەدەی نۆزدەمن کە پێیان وایە گوزارشی ورووژێنەریان لە هی ڕکابەرەکانیان تەواوترە. رۆژنامەکاران تەنانەت ئەوانەی لە ئاراستەی بۆچوونیی پیشەکەدا کار دەکەن، بەدەگمەن خۆیان بە مشتومڕیکاری بەتواناتر ناو دەبەن و لە جیاتیی خۆیان بە راست و دروستتر دەزانن.

بەرەنجامێکی تری مانای بنەڕەتیی بابەتییانەبوون وەک ڕێبازێک ئەوەیە، شێوازی گونجانی جۆرەکانی تری ڕۆژنامەوانیی ئەمەریکایی لەگەڵ بنەما فراوانەکانی

---

263. Ann Coulter
264. Al Franken

ڕۆژنامەوانی ڕێک دەخات. لەوانەش چاپەمەنیی نوێ کە بە شێوەیەکی نموونەیی لە ١٩٦٠ و ١٩٧٠کاندا لەلایەن چەپڕۆکانەوە دەرکەوت یانیش ڕۆژنامەوانیی کۆواری تایبەت بە بۆچوون کە لە تەواوی مەودای سیاسییەوە سەرچاوەی گرت. ئەگەر ڕۆژنامەوانی بە ڕاست و دروستی ڕێبازێکی پیشەییانە یان بنەمای سەلماندن و جۆرە یەکەتییەک لە ڕێبازدا بۆ ئەم پرۆسەیەی سەلماندنی ڕاستییەکان، دەست پێ بکات کەواتە دەتوانێت زنجیرەیەک شێوازی هەبێت (ئەمە بە وردەکاریی زیاترەوە لە بەشی دواتر لەبارەی مانای چمکی سەربەخۆیییەوە لە ڕۆژنامەوانیدا باس دەکەین).

وەک لیپمەن پتر لە هەشتا ساڵ پێش ئاماژەی پێ دا، یەکەتی لە ڕێباز نەک ئامانج ئەو یەکەتییەیە کە دەتوانرێت لە کولتوورێکی فرە لایەندا هەڵبەسەنگێنرێت و ئەو ڕێبازە پێوەندیی بە کۆکردنەوەی زانیاری نەک ستایلی پێشکێشکردنەکەیەوە هەیە. لیپمەن لە بانگەشەکردن بۆ هەستێکی بەهێزتری پیشەگەرانەبوون بەتەنیا نەبوو، هەرچەندە بەڵگەکانی یەکجار سەرنج ڕاکێشن. جۆزێف پولیتزر، داهێنەری گەورەی ڕۆژنامەنووسیی گەلپەروەرانە لە نەوەیەک پێش ئێستادا، قوتابخانەی دەرچووانی ڕۆژنامەوانیی لە زانکۆی کۆڵۆمبیا لە پێناو زۆرێک لە هەمان ئەو هۆکارانە دامەزراند، هەرچەندە هۆکارەکان کەمتر ڕوون کرابوونەوە. نیووزپێیپر گیلدیش[٢٦٥] بەگشتی لە پێناو ڕۆژنامەوانییەکی پیشەییانەوە دامەزرا.

بەڵام لەگەڵ تێپەڕینی ساڵەکان ئەم تێگەیشتنە بنەڕەتی و شارەزایانە لە بابەتییانەبوون یەکجار شێوێنرا و ماناکەی ون بوو. نووسەری وەک لیۆ ڕۆستن[٢٦٦] کە لێکۆڵینەوەیەکی کۆمەڵایەتیی کاریگەری لەبارەی ڕۆژنامەوانییەوە لە قەڵەم دا، زاراوەکەی بەو مانایە بەکار هێنا کە ڕۆژنامەنووسەکە بابەتییانەیە. جێی سەرسڕمان نەبوو کە هەستی بە ناتەواویی بیرۆکەکە کرد. جۆران بۆچوونی یاسایی کە بابەتییانەبوونیان بە ئەستەم زانیبوو بە هەمان شێوە بوون. زۆر ڕۆژنامەنووس هەرگیز لە ڕاستیدا لە مانای قسەی لیپمەن تێ نەگەیشتن. بەتێپەڕینی کات ڕۆژنامەنووسان هەستان بە ڕەتکردنەوەی دەستەواژەی بابەتییانەبوون کە بۆیان وەک سەرابێک بوو. ئەوان بەگشتی بوونە "شایەتی لاوەکی".

خەڵکی بواری چاپەمەنیی نوێ زۆربەی کات هەست بە دژایەتی دەکەن بەرامبەر بە

265. Newspaper Guild
266. Leo Rosten

ڕۆژنامەنووسانی میدیای بەناو کۆن بەبۆنەی باوەڕیان بە بابەتیانەبوون، لە کاتێکدا ئەو شتەی بەڕاستی ئەوان دابەش دەکات هەڵوێستیانە بەرامبەر بە دەنگی بێلایەن نەک چۆنیەتیی کۆکردنەوە و سەلماندنی زانیاری. خەڵکی ڕۆژنامەنووس زۆربەی کات بە شێوەیەکی سروشتی پەلکێشی کاری کۆواری وەک زێ نیویۆرک دەبن کە تێیدا ڕۆژنامەوانییەک بەرهەم دێن کە دەنگەکەی جیاواز نییە لەو شتەی چاپەمەنیی نوێ بەکاری دێنێت، یان تەنانەت بە شێوازەکانی خۆییانەتری هەواڵی تەلەڤزیۆنی.

لەم بەینەدا هەواڵنێران بەردەوام بوونە بۆ بێگەردکردنی ئەو چمکەی لە مێشکی لیپمەندا بوو، بەڵام بەزۆری ئەمەیان بەشێوەیەکی تایبەت بە خۆیان و بەناوی تەکنیک یان گوزارشکردنی رووتینەکان نەک ئامانجی گەورەتری ڕۆژنامەوانیی ئەنجام داوە. چمکی ڕێبازێکی بابەتییانە لە گوزارشکردن دابەش بووە، بە قسەی زارەکییەوە لە هەواڵنێرێکەوە بۆ هەواڵنێرێکی تر گوازراوەتەوە. بۆ نموونە ویلیام دێیمنی[267] دەروونزانی گەشەسەندن لە زانکۆی ستەنفۆرد[268] پێناسەی بۆ جۆران "ستراتیج" کردووە کە ڕۆژنامەنووسان بۆ سەلماندنی گوزارشەکەیان پەرەیان پێ داون. دێیمن پرسیاری لە دیمانەکراوانی خۆی کرد لە کوێ فێری ئەو چمکانە بوونە. وەڵامەکە بەگشتی ئەمانە بوون: بەتاقیکردنەوە و هەڵە، لە خۆمەوە یان لە هاوڕێیەکەمەوە. بەدەگمەن ڕۆژنامەنووسان گوتبوویان چەمکەکانیان لە قوتابخانەی ڕۆژنامەوانی یان لە نووسیارانیانەوە فێر بوونە. زۆر کتێبی بەسوود لەسەر بابەتەکە نووسراون. بۆ نموونە ئەو گرووپەی خۆیان بە هەواڵنێر و نووسیارانی لێکۆڵەر ناو ناوە، هەوڵیان داوە پەرە بە ڕێبازێک بدەن بۆ چۆنیەتیی سوود وەرگرتن لە گوتەی جەماوەر و بەڵگەنامەی خوێنراوە و داخوازینامەکان بۆ ئەوەی بە ئازادی زانیاری دابڕێژن.

بەڵام بەگشتی ئەم ستراتیجە نافەرمییانە بەیەکەوە ڕانەکێشراونەتە ناو ئەو بنەما یەکجار زانراوەیەی لیپمەن و ئەوانی تر لە مێشکیاندا بوو. هیچ شتێک نییە لە ڕێسایەکی ستانداردی تایبەت بە بەڵگە بچێت، وەک ئەوەی لە یاسا یان لە ڕێبازێکی ڕێککەوتن لەسەرکراوە بۆ تاقیکردنەوەیەک هەیە وەک لە ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکانی زانستی. بیر و بۆچوونە کۆنترەکانی تایبەت بە سەلماندنیش فراوان نەکراون بۆ ئەوەی لەگەڵ شێوازە نوێیەکانی ڕۆژنامەوانیدا بگونجێن. هەرچەندە

267. William Damon
268. Stanford

ڕۆژنامەوانی ڕەنگە توانیبێتی پەرە بە جۆران تەکنیک و بۆچوونی نوێ بۆ دەستنیشانکردنی ڕاستییەکان بدات، بەڵام کەمتری لە دەست هاتووە بۆ برەودان بە سیستەمێک بۆ تاقیکردنەوەی متمانەپێکراوبوونی شرۆڤەی ڕۆژنامەگەرانە.

لە هەمووان گرینگتر لە دەستپێکی سەدەی بیست و یەکەمدا ئەو بۆچوونەی کە ڕۆژنامەنووسان یان هەر کەسێکی تر دەتوانێت دەسترەسی بە گوزارشێکی ڕاست و دروستی شتەکانەوە هەبێت یان دەتوانێت ڕێبازێکی بابەتییانە بۆ سەلماندن بەکار بێنێت، لە مێشکی جەماوەردا شۆڕاوەتەوە. ئەمەش دەبێتە هەڕەشەیەک نەک تەنیا بۆ سەر چمکی ڕۆژنامەنووسی بگرە بۆ سەر توانای کۆمەڵگەی شارستانی بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و چارەسەرکردنی کێشەکانی. جیهانی جەماوەر دەبێتە گۆڕەپانێک بۆ تەنیا مشتومڕی پێچەوانە، نەک سازش و ڕێککەوتن و چارەسەر.

ئەگەر ڕۆژنامەنووسان دەبێت پاڵپشتی لەو بەهایانە بکەن کە بۆ ٢٥٠ ساڵ ڕێنوێنیی پیشەکەیان بووە یان تەنانەت خۆڕسکەکانی یەکەم تۆمارکەران لەوەتەی سیسیدیدزەوە[٢٦٩]، پێویستە لە بنەما و ڕێبازەکانی سەرەتا وەرگرتنی ڕاستییەکان بەدروستی و دواتر دۆزینەوەی ڕێگەیەک بۆ ئاشکراکردنی ئەو ڕێبازە بۆ جەماوەر تێ بگەن.

## ڕۆژنامەنووسیی ڕاگەیاندن بەپێچەوانەی ڕۆژنامەنووسیی سەلماندن

بە زۆر ڕێگە کولتووری میدیای سەردەم ئەو ڕێبازە سەلماندنەی ڕۆژنامەنووسان پەرەیان پێ داوە لاواز دەکاتەوە، ئەگەر بێتو ڕێبازەکە بەتەواوەتی ناو نەنرابێت یان ڕێک نەخرابێت. تەکنۆلۆجیا بەشی پێوە هەیە. جنێڤا ئۆڤرهۆڵسر[٢٧٠] لە کۆڕبەندێکی لێژنەی ڕۆژنانەنووسانی پەرۆشەوە پێی گوتین "ئینتەرنێت و نێکسیز[٢٧١] (لەگەڵ ئەو خزمەتگوزارییانەی لە ماوەی دەیەی رابردوو یان ئەولاتری بۆ هاوبەشیکردن و بلاوکردنەوەی ڤیدیۆ پەرەیان سەندووە) هەواڵ و قسەکان بەئاسانی دەخەنە بەردەست ڕۆژنامەنووسان بەبێ ئەوەی ئەوان لێکۆڵینەوەی خۆیان بکەن". ڕاستییەکان بوونەتە کالای مشە، بەئاسانی دەست دەکەون، هەڵدەپێچرێنەوە و دادەڕێژرێنەوە. لە سەردەمی سووڕانەوەی ٢٤ی سەعاتی هەواڵدا، ڕۆژنامەنووسان

269. Thucydides
270. Geneva Overholser
271. Nexis

ئێستاکە کاتێکی زیاتریان بەوە دەچێت بەدوای شتێک بگەڕێن کە زۆربەی جار شرۆڤەیە، بۆ ئەوەی بۆ سەر هەواڵەکانی بەردەستبوو زیادی بکەن و دواتر هەوڵ بدەن بەسەربەخۆیی راستیی نوێ بدۆزنەوە و بیانسەلمێنن. ئۆڤرهۆڵسر گوتی "کاتێک هەواڵەکە ترووکا، وەک ئەوە وایە هەموو هەڵسوکەوتی خەڵکەکە راست بێت. هەواڵەکە لەلایەن تاکە ئامرازێکەوە- راپۆرتێکی رۆژنامەیی یان تەلەڤزیۆنییەوە- بڕیاری لەسەر دەدرێت... تا ڕادەیەک لەبەرئەوەی دامەزراوە هەواڵییەکان خەریکە تەسکتر دەبنەوە و تا ڕادەیەکیش بەهۆی گوزارشی ئەلیکترۆنی، ئێمە هەموومان بەو شێوەیە کار دەکەین".

حاڵەتی ئاڵوگۆڕی کاندیدی سەرۆکایەتی تەنیا نموونەیەکە کە چۆن تەکنۆلۆجیا دەتوانێت پرۆسەی دڵنیابوونەوە لاواز بکات. کاتێک گۆر لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٥دا بانگەشەی دەکرد، چاپەمەنی هەستا بە پڕژانە سەر حەزی روواڵەتیی ئەو بۆ زێدەڕۆییکردن لە دەستکەوتەکانی رابردوو. هەواڵێک باسی لە "کێشەی پینۆکیۆ"[٢٧٢]یی گۆر کردبوو و یەکێکی تر بە "درۆزن" ناوی بردبوو و سێیەمیان بە "خەیاڵاوی". بەشێکی سەرەکیی بەڵگەکە لەو قسەیەی ئەو سەرچاوەی دەگرت کە گوایە گوتوویەتی شوێنی پاشماوەی ژەهراویی لاڤ کەناڵی لە بەشی سەرووی نیویۆرکدا دۆزیوەتەوە. کێشەکە ئەوە بوو گۆر هەرگیز ئەو قسەیەی نەکردبوو. ئەو بە گرووپێک قوتابیی ئامادەییی نیوو هەمپشایری[٢٧٣] گوتبوو کاتێک دەنگدەرێک باسی شارێکی ئاڵوودەبووی تێنێسی بەناوی توونی[٢٧٤] کردبوو، ئەو بۆ یەکەم جار لە هەڕەشەکانی پاشماوەی پڕ مەترسی تێ گەیشتبوو و ویستبووی لێپێچینەوەی یاساییان لێ بکات. گۆر بە قوتابیانی گوت "لەناو وڵاتدا بەدوای شوێنی هاوشێوەی ئەو گەڕام. شوێنێکی بچووکم لە بەشی سەرووی نیویۆرک بەناوی لاڤ کەناڵ دۆزییەوە. یەکەم لێپێچینەوەم لەسەر بابەتەکە دەست پێ کرد و توون لە تێنێسی ئەوەیان بووە هەرگیز نەتانبیستووە. بەڵام ئەوە ئەو شوێنە بوو کە هەموو شتەکە لەوێوە دەستی پێ کرد".

بەڵام رۆژی دواتری واشینتۆن پۆست گوتەکەی گۆری بەتەواوەتی بەهەڵە گواستەوە

272. Pinocchio کەسایەتییەکی ناو چیرۆکی منداڵان کە کاتێک درۆی دەکرد لووتی درێژ دەبوو
273. New Hampshire
274. Toone

"من ئەو کەسە بووم هەموو شتەکەم دەست پێ کرد". لە لێدوانێکی ڕۆژنامەنووسیشدا پارتی کۆماری گوتەکەی بۆ "من ئەو کەسە بووم کە هەموو شتەکەم دەست پێ کرد" گۆڕی. نیویۆرک تایمزیش هەمان گوتەی بەهەڵە گوازاوەی وەک واشینتۆن پۆست بڵاو کردەوە. زۆری نەبرد چاپەمەنی بڵاو بووەوە و کاری پێ کرد و پشتی بەو گوزارشە هەڵانەوە بەستبوو کە لە داتابێسی نێکسیز لەناو دوو ڕۆژنامەدا چاپ کرابوون. کەس سەرنجی لەوە نەدا کە ئەسۆشیێیتد پرێس[٢٧٥] گوتەکەی بەتەواوەتی گواستبووەوە. بابەتەکە روون نەبووە تا ئەو کاتەی قوتابییە ئامادەییەکان خۆیان گلەییان نەکرد.

کاتێک ڕۆژنامەنووسان بە هەوڵدان بۆ ئاوێتەکردنی تەوژمی بەردەوام بەرزەوەبووی زانیاری کە لە دەروازەگەلی نوێی زانیارییەوە تێ دەڕژێت، کاتێکی پتر دەبەنە سەر، مەترسییەکە ئەوەیە ڕەنگە ناکاراتر بن و زیاتر ببنە وەرگر نەک کۆکەرەوە. بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەمەش، تێگەیشتنێکی باشتر لە مانای بنەڕەتیی بابەتییانەبوون ڕەنگە یارمەتیدەر بێت بۆ دانانی هەواڵ لەسەر بناغەیەکی پتەوتر. ئێمە تەنیا کەسانێک نین کە دەرکیان بەمە کردبێت. فیل مێیر پرۆفیسۆری ڕۆژنامەوانی لە زانکۆی نۆرس کارۆلاینا گوتی "ڕۆژنامەوانی و زانست لەسەر هەمان ڕەگ و ڕیشەی عەقلانییەوە رواون، لەسەر ڕۆشنبیریی سەدەی حەڤدەم و هەژدەم هەمان ئەو شتەی کە بووە هۆی هەموارکردنەوەی یەکەم" هەروەها ئەو بیرۆکەیەی گوایە بەهۆی جۆرەوجۆریەتیی بۆچوونەکانەوە ئەگەری زۆرترە لە واقیع تێ بگەین "ڕێخۆشکەر بوو بۆ ڕێبازی زانستی... من پێم وایە ئەم پێوەندییەی نێوان ڕۆژنامەوانی و زانست دەبووایە تا بۆمان کرابا بگەڕێندرابایەوە... پێم وایە پێویستە جەخت لە بابەتییانەبوونی ڕێباز بکەین. ئەوەش ڕێبازی زانستییە مرۆڤایەتیی ئێمە، پاڵنەرە خۆییەکانمان... کە ئاراستەکراون بۆ بڕیاردان لەوەی چ شتێک بە ئامرازە بابەتییەکانەوە لێکۆڵینەوەی بۆ بکرێت".

ئەوەی لەم روانگەیەوە دەبینرێت ئەوەیە دادپەروەری و هاوسەنگی مانای نوێ وەردەگرن. ئەوان لە ڕاستیدا لە جیاتیی بنەمای بەرز، تەکنیک و ئامرازی یاریدەرن بۆ ڕێنوێنیکردنی ڕۆژنامەنووسان لە برەودان و سەلماندنی گوزارشەکانیان. ئەوانە هەرگیز نابێت لە پێناو خۆیان کاریان بۆ بکرێت یان وەک ئامانجی ڕۆژنامەنووس

275. Associated Press

بوروژێنرێن. گرینگییەکەیان لەوەدایە یارمەتیمان دەدەن بۆ نزیکتربوونەوە لە بەڵگەیەکی تەواوتر و گوزارشێکی باوەڕپێکراوتری ڕووداوەکان.

بۆ نموونە هاوسەنگی ڕەنگە سەرلێشێوێنەر بێت. ئەگەر ژمارەیەکی یەکجار زۆری زانایان بۆ نموونە پێیان وابێت گەرمبوونی جیهانی ڕاستییەکی زانستییە یان جۆرە چارەسەرێکی پزیشکی بەئاشکرا تەندروسترینە، ئەگەر بۆچوونێک بخوڵقێنرێت کە گوایە مشتومڕییە زانستییەکە بەیەکسانی دابەش بووە، ئەمە زیان بە هاوولاتییان و بە واقیعیش دەگەیەنێت. بەداخەوە زۆربەی جار هاوسەنگییە ڕۆژنامەوانییەکە بەگشتی شرۆڤەی هەڵەی بۆ کراوە بۆ ئەوەی ئەم جۆرە مانا بەنزیکەیی ماتماتیکییانە وەربگرێت، وەک ئەوەی وابێت هەواڵێکی باش ئەوەیانە ژمارەیەکی یەکسانی لێدوانی لە هەردوولاوە وەرگرتبێت. وەک ڕۆژنامەنووسان دەزانن زۆرجار پتر لە دوو لایەن لەناو هەواڵێکدا هەن و، هەندێک جار هاوسەنگکردنی ئەو لایەنەنانە بەیەکسانی ڕەنگدانەوەیەی ڕاستەقینەی واقیع نییە.

لە بەرامبەردا ڕەنگە دادپەروەریش لێکدانەوەی هەڵەی بۆ کرابێت، ئەگەر بێتو لە خودی خۆیدا بە ئامانجێک تەماشا بکرێت. دادپەروەری پێویستە بەو مانایە بێت ڕۆژنامەنووس بەرامبەر بە ڕاستییەکان و تێگەیشتنی هاوولاتی لە ڕاستییەکان دادپەروەر بێت. نابێت بەو مانایە بێت "ئاخۆ من بەرامبەر بە سەرچاوەکانم دادپەروەرم بۆ ئەوەی کەسیان نەڕەنجێت؟". هەروەها نابێت بەو مانایەش بێت "ئاخۆ هەواڵەکەی من بە شتێکی ڕەوا دێتە بەرچاو؟". ئەمە هەڵسەنگاندنی خۆییانەن کە ڕەنگە ڕۆژنامەنووس لە پێویستی بۆ کاری زیاتر لە پێناو سەلماندنی بەرهەمەکەی دوور بکەنەوە. بە واتایەکی تر دادپەروەریش هەروەها ڕێبازێکە نەک ئامانج و بەتەواوەتی خۆییانەیە.

ڕوونکردنەوەی ئەم بۆچوونە هەڵە هاوبەشانە و پەرەدان بە بنەمای سەلماندن ڕەنگە باشترین هەنگاو بن کە ڕۆژنامەنووسان دەتوانن بۆ برەودان بە جۆریەتیی هەواڵ و گفتوگۆی گشتی بیانگرنە بەر. لە دواییدا ئەم بنەمایە ئەو شتەیە ڕۆژنامەنووسی لە بوارەکانی تر جیا دەکاتەوە و هۆکارێکی ئابووری دەخوڵقێنێت بۆ درێژەدان بە ڕۆژنامەوانی. بنەمایەکی هۆشەکییانەتری سەلماندن باشترین دژە ژەهرە بەرامبەر بە زاڵبوونی ڕۆژنامەنووسیی نوێی ڕاگەیاندن و هەروەها بناغەیەک بۆ هاوولاتییان

دروست دەکات بۆ ئەوەی متمانە بە گوزارشەکانی ڕۆژنامەوانی بکەن.

ڕێبازێکی بەهێزتر و یەکگرتووتر و دیوەدەرتری سەلماندنی هەواڵ هەروەها دەبێتە تاکە هەنگاوی هەرە گرینگ کە ئەوانەی لە بواری ڕۆژنامەوانی کار دەکەن، دەتوانن بیهاوێژن بۆ تیشک خستنەسەر و ئەگەر پێویست بوو بۆ راستکردنەوەی ئەو بۆچوونە گەشەسەندووەی کە کاری رۆژنامەنووسی بەهۆی لایەنگرییەوە شێواوە. لەمبارەوە لە خوارەوە روونکردنەوەی پتر دەدەین.

ئاخۆ ئەم ڕۆژنامەوانییەی تایبەت بە ڕێباز نەک ئامانجی بابەتییانەبوون لە چی دەچێت؟ ئاخۆ هاووڵاتییان پێویستە لە چاپەمەنییەوە بۆ بنەمایەکی ماقووڵی گوزارشکردن چاوەڕێی چ شتێک بن؟ کاتێک ئێمە گوێمان لە رۆژنامەنووسان و هاووڵاتییان و ئەوانی تری پێوەست بە هەواڵەوە گرت و لە بۆچوونەکانمان کۆڵینەوە، بەرەبەرە کۆمەڵێکی چمکی سەرەکیمان بینی کە ژێرخانی بنەمای سەلماندنن. ئەوانە بنەمای عەقلانیی زانستێکی گوزارشکردنن:

١- هەرگیز شتێک زیاد مەکە کە بوونی نەبووە.

٢- هەرگیز جەماوەر هەڵمەخەڵەتێنە.

٣- تا دەتوانی لە ڕووی ڕێباز و پاڵنەرەکانتەوە دیوەدەر بە.

٤- پشت بە گوزارشی رەسەنی خۆت ببەستە.

٥- خاکەڕا بە.

با بەجیا تاقییان بکەینەوە

رەهەندێکی گرینگی ڕۆژنامەوانیی نوێی ڕاگەیاندن ئەوەیە چیرۆک هەستاوە بە سەپاندنی خۆی وەک بابەتی ناچیرۆکی. لە بواری جیاواز ناوی جیاوازی لێ نراوە. لە تەلەڤزیۆن بەرهەمهێنەران بە دۆکیۆدراما[٢٧٦] ناویان بردووە. لە جیهانی چاپەمەنی، هەندێک کەس وەک جێیمز فرێیی[٢٧٧] نووسەرژەنرای ژیننامەیان رفاندووە بۆ ئەوەی چیرۆک وەک واقیعی بایۆگرافییانە پێکشێش بکەن. لە ٢٠٠٦دا ئاشکرابوو فرێیی بەشی هەرە زۆری ژیننامەکەی خۆی بەناوی ئێ میلیێن لیتڵ پیسزی[٢٧٨] کردبووە چیرۆک.

276. Docudrama
277. James Ferry
278. A Million Little Piecesملیۆنێک پارچەی بچووک

بەڵام ئەوە هەمووی شتی لێ دروست بووە. لە هەندێک باردا شتەکە هەر درۆیە.

سەیرە کە کەسانێک لە ڕۆژنامەوانیدا هەن پێیان وایە گێڕانەوەی بابەتی ناچیرۆکی _ بەکارهێنانی ستایلی گێڕانەوە بۆ گوتنی بابەتی ناچیرۆکی- پێویستە ئاوێتەی بواری داهێنانەوە بکرێت. لیستێکی درێژی باشترین ستایلیستەکانی بواری گێڕانەوەی بابەتی ناچیرۆکیش کێشەکە دەرناخات، بەڵام کێشەکە وا گەورەتر دەبێت. بەشێوەیەکی مەجازی پێویستیش نییە. پێویست ناکات بابەتی ناچیرۆکیی گێڕانەوەیی داهێنان بکات تا سەرکەوتوو بێت. مارک کرەمر[٢٧٩] کاتێک پرۆگرامێکی لەبارەی نووسینی بابەتی ناچیرۆکیی گێڕانەوەیی لە زانکۆی بۆستن[٢٨٠] دەداوە، پەرەی بە کۆمەڵێک یاسای روون دا کە هەر ڕۆژنامەنووسێکی سنوور بۆ دانراوە یان ستایلیستێکی وێژەیی دەتوانێت جێبەجێیان بکات بۆ نموونە لەوەی پێوەندیی بە مۆنۆلۆجی ناوخۆییەوە هەبێت: "هیچ هزرێک نادرێتە پاڵ سەرچاوەکان مەگەر سەرچاوەکان بڵێن ئەوان ئەو جۆرە هزرانەیان هەبووە". ستیڤ لۆپێزی[٢٨١] ستوونووسی ڕۆژنامە کاتێک وەک نووسەر لەگەڵ کۆمپانیای هاوبەشیی تایمزدا کاری دەکرد گەیشتە ئەو ئەنجامەی یاساکان و ئامرازەکان رەنگە بەگوێرەی ستایلی چیرۆکەکە جیاواز بن، بەڵام بنەماکە یەک شتە: ئەگەر چیرۆکەکە نەسەلمێنرا، بەکاری مەهێنە. نووسەرێکی زێ نیویۆرک بۆ بەهێزکردنی ستایلی لە گێڕانەوەدا تێبینیی دا رەنگە جۆن مەکفی[٢٨٢] مەرجە سەرەکییەکانی بەباشترین شێوە کورت کردبێتەوە: "نووسەری بابەتی ناچیرۆکی لەگەڵ خوێنەردا باس لە خەڵکانی راستەقینە لە شوێنی راستەقینە دەکات. بۆیە ئەگەر ئەو خەڵکە بدوێن، تۆ ئەو شتە دەڵێیت کە ئەوان گوتوویانە. ئەو شتە ناڵێیت کە نووسەر پێی وایە دەبێت بیڵێن... نابێت گفتوگۆکان دابهێنیت. کەسایەتییەکی ئاوێتە دروست ناکەیت و... ناچیتە ناو مێشکیان (هی کەسایەتییەکان) و بۆیان بیر ناکەیتەوە. تۆ ناتوانیت چاوپێکەوتن لەگەڵ مردوودا بکەیت. کاتێک نووسەران ئەوە پێشێل بکەن، ناوبانگی ئەوانی تر کە وایان نەکردووە، بە ئاسانی دەخەنە ژێر پرسیار".

لە ١٩٨٠دا جۆن هێرسیی[٢٨٣] نووسەری براوەی خەڵاتی پوڵیتزری و نووسەری

279. Mark Kramer
280. Boston
281. Steve Lopez
282. John McPhee
283. John Hersey

هیرۆشیما[٢٨٤]، کە چیرۆکی کاریگەرییەکانی یەکەم بەکارهێنانی بۆمبی ناوەکییە لە شەڕی جیهانیی دووەمدا، هەوڵی دا بنەمایەک دابنێت بۆ ئەوەی ڕێخۆشکەر بێت بۆ ڕۆژنامەنووسی بۆ ئەوەی بەبێ بەزاندنی سنووری نێوان ڕاستی و چیرۆک، جێی متمانە بێت. لە زێ لێجند ئۆن لایسنزدا[٢٨٥] هێرسی باس لە ستانداردێکی ورد دەکات: هەرگیز شت دامەهێنە. فەلسەفەی شاراوەی ڕۆژنامەوانی ئەوەیە "هیچ شتێک لێرەدا دانەهێنراوە".

ئەمڕۆکە ئێمە وا بیر دەکەینەوە ستانداردی هێرسی، "هەرگیز دامەهێنە" پێویستی بە هەموارکردنەوە هەیە. لە کتێبەکەی، میدنایت ئین زێ گاردن ئۆڤ گود ئەند ئیڤڵ[٢٨٦]، جۆن بێرێنت[٢٨٧] کارەکتەری ئاوێتەی بەکار هێنا و کۆمەڵێک ڕووداوی لە یەک ڕووداو چڕ کردووە لە پێناو خوڵقاندنی کاریگەرییەکی دراماتیکی. ژینامەنووسی ڕۆناڵد ڕێیگان[٢٨٨]، ئێدمۆند مۆریس[٢٨٩]، پێی وابوو دەیتوانی ژیانی سەرکردەی پێشوو ڕوونتر بکاتەوە ئەگەر هاتبا و ئەو، ژینامەنووسەکە، کارەکتەرێک بووایە لەناو ئەو ژیانە. بەڵام ڕێکخستنەوەی دیالۆگ و بەکارهێنانی کارەکتەری ئاوێتە و چڕکردنەوەی ڕوواوەکان و جووڵاندنی خەڵک بەناو کاتدا داهێنانن.

لەگەڵ ڕۆی پیتێر کلارکی[٢٩٠] ڕۆشنبیری پلە بەرزی ئەنیستیتۆی پۆینتر لە سێینت پیتێرزبورگدا لە فلۆریدا، ئێمە پەرەمان بە جووتە بیرۆکەیەکی نوێی بۆ ئەو ڕۆژنامەنووسانە دا کە هەوڵ دەدەن تەنکاوەکانی نێوان ڕاستی و چیرۆک بجووڵێنن.

## شت زیاد مەکە

شتی وا زیاد مەکە کە ڕوویان نەدابێت. ئەمە مانای لە "هەرگیز دامەهێنە" یان شت لە خۆتەوە دروست مەکە زیاترە، چونکە هەروەها ڕێکخستنەوەی ڕووداوەکان بەگوێرەی کات و شوێن یان ئاوێتەکردنی کارەکتەر و ڕووداوەکانیش لەخۆ دەگرێت. ئەگەر فیکەی وریاکەرەوە لە ماوەی وێنەگرتنی هەواڵێکی تەلەڤزیۆنی لێ درا و بۆ

284. Hiroshima
285. The Legend of License ئەفسانی مۆڵەت
286. Midnight in the Garden of Good and Evil نیوەشەو لە باخچەی باشە و خەراپەدا
287. John Berendt
288. Ronald Reagan
289. Edmund Morris
290. Roy Peter Clark

کاریگەریی دراماتیکی لە پەردەیەکەوە بۆ پەردەیەکی تر گوازرایەوە، ئەوە خراوەتە سەر پەردەی دووەم. شتێک کە کاتی خۆی راستییەک بووە، بووەتە درۆ.

بەزۆری کاتێک خەڵک شت زیاد دەکات یان شتێک دەرازێنێتەوە، شتەکە دەشارێتەوە نهێنییەک کە لە خودی خۆیدا شیاوی قبووڵکردن نییە. ئەمە خاڵی سەرەکیی گوتاری رەسەنی هێرسی بوو کە لەناو کەسانی تردا بەرپەرچی نووسەر تۆم وڵفی[291] دابووە و، کاتێک نووسەرانی بابەتی ناچیرۆکی حەشاردانەوەکەیان داهێنا و دانیان پێدا نا، رەخنەگران و خوێنەران بەگشتی کاردانەوەیەکی لاوازیان هەبوو. ئێدمۆند مۆریس ژیننامەنووسی رۆناڵد رێیگان هەستی بەمە کرد کاتێک داچی[292] نووسی، ژیننامەی رێگەپێدراوی رۆناڵد رێیگان لە سەرەتای ژیانیدا پێش ئەوەی نووسەرەکە لە راستیدا هەر لەدایک بووبێت. مۆریس گوتی ئەو هەوڵی داوە باس لەوە بکات رێیگان چۆن خۆی پێ گەیاندووە، راستییەکی چیرۆکی. لە هەمان کاتدا ئەم تێهەڵکێشکردنەی فانتێزیا و واقیع کاریگەرییەکی کەم و زیانێکی زۆری بۆ بەرزکردنەوەی ناوبانگی کتێبەکەی هەبوو. "بۆچی دەبێت حەز بکەم بیخوێنمەوە؟"، نووسیاری پێشووی واشینتۆن پۆست، بێن برادلی لە کۆڕێک لە زانکۆی دەوڵەتیی نیویۆرک لە ئۆسوێیگۆ[293] لە پاییزی ٢٠٠٥دا وەک کاردانەوەیەک لە سەرسڕماندا گوتی.

## هەڵمەخەڵەتێنە

هەرگیز جەماوەر هەڵمەخەڵەتێنە. چەواشەکردنی خەڵک جۆرێکە لە درۆکردن و ئەو بیرۆکەیەی رۆژنامەوانی بەختکراوە بۆ واقیعییەت سووک دەکات. ئەم بنەمایە یەکجار نزیکە لە یەکەم بنەما. ئەگەر تۆ دەنگی فیکەی ئاگەدارکردنەوە هەڵبگریت و بە جەماوەری نەڵێیت، تو وا هەڵیان دەخەڵەتێنیت. ئەگەر دانان بەو کارەی ئەنجامت داوە شتەکە بەچاوی جەماوەرە ناپەسند دەکات، کەواتە شتەکە لە خۆیەوە دیارە نەشیاوە. ئەمە تاقیکردنەوەیەکی بەسوودە. ئاخۆ جەماوەر هەست بەچی دەکات ئەگەر بزانێت تۆ ئەو دەنگەت بۆ بەشێکی تری هەواڵەکە گواستووەتەوە بۆ ئەوەی

291. Tome Wolfe

292. Dutch یانی هۆڵەند

293. Oswego

دراماتیکیتری بکەیت؟ بە شیمانەی زۆرەوە ئەوان هەست دەکەن کارەکە ناپەسندە.

هەڵمەخەڵەتێنە بەمانای ئەوەیە ئەگەر کەسێک بەنیاز بێت دەست ببات بۆ هەر جۆرە تەکنیکێکی گێڕانەوە یان چیرۆکبێژی کە لە شێوازی هەرە دەقاودەقی گوزارشکردنی شایەتی بەچاودیتەوە جیاوازن، پێویستە جەماوەر بەوە بزانێت. راپرسییەک لەسەر رۆژنامەنووسان کە ئێمە ئەنجاممان دا، هاوڕاییەکی گشتیی دۆزییەوە لەبارەی گواستنەوەی قسە لە زاری خەڵکەوە. جگە لە گۆڕانی وشەیی بۆ راستکردنەوەی رێزمان، زۆربەی هەرە زۆری رۆژنامەنووسان پێیان وابوو ئەگەر وشەکانی ناو گوتەیەکی گواستراوە گۆڕابن یان چەند گرێیەک بۆ روونکردنەوە لابرابن- پێویستە ئاماژەیەک بۆ جەماوەر بنێردرێت- وەک بەکارهێنانی وشەپەڕاندن[٢٩٤] یان کەوانە.

بۆ رۆژنامەنووسێکیش کە ئەو گوتە یان رووداوانەی خۆی شایەتیان نەبووە، دادەڕێژێتەوە، "هەڵمەخەڵەتێنە" هەروەها بەو مانایەیە جەماوەر پێویستە بزانێت ئەم گوتە تایبەتانە دووبارە داڕێژراون و بشزانێت چۆن گوتەکانی دەستەدووەم سەلمێنراون. یاداشتێکی لێڵی نووسەرێک لە سەرەتا یان کۆتاییی کتێبێک یان چیرۆکێکدا تەنیا بە خوێنەران دەڵێت "هەندێک لە دیمانەکان داڕێژراونەتەوە" کەموکووڕیی تێدایە. کام دیمانە؟ چۆن داڕێژراونەتەوە؟ ئەم جۆرە راگەیاندنە ناڕوونانە، لە بنەڕەتدا راگەیاندن نین. ئەوانە لە ڕاستیدا دەچنە خانەی خۆ دەربازکردنەوە.

ئێمە پێمان وایە ئەم دوو بنەمایە- زیاد مەکە و هەڵمەخەڵەتێنە- وەک رێنیشاندەر لە خزمەت ئەو رۆژنامەنووسانەدان کە بەناو هێڵی نێوان راستی و چیرۆکدا دەجووڵێنەوە. بەڵام ئاخۆ ئێمە وەک هاووڵاتی، چۆن بزانین کام ڕۆژنامەوانی جێی متمانەیە؟ لێرەدا کۆمەڵێک چمکی تر یارمەتیدەرن.

294. Ellipsis

واتە لادانی هەندێک وشە کە بێ دەقەکەوە. دیارن. هەندێک جار بۆ ڕێگە گرتن لە دووبارەبوونەوەی وشەکان ئەم شێوازە بەکار دێت.

## دیوەدەری

ئەگەر رۆژنامەنووسان وێڵی واقیع بن، کەواتە مانای ئەوەیە پێویستە راستگۆ و راستەڕێش بن بەرامبەر بە جەماوەریان پێویستە پێشکێشکاری هەقیقەت بن. ئەگەر هیچ شتێکی تریش نەبێت، ئەم بەرپرسیاریەتییە رۆژنامەنووسان پابەند دەکات ئەوەندەی بکرێت لەگەڵ جەماوەر کراوە و راستگۆ بن سەبارەت بەو شتەی دەیزانن و ئەوەی نایزانن. تۆ چۆن دەتوانیت ئیدیعای ئەوە بکەیت لە هەوڵی ئەوەدایت هەقیقەت رابگەیەنیت، ئەگەر بە پلەی یەکەم لەگەڵ جەماوەر راستگۆ نەبیت؟

تاکە رێگەی کرداری بۆ ئەوەی لەگەڵ خەڵک راستگۆ بیت سەبارەت بە زانیارییەکەت ئەوەیە تا بکرێت سەرچاوە و رێبازەکانت ئاشکرا بکەیت. چۆن بەو زانیارییەت زانیوە؟ سەرچاوەکانت کێن؟ زانیارییەکانیان تا چ رادەیەک راستەوخۆن؟ ئاخۆ چ لایەنگرییەکیان رەنگە هەبێت؟ ئاخۆ گوتەی دژیەک لە ئارادان؟ ئێمە چ شتێکمان لێ نارۆونە؟

ناوی لێ بنێ هێزی دیودەری. ئێمە ئەم بیرۆکەیە بە گرینگترین تاکە توخم لە داڕشتنی بنەمایەکی باشتری سەلماندن دەزانین.

زۆربەی ئەو کۆسپانەی رۆژنامەنووسان لە کاتی هەوڵدان بۆ گواستنەوە لە وردبینییەوە بۆ هەقیقەت تووشیان دەبن، لە رێگەی راستگۆبوون بەرامبەر بە سروشتی زانیارییەکەیان و هۆکاری متمانەکردنیان بە زانیارییەکە و ئەو هەوڵانەی داویانە بۆ فێربوونی زیاتر، ئاماژەیان پێ دراوە یان کۆنترۆڵ کراون.

دیودەری باشەیەکی گرینگی تریشی هەیە: ئاماژە بە رێزگرتنی رۆژنامەنووس لە جەماوەر دەکات. رێگە بە جەماوەر دەدات هەڵسەنگاندن بکات بۆ راست و دروستیی زانیارییەکە و ئەو پرۆسەیەی بەهۆیەوە بەردەست بووە و پاڵنەر و لایەنگرییەکانی ئەو رۆژنامەنووسی دابینی کردووە. ئەمەش دیودەری دەکاتە باشترین پەرژین لە دژی هەڵە و هەڵخەڵەتاندن لەلایەن سەرچاوەکانەوە. ئەگەر باشترین زانیاریی رۆژنامەنووسێک هەیەتی لە سەرچاوەیەکی رەنگە لایەنگرەوە دابین کرابێت، ناوهێنانی سەرچاوەکە شیمانەی لایەنگرانەبوونی زانیارییەکە ئاشکرا دەکات و رەنگە بواری هەڵخەڵەتاندنیش بە سەرچاوەکە نەدات.

دیودەری هەروەها یارمەتیدەرە بۆ چەسپاندنی ئەو بیرۆکەیەی ڕۆژنامەنووسی پاڵنەرێکی بەرژەوەندیی گشتی واتە گرینگترین خاڵ بۆ وەدەستهێنانی متمانەی لە پشتە. ئەم مەیلەی ڕۆژنامەنووس بۆ دیودەری لەبارەی کارەکەیەوە، لە چەقی کارکردندایە بۆ چەسپاندنی ئەو بیرۆکەیەی ڕۆژنامەنووس باس لە هەقیقەت دەکات. درۆ یان هەڵە لەوەدایە وا بنوێنرێت هەموو شت دەزانین یان ئیدیعای زانیارییەکی زۆرتر بکەین، لەوەی هەمانە.

چۆن هێزی دیودەری کار دەکات؟ لە سەرەوە دەست پێ دەکات، لەو شوێنەی کە ڕەنگە بە مانای کۆبوونەوە گشتی و لێدوانەوە بێت یان ستوونەکانی نووسیارانە و بەڕادەیەکی زۆریش لە ماوەی ناکۆکیدا. لە واشینتۆن پۆستدا لیۆنارد داونی نووسیار ستوونێکی نووسی بۆ ڕوونکردنەوەی جیاوازیی نێوان هەواڵ و لاپەڕەکانی نووسیاری لەو ڕۆژەی ڕۆژنامەکە پشتیوانیی بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی دەربڕی. بۆ ناو چیرۆکی جیاجیا شۆڕ دەبێتەوە و داوای وردەکاری دەکات. ئەگەر لە پارچە دەقێکدا هاتبێت "شارەزایان دەڵێن" ئاخۆ هەواڵنێرەکە لە ڕاستیدا لەگەڵ چەند شارەزا دواوە؟ لەوانەیە بەبایەخترین شت لەبارەی چمکی سادەی دیودەری ئەوە بێت کە هاوپەیمانە سروشتییەکەی نەخشەی کراوە و نوێی ئینتەرنێتە. پێوەندیی دووسەرە ڕێگە بە کڕیارانی هەواڵ دەدات گرینگترین ئەو پرسیارانە بکەن کە بەهۆیانەوە دەتوانن ڕاست و دروستیی ئەو زانیارییەی پێیان دەدرێت، هەڵبسەنگێنن. " تۆ چۆن ئەمە دەزانیت؟". پرسینی ئەمە لە دابینکارانی هەواڵەکە هاندەرە بۆ هەڵسەنگاندنێکی ڕوونی سەرچاوەی ڕەسەنی لێدوان و بڕیار و وەسف و واقیعەکان.

ئەم پێناسەکردنە ڕوون و پڕ وردەکارییەی سەرچاوەکان کاریگەرترین شێوازی دیودەریی بەردەستی ڕۆژنامەنووسانە و بناغەی پێوەندییەکی کراوەتر لەگەڵ دواین کڕیار پێک دێنێت. لە ٢٠٠٢دا لۆس ئەنجلس تایمز پرسیارەکەی تەنانەت بە پەراوێزی چڕوپڕ لەبارەی سەرچاوەی لێداونەکان و واقیع و ڕووداو و زانیاریی تری ناو ئێنریکس جێرنی[٢٩٥] زنجیرەیەکی شەش بەشی براوەی خەلاتی پولیتزر بوو لەبارەی هەرزەکارێکی هیندوراسی کە بۆ دۆزینەوەی

295. Enrique's Journey گەشتی ئێنریک

دایکی بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان سەفەر دەکات. پتر لە ٧٠٠٠ وشەی پەراوێزی گێڕانەوەکە لە پێناسەکردنی زۆرەوە دەپارێزن، بەڵام هەروەها زانیاریی پڕ وردەکاری لەبارەی سەرچاوەکانەوە بۆ خوێنەر دابین دەکەن.

لەوەتەی یەکەم چاپی ئەم کتێبە لە ٢٠٠١دا بڵاو بووەوە، چەمکی دیودەری لە ڕۆژنامەوانیدا خێراییەکی بەرچاوی وەرگرتووە. وێب و دەروازە کراوەکانی بۆ مشتومڕیی ڕۆژنامەوانی و ڕەخنە و گوتەگوت- وەک بلۆگی ڕۆمێنێسکۆی[٢٩٦] ئەنیستیتۆی پۆینتر یارمەتیدەرە بۆ هاندانی دامەزراوەکان بۆ ئەوەی لە ڕوونکردنەوەی کارەکەیاندا راشکاوتر بن. ڕۆژنامەی وەک مۆدێستۆ بی[٢٩٧] یان ئۆستن ئەمێریکەن ستێتسمێن[٢٩٨] بلۆگی وایان خستووەتە کار کە نووسیارانی بڕیارەکانی ژووری هەواڵ شی دەکەنەوە، وەک ئەوەی چۆن و بۆچی ئەوان بەو کارەی دەیکەن هەستاون، چۆن بڕیار دەدەن چ بابەتێک بڵاو بکرێتەوە و چۆن بڕیار لەسەر هەواڵەکانی لاپەڕەی یەکەم دەدەن.

ڕۆژنامەکان هەروەها ئینتەرنێت بۆ فراوانکردنی هەواڵە بڵاوکراوەکانی تایبەت بە پرۆژەیەکی درێژتری خاوەن داتابێیس و بەڵگەنامەی ڕەسەن و ڕێباز یان ڕەنگ و دەنگی دیمانە لەگەڵ سەرچاوەکان یان پەیامنێرانی هەواڵێک، بەکار دێنن. بەڵام جێبەجێکردنی دیودەری لە ڕۆژنامەوانیدا هەر لە گەشەسەندندایە.

بوارێک کە تێیدا ڕۆژنامەنووسان هەوڵیان دابێت دیودەرتر بن، بۆ نموونە، لە ڕوونکردنەوەی سەرچاوە ناونەبراوەکانە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو نموونانەی دەیانبینین زۆربەی جار وەک کێماسییەک و هەندێک جار تەنانەت وەک هەڵەیەک، دێنە بەرچاومان. هەواڵێکی نیویۆرک تایمز لە تشرینی دووەمی ٢٠٠٥ لەبارەی دەرمانخواردن بە بڕیاری خۆ، کاتێک گوتەیەکی لەسەر زاری کەسێکەوە گواستەوە کە ئەو جۆرە خۆدەرمانییەی کردبوو، هەوڵی بۆ دیودەری دا. ڕۆژنامەکە تەنیا بە کەسرین کێی[٢٩٩] ناوی هێنابوو. "کەمێک دەرمانم دەست کەوت و دواتر بای پێویستم لەناو هاوڕێکانم بڵاو کردەوە. من زۆربەی جار دەزانم باسی چی دەکەم"، کاسرین کێیی دانیشتووی مەنهاتن گوتی کە وەک زۆرێک لە خەڵکی دیمانەکراو بۆ ئەم بابەتە

296. Romenesko
297. Modesto Bee
298. Austin American statesmen
299. Catherine K

حەزی نەکرد ناوی خێزانی بهێنرێت مەبادا هەڵسوکەوتی تووشی کێشەی بکات لەگەڵ بەڕێوەبەرەکەی و دەسەڵاتدارانی جێبەجێکاری یاسا یان لانی کەم دایک و باوکی.

هۆکاری حەزنەکردنی کاسرین بۆ ناوبردنی ئاشکرایە. ئەوەی کە ڕۆژنامەکە ئەم ویستەی بۆ ئەوە هێنایە دی پێوەندیی بە جەماوەرەوە هەیە. ئاخۆ لەبەر ئەوە بوو ڕۆژنامەکە لەوە دەترسا ئەو لەگەڵ دایەبابی تووشی کێشە بێت؟

یان بیر لە ئەم هەواڵەی نایت رایدر بکەوە لەبارەی گوتاری ساڵانەی سەرۆک بۆ کۆنگرێس لە ٢٠٠٦. لە گوتارەکەیدا جۆرج دەبلیو بوش بەڵێنی دا هاوردەی ئەمەریکا لە نەوتی ڕۆهەڵاتی ناوین تا ٢٠٢٥ پتر لە ٧٥٪ داببەزێنێت. ڕۆژی پاش گوتارەکە ئەندامانی کابینەی بوش بە هەواڵنێرانیان گوت نموونەکەی ڕۆهەڵاتی ناوین نابێت دەقاودەق وەربگیرێت. نایت رایدر نووسی "لەبارەی ئەوەی ئاخۆ بۆچی سەرۆک وشەکانی ڕۆهەڵاتی ناوینی بەکار هێنا کاتێک بەڕاستی مەبەستی ئەو وشانە نەبووە، کاربەدەستێکی حکومەت گوتی بوش ویستی بابەتەکە ورووژێنەر بکات بەشێوەیەک کە "هەر ئەمەریکاییەک کە دانیشتووە و گوێ لە گوتارەکە دەگرێت، تێ بگات". کاربەدەستەکە تەنیا بە مەرجی ناونەهێنانەوە لێدوانی دا چونکە لەوە دەترسا گوتەکەی تووشی کێشەی بکات.

دووبارە ئێمە دەزانین بۆچی کاربەدەستی حکومەتی بوش داوای ناونەهێنانی لە پێناو خۆی کردووە، بەڵام نازانین ئاخۆ بۆچی ڕۆژنامەنووسانی نایت رایدر بڕیاریان دا بیپارێزن.

خاڵی سەرەکی ئەمەیە: هێزی دیودەری سەرەتا پێوەندیی بە پرسیارکردنی ڕۆژنامەنووس لەبارەی هەر ڕووداوێکەوە هەیە، "ئاخۆ پێویستە جەماوەری من چی بزانێت بۆ هەڵسەنگاندنی خودی ئەم زانیارییە؟". ئەمەش بە مانای ڕوونکردنەوەیەکی تا ئەوپەڕی بەسوودە سەبارەت بەوەی ئاخۆ دامەزراوەکە چۆن زانیارییەکانی خۆی وەدەست هێناوە.

بنەمایەکی تری دیودەری پێوەندیی بە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەوە هەیە "ئاخۆ هیچ شتێک هەیە لە چۆنیەتیی مامەڵەکردنمان لەگەڵ ئەمە کە پێویستی بە ڕوونکردنەوە هەبێت، بە لەخۆگرتنی هەر بڕیارێکی ناکۆک لەبارەی هێشتنەوەی

هەندێک شت و قورتاندنی هەندێکی تر؟". لە سەردەمێکی گومانکردن لە رۆژنامەنووسان روونکردنەوەی پتر لەبارەی ئەو بڕیارانەی رەنگە بە هەڵە لێک بدرێنەوە، شتێکی یەکلاکەرەوەیە. پرسی پاڵنەر و بڕیاردان بۆ هەڵسەنگاندنەوەی بابەتییانەبوونی چاپەمەنی پێویستە.

سێیەم بنەمای هێزی دیودەری پێوەندیی بە شتێکەوە هەیە کە پێچەوانەی کاری زۆربەی رۆژنامەنووسانە، رۆژنامەنووسان پێویستە دان بەو پرسیارانە بنێن کە هەواڵەکانیان وەڵامیان بۆ دابین ناکەن. بەشێوەیەکی نەریتی رۆژنامەنووسان وا فێر کرابوون هەرگیز پرسیار لە شتێک نەکەن کە لە هەواڵەکەدا نەتوانرێت وەڵامی بدرێتەوە. وا بنوێنە هەواڵەکان بێ کەلەبەرن و هەموو زانیارییەکیان تێدایە. هەرگیز وا مەنوێنە نازانیت. تەنیا ناڕاستەوخۆ باس لە کەلەبەرەکان بکە. لە سەدەی بیست و یەکەمدا کاتێک رۆژنامەنووسان ناتوانن کۆنترۆڵی هەموو شتێک بکەن، جەماوەر باسی رووداوە گشتییەکان دەزانێتەوە، کاتێک رۆژنامەنووسان ئیتر دەروازەپارێز نین، ئەو بۆچوونە ئیدی ماقووڵ نییە، ئەگەر کاتی خۆیشی هەر ماقووڵ بووبێت.

ئەم بۆچوونانە لەبارەی دیودەرییەوە دەتوانیت کێشەیەکی بێ ژمار چارەسەر بکات. بیر لە حاڵەتی ریچارد جووڵ[٣٠٠] بکەوە. ئاتلانتا جۆرناڵ کۆنستیتیوشن ئەو هەواڵەی بڵاو کردەوە گوایە پۆلیس بۆ ماوەیەکی کورت وای زانیبوو جووڵ رەنگە بۆمبدانەرەکەی ئۆلەمپیکی ١٩٩٧ بووبێت. هەواڵەکە لە سەرچاوەکانی جێبەجێکاری یاساوە دابین کرابوو کە نەیانویستبوو ناویان ئاشکرا بکرێت و گوتبوویان جووڵ کە سەرەتا بەبۆنەوەی ئاگادارکردنەوەی پۆلیس لە بۆمبەکەی ناو بۆڕییەکەوە وەک قارەمان تەماشا دەکرا، بووەتە گومانبارێک لە لێکۆڵینەوەکەدا. هەواڵەکە هەروەها گوتبووی جووڵ لەگەڵ وەسفی "بۆمبدانەرێکی سەڵت"ەوە دەگونجێت.

ئەوەی شتەکەی ئاڵۆزتر کرد ئەوە بوو رۆژنامەکە دەبوایە لەگەڵ یاساکانی خۆیدا مامەڵەی کردبایە کە رێگەی بە بەکارهێنانی سەرچاوەی نەناس نەدەدا. کەواتە چۆن جۆرناڵ کۆنستیتیوشن مامەڵەی لەگەڵ هەواڵەکەدا کرد؟ ئەو شتەی بەکار هێنا کە رۆژنامەکە بە رێبازی "سروشی خوایی" ناوی دەبرد و تێیدا رۆژنامەنووسان ئەم زانیارییەیان نەدایە پاڵ کەس، بگرە بەتەنیا بەناوی تێگەیشتنی خۆیان لە راستییەکانەوە دەریان بڕی.

300. Richard Jewell

هەواڵە هەرگیز باسی لەو هەموو شتانە نەکرد کە پۆلیس نەیدەزانین. لەوانەش ئەو راستییەی پۆلیس هیچ بەڵگەیەکی بەرجەستەی لە بەردەست نەبوو بۆ لکاندنی جووڵ بە تاوانەکە. هەروەها پۆلیس وەک تۆمەتبار چاوپێکەوتنی لەگەڵی نەکردبوو. هەروەتر پۆلیس هێشتا نەگەیشتبووە خشتەیەکی کاتی بۆ ئەوەی بزانێت ئاخۆ جووڵ توانیویەتی ئاگەدارییەکە بە پۆلیس بدات و هێشتاش لەو ماوەیەدا بگاتە ئەو شوێنەی کۆڵەپشتییەکی لێ دۆزییەوە لەو ماوەی دیاریکراودا.

هەواڵەکە پێداگریی لەوە دەکرد هیچ شتێکی هەڵەی وەرنەگرتووە. تەنیا بیرۆکەی پۆلیسی بڵاو کردووەتەوە. بەڵام ئەگەر دامەزراوە هەواڵییەکە تێبینیی ئەوەی کردبا هەموو ئەو شتانەی پۆلیس هێشتا مابووی بۆ ئەوەی گومانەکەی لەسەر جووڵ ساخ بکاتەوە، هەواڵەکە رەنگە کەمتر تووڕەکەر و زۆر تەواوتر و راست و دروستتر بوایە. هەروەها رەنگە پێشگیریی لەو شتە کردبایە کە بووە داوایەکی یاسایی بۆ ماوەی چەندین ساڵ.

هێزی دیودەری هەر هەمان بنەمایە کە رێبازی زانستییانە بەڕێوە دەبات: روونی بکەوە تۆ چۆن شتەکەت زانیوە و بۆچی بڕوات پێیەتی تاوەکو جەماوەریش بتوانێت هەمان شت بکات. لە زانستدا راست و دروستیی تاقیکردنەوەیەک یان بابەتییانەبوونی بەوە پێناسە دەکرێت کە ئاخۆ کەسێکی تریش دەتوانێت هەمان تاقیکردنەوە دووبارە بکاتەوە. لە رۆژنامەنووسیشدا تەنیا بە شیکردنەوەی چۆنیەتیی بەدەستهێنانی زانیارییەکەمان دەتوانین لەم بیرۆکەیە نزیک ببینەوە کە ئەگەر خەڵک بیەوێت، بتوانێت گوزارشەکە دووبارە بکاتەوە. ئەمە مانای بابەتییانەبوونە لە رێبازی زانست یان ڕۆژنامەوانی.

تەنانەت کاتێک واڵتر لیپمەن بەرەبەرە گومانی پەیدا دەکرد لەوەی ئاخۆ رۆژنامەنووسان بەڕاستی توانای ناسینەوەی راستییان هەیە، ئەو ئەمەی ناسییەوە:

هیچ بیانوویەک یان پاساوێک، جا بە هەر جۆرێک بێت، نییە بۆ ئەوەی شەش جار بڵێت لێنین[٣٠١] مردووە کاتێک تاکە زانیارییەکی بەردەستی رۆژنامەکە هەواڵێکە لەبارەی مردنی ئەو و لە سەرچاوەیەکەوە هاتووە کە بەردەوام بە باوەڕپێنەکراو

301. Lenin

دەرکـــەوتووە. هـەواڵەکـــە، لەو روانگەیەوە، ئەوە نیـــیـــە "لێنین مـــردووە"، بگرە "هێلسـینگفـر[302] دەڵێت لێنین مـردووە" و، رۆژنامـەکـە دەتوانرێت داوای لێ بکرێت بەرپرسـیـاریەتیی ئەوە بگرێتە ئەستۆ لێنین زیاتر لەوەی سـەرچاوەی هەواڵەکە لێی دڵنیـــایـە، نەمـــرێنێت. ئەگـــەر تاکـــە بابەتێک هەبێت کـە نـووسـیــاران زیاترین بەرپرسـیـاریەتیـیـان بەرامـبـەری هەبێت، ئەوە هەڵسـەنگاندنی راست و دروسـتـیی سـەرچاوەکەیە.

بەداخـەوە زۆرجار رۆژنامـەنووسی باس لە رێباز و پاڵنەر و سـەرچاوەکان ناکات. هەواڵەکانی تۆڕی تەلەڤزیۆنی، هەڵبەتە لەو ڕووەوە، تەنیا دەڵێن "سـەرچاوەکان رایان گەیاند"، رێگەیەک بۆ بەفیڕۆنەدانی کات لە وەشاندا.

لەگەڵ ئەوەشـدا زۆربەی ئەو سـەرچاوانە بەدەگمـەن نهێنین. بۆ نموونە لە ٢٠٠٣دا، ٤٣٪ی هـەواڵەکـانی سێ گـەشـتی هەواڵی بـازرگـانی کـاتی شـەوانە سـەرچاوەی وای تێدا بوو کە بۆ جەماوەر نەناس بوون، لە ٢٠٠٤دا ناوپارێزیی سەرچاوە بۆ ٥٣٪ بەرز بووە. لە زۆربـەی نووسـینگەکـانی کـاپیـتـۆڵ هیڵ[303] بە هـەمـان شـێـوە یاسـایەکی بەرقـەرارە کـە هـەواڵنێـران هـەمـوو کـات گـوتەی سـەرچاوەی بە نـاوپارێزییـەوە وەربگیرێت.

بێبەشکردنی جەماوەر لە زانیاری بەم شێوەیە هەڵەیە. کاتێک هاووڵاتییان پتر لە رۆژنامەنووسان و دامەزراوە سیاسییەکان دەکەونە گومانەوە، ئەمە هەروەها زیان بە جەماوەر دەگەیەنێت و گومانێکی پتر دەخاتە سەر ڕۆژنامەوانییەوە.

### هەڵخەڵەتاندنی سەرچاوەکان: دەرهاوێشتەیەکی دیودەری

هێـزی دیودەری هەروەها بـە مـانای شـتـێکە لەبارەی ئەو رێگەیەی رۆژنامـەنووسـان مـامـەڵە لەگەڵ سـەرچاوەکانیـان دەکەن. ئاشکرایە لە پرۆسـەی هەوڵدان بۆ گەیاندنی واقیع بە جـەماوەریان پێویسـتـە رۆژنامەنووسـان درۆ لەگەڵ سـەرچاوەکانیان نەکەن یان فریویان نەدەن.

بەداخـــەوە رۆژنامـــەنووســـان بەبێ ئەوەی بەتێـروتەســەلی بیـریان لە بنەمـــاکـــە کـردبێـتـــەوە، هەمــوویان زۆربەی جـــار نەیانتـوانیـوە لەمـــە تێ بگەن. فـریـودانی

302. Helsingfor
303. Capitol Hill

سەرچاوەکان و راشکاونەبوون لەگەڵیان سەبارەت بەمەبەستی راستەقینەی هەواڵەکە و تەنانەت تەنیا درۆکردن لەگەڵ سەرچاوەکان سەبارەت بەمەبەستی هەواڵەکان هەر هەموویان تەکنیکی کۆمەڵێک رۆژنامەنووسن کە بەناوی گەڕان بەدوای هەقیقەتدا کاریان پێ کردووە. لە کاتێکدا لە یەکەم روانینەوە رەنگە راشکاوی وەک کەلەمچەیەک بۆ هەواڵنێرانەوە بێتە بەرچاو، بەڵام لە زۆربەی حاڵەتەکاندا وا نییە. زۆر هەواڵنێر دەرکیان بەوە کردووە راشکاوی کاریگەرییەکی زۆری پێ بەخشیون. جیل زوکمنی[304] هەواڵنێری سیاسیی پێشوو لە بۆستن گلۆب[305] بە ئێمەی گوت "هەستم بەوە کردووە باشترە هەموو کات لەگەڵ سەرچاوەکان راشکاو بم و پێیان بڵێم چی دەکەم و مەبەستم چییە". جێی ماتیۆسی[306] هەواڵنێری واشینتۆن پۆست لەوە راهاتووە رەشنووسی هەواڵەکانی پێشانی سەرچاوەکانی بدات. ئەو پێی وایە ئەوە راست و دروستی و تایبەتمەندیی هەواڵەکانی زیاتر دەکات.

لە هەمان کاتدا پێویستە رۆژنامەنووسان لە سەرچاوەکانیانەوە چاوەڕێی هەمان راستگۆیی بن. ژمارەیەکی بەردەوام بەرزبووەی رۆژنامەنووسان پێیان وایە ئەگەر ئاشکرا بوو سەرچاوەیەک کە مافی ناوپارێزیی پێ درابێت، هەواڵنێرەکەی هەڵخەڵەتاندووە ئەوا پێویستە ناوەکەی ئاشکرا بکرێت. بەشێکی مامەڵەی ناوپارێزی راستگۆییە.

جۆرێکی تایبەتی رۆژنامەنووسان هەن سەرچاوەکان هەڵدەخەڵەتێنن. ئەو جۆرە پێی دەگوترێت دەمامکدار. ئەمە کاتێک روو دەدات کە رۆژنامەنووسان خۆیان وەک کەسێکی تر دەنوێنن بۆ ئەوەی هەواڵەکە بە چەواشەکردنی سەرچاوەکانەوە وەدەست بێنن. تەکنیکی "نهێنی" لە گوزارشکردندا شتێکی نوێ نییە. لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، ناوزڕی وەک نێلّی بلای[307] کە لەناو دەسکەوتە بەرچاوەکانی تریدا وەک زیندانییەک لە خانەی تێکچوواندا دانرا بۆ ئەوەی هەڵسوکەوتی ناشایستی کەسانی لە ڕووی عەقڵییەوە نەخۆش ئاشکرا بکات، دەمامکی بەکار هێنا. تەلەڤزیۆن ئەمڕۆکە زۆربەی کات دەمامک و کامێرای شاراوەی بچووک بۆ ئاشکراکردنی سەرپێچییەکان بەکار دێنێت.

---

304. Jill Zuckman
305. Boston Globe
306. Jay Matthews
307. Nellie Bly

ئاخــۆ دووركــەوتنەوە لـە هەڵخــەڵەتاندن و دیودەربوون لـە بەرامــبــەر جــەمــاوەر و ســـەرچاوەكـــاندا چ مـــانایەكی بۆ دەمـــامكداری هـەیە؟ ئـەم بیـــرۆكـــانـە ڕێگە لە ڕۆژنامـەنووسـان ناگرن بۆ بـەكارهێنانی دەمـامك. لە جیـاتی بەو مـانایەن پێویسـتـە ڕۆژنـامـــەنووســـان لـە كـــاتی بڕیاردان لـەوەی تەكنیكەكـــە بەكـــار بێنن یان نـا تاقیكردنـەوەیەكی وەك ئەو چمكەكانە بـەكار بێنن كە بۆ ڕەواییدانن بە ســەرپێچیی شـــارســتـــانی. هاوولاتیـــیـــانیش پێـــویســـتـــە ئـەم تاقــیكردنـەوەیە بەكـــار بێـنن لە هەڵســـەنگاندنی بۆچوونیـــان بەرامــبـەر بەو تـەكنیكە. ئەم تـاقـیـكردنەوەیە بـە سێ هـەنگاوە:

١- زانیـارییـەكە پێـویسـتـە بەڕادەی پێویست لە پێناو بەرژەوەندیی گشـتـی بایەخی هـەبێت بۆ ئەوەی ڕەوایی بداتە هەڵخەڵەتاندنەكە.

٢- ڕۆژنامـەنـووسـان نابێت دەمـامـك بەكار بێنن مـەگەر ئەوەی هیچ ڕێگەیـەكی تر بۆ وەدەستهێنانی هـەواڵەكە نەبێت.

٣- پێویسـتـە ڕۆژنامـەنووسـان بۆ جـەماوەریان ئاشكرای بكەن ئاخۆ بۆ وەرگـرتنی زانیارییەكە سـەرچاوەكانیان هەڵخەڵەتاندووە یان نا و پێویستـە هۆكارەكانیان بۆ ئەنجـامدانی كـارەكە ڕوون بكەنەوە، لەوانەش كە ئاخۆ بۆچی هـەواڵەكە پاسـاو بۆ هـەڵخــەڵەتاندن دێنێــتــەوە و بۆچـی ئەمــە تاكــە ڕێگە بووە بۆ وەدەســتــهـێـنانی ڕاستییەكان.

بەم ڕێگەیەوە هـاوولاتیـــیـــان خــۆیان دەتوانن بڕیـار بدەن ئاخــۆ هەڵخـــەڵەتاندنی ڕۆژنامـەوانی ڕەوایە یان نا و، ڕۆژنامـەنووسـانیش لە بەرامبـەردا لەگەڵ هـاوولاتییـان كە یەكەم بەرپرسیاریەتییان لە بەرامبەر ئەواندا هـەیە، ڕاشكاو بوونە.

ئێـمـە بەدرێژی باسـی ئەم چمكەی ڕۆژنامــەوانیی پتـر دیودەرمـان كـردووە، چونكە ئەوە لـە دواییـــدا یاریدەرە بۆ پەروەردەكـــردنی جـــەمـــاوەرێكی ڕاســـتگۆتر. ئـەمـــە جەماوەرێكە كە بەڕاستی جیاوازیی نێوان ڕۆژنامەوانیی بنەمادار و لاساییكردنەوەی بێباك و خۆپەرستانە دەبینێت. بەم شێوەیە ڕۆژنامـەنووسان دەتوانن هێزی نوێی ناو كـۆمـەڵگە وەگـەڕ بخـەن بۆ ئەوەی ببـێـتـە هـێـزێك بۆ ڕۆژنامــەوانیی جـۆریـەتی. ئەم دیودەرییە بەو مـانایەیە زانیارییەك سـەبارەت بەوەی هـەواڵەكە چۆن بووە و بۆچی بەو شێوەیە پێشكێش كراوە، بخرێتە ناو هـەواڵەكەوە.

له ماوەی ئاشکرابوونی ریسواییەکەی کلینتۆن و لویسنکیدا، نیویۆرک تایمز هەر ئەم کارەی کرد، کاتێک بۆ خوێنەرانی روون کردەوە بۆچی هەواڵی تۆمەتەکانی ژنێک بەناوی جوانیتا برۆدریکی[٣٠٨] بۆ ماوەیەک راگرتبوو و پاشان لە لاپەڕە ١٦دا دای نابوو. برۆدریک گوتبووی سەرۆک کلینتۆن بەنزیکەیی بیست و یەک ساڵ لەمەوبەر لە ئارکێنساس[٣٠٩] زۆرەگێی کردووە، هەرچەندە ئەو تۆمەتەکانی کاتی خۆی یان تەنانەت پێش ریسواییەکەی لوینسکی بەرز نەکردبووە. هەروەها سکاڵاکەی نەدەکردە یاسایی.

فلیسیتی بەرینگر[٣١٠] دێیڤید فایرستۆنی[٣١١] هەواڵنێر، چاوپێکەوتنیان لەگەڵ بەڕێوەبەری نووسیاریی خۆیان، بیڵ کێلەر، کرد و شرۆڤەکەی ئەویان خستە ناو هەواڵەکە: خاڵە باشەکانی تۆمەتەکانی برۆدریک لە دواییدا "رەنگە نەزانراوە بن"... لە رووی یاساییەوە رەنگە بە هیچ شوێنێک نەگات... کۆنگرێس بەتەما نییە دووبارە لێپێچینەوەی لەگەڵ کلینتۆندا بکات و... بەڕاشکاوی ئێمە هەر هەمووماں تا رادەیەک لە ریسوایی ماندوو بووین"، لێکدانەوەی کێلەر لە هەواڵەکەدا وا بوو. هەندێک هاووڵاتی رەنگە هاوڕا نەبن، بەڵام لانی کەم ئەوان ئێستا هەندێک شرۆڤەیان هەبوو سەبارەت بەو هەواڵەی بەدەستیان دەگەیشت، نەک تێگەیشتنێکی هەڵە بەو مانایەی هەواڵ واقیعێکی بابەتییانەیە نەک بەرهەمێکی هەڵسەنگاندنی مرۆڤ.

دوو بنەما لێرەدا گرینگن. یەکەمیان، هەواڵنێران دەرکیان بەوە کرد گرینگە خوێنەران بزانن چۆن بڕیارەکانی هەواڵی دەدرێن و ئاخۆ کام ستانداردانە لەگەڵ ئەو بڕیارانەدا کاریان پێ دەکرێت. دووەم، کەشوهەوای ناو ژووری هەواڵی نیویۆرک تایمز بە شێوەیەک بوو کە هەواڵنێران هەستیان دەکرد بە ئاسوودەیی لە بڕیاری بەڕێوەبەری نووسیاری بپرسنەوە و قەڵەم بە دەست بوون بۆ ئەوەی تێبینییەکەی بۆ ناو هەواڵەکە بگوزانەوە.

308. Juanita Broaddrick
309. Arkansas
310. Felicity Barringer
311. David Firestone

هاووڵاتییان و ڕۆژنامەنووسان لەوبەر داواکردنی دیودەرییەکی زیاتر لە ڕۆژنامەوانییەوە دەتوانن بۆ شتێکی تر لە پێناو هەڵسەنگاندنی بەهای ڕاپۆرتە هەواڵ بگەڕێن. مایکڵ ئۆریسکیز[312] ڕۆژنامەنووس کاتێک بەرپرسی نووسینگەی واشینتۆنی نیویۆرک تایمز بوو ئەم بیرۆکە هەڵخەڵەتێنەر و سادە بەڵام بەهێزەی لە بنەمای گەڕان بەدوای واقیعدا خستە ڕوو: کاری خۆت ئەنجام بدە.

لە ماوەی ریسواییی سێکسی و یاسایی سەرۆک بیل کلینتۆن و ڕاهێنەرێکی ناو کۆشکی سپی، مۆنیکا[313] لوینسکی، دامەزراوە هەواڵییەکان خۆیان لە بارودۆخێکی نائاسوودەدا دۆزییەوە لەوەی ئاخۆ چی لە نهێنییە هەڵمراوەکانی زۆربەی جار دەنگدەرەوەی دامەزراوە هەواڵییەکانی تر بکەن کە نەیاندەتوانی بیانسەلمێنن. زۆربەی جار ئەوەی بارەکەی ئاڵۆزتر دەکرد ئەوە بوو ئەم نهێنییانە لە سەرچاوەی ناوپارێزراوەوە وەرگیرابوون، بەو مانایەی دامەزراوە هەواڵییەکە سەبارەت بە ڕاستیی هەواڵەکە بەرپرسیاریەتییەکی گەورەتری لە ئەستۆ بوو لەوەی بەناوی کەسێکەوە بڵاوی کردبایەوە. بەپێی ئەم جۆرە سەرچاوانەوە سێ دامەزراوەی هەواڵیی جیاواز بڵاویان کردەوە لایەنێکی سێیەم سەرۆک و لوینسکیی لە کاتی پێکگەیشتنە نزیکەکەوە دیوە ئەو هەواڵانەی دواتر دەرکەوت نادروست بوونە. ئاخۆ دامەزراوەکانی هەواڵی ئەم نهێنییانە بڵاو دەکەنەوە، لەبەرئەوەی دەزانن دامەزراوەکانی تر وا دەکەن و هەواڵەکە بەپێی قسەی باوەوە هەر "ئاشکرا دەبێت"؟

ئۆریسکیز گەیشتە ئەو ئەنجامەی وەڵامەکە "نا"یەکی سەرسەختانەیە."ئەو خەڵکەی بە دروستی تێ گەیشتن ئەوانە بوون کە کاری خۆیان دەکرد، ئەوانەی ئاگەداری ئیشەکەیان بوون، ئەوانەی ستانداردەکانی سەرچاوەوەرگرتنیان پەیڕەو کرد و زانیارییەکەیان لە چەندین سەرچاوە وەرگرت. ئەو خەڵکەی نیگەرانی ئەو شتە بوون کە" ئاشکرایە" و خەمی بەکارهێنانی ئەو دەستەواژە ترسناکەیان بوو کە ڕەواییی دەدا بەزۆر تاوانی ڕۆژنامەوانی، ئەو خەڵکەی دەترسان شکست بێنن لە

312. Michael Oreskes
313. Monica

جیاتیی ئەوەی تەنیا هەوڵ بدەن کارەکە تا ئەوپەڕی توانییان بەباشی و بەخێرایی ئەنجام بدەن، کارەکەیان تێکوپێک دا".

ڕەسەنایەتی ڕەگی قووڵی لە ڕۆژنامەوانیدا کوتاوە. کۆمەڵێک دروشمی کۆن لەبارەی چاپەمەنییەوە بەنزیکەیی هەمان شت دووبارە دەکەنەوە: "کاتێک گومانت هەیە، لای بدە". نەریتی "گونجاندن"ی هەواڵەکان لەسەر هەمان بیرۆکەدا دامەزراوە. لە جیاتیی بڵاوکردنەوەی هەواڵی دەستە یەکەمی کەناڵێکی تر ڕۆژنامەنووسان حەز دەکەن یەکێک لە هەواڵنێرانیان تەلەفۆن بۆ سەرچاوەکان بکات و سەرەتا هەواڵەکە پشتڕاست بکەنەوە. تا ڕادەیەک ئەمە ڕێگەیەک بوو بۆ پێشگیریکردن لەوەی هەواڵەکە بدرێتە پاڵ دامەزراوە هەواڵییەکەی تر. لەگەڵ ئەوەشدا کاریگەرییەکی گرینگتریشی هەبوو. ئەو هەواڵانەی بە جیا پشتڕاست بکرێنەوە، دووبارە نەدەکرانەوە.

ئەم چمکەی ڕەسەنایەتی لەگەڵ چمکی دیودەری ئاوێتە دەبێت. لە گوزارشکردندا چەند ئاستێکی زانیاری هەن و ڕۆژنامەنووسان پێویستە ئاگەداریان بن و لە بەرامبەر جەماوەریاندا پێویستە ڕەچاوکردنیان بکەن. ڕۆژنامەوانی سەرەتا پێوەستە بە رواڵەتی فیزیکییانەی ڕووداوەکان. گەلابەیەک لە گلۆپی سووری دا و خۆی کێشا بە پاسێکدا. سەرۆک ئەم قسانەی کرد. لەمەدا زۆر خەڵک مردن. بەڵگەنامەکە ئەمەی گوت. چەندی تۆ لە سەنتەرەوە نزیک بیت، ئاسانترە زانیارییەکە پشتڕاست بکەیەوە و لەم حاڵەتانەدا ڕۆژنامەوانی لەسەر ژێرخانێکی تا ڕادەیەک پتەوە.

تا گوزارشەکە زیاتر لە جیهانی ناوەوە نزیکتر دەبێتەوە و هەوڵ دەدات بۆچوونی کەسێک و پاڵنەرەکانی رابگەیەنێت، ڕۆژنامەوانی لە خۆیەوە شرۆڤەکارانەتر دەبێت. ئاخۆ شۆفێری گەلابەکە بیری لە چی دەکردەوە کاتێک لە گلۆپەکەی دا؟ بۆچی سەرۆک ئەم قسانەی کرد؟ بۆچی ئوسامە بن لادن ڕقی لە ئەمەریکایە؟

ئەمە ڕەنگە شتێک بێت کە ڕۆژنامەنووس هەست بەوە بکات جەماوەر پێویستە بیزانێت، بەڵام ئاستی بەڵگە بەنزیکەیی هەمیشە نەرمترە. ڕەنگە جۆران لێکدانەوە و ئاستی جیاوازی زانیاری هەبن. ئەم ئاستە نەرمترەی بەڵگە پێویستە بۆ جەماوەر دەستنیشان بکرێت. ئەگەر ژووری هەواڵ بڕیاری دا لە ڕێگەی شارەزایەکەوەیە باشترین ڕێگە بۆ تیشک خستنە سەر پاڵنەر و وەڵامدانەوەی "بۆچی" بدۆزێتەوە، پێویستە بۆ جەماوەر ڕوونی بکاتەوە بۆچی ئەو شارەزایە هەڵبژێردراوە و وەسفی

شارەزایی یان پێوەستبوونی بە بابەتەکەوە بکات. زووری هەواڵ نابێت لەپشت شارەزایان خۆیان حەشار بدەن لە پێناو وازهێنان لە ئەرکەکەیان کە نزیکبوونەوەیە لە هەقیقەت تا ئەوپەڕی توانا.

بۆچی ئێمە ئەم پێشنیازە دەکەین؟ چونکە ڕۆژنامەنووس تا لەگەڵ جەماوەر ڕاستگۆتر بێت لەبارەی ئەو شتەی دەیزانێت و ئەوەی نایزانێت، ئەوەندە زیاتر متمانەپێکراوە. لەگەڵ خەڵک ڕاشکاو بە. باسی شت زانینێکی وا مەکە کە نەتوانیت بیسەلمێنیت. باسکردنی شتێک کە نایزانیت دەربڕینی دەسەڵاتێکی پترە نەک کەمتر.

## خاکەڕایی

چمکی پێنجەم و کۆتایی ئەوەیە ڕۆژنامەنووسان پێویستە سەبارەت بە شارەزاییەکانی خۆیانەوە خاکەڕایی بنوێنن. بەواتایەکی تر، ئەوان نەک تەنیا پێویستە گومان بکەن لەو شتەی دەبینن یان ئەوەی لە کەسانی ترەوە دەیبیستن، بگرە بە هەمان ڕادەش گرینگە گومان لە توانستی خۆیان بکەن تاوەکو بگەن بەمانای ڕاستەقینەی شتەکە. جەک فولڕ گوتوویەتی ڕۆژنامەنووسان پێویستە لە "هەڵسەنگاندنەکانیان" لەبارەی ئەو شتەی دەیزانن و چۆنیەتیی زانینی شتەکە "خاکەڕایی" بنوێنن. ڕێگەیەکی سەرەکی بۆ پێشگیریکردن لەوەی ڕووداوەکان بەپێچەوانەوە پێشان نەدرێن ڕێکوپێکی و ڕاستگۆبوونە سەبارەت بەسنوورەکانی زانیاری و توانای تێگەیشتنی خۆت.

ڕووداوێک کە لە کۆڕبەندەکەی ئێمەدا لەبارەی جۆرەوجۆریەتی ئاشکرا بوو یارمەتیدەرە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو خاڵە. ڕووداوەکە لەلایەن لۆری گودستاین[٣١٤]، نووسەری ئاینیی ئەو کاتی نیویۆرک تایمز، بە نوێژی جەژنی گوڵڕێژانی[٣١٥] سەر پلیکانەکانی کۆنگرێسی ئەمەریکادا وەسف کرا. گردبوونەوەکەدا شیفاگەیێنی خوایی و بانگەواز بۆ دوعاکردن لە قوتابخانەکان و سەرکۆنەکردنی لەباربردنی منداڵ و هاوڕەگەزبازیی بەرجەستە دەکرد کۆبوونەوەیەکی تا ڕادەیەک نموونەیی

314. Laurie Goodstein
315. Pentecost

– جەژنی پەنجایی یان گوڵڕێژان لە موسیحییەتدا کاتێک پاش بەرزبوونەوەی عیسا مەسیح ڕۆحی پیرۆز بۆ یاوەرانی نازڵ دەبێت.

تایبەت بە زیندووکردنەوەی ئینجیل بوو. هەواڵنێرێکی ڕۆژنامەیی کە ڕووداوەکەی ڕووماڵ دەکرد هەموو ئەو شتانەی باس کرد بەڵام ئەم ڕستەشی خستە سەر " جار بەجار کەشوهەواکە بەرامبەر بە ئەندام پەرلەمانانی ناو بینایە حکوومەتییە سپییەکەی پشت سەکۆیەکە دوژمنکارانە دەبوو". پاشان هەواڵنێرەکە قسەی بێژەرێکی ڕادیۆیەکی مەسیحیی گواستەوە کە لەسەر سەکۆیەکە قسەی دەکرد "وەرن با لە خوا بپاڕێینەوە هەر کەسێکی ناو کۆنگرێس slay بکات".

هەواڵنێرەکە پێی وابوو بێژەرەکە slayی بەمانای "کوشتن" بەکار هێناوە. بەڵام گودستاین ڕوونی کردەوە, "هەر خاچپەرستێک دەزانێت پاڕانەوە لە خوا بۆ slayکردنی کەسێک بەمانای قوربانیکردنی ڕۆحیەتی، بەمانای کوشتن لەناو ڕۆحی پیرۆزە، دوعاکردنە بۆ ئەوەی ئەو کەسانە خۆشەویستی بۆ خوا، خۆشەویستی بۆ مەسیحیان بەسەردا زاڵ بێت".

کێشەکە ئەوە بوو هەواڵنێرەکە نەیدەزانی و هیچ کەسێکی خاچپەرستیشی لەناو ژووری هەواڵدا نەبوو پرسی پێ بکات و ڕەنگە ئەوەندە تامەزرۆی هەواڵە "ئای خوایە!"[٣١٦] کە بووبێت کە نەیویستبێت دواتر دڵنیا ببێتەوە ئاخۆ بێژەرەکە بەڕاستی بانگەشەی بۆ کوشتنی هەر هەموو کۆنگرێس دەکرد. گودستاین گوتی "ئەمەش بووە هۆی ڕاستکردنەوەیەکی یەکجار ئابڕووبەر". هەروەها بووە نموونەیەکی زۆر بەهێز بۆ سەلماندنی پێویستی بۆ خاکەڕایی.

خاکەڕایی هەروەها بەو مانایە تۆ بەڕادەی پێویست مێشک کراوەیت بۆ ئەوەی قبووڵی بکەیت کە کەسی دواتر کە قسەی لەگەڵ دەکەیت ڕەنگە سەرلەبەری مانای هەواڵەکەت بگۆڕیت و تەنانەت باوەڕت بەوە بێنێت تۆ هیچ هەواڵێک نییە.

ئەم پێنج بیرۆکانە بەیەکەوە فەلسەفەیەک پێک دێنن کە چوارچێوەی بنەمای سەلماندن دیاری دەکات. هەروەها جۆرە پێوەندییەکی نزیکتر لە نێوان ڕۆژنامەنووسان و هاووڵاتییان دروست دەکەن کە بۆ هەردوولا سوودگەیێنە. لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئامرازە بەهێزەکانی هەواڵ گێڕانەوەی دیوەدرانەوە ڕۆژنامەنووس هاووڵاتییان بە زانیاریی گرینگی وا مژووڵ دەکات کە بەپێچەوانەوە ڕەنگە بەسەریدا تێ بپەڕن و ئەم کارە بەبێ قوربانیکردنی واقیعی ڕاستییەکان بە

316. Holy shit مەبەست لێی هەواڵە سەرسڕمینەکەیە

ئەنجام دەگەیەنێت. لە هەمان کاتدا بەهۆی کراوەتربوون سەبارەت بە کارەکەیەوە، رۆژنامەنووس هان دەدرێت بۆ ئەوەی لە وەرگرتن و رێکخستن و پێشکێشکردنی هەواڵ چاوکراوەتر بێت.

## لایەنگری

بنەمای سەلماندن و بەتایبەتیش چمکی دیودەری یەکێکە لە هەرە بەهێزترین رێکارەکانی رۆژنامەنووسان بۆ پەنجە خستنە سەر کێشەی لایەنگری. مەبەستمان لە لایەنگری تەنیا لایەنگری سیاسی یان ئایدۆلۆجی نییە. ئێمە لایەنگریمان بە مانا فراوانترەکەیەوە وەرگرتووە کە هەموو هەڵسەنگاندن و بڕیار و بۆچوونەکانی رۆژنامەنووس دەگرێتەوە. لایەنگری هەموو جۆرە مەیلێک هەم گونجاو و هەم پڕ کێشە دەگرێتە خۆی. ئەمەش رەنگە لایەنگری بۆ راستییەکان یان زمانحاڵبوون بۆ بەستەزمانان و هەروەها لایەنگرییەک بۆ تێگەیشتنە کۆمەڵایەتی، ئابووری یان سیاسییەکانی کەسێنی بگرێتەوە. رەخنەگران راست دەکەن لەوەی ئێمە کەسایەتیمان بە مێژووی کەسێنی و لایەنگرییەکانی ئەو کولتووری تێیدا دەژین، نەخشێنراوە. لەم روانگەیەوە پێوەندیکردن بەبێ بەکارهێنانی بەشێک لەم لایەنگرییانە، لەوانەش ئەو لایەنگرییانەی وا لە هەواڵێک دەکەن بڕوا پێهێنەر بێت، ئەستەمە.

لایەنگری ئەگەر بەم مانا گشتی و بەئاشکرا واقیعییانەوە وەربگیرێت، شتێک نییە بۆ ئەوەی بتوانرێت یان پێویست بێت لاببردرێت. لە جیاتیی ئەوە ئەرکی رۆژنامەنووس ئەوەیە پتر ئاگەداری ئەو لایەنگریانە بێت کە لە هەواڵێکدا کاریگەرییان هەیە و بڕیار بدات کەی ئەم لایەنگرییانە شیاو و سوودگەیێن و کەی نەشیاون. پێویستە رۆژنامەنووس ئەگەر بیەوێت ببێتە بەڕێوەبەری لایەنگریی خۆی و لایەنگرییەکانی دامەزراوە هەواڵییەکەی خۆیشی.

بڕێک راست و دروستی لەو قسەی پێشینیاندا هەیە کە دەڵێت لایەنگری لە چاوی بینەردایە یان ئەوەی هەواڵێکی لایەنگرانە تەنیا ئەو شتەیە تۆ لەگەڵی هاوڕا نیت. کێشەی ئەم لێکدانەوەیە ئەوەیە هەموو کەسێک دەپارێزێت. تۆ ناتوانیت هەموو کەس رازی بکەیت کەواتە بۆچی دەبێت نیگەران بیت؟ کێشەکە چارەسەر کراوە. بەڵام

براندنەوەی کێشەکە بەم شێوەیە، نائومێدیی بینەران چارەسەر ناکات و برەو بە گوزارشکردنیش نادات.

کۆنترۆڵکردنی لایەنگری چەندین ئەرک لەخۆ دەگرێت کە پێوەندییان بە بنەمای سەلماندنەوە هەیە. یەکەمین ئەرک ئەوەیە سیستەماتیکیانەتر و وریاتر بیت بۆ وەرگرتنی راستییەکان بەتەواوەتی، بەبەکارهێنانی هەر ژمارەیەک لە تەکنیکەکانی لە خوارەوە وەسف کراون. بەکارهێنانی رێبازێکی سەلماندن، نەک تەنیا باوەڕبوون بە نیازپاکیی خۆت، کاریگەرترین شتە بۆ رۆژنامەنووسان تاوەکو بەسەر بیروڕا کرچوکاڵەکانیان لەبارەی هەواڵەوە زاڵ بن.

دووەم رێگە بۆ سووککردنی لایەنگری جووڵانەوەیە بەرەو هێزی دیودەری. ئەمە پێوەندیی لەگەڵ جەماوەریش دەگۆڕێت لە پێوەندییەکی دەمکوتکەرانەوە بۆ هاوبەشییەکی دوو لایەنیی یەکسان. رۆژنامەنووسان بە ئێمەیان گوتووە روونکردنەوەی بڕیارەکانیان زۆربەی جار ناچاریان دەکات کارەکەیان هەڵبسەنگێنن و هەندێک جاریش بیری لێ بکەنەوە. هەروەها پێیان گوتووین دیودەرییەکی پتر کاریگەرییەکی بەرچاوی بۆ پووچەڵکردنەوەی ئەو گریمانانەوە هەیە کە بەپێچەوانەوە جەماوەر ئەم گریمانانە سەبارەت بە پاڵنەرەکانی رۆژنامەنووسانەوە دەکات.

## تەکنیکەکانی سەلماندن

ئاشکرایە ئەم چمکانە بەرادەی پێویست تایبەت نین بۆ ئەوەی "رێبازێکی زانستییانە" بۆ گوزارشکردن دابڕێژێن ئەوە کاری تاکەکانی رۆژنامەنووس کە هەموواری بکەنەوە. خاڵی سەرەکیی ئەوەیە رۆژنامەنووسان لەو بارەیەوە روون و ئاشکران. بەڵام لە رێگەی راڤەکردنەوە ئێمە حەز دەکەین هەندێک رێبازی بەرجەستەی رۆژنامەنووسانی سەرانسەری وڵات بخەینە روو. هەرچەندە ئەوە گشتگیر نییە، بەڵام هەر رۆژنامەنووسێک دەتوانێت رێبازێکی بەرزی کۆکردنەوە و پێشکێشکردنی هەواڵ لە رێگەی بەکاربردنی ئەم چەند تەکنیکە کەمەی خوارەوە دابمەزرێنێت.

## به گومانەوە نووسیاری بکە

ساندرا رۆی نووسیاری ئۆریگۆنیەن[317] لە پۆرتلەند لە ئۆریگن لە رۆژنامەکەیدا سیستەمێک بەکار دێنێت کە خۆی و پیتێر بەتیای[318] بەڕێوەبەری جێبەجێکار بە "نووسیاریی پیشەییانە" ناوی دەبەن. زاراوەکە رەنگە زاراوەیەکی نابەکام بێت. رید مەکلەگێج[319] نووسیارێکی پێشوو و خاوەن ئیمتیازی زێ دێی[320] لە نیوو لەندەن کێنێتیکت[321]، سیستەمێکی باشتری پێشنیاز کردووە، "نووسیاریی گوماناوی". بەهەرحاڵ گرینگە رۆژنامەنووسان و هاووڵاتیان لە چمکەکە تێ بگەن.

ڕێبازەکە هەڵسەنگاندنی هەواڵێک لەخۆ دەگرێت- لە ڕاستیدا هەڵسەنگاندنێکی دێر بە دێر، رستە بە رستە- نووسیاریکردنی لێدوانەکان و هەروەها راستییەکانی ناو ئەو هەواڵانە. ئاخۆ ئێمە چۆن ئەمە دەزانین؟ بۆچی پێویستە خوێنەر بڕوا بەمە بکات؟ گریمانەی ناو ئەم رستەیە چییە؟ ئەگەر رستەکە بڵێت رووداوێک رەنگە پرسیارگەلێک لە مێشکی خەڵکدا دروست بکات، ئاخۆ کێ ئەو قسەیەی کردووە؟ سەرچاوەیەک؟ هاووڵاتییەک؟

ئاماندا بێنێت[322] کاتێک وەک بەڕێوەبەری نووسیاری لە ئۆریگۆنیەندا کار دەکرد، گوتی ئەو چمکەی ئەو لە ووڵ ستریت جۆرناڵ فێری بوو، "بۆ چنینی هەڵە زۆرە ناهۆشەکییەکانی گوفتار یان گێڕانەوە بوو، نەک هەڵەکانی لە رووی راستییەوە، نەهێشتنەوەی ئەو شتانەی خەڵک دەیڵێن "تەنیا لەبەرئەوەی پێیان وایە راستە".

ئەگەر هەواڵێک بڵێت زۆربەی ئەمەریکاییەکان ئێستا کۆمپیوتەری کەسێنییان هەیە، پێویستە نووسیار پرسیار لە بەڵگە بکات. ئەگەر هەواڵێک گوتی "بەپێی سەرچاوەکان"، نووسیار پێویستە بپرسێت، "سەرچاوەکان کێن؟ ئاخۆ لە یەک سەرچاوە زیاترە؟". ئەگەر تەنیا یەک بوو، پێویستە هەواڵەکە ئاماژەی بەوە بدات. ئەگەر هەواڵێک گوتی دەسکاریکردنی پرۆژەی باج لەلایەن سمیزی[323] کاندیدەوە

317. Oregon
318. Peter Bhatia
319. Ried McCluggage
320. The Day
321. New London Connecticut
322. Amanda Bennett
323. Smith

پرسیارگەلێک لەبارەی نەگۆڕانی ئایدۆلۆجیی ئەو دەوروژێنێت، پێویستە نووسیار بپرسێت "چ پرسیارێک؟" و "لە مێشکی کێدا؟". ئەگەر وەڵامەکە تەنیا هەواڵنێر و هاوڕێکانی بوون، هەواڵەکە یان دەبێت باس لەوە بکات یانیش دێرەکە دەبێت لابدرێت.

رۆی نووسیار گوتی هەر کاتێک بگونجێت ئەم جۆرە نووسیارییە پێویستیی بە دانیشتنی دووقۆڵیی هەواڵنێر و نووسیارە بۆ ئەوەی هەواڵنێر بابەتی تازە بنووسێت. رۆ گوتی "چەندی پترمان دەنووسی، ترسێکی راستەقینەمان بڵاو دەکردەوە" بەناو ژووری هەواڵدا. بێنێت هەستا بە گوتنەوەی ئەوە لە ژووری هەواڵ لە بەرامبەر کۆمەڵانی هەواڵنێر و نووسیاراندا. بێنێت گوتی "خەڵکەکە نەیاندەزانی پرسیارکردن ئاساییە". بەگشتی مەبەست ئەوە بوو "ئەو رۆڵەی پرسیارکردن ئاسایی و هۆشەکیانە بکرێت". لە جیاتیی زیاتر خستنە سەر هەواڵەکە، زیاتری لێ دەسڕایەوە، مەگەر زانیارییەکە بەتەواوەتی سەلمێندرابا.

بێنێت و رۆ پێیان وابوو تەکنیکەکە نووسیار و هەواڵنێران باشتر و کاملتر دەکات. ئامانجی نووسیاریی گومانایییانەی ئۆرێگۆنیەن خوڵقاندنی کەشوهەوایەکە تێیدا خەڵک بتوانێت گومان لە هەواڵێک بکات نەک راست و دروستیی هەواڵنێرەکە. ئەوە دەبێتە بەشێک لە کەشوهەوایەک بۆ دیالۆگێکی کراوەی لە سەرەوە بۆ خوارەوە و هەروەها لە خوارەوە بۆ سەرەوە لەناو ژووری هەواڵ.

## لیستێکی پێداچوونەوە بە وردبینیت هەبێت

چەندین رۆژنامە لیستی پێداچوونەوە بە وردبینی بەکار دێنن بۆ ئەوەی گرینگیی سەلماندن بخەنەوە بیر هەواڵکارانەوە. هەندێک لەو لیستانەی ئێمە گەڵاڵەمان کردوون زۆر چەمکیانەترن و پرسیاری لەو جۆرە دەکەن:

* ئاخۆ سەردێری هەواڵەکە بەڕادەی پێویست بەهێزە؟
* ئاخۆ بابەتی باکگراوندی پێویست بۆ تێگەیشتنی هەواڵەکە بێ کێماسییە؟
* ئاخۆ هەموو بەشپێوەبووانی ناو هەواڵەکە پێناسە کراون و ئاخۆ نوێنەرانی ئەو لایەنانە پێوەندییان پێوە کراوە و دەرفەتی قسەکردنیان بۆ ڕەخساوە؟
* ئاخۆ هەواڵەکە لایەنگری دەکات یان بڕیاری ورد لەبارەی بەهاوە دەدات؟ ئاخۆ

خەڵکێک پتر لەوەی چاوەڕوانکراوە ئەم هەواڵەی بەدڵ دەبێت؟

* ئاخۆ تۆ هەموو زانیارییەکەی ناو هەواڵەکەت داوەتە پاڵ سەرچاوە یان بەڵگەت بۆی هەیە بۆ ئەوەی لە دروستبوون دڵنیا ببیتەوە؟

* ئاخۆ ئەو راستییانە بناخەی هەواڵەکەت پتەو دەکەن؟ ئاخۆ بۆ راستییە ناکۆکەکان چەندین سەرچاوەت هەیە؟

* ئاخۆ بە لێدوانە گوازراوەکاندا چوویتەوە بۆ ئەوەی لە تەواوبوون و پێوەندیداربوونیان دڵنیا بیت؟

ئێمە پێمان وایە ئەوانەی تر راستییانەتر و بەرجەستەترن:

* ئاخۆ بە لێدوانە گوازراوەکاندا چوویتەوە بۆ ئەوەی لە تەواوبوون و پێوەندیداربوونیان دڵنیا بیت؟

* ئاخۆ لە ماڵپەڕ و ژمارە تەلەفۆن و ناوە نائاساییەکانت کۆڵیوەتەوە؟

* ئاخۆ لە ناوی یەکەم و دووەمی گشت سەرچاوەکانی ناو هەواڵەکەت دڵنیا بوویتەوە؟

* ئاخۆ لە دروستیی تەمەن و ناونیشان و پلەکانەوە دڵنیا بوویتەوە؟ ئەگەر دڵنیایت، ئاخۆ لە سەرووی بایلانەکەوە[٣٢٤] نووسیوتە "هەر شتێکی تر" وەک ئاماژەیەک بەوەی هەموو شتەکان دروستن؟

* ئاخۆ ئاماژە کاتییەکانی ناو هەواڵەکەت رۆژ و رێکەوتیان تێدایە؟

بۆ هەندێک نووسیار ئەم لیستانە یەکجار مەکینەیین و ئەگەر بەخراپی کۆنترۆڵ بکرێن، رەنگە بڕوابەخۆبوونی هەواڵنێران دامالن، لەبەرئەوەی وێ دەچێت توخمی داهێنەرایەتی لە گوتنەوەی هەواڵدا لەناو دەبەن. بەلام ئەگەر ئەو جۆرە پرسیارانە بەتەواوەتی کۆنترۆڵ بکرێن، دەتوانن هەواڵنێران و نووسیاران لێک نزیک بکەنەوە تاوەکو ئیشەکەیان دروستتر و باوەڕپێکراوەتر بێت.

324. Byline ئەو هێلەی سەر گوتارێک کە زوربەی جار ناوی نووسەر تێدا دەنووسرێت

# هیچ گریمانەیەک مەکە

دێیڤید پرۆتێس[٣٢٥]، پرۆفیسۆرێکی قوتابخانەی مێدیل[٣٢٦] بۆ ڕۆژنامەوانی لە زانکۆی نۆرسوێسترن[٣٢٧] حاڵەتەکانی زیندانییانی حوکمدراو بە مەرگی بۆ راهێنانی قوتابیانی ڕۆژنامەوانی لە گرینگیی سەلماندنی راستییە گریمانەییەکان بەکار هێنا. لەو ئەو وانەی داینەوەدا هاتووە: پشت بە کاربەدەستان یان ڕاپۆرتە هەواڵەکانەوە مەبەستە. چەندی بۆ دەکرێت لە سەرچاوە بنەڕەتییەکانەوە نزیک بەوە. ڕێکوپێک بە. بسەلمێنە.

پرۆتێس سالآنە بە هەزاران نامەی لە کەسانی حوکمدراو بە مردن پێ دەگەیشت کە دانیان بە تاوانە هەڵەکانیاندا دەنا. هەر ساڵە و ئەو کۆمەڵێکیانی هەڵدەبژاردن کە قوتابیانی خۆی بۆ لێکۆڵینەوەی لەوان رادەسپارد. لە ١٩٩٩دا داوای ئانتۆنی پۆرتر[٣٢٨] بووە یەکێک لەو حاڵەتانەی پرۆتێس بەهۆیەوە رۆژنامەنووسانی داهاتووی خۆی لەگەڵ گرینگیی گومانکردن ئاشنا بکات.

پرۆتێس لە چاوپێکەوتنێکدا کە داوامان لێی کرد، گوتی "رەنگە باشترین رێگە بۆ تێگەیشتن لە تیۆری من ئەو شتە بێت کە بۆ قوتابییەکانمی دەکەم کاتێ دێنە ناو وانەکەمەوە. کۆمەڵێک بازنەی هاوچەق لەسەر تەختەڕەش دەکێشمەوە.

لە دەرەکیترین بازنەدا بەڵگەکانی سەرچاوە لاوەکییەکان هەن... بازنەی دووەم بەڵگەی سەرچاوەیەکی سەرەکییە بەڵگەی دادگاییی وەک شایەتمان یان لێدوان. سێیەم بازنەی ناوەکی خەڵکی راستەقینەن- شایەتەکان. ئێمە دیمانەیان لەگەڵ دەکەین بۆ ئەوەی بزانین هەموو شتەکان لەگەڵ ئەوەی ناو بەڵگەکانەوە دەگونجێت. ئێمە پرسیاری وایان لێ دەکەین کە رەنگە لە کاتی تەماشاکردنی بەڵگەکانەوە دەربکەون و، بازنە ناوەکییەکە ئەو شتەیە من بە ئامانجەکان- پۆلیس و پارێزەر و گومانبارانی تر و زیندانیان... ناوی دەبەم. سەرت سووڕ دەمێنێ لەو هەمووەی لەناو بەڵگەنامە سەرەتاییەکاندایە. زۆری لێیە، بەتایبەتیش گومانبارە سەرەتاییەکانی پۆلیس لێیان تێ پەڕیوە".

325. David Protess
326. Medill
327. Northwestern
328. Anthony Porter

لە بازنەی ناوەکــیی حـــاڵەتی پۆرتردا، پرۆتێس و قـــوتابیـــانی ئاڵســـتـــۆری سـایمۆنیـان[٣٢٩] دۆزییـەوە، گـومـانبـارێک کـە پۆلیس خـێرا پشـتگوێی خسـتبـوو. بە بەکارهێنانی ڕێبازی سیستەماتیکی پرۆتێس بۆ دڵنیابوونی دووسـەرە لە بەڵگە و سەرچاوەکانەوە، پرۆتێس و قوتابیانی برازایەکی سایمۆنیان دۆزییەوە کە گوێی لە سایمۆن بووبوو لە شەوی کوشتنەکاندا باسی لە کوشتن کردبوو. لە دواییدا سایمۆن تاوانبار کرا بەو تاوانەی نزیک بوو پۆرتر بەهۆیەوە بمرێت. لە ٩ی ئاداری ١٩٩٩دا، ئانتۆنی پۆرتر بووە پێنجەم زیندانیی بەهەڵە تاوانبارکراو لەناو ئیلینۆیس کـە بە هەوڵی پرۆتێس و قوتابیانی ئازاد بکرێت. کاری پرۆتێس شرۆڤەیەکی سەروئاسایی هێزی سەلماندنی ڕۆژنامەوانییانەی تیۆریانەیە.

## قەڵەمی سووری تۆم فرێنچ [٣٣٠]

ئەگەر ڕێبازی پرۆتێس هێزپڕوکێنە، تیۆری تۆم فرێنچ سەرسووڕمێنەرانە سادەیە. فرێنچ سـەردەستـە لە نووسـینی بابەتی گێـڕانەوەیی و ناچیرۆکیی درێژ و قووڵ بۆ سێینت پیتێرزبورگ تایمز لە فلۆریدا. ئەو لە ١٩٩٨دا خەڵاتی پولیتزری بۆ نووسینی بابەتی هەڵبژاردە بردەوە. ئەو هەروەها لەبارەی دوا مۆڵەتەکانەوە دەنووسێت.

فرێنچ تاقیکردنەوەیەکی بۆ سەلماندنی ڕاستییەکانی ناو هەواڵەکانی هەیە. پێش ئەوەی پارچە دەقـێک رادەست بکات، کـۆپیـیـەکی چاپ دەکـات و دێر بە دێر بە قەڵەمێکی سوور پێیدا دەچێتەوە و نیشانەیەکی دڵنیایی لە تەک هەر ڕاستی یان گوتەیەک دادەنێت بۆ ئەوەی بەخۆی بڵێت دڵنیایە لەوەی شتەکە ڕاستە.

## وریای سەرچاوە ناپارێزراوەکان بە

وەک هاووڵاتی ئێمە بۆ بەشی هەرە زۆری ئەو شتەی دەیزانین پشت بە خەڵکانی تر دەبەستین وەک سەرچاوەی زانیاری. ڕۆژنامەنووسانیش کە لە پێناو ئێمە چاودێریی جیـهان دەکەن، زۆربەی جار پشت بەکەسانی تر دەبەستن بۆ وردەکارییەکانی گوزارشتەکانیان. یەکێک لە کۆنترین تەکنیکەکانی بەکارهاتوو لەلایەن ڕۆژنامەنووسانەوە بۆ باوەڕهێنان بەئێمە سەبارەت بە ڕاست و دروستبوونی خۆیان

329. Alstory Simon
330. Tom French

نەریتی دابینکردنی سەرچاوەیە بۆ زانیارییەکانیان. بەڕێز جۆنز[331] فڵانە شتی لە فڵانە لێداونی لە ئێلکس لۆج[332] لە ڕاپۆرتی ساڵانە یان هتددا گوت. ئەم پشتبەستنە بە خەڵکانی تر بۆ زانیاری هەمیشە بووەتە هۆی دروستبوونی بۆچوونێکی گوماناوی لە ڕۆژنامەنووساندا. ئەوان هەر لە سەرەتاوە ئەو تێبینییە دەخەنەوە یادیان " ئەگەر دایکت گوتی تۆی خۆش دەوێت، لە قسەکە دڵنیا بەوە". ئەگەر سەرچاوەی زانیارییەکە بەتەواوەتی وەسف کرابێت، جەماوەر دەتوانێت بۆ خۆی بڕیار بدات ئاخۆ زانیارییەکە جێی باوەڕە یان نا.

لە ساڵانی دواییدا لەگەڵ بەرزبوونەوەی ژمارەی دامەزراوە هەواڵییەکان و شارەزاتربوونی سەرچاوەکانی هەواڵ لە هونەری مامەڵەکردن لەناو چاپەمەنیدا، نهێنیپارێزی لە ئامرازێک کە ڕۆژنامەنووسان بۆ هاندانی فیکەلێدەرانی بێ مەیلەوە بەکاریان دەهێنا، گۆڕاوە بۆ شتێکی تەواو جیاواز مەرجێک کە سەرچاوەکانی لێزان لە چاپەمەنی بەسەر ڕۆژنامەنووسانیاندا سەپاندووە تەنانەت پێش ئەوەی ڕۆژنامەنووسان قسەیان لەگەڵیاندا کردبێت.

بیر لەو ریسوایییە تایبەتەی درکاندنی لێکۆڵینەوەیەک بکە کە سەرچاوەکانی کۆشکی سپی لە ئیدارەی جۆرج دەبلیو بوشدا تێیوە گلا بوون. ئەم ریسواییە پێوەندیی بە ئاشکراکردنی ناسنامەی هەڵسووڕاوێکی ئاژانسی ناوەندیی هەواڵگری بەناوی ڤالێری پلێیم[333] بۆ چاپەمەنییەوە هەبوو. لە ٢٠٠٥دا حاڵەتەکە بووە ململانێیەکی بەناوبانگ لەسەر مافی چاپەمەنی بۆ پاراستنی سەرچاوە نهێنییەکان. جودیس میلێر، هەواڵنێرێکی نیویۆرک تایمز ٨٥ ڕۆژی لە زیندان بەسەر برد و نەیویست گەواهی بدات، هەرچەندە ئەو دواتر بڕیاری خۆی گۆڕی و هەنگاوی بۆ پێشەوە نا. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو سەرچاوەی ئەو دەیپاراست – پیاوێک بەناوی ئای لویس "سکوتر" لیبی[334] – ئەو جارچییە نەبوو کە ئەو نهێنییانەی حکوومەت بەنیازی شاردنەوەیان بوو، بدرکێنێ. ئەو بەرپرسی کارمەندانی جێگیری سەرۆک بوو و هەستا بە ئاشکراکردنێکی ڕێگەپێدراوی هەڵوێستی حکوومەت لە بەرامبەر ئەو شتەی هاوسەری پلەم، باڵوێزێکی پێشووی وڵاتە یەکگرتووەکان، لە نیویۆرک تایمزدا

331. Johnes
332. Elks Lodge
333. Valerie Plame
334. I. Lewis "Scooter" Libby

نووسیبووی. دەرکەوت میلێر نەک تەنیا رازی بووە بەوەی ناسنامەی لیبی بپارێزێت، بگرە بە ویستی خۆیشی هەنگاوی نا بۆ هەڵخەڵەتاندنی خەڵک لەو بارەوە، ئەمەش لە رێگەی وەسفکردنی ئەو بە "کارمەندێکی پێشووی هیل" نەک "بەرپرسێکی بالای حکوومەت"، وەک چۆن پێشتر رێککەوتنی لەسەر کرابوو. میلێر خۆی پاراست لە بلاوکردنەوەی هەواڵێک لەسەر بالۆیزەکە. وەک ئال کەمێنی[335] ستوونووسی واشینتۆن پۆست دواتر وەسفی کرد، لە واشینتۆن دی سیدا کە بەنزیکەیی هەموو کەسێکی سیاسی جارێک لە هیلدا کاری کردووە، ئەوە بەمانای ناونانی لیبی بە "کەسێک" بوو.

لەگەڵ بەرزبوونەوەی ئاستی پشتبەستن بەسەرچاوەی ناوپارێزراو بۆ بابەتی زانیاریی سیاسیی گرینگ، رۆژنامەنووسان لە هەوڵی ئەوەدان برەو بە یاساگەلێک بدەن بۆ ئەوەی خۆیان و جەماوەریان لەوە دڵنیا بکەنەوە سەربەخۆیی خۆیان لە سەرچاوە ناوپارێزراوەکانی ناو هەواڵەکانیان پاراستووە. جۆ لێلیڤێلد[336] کاتێک نووسیاری جێبەجێکاری نیویۆرک تایمز بوو داوای دەکرد هەواڵنێر و نووسیاران پێش سوودوەرگرتن لە سەرچاوەیەکی ناوپارێزراوەوە دوو پرسیار لە خۆیان بکەن:

ئاخۆ سەرچاوە ناوپارێزراوە تا چ رادەیەک زانیاریی راستەوخۆی لەبارەی رووداوەکەوە هەیە؟

ئاخۆ سەرچاوەکە ئەگەر پاڵنەرێکی هەبێت ئەو پاڵنەری چییە بۆ هەڵخەڵەتاندنی ئێمە لە پێناو زێدەرۆییکردن یان شاردنەوەی راستییە گرینگەکانەوە کە رەنگە بۆچوونی ئێمەی بەرامبەر بە زانیارییەکە گۆڕیبێت؟

تەنیا کاتێک کە باوەڕیان بە وەلامی ئەم پرسیارانەوە دەهات، ئەوان سەرچاوەکەیان بەکار دەهێنا و، دواتر تا ئەوپەڕی توانا پێویستە هەواڵنێران و نووسیاران ئەو زانیارییە بدەنە جەماوەر تاوەکو بزانێت ئاخۆ سەرچاوەکە بە چ کلۆجێکەوە شتەکەی زانیوە (بۆ نموونە سەرچاوەیەک کە بەڵگەنامەکەی دیوە) و ئاخۆ چ بەرژەوەندییەکی تایبەتی هەیە (بۆ نموونە سەرچاوەیەک لە نووسینگەی دادوەریی سەربەخۆی لێکۆڵینەوە). ئەم هەوڵدانە بۆ دیودەرێکی پتر هۆکارێکی یەکلاکەرەوە بووە بۆ ئاستی توانای جەماوەر بۆ ئەوەی بۆ خۆی بڕیار لەسەر باوەڕپێکراوبوونی

335. Al Kamen
336. Joe Lelyveld

هەواڵێک بدات، بەڵام لەوەش گرینگتر هەواڵەکە ئامـاژە بە سـتـانداردەکـانی ئەو دامەزراوە دەکات کە لە هەواڵەکانیدا رەچاویان دەکات.

دێبۆرا هاوڵی نووسیارێکی واشینتۆن لە نیووهاوس نیووزپێیپرزدا[٣٣٧] دوو یاسای تری هەیە بۆ سەرچاوە ناوپارێزراوەکان کە جەخت لەسەر یاساکانی لێڵیڤێڵد دەکەن:

هەرگیز سەرچاوەی ناوپارێزراو بەکار مەهێنە بۆ پێشکێشکردنی بۆچوونێک لەبارەی کەسێکی ترەوە.

هەرگیز سەرچاوەی ناوپارێزراوە وەک یەکەم لێدوانی خوازراوەی هەواڵێک بەکار مەهێنە.

گلێن گوزۆ[٣٣٨]، نووسیاری پێشووی دێنڤرپۆست[٣٣٩] کۆمەڵێک پرسیاری تر هەبوو کە داوای دەکرد هەواڵنێران و نووسیاران بتوانن وەڵامیان بدەنەوە کاتێک رەزامەندی دەدەن بۆ پاراستنی ناوی سەرچاوەیەک لە جەماوەر.

ئاخۆ زانیارییەکە بۆ هەواڵەکە پێویستە؟

ئاخۆ زانیارییەکە راستییە نەک بۆچوون یان هەڵسەنگاندن؟ (ئەو بۆ گوتەکانی هەڵسەنگێنەرانە رێگەی بە ناوپارێزی نەدەدا).

ئاخۆ سەرچاوەکە لە بارودۆخێکدایە بۆ ئەوەی بەڕاستی بزانێت ئاخۆ سەرچاوەکە شایەتی بەچاودیتەیە؟

چ ئامـاژەیەکی تر هەیە بۆ مـتـمـانەپێکردن (زۆربوونی سـەرچاوەکـان، پشتڕاستکردنەوەی سەربەخۆ، ئەزموون لەگەڵ سەرچاوەکە)؟

چ وەسفێک دەتوانیت بەکار بێنیت بۆ ئەوەی جەماوەر بتوانێت هەڵسەنگاندن بۆ سەرچاوەکە بکات؟

سێ نموونە یان تاقیکردنەوەکان هەروەها رێنوێنیی کارەکی لەبارەی نووسینی هەواڵەوە دابیت دەکەن، تەنانەت پاش ئەوەی بڕیاریشت دابێت ئەو شتەی سەرچاوەی ناوپارێزراو پێشکێشی دەکات، بەکار بێنیت.

خاڵی مەبەست ئەوە نییە رۆژنامەنووس خۆی بۆ هەر کام لەم تاقیکردنەوە بەخت

337. Newhouse Newspapers
338. Glenn Guzzo
339. Denver Post

بکات یان هاوولاتی وێڵی سەلماندنی یەکێکیان بێت. ئێمە هیواداریین هەر کەسێک ڕۆژنامەنووسی دەکات وەریان بگرێت و تاقیکردنەوەی تایبەت بە خۆی دابهێنێت.

خاڵی گرینگتر ئەوەیە ڕۆژنامەنووس بتوانێت جۆرە هەڵسەنگاندنێکی هۆشیارانە بکات سەبارەت بەوەی چ کاتێک سەرچاوەیەک بە نهێنی بهێڵێتەوە و لە بەرامبەردا لەگەڵ جەماوەر تا ڕادەیەک هەمان بۆچوونی هەبێت. ڕاپرسییەکان لەسەر ڕای گشتی دەریان خستووە جەماوەر حەز بەپاراستنی ناوی سەرچاوە ناکات، هەرچەندە لەوە تێ دەگات ئەو بەکارهێنانە ڕەنگە گرینگ بێت.

ئاخۆ ئەوە چۆن لە چاپەمەنیدا کاری پێ دەکرێت؟ نموونەیەک ڕەنگە ئەمەی دوایی بێت: "...بە قسەی داواکارێک کە دەستڕەسی بە وردەکارییەکانی کەیسەکەوە هەبوو. پۆست[340] ناوی داواکارەکەی پاراست چونکە گرینگ بوو جەماوەر ئەم زانیارییەی هەبێت و ئێمە پێمان وایە پێناسەکردنی داواکارەکە تووشی کێشەیەکی یاسایی دەکات".

## ریشە زۆرەکانی هەقیقەت

لە دواییدا هەر کەسێک لە پرۆسەی ڕۆژنامەوانیدا ڕۆڵێکی هەیە بۆ ئەوەی لە گەشت بەرەو هەقیقەت بیگێڕێت. خاوەن ئیمتیاز و خاوەنەکان پێویستە ئامادەگییان هەبێت بۆ ئەوەی بەبەردەوامی کاری ڕۆژنامەوانی لە پێناو بەرژەوەندیی گشتی بەبێ ترس یان لایەنگری بڵاو بکەنەوە.

نووسیاران پێویستە ڕێگر بن لە هێوربوونەوەی تەوژمی ئازادیی دەربڕین – وشەکان – و بەرهەڵستیی هەوڵەکانی حکوومەت، کۆمپانیاکانی هاوبەشی، لایەنەکانی سکالایەک، پارێزەران یان هەر هەواڵکارێکی تر بکەن بۆ چەواشەکردن یان چەوساندنەوە لە ڕێگەی ناوهێنانی درۆ وەک هەقیقەت و شەڕ وەک ئاشتی.

پێویستە هەواڵنێران لە بەدواداچوونیان سەرسەخت بن و لە هەوڵدانیان بۆ زاڵبوون بەسەر بۆچوونی خۆیاندا بنەمایان هەبێت. هەواڵبێژی کۆنەکاری تەلەڤزیۆنی شیکاگۆ، کارۆڵ مەرین[341]، لە کۆڕبەندێکی لێژنەییدا شتەکەی بەم شێوەیە روون کردەوە "کاتێک لەگەڵ خێزانتدا بۆ جەژنی شوکرانەبژێری کۆ دەبییەوە و یەکێک لە

---

340. Post
341. Carol Marin

مشتومڕییه کلاسیکییەکانی خێزانیت هەیە - جا چ لەبارەی سیاسەت یان نەژاد یان ئاین یان سێکسەوە بێت- بە بیرت دێتەوە ئەو شتەی تۆ لەو دەمەقاڵێیە خێزانییەدا دەیبینی لەو شوێنی کورسییەکەت لێیەتی و لەو لایەی مێزەکە کە تۆی لێی، لێت دیارە و، ئەوەش بۆچوونت دەنەخشێنێت چونکە لەو ساتانەدا تۆ مشتومڕی لەسەر پێگەی خۆت دەکەیت... ڕۆژنامەنووس کەسێکە لە مێزەکە دوور دەکەوێتەوە هەوڵ دەدات هەمووان ببینێت".

ئەگەر ڕۆژنامەوانی گفتوگۆیەک بێت، لە دواییدا ئەو گفتوگۆیە گفتوگۆی نێوان هاووڵاتییان و هەروەها ئەوانەیە کە هەواڵەکان دابین دەکەن. هاووڵاتییانیش ڕۆڵێکیان هەیە. هەڵبەتە ئەوانیش پێویستە ئاگەدار بن. پێویستیشە خۆیان دەرببڕن. ئەگەر پرسیارێک یان کێشەیەکیان هەبوو، پێویستە ئەوە لە دامەزراوە هەواڵییەکەوە بپرسن: ئاخۆ ئێوە چۆن ئەمەتان زانی؟ بۆچی ئەمەتان نووسیوە؟ بنەما ڕۆژنامەوانییەکانتان کامانەن؟ ئەمانە پرسیاری باشن بۆ لێپێچنەوە و هاووڵاتییان شایستەی وەڵامدانەوەن.

بەم شێوەیە ڕۆژنامەوانی پێویستە وەک یەکەم بنەما خۆی بۆ هەقیقەت تەرخان بکات و لە سەرووی هەموو شتێکەوە دڵسۆزی هاووڵاتییان بێت بۆ ئەوەی بتوانن بە ئازادی بەدوای هەقیقەت بکەون و، لە پێناو هێنانی هاووڵاتییان بۆ ناو ئەو گەڕانە، پێویستە ڕۆژنامەنووسان ڕێبازگەلی سەلماندنی دیودەرانە و سیستەمییانە بەکار ببێنن. هەنگاوی دواتر ئەوەیە پێوەندییان بەو کەسانەی هەواڵ لەبارەیانەوە بڵاو دەکەنەوە، روون بکەنەوە.

بەشی پێنجەم

## سەربەخۆیی لە کوتلە

چەند مانگێک پاش تێکهەڵچوونی مێژووییانەی نێوان نیویۆرک تایمز و حکوومەتی فیدراڵ بەهۆی بڵاوبوونەوەی بەڵگەنامەکانی پێنتاگۆنەوە لە ١٩٧١دا، ویلیام سەفایر[٣٤٢]، گوتارنووسێکی سەرۆک نیکسۆن لە ئێوارەخوانێکی کارێکی خێرخوازانەدا بۆ دانیشتن کەوتە تەنیشت ئارسر "پانچ" سولزبێرگری[٣٤٣] خاوەن ئیمتیازی تایمز. لە کاتی گفتوگۆکەیاندا سەفایر ئاماژەی بەوە دا بەنیازە واز لە خزمەتی حکوومەتی بێنێت.

تێبینییەکەی سەفایر چووە ناو گوێیەکی وەرگرەوە. لەوەتەی هەڵبژاردنی نیکسۆنەوە لە ١٩٦٨دا، سولزبێرگر لەژێر پاڵەپەستۆدا بوو بۆ ئەوەی دەنگێکی کۆنەپارێزانە بدۆزێتەوە بۆ هاوسەنگکردنی لاپەڕەکانی تایبەت بە بۆچوونی پێچەوانە لە تایمزدا. پاڵەپەستۆکە لە سکۆتی ریستنەوە[٣٤٤] دەهات، هەواڵنێری ئەفسانەییی واشینتۆن، سەرۆکی پێشووی نووسینگە و نووسیاری جێبەجێکار کە نیگەران بوو سەبارەت بەبۆچوونی جیهانی سیاسی و هەروەها ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەرایەتیی تایمز بەرامبەر بە رۆژنامەکەوە، ئەو دەستەیەی پێیان وابوو هاوسەنگییەکی پتر لە دەنگەکان سەرکەوتنی پلانێک بۆ چاپکردن لەسەر ئاستی نەتەوەییدا مسۆگەر دەکات. لەو کاتەدا لیبراڵەکانی وەک تۆم ویکر و ئەنتۆنی لویس و فلۆرا لویس و بەشێوەیەکی مامناوەندییانە خودی ریستن لاپەڕەکانی بۆچوونی پێچەوانەیان داگیر کردبوو. سولزبێرگر گەیشتبووە ئەو باوەڕە: دەنگێکی کۆنەپارێزی بەهێز پێویستییەکی راستەقینە بوو.

سەفایر هەڵبژاردنێکی بەپێز بوو. ئەو نیویۆرکییەک بوو کە زۆر هاوڕێی لە

---

342. William Safire
343. Arther (Punch) Sulzberger
344. Scotty Reston

شارەکەدا هەبوو. هەروەها نووسەرێکی درەوشاوەش بوو کە نووسینە روون و هەندێک جار بڕەڕەکەی رەخنەی نایابی لەبارەی چاپەمەنییەوە هەڵدەگرت. ئەو راستییەی کاسرین گراهامی[345] خاوەن ئیمتیازی واشینتۆن پۆستیش کە سوڵزبێرگر رێزی لە بۆچوونی دەنا، هەوڵی دابوو سەفایر دابمەزرێنێت بەڵام بەهۆی مووچەکەوە رێک نەکەوتبوو، بیرۆکەکەی تەنانەت سەرنج ڕاکێشتریش کرد.

لە دواییدا رێککەوتنێک کرا. لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر هێنانی سەفایر پاڵەپەستۆی سەر سوڵزبێرگری لەلایەکەوە کەم کردەوە، لەلایەکی ترەوە زریانی ئاگرینی رەخنەی هەڵکرد لەناو خوێنەرە کۆنەکان و هەروەتر زۆرێک لەوانەی ناو ژووری هەواڵی تایمز کە لەوە دەترسان گوتارنووسێکی سەرۆکایەتی رێگەی پێ بدرێت خۆی وەک رۆژنامەنووسێک بسەپێنێت.

بە چ پێوەرێک چالاکوانێکی سیاسیی پێشوو و پارتیزانێک دەیتوانی لە ناکاو خۆی بە رۆژنامەنووس ناو ببات؟ ئاخۆ ئەوە بەس بوو کە ئێستا ستوونێکی هەبوو؟ بەدڵنیاییەوە بەبۆچوونی رۆژنامەنووسانی تایمز شتێکی پتر لەوە پێویست بوو. کاتێک سەفایر دواتر بەبیری هاتەوە کاتێک لە کۆتایی لە ١٩٧٣دا چووە ناو تایمز، سێ حەفتە بەر لەوەی ریسوایی واترگێیت بەتەواوی ئاشکرا ببێت، بەتەواوەتی "لەلایەن هاوکارانم لە نووسینگەی واشینتۆنەوە وەک پڕوپاگەندەکارێکی خۆنەگونجێنی نیکسۆن پەڕاوێز خرابووم. تاکە هەواڵنێرێک کە ویستبای لەگەڵم نانی نیوەڕۆ بخوات مارتین تۆڵکین[346] ، کۆنە هاوپۆلێکم لە کۆلێجی زانستی برۆنکز[347]".

دوو رووداوی ناپێوەست بارودۆخی سەفایریان گۆڕی. یەکەمیان کەسێنی بوو. "لە سەیرانی سالانەی نووسینگەدا منداڵە سێ سالانەکەی هەواڵنێرێک بەربووە ناو حەوزێک و خەریک بوو دەخنکا. لەبەرئەوەی من تاکە هەراش بووم کە لە نزیک شوێنەکە راوەستابووم، بە هەموو جلوبەرگەوە خۆم هەڵدا تاوەکو دەری بێنم. بۆچوونی گشتی گۆڕا بۆ: ئەو بە یەکجاری خراپ نییە". دووەمیان رۆژنامەوانییانە بوو. جۆن کرودسنی[348] هەواڵنێری تایمز هەواڵێکی بڵاو کردبووە گوایە وایەری نهێنی بۆ گوێگرتن لە شازدە هەواڵنێر و یاریدەرێکی نیکسۆن بەکار هاتبوون.

---

345. Katharine Graham
346. Martin Tolchin
347. Bronx
348. John Crewdson

یاریدەرەکـە سـەفـایر بوو. "ئەوە وێ دەچوو هێرشـێکی بێـوێنە بێت لەسـەر ئازادیی چاپەمـەنی و دواتر بووە نایاسـایی. بەڵام لەبەرئەوەی من یاریدەرە سووسە لێکراوەکە بووم، من وەک دەسـتـەواژەی نیکسـۆنی بە "یەکێک لەوان" هەژمـار دەکـرام و کـاتێک هەمبانەی خۆمم لەبارەی وایەرە نهێنییەکانەوە لە ستوونێکی تایمزەوە هەڵڕشت، ئەوە لە کـۆواری تایمز بـە "سـەفـایر ئەفـایر[349] بڵاو بـووەوە و ڕێخـۆشـکەر بوو بۆ ئەوەی سەربەخۆییم جێی بکاتەوە. وەک سووکە خۆشووشتنێک بوو، من ئیتر بێزەوەر نەبووم."

سی و دوو سـاڵ دواتـر سـەفـایر بە خـەڵاتێکی پوڵیـتـزر و ڕێزلێنانێک نەک تـەنیـا لەلایەن هـاوکـارە ڕۆژنـامـەنووسـەکانی بگرە بـە ملیۆنان خـوێنەر لە تایمز خـانەنشین دەبوو. چ شتێک بووە هـۆی ئەم ستایشە؟ بەدڵنیاییەوە شتەکە بێلایەنی یان تۆنێکی مامناوەندی یان ئارەزوو بۆ دادپەروەری نییە. سەفایر وەک کۆنەپارێزێکی تۆخ بەخۆ بە سەرسەختییە تەواو لیبرالانەکەیەوە مایەوە کە دەیتوانی دوژمنانی لە سیخ بدات، کاروباریان بە کۆتا بێنێ و قسـەی چووزێنەر بێت کاتێک بیـەوێت. کـەواتە ئەو شـتـە چی بوو سەفایری لە پارتیزان و چالاکوان و پڕوپاگەندەکار جیا دەکردەوە؟

پرسیـارەکە یەکجـار پێوەسـتـە بە رادەستکردنی هەواڵ و زانیـاری لە سەدەی نوێدا. لەگەڵ بـەرینبـوون گـەشـەسـەندنی مـەودای مـیدیا بۆ وەدیهێنانـی پێویسـتـییـەکـانی جەماوەرێکی بەرفراوانتر و چالاکتر کە لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی ١٩٦٠ەکان و بە دیموکراسیکردنی ئەم دواییانەی چاپەمـەنی کەوتووەتەوە، ئاخۆ چ شـتێک دەبێتـە ڕۆژنامەوانی؟

راسـتگۆیـی و دڵسـۆزی بۆ هـاووڵاتیـیـان بەشـێکن لەو شـتـە. بەهـەمـان شـێـوەش ڕۆڵگێڕان وەک چاودێر و دابینکردنی کۆڕبەندێک بۆ مشـتـومڕیـی جـەمـاوەری. بەڵام ئاخـۆ ڕۆڵی ڕۆژنامـەوانی بـۆچوونی لە کوێدا دەگونجـێت؟ ئاخـۆ بێـلایەنی یەکـێک لە بنەماکانی ڕۆژنامەنووسی نییە؟

وەڵامـەکە ڕێی تێ نـاچێت بەڵێ بێت. ئەگەر وا بوایـە، سـتـوونـنووس و نووسـەرانی بۆچوونی ڕۆژنـامـە لەناو پیـشـەکەدا هـەژمـار نەدەکـران. هەواڵنێری براوەی خـەڵاتی پوڵیـتـزر وەک پۆڵ گیگۆی[350] وۆڵ سـتـریت تایمز و تـۆمـاس فـریدمـەنی[351] نیـویۆرک

349. Safire Afire . یانی سەفایر لەناو ئاگردایە

350. Paul Gigot

251. thomas friednan.

تایمز ڕەنگە تا ڕادەیەک ناچار بوونایە واز لە پلە و پایەیان وەک ڕۆژنامەنووس بێنن کاتێک بوونە ستوونووس. ئاخۆ دێیڤید برۆدری[352] واشینتۆن پۆست یان ڕۆناڵد بێرنستاینی[353] لۆسانجلێز تایمزمان بەچی ناو دەبرد- ڕۆژنامەنووسانێکی ڕێز لێنراو کە ستوون دەنووسن و هەروەها وەک هەواڵنێر کار دەکەن- یانیش تۆم برۆکاو یان واڵتر کرۆنکایت[354] کە وەک بێژەر ناوەناوەش بابەتی شرۆڤەکاری پێشکێش دەکەن.

هەر ساڵە و دەستەی پولیتزر خەلاتێک بۆ شرۆڤەیەک دەبەخشێت و ئەو خەلاتە لەژێر ناوی "ڕۆژنامەوانی" دادەنێتو زۆر کەس پێیان وایە چاپەمەنیی نوێی ئەمەریکایی، بەشێکی زیندووی مەودای ڕۆژنامەوانی، بەبەراورد لەگەڵ ڕۆژنامەکانی سەر بە کۆمپانیا هاوبەشییە گەورەکانەوە کە پێیان وایە گوزارشێکی بێلایەنەی هەواڵی پێشکێش دەکەن، لە ریشەکانی ڕۆژنامەوانییەوە نزیکترە.

باشترە خاڵەکە دووبارە بکرێتەوە بۆ ئەوەی ڕوون ببێتەوە. بێلایەنبوون یان لایەنگرینەکردن بنەمایەکی سەرەکیی ڕۆژنامەوانی نییە. وەک لە بەشی پێشوو لەبارەی سەلماندنەوە ڕوونمان کردەوە، بێلایەنی هەرگیز بەمانای بابەتییانەبوونەوە نەبووە. بەڵام ئەگەر بێلایەنی بەردی بناخەی ڕۆژنامەوانی نەبێت، کەواتە ئاخۆ چ شتێک دەبێتە ڕۆژنامەوانی بەپێچەوانەی، با بڵێین، پڕووپاگەندە؟ پڕووپاگەندەکاران چاپ دەکەن. سیاسەتوانانیش چاپ دەکەن. جێسی جەکسن شۆیەکی گفتوگۆی بۆ چەپڕۆکان هەیە. ڕوس لیمباویش[355] بۆ ڕاستڕۆکان. کۆمەڵێک لایەنگری هەردوولای ڕێرەوە سیاسییەکە بلۆگی پارتیزانی دەنووسنەوە. ئاخۆ ئەوان ڕۆژنامەنووسن؟ ئاخۆ هەر کەسێک شت چاپ بکات یان بڵاو بکاتەوە ڕۆژنامەنووسە؟

پاش ئەوەی سەفایر تایمزی بەجێ هێشت، داوامان لێ کرد بیر لەو تایبەتمەندییانە بکاتەوە کە ئەویان ڕێنوێنی کرد و بوونە هۆی گۆڕانی لە سیاسەتوانێکەوە بۆ ڕۆژنامەنووسێک. خاڵێکی سەرەکی پێوەندیی بەدڵسۆزییەوە هەیە.

"ئاخۆ لایەنگری لە کوێدایە بۆ هاوڕێ و هاوکارە کۆنەکانی خۆتە، بۆ ئایدۆلۆجیا

352. avid Broder
353. Ronald Brownstein
354. Walter Cronkite
355. Ruth Limbaugh

یان پارتە سیاسییەکەتە، بۆ ئامرازی هەواڵیی میدیاکەتە، بۆ راستییە ساردوسڕەکانە، یان بۆ هەقیقەتە؟

لە ژیانی واقیعدا لایەنگری تێکەڵەیەکی بگۆڕە لە هەر هەموو ئەمانە. تۆ سەرچاوەیەکی باشی درێژخایەن لە پێناو هەواڵێکی تا ڕادەیەک باش نافەوتێنیت. ڕێگە نادەیت ئایدیۆلۆجیاکەت تۆ لە هەواڵە باشەکە دوور بخاتەوە. (ڕێگە نادەیت نووسیارێکی ناوەندی[356] بەبێ شەڕکردن "هەواڵێک" بۆ "گوتارێک" بگۆڕێت). ڕێگە نادەیت زنجیرە راستییەکی رەق بەرەو بەرەنجامێکی بۆشی ناواقیعی یان هەڵخەڵەتێنەر بەرێت. بە هاوبەشیکردن لە ڕێکەوتنێک کە هاوڕۆحە ئایدۆلۆجییەکانت تووڕە دەکات، نابیتە قارەمان. تۆ ناتوانیت بۆ گوزارشتێکی راست و دروست بەشێکی ئەم پەرەگرافە هەڵبژێریت چونکە ئاوا تەواوی ماناکەی تێک دەدەیت."

بەواتایەکی تر سەفایر وەک هەر رۆژنامەنووسێکی تر خۆی بۆ بێ کەموکوورێتی و راستییەکانەوە بەخت کردبوو و دڵسۆزیی بۆ راستییە رەق و بەرەنجامەکانی راستەقینە ئێستا ئەوی لە تیمە پارتیزانەکەی پێشووی جیا دەکردەوە. ئەو پیاوی خۆی بوو، هێشتا کۆنەپارێز بوو، بەڵام ئێستا بۆ خوێنەرانی خۆی کاری دەکرد.

سەفایر هەروەها پێی وابوو ئەزموونی خۆی لە سیاسەت یارمەتیدەر بووە بۆ نوێکردنی دووەم پیشەی وەک رۆژنامەنووس نەک دوورکەوتنەوە لێی. بەڵام ئەو بەهەمان رادە لێی روون بوو ئەمە گۆڕانێکە ناتوانێت دووبارەی بکاتەوە. ئەو گوتی" هەڵگەڕانەوە و وەرگەڕان هەر چەند ساڵ جارێک سەر لە خوێنەران/ بینەران دەشێوێنێت و کەسی وەرگێڕی کۆنەکاریش تووشی کێشە دەکات". بەواتایەکی تر رۆژنامەوانی شتێکی زیاترە لەوەی تەنیا جێگەیەکت لەناو وێستگەیەکی تەلەڤزیۆنی یان لاپەڕەیەکی بۆچوونی پێچەوانەدا هەبێت. بەڵام سەفایر پێی وایە ئەزموونی سیاسی راهێنانێکی باشە بۆ بوونە هەواڵنێر.

"فێربوونی دەورەدان لە بابەتێک یان شێواندنی لێدوانێک لە ناوەوەڕا یارمەتیی رۆژنامەنووس دەدات ئەو جۆرە ئیستیغلالکردنەی وشەکان لە دەرەوەدا بدۆزێتەوە. کاتێک تۆ لە ناوەوەیەت، پێوەندیی بە قەدەر ژیانت درێژ لەگەڵ ئەو خەڵکانەی

356. Copy editor

– یانی ئەو نووسیارەی پێش چاپبوونی هەواڵێک چاوی پێدا دەخشێنێت بۆ دڵنیابوون لە یەکانگیری وراست ودروستیی.

دەبەستیت کە متمانەت پێیانە (و ئەوانی کەمتر باوەڕپێکراوەشت لە بیرە.) کاتێک لە شەقامەکە پەڕیتەوە، ئەم هاوڕێیانە رەنگە ببنە سەرچاوەکانی متمانەپێکراو: هونەری وەرگرتنی زانیاری لە سەرچاوەی ناوەخۆیی نهێنی یان سەرچاوەی ناوەخۆیی نهێنیی سەردەمی پێش ئەوانیش، کە تۆ وەک رۆژنامەنووس لێت چاوەڕوان ناکرێت ئەو زانیارییە وەدەست بهێنیت. هیچ شتێکی ناگاتە سەرچاوەیەکی متمانەپێکراو کە لەگەڵی سەنگەرێکی سیاسیی هاوبەشت هەیە. تۆ دەزانیت لەو کەسەوە چاوەڕێی چی بکەیت، ئەو کەسەیان کە دەزانێت تۆ تا چەند دەتوانی نهێنی بپارێزیت".

سەفایر تەنانەت پێی وایە رۆژنامەنووسانی بۆچوونی ئازادییەکی پتر نەک کەمتریان هەیە لە چاو رۆژنامەنووسانی تر بۆ ئەوەی بەو شێوەیەی شتەکە دەبینن، ناوی بنێن بەبێ تایبەتمەندییە هەڵسەنگێنراوەکانی هەواڵنێرێکی ئاسایی. ئەوان رەنگە بەرپرسیاریەتییەکی زیاتریشیان هەبێت. سەفایر گوتی «حەز دەکەم وا بیر بکەمەوە یارمەتیی وەگەڕخستنی بوارێکم دابێت بەناوی "هەواڵنێریی بۆچوونی"». ئەوەش کاری بەنهێنی لایەنگریکردنن لەناو شتێک بەناو هەواڵدا نییە: لێکۆڵینەوەیە بۆ راستییەکی نوێ کە ستوونێکی بە روونی ناونراو بەبۆچوونی پێچەوانە روون بکاتەوە یان لانی کەم سەرنجی بۆ رابکێشێت."

بابەتێکی تر هەبوو هاوکارانی نوێی سەفایری لە تایمز بێزار کردبوو و ئەو بڕیاری دا نەیسڕێتەوە. "هێشتاش کێشەی گوتەگوتی فەرمانڕەوایانی نەرێنیگەرا لە ئارادا بوو"، سەفایر بەبیری دەهاتەوە کاتێک ئاماژەی بە لێدوانێک دا کە ئەو لە داڕشتنیدا دەستی هەبوو، نووسینێک کە دەبووە یەکێک لە بەناوبانگترین سەرکۆنەکاری بۆ میدیای ئەمەریکایی کە تا ئەو کات کەسایەتییەکی سیاسیی پێشکێشی کردبێت. "من ئەو دەستەواژەیەم لە گوتارێکی ١٩٧٠ بەکار هێنا کە لەلایەن ئەگنیووی[٣٥٧] جێگری سەرکۆمار لە سان دییێگۆ[٣٥٨] پێشکێش کرا و سەرکۆنەی شکستەکانی دەکرد بەگشتی نەک بەتایبەتی لە چاپەمەنیدا. بەڵام لەبەرئەوەی ئەوە گوتارێکی تەلەڤزیۆنیی ئەگنیووی بەدوادا هات کە لەلایەن پەت بیوکانەوە[٣٥٩] نووسرابوو و بەبۆنەی "شرۆڤەی دەستبەجێ" و ناڕەواییی ترەوە رەخنەی دەگرت، دەستەواژەی

357. Spiro Agnew
358. San Diego
359. Patt Buchanan

نوێی من کە بەخشندانە لەلایەن ئەگنیووەوە درابووە پاڵ من، لەگەڵ ئەم هێرشە بەرێککەوتە بۆ سەر میدیا گرێ درا. (من هەرگیز هەوڵم نەدا ئەوە راست بکەمەوە، چونکە ناوبانگ دەرکردن وەک رەخنەگرێکی میدیایی هیچ زیانێکی بە پێوەندیی من و خوێنەران نەدەگەیاند)". ئەمەش شتێک دەدرکێنێت. سەفایر زیاتر لەوەی گرینگی بەبۆچوونی هاوکارانی نوێی بدات، بایەخی بەکاردانەوەی جەماوەر دەدا.

راستییە رەقەکان. بەرەنجامە راستەقینەکان. رێگرتن لەوەی ئایدۆلۆجیا لە هەواڵەکە دوورت بکاتەوە. ناونانێکی روون. راستگۆیی. ئەمانە ئەو وشانەن سەفایر بەکاری هێناون. بەکورتی ئەو بە تێپەڕینی کات ناوبانگی پەیدا کرد، چونکە خوێنەران لەناو ستوونەکەی ئەودا هەمان ئەو شتەیان دۆزییەوە کە هاوکارانی ئەو لەناو تایمزدا دۆزیبوویانەوە، کە ئەمەش ئەو لاساردییەکەی پێشووی سڕییەوە. ئەوان کەسێکی سەربەخۆیان بینی، راستگۆ بەرامبەر بەکۆمەڵێک بیرۆکە نەک ئەندامێکی تیمێک، کەسێک کە خوێنەرانی بە پلەی یەکەم دادەنا. بەواتایەکی تر ئەوان کەسێکیان بینی کە پێیان وابوو کەسایەتییەکەیان بەدڵە، کەسێک کە رەنگە هەر لەو جۆرە کەسانە بێت دەتوانێت خۆی هەڵداتە ناو حەوزێک بۆ ئەوەی منداڵێک رزگار بکات، کەسێک کە تا ڕادەیەکی زۆر پیاوی خۆی بوو و لەوە تێ گەیشتبوو هاوکارانی لە کۆشکی سپی رەنگە بیانویستبا بەدزییەوە گوێی لێ بگرن.

ئەم تایبەتمەندییانە بەم شێوەیە وەک چوارەم بنەمای سەرەکیی رۆژنامەوانی دەردەکەون:

پێوستە رۆژنامەنووسان لەوانەی گوزارشیان لێ دەکەن، سەربەخۆ بن.

ئەمە تەنانەت لەسەر ئەو کەسانە پیادە دەبێت کە لە جیهانی بۆچوون، رەخنە و شرۆڤە کار دەکەن. ئەوە ئەم سەربەخۆیی لە رۆح و هزرە نەک بێلایەنی کە پێویستە رۆژنامەنووسان بیکەن بە تیشکۆی کار.

بابەتنووسانی نووسیاری و رۆژنامەنووسانی بۆچوونی وەک سەفایر بێلایەن نین. باوەڕپێکراوبوونی ئەوان لە جیاتی لە هەر هەمان خۆبەختکردن بۆ وردبینی، سەلماندن و بەرژەوەندیی گشتیی بەرفراوانتر و مەیلێک بۆ ئاگەدارکردنەوە سەرچاوە دەگرێت کە هەر هەموو رۆژنامەنووسانی تریش پابەندن پێی. سەفایر پرسیاری کرد "ئاخۆ پێویستە هەردوو ئاراستە پێشکێش بکەیت بۆ ئەوەی بێلایەن بیت؟ ئاشکرایە،

وا نییە. لەوە مەترسیّ کەسێک بە "تیرۆریست" ناو ببەیت کە بە کوشتنی بەئەنقەستی هاوولاتییان ترس بەناو جەماوەرێکدا بلاو دەکاتەوە. ئەو بکوژە "شەڕوان" یان "چالاکوان" نییە، ئەمانە زاراوەی گونجاون بۆ خۆپیشاندەرانی سیاسی یان شۆڕشگێڕان، ئەو کەسە "چەکدار"یش نییە، وشەیەک کە نەک تەنیا ناڕوونە بگرە سێکسیشە[٣٦٠]. یەکجار دادوەرانەبوون وەک بەریتانیاییەکان دەڵێن، لە ناشارەزاییەوەیە.

سەفایر هەروەها هەستی کرد دادپەروەریی رووکەشییانە بە زیانی خوێنەرانیەتی. "کارکردنی بە راست و دروستی بەو مانایە نییە هاوسەنگییەک لە مەودا و کاتدا دروست بکرێت. کاتێک لایەنێکی ناکۆکییەکە دەبێتە هەواڵ- دەبێتە بابەتی لێکۆڵینەوە یان رووداوێک لەخۆ دەگرێت- کاری هەواڵنێر نییە بەدوای ئەو خەڵکەدا بگەڕێت کە شتەکە پێچەوانە بکەنەوە و بەیەکسانی سەرنجیان بۆ رابکێشێت. تێبینی، بەڵێ بۆی هەیە، "هاوسەنگی" بەپێی ئینچی ستوون و کاتی دیاریکراو، نەخێر".

لە هەندێک باردا ئەم چوارەم بنەمایە زیاتر لەناو پرەگماتیزم نەک تیۆردا ریشەی کردووە. رەنگە کەسێک بێتە خەیاڵی هەم گوزارشت لە رووداوەکان بکات و هەم بەشدار بێت تێیاندا، بەڵام راستییەکی ئەوەیە بەشداربوون مەترسی دەخاتە سەر هەر هەموو ئەرکەکانی تری رۆژنامەنووس جێبەجێیان دەکات. دیتنی شتەکان لە روانگەکانی ترەوە سەخت دەبێت. وەدەستهێنانی متمانەی سەرچاوەکان و شەڕوانانی بەرە جیاوازەکان سەختتر دەبێت. ئەو کاتە ئەگەر ئەستەمیش نەبێت، سەختە باوەڕ بە جەماوەرت بێنیت بەرژەوەندیی ئەوانت خستووەتە سەرووی بەرژەوەندییەکانی ئەو تیمەی تۆ ئیشی بۆ دەکەیت. بەواتایەکی تر رەنگە تۆ ببیتە راوێژکارێکی نهێنی یان گوتارنووسێک بۆ ئەوانەی لەبارەیانەوە دەنووسیت یان پارە وەردەگریت. بەڵام کارێکی خۆویستانە یان رەنگە ساویلکانە یان خەیاڵاواییانە بێت کە بیر لەوە بکرێتەوە شتەکە ناهێتە رێت. بەم شێوەیە وەک سەفایر دانی پێدا ناوە، ئەو لەوە دەترسا سەر لە خوێنەران – بینەرانی بشێوێنێت بۆیە هەوڵی دا راستەڕێ کاریان بۆ بکات.

---

٣٦٠ . مەبەست وشەی gunman کە لە gun واتە چەک لەگەڵ man واتە پیاو پێک هاتووە و لەبەر ئەوەی لە رووی پێکهاتەی وشەییەوە تەنیا ئاماژە بە پیاو دەدات نەک ئافرەت جیاکارانە وسێکسییە.

## سەربەخۆیی لە هزر

کاتێک لەگەڵ رۆژنامەنووسانی وڵات کە سەر بە بواری جیاواز بوون دواین و لە پاڵنەر و ئامانجە پیشەییەکانمان کۆڵینەوە، دەرکەوت سەفایر دانی بەو چمکە سەرەکی بەڵام بچووکانە ناوە کە یەکجار گشتین. بۆ نموونە لەلایەکی تری مەودای ئایدیۆلۆجیی ئانتۆنی لویس کە ئەو کات ستوونوسێکی بۆچوونیی لیبراڵ لە نیویۆرک تایمزدا بوو، گوتی جیاوازییەکە نەک تەنیا بەندە لەسەر خۆتەرخانکردن بۆ هەقیقەت بگرە بۆ جۆرە باوەڕێک کە لەم خۆبەختکردندایە. "ئەو رۆژنامەنووسانەی تووشی نووسینی ستوونی بۆچوونی دەبن، بۆچوونێکیان هەیە.. .بەڵام هێشتاش راستییەکانیان لە سەرووی هەموو شتێک دادەنێن. سی. پی. سکۆتی[٣٦١] نووسیاری بەتوانای زێ مەنچێستر گاردییەن (ی بەریتانیای گەورە)[٣٦٢]، گوتوویەتی "تێبینی ئاساییە بەڵام راستییەکان پیرۆزن". من پێم وایە ئێمە زیاتر لە تایبەتەوە بۆ گشتی دەجووڵێنەوە، ئێمە راستییەکان دەدۆزینەوە و لەوانەوە بەرەنجامێک دادەڕێژین"، لویس لە درێژەدا گوتی "وروژێنەرەکانی میدیایی وەک ئان کۆڵتر یان جۆن مەکلافلین[٣٦٣] بەپێچەوانەن. تەواوی ئەو شتەی بۆیان گرینگە بۆچوونە، کە حەز دەکەن وەک هاوار دەربڕابێت. راستییەکان ئەگەر هەر بوونیان هەبێت، بەرێککەوتن. راستییەکان دوا بەداوی ئامۆژگاریی شاژنی دڵان- (سەرەتا قسە، دواتر فرمان)- دێت".

سەربەخۆیی لە ویست تەنانەت دەگاتە ئەو نووسینە بۆچوونییەش کە نائایدۆلۆجیکە واتە کاری رەخنەگرانی هونەر و هەڵسەنگێنەران. جۆن مارتین کە سەردەمێک رەخنەگری سەما بوو لە نیویۆرک تایمزدا گوتی کاتێک ئەو بەرەو هەڵسەنگاندن و بۆچوونەوە چوو، پێی وابوو جۆرە سەربەخۆییەکی رۆژنامەوانانەی پاراستووە. "پێم وایە یەکەم بەرپرسیاریەتیم راگەیاندنی رووداوەکەیە و دووەمیان، با بڵێن، دەربڕینی بۆچوونم یان لێکدانەوەیەکە یان ئەوەیە تا ئەوپەڕی توانا بەکورتی ئەم رووداوە تایبەتە لە شوێنی خۆی لەناو بارودۆخەکەدا دابنێم و من پێم وایە بەشێوەیەک هەواڵنێریش هەر ئاوایە".

---

361. C. P. Scott
362. The Manchester Guardian
363. John McLaughlin

هیوادارین ئەم گفتوگۆیە سەرلێشوانێکی بەربڵاوی تر روون بکاتەوە. لەم ساڵانەی دواییدا پرسیارکردن لەوەی کێ رۆژنامەنووسە و کێ هەو نییە، بووەتە نەریت. ئێمە پێمان وایە ئەمە پرسیارە هەڵەکەیە. ئەو پرسیارەی خەڵکەکە پێویستە بیکات ئەوە نییە ئاخۆ کەسێک پێی دەگوترێت رۆژنامەنووس یان نا. پرسیارە گرینگەکە ئەوەیە ئاخۆ ئەو کەسە کاری رۆژنامەوانی دەکات یان نا. ئاخۆ کارەکە بەگوێرەی پابەندبوون بە بنەماکانی راستگۆیی، دڵسۆزی بۆ هاووڵاتییان و کۆمەڵگە بەگشتی و ئاگەدارکردنەوە نەک ئیستیغلالکردن ئەو چمکانەی رۆژنامەوانی لە فۆرمەکانی تری پێوەندیکردن جیا دەکەنەوە – بەرەو پێش دەچێت؟ لەم رووەوە بلۆگەکان، وەک نموونەیەکی زۆر جەماوەری، تەنیا سەکۆن. رەنگە بۆ رۆژنامەوانی یان بۆ چالاکیی سیاسی بن. رەنگە درۆخواز یان مشتومڕی ئەکادیمیانەی ورد بن. بابەتەکە لەوەدا نییە ئاخۆ زانیارییەکە لەسەر بلۆگەکە بڵاو دەبێتەوە یان نا. بابەتەکە پێوەندیی بە سروشتی خودی کارەکەوە هەیە. پێویستە خەڵک نەپرژێنرێتە سەر شتی چەوت.

واتای گرینگ ئەمەیە: ئازادی دەربڕین و چاپەمەنی بەو مانایەیە کە ئازادیی بۆ هەمووانە. بەڵام پێوەندیکردن و رۆژنامەوانی زاراوەی هاوواتا نین. هەر کەسێک دەتوانێت ببێتە رۆژنامەنووس. هەر کەسێک رۆژنامەنووس نییە.

هۆکاری یەکلاکەرەوە ئەوە نییە ئاخۆ کەسەکان دەزگایەکی چاپەمەنی یان جەماوەرێکیان هەیە یان نا. فیل دۆنهیوو[٣٦٤] لە یەکێک لە کۆڕبەندەکانماندا ئاماژەی بەوە دا ئەو پیاوەی چووە ناو بارەکەی چێرنۆبڵ[٣٦٥] و گوتی "شتەکە تەقییەوە"، لەو ساتەدا هەواڵنێر بووە. ئەگەر ئەو گوزارشی لە رووداوێک کردبێت کە خۆی بینیویەتی یان لێی دڵنیا بووەتەوە، نەک ئەوەی دەنگۆیەکی گواستبێتەوە، ئەو رۆژنامەوانیی کردووە. سەفایر گوتی "خانووی رۆژنامەوانی زۆر ژووری هەن. بۆ هەواڵنێری بابەتییانە، بۆ کەلەموستمژەی وریا، بۆ نووسیارێکی پارتیزانی گوێدرِ و کەسی هاوارکار لەناو تەلەڤزیۆن، بۆ رێکخەری خانووەکە و بۆ هەڵچنی ماڵپەڕی جاڵجاڵۆکەیی و لە بیرت نەچێت لەناو خانووەکە شوێنێکی ژوورئاسا بۆ ئەو شتەی بەڕوونییەوە بە هەواڵنێرایەتیی بۆچوونخوازانە ناوبراوە، بەجێی بێڵیت".

ئەوە شتێکە و تێگەیشتن لە جیاوازیی نێوان رۆژنامەنووسی بۆچوونی و

364. Phil Donahue
365. Chernobyl

پڕوپاگەندەکاری پارتیزانی بەشێوەیەکی هۆشەکییانە شتێکی ترە. پابەندبوون بەو جیاوازییە ڕەنگە سەختتر بێت. هاوڕێیەتی و دەرفەت و مەرایی بۆ کردن هەر هەموویان دەست دەخەنە ناو دەست بۆ لەخشتەبردنی نووسەری بۆچوونی تاوەکو سنوورەکە ببەزێنێت.

حاڵەتی مەگی گەڵەگێر[366] ئامۆژگارانەیە. لە یەکێک لە کۆڕبەندەکانمان لە ١٩٩٧ گەڵەگێر کە ئەو کات ستوونووسێک بوو لە سەندیکای چاپەمەنیی جیهانی و لە نیویۆرک پۆست، یەکێک لەو هزرمەندە بێ پێچ و پەنایانە بوو ئێمە لە باسی سنووری نێوان ڕۆژنامەوانیی بۆچوونی و چالاکوانی و پڕوپاگەندا بینیبێتمان. گەڵەگێر ئەو کات گوتی "پێم وایە سێ پێوەر هەن بەکاریان دێنم و لە ئاواتم بۆ مانەوە وەک ڕۆژنامەنووسێکی خاوەن بیر و بۆچوون دەیانخەمەوە یادم. یەکەمیان خۆبەختکردنێکی تەواوە بۆ هەقیقەت... من هیچ شتێک بە خوێنەرانم ناڵێم ئەگەر خۆم پێم وابێت ڕاست نییە".

ئەو گوتی پێوەری دواتر ئەوەیە "کەسێک دەتوانێت پارتیزان، ڕۆژنامەنووسێکی بۆچوونی بێت و لەگەڵ ئەوەشدا پێی وابێت بەرپرسیاریەتییەکی بەرزی هەیە سەبارەت بە دادوەربوون بەرامبەر بەوانەی لەگەڵیان ناکۆکە. ئەوە پێوەندیی بەهەستی بەرپرسیاریەتی بەرامبەر بە جەماوەرەوە هەیە". ئەو گوتی بۆ ئەوەش پێویستە "کراوە بیت لەگەڵ خوێنەران تاوەکو بۆچوون و لایەنگرییەکانت بۆ خوێنەران ڕوون بێتەوە... ئەوە جیاوازیی نێوان ڕۆژنامەنووس و پڕوپاگەندەکارە. من نامەوێت ئیستیغلالی جەماوەرم بکەم. دەمەوێت جیهان بەو شێوەیەی دەبینم بۆیان ئاشکرا بکەم و پێیان ڕابگەیەنم".

گەڵەگێر گوتی بۆ ئەوەی لە کۆتاییدا ئەمە هەمووی بێتە دی پێویستە دووریی خۆت لە لایەنەکەوە بپارێزیت:

"وابزانم ئەستەمە ڕۆژنامەنووسێکی ڕاستگۆ بیت و لایەنگریت بۆ پرسێک هەبێت. لە ڕاستیدا ناکرێت ڕۆژنامەنووسێکی ڕاستگۆ بیت و وەفاداریش بیت بەرامبەر بە کەسێک، پارتێکی سیاسی یان لایەنێک. من بۆچی وا دەڵێم؟ پێم وایە ئەوە پێوەندیی بەبیروباوەڕی بنەڕەتییەوە هەیە: جۆرە پێوەندییەک لەن ێوان ڕۆژنامەوانی و

366. Maggie Gallagher

تێگەیشتنی کەسێک لە هەقیقەتەوە هەیە. کەسێک ڕەنگە پێی وابێت کۆمەڵێک شت و بیرۆکە یان پێشنیاز بۆ ئەمەریکا باش بن و بەئاشکرا باسی لێوە بکات. بەڵام لایەنگریی کەسێک یان لایەنێک بۆ پارتێکی سیاسی بەو مانایەیە تۆ ئامانجی سەرەکیت وەک پابەند بوون بە ڕاگەیاندنی هەقیقەت بەو خەڵکەی جەماوەری تۆن، نابینیت. لێرەدا ناکۆکییەکی بنەڕەتی لە لایەنگریدا هەیە".

لە یەکەم چاپی ئەم کتێبەدا ئێمە بەدەربڕینی ئەم جیاوازییانە لەلایەن گەڵەگێڕەوە یەکجار سەرسام بووین، بۆیە لە سەرەتای ئەم بەشەدا تیشکمان خستنە سەر. بەڵام لە ٢٠٠٥دا دەرچوو گەڵەگێر خۆی ئەو بنەمایانەی پاڵپشتیی لێ دەکردن، پێشێل کردووە.

نووسەری میدیاییی واشینتۆن پۆست، هاوارد کێرتز[٣٦٧] ئاشکرای کرد گەڵەگێر گرێبەستێکی ٢١٥٠٠ دۆلاریی هەبوو بۆ ئەوەی بۆ وەزارەتی تەندروستی و خزمەتگوزارییە مرۆییەکان بنووسێت. کێرتز نووسی کاری گەڵەگێر بانگەشەکردن بوو بۆ پێشنیازی سەرۆک بوش بۆ هاوسەرکاری وەک ڕێگەیەک بۆ بەهێزکردنی خێزان. گرێبەستەکەی کە بۆ ١٠ مانگ لە ٢٠٠٢دا کارپێکراو بوو، نووسینی گوتارێکی گۆواری بۆ کاربەدەستانی وەزارەتەکە، نووسینی برۆشوور و پێشکێشکردنی پوختەیەک بوو. هەواڵەکە پاش ئەوە هات کە ئاشکرابوو وەزارەتی پەروەردەی ئیدارەی بوش پتر لە ٢٤٠٠٠٠ دۆلاری داوە بە ئارمسترۆنگ ویلیامزی[٣٦٨] شرۆڤەکاری کۆنەپارێز بۆ برەودان بە پرۆگرام بوش بەناوی (هیچ منداڵێک پشتگوێ ناخرێت). لەگەڵ ئاشکرابوونەکە ویلیامز ستوونەکەی لە ڕۆژنامەدا لەدەست دا.

گەڵەگێر گوتی پێی وایە حاڵەتی ئەو لە هی ویلیامز جیاوازە. ئەو نووسی "من شارەزایەکی هاوسەرکاریم. من بۆ نووسین و نووسیاریکردن و لێکۆڵینەوە و فێرکاری لەبارەی هاوسەرکارییەوە پارە وەردەگرم. ئەگەر ڕۆشنبیرێک یان شارەزاییەک لە بریی کارکردن بۆ حکوومەت پارە وەربگرێت، ئاخۆ پێویست دەکات ئەوە بدرکێنێت ئەگەر لەسەر هەمان بابەت یان بابەتێکی لێکچوو لێکۆڵینەوەیەک، گوتارێک یان لاپەڕەی بۆچوونی پێچەوانەی بنووسێتەوە؟ ئاخۆ ئەمە ستانداردی ئەخلاقییە، ستاندارێکی تەواو نوێیە؟".

367. Howard Kurtz
368. Armstrong Williams

لە ڕاسـتـیـدا سـتـانداردێکی نوێ نیـیـە. کـۆنە و هـەم بـۆ ئەکـادیمی و هـەم بۆ ڕۆژنامەوانیی بنەڕەتییە: ئەگەر لە بەرژەوەندیدا ناکۆکییەکی ڕێ تێچوو هەبوو، ئەوە دەبێت ئاشکرا بکرێت و ئەگەر ئاشکرابوونەکە بووە هۆی ئەوەی کەسێک بخرێتە بارودۆخێکی بەئاشکرا سازشکارانەوە، کارەکە ئەنجام مەدە. لە ڕاستیدا شکستی گەڵەگێر لە ئاشکراکردنەکە ئاماژە بەوە دەدات ئەو دەیزانی خەریکی چییە و لەسەر ئەو سەربەخۆیییەی بۆ ناوبردنی خۆی بە ڕۆژنامەنووسێک پێویست بووە، سازشی کردووە. ناکۆکی لەبارەی ڕۆڵەکەی خۆی خاڵەکە دەسەلمێنێت و ئاماژە بەوەش دەدات پابەندبوون بە بنەماکە تا چ ڕادەیەک سەختە.

## گەشەسەندنی سەربەخۆیی

فەیلەسووفەکانی کۆنی یۆنانی تێ گەیشتن مرۆڤەکان بە سروشت سیاسین و کۆمەڵگەیەکی ڕێکخراو پێویستیی بە جۆرە چالاکییەکی سیاسییەوە هەیە. لە پێناو ئەم دەفـرەی کـاروباری سـیـاسـی بوو کـە یەکـەم وەرزنامـەکـان لەدایک بوون و بانگهێشتنی جەماوەری گەورەتریان کرد بۆ ئەوەی تێکەڵاوی ئەو بڕیارە سیاسییانە بن کە کاریگەری لەسەر ژیانیان هەبوو.

وەک لە بەشی سێیەم لەبارەی لایەنگری بۆ هاووڵاتییان پێشنیازمان کرد مێژووی ڕۆژنامەنووسی لە ماوەی سێ سەدەی ڕابردوودا لە دڵسۆزی بۆ پارتی سیاسییەوە بۆ بەرژەوەندیی گشتی گۆڕاوە. جێیمز کێیری کۆچکردووی سەر بە زانکۆی کۆڵۆمبیا نووسیبووی "لە ڕووی ڕۆژنامەوانییەوە سەدەی بیستەم دەکرێت بە خەبات لە پێناو دیموکراسی لە دژی پڕوپاگەندە، خەباتێک کە بەمسۆگەری بە چاپەمەنی (بابەتییانە) و (سەربەخۆ)وە هەڵدەسەنگێنرێت، ناو بنرێت".

لە بنەڕەتدا چاپەمەنی لایەنگریی پارتیزانانەی بە پەیماننامەیەکی نوێ گۆڕییەوە – ئەوەی کە پێویستە ڕۆژنامەوانی هیچ ئەجێندایەکی شاراوە نەگوازێتەوە. بابەتی نووسیاران و بۆچوونی سیاسی کە پێشتر تێکەڵ بوون و تەنانەت هەندێک جار لاپەڕەی یەکەمیان داگیر دەکرد، ئێستا بە مەودا و بە ناو جیا کرابوونەوە. لەم بڕیارە سادانەوە–ئەو شتانەی ئەمڕۆکە ڕوون و ئاشکرا دێنە بەرچاو بەشێکی زۆری ئەخلاقی ستانداردی ڕۆژنامەوانی پێک هات، بەتایبەتیش ئەو بنەمایانەی پێوەستن

بە هەڵویست وەرگرتنی سیاسییانەی هەواڵنێرانەوە.

ئەو پێڕەوانە بەگشتی لە سەدەی بیستەمدا بەهێز بوون کاتێک پیشەگەرایەتییەکی پتر سروشی بۆ ڕۆژنامەنووسان هێنا و ژمارەی ڕۆژنامەکانی ڕکابەر لەناو شارەکاندا لە کورتی دا و ئەوانەشی کە مانەوە ناچار بوون جێی پەسندی جەماوەرێکی گەورەتر بن، شتێک کە دامەزراوە هەواڵییە تەلەڤزیۆنییەکانیش ئاواتەخوازی بوون.

لە سەدەی بیست و یەکەمدا یەکێک لە پرسیارەکان ئەوەیە ئاخۆ ئەم چمکەی سەربەخۆیی ڕۆژنامەوانی لاواز دەبێتەوە. لە دەستپێکی سەدەکەدا سەربەخۆییەکە وا خەریکە لەناو دەچێت بەشێوەیەکی سەرەکیش بەهۆی تەکنۆلۆجیای نوێ و ئەو ڕکابەرێتییە نوێیەی لەگەڵ خۆی هێناویەتی، ڕێگە بە بازاڕدۆزەرەوەکان لەسەر ئاستی وڵات دەدات گەشە بسەنن و ئەوانەش لە پێناو ژێرخانێکی ئابووریی پەلکێشەوەن. ئەم نەریتانە خەریکە هەلە ئابوورییەکانی بازاڕە گەورەکان کە ڕۆژنامەوانیی ناپارتیزانی بەپلەی یەکەمەوە هان دەدەن، لاواز دەکەن.

## سەربەخۆیی لە کارکردن

یاساکان بەتێپەڕینی کات هەموار و بەهێز کراون تا ئاستێک کە ئەمڕۆکە هەواڵنێران و نووسیاران زۆربەی جار لە بەشداریکردن لە کردەوەی سیاسی وەک خۆپێشاندانی جەماوەری لەبارەی بابەتی بەسیاسیکراوەوە قەدەخە کراون. بۆ نموونە لە ١٩٨٩دا هەواڵنێری نیویۆرک تایمز لە دادگەی باڵا، لیندا گرینهاوس[٣٦٩]، بەبۆنەی بەشداریکردنی لە خۆپێشاندانێکی "ئازادیی هەڵبژاردن" کە بۆ پاڵپشتی لە مافی لەبارچووواندنی منداڵ بوو، ڕەخنەی لێ گیرا. ئەو بەشداریی خۆی بە چالاکوانییەکی ناونەهاتوو لە قەڵەم دا و تێبینیی لەسەر ئەو ڕاستییە دا سەرنجی کەسی بۆ خۆی ڕانەکێشاوە. ئەو دواتر گوتی "من تەنیا ئافرەتێکی تر بووم کە کابۆی شین و چاکێتێکی سادەم لەبەرە". بەڵام تایمز گوتی ڕێپێوانی ئەو مەترسیی خستووەتە سەر چۆنیەتیی گوزارشکردنەکەی و سەرزەنشتی کرد.

بەسەرهاتەکەی گرینهاوس لە کاتێکدا بوو کە ڕۆژنامەوانی بەرامبەر بە تۆمەتی

---

369. Linda Greenhouse

لایەنگریی لیبرالانە هەستیارتر دەبوو. سروشتی مشتومڕی سیاسی لەوەتەی ١٩٦٠ەکانەوە لە گۆڕاندا بوو، گۆڕانێکی تا ڕادەیەک ورووژێنراو بەهۆی داهێنانی تۆڕێکی چالاک لە تینک تەنکەکانی[٣٧٠] کۆنەپارێزەوە کە بیرۆکەی نوێیان دەخستە ناو مشتومڕی گشتییەوە و کاتێک سپیرۆ ئەگنیووی جێگری سەرۆک ڕۆژنامەنووسانی واشینتۆنی بە "فەرمانڕەوایانی گوتەگوتکاری نەرینیگەرا" وەسف کرد پەرلەمانتارانی کۆماری دەمکراوەتر بوون بۆ ئەوەی بڵێن چاپەمەنی لایەنگرە.

لە ١٩٩١دا ڕۆژنامەکان یاساگەلێکی توندیان لە دژی بەشداریکردن لە چالاکیی سیاسیی پارتیزانی پیادە دەکرد. مۆرنینگ نیووز تریبیوون[٣٧١] لە تاکۆمای[٣٧٢] واشینتۆن هەواڵنێری پەروەردەیی، سەندی نێلسنی[٣٧٣] بۆ بەشی نووسیاریی هەواڵ گواستەوە، چونکە ئەو یارمەتیی ڕێکخستنی راپرسییەکی ناو شاری دابوو لەبارەی قەدەخەکردنی جیاکاری لەسەر بنەمای بە باشترزانینی[٣٧٤] ڕەگەزییەوە. دێیلی لێجر[٣٧٥] لە فێرفیلدی[٣٧٦] ئایۆوا دوو نووسیاری لە کار لادا پاش ئەوەی ڕێکخراوێکی دژی لەبارچوواندنی منداڵیان دامەزراند. مۆرنینگ تریبیوون[٣٧٧] لە لویستۆنی[٣٧٨] ئایدۆهۆ[٣٧٩] و دێیلی هەمشایێرگەزێت[٣٨٠] لە نۆرسەمپتۆنی[٣٨١] ماساچۆسێتس[٣٨٢] کارمەندانی لە بەشداریکردن لە خۆپێشاندانەکان لە دژ یان لەبەرژەوەندیی شەڕی کەنداو قەدەخە کرد. دەساڵ دواتر چالاکیی سیاسی هێشتاش ناپەسند بوو. لە ٢٠٠٤دا سان فرانسیسکۆ کرۆنیکڵ[٣٨٣] دوو ئافرەتی هەواڵنێری لێک دابڕاند پاش ئەوەی ئەوان لە سیتی هۆڵدا[٣٨٤] هاوسەرکارییان کردبوو.

---

370. Think Tank
371. Morning News Tribune
372. Tacoman
373. Sandy Nelson
374. Sexual preference
375. Daily Ledger
376. Fairfield
377. Morning Tribune
378. Lewiston
379. Idoho
380. Daily Hampshire Gazette
381. Northampton
382. Massachusetts
383. San Francisco Chronicle
384. City Hall

سەکۆکانی نوێی چاپەمەنی، وەک بلۆگەکان، مشتومڕی لەسەر ئەو شتەی ڕۆژنامەنووسان بۆ نموونە لەناو ژیانی تایبەتی خۆیاندا دەتوانن یان ناتوانن بیکەن، خۆشتر دەکات. لە نیسانی ٢٠٠٤دا ڕیچڵ مۆستێلر[٣٨٥] لە دورهام هێراڵد سان[٣٨٦] دەرکرا چونکە بلۆگێکی هەبوو بەناوی "ڕۆژنامەنووسانی لاقرتێپێکەر "کە تێیدا ئەو باسی ژیانی ناو ژووری هەواڵی دەکرد. بلۆگەکەی ناوی کۆمپانیا یان هاوکارانی ئەوی نەبردبوو. لە کانوونی دووەمی ٢٠٠٦دا دۆڤر پۆستی[٣٨٧] هەفتانە هەواڵنێرێکی لە کار لادا، چونکە بلۆگە کەسێنییەکەی لە نێوان شتەکانی تردا ئاماژەی بێ ڕێزانەی بەرامبەر بەو کەسانە تێدا بوو کە داوایان دەکرد حەفتەنامەکە گوزارشتیان لێ بکات.

## سەربەخۆیی دووبارە هەڵسەنگێندراو

تەنانەت لەگەڵ توندتربوونی یاساکانی سەربەخۆیی لە دەیەکانی رابردوودا، هەموو کات ئەو کەسانە هەبوونە کە بەرەنگاریان بوونەتەوە یان تەنانەت ملیان نەداونەتە بەر.

لە ئاداری ٢٠٠٣ی پێش شەڕی عێراق ستوونووسی کۆنەپارێز جۆرج ویڵ[٣٨٨] ستوونێکی نووسی بۆ ڕەتدانەوەی ئەو بیرۆکەیەی ئەمەریکا پێویستە چاوەڕێی ڕەزامەندیی هاوپەیمانانی بێت پێش ئەوەی هێرش بکاتە سەر ئەو وڵاتەی ڕۆهەڵاتی ناوین. بۆ بەهێزکردنی بۆچوونەکەی کە چاوەڕێکردن گەمژانەیە، ویڵ پارچەیەک لە گوتاری کۆرنارد بلەکی[٣٨٩] ئەندامێکی ئەنجوومەنی پەرلەمانی لۆردەکانی بەریتانیا و خاوەنی ڕۆژنامەی خواستەوە. لە گوتارەکەیدا بلەک گوتبووی ئەمەریکا سەرکەوتووترین سیاسەتی دەرەوەی هەیە، چونکە ئامانجی ئەوەیە هەڕەشەی لێ نەکرێت و کاتێک هەڕەشەی لێ کرا، هەڕەشەکە لاببات.

ئەوەی ویڵ لە ستوونەکەیدا نەینووسی ئەوە بوو بۆ ماوەی چەندین ساڵ ئەو لەلایەن بلەکەوە پارەی وەردەگرت بۆ ئەوەی لە دەستەی ڕاوێژکاری نێونەتەوەیی کۆمپانیای

385. Rachel Mosteller
386. Sun Durham Herald
387. Dover Past
388. George Will
389. Cornard Black

ڕۆژنامەی بلەک بەناوی هۆلینگر ئینتێرنەشناڵ[390] بێت. نیویۆرک تایمز گوتی ویڵ بۆ ئامادەبوون لە هەر کۆبوونەوەیەک ٢٥٠٠٠ دۆلاری وەردەگرت. ویڵ گوتی بەبیری ناهێتەوە چەند کۆبوونەوە بەشدار بووە. گرووپی نووسەرانی واشینتۆن پۆستیش کە پاڵپشتییان لە ویڵ دەکرد، لەم ناکۆکییە ئاگەدار نەبوون. کاتێک تایمز لە ویڵی پرسی ئاخۆ پێویست بوو ئەو بەخوێنەرانی بگوتبایە کە پارەی لە بلەک وەردەگرت، وەلامی داوە "کاری من بازرگانیی منە، تێ گەیشتیت؟".

کار لەگەڵ کۆرنارد بلەک یەکەم کار نەبوو بۆ ویڵ. لە ١٩٨٠دا ویڵ کە ئەو کات پشتیوانێکی تۆخی کاندیدی سەرۆکایەتیی ئەو کات، دۆناڵد ڕێیگانی کۆماری بوو، ڕێیگانی بۆ ئامادەکاریکردن بۆ مشتومڕی کاندیدانە لەگەڵ سەرۆک جیمی کارتر[391] رادەهێنا. دواتر ویڵ بۆ وێستگەکانی گواستەوە پاش مشتومڕیکردن وەک شرۆڤەکارێکی ئێی بی سی و پەسنی کاراییی ڕێیگانی دا و گوتی ڕێیگان لەژێر پاڵەپەستۆدا "کەسێکی ڕەوشت بەرزە".

ئەم لایەنگرییە نهێنییە بۆ سیاسەتوانان وێنەی یەکجار زۆری لەپێش خۆیدا هەیە. لەناو ئەوانی تردا واڵتر لیپمەن گوتاری بۆ چەندین سەرۆک نووسیوە، لەوانەش لیندن جۆنسن[392]. بەلام یاساکانی هەڵسوکەوتکردن بەتێپەڕینی کات گۆڕان و ئاشکرابوونی درەنگەوەختی ڕاوێژکارییە نهێنییەکە ناوبانگی لیپمەنی لەکەدار کرد.

لە حاڵەتی ویڵدا شتی نوێ بوو ئەوە بوو ستوونووسەکە بەردەوام دەڵێت بەلایەوە گرینگ نییە. کاتێک هەواڵی ڕاوێژکاریکردن بۆ ڕێیگان لە دواییدا ئاشکرا بوو، ویڵ لە بنەڕەتدا ڕەخنەگرتن لە ڕاوێژکارییەکەی بە ڕەخنەی هیچ و پووچ ناوبرد. "ڕۆژنامەوانی (وەک خزمەتی گشتی بەخۆ بەدەستەواژەی "ناکۆکی لە بەرژەوەندیدا" ئێستا خەڵکانێک بەسەریدا زاڵن کە "گەرمیپێوی ئەخلاقیی بچووکن"، بەپەلەن بۆ پێوانی گەرمیی خەڵکانی تر و بەوێنەی شێتە سەرلێشێواوەکان ویژدانێکی گەمژانە و گێژەنی تر بلاو دەکەنەوە".

ویڵ مشتومڕییەکی ئایدۆلۆجییانەی نەدەکرد. لە جیاتیی ئەو ئاماژەی بە شتێکی تر دەدا، شتێک کە ئەوانی تر بێ ڕەچاوکردنی ئایدۆلۆجیا دووبارەی دەکەنەوە:

---

390. Hollinger International
391. Jimmy Carter
392. Lyndon Johnson

ئەوەی کە خوورەوشت یان ئەخلاقی ڕۆژنامەوانی خۆییانە و نارەوا بووە.

مشتومڕیی ویڵ تەنیا کێماسییەکی هەبوو، هەر هەمان ئەو کێماسییەی دەری دەخات بۆچی چمکی سەربەخۆیی لەسەر بابەتی پرەگماتیکی دامەزراوە نەک تیۆری. ویڵ راوێژکاریکردنی بۆ ڕێیگان بەنهێنی هێشتبووە. ئەو نەیدەویست بە خوێنەرانی بڵێت یارمەتیدەر بووە بۆ کاراییی سەرۆک ڕێیگان کە ئەو کات ئەو بەئاشکرا هەڵسەنگاندنی بۆ دەرکرد.

شێوازی ویڵ کۆن نییە، بەڵام بەردەوام متمانە بە ڕۆژنامەنووس وەک چالاکوان لاوازتر دەکات. لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی لە ٢٠٠٠دا، ویلیام کریستۆڵی[393] نووسیاری زێ ویکلی ستەندرد[394] زۆربەی جار وەک شرۆڤەکار لەسەر تەلەڤزیۆن دەردەکەوت و هەڵسەنگاندنی خۆی لەبارەی هەڵوێست و ستراتیج و هەڵەکانی کاندیدەکانەوە پێشکێش دەکرد. لە وەرزی هەڵبژاردنە سەرەتاییەکاندا ئەو خۆی وەک کەسێکی بێلایەن ناساند. لە ڕاستیدا ئەو ڕاوێژکارێکی نافەرمی و لایەنگرێکی جۆن مەکین[395] بوو. وەک ویڵ ئەویش هەوڵی دا خۆ بە شتێکی تر دەربخات.

لە ٢٠٠٥ ئیدارەی بوش بەهەمان شێوە لەگەڵ جۆران ڕۆژنامەنووس لەبارەی ڕەشنووسی دووەم گوتاری ڕێوڕەسمی دەستبەکاربوونی سەرۆکدا راوێژی کرد و لە نێوانیاندا کریستۆڵ و ستوونووسی گوتارفرۆش چارلز کراوتهەمر[396]، هەردوو ڕۆژنامەنووس ئەوەیان پشتڕاست کردەوە پێش گوتاری ڕێوڕەسمەکە چاویان بەکاربەدەستان کەوتووە، بەڵام گوتیان ئەوانە گفتوگۆی نافەرمی بوونە لەبارەی جۆران سیاسەتی ئیداری نەک ئامادەکاریی گوتارەکەوە. هەردووکیان سەبارەت بە پێدانی بۆچوونیان داوای لێبووردنیان نەدەکرد و بە واشینتۆن پۆستیان گوت ئەمە هەڵسوکەوتێکی گونجاوە بۆ شرۆڤەکاران. کریستۆڵ و کراوتهەمر هەردووکیان پاش ئەوەی گوتارەکە پێشکێش کرا پەسنیان دا.

کێشەیەکی تر لەبارەی ئەم بەرگریکردنەوە هەیە کە شایەنی تێبینیکردنە. لە کاتێکدا ئەوانەی ڕێگە بەخۆیان دەدەن وەک سەرچاوەی نهێنی ڕۆڵ بگێڕن، کێشەیەکی کەم دەبینن، ڕەنگە خۆیان سەبارەت بەواقیعی ئەو شتەی لەوێدا ڕوو

393. William Kristol
394. The Weekly Standard
395. John McCain
396. Charles Krauthammer

دەدات، هەڵبخەڵەتێنن. وەک یاسا، ئێمە گرەو دەکەین سیاسەتوانانی سەر بەهەر هێڵێک یەکجار بێ مەیلن بەرامبەر بە هەر شتێک ڕۆژنامەنووس بیەوێت لە ڕاستیدا بیخاتە ناو گوتارێکەوە، گوتارێک کە لەوانەیە ئەو کاتە هەر بۆ خۆی زیاتر لە نووسەرێکی نووسیبێت. سیاسەتوانان زیاتر حەز دەکەن ڕۆژنامەنووسان وا بیر بکەنەوە زمانپاراوی و توانستە هزرییەکانی سیاسەتوانان ئەوەندە سیحراوین کە پێویستە ڕاوێژیان بۆ بکرێت. بەواتایەکی تر زۆربەی جار ئەو دانوستاندنانە بەگشتی وێ دەچێت پتر هەوڵدان بن بۆ هەڵخەڵەتاندنی ڕۆژنامەنووسان بۆ دڵنیاکردنەوەی چاپەمەنی نەک هەوڵدانی ڕاستەقینە بۆ ویستنی هەر شتێک کە ئەوان بیدەن.

ئەوانی تر مەترسیی بەهێزتریان لەبارەی چمکی سەربەخۆیی لە هەڵوێست و هزری ڕۆژنامەوانی هێناوەتە ئاراوە. ئەوانە شایەنی ئەوەن بەجیا لێیان بکۆڵرێتەوە.

نیگەرانی و ترس لەوەیە سەربەخۆیی ڕۆژنامەوانانە بەگشتی بۆ جۆرە دابڕانێکی تاکڕەوانە لە کۆمەڵگە کە خۆسەپێنرانەیە، لای داوە. وەک هەواڵنێری پێشووی سان فرانسیسکۆ کرۆنیکڵ کە دواتر چووە کۆشکی سپیی کلینتۆنەوە، ئێلیۆت دیرینگر[397] بە هاوکارانی لێکۆڵەری ئەکادیمیی ئێمەی گوت "ئەم چمکە هەیە کە پێویستە تۆ بابەتەکەت بەلاوە گرینگ نەبێت... پێویستە ئەگەر ڕۆژنامەنووس بیت خۆت لە بابەتگەلی شارستانییەوە بکێشییەوە و زانیم ئەوە نەختێک کێشەی هەیە. من تێ ناگەم بۆچی هاووڵاتییەکی بەپرۆش لە دژی ڕۆژنامەنووسبوونە".

دوو کاردانەوە هەبوونە بەرامبەر بەم تێگەیشتنە کە ژووری هەواڵ دوور و بێگانە بووە. یەکێکیان وەک لە بەشی تایبەت بە وەفاداری بەرامبەر بە هاووڵاتییانەوە پێشانمان دا، ئەو بزووتنەوەیە بوو کە بە ڕۆژنامەوانیی گشتی ناومان برد کە دەڵێت ڕۆژنامەوانی نابێت بەتەنیا کێشەکان دەستنیشان بکات، بگرە پێویستە لە وەڵامە ڕێتێچووەکانیش بکۆڵێتەوە. لایەنگرانی بزووتنەوەکە ئەم ڕێبازە، ئەگەر بە وردییەوە جێبەجێی بکرێت، وەک ڕەتدانەوەی بنەمای سەربەخۆیی ڕۆژنامەوانی نابینن. ڕەخنەگران پێیان وایە ڕێبازەکە ڕۆژنامەنووسان دەخاتە هەلومەرجێکەوە کە ئەوان وەک لایەنگر دەبینرێن، چونکە لە ڕێگەی بەرەنجامەکانەوە خۆیان دەناسێنن. ئەو

---

397. Elliot Dringer

دابەشبوونەش لە دواییدا پێوەندیی بەجێبەجێکردنی وردەوە هەیە.

کاردانەوەی تر هەوڵدان بووە بۆ سوودوەرگرتن لە دڵساردیی جەماوەر بەرامبەر بە ڕۆژنامەوانی، لە ڕێگەی دەستبەرداربوون لە بنەمای سەربەخۆیی و گەیشتن بە جەماوەر لە ڕێگەی مشتومڕیکردن بۆ لایەنێک یان یەکێکی تر. لەم نموونە زیندووەدا، پارتیزانان وەک "خەڵکانی میدیاکار" واتە میواندارانی شۆی گفتگۆئامێز، شرۆڤەکار یان میوانانی تەلەڤزیۆن یان رادیۆ کار دەکەن. زۆربەی کات ئەوان وا دەنوێنن شارەزای سەربەخۆن وەک نوێنەرانی پێشووی فیدراڵی، ڕۆشنبیرانی یاسایی یان شارەزایانی تری بێلایەن پێناسە دەکرێن کاتێک لە ڕاستیدا نوێنەرانی حزبین. ڕەنگە ئەوان بەشێوەیەکی باشتر بە "چالاکوانانی میدیاکار" وەسف بکرێن. وەک لە بەشی حەوتەم لەبارەی ڕۆڵی کۆڕبەندانەی ڕۆژنامەوانییەوە پتر ڕوونی دەکەینەوە، ئەم خەڵکانە بەشێوەیەکی ڕووەو زیادبوون یەکجار کەمتر لەوەی پێشانی دەدەن، شارەزان و زۆربەی کات گرینگییەکی کەم بە ڕاست و دروستبوونەوە دەدەن. بەڵام ڕێبازی پارتیزانانە لە جیاتیی پەنجە خستنە سەر تووڕەیی جەماوەر لە چاپەمەنی، هەوڵ دەدات ئیستیغلالی بکات. پرۆفیسۆری دەروونزانی بێرکلی[398]، فیلیپ تێتلۆک[399] ڕاپرسیی لەگەڵ پتر لە ٢٥٠ کەس ئەنجام دا کە بژێویی خۆیان لە بەشینەوەی شارەزایی و شرۆڤەکانیان وەدەست دەهێنا. لێکۆڵینەوە بیست و پێنج ساڵییەکەی هەوڵی دا بۆ هەڵسەنگاندنی شیمانەی هاتنەدی یان نەهاتنەدی ئەو بەرەنجامە جۆرەوجۆرانەی شارەزاکان پێشبینییان کردبوون. ئەنجامەکان دەریان خست شارەزاکان پێشگۆی بێدەسەڵاتن. ئەوان خراپتریش دەردەکەوتن ئەگەر هەموو بەرەنجامە ڕێتێچووەکانیان پێ وەک یەک بوایە.

ڕەنگە باشترین نموونە بۆ ئەم دیاردەیە هی سیاسەتی ڕاسترۆ بێت، کە تێیدا بالادەستیی میدیاییی کۆنەپارێز ڕۆپێرت مێردۆچ تۆڕێکی تەواوی هەواڵی، فۆکس نیوزی دامەزراندووە کە بەچڕی پڕژاوەتە سەر مشتومڕی و ئایدۆلۆجی. بەنهێنییەوە ڕۆژنامەنووسانی ناو فۆکس باس لەوە دەکەن ئەوان هاوسەنگییەک دروست دەکەن لە ڕێگەی دیاریکردنی ماوەی پەخش بۆ کۆنەپارێزان. لێرەدا پاڵپشتێک هەیە.

بەڵام فۆکس بەئاشکرا مشتومڕییەکی وردتر و ڕەنگە لە ڕووی لۆجیکییەوە کەمتر

---

398. Berkley
399. Philip Tetlock

راستگۆی کردووە. بەرێنوێنیی رۆجێر ئێلیز هەڵسوراوێکی سیاسیی پێشوو و رێکلامکارێک بۆ بەکارهێنانی وەک ریچارد نیکسۆن و جۆرج بوش، فوکس ئاگەدارە لەوەی بەرنامەکانی لەژێر ناوی سەربەخۆییدا هەڵپێچێتەوە. لە یەکەمین هەڵمەتی بازاڕ دۆزینەوەیدا فۆکس دروشمی "ئێمە گوزارش دەکەین، ئێوە بڕیار دەدەن"ی زەق کردەوە کە دواتر بۆ "دادوەر و هاوسەنگ" گۆڕا. ئەوە بەنزیکەیی بەهەمان شێوەیە هیرست و پولێتزر ویستیان بانگەشە بۆ خۆیان بکەن نەک بەو شێوەیەی کە هەن بگرە بەو شێوەیەی ئەوان دەیانویست خەڵکەکە وێنایان بکات، وەک وردبین و دادوەر نەک تەنیا وەک سەرچاوەیەک کە رەنگە کەسێک لەگەڵی هاوڕا بێت. ئەوە بانگەشەیەکە بۆ هەر ئەندامێکی جەماوەر تا لایەنەکە بە ماقووڵ دابنێن. ئەگەر تۆ ئێمەت بەدڵ بێت، لەبەرئەوەیە ئێمە راست و تەواوترین نەک لەبەر ەوەی تۆ لەگەڵمان هاوبۆچوونی.

بەڵام ئەمە دەرخەری لادانێکە لە خواستی بازاڕ کە لە ناوەڕاستی سەدەی نوزدەم بەدواوە بووە ئاکاری رۆژنامەنووسیی ئەمەریکایی و لە سەدەی بیستەمدا گەشەی سەند. ئەو خواستە لەسەر بنەمای سەربەخۆیی وەک سەرچاوەی باوەڕپێکراوەبوونی رۆژنامەوانی دامەزراوە. دەنگێکی سەربەخۆی وەرگرت و پشتگیریی لە هیچ لایەنێک نەکرد و رای گەیاند بەنوێنەرایەتیی جەماوەرە چاوێکی گوماناوی دەخاتە سەر هەموو سەرچاوەکانی دەسەڵات.

لە بەرامبەردا بانگەشە بۆ چاپەمەنیی نوێی پارتیزانەی ئەمەریکایی لەسەر بەهێزکردنی دەمارگیرییەکانی جەماوەر لە جیاتیی بوون بەچاودێرێکی دەسەڵاتداران دامەزراوە.

رەنگە پێی بگوترێت رۆژنامەوانیی پشتگیریکارانە. ئەوە جیاوازە لە چاپەمەنیی کۆنی پارتیزانانەی ئەمەریکاییی سەردەمی کۆڵۆنیاڵ و سەرەتای سەدەی نۆزدەم کە لەلایەن پارتێکەوە دەستی بەسەردا گیرابوو و بەمەبەستی برەودان بە ئەجێندای سیاسی بۆ هاندان و تەنانەت فێرکاریش بوونی هەبوو. رۆژنامەوانیی پشتگیریکارانەی نوێ وەک ستراتیجییەکی هاوبەش بوونی هەیە: سیاسەت ئامرازێکە لە پێناو ئامانجێک.

هەروەها گرینگە جیاوازی بکرێت لە نێوان رۆژنامەوانیی بۆچوونی- بۆچوونەکانی

ویلیام سەفایر و ئەنتۆنی لویس لە زێ ویکلی ستەندرد و زێ نێیشندا[400] و کاری پارتیزانان بۆ گەیاندنی هەواڵ، وەک چۆن هەندێکیان لە فۆکس پرۆگرامیان هەیە. هەواڵ گەیاندنی پارتیزانانە هەروەها بلۆگەرەکانیش دەگرێتەوە کە زۆربەیان وەک رۆژنامەنووسی سەرەتایین و لەگەڵ کەسانی هاوبیریان دەدوێن و ئامانج لێیان هێنانە ڕیزی ئەوانەیە کە هێشتا بڕیاریان نەداوە. یەکێکیان لە مەبەستی روون و ئاشکرایە و بە هەموو بنەماکانی رۆژنامەنووسانی ترەوە پابەند دەمێنێتەوە. ئەوەی تریان وا دەنوێنێت شتێک بێت، بێلایەن لە کاتێکدا زمان و فۆرمی مشتومڕی بۆ هێنانەدیی شتێکی تر جۆرێکی پڕوپاگەندە بەکار دێنێت.

ئەم جیاوازییە هەڵگری مانایەکی گرینگە. رۆژنامەگەریی بۆچوونی کە لە مەبەستەکەیدا روون و ئاشکرایە هەروەها لە پابەندبوونی بە کۆمەڵێک بنەمای لۆجیکییەوە کە لە سەرووی لایەن یان پارتی دادەنێت، روون و ئاشکرایە. جۆرج ویڵ خۆی بە ترۆی ئەمەریکا[401] ناو دەبات، ویلیام سەفایریش بە لیبراڵێکی کۆنەپارێز، ئەنتۆنی لویس بە لیبراڵێک و ڤیکتۆر ناڤاسکی[402] بە پێشکەوتنخواز. کاتێک دامەزراوە یان کەسایەتییەکی بەدەسەڵات لەو ئایدیاڵانەوە لابدات، رۆژنامەنووسانی بۆچوونی زۆربەی جار خێرا، تەنانەت ئەوانەش کە وەکی تر بەزۆری لەگەڵیان هاوپەیمانن، دەدەنە بەر رەخنە. رۆژنامەوانیی پشتگیریکارانە کە ئیدیعای دادپەروەری و هاوسەنگی و بێلایەنی دەکات ئەو جۆرە گورجوگۆڵی و راستگۆیییەی نییە.

جیاوازییەکی تریش هەیە. رۆژنامەگەریی بۆچوونی جا چ لە شێوەی ستوونێکی نووسەرێکی کۆنەپارێز دابێت یان لیبراڵ، لە بنەڕەتدا پێوەندیی بە راگەیاندنی هەواڵەوە نییە، بگرە بۆ تێگەیشتنە لە هەواڵ. رۆژنامەوانی بۆچوونی وای دادەنێت گوزارشەکە لە شوێنێکی تردا ئەنجام دەدرێت. ئەگەر رۆژنامەوانی بۆچوونی گوزارشکردنیش لەخۆ بگرێت، گومان لەوەدا نییە ئەمە لە دەرەوەی جیهانی بۆچوون و لێکدانەوەدا روو دەدات کە پرسی سەرەکیی رۆژنامەگەریی بۆچوونییە.

رۆژنامەوانیی پشتگیریکارانە ئیدیعای خۆی لەوەی کارەکەی گوزارشکردنە

400. The Nation
401. American Troy
402. Victor Navask

دەخاتە مەترسییەوە. سەرکەوتنی فۆکس یان گوتەی خەڵکانێک وەک روس لیمباو کاریگەری هەبووە لەسەر پاشماوەی چاپەمەنی. دەرگەی بۆ هەڵسوراوانی سیاسی و ناودارانەوە و لە هەندێک بۆنەدا بۆ هەردووکیان والا کردووە. لە ١٩٩٧دا سی بی ئێس نیوز سوزان مۆڵیناری[٤٠٣]، ئەندامی پێشووی کۆنگرێسی، بۆ میواندارێکردنی یەکێک لە شۆوە هەواڵییەکانی بۆ کاتی بەیانیان تاقی کردەوە. ئێی بی سی نیوز جۆرج ستێفانۆپۆڵۆسی[٤٠٤] کاربەدەستێکی پێشووی کلینتۆنی وەک شرۆڤەکار دامەزراند و رووماڵکردنی سیاسەتەکانی سەرۆکایەتیی پێ سپارد و لەو ئەرکەدا ئەو گوزارشی لەبارەی خەڵکی وەک ئالۆگۆری جێگری سەرۆک پێشکێش کرد، کەسێک کە لەگەڵیدا لە کۆشکی سپی خزمەتی کردبوو. پاشان ستێفانۆپۆڵۆس بووە میوانداری شۆی گفتۆگۆئامێزی هەواڵیی بەیانیانی یەکشەممە.

لایەنگری زەقی ئەم میواندارانە زیان بە چمکی راست و دروستی ناگەیەنێت، بەشێوەیەکی ورد لەبەرئەوەی پشتگیریکردن لە رەشۆمۆن[٤٠٥] (ئەوەی کە هیچ شتێکی راست و دروست یان هەقیقەتێک بوونی نییە) ئەوەندە ئاسانە بۆ ئەوەی ببێتە بیانوویەک. ئەو چمکەی کە تاکە رێبازی باوەڕپێکراو بۆ گەیشتن بە زانیاری لە رێگەی بۆچوونە، بەدڵی هەندێک خەڵکە چونکە داوای هیچ بنەمایەکی پیشەییانە یان تەکنیک یان تەنانەت ئایدیالێک ناکات. بێگەردییەکی هەیە وەک بڕواکردن بە بازاڕە پاکەکان یان ئەو بیرۆکەیەی کە هەر هەستێک راست و دروستە ئەگەر بەهێز بێت.

ئەم لێڵکردنەی پێناسەکانی رۆژنامەگەری رەهەندێکی تری وەرگرتووە. بیر و بۆچوونەکانی لەبارەی پێوەندییە کەسێنییەکانی نێوان رۆژنامەنووسان ئەوانەی رۆژنامەنووسان گوزارشیان لێ دەکەن، گۆڕیوە. بۆ نموونە زێ نیویۆرک تایمز رێگەی بە تۆد پێردم دا[٤٠٦] رووماڵی ئیدارەی کلینتۆن بکات تەنانەت پاش ئەوەی ئەو لەگەڵ سکرتێری رۆژنامەوانیی پێشووی کۆشکی سپی، دیدی مایرزدا[٤٠٧] پێوەندیی هەبوو و لە دواییدا لەگەڵی ژیانی هاوسەرێتیی پێک هێنا. بارودۆخەکە کە لەوانەیە پێش

403. Susan Molinari
404. George Stephanopoulos
405. Rashomon
406. Todd Purdum
407. Dee Dee Myers

چەند ساڵێک لە تایمزدا ڕێگەپێنەدراو بوایە، تەنانەت ڕەخنەیەکی زۆریشی بەداوادا نەهات. یەک نەوە پێشتر زانراو هەواڵنێری تایمز لۆرا فۆرمەن[٤٠٨] لەگەڵ سیاسەتوانێکی گەندەڵدا کە خۆی لەبارەیەوە دەینووسی، پێوەندیی سۆزداریی هەبووە. کاتێک پاش ئەوەی تایمز فۆرمەنی دامەزراند پێوەندییەکە ئاشکرا بوو، نووسیاری جێبەجێکاری تایمز دەبێ ڕۆزێنتاڵ[٤٠٩] بە لەباری گوتی "بۆم گرینگ نییە ئەگەر لەگەڵ فیلیش بخەوێت بەمەرجێک ڕوومالی سێرک نەکەیت". بەپێچەوانەوە پێوەندیی مایرز و پێردم ئەوەندە ئاشکرا بوو کە وەک چیرۆکێکی لاوەکیی سەرنج ڕاکێش و بەرواڵەت پەسندکراوی زێ وێست وینگ[٤١٠]، دراماییەکی تەلەڤزیۆنی لەبارەی کۆشکی سپییەوە، دەوەشێندرایەوە. ئەی بۆ وا نەبێت، کاتێک سەرپەیامنێری بیانیی سی ئێن ئێن، کریستیەن ئەمانپوور[٤١١] لە کاتی ڕووماڵکردنی شەڕی کۆسۆڤۆ لە درەنگانی سەدەی نۆزدەمدا پێوەندیی لەگەڵ جێیمز ڕوبینی[٤١٢] گوتەبێژی ئەو کاتی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا هەبوو و دواتر بووە هاوسەری.

بەپێچەوانەی حاڵەتی فۆرمەن، حاڵەتەکانی وەک مایرز و پێردم یان ئەمانپوور و روبین بە بەڵگەوە لە کولتوورێکی میدیاییی سەردەمییانەدا گونجاوترن چونکە ئەوان ئاشکراترن. بەڵام ئاخۆ ئەوە بەڕاستی بەسە؟ ئاخۆ لۆجیکییانە دەکرێت کەسێک ڕووماڵی ئەوانە بکات کە لایەنگریی کەسێنی یان تەنانەت سۆزداریی لەگەڵدا هەن؟ ئاخۆ ئەمە چۆن لەگەڵ یەکەم پابەندی لە پیشەکەدایە، واتە وەفاداری بەرامبەر بە هاوولاتی، دەگونجێت؟

ئاشکرابوون گرینگە. ئێمە وەک هاوولاتی مافدارین بزانین ئاخۆ هەواڵنێرێک بەگڕ و تینەوە تێکەڵ بەو بابەتانە یان ئەو خەڵکە بووە کە ڕووماڵیان دەکات. بەڵام پاش گوێگرتن لە ڕۆژنامەنووسان و هاوولاتییانی نیگەرانەوە بۆمان دەرکەوت ئاشکراکردنەکە بەس نییە. وەک چۆن سەفایر و لویس و ئەوانی تر بە تێگەیشتنێکی بۆچوونیانە دەنووسنەوە، پێویستە تا ڕادەیەک دووریی کەسێنی بپارێزرێت بۆ دەرکەوتنی شتەکان بەڕوونی و ئەنجامدانی هەڵسەنگاندنی سەربەخۆیانە.

---

408. Laura Foreman
409. Abe Rosenthal
410. The West Wing
411. Christiane Amanpour
412. James Rubin

بەهەمان شێوە بەدڵنیاییەوە ئەو جۆرە ناکۆکییانە ئەمڕۆکە لە سەردەمی بوونی ژنان لەناو شوێنی کارکردندا و ژمارەیەکی زۆرتری خێزانی دوو پیشەدا باوترە. ئەوە ڕەنگە هەروەها بۆ ئەوان بووبێتە شتێک کە خەڵکەکە خێرا سەرکۆنەی نەکردووە، چونکە بینیویەتی ژنان خەریکە بەتەواوەتی لە هەموو ڕۆڵەکانی کۆمەڵگەدا قبووڵ دەکرێن. بەڵام بنەماکە ناگۆڕێت چونکە زیاتر بەهەرلستی دەکرێت.

چارەسەرەکەش بەنزیکەیی ئەوەندەی بەخەیاڵی ئەو کەسانەدا دێت کە ئەوەیان بەدڵ نییە، دژوار نییە. دەکرا پێردم گرەوێکی تری هەبووایە، ڕۆبین و ئەمانپووریش پۆستی تریان هەبووایە. لە ڕاستیدا کاتێک بەشێکی زۆرتری جەماوەر گومانی لە پێشەییبوونی ڕۆژنامەنووسان هەیە، ئەو پشتگیرییە لەم بنەمایەی سەربەخۆیی بۆ جەماوەرێکی بەگومان روونی دەکاتەوە دامەزراوە هەواڵییەکان چەند بەڕژدییەوە بەرپرسیاریەتییەکانیان لە ئەستۆ دەگرن و چەند ئامادەن بۆ پابەند بوون بەو بەرپرسیاریەتییانە بەنرخی نارەزایی و شەرمەزاری و جار بەجاریش قوربانیدان و ناخۆشی لە کاری بەڕێوەبەرایەتیی خۆیاندا.

## سەربەخۆیی لە چین و پێگەی ئابووری

پرسی سەربەخۆیی تەنیا پێوەست نییە بە ئایدیۆلۆجیا. لە ڕاستیدا ڕەنگە مامەڵەکردن لەگەڵی لێرەدا نەک لە بوارەکانی تر ئاسانتر بێت. چارەسەری لایەنگری، وەک لە بەشی چوارەم لەبارەی سەلماندنەوە باسمان لێوە کرد، بریتییە لە پەرەدان بە مێتۆدێکی روونتری گوزارشکردن. بەڵام بۆ تێگەیشتنێکی تەواو لە ڕۆژنامەوانی، گرینگە چاوێک بە جۆرەکانی تری ناکۆکی و تێکچڕژانەکان بگێڕین.

کاتێک ڕۆژنامەنووسان یەکجار باشتر ڕاهێنراون و باشتر ڕۆشنبیر کراون و لە هەندێک ناوچەدا باشتر پاداشت کراون، ئاڵۆزییەکی تر بۆ چمکی سەربەخۆیی دەرکەوتووە. وەک خوان گۆنزالێزی[٤١٣] ستوونبووسی پێشووی نیویۆرک دێیلی نیوز لە یەکێک لە کۆڕبەندەکانی لێژنەی ڕۆژنامەنووسانی پەرۆشەوە بە ئێمەی گوت "گەورەترین کێشە... ئەوەیە خەڵکی ئەمەریکایی هەست دەکەن دابەشبوونێکی چینی هەیە لە نێوان ئەوانەی هەواڵ و زانیارییەکان بەرهەم دێنن و ئەوانەی وەریان دەگرن.

413. Juan Gonzalez

هەست دەکەن دابەشبوون لە چیندا دەرخەری دەمارگیرییەکەی چینییە بەرامبەر بە زۆربەی ئەمەریکاییەکان جا چ کۆنەپارێز بن چ میانڕۆ چ لیبراڵ: ئەگەر ئەوان بە چینی کرێکار و هەژار بن، لە کۆمەڵگەدا بە کەم بایەختر دابنرێن. من پێم وایە ئەوە دەمارگیرییە بنەڕەتییەکەیە".

ریچارد هاواردی کۆچکردوو، چاودێری پێشووی واشینتۆن پۆست، لە هەمان کۆڕبەندا پێی وابوو "ڕۆژنامەنووسان وەک ئەندامانی دەستەبژێری ناسراو، بۆچوون و روانگە و دەمارگیرییەکانیان لە هاوکارانیان وەردەگرن. کارەکەیان بەشێوەیەک داڕێژراوە بۆ ئەوەی لەگەڵ سەلیقە و پێویستییەکانی ئەم چینە نوێیە بەرزە بگونجێت. پێویستە بڵێم بەڵگەیەکی زۆر هەیە لەسەر ئەوەی چاپەمەنیی گشتی بەهۆی ئەم چینەوە داهاتووی خۆی دەخاتە مەترسی، چونکە بەردەوام پتر بەرز دەبێتەوە و... خەڵکی کرێکار، خەڵکی کەمدەرامەتتر رەت دەکاتەوە یان لە دەستیان دەدات ".

تۆم مینێری[٤١٤]، ڕۆژنامەنووسێکی پێشوو کە دواتر بووە جێگری سەرۆکی فۆکس ئۆن فەمیلی[٤١٥]، ڕێکخراوێکی مەسیحیی ئینجیلی کە بنکەکەی لە کۆڵۆرادۆ سپرینگز[٤١٦]، لە کۆڵۆرادۆ بوو، لە کۆڕبەندێکی تردا بە ئێمەی گوت دەمارگیریی چینی ڕێخۆشکەر بووە بۆ خێراترکردنی بەبازرگانیبوونی هەواڵ. مینێری گوتوویەتی "ئاراستەی رووماڵکردنەکە... شێواندنی شێوەی ژیانی جەماوەرێکی بەرفراوان و یەکجار ناوەندییە لە وڵاتە یەکگرتووەکاندا. لە وڵاتە یەکگرتووەکاندا ١٪ی جەماوەر ٣٥٪ی هەموو پشکە بەگشتی بازرگانیپێکراوی هەیە. لە ڕێگەی تەماشاکردنی هەواڵی ئێواران یان خوێندنەوەی ڕۆژنامەکانەوە بیر لەوە دەکەیەوە هەر هەموومان لە ماڵەوە تەماشای موئەشیری لە جووڵەدابووەی ژێرنووسی سی بی ئێن سی دەکەین". لە درێژەدا گوتی یان تەماشای شۆی تۆڕەکانی تەلەڤزیۆن بکە لە کاتی بەیانی "و چاوت دەکەوێت بە رووماڵێکی چڕ و بەشێوەیەکی دڵکێش پڕ وردەکاری لەبارەی نوێترین ئامێری پێشکەوتوو و کەلوپەلی بەردەستبووە لە شۆی کۆمدێکس[٤١٧]، کاتێک لە ڕاستیدا تەنیا ١٢,٥٪ی ماڵانی وڵاتە یەکگرتووەکان کۆمپیوتەر و

414. Tom Minnery
415. Fox on Family
416. Colorado Springs
417. Comdex

مۆدێمیان هەیە. سیروانی بازرگانی و رووماڵکردنی هەواڵ ئێستا ئەوەندە قووڵ و چڕە کە ئیتر ناتوانین لێوارەکانی ببینین".

بەڵام ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێت پیشەسازیی رۆژنامەگەری نەیتوانیوە ئامانجەکان بپێکێت. وەک لە باسی بنەمای وشیاریی کەسێنیدا روونی دەکەینەوە، چەمکی جۆرەوجۆریەتیی کۆمەڵێک کێشەی هەیە ئەگەر تەنیا بۆ مانای ئیتنیک و رەگەز یان ئامانجە ژمێرەیییەکانی تر بەرتەسک کرابێتەوە. ئەمانە ئامرازی پێویستن، بەڵام پێویستە نەبن بە ئامانجی جۆرەوجۆریەتی.

ئەم دابڕانە رێتێچووە لە رووی چینییەوە بەهۆی ستراتیجیەتی بەئامانجکردنی کۆمەڵگەی دەستەبژێرەوە، سیاسەتێک کە زۆر لە کۆمپانیا هەواڵییەکان گرتوویانەتە بەر، بەهێز دەبێت. بەرەنجامەکەی هەڕەشەیەک بووە بۆ سەر تەواوی رۆژنامەوانی و دەشمێنێتەوە. خەڵک تا دێت چاپەمەنی پتر وەک بەشێکی دامەزراوەیەک دەبینن کە پێی نامۆن، نەک وەک نوێنەرێکی جەماوەری کە ببێتە زمانحاڵیان.

بەڵام چارەسەری ئەم دابڕانە نکوولیکردن لە چەمکی سەربەخۆیی نییە. چارەسەرەکە دامەزراندنی خەڵکانێکی زیاتری سەر بە جۆران چین و پیشینە و بەرژەوەندییە لە ژووری هەواڵدا تاوەکو بەرەنگاریی ئەم بیرتەسکییە ببنەوە. ئەو رۆژنامەگەرییەی خەڵکی خاوەن روانگەی جۆرەوجۆر بەیەکەوە بەرهەمی دێن، باشترە لەوەیان کە هەر یەکێک لەو خەڵکانە بەتەنیا دەتوانێت بەرهەمی بێنێت.

هەندێک رۆژنامەنووس باسیان لەوە کردووە لەوانەیە تەنانەت سیستەمێک پێویست بێت بۆ ئەوەی ئەو خەڵکانە دابمەزرێنێت کە جۆرەکانی تری ئەزموونی ژیانیان هەیە. گۆنزالیز گوتی "ئەگەر بتەوێت پێکهاتەی هێزی کاری رۆژنامەگەری بگۆڕیت، پێویستە جۆرە پرۆگرامێکت هەبێت تاوەکو خەڵکانی سەر بە پیشەی تر دابمەزرێنێت... (و) هەلێکیان بۆ بڕەخسێنێت بۆ ئەوەی لە ڕەنگاوڕەنگی لە ڕووی چینەوە یارمەتیدەر بن."

## سەربەخۆیی لە نەژاد و ئیتنیک و ئاین و رەگەز

دوا سی ساڵی سەدەی بیستەم بەرزبوونەوەیەکی لە وشیاری سەبارەت بەپێویستی بۆ دەرخستنی ڕەنگاوڕەنگیی کۆمەڵگەی ئەمەریکایی لە ژوورەکانی هەواڵدا بەخۆوە دیت. گرووپی بازرگانی وەک کۆمەڵگەی ئەمەریکایی بۆ نووسیارانی رۆژنامەگەری لەسەر ئاستی پیشەسازییەکە بۆ رۆژنامەکان ئامانجی جۆرەوجۆریەتیبوونی دارِشت. دامەزراوی هەواڵیی جۆرەوجۆر کتێبەکانی ستایلی خۆیان لە نوێ دارِشتەوە لە پێناو ریشەکێشکردنی زمانی نەژادپەرستانە.

بەڵام کێشەیەکی تر لەناو پرسی جۆرەوجۆریەتی هەیە کە پێویستە سەرەتا ململانێی لەگەڵدا بکرێت. پرسی ئەوەی ئاخۆ تا چ ئاستێک ئیتنیک و رەگەز دەکرێت لەگەڵ پێناسە و ئەزموونەدا هاورِێژە بکرێت. ئاخۆ ئێمە وا بیر دەکەینەوە ئەفریقیاییە ئەمەریکاییەکان دەتوانن بەگونجاوی رووماڵی ئەفریقیاییە – ئەمەریکاییەکان بکەن یان ئاسیاییە ئەمەریکاییەکانیش بەگونجاوی دەتوانن رووماڵێکی پڕ بەپێستی ئاسیاییە ئەمەریکاییەکان بکەن و... هتد؟ ئاخۆ رۆژنامەنووسێکی باش نابێت بتوانێت هەموو شتێک رووماڵ بکات؟

بەرِێوەبەری جێبەجێکاری بواری بازرگانی، پیتێر بیلی[418] ئەفریقیایی – ئەمەریکایی پێی وابوو "لێکدانەوەی جۆرەوجۆریەتی لەسەر بنەمای نوێنەرایەتیکردن... لە ناوەرِۆکی خۆیدا گریمانەی ئەوە دەکات کەسانی سەر بە هەمان نەژاد و رەگەز بەهۆی ئەزموونی هاوبەشیان لەبارەی نەژادپەرستی و رەگەزگەراییەوە وەک یەک بیر دەکەنەوە. لێکدانەوەکە، من پێم وایە، کاریگەریی چین و خوێندەواری و هەرێم و خێزان و سایکۆلۆجیای کەسێتی و ئاین لە شێوەدان بە بیرۆکە و بیروباوەرِە کەسێتییەکانمان، پشتگوێ دەخات یان بچووکی دەکاتەوە... نیشانەی بەرچاوی وەک نەژاد و رەگەز وەک ئاماژە وان و پێم وایە بۆ بیرۆکەکان ئاماژەی کرچوکاڵن. ئاخۆ هەڵویستی رەشپێستان سەبارەت بەبابەتێکی دیاریکراوەوە چییە؟ وەڵامەکە هەڵبەتە ئەوەیە شتێکی وا هەبوونی نییە".

زۆر رۆژنامەنووس تەنانەت ئەوانەی سەر بە گرووپە کەمایەتییەکانن گومانی هاوشێوەیان هەیە. جۆن هۆکێنبێریی[419] هەواڵنێری رادیۆ و تەلەفزیۆن و براوەی

418. Peter Bell
419. John Hockenberry

خەڵات گوتوویەتی "ئەگەر تەنیا بڵێت... بەنیاز بیت ئاسیایی و ڕەشپێستێک و کەسێکی سەر کورسیی پەککەوتان لە ژووری هەواڵ دابنێیت و ئەمەش بەشێوەیەک ڕێگەت پێ بدات بڵێیت تۆ جۆرەوجۆریت، واتە چوونە سەر هەمان ڕێباز بۆ دیاریکردنی ناوەڕۆکەکەت لەسەر بنەمای دیموگرافییەکان. تۆ دەتوانیت بەگوێرەی دیموگرافی داهات دیاری بکەیت، بەڵام هەرگیز ناتوانی ناوەڕۆکەکە بناسییەوە. شتەکە دامەزراندن لە ژووری هەواڵ و بوون بە ئاماژە بۆ سەرچاوەی جۆرەوجۆریەتی نییە، بگرە ناسینی جەماوەرەکەت و بەڕاستی حەزکردن بە جەماوەرەکەتە لە سەرەوە بۆ خوارەوە لە ڕاست بۆ چەپ و لە هەموو ئاستە ئابوورییەکان."

ڕەخنەکان پەنجە دەخنە سەر خاڵێکی ڕژد: تا چ رادەیەک پێشینە کاریگەریی لەسەر کاری ڕۆژنامەنووس دەبێت؟ ئەگەر نووسیارێک تەنیا بەگوێرەی میراتی ئیتنیکی یان ڕەنگی پێست بڕیار لەوە بدات کێ چ شتێک ڕوومال بکات، ئاخۆ ئەوە جۆرێکی تری کلێشەسازیی نەژادپەرستانە یان ئیتنیکی نییە؟ ئەو مانایە دەبەخشێت شتێکی لە جۆری وەک تاکە ڕوانگەیەکی ڕەشپێستان یان تاکە ڕوانگەیەکی ئاسیایی هەیە.

لە شوێنێکی نێوان قسە ڕەقەکانی ژووری هەواڵ و ترس لە بیروباوەڕی نوێی "ڕاست و دروستبوون لە ڕووی سیاسییەوە" ڕووبەڕێکی دەوڵەمەندتر هەڵکەوتووە. ئێستا بەڵگەی زۆر هەیە ئەو ژوورە هەواڵانەی جۆرەوجۆریەتییان تێدا نییە ناتوانن کارەکانیان بەتەواوەتی ئەنجام بدەن. هەلیان لە کیس دەچێت. ڕووماڵەکەیان کەلەبەرە. کلارێنس پێجی[420] شیکاگۆ تریبیوون گێڕاویەتەوە "نووسیارێک لە باکوری ئیلینۆیزدا[421] گوتی ئەوەی ئەو بەراستی لە شارەکەیدا جەماوەرێکی کەمینەی ئەوتۆی نییە و هەوڵی دا لە بەڵێنی (بۆ ڕووماڵکردنی کەمایەتییەکان) پاشگەز ببێتەوە هەرچەندە من دەزانم لە ڕاستیدا شارەکەی ئەو ١٧٪ی جەماوەری لاتینۆ بوون ١٧٪ی... نووسیارێکی ناوچەی لادێییانەی ویسکۆنسین پێی گوتم بەڕاستی لە ناوچەکەی ئەودا هیچ کەمایەتییەکی لێ نییە، هەرچەندە ڕۆژنامەکەی هەر لەسەر شەقامەکەی نشینگەیەی سەرەکیی هیندییەکان بوو."

سنووردار بوونی پێناسەکانی کۆن بۆ هەواڵ بەڵگەی تەواون لەسەر ئەوەی ڕوانگەی

---

420.Clarence Page
421. Illinois

کەسێنیی ڕۆژنامەگەری دەنەخشێنێت. کۆمپانیاکانی میدیایی کە لەم کێشەیە تێ گەیشتن داوای یارمەتییان لە دامەزراوەی وەک ئەنیستیتۆی ماینارد[422] کرد کە بۆ یارمەتیدانی دەزگاکانی میدیا پەرەی بە وۆرکشۆپ دا بۆ باشتر تێگەیشتن لە نیگەرانییەکانی هەر هەموو جەماوەرەکەیان و یارمەتیدەرە بۆ فراوەنکردنی سەرچاوەکانی زانیاریی دامەزراوی هەواڵی.

بەڵام ئەگەر کەسێک پێی وابێت شتی وەک نەژاد گرینگە، ئاخۆ ئێمە چۆن کاریگەری حاشاهەڵنەگری روانگەی کەسێنی لەگەڵ ئامانجی پاراستنی شتێک بەناوی سەربەخۆیی ڕۆژنامەوانی دەگونجێنین؟

سەربەخۆیی لە دەستە بەو مانایەیە ڕێگەیەک هەیە بۆ بوون بە ڕۆژنامەنووس بەبێ ئەوەی نکوڵی لە کاریگەری ئەزموونی کەسێنی بکەیت یان گیرۆدەی بیت. خاڵی سەرەکی ئەوەیە ئاخۆ کەسەکە پابەندە بە بنەما بنەڕەتییەکانی ڕۆژنامەگەری کە بە ئاراستەی ڕاستگۆیی و ئاگەدارکردنەوەی جەماوەر بەرز دەبنەوە. بە هەمان شێوەی پێویستە لەگەڵ ئایدۆلۆجیای سیاسیدا وا بێت، پرسەکە بێلایەنی نییە بگرە ئامانجە. ئەم بانگەوازە ڕۆژنامەگەرییە بۆ سەربەخۆیی لە دەستە پێویستە لە سەرووی هەموو ئەو مێژوو و کولتووری و کەسێنییەوە بێت کە ڕۆژنامەنووسان بۆ ناو کارەکەیان دەیگوازنەوە. هەر ئاوەڵناوێک خۆی بەوانەوە بلکێنێت وەک ڕۆژنامەنووسی بودی، ئەفریقیایی ئەمەریکایی و خاوەن پێداویستیی تایبەت و نێرباز و ئیسپانی و یەهوودی و پرۆتێستانی سپیپێستی ئەمەریکای باکور یان تەنانەت لیبراڵ یان کۆنەپارێز–ئاوەڵناوەکە وەسفییە نەک تەسککەرەوە. ئەوان ئەو ڕۆژنامەنووسانەن کە هەروەها بودی، ئەمەریکایی – ئەفریقیایی یان کۆنەپارێزن– نەک سەرەتا بۆزی و دواتر ڕۆژنامەنووس. کاتێک ئەوە دێتە دی پێشینەی نەژادی و ئێتنیکی و ئاینی و چینی و ئایدۆلۆجی زانیاری دەبەخشێتە کارەکەیان بەڵام کارەکە ناسەپێنێت.

گومانی هۆکێنبێریی ڕۆژنامەنووس لەبارەی کاریگەری پەککەوتەی خۆیەوە دەیسەلمێنێت ئەمە چۆن دەتوانێت کاریگەر بێت. هۆکێنبێری سەردەمێک خۆی لە ئەنجامدانی "هەواڵ لەبارەی پەککەوتەیی"یەوە دەپاراست، بەڵام دواتر زانی ئەو دەتوانێت چ شتێک بخاتە سەر ئەو هەواڵانە. "کاتێک چوومە دێیتلاین[423]

422. Mynard Institute
423. Dateline

بەرهەمـهـێنەرێک هاتە لام و گـوتی ئێـمـە بەنیـازین هـەواڵێک، هـەواڵێکی کـامـێـرای شـاراوە، لەبارەی خـاوەن پێـداویسـتـیـیـەکـانی تایبـەت لە ڕووی دامــەزراندن و بەکـرێگرتنیـان بکەیـن... هـەرچەندە پاڵنـەرەکانم کـاریگەرییـەکـان هـەبوو لەسـەر ئەو بابەتەی کە وەک هـەواڵنێرێکی خاوەن پێداویستیی تایبەت هـەژمار نەکرێم، ئەو شتەی گوتم ئەوە بوو: بەگوێرەی ئەزموونم سەبارەت بە جیاکاری، هـەواڵەکە بێ سوودە. من خەڵکانێک دەبینم کە بەجۆرێکی هـەڵە تەماشام دەکەن یان رەنگە جۆرە بڕیارێک بدەن و من هـەرگیز بەڕاستی تەواو تێ ناگەم... چۆن کاریگەری لەسـەرم دەبێت."

هۆکێنبێری گوتی"ئەم پیاوە گەنجە (بەرهەمـهێنەرەکە) کۆریایی ئەمەریکاییـەک بەناوی جـۆ ری[٤٢٤] گـوتی "جـۆن جـیـاکـاری کـاتێـک روو نادات کـە تۆ لەوێیت. ئەو سـاتەی دەڕۆیت روو دەدات. هـەر بۆیەش ئێـمــە کـامـێـرای شـاراوەمـان هـەیە".

ئەنجـامـەکەی هـەواڵێک بوو کـە پێشـانی دەدا چۆن کۆمـپـانیـاکـان لە هـەر بارێکدا پیاوێکی پەککەوتەیان لە پێناو بەکرێگرتنی پێشکێشکارێکی ساخ فەرامۆش دەکرد. "بەئاوێتـەکـردنی کـاری هـاوبەشـیـمـان لە ژووری هـەواڵدا هـەواڵێک پێک هـات کـە لە ڕاستیدا شتێکی بەسوودی بە ئەنجام گەیاند".

ئەزمـوونی هۆکـێنبـێـری دەری دەخـات ئامـانجی ژووری هـەواڵ تەنیـا خـوڵقـاندنی جۆرەوجۆریەتی بە ژمـارە نییە لەم حـاڵەتەدا هـەواڵەکەی خاوەن پێداویستیی تایبـەت نەدەبوو ئـەگـەر هـەواڵنێـری خـاوەن پێـداویسـتـیی تایبـەت بەتەنیـا کـاری کـردبایە. ئامـــانجی بنەڕەتی لە جـــۆرەوجـــۆریەتیی ژووری هەواڵ ئەوەیە ژینگەیەکی تێکەڵی رۆشنبیـری بخـوڵقێنێت کە تێیدا هـەر کەسێک سـەرسـەختـانە پابەندی بیرۆکەی سەربەخۆیی رۆژنامەوانی بێت. ئەزموونە جۆرەوجۆرەکانیانن پێکەوە ئاوێتە دەبن بۆ داهێنـانی گـوزارشـتێکی دەوڵەمـەندتر لەو گـوزارشــەی بەتەنیـا بەرهـەمـی دێن. و لە کۆتاییدا ئەوە دەبێتە هۆی روانگەیەکی دەوڵەمەندتر و پڕتر بۆ جەماوەر سەبارەت بە جیهان.

رۆژنامەنووس خۆی بۆ کۆمەڵگە بەخت کردووە. مۆدێلەکە بێلایەن نییە. گوماناویش نییە. سەربەخۆش نییە. رۆڵی رۆژنامەنووس بەگوێرەی جۆرە سەرقاڵییەکی تایبەت خۆبەختکردن بۆ ئاگەدارکردنەوەی جەماوەر، بەڵام نەک رۆڵگێڕانێکی راستەوخۆ وەک

---

424. Joe Rhee

چالاکوانێک پێشبینی دەکرێت. ڕەنگە ناوی لێ بنرێت "سەربەخۆیی ئاڵۆز".

گیل سێلنی[٤٢٥] نووسیاری جێبەجێکاری تەمپا تریبیوون[٤٢٦] سەخت بیری لەم ڕۆڵە کردووەتەوە. سێلن بەو بیرۆکەیەی گوایە ڕۆژنامەگەریی شارستانی بۆ بەیەکەوەگەیاندنەوەی ڕۆژنامەنووسان و کۆمەڵگەیە هەڵخەڵەتابوو، بەڵام ئەو هەروەها بۆ پاراستنی بنەمای سەربەخۆیی ڕۆژنامەوانی بەرەنگاری خاوەن ئیمتیازەکان بووەوە. ئەو لە کۆتاییدا وازی لە ڕۆژنامەیەکی دامەزراوەی نایت رایدر هێنا بەهۆی جیاکردنەوەی هەواڵ و بەرژەوەندییەکانی بازرگانی.

سێلن ڕۆڵی ڕۆژنامەنووسانی وەک ڕۆڵی "چاودێرانی خۆبەختکردوو" وەسف کردووە. سێلن ڕوونی دەکاتەوە لەمەدا مەبەستی ئەوەیە ڕۆژنامەنووس لە کۆمەڵگە دانەبڕاوە. ڕۆژنامەنووسان و پێداویستییەکانی هاوولاتییانی هاوڕێیان "پشتبەستوون بەیەکتر". ئەگەر کێشەیەکی سەرەکی لەناو شارێکدا هەبێت کە داوای چارەسەر بکات و دامەزراوەگەلی ناوچەکە لێیان کۆڵیبێتەوە "ئەرکی ئێمەیە وەک چاودێر ئەم پرۆسەیە بەدرێژایی بگوازینەوە". شتێکی نابەرپرسانەیە کە هەڕەمەکییانە ڕوومالّ بکرێت یان لەبەرئەوەی بێزارکەر دێتە بەرچاو فەرامۆش بکرێت. سێلن پێی وابوو پێویستە ڕۆژنامەنووس خۆی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە بەخت بکات و ڕێگەی ئەنجامدانی ئەو کارە بۆ ڕۆژنامەنووس ئەوەیە ڕۆڵی هەواڵنێرێکی بەرپرس بگێڕێت.

بیرۆکەکانی سێلن لە گوتەی ڕۆژنامەنووسانی تردا ڕەنگی داوەتەوە کە باس لە چاپەمەنییەک دەکەن زمانێکی هاوبەش و تێگەیشتنێکی هاوبەش دەخوڵقێنێت یان دەبێتە بەشێک لەو سریشەی کۆمەڵگە پێناسە دەکات و دەیلکێنێت بەیەکەوە. ئەمە ئەو تێگەیشتنە گونجاوەیە کە زۆر لە ڕۆژنامەنووسان هەیانە لەبارەی ڕۆڵی سەربەخۆیی ئاڵۆزەوە.

ساراسۆتا هێراڵد تریبیوونی[٤٢٧] فلۆریدا تەنانەت پەرەی بە پرۆگرامێکی داهێنەرانە دا بەناوی "پارێزگاری خوێنەر" لە هەوڵدان بۆ دڵنیابوون لەوەی هەواڵنێرانی سەربەخۆ دەمێننەوە بەبێ ئەوەی دابڕێن. هەر ڕۆژنامەنووسێک لە

425. Gil Thelen
426. Tampa Tribune
427. Sarasota Herald Tribune

دامـەزراوە هەواڵـیـەکـەدا وەک نوێنەری خـوێنەران بۆ یەک حـەفـتـە کـار دەکـات و پێـوەندیی تەلەفـۆنیی خـوێنەران وەردەگـرێت و دەیانگوازێتـەوە بۆ هەواڵنێـر یان نووسـیـاری تایبـەت و هـەر پێـوەندییـەک بـە تێبینی یان سکاڵا یان پێشنیـاز دەست تۆمار دەکات.

سێ سـاڵی برد تاوەکـو هەمـوو کـارمـەندان کـارەکـە بکەن، بەڵام نووسـیـاری جـێـبـەجـێکاری رۆژنامـەکـە لەو کـاتـەدا، جانێت ویڤـر[428] پێی وابوو کـارەکـە ئەوە دەهێنێت. کـارمـەندانی ئەو دەیانگوت تەنیـا لە رێگەی گـوێگرتن لە چۆنیـیـەتی کاردانەوەی هاووڵاتییـان بەرامبـەر بە رۆژنامـەکە، ئەوان لە پێوەندیی خۆیان لەگەڵ خەڵکی ناو کۆمەڵگە وشیارتر بوونەتەوە. ویڤر گوتی "خەڵکانێک هەن بەردەوام کاتێک ناوەکـانیـان دەردەکـەوێت من زۆر دەترسم. من دەزانم ئەوان چۆن مـامـەڵەم لەگـەڵدا دەکەن بۆیە تەنیا دەمەوێت بزانم ئاخۆ ئەوان چۆن لەگەڵ جەماوەردا مامەڵە دەکەن". بەڵام کەسێک لەوبەر مێزەکە دانیشتووە کە رۆڵی نوێنەری خوێنەر دەکات و زانیاری دەبینێت بەو چوار رۆژنامەنووسەی ئەرکەکە لە هەر مانگێکدا وەردەگرن.

رۆژنامەنووسـانی تریش پەرەیان بە رێگەی وێکچوو داوە بۆ دڵنیابوون لەوەی ئەوان دەتوانن پارێزگـاری لە سـەربەخـۆیی هزریی خـۆیان بکەن. پۆل تێـیـلـر[429]، سـەرهەواڵنێری سیاسیی پێشووی فیلادێلفیا ئینکوایرر[430] و واشینتۆن پۆست رێگەیەکی پاش و پێشی بەکار دەهێنا. ئەو کاتەی ئەو هەواڵێکی پێ دەسپێردرا کە گوزارشکردنێکی تێروتەسەلی ویستبایە، تێیلر لە دەستپێک لیدەکەی[431] دەنووسی پێش ئەوەی هیچ شـتێک گـوزارش بکات. پاشـان ئەو لیـدەی لەگـەڵ ئەوەیان کـە لە کۆتاییی گوزارشکردنەکە نووسیبووی، بەراورد دەکرد. ئەگەر دوو لیدەکە یەکجار لێک چووبان، دەیزانی شتێکی زۆری وەرنەگرتووە و رەنگە بەپێی پێویست گوزارشی نەکردبێت و رەنگە تەنیا دووبارە بیروباوەڕی خۆی دارشتبێتەوە.

لە کۆتاییدا هیچ کۆسپێکی سەخت لە دژی هەر جۆرە تێکەڵاوییەکی کەسێنی یان هزری رێخـۆشـکەرە نییـە بۆ دڵنیـابوون لەوەی رۆژنامـەنووس سـەربـەخـۆییی خـۆی پاراستووە، جا چ دەستەی سیاسی بێت چ جۆرێکی تر. لە کۆتاییدا بە پلەی یەکەم

428. Janet Weaver
429. Paul Taylor
430. Philadelphia Inquirer
431. Lead یان سردێر

هەڵسەنگاندنی باش و خۆبەختکردنی بەردەوام بۆ بنەمای دڵسۆزی بۆ هاووڵاتییان رۆژنامەنووسان لە لایەنگران جیا دەکاتەوە. خاوەنی بیروباوەڕبوون نەک تەنیا ڕێگەپێدراوە، نەک تەنیا سروشتییە، بگرە بەسوودیشە بۆ ئەو گوماناویبوونە سروشتییەی بەهۆیەوە هەر هەواڵنێرێکی باش لە هەواڵێک نزیک دەبێتەوە. بەڵام دەبێت رۆژنامەنووس بەڕادەی پێویست زیرەک و راستگۆ بێت بۆ تێگەیشتن لەوەی بۆچوون پێویستە لەسەر شتێکی بەبناغەتری لە بیروباوەڕە کەسێنییەکان دامەزرابێت ئەگەر بۆ مەبەستی رۆژنامەگەری بەکار بێت. ئەوە پێوەندیی بەباوەڕکردن بە خەڵک یان کۆمەڵانی خەڵکەوە نییە. ئەوە پیشەیەکە لەسەر بنەمای گوزارشکردن و فێربوون و تێگەیشتن و فێرکردن دامەزراوە. دروستکردنی بەربەست لەم پرۆسەیەی دۆزینەوەدا لە دواییدا بێ وەفاییە بەرامبەر بە جەماوەر.

گرینگیی ئەم سەربەخۆییە تەنانەت ئاشکراتر دەبێت کاتێک ئێمە لە بەرپرسیارێتییە تایبەتەکەی دواتری رۆژنامەگەری واتە لە رۆڵەکەی وەک چاودێر دەکۆڵینەوە.

بەشی شەشەم

## چاودێریی دەسەڵات بکە و ببە دەنگی بێدەنگان

لە ١٩٦٤دا خەڵاتی پوڵیتزری هەرە بێزووپێبراوەی کاری رۆژنامەنووسی بووە هی فیلادێلفیا بۆڵێتین[٤٣٢] بەبۆنەی جۆرێکی نوێی گوزارشکردنەوە. خەڵاتەکە بەبۆنەی ئاشکراکردنی کاربەدەستانی پۆلیس ئەو شارە کە لە بەڕێوەبردنی یانسیبێک، جۆرێکی نایاسایی یاریی لۆتۆ لە دەرەوەی بنکەی خۆیان بوون، گەلابوون درا بە بۆڵێتین. هەواڵەکە ئاماژەیەک بوو بۆ شتێک کە گۆڕا بۆ شەپۆلێکی نوێی چاودێری لەسەر گەندەڵیی پۆلیس لە شارەکانی ئەمەریکادا. خەڵاتەکە گرینگییەکی تریشی هەبوو. ئاماژەی بە داننانی فەرمیی دامەزراوەکانی چاپەمەنی دەدا بەسەردەمێکی نوێ لە رۆژنامەوانیی ئەمەریکایی.

بابەتە نوێیەکەی خەڵاتی پوڵیتزر بە "گوزارشی لێکۆڵەوانی" ناودەبرا. کارگێڕانی رۆژنامەکانی سەرانسەری وڵات کە خەڵاتی پوڵیتزریان لەژێر چاودێریی زانکۆی کۆڵۆمبیادا بەڕێوە دەبرد، ئەو بابەتەیان لە جیاتیی بابەتێکی کۆنتر دانا کە پێیان وابوو چیی تر پێویستی بە ناسینەوەیەکی تایبەت نییە، " گوزارشی ناوخۆیی". ئەوان جەختێکی نوێیان دەکردەوە لەسەر رۆڵی چاپەمەنی وەک چالاکوان، ریفۆرمکار و ئاشکراکەر.

لە کاتی ئەنجامدانی ئەوەشدا دامەزراوەی رۆژنامەوانی دانی بەجۆرێکی نوێی کارێک دەدا کە بەردەوام پتر لە سالانی دواییدا لەلایەن نەوەیەکی نوێی رۆژنامەنووسانەوە ئەنجام دەدرا. هەواڵنێری وەک والاس تێرنر[٤٣٣] و ویلیام لەمبێرت[٤٣٤] لە پۆرتلەند و جۆرج بلیس[٤٣٥] لە شیکاگۆ خەریکی زیندووکردنەوەی

---

432. Philadelphia Bulletin
433. Wallace Turner
434. William Lambert
435. George Bliss

نەریتێکی بەدواداچوون و ئاشکراکردنی گەندەڵی بوون کە بەشێوەیەکی سەرەکی لە ماوەی شەڕی دووەمی جیهانی و ساڵانی راستەوخۆ و دواتریدا لە گوزارشکردندا بوونی نەبوو. ساڵانی شەڕ چیرۆکبێژی وەک ئێرنی پایڵی[٤٣٦] سەر بە ئاژانسی سکریپسز هاواردی[٤٣٧] تایبەت کردبوو چونکە رۆحی قارەمانانەی هاوپەیمانانی ناو شەڕ، خەڵکی بەهێزی بەریتانی یان تەنیا سەربازانی سادە بەڵام زریانیی ئەمەریکاییان زیندوو دەکردەوە. پاش ١٩٦٤ ئەوە رووی لە گۆڕان کرد. هەشت ساڵ دواتر کاتێک بۆب ودوارد و کارڵ بێرنستاینی واشینتۆن پۆست بوونە هۆی ئاشکرابوونی ریسواییەکەی واترگێیت لەناو کۆشکی سپیی نیکسۆندا، لە ناکاو گوزارشی لێکۆڵەوانی بووە جێی ناوبانگ و سەرنج و وێنەی پیشەکەی دووبارە پێناسە کردەوە.

هەر هەموو رۆژنامەوانی گۆڕا بەتایبەتیش رۆژنامەوانیی واشینتۆن. ئێی ئێم رۆزێنتاڵی[٤٣٨] نووسیاری جێبەجێکاری ئەو کاتی نیویۆرک تایمز ئەوەندە بەشێوازی سەرکەوتنی واشینتۆن پۆست بەسەر هەواڵی واترگێیتدا قەڵس بوو کە فەرمانی دا بە رێکخستنەوەی نووسینگەی واشینتۆنی رۆژنامەکە لە پێناو پێکهێنانی تیمێکی فەرمیی رۆژنامەنووسانی لێکۆڵەوان. تا ئەو کاتەی رۆزێنتاڵ نووسیاری جێبەجێکار بوایە، کاری بەرپرسی نووسینگەی واشینتۆن تەنیا بەگوێرەی هێزی گوزارشکردنی لێکۆڵەوانیی نووسینگەکەوە گەرەنتی دەکرا. سی بی ئێس نیوز شۆی هەواڵی لێکۆڵەوانیی تایبەت بەخۆی بەناوی ٦٠ مینیتس دەست پێ کرد کە بووە سەرکەوتووترین پرۆگرامی تۆڕی تەلەڤزیۆنی کە تا ئێستا بەرهەم هاتبێت. هەواڵی تەلەڤزیۆنی ناوەخۆییش، بۆ ئەوەی دوا نەکەوێت، هەر زوو لێوانلێو بوو لە تیمەکانی لێکۆڵەوانی یان "ئای تیمز"ی[٣٣٩] تایبەت بەخۆی.

کۆمەڵێک ئەندامانی کۆن دەستیان بەبۆڵەبۆڵ کرد. ئەوان بەبۆڵەبۆڵەوە دەیانگوت گوزارشی لێکۆڵەوانی شتێکی زیاترە لە قسەیەکی دوو دۆلاری بەبەراورد لەگەڵ گوزارشێکی باش. بەهەرحاڵ هەموو گوزارشکردنێکش لێکۆڵەوانییە. هەرچەندە ئەوە شتێکی یەکجار سادەکراوەیە گوزارشی لێکۆڵەوانی لە رووی جۆرییەوە جیاوازە لە

436. Ernie Pyle
437. Scripps Howard
438. A.M.Rosenthal

٤٣٩ . I-Teams کورتکراوەی investigative teams یان تیمەکانی لێکۆڵەوانی

جۆرەکانی تری کارەکە بەجۆران شێوە رەخنەگران لە یەک رووەوە راست بوون. ئەو شتەی دەستەی خەڵاتی پوڵیتزر لە ١٩٦٤ دانی پێدا نا لە ڕاستیدا لەناو پتر لە ٢٠٠ ساڵی پێشکەوتندا بووە.

گوزارشکردنی لێکۆڵەوانی هەر لە یەکەم سووڕاوەکاندا[440] لە سەرەتاییترین چمکەکانی مانای چاپەمەنیی سەربەخۆ و هەموارکردنی یەکەم و لە پاڵنەری رۆژنامەنووسان بەدرێژاییی مێژووی پیشەکە رەگی پتەوی داکوتا. ئەم ریشانە ئەوەندە بەهێزن کە بنەمایەکی سەرەکی دادەرێژن:

پێویستە رۆژنامەنووسان وەک چاودێرێکی سەربەخۆی دەسەڵات کار بکەن.

ئەم بنەمایە زۆربەی کات تەنانەت لەلایەن رۆژنامەنووسانیشەوە بەهەڵە بەمانای "سەرئێشەبوون بۆ ئاسوودەکان" لێک دراوەتەوە. جگە لەوە بنەمای چاودێری لە رۆژنامەنووسیی سەردەمدا بەهۆی زێدەڕۆیی و چاودێرییەکی ناڕاستەقینە کە زیاتر بەمەبەستی مەراییکردن بۆ جەماوەر نەک ئەنجامدانی خزمەتی گشتی، مەترسیی لەسەرە. رەنگە تەنانەت لەوەش خراپتر ئەوە بێت کە رۆڵی چاودێرییەکە بە جۆرێکی نوێی ئاوێتەسازیی کۆمپانیاکانی هاوبەشییەوە هەڕەشەی لەسەر بێت کە رەنگە بەشێوەیەکی کاریگەر سەربەخۆیی پێویست بۆ چاپەمەنی لە پێناو بەجێگەیاندنی رۆڵی چاودێریکردنی لەناو ببات.

کاتێک سووراوەکانی چاپەمەنی یەکەم جار لە ئەوروپا لە سەرەتای سەدەی حەڤدەمەوە دەرکەوتن، رۆڵی خۆیان وەک لێکۆڵەوانی دەدیت. لەماوەی شەڕی ناوەخۆیی بەریتانیادا، کاتێک سەربەخۆیی چاپەمەنی لە وڵاتدا وێ دەچوو بە هێزەوە بدرەوشێتەوە، دەستبەجێ سووڕاوەکان بەڵێنیان دەدا لەو شتەی رووی دەدا بکۆڵنەوە و بە خوێنەرانیان رای بگەیەنن. پارلێمن سکاوت[441] کە لە ١٦٤٣دا دەستی بە چاپ کرد "پێشنیازی شتێکی نوێی کرد لە رۆژنامەوانیدا پێویستی بۆ هەوڵدان لە پێناو گەڕان و دۆزینەوەی هەواڵ". ساڵی دواتر چاپەمەنییەک کە خۆی بە زێ سپای[442] ناو نا، بەڵێنی بە خوێنەران دا پلانی داناوە بۆ "ئاشکراکردنی فێڵە هەمیشەییەکانی گەمەی گەورەی شانشینی. بۆ ئەوەش پێویستە ئێمە بەنهێنییەوە بچین".

---

440. Periodicals
441. Parliament Scout
442. The Spy واتە سیخوڕ

ئەم هەوڵە سەرەتاییانە بۆ کاری لێکۆڵەوانی بوونە بەشێک لەو هۆکارەی سەربەخۆییی چاپەمەنی بەپێی دەستوور مسۆگەر کرا. سووپاوی وەک سکاوت و سپای بۆ یەکەم جار کاروباری حکوومەتیان دیوەدەرانەتر دەکرد. ئەوانە ئاماژەیان بە ئاواتی چاپەمەنی دەدا بۆ ئەوەی ببێت بە شتێک کە دواتر بە دەسەڵاتی چوارەم ناسرا و بەئاشکرا رایان گەیاند کاروباری حکوومەت پێویستە بۆ هەمووان ئاشکرا بێت نەک تەنیا بۆ چینی خوشگوزەران. تا ئەو کاتەی ئەو رۆژنامانە دەرکەوتن، کاروباری ناوەخۆی حکوومەت بەشێوەیەکی سەرەکی لەلایەن خوشگوزەرانانەوە زانراو بوو ئەوانەی کارەکانیان لە بەردەم حکوومەت بوو و ئەوانەی راستەوخۆ لە کاری بەڕێوەبردنی حکوومەتدا بوون. زانیاریی جەماوەر لەبارەی فەرمانڕەواکانیانەوە بەشێوەیەکی سەرەکی لە گوتەگوتی ناتەواو یان لە پەیامە فەرمییەکانی حکوومەتەوە سەرچاوەی دەگرت. بەڵام بەپێچەوانەی جاڕنامەکان و جاڕچییەکان کە ئەو زانیارییانەیان دابین دەکرد کە دەسەڵاتداران دەیانویست بڵاوی بکەنەوە، سووپاوە هەواڵییەکان ئاواتەخواز بوون کرداری راستەقینەی حکوومەت بە هەموو خەڵکی رابگەیەنن. هەرچەندە حکوومەت زۆربەی جار ئەم چاپەمەنییە سەرەتاییانەی سەرکوت دەکرد، وەک چۆن لە سەرانسەری جیهاندا رووی دا، بەڵام ئەوانە گوزارشی لێکۆڵەوانییان وەک یەکێک لەو سەرەتاییترین بنەمایانە ناساند کە رۆژنامەنووسی لە ئامرازەکانی تری پێوەندیکردن بە جەماوەر جیا دەکاتەوە. ئەوە رۆڵی چاودێری بوو کە رۆژنامەوانی، بەگوتەی جێیمز مەدیسن، کردە "پاڵپشتێک بۆ ئازادی"، بە هەمان شێوە کە هەقیقەت لە حاڵەتی جۆن پیتێر زێنگر[٤٤٣] بووە سەنگەری سەرەکیی چاپەمەنی.

ئەم هەوڵە سەرەتاییانە زۆربەی کات بێ ئەنجام بوون. حکوومەتی بەریتانی رێگەی بە تێبینیی نووسین لە کاتی مشتومڕیی پەرلەمانی نەدەدا. خەڵکەکە دەبوایە ئەو شتەی دەگوترا لە بیری بمێنێتەوە و پاشان رابکاتە دەرەوە بۆ گێڕانەوە یان داڕشتنەوەی رووداوەکە بەر لەوەی رۆژنامەکە چاپ بکرێت. ئەم رۆژنامەنووسە کۆنانە وەک "هەواڵخواز" رەت دەکرانەوە و مێژوونووسان زۆربەی جار ئەو چاپەمەنییە کۆنەی تایبەت بە پەرلەمان بە ناڕاستگۆ و گەندەڵ دادەنێن. بەڵام خۆڕسکی بۆ دیودەری و خزمەتکردن وەک چاودێر کە ئەو چاپەمەنییە

443. John Peter Zenger

نوێنەرایەتیی دەکردن، چەندی دڵڕەقانەش بوایە، بەردەوام بوو و لە دواییدا سەر دەکەوت.

لە ساڵانی دواتردا کاتێک ناکۆکیی نێوان چاپەمەنییەکی پارێزراو و داوودەزگەکانی حکوومەت تەشەنەی سەند، ئەم رۆڵە چاودێرانەیە بوو کە دادگەی باڵای لە کاتی خۆیدا و دووبارە گەڕاندییەوە بۆ جەختکردنەوەی لەسەر رۆڵی سەرەکیی چاپەمەنی لە کۆمەڵگەی ئەمەریکاییدا. لەگەڵ حاڵەتی نییَر ڤی مینێسۆتا[444] کە رێگەی بە حکوومەت نەدا چاپی هیچ رۆژنامەیەک سنووردار بکات، تەنیا لەو کاتەدا نەبێت کە هەواڵەکە هەڕەشەی "مەترسییەی سەخت و راستەوخۆی لەسەر ئاسایشی وڵاتە یەکگرتووەکاندا" هەبووایە، دادگە میتۆدیانە شوێنێکی مسۆگەری لەناو یاسادا دامەزراندووە کە تێدا رۆژنامەنووسان پارێزراون بۆ ئەوەی سەرسەختانە لە خزمەت پێویستیی جەماوەر بۆ زانیاریی گرینگ لەبارەی بابەتی پێوەست بە کاروباری گشتیدا بن. دووسەد ساڵی تەواو پاش شۆڕش هوگۆ بلەکی[445] دادگەی باڵا کاتێک نووسی "چاپەمەنی پارێزرا بۆ ئەوەی نهێنییەکانی حکوومەت رووت بکاتەوە و خەڵک ئاگەدار بکاتەوە. تەنیا چاپەمەنییەکی سەربەخۆ و سنوورنەکراو بەشێوەیەکی کاریگەر دەتوانێت فرۆفێڵی حکوومەت ئاشکرا بکات"، بەردەوامیی دا بە پرژانە سەر ئەرکگەلی چاودێریکارانەی چاپەمەنی. بەپاڵپشتیی یاسادانەرانی دەوڵەتی و فیدراڵ لە ١٩٦٠ و ١٩٧٠کاندا، دەسترۆیشتنی چاپەمەنی زیاتر بوو بەهۆی یاسای ئازادیی زانیاری و یاساکانی بەناو ساماڵی کە رێگەی بە دەسترەسی بە زۆر بەڵگەنامە و چالاکییەکانی حکوومەت دەدا. سەرەتا لە سەدەی بیست و یەکەم و بەتایبەتیش لە ماوەی ئیدارەی جۆرج دەبلیو بوشدا هەوڵی بێوێنە دەست پێ کران بۆ شاردنەوەی زانیاریی حکوومەت لە جەماوەر و تەنانەت بۆ بەتاوانبارکردنی هەوڵەکانی چاپەمەنی بۆ بەچاپگەیاندن. پرسیارێک ئەوەیە ئاخۆ چۆن دادگەکان کاردانەوە بەرامبەر بەم هەوڵانە دەنوێنن.

بنەمای چاودێری مانای زیاترە لەوەی تەنیا چاودێریی حکوومەت بکرێت و بۆ هەر هەموو دامەزراوە بەدەسەڵاتەکانی ناو کۆمەڵگە فراوان دەکرێت و، ئەوە لە سەرەتادا راست بوو. وەک چۆن سپای "بەنهێنی" کاری کرد بۆ هەڵماڵینی "فرۆفێڵەکانی

---

444. Near v. Minnesota
445. Hugo Black

گەمەی گەورە شانشینی"، رۆژنامەنووسی سەدەی نۆزدەم هێنری مێیهیوویش[٤٤٦] بەئاشکرا مەترسییەکانی نهێنییەکانی هەمان ئەو شانشینییەی بەڵگەنووس کرد. مێیهیوو شەقامەکانی لەندەنی سەردەمی ڤیکتۆریی پێوا و گوزارشی لەبارەی ژیانی خەڵکی شەقامەوە دەدا بە مۆرنینگ کرۆنیکڵی لەندەن. بەم کارە دەنگ و ئاواتی دەدایە تاکی وەک کچی تەرەتۆڵەفرۆش و پاککەرەوەی دووکەڵکێش. ئەو مرۆڤایەتیی ئەو کەسانەی بۆ جەماوەرێک کە بەردەوام تێبینیی ئەوانی نەدەکرد، ئاشکرا کرد.

بە لێکبەستنەوەی گەڕان بۆ ئەو دەنگانەی پشتگوێ خراون و ئەو فرۆفێڵانەی ئاشکرا نەکراون، رۆژنامەنووسە هەرە کۆنەکان لێکۆڵینەوە لە سووچەکانی نەبینراوی کۆمەڵگەیان بەشێوەیەکی یەکلاکەرەوە بە بنەمای سەرەکیی ئەرکی خۆیان دانا. ئەو جیهانەی ئەوان تۆماریان دەکرد پەنجەی خستە سەر رامانی کۆمەڵگەیەکی بەگشتی ئاگەدارنەکراو کە جەماوەرکێشییەکی دەستبەجێ و بەجۆشی بەداوە هات.

ئەمرۆ رۆژنامەنووسان بەردەوام رۆڵی چاودێرییەکە وەک چەقی کاری خۆیان دەبینن. بەنزیکەیی لە هەر دە رۆژنامەنووس نۆیان پێیان وایە چاپەمەنیی "سەرکردە سیاسییەکان لەو شتانەی پێویستە نەیانکەن دەپارێزێت" و لەناو وەڵامی هەڵبژێردراوی رۆژنامەنووسان لەبارەی ئەوەی چ شتێک پیشەی ئەوان لە جۆرەکانی تری پێوەندیکردنەوە جیا دەکاتەوە، رۆڵی چاودێریکردن بەپلەی دووەم هات.

وەک چۆن رۆژنامەنووسان بەدڵنیاییەوە وا بیر دەکەنەوە، بنەمای چاودێریکردن زۆربەی جار بەهەڵە لێک دراوەتەوە. لە سەدەی نوێدا فینلی پیتەر دانی[٤٤٧] رۆژنامەنووس و گەپکاری[٤٤٨] شیکاگۆ بنەمای چاودێری بەمانای "ئاسوودەکردنی سەرئێشەدارن و سەرئێشاندنی ئاسوودەکان" لێک دایەوە. دان تا رادەیەک گاڵتەی دەکرد، بەڵام قسە نەستەقەکە داچەقیوە. ئەو رۆژەی سێینت پۆڵ پایۆنیر پرێس[٤٤٩] خەڵاتی پۆلیتزری لە ٢٠٠٠دا بەبۆنەی ئاشکراکردنی ریسواییەکی فرۆفێڵکردن لەبارەی تیمی باسکەی زانکۆی مینێسۆتا[٤٥٠]، نووسیاری وەرزشیی رۆژنامەکە لە گوتەیەکدا ئاماژەی کرد بە شەیداییی بەرپرسەکەی بۆ دووبارکردنەوەی گوتەکە.

---

446. Henry Mayhew
447. Finley Peter Dunne
448. Humorist
449. St. Paul Pioneer Press
450. Minnesota University

بەداخەوە چمکی ئەوەی چاپەمەنی بۆ سەرئێشاندنی ئاسوودەکان و حەساندنەوەی سەرئێشاوانە مانای چاودێری دەشێوێنێت و شێوەیەکی لیبراڵ یان پێشکەوتخوازانەی پێ دەبەخشێت. چمکەکە یەکجار قووڵتر و وردترە لەو مانا دەقاودەقانەی سەرئێشاندن یان حەساندنەوە ئاماژەی پێ دەدەن. وەک مێژوو پێشانی ئێمەی دا، بەشێوەیەکی گونجاوتر چمکەکە بەمانای ئەوەیە بەنوێنەرایەتیی زۆرینە چاودێریکردنی دەسەڵاتدارانی کەمینەی ناو کۆمەڵگە بکرێت وەک پارێزگارییەک لە دژی دیکتاتۆرییەت.

ئامانجی رۆڵی چاودێری هەروەها زیاترە لەوەی بەتەنیا دیودەرکردنی بەرێوبەرایەتی و جێبەجێکاریی دەسەلات و راگەیاندنی و تێگەیاندنی هەوڵەکانی دەسەڵات بێت. ئەمە بەشێوەیەکی لۆجیکی بەو مانایەیە پێویستە چاپەمەنی بزانێت لە کوێدا دامەزراوە دەسەڵاتدارەکان بەشێوەیەکی کاریگەر کار دەکەن و لە کوێشدا وا کار ناکەن. چاپەمەنی چۆن دەتوانێت ئیدیعای ئەوە بکات چاودێریی دەسەڵات دەکات کاتێک سەرکەوتن و هەروەها شکستەکانیش روون نەکاتەوە؟ رەخنەی بێ کۆتا مانای نامێنێت و جەماوەر هیچ بنەمایەکی نابێت بۆ جیاکردنەوەی باشە لە خراپە.

وەک بابەتێک لە فیووگی باخدا[٤٥١]، گوزارشکردن لێکۆڵەوانی لە مێژووی رۆژنامەوانیدا هەڵکشاوە و داکشاوە بەڵام هەرگیز ون نەبووە. کۆمەڵێک لە هەرە بەناوبانگترین و گرینگترین سەردەمەکانی مێژووی ئەمەریکای پێناسە کردووە.

* چاپەمەنی لە ئەمەریکای کۆلۆنیالدا ئامانجی خۆی وەک سەکۆیەک بۆ خەڵکێک دەدیت کە بەهۆی حکومەتێکی دوورەوە کە دەستی لە وزەی پێشکەوتنەکەی وەردەدا، گاڵتەیان پێ کرابوو. نیوو ئینگلەند کۆرانتی[٤٥٢] جێیمز فرانکلین[٤٥٤] رۆڵێکی چاودێرانەی هەم بەسەر دامەزراوە حکوومەتی و هەم بەسەر ئاینییەکاندا گێڕا و کۆلۆنییەکانیش سپای تایبەت بەخۆیان هەبوو ماساچۆسێت سپای ئیزایا تۆماس[٤٥٥] ئەو کەسانەی هاموشۆیان لەگەڵ دوژمندا هەبوو، ئاشکرا کرد.

---

451. Bach fugue
452. New England Courant
453. James Franklin
454. Spy
455. Isaiah Thomas

* چاپەمەنیی شۆڕشگێڕانە جێگەی چۆڵ کرد بۆ چاپەمەنییەک لە پێناو دامەزراندنی نەتەوە کە تێیدا بابەتی شێوە و ناوەڕۆکی حکوومەتی نوێ گوزارش دەکران. فیدراڵی و دژە فیدراڵییەکان هەریەکەیان و ڕۆژنامەی خۆی دامەزراند بۆ ئاگەدارکردنەوە و هاندانی بەرهەڤدانی سیاسی لەسەر ئەو بنەما سەرەکییانەی وڵاتی نوێ لەسەریان دادەمەزرا. یەکێک لە ڕۆڵە هەرە گرینگەکانی ئەم چاپەمەنییە پارتیزانە ئەوە بوو ڕۆڵێکی چاودێرانەی لەسەر پارتی پێچەوانەدا بگێڕێت، پرۆسەیەکی دۆزینەوە و ئاشکراکردن کە هەندێک جار ئەوەندە وێرانکەر بوو کە حکوومەت بەسەرکەوتنێکی سنووردارەوە هەوڵی دەدا یاسا لە دژی نەریتەکە دەربکات.

* لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا نەوەیەکی نوێی ڕۆژنامەنووسان بەناوی "ریسواییدەرخەر"ەکان بوونە دەنگی ریفۆرم لەسەر ئاستی ناوخۆیی و دەوڵەتی و فیدراڵدا. لێکۆڵینەوە پڕ وردەکارییەکەیان و ئاشکراکردنی دەسەڵاتی گەندەڵ، لە پێشێلکارییەکان لە کارکردن بە منداڵەوە بگرە تا ئامێرەکانی سیاسیی شارستانی و کۆمپانیاکانی هێڵی شەمەندەفەر و نەوت، ڕێخۆشکەر بوون بۆ بزووتنەوەیەکی پێشڕەوانە لە سیاسەتی نەتەوەییدا.

لەگەڵ پێگەیشتنی ڕۆژنامەوانیی لێکۆڵەوانیدا، کۆمەڵێک شێوازیش دەرکەوتوون. ئەمڕۆکە سێ جۆری سەرەکی پێناسە دەکرێن: گوزارشکردنی لێکۆڵەوانیی ڕەسەن، گوزارشکردنی لێکۆڵەوانیی شرۆڤەیی و گوزارشکردن لەبارەی لێکۆڵینەوەکانەوە. هەریەکەیان هەندێک لێکۆڵینەوە هەڵدەگرێت.

## گوزارشکردنی لێکۆڵەوانیی ڕەسەن

لە گوزارشکردنی لێکۆڵەوانیی ڕەسەن هەواڵنێران خۆیان دۆزینەوە و بەڵگەکردن ئەو چالاکییانەی پێشتر جەماوەر پێیان ئاشنا نەبوو، ئەنجام دەدەن. ئەمە ئەو جۆرە گوزارشکردنە لێکۆڵەوانییەیە کە زۆربەی جار لێکۆڵینەوەی گشتیی فەرمی سەبارەت بە بابەت و چالاکییە ئاشکرابووەکەی بەدوادا دێت، نموونەیەکی کلاسیکیی چاپەمەنی کە بەنوێنەرایەتیی جەماوەرەوە پاڵەپەستۆ دەخاتە سەر دامەزراوە گشتییەکان. ڕەنگە تاکتیکی وەک کاری پۆلیسی تێدا بەکار بێت وەک گوزارشکردنی

کۆڵنەدەرانە[456] و گەڕان بەدوای تۆمارە گشتییەکان، بەکارهێنانی کەسانی ئاگادار و، تەنانەت لە هەلومەرجی تایبەتدا کارکردنی نهێنی یان چاودێریکردنی چالاکییەکان بەنهێنی.

گوزارشکردنی لێکۆڵەوانیی رەسەن کاری ریسواییدەرخەرەکانی وەک لینکۆڵن ستێفنز[457] لەخۆ دەگرێت کە زنجیرەکەی بەناوی شێیم ئۆڤ زێ سیتیز[458] لە ١٩٠٤دا بووە هۆی ریفۆرمی فرەلایەن لە حکوومەتی ناوچەییدا، یان ریچارد کێرسن[459] کە پەردە هەڵمانییەکانی لەسەر کاریگەرییەکانی قڕکەرە ژەهراوییەکان لەناو کتێبەکەی بەناوی سایلێنت سپرینگ[460] لە ١٠٦٢دا بزووتنەوەیەکی نێودەوڵەتی بۆ پاراستنی ژینگە خستە جووڵەوە.

هەروەها گوزارشکردنی مارکۆس ستێرن[461] و جێری کەمریش[462] دەگرێتەوە کە لێکۆڵینەوەکانی براوەی خەڵاتی پۆلیتزریان لە ٢٠٠٥ و ٢٠٠٦دا بۆ سان دیێگۆ یۆنیەن تریبیوون بووە هۆی دەست لەکارکێشانەوەی رەندی (دووک) کانینگهامی[463] ئەندامی کۆنگرێس و لە دواییدا دادگاییکردنی تاوانی بەتۆمەتی گەندەڵی. ستێرن بە بەکارهێنانی سیستەمی بێ هاوتای خۆی کە بە "چاودێریکردنی شێوە ژیان" ناوی دەبرد گومانی لە پێوەندییەکانی نێوان کۆمەڵێک لە گەشتەکانی ئەندام کۆنگرێسەکە و شێوە ژیانی پەیدا کرد. لە رێگەی لێکۆڵینەوە لە بەخششەکانی بەڵێندەرانی وەزارەتی بەرگریی ستێرن ئاڵوگۆڕی داراییی گوماناویی تریشی ئاشکرا کرد. ئەو داوای یارمەتیی کەمی کرد و هەردووکیان لە دواییدا ئەم ژیانەیان راکێشا بۆ ئاشکراکردنی ئەو شتەی دواتر لەلایەن نووسینگەی داواکاری گشتیی ئەمەریکا لە سان دیێگۆ بە "بێباکترین پلانی بەرتیل وەرگرتن" لە مێژووی کۆنگرێسدا وەسف کرا.

---

456. Shoe-leather reporting

- جۆرە گوزارشکردنێکە کە لە لایەن رۆبێرت نۆڤاکەوە داهێنرا. مەبەست لێی گەرانە بەدوای راستییەکان لەناو شەقامەکاندا.

457. Lincoln Steffens

458. Shame of the Cities شەرمەزاریی شارەکان

459. Richard Careson

460. Silent Spring

461. Marcus Stern

462. Jerry Kammer

463. Randy (Duke) Cunningham

له گوزارشکردنی لێکۆڵەوانیی ڕەسەنی سەردەمییانەدا هێزی شرۆڤەکاری کۆمپیوتەر زۆربەی جار جێگەی تێبینیی کەسێنیی هەواڵنێر دەگرێتەوە. زنجیرەی بیڵ دێدمەن[464] بەناوی زێ کالّر ئۆف مانی[465] کە لە ئاتلانتا جۆرنالّ کۆنستیتیووشن بڵاو بووەوە و لە ۱۹۸٦دا براوەی خەلاتی پولیتزر بوو، نموونەیەکی سەرەتاییە. زنجیرەکە جیاکاریی نەژادپەرستانەی لە دامەزراوەکانی قەرزپێدەر لە ئاتلانتادا ئاشکرا کرد کە بووە هۆی چاکسازیی گرینگ لە سیاسەتەکانی قەرزدانەوە لە بانکەکانی سەرانسەری وڵاتدا. کتێبێک لەسەر گوزارشکردنی لێکۆڵەوانی لەبارەی زنجیرەکەوە گوتی " حاشاهەڵنەگرترین بەڵگە بۆ قەرزدانەوەی ڕەگەزپەرستانە لە ئاتلانتا لێکدانەوەی کۆمپیوتەریی ئەو بەڵگەنامانە بوو کە قەرزدەرەوەکان داوایان لێ دەکرا لەگەڵ ڕێکخەراندا پڕیان بکەنەوە. ئەگەر کۆمپیوتەر بەگونجاوی بەکار بێت ڕەنگە ڕۆژنامەوانیی لێکۆڵەوانی لە ناخەوە بگۆڕێت، چونکە گوزارشتەکە سنووری دیمانەی نەریتی و بەسەرهات و کۆمی بەڵگەی دۆکیومێنتیی زۆر دەبەزێنێت".

## گوزارشکردنی لێکۆڵەوانی لێکدانەوەیی

جۆری دووەمی گوزارشکردنی لێکۆڵەوانی گوزارشکردنی لێکدانەوەییە کە زۆربەی کات هەمان کارامەییەکانی گوزارشی ڕەسەنی تێدایە، بەڵام لێکدانەوەکە بۆ ئاستێکی جیاواز دەگوازێتەوە. جیاوازیی بنەڕەتیی نێوان هەردووکیان ئەوەیە گوزارشکردنی ڕەسەن ئەو زانیارییانەی پێشتر کەسانی تر کۆیان نەکردووەتەوە، بۆ ئەوەی جەماوەر لەو ڕووداوە و هەلومەرجانەی ڕەنگە کاریگەرییان لەسەر ژیانیان هەبێت، ئاگادار بکاتەوە. گوزارشکردنی لێکدانەوەیی لە ئەنجامی ڕامان و شرۆڤەیەکی وردە بۆ بیرۆکەیەک و هەروەها بەدواداچوونی سەرسەختانە بۆ ڕاستییەکان پەرە دەسەنێت، ئەمەش لە پێناو ئاوێتەکردنی زانیاری لە دەقێکی نوێ و تەواوتردا کە تێگەیشتنێکی جەماوەریی قووڵتر دابین دەکات. زۆربەی جار بابەتگەلی ئاڵۆزتر یان کۆمەڵێک ڕاستی لەخۆ دەگرێت نەک پەردەهەڵماڵینێکی کلاسیکی. ڕێگەیەکی نوێ بۆ ڕوانین لە شتێک و هەروەها زانیاریی نوێ لەبارەیەوە ئاشکرا دەکات.

---

464. Bill Dedman

465. The Color of Money بەمانی ڕەنگی پارە

نموونەیەکی سەرەتاییی بڵاوکردنەوەی بەڵگەنامەکانی پێنتاگۆنە لەلایەن نیویۆرک تایمز لە ١٩٧١دا. بەڵگەنامەکان خۆیان لێکۆڵینەوەیەکی نهێنیی حکوومەت بوون لەبارەی تێوەگلانی ئەمەریکا لە ڤێتنام. نیل شیهامی[٤٦٦] هەواڵنێر ڕێگەیەکی درێژی بڕی تا کۆپییەکی لێ دەست کەوت. پاشان تیمێکی هەواڵنێران و نووسیارانی نیویۆرک تایمزی کە لە سیاسەتی دەرەوە و شەڕی ڤێتنام شارەزا بوون بەڵگەنامەکانیان لێک دایەوە و وەک هەواڵێکی زەق لەبارەی هەڵخەڵەتاندنەوە جەماوەر ڕێکیان خستن. بەبێ ئەم ئاوێتەکاری و لێکدانەوەیە بەڵگەنامەکانی پێنتاگۆن ڕەنگە بۆ زۆربەی جەماوەر هەڵگری مانایەکی کەم بوونایە.

نموونەیەکی زۆر نوێتر زنجیرەیەکی ١٠ بەشیی تایبەت بە چینی کۆمەڵایەتییە کە نیویۆرک تایمز لە ٢٠٠٥دا بڵاوی کردەوە. بە سوود وەرگرتن لە داتای دیموگرافی و سۆسیۆئیکۆنۆمیک[٤٦٧] تیمێکی هەواڵنێران لەو ڕێگەیانەیان کۆڵییەوە چۆن "چین[٤٦٨] کە وەک ئاوێتەیەک لە داهات و خوێندەواری و سامان و پیشە پێناسە کراوە کاریگەریی لەسەر چارەنووس دەبێت لە کۆمەڵگەیەکدا کە حەز دەکات خۆی بە وڵاتی دەرفەتی بێ سنوور هەژمار بکات".

هەندێک گوزارش ئێستا سنوورەکانی کاری لێکۆڵەوانیی لێکدانەوەیی دەبەزێنن. دۆناڵد بارڵێت[٤٦٩] و جێیمز ستیل[٤٧٠] لە فیلادێلفیا ئینکوایرر و دواتر لە کۆواری تایمزدا ناوبانگیان دەرکرد، چونکە بەگڕ و تینەوە لە بابەتی ئاڵۆزیان دەکۆڵییەوە لە پرۆژەی وەک "ئەمێریکا: وات وێنت ڕۆنگ"[٤٧١] و "ئەمێریکا: هوو ستۆڵ زێ دریم"[٤٧٢]. هەردووکیان لەوەیان کۆڵییەوە چۆن سیستەمی ئابووری–سیاسیی ئەمەریکا هاووڵاتییانی کەمدەرامەتتری نائومێد کردبوو. هەردووکیان بەرهەمی سالانێک گوزارشکردن و هەڵسەنگاندنێکی چڕوپڕی داتای ئابووری و سەدان دیمانە بوون. هەردوو زنجیرەکە لەسەر ئەو بنەمایەی وڵات وازی لە هەژارانی خۆی هێناوە کاریان دەکرد.

466. Neil Sheeham
467. Socioeconomic
468. Class
469. Donald Barlett
470. James steele
471. America What Went Wrong?ئەمریکا هەڵەکە لە کوێدا بوو؟
472. America Who Stole the Dream?ئەمریکا کێ خەونەکەی دزی؟

ئەو پرۆگرامـانە ئەوەندە شـرۆڤـەیی بوون کـە هەندێک رۆژنامـەنووس وەک رەخنە ئەوانەیان بە مشـتومڕی نەک رۆژنامەگەری هەژمار دەکرد، چونکە نووسـیارانیـان وازیان لە رۆڵی چاودێری سـەربەخۆی بەشدار هێنابوو بۆئەوەی ببنە چالاکوان. بۆب سـەمیـوڵسنی[473] نیـوزویک "ئەمـێریکا هوو سـتۆڵ زێ دریم"ی بە "رۆژنـامـەوانیی بێ کـەڵک ناوبرد "چونکە هەوڵی نەدەدا بۆ وێنەیەکی هـاوسـەنگ لە خـاڵە بەهێـز و کەمـوکووڕییـەکانـی ئابووری". رەخنەگـران لەوەدا راستن کە ئەم پرۆگرامـانەی لەو ڕووەوە هـاوسـەنگ نەبوون کە مـەودای یەکسـان بۆ هـەردوولا دابین بکەن. هـەواڵنێـران هـەوڵیان دەدا لایەنێکی نەرێتە ئابوورییەکان دەربخەن کە یەکجار پشتگوێ خرابوو و لـەلایەن ئـەوانی تـرەوە روومـــاڵ نەکـــرابوو. ئەوانـی تر خـــەریکی تۆمـــارکـــردنـی کـاریگەرییـەکە لـەسـەر کـەسـانی کۆتاییی پەیژەی ئابووری بوون، ئەوانەی لە گـەشـەی ئابووریدا رۆڵی چـالاکـیـان دەگـێـڕا. تەنـانەت کـۆمـەڵێک رۆژنامــەنووسی پەسـنی کـارەکەیان داوە، پێیـان وایە یەکەم ونجێرە "وات وێنت رۆنگ" بەڵگەی تۆمـارکراوی پـتری لەوەی دووەمیـان هـەبوو. بەڵگەش لەسـەر ئەوەی زۆر خـەڵک درکـاندنەکانی ناو زنجـیـرەی یەکـەمی بە پـەردەهەڵمـاڵین داناوە، ئەو هـێـلانەی ناو ئینکوایرر بوون کـە ئامـاژەیان بە داواکـاریی خـەڵکی چاوەڕێ بۆ لە چاپدانەوەی زنجیـرەکـە بوو، وێڕای وەرگرتـنی ۹۰۰۰۰ پێوەندیی تەلەفۆنی لـە حـەفتـەی یەکـەمدا. کـارگـێڕی ئەو کـاتی ئینکوایرر ئارلین مۆرگان[474] گـوتی "ئێمـە هەرگیز شـتی وامـان نـەدیوە". خـەڵک لە زنجـیـرەی دووەم بەگـومـانـتر بوون و مـەکـسـویڵ کـینگی نـووسـیـاری ئینکوایرر لاپەڕەکـانی بـۆچوونی نووسـیـاریی بۆ کـۆڕبەندێکی جـەمـاوەری بۆ ڕەخنـەگـرتـنی هـەمـەلایـەنەوە گـۆڕی. هـەرچەندە زنجـیـرەی یەکـەم لـە هـی دووەم باشـتر بـوو بەبۆنەی ئاسـتی بەڵگەهێنانەوە، لە دواییدا هـەردووکیان لە وروژاندنی گفتوگۆی جەماوەری لەبارەی بابەتی یـەکجار گرینگەوە سـەرکـەوتوو بوون. بەڵام رەخنـەکانی لێیـان گـیرا ئاماژە بەوە دەدەن چەند گرینگە هـەواڵنێـرانی کار لەم ئاسـتـەی لێکدانەوەدا دەکەن مەودای پێویست بۆ بۆچوونی جیاوازیش دابین بکەن.

473. Bob Samuelson
474. Arlene Morgan

## گوزارشکردن لە لێکۆڵینەوەکان

سـێیـەم جـۆری لێکۆڵەوانی گـوزارشکردنە لە لێکۆڵینەوەکان. ئـەمـە پێـشکەوتنێکی نوێتـرە و تا دێت پـتـر بڵاو دەبێـتـەوە. لـەم حـاڵەتـەدا گـوزارشــەکـە لە دۆزینـەوە یان درکاندنی ئەو زانیـارییـەوە پەرە دەسـەنێت کـە لە لێکۆڵینەوەیەکی فـەرمـیـیـەوە دابین دەکرێت کە لەلایەن خـەڵکانی تر و بەزۆریش لەلایەن دامەزراوەکانی حکوومـەتییەوە لە گەڕدایە یان ئامادەکاریی بۆ دەکرێت. ئەمە بنەمایەکی رۆژنامەوانییە لە واشینتۆندا، شـارێک کـە تێـیـدا حکوومـەت زۆربەی کـات لە رێگەی چاپـەمـەنـیـیـەوە لەگـەڵ خـۆی دەدوێت. بـەڵام گـوزارشـکردن لـە لێکۆڵینەوە لـە هـەمــوو شــوێنێکە کـە لێکۆڵینـەوەی فــەرمی لـە گــەڕدا بێت. لێکۆڵەوانانی حکوومــەتی لەم بارانەدا چالاکــانە لەگــەڵ هەواڵنێران هاوئاهەنگی دەکەن لەبەر زۆر هۆکار: بۆ هاوسـەنگییەک لە بودجـەدا، بۆ کـاریگەریی دروسـتکردن لەسـەر شـایەتەکـانی رێتێـچـوو یان بۆ دروسـتکردنی رای گشـتی. زۆربەی گوزارشەکە لەبارەی پێوەندیی نێوان کلینتۆن و مۆنیکا لوینسکی لە راسـتـیدا گـوزارشـکردنی لێکۆڵینەوەی نووسـینگەی داواکـاری سـەربەخـۆ کێنێس ستار[٤٧٥] بوو، کە بەو زانیارییە پێچەوانەوە بەهێز کرابوو کە لەلایەن کۆشکی سپی یان پارێزگـارانەوە بۆ ئەو کـەسـانەی دەچـوونە بەردەم دادوەری باڵا ئاشکرا کـرابوو. نموونەیەکی تری هەواڵی بۆمبنانەوەی ریچارد جوول بوو لەناو ئاتلانتا ئۆلمپیکس لە ١٩٩٦دا کە پشتئەستوور بوو بەسەرچاوەی ناوپارێزراو لە پۆلیس و ئێف بی ئای[٤٧٦] و هەواڵەکە دەرچوو ناڕاستە. بەپێچەوانەوە، زۆربەی کارەکە لەبارەی واترگێیتەوە[٤٧٧] بەتایبـەتی لە مانگە هەسـتیـارەکانی سـەرەتادا لێکۆڵینەوەی رەسـەن بوو کە تێـیدا رۆژنامـەنووسـان راسـتەوخـۆ لەگەڵ سـەرچاوە سـەرەکییـەکانەوە لەبارەی ئەو شـتـەی رووی دابوو دەدوان نەک لەگەڵ لێکۆڵەوانان لەبارەی ئەو شتەی بە گریمانەی ئەوانەوە رووی دابوو.

گوزارشکردن لە لێکۆڵینـەوەکان لەوەتەی ١٩٧٠کانەوە گەشـەی کردووە. تا ڕادەیەک ئـەمـــە بەهـۆی بەرزبوونەوەی ژمـــارەی لێکۆڵینەوەکـــانەوە بووە و تـا ڕادەیەکــیش لەبەرئەوەی پاش واترگێیت حکوومـەتی فیدراڵ و دەوڵەت یاسـای ئـەخلاقیی نوێیان

475. Kenneth Star
476. FBI
477. Watergate

دەرچوواند و نووسینگەی تایبەتییان بۆ چاودێریی کاری حکوومەت دامەزراند. بەڵام باوبوونی هەروەها بەو هۆیەوە بوو کە رۆژنامەنووسان ناچار بوون پشت بەسەرچاوەی ناوپارێزراو ببەستن بۆ ئەوەی پەنجە بخەنە سەر ئەو شوێنانەی کارەکە بووبووە جێی نیگەرانیی هەم رۆژنامەنووسان و هەم جەماوەری بەگومان.

لە وتارێکدا لەبارەی ئاژانسی پاراستنی نەتەوەییی[478] نهێنییەوە، هەواڵنێرسیمۆر هێرش[479]، سەرەکیترین کۆکەرەوەی هەواڵگریی ئەلیکترۆنی بۆ حکوومەتی ئەمەریکایی کە بۆ نیویۆرک تایمزیشی دەنووسی، لە زاری کاربەدەستێکی هەواڵگرییەوە گواستییەوە کە چۆن لاوازبوونی جۆریەتیی کاری ناسا وای کردووە ئاژانسەکە نەتوانێت هەڕەشەکانی گرووپە تیرۆریستییە پێشکەوتووەکان و دەوڵەتانی هەڕەشەکار دەستنیشان بکات.

وایتفیلد دیفی[480]، شارەزایەکی بواری کۆددانان[481] لە سان مایکرۆسیستیمز[482] خێرا بێدەسەڵاتیی هێرشی لە سەرچاوەی ناوپارێزراوەوە قۆستەوە: "ئەوەی بێزارم دەکات ئەوەیە تۆ ئەو شتە دەڵێیت کە ئاژانسەکە دەیەوێت ئێمە باوەڕی پێ بکەین (کە) ئەوان پێشتر بەهێز بوونە، بەڵام ئەو رۆژانە کێشەیان هەیە بۆ خوێندنەوەی رۆژنامە و ئینتەرنێت بۆیان زۆر ئاڵۆزە و قەرەباڵغی زۆرە و ناتوانن ئەو شتەی دەیانەوێت بدۆزنەوە. رەنگە ئەوە راست بێت، بەڵام ئاخۆ ئەو ئەم شتەیە کە ئەوان بۆ ماوەی ساڵانێک "گوتوویانە". ئاساییە ناسا ویستبێتی ئامانجەکانی وا تێ بگەن کە تووشی کێشە بووەتەوە. ئەوە مانای ئەوە نییە لە کێشەدا بێت، بەڵام هۆیەکە بۆ بیرکردنەوە لەو شتەی سەرچاوەی ناوەخۆییەکانی تارماییئاسا بەگومانەوە دەیڵێن". مەترسییەکانی ئەم گوزارشکردنە وەک دیفی ئاماژەیان پێ دەدات ئەوەیە هێزەکەی بەشێوەیەکی سەرەکی بەندە بە هێز و گومانی هەواڵنێرەکەی کاری تێدا دەکات. هەواڵنێرەکە بابەتی دیمانەکە دەکاتە کۆڕبەندێکی بەهێز کە تێیدا بەبێ بەرپرسیاریەتیی گشتی تۆمەتێک بڵاو دەکاتەوە یان پێشنیازێک دەخاتە روو. ئەمەش مانای ئەوە نییە گوزارشکردن لە لێکۆڵینەوەکان لە بنەڕەتدا

---

478. NAS یان ناسا
479. Seymour Hersh
480. Whitefield Diffie
481. Encryption
482. Sun Microsystems

هەڵە بێت. بەڵام زۆربەی کات پڕاوپڕە لە مەترسیی نەزانرەوە. هەواڵنێران لێرەدا زۆربەی کات تەنیا بەشێکی لێکۆڵینەوەکانیان هەیە نەک ئەوەی خۆیان ئەرکی لێکۆڵەوانییان لەدەست د بێت.

نیویۆرک تایمز دەرسەکەی کاتێک وەرگرت کە هەواڵێکی لەبارەی سیخوڕیکردنی لەبارەی وزەی ناوەکی کە لە ڕاپۆرتێکی نهێنیی کۆنگرێســەوە وەرگیرابوو، بڵاو کردەوە. تایمز هەمان زمانی گەڤپێدەری ڕاپۆرتەکەی بەکار هێنا و رای گەیاند چین لە تەکنۆلۆجیای ناوەکیدا خەریکە دەگاتە ئەمەریکا، چونکە داتای پێویستی بۆ دروستکردنی سەرەمووشەک لە زانای چینی-ئەمەریکایی وێن هۆلی[٤٨٣] وەرگرتووە. تایمز ناوی لیی نەهێنابوو، بەڵام ڕێگەی بە کاربەدەستان دا ریسواییەکە بە گەورەترین ریسوایی لە مێژووی نوێدا وەسف بکەن. هەواڵەکە بووە هۆی ئەوەی لێکۆڵەوانان خێرا لی تاوانبار بکەن و ئەویش لە کۆتاییدا بۆ ساڵێک زیندانی کرا. لەو ٥٩ سکاڵایەی لە دژی کرا، بە یەکێکیانەوە تاوانبار کرا: کۆکردنەوە و هەڵگرتنی نایاسـاییانەی زانیاریی ئاسایشی نەتەوەیی. ئەو لەلایەن دادوەرێکەوە بەو ماوەیە حوکم درا کە لەپشت سەکۆیەکەوە بەقوولییەوە داوای لێبووردنی کرد. تایمزیش هەروەها بابەتێکی راستکردنەوەی دوور و درێژی نووسی بۆ داوای لێبووردن بەهۆی ئەوەی ڕاپۆرتەکەی ئەوەندە بەدڵنیاییەوە وەرگرتبوو و ڕێگەی بەگومان نەخستنە سەر لی نەدابوو.

هەلی ئیستیغلالکران لەلایەن سەرچاوەگەلی لێکۆڵەوانی زۆرە. چاپەمەنی لە جیاتیی ئەوەی چاودێرێکی دامەزراوەکانی بەدەسەڵات بێت، رەنگە ببێتە ئامرازی ئەو دامەزراوانە. گوزارشکردن لە لێکۆڵینەوەکان پێویستی بە هەڵمەتێکی تەواو و زۆرەوە هەیە. بەڵام، دەزگاکانی هەواڵی تەواو پێچەوانە بیر دەکەنەوە پێیان وایە ئەوان دەتوانن بە ئازادییەکی پتر گوزارش لە گومان و تۆمەتەکان بکەن چونکە ئەوانە لە سەرچاوە فەرمییەکانەوە دەیانگوازنەوە نەوەک خۆیان لێکۆڵینەوەکەیان کردبێت.

تۆم پەترسن[٤٨٤] پرۆفیسۆر لە بێنجامین سی برادلی لە قوتابخانەی حکوومەتیی جۆن ئێف کەنێدی لە هارڤارد ئەو ستانداردە گۆڕاوانەی تۆمار کرد کە پەرەیان بەمجۆرە نوێیەی ڕۆژنامەوانیی لێکۆڵەوانی داوە. لە کۆڕبەندێکی لیژنەی

483. Wen Ho Lee
484. Tom Patterson

ڕۆژنامەنووسانی پەرۆشەوە ئەو بەئێمەی گوت "ئەوەی ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیدا دەبینین ئەوەیە لە درەنگانی ١٩٧٠کاندا ئێمە جێگرەوەیەک دەدۆزینەوە: ئەو تۆمەتانەی ناو هەواڵ کە لەسەر بنەمای لێدوانی سەرچاوەکانەوە دەردەکەون، ئەو تۆمەتانەی بێبەشن لە لێکۆڵینەوەی هەواڵنێر لە راستییەکان. ئەو ڕەوتە لە ١٩٨٠کاندا پەرەی سەند و لە ١٩٩٠کاندا دووبارە بەرز بووەوە و تێکەڵەکە دەستی بە گۆڕان کرد. بەکارهێنانی سەرچاوەی نانەبراوە یان ناوپارێزراو بووەتە بەشێکی زۆر لە سەرجەم کارەکەدا و هەڵبەتە ئەو ڕەوتە لە هەواڵی تایبەت بە لوینسیکا گەیشتە ترۆپکی خۆی".

جیم رایزن[٤٨٥] هەواڵنێری لێکۆڵەوان و نووسەر گوتوویەتی بەشی زۆری گوزارشی لێکۆڵەوانی زۆربەی کات بنەماکانی هەرسێ شێوازەکەی تێدایە. وودوارد و بێرنستاین بۆ نموونە بەبەردەوامی لە کاتی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی خۆیان لەگەڵ لێکۆڵەوانانی حکوومەتی لە خۆیان دڵنیا دەبوونەوە. بەلام جیاوازیی هەیە لە نێوان ئەوەی ئاخۆ کاری هەواڵنێرێک لە بنەڕەتدا ڕەسەنە، لێکدانەوەیی، یان لەبارەی لێکۆڵینەوەی کەسێکی ترەوە. هەر جۆرە گوزارشێک هەڵگری بەرپرسیاریەتی و مەترسییەکانی تایبەت بە خۆیەتی. هەرچەندە زۆربەی جار ڕۆژنامەنووسان بەرادەی پێویست ئاگەدار یان وریای ئەم جیاوازییانە نەبوونە.

## ڕۆڵی چاودێری لاواز کراوە

لە هەڵکشان و داکشانی ڕۆڵی چاودێری لە ماوەی دوو سەدەی ڕابردوودا ئێمە دەگەینە ساتێکی لاوازبوونەوە بەهۆی فەریوخواردنەوە. ناوبانگی وودوارد و بێرنستاین سەرکەوتنی بەدواوە هات کە تێیدا هەواڵنێرانی وەک مایک والاس[٤٨٦] و مۆرلی سێیفر[٤٨٧] و هەری ریزنر[٤٨٨] و ئێد برادلی[٤٨٩] بوونە ئەستێرەی هەواڵەکانی خۆیان. خەڵک دەهات تا بزانێت ئەم حەفتەیە مایک و مۆرلی و هەری و ئێد کێ تووش دەکەن. ڕۆژنامەوانیی لێکۆڵەوانی بەتایبەتی لەسەر تەلەڤزیۆن بەم شێوەیە

485. Jim Risen
486. Mike Wallace
487. Morley Safer
488. Harry Reasoner
489. Ed Bradlee

بووه ئامرازێک بۆ بەرژەوەندیی گشتی و زانیاریی هاورێ بوو لەگەڵ لافاوێک گوزارشی لێکۆڵەوانی. ئێستا کە زۆربەی وێستگەکانی ناوخۆییی هەواڵ لە ئەمەریکادا تیمی لێکۆڵەوانانیان هەیە و کۆوارە هەواڵییە پڕ جەماوەرەکانیش بەڵێنی پرۆگرامە شەوانەی تایبەت بە ئاشکراکردنی نهێنی دەدەن، ئێمە ژێرخانێکی هەمیشەییمان بۆ هەواڵی تایبەت بەئاشکراکردنی نهێنی دامەزراندووە. زۆربەی ئەم گوزارشکردنە تایبەتمەندییەکانی گوزارشی چاودێرانەی هەیە، بەڵام لەگەڵ جیاوازییەک. زۆربەی ئەم پرۆگرامانە چاودێریی دەستەبژێری دەسەڵاتدار ناکەن و لە دژی هەر رێتێچوونێک بۆ خراپەیەکی دیکتاتۆرییانە پاسەوانی ناکەن. لە جیاتیی ئەوە، هەوڵ دەدەن لە مەترسییەکان بۆ سەر سەلامەتیی کەسێنی یان کتێبی گیرفانیی کەسێک ئاگەداری بدەن. هەندێک لە بابەتە گشتییەکانی کۆواری هەواڵیی پڕ جەماوەر ئەوانەن: میکانیکەکانی ساختەچیی ئۆتۆمۆبێل، فریادڕەسانی بێ توانای مەلەوانگە. بازنەکانی کۆیلەداریی سێکسی، ماڵپاککەرەوەکانی قۆڵبڕ و شۆفێرانی هەرزەکاری مەترسیدار.

لێکۆڵینەوەیەک لەبارەی پڕ جەماوەرترین کۆوارە هەواڵییەکانەوە لە ۱۹۹۷دا، بۆ نموونە، شێوازێکی گوزارشکردنی لێکۆڵەوانی بەدیار دەخات کە زۆربەی ئەو بابەتانەی پێوەندییان بەرۆڵی چاودێرانەی میدیاوە هەیە، پشتگوێ دەخات. کەمتر لە یەک هەواڵ لەناو هەر دە هەواڵێک لەسەر ئەم پرۆگرامانە پێوەندییان بە بابەتی تێکەڵکراوی پەروەردە و ئابووری و کاروباری دەرەوە و سوپا و ئاسایشی نەتەوەیی و سیاسەت یان خوشگوزەرانیی کۆمەڵایەتی- یان هەر بوارێکە کە بەشی زۆری پارەی گشتیی لێ خەرج دەکرێت. لە جیاتیی پتر لە نیوەی هەواڵەکان پڕژاونەتە سەر شێوەژیان و هەڵسوکەوت و پاراستنی مافی بەکاربەران و تەندروستی و سەرگەرمی لەبارەی ناودارانەوە. ڤیکتۆر نۆیفێڵد[٤٩٠]، بەرهەمهێنی ئەو کاتی ئی بی سی ۲۰/۲۰ بە لێژنەکەی گوت "کاری ئێمە پێشکەشکردنی هەواڵ نییە. کاری ئێمە دروستکردنی پرۆگرامی باشە".

سەلامەتی دەتوانێت زۆربەی جار ئامانجێکی گرینگ بێت بۆ گوزارشکردنی چڕوپڕ و رەخنەئامێز. لەگەڵ ئەوەشدا بەشی زۆری گوزارشکردنی "لێکۆڵەوانی"

---

490. Victor Neufeld

بەرجەستەکردنێکی درووژێنەرانەی هەلومەرجی ڕۆژانەیە. هەواڵی تەلەڤزیۆنە ناوەخۆییەکان زۆربەی جار تیمەکانی لێکۆڵەوانی بەکار دێنێت بۆ هەواڵی وەک "دەرگە مەترسیدارەکان"– گوزارشکردن لە مەترسییەکانی کردنەوە و داخستنی دەرگەکان، یان "ناو ئامێری جلشۆرەکەتان"– ڕوانینێک لەوەی چۆن چڵک و بەکتریا لەسەر ئەو جلانەی بەکاربەران لەناو جلشۆرەکانیان دایان دەنێن، دەگوازرێنەوە بۆ سەر جلەکانی تر. بیر لە تەلەڤزیۆنی لۆسانجلێس بکەوە کە بۆ دوو مانگ خانوویێکی بەکرێ گرت و کۆمەڵێک کامێرای شاراوەی تێدا بەستەوە تاوەکو ئاشکرای بکات تۆ لە ڕاستیدا ناتوانیت هەموو فەرەشەکانی ماڵەوەت بە ٩٥,٧ دۆلار خاوێن بکەیتەوە. یان زنجیرەیەک گوزارشی پڕ جەماوەر لە ناوەڕاستی ١٩٩٠ەکاندا لەبارەی سوخمەیەکەوە کە تەلە کانزاییەکانی ڕەنگە لە خاوەنی سوخمەکە بچەقن.

هەرچەندە ئەم گوزارشکردنە وێ دەچێت کاری لێکۆڵەوانیی ڕەسەن بێت، زۆربەی کات بەم شێوەیە نییە. یەکەم شت، زۆربەی کارەکە وەک لیز لیمی[٤٩١] هەواڵنێری تەلەڤزیۆنی گوتوویەتی گوزارشکردنی لێکۆڵەوانی "تەنیا ئاو زیادکردن"ە. ئەمانە لەلایەن ڕاوێژکارانی هەواڵی تەلەڤزیۆنییەوە دابین دەکرێن کە دەقاودەق نووسراو و وێنە و ئەو شارەزاییانەی پێویستن بۆ دیمانە یان ئەو دیمانانەی کە خۆیان لەسەر کاسێتن و بەتایبەتی بۆ هەڵسەنگاندنی جەماوەرکێشی دانراون، دەدەن بە وێستگەکان. هەندێک بەرهەمهێنی هەواڵی تەلەڤزیۆنی ئەم ئاشکراکارییانە بە "حەپەسێن" ناو دەبەن، داننان بەوەی ئەوان لە بایەخی کاری لێکۆڵەوانی بۆ بینەران فێڵ دەکەن لە جیاتیی ئەوەی لە ڕاستیدا کارەکە پێشکێش بکەن. کێشەی دووەم ئەوەیە ئاشکراکردنی ئەو شتەی بەئاسانی زانراوەیە یان تەنیا شتێکی گشتییە لە نرخی ڕۆژنامەوانیی لێکۆڵەوانی کەم دەکاتەوە. چاپەمەنی دەبێتە چیرۆکی شوانی درۆزن. ئەوە توانستی ڕۆژنامەوانیی لێکۆڵەوانی بۆ ڕاکێشانی سەرنجی جەماوەر گەمژانە بەفیڕۆ دەدات، چونکە ئەمەی چەندین جار لەبارەی بابەتی بێ بایەخەوە ئەنجام داوە. چاودێرایەتی دەگۆڕێت بۆ جۆرێک لە سەرگەرمی.

گرینگیی ئەم گۆڕانە نابێت بەکەم بزانرێت. لە تەلەڤزیۆن، سەرەکیترین دەزگا بۆ هەواڵ، کۆواری قەرەباڵغ و بەشی تیمەکانی لێکۆڵەوانی بەشێوەیەکی کاریگەر شوێنی دۆکیۆمێنتاری یان هەر جۆرێکی تری گوزارشکردنێکی لێکۆڵەوانیی درێژیان

491. Liz Leamy

گرتووەتەوە. لە ئەنجامدا هەندێک ڕۆژنامەنووس خەریکە گومان لە ڕۆڵی فراوانکراوی ڕۆژنامەوانیی لێکۆڵەوانی پەیدا دەکەن. پەتی کەڵهوونی نووسیاری وێستوێرد، ڕۆژنامەیەکی نوێ لە دێنڤری کۆلۆرادۆدا[492] لێی بووە پرسیار ئاخۆ ئەوە چ کاریگەرییەکی لەسەر جەماوەرێکدا هەیە کە هیچ ڕێگەیەکی بۆ جیاکردنەوەی گوتەگوت و ڕاستی نەبوو، کاتێک تێبینیی کرد "پرۆگرامی ڕادیۆیی گفتوگۆئامێز... دەنگۆ بڵاو دەکاتەوە و ئێستا وا بیر دەکاتەوە گوزارشی لێکۆڵەوانیی کردووە کە نوێیە، بەڵام گوێگرانیشی باشتر لە دی جێیەکانی ڕادیۆ[493] تێ ناگەن کە ئەو پرۆگرامانە بەو شێوەیە نین".

تەنانەت پشتیوانیی جەماوەر بەگشتی بۆ گوزارشکردنی چاودێرانە خەریکە تووش دەبێت، هەرچەندە سەختیشە نهێنی ئاشکراکردنە بێ بایەخەکانیش بەهۆیەکەی دابنرێت. نیگەرانیی جەماوەر وێ دەچێت لەسەر ستاندارد و تەکنیکەکانی بەکارهاتوو لەلایەن هەواڵنێرانی لێکۆڵەوانەوە وەستابێت. ماوەی ساڵانێک کاری لێکۆڵەوانیی ئەندروو کۆهات[494] بۆ سەنتەری لێکۆڵینەوەی پیوو بۆ خەڵک و چاپەمەنی، گەیشتبووە ئەو ئەنجامەی پاڵپشتیی جەماوەر بۆ ڕۆڵی چاودێرانە بە نەگۆڕی مایەوە لە کاتێکدا چاپەمەنی بەگشتی لە ١٩٩٠ەکاندا جەماوەرکێشیی دەستی بەدابەزین کردبوو. لە ١٩٩٧دا کۆهات ئەوەی دۆزییەوە جەماوەر ڕەخنە لە تەکنیکەکانی وەک خۆنەناساندنی هەواڵنێران و پارەدان بەسەرچاوەکان یان بەکارهێنانی کامێرا یان مایکرۆفۆنی شاراوە دەگرێت.

لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا جەماوەر هەروەها گومانێکی پتری هەبوو سەبارەت بە ڕەخنەی چاپەمەنی لە سوپا. ژمارەی ئەو کەسانەی پێیان وابوو ئەو گوزارشانە هێزی بەرگریی نەتەوەیی لاواز دەکات لە ٢٨٪ لە ١٩٨٥ بۆ ٤٧٪ لە ٢٠٠٥دا بەرز بووەوە. بەڵام بۆچوونی جەماوەر سەبارەت بە ڕۆڵی چاودێرانە جیاوازییەکی ئەوتۆی نەدیوە. لەگەڵ گوماناویبوون لە مامەڵەکردنی حکوومەت لە شەڕی عێراقدا، پاڵپشتیی جەماوەر بۆ ڕۆژنامەوانیی چاودێرانە بەسەر سەرکردە سیاسییەکانەوە بەرە بەرە بەرز بووەوە. لە ٢٠٠٥دا ٦٠٪ی ئەمەریکاییەکان پێیان

492. Denver Colorado

493. DJ ئەو کەسەی گۆرانییەکان بۆ پەخشکردن لەسەر ڕادیۆ هەڵدەبژێریت و خۆشی پەخشیان دەکات

494. Andrew Kohut

وابوو دامەزراوەکانی هەواڵی سەرکردە سیاسییەکانیان لەو شتانەی نەدەبووایە ئەنجامیان بدەن دوور کردووەتەوە، بەرزبوونەوەیەک لە چاو ٥٤٪ی ٢٠٠٣.

## گوزارشکردنی لێکۆڵەوانی وەک لەدادگەدان

هەرچەندە هەموو گوزارشکردنێک کاری لێکۆڵینەوەی تێدایە، ئێمە وا تێ گەیشتووین ڕۆژنامەوانیی لێکۆڵەوانی ڕەهەندێکی ئەخلاقی دەخاتە سەر کارەکە. جەماوەر تێکەڵ بەکارەکە دەکات بۆ ئەوەی حوکم لەسەر نهێنیی هەڵماڵراو بدات و بەو مانایەیە دامەزراوەکانی هەواڵی بە شتێکی گرینگی لە قەڵەم دەدەن شتێکە شایەنی هەوڵێکی تایبەت بێت. لەم ڕوانگەیەدا گوزارشکردنی لێکۆڵەوانی نەک تەنیا تیشکخستنە سەر بابەتێکە، بگرە هەروەها زۆربەی جار دروستکردنی حاڵەتێکی دادگەییانەترە بۆ سەلماندنی چەوتیی شتێک. لێرەدا ڕۆژنامەنووسان پێویستە ئاگەدار بن لەوەی بەڵگەی پێویستیان بۆ کارەکە هەبێت، بەتایبەتیش لەبەرئەوەی بابەتەکان زۆربەی جار دەکرێت وەک نهێنیی ئاشکراکردن یان ڕاپۆرتە هەواڵ بنووسرێن. کاتێک گومان لەوە کرا پزیشکێکی توێکاریی دەوڵەتی نەیتوانیوە بەتەواوەتی لە ڕۆڵی دایکی سەرۆک کلینتۆن (کە پەرستار بوو) لەناو مەرگێکی نائەنقەستدا بکۆڵێتەوە، هەواڵەکەی وەک پەردەهەڵماڵینێک دابەزاند. هەواڵەکە ئاماژەی بەو دەکرد کلینتۆن وەک پارێزگار "ماوەی چەندین ساڵ ڕەتی کردبووەوە پزیشکێکی توێکاریی دەوڵەتی لە کار لابدات کە یەکێک لە حوکمە دژیەکەکانی ڕێخۆشکەر بوو بۆ پاراستنی دایکی کلینتۆنی لە لێکۆڵینەوە لە مەرگی نەخۆشێکدا". کێشەکە لەوەدا بوو کە هەواڵەکە لە بنەڕەتدا سەرشێوێنەر و تەکنیکی بوو و بۆ بڕیاردانی یەکلاکەرەوە سەخت بوو. بۆ نموونە کلینتۆن کە لە هەڵبژاردنەوەی وەک پارێزگار شکستی خواردبوو ئەو کاتەی ڕووداوەکە دایکی تێوە گلابوو، سەری هەڵدابوو لە دەرەوەی ئەو پۆستە بوو. ژمارەیەکی زۆری هەواڵنێرانی تایمز تەنانەت ئەوانەیش کە لە دروستکردنی هەواڵەکەدا بەشدار بوون، ناکۆکییەکی بەهێزیان لەبارەی ڕەوابوونی هەواڵەکەوە هەبوو و پێیان وابوو دەبێت وەک هەواڵی بژاردە بنووسرێت نەک پەردەهەڵماڵین. تەنیا ئەگەر ڕۆژنامەکە هەواڵەکەی بە شێوازێکی تر نووسیبایەوە، هیچ ناکۆکییەک ڕووی نەدەدا. تایمز نەیتوانی لەوە تێ بگات هەواڵی پەردەهەڵماڵین لە ڕاستیدا کورتەیەکی کاری لێکۆڵەوانە و ئەو کەیسەی ڕۆژنامەکە پێشکێشی دەکرد دەبوایە

روون و ئاشکرا بێت، ئەگەر هەواڵەکە لەم تاقیکردنەوەیەدا دەرنەچوو، پێویستە وەک شتێکی تر بنووسرێت.

رووداوەکە پەنجە دەخاتە سەر کێشەیەکی گرینگ کە لەگەڵ مۆدێلی لێکۆڵەوانیدا دەردەکەوێت. دەزگای هەواڵی بەرامبەر بەو بابەتەی کە شتێکی هەڵە رووی داوە، هەڵوێستێک وەردەگرێت. لەبەر ئەوەشە کە رۆژنامەوانیی لێکۆڵەوانی بە هەواڵنێریی لایەنگرانە ناوبراوە یان وەک لێس وایتن[495] ناوی دەبات "هەواڵنێرییەکی هاورێ لەگەڵ هەستێکی تووڕەیی" و هەر بۆیەش کورتکراوەی کۆمەڵگەی پیشەییانە(Investigative Reporters and Editor[496] هەواڵنێر و نووسیارانی لێکۆڵەوان) وەک وشەی ire[497] دەنووسرێت. لەبەرئەوەی ئەو شتەی رۆژنامەنووسی لێکۆڵەوان ئاشکرای دەکات رەنگە ببێتە مایەی ئابڕووچوون و گۆڕانی رەوتی رووداوەکانی گشتی، رۆژنامەنووسەکە ئەرکێکی قورستری لە ئەستۆدایە نەک تەنیا بۆ سەلماندنی راستییەکە بگرە بۆ بەشینەوەی زانیاری لەبارەی سروشتی سەرچاوەکانی ئەو زانیارییەوە.

بۆب وودوارد دەڵێت ئەو بۆ بەئەنجام گەیاندنی بنەمای چاودێری بەشێوەیەکی بەرپرسیارانە هەوڵ دەدات مێشک کراوە بێت. "رەنگە تۆ هەواڵێک بەمەبەستی لێکۆڵینەوە لە چۆنیەتیی هەڵمەتی کوتان لەلایەن بەشی تەندرووستیی شارەکەوە دەست پێ بکەیت بەڵام... تێ دەگەیت هەواڵەکە لە ڕاستیدا لەبارەی خراپ بەڕێوەبردنی پرۆسەکەیەوە بەگشتی... تا دەتوانیت لە هەموو ئاراستەیەکەوە بڕوانە". بۆ ئەنجامدانی ئەوەش "دانانی تۆمارێک بۆ رووداوەکان و هەوڵدان بۆ ئاخاوتن لەگەڵ هەمووان و بەردەوام دیمانەکردنەوەیان هەندێک لەو کارانەن کە دەیانکەم".

لۆرێتا تۆفانیی[498] براوەی خەلاتی پولێتزر پشت دەبەستێت بە هێزی ئاخافتن لەگەڵ سەرچاوەگەلی رێتێچوو بەشێوەیەکی ڕووبەڕوو و هەروەها بەسەربردنی کاتێکی زۆر لەگەڵیان. ئەو لە هەواڵێکدا لەبارەی شێوازێکی بەربلاوی زۆرەگێکردنەوە لەناو زیندانی مێریلەندا[499]، کە ئەو کاتەی ئەو لە واشینتۆن پۆست بوو

495. Les Whitten

496. واتە هەواڵنێر و نووسیارانی لێکۆڵەوان

497. بەمانای تووڕەیی

498. Loretta Tofani

499. Maryland

نووسیبووی، تاوانی وای ئاشکرا کرد کە بەمانای وشەوە لە بەرچاوی کاربەدەستانی یاسـاییـیـەوە روویـان دەدا- تاوانگەلێک کـە بـەشـێـوەیەکی گـشـتـی بۆ پۆلیس و دادوەرانەوە ئاشکران. بۆ گەیشتن بەوە، ئەو چەندین مانگ ئێواران پاش کارکردن سەرسەختانە لە دەرگەکانی دەکوتا بۆئەوەی کۆمەڵێک لە شایەتحاڵە رێتێچووە هەرە بێ مـەیلەکان قـسـەی بۆ بکەن و ئەو توانی زنجیرەیەک هەواڵ بنووسێت کـە بەڵگە بوون لەسـەر بەربڵاوبوونـی زۆرەگێکردن لەناو سـەنتـەری دەسـتـبـەسـەرگرتنی پرینس جۆرج[500] لە مێریلەندا. لە دواییدا تۆفانی ئەو شتەی بەرهەم هێنا کە نووسیارانی بە نەکردنیان دادەنا: هـەواڵێکی بەڵگەدار لەسـەر تاوانەکان لـە رێگەی گواستنەوەی لێدوانی تۆمارکراو و ناوبراوی خەتاباران و قوربانیان و کاربەدەستانی بەرپرسیار کە دەبوایە رۆڵیان هەبووایە بۆ ئەوەی تاوانەکان هەر روویان نەدابایە.

وەک تۆفـانی گـوتی کـاتێک بابـەتەکـان بڵاو بوونەوە هـەر هـەمـوو بەڵگەی پێـویست "بەئاسانی درا بە حکوومـەت... هەموو شتێکی تێدا بوو. تۆمارە پزیشکییەکانی تێدا بوو. ناوی قـوربانیـیـانـی تێـدا بوو. ناوی زۆرەگـێکارانی تێـدا بوو". ئاشکراکـردنی زانیارییـەکە بۆ جەماوەر حکوومەتی ناچار کرد ئەو سیستەمە بگۆڕێت کە رێگەی بە زۆرەگێکردنەکان دەدا. لە کۆتاییدا، حکوومەت هەموو زۆرەگێکارانی حوکم دا.

هـەروەها هـەواڵنێرێکی لێکۆڵەوانی تر سوزان کێلێهر[501] کە ئەو کات لەگەڵ ئۆرێنج کـۆنتی ریجـیـسـتـر[502] لە کـالیـفـۆرنیـادا بوو، گـوتوویەتـی ئەو بەر لە هـەر شـتـێکی پێـوەندیدار بەهـەواڵێکی لێکۆڵەوانی لەگـەڵ سـەرچاوەکـانەوە بەدرێژی دەدوێت. بەم شـێـوەیە ئـەوان تێ دەگـەن ئەو راسـتگۆیـە و هـەروەها تێ دەگـەن تووشـی چ شـتـێـک دەبن. ئەو گـوتـی "پێش ئەوەی هـەر کـەسـێک بـەناوی سـەرچاوەیەکـەوە لە هـەواڵێکدا لەگەڵم بەشـدار بێت، من پێی دەڵێم چۆن کار دەکەم. پێیان دەڵێم پێویسـتە دەنگیـان تۆمـار بکرێت. پێیـان دەڵێم بەنیـازم لەبارەیانەوە لە خـەڵکی تر پرسـیـار بکەم، ئەوەش کە هـەرچەندە من ئەوان بە کەسـانێکی باش دەبینم، بەڵام بەنـیازم لێیان بکۆڵمـەوە... من پێیـان دەڵێم (کاتێک رازی بوون قسـەم بۆ بکەن، ئیتر تەواو. لە ڕاسـتـیـدا ئێـوە دەسـەڵاتتـان نـامـێنێت، بـەڵام دەسـەڵاتی ئەوەتان هـەیە تا چ ئاسـتـێک حـەز دەکـەن

500. Prince George
501. Suzan Kelleher
502. Orange County Register

بەشدار بن و کاتێک دەنگتان تۆمار دەکرێت، ئەگەر شتێک هەیە ئێوە ناتانەوێت من بیزانم، ئیتر پێم مەڵێن لەبەرئەوەیە کە شتەکە تۆمار دەکرێت)".

ئەم ئاستەی راشکاوبوون لەگەڵ سەرچاوەکان رێگەی بە کێڵێهر داوە پەردە لەسەر هەواڵی سەرسەرمێنەوە هەڵماڵێت. یەکێکیان پێشێلکارییەکانی کلینیکێکی نەزۆکیی دەرخست کە تێیدا هەندێک لە پزیشکەکان بەنهێنی و نایاساییانە هێلکەی زیادەیان لە نەخۆشەکانیان دەبرد و بە نەخۆشەکانی تریان دەفرۆشتەوە. وەک هەواڵی تۆفانی لەبارەی زۆرەگێکردنی ناو زیندانەکەوە، هەواڵی کێڵێهر بەهۆی تۆمارە پزیشکییەکان و زانیارییی دەنگیی تۆمارکراو لەلایەن ئەو خەڵکانەی لە پرۆسەکەدا گلا بوون، بەوردی دۆکیومێنت کرابوو. هەروەها وەک هەواڵەکەی تۆفانی ئەوەش خەڵاتی پولیتزری بردەوە.

مایکڵ هیڵتزیکی[503] هەواڵنێری لێکۆڵەوان لە بواری بازرگانی لە لۆسانجلێس تایمزدا کە براوەی خەڵاتی پوڵیتزر بوو گوتوویەتی تاکە گرینگترین تەکنیکی لە پیشەکەیدا "وەدەستهێنانی بەڵگەکانە". ئەو دەڵێت پاشماوەی کارەکە ئاسانە، سەرچاوەی نهێنی و چاوپێکەوتنی نهێنی "هەر هەموو دیکۆری گوزارشکردنی لێکۆڵەوانی کە تۆ لە هۆلیوودا دەیبینیت. بەڵام ئامانجە گشتییەکە ئەوەیە پێویستە هەموو شتەکان بەڵگەدار بکەن. خاڵی گشتی لە سەروو کارکردن لەگەڵ سەرچاوەکان ئەوەیە وایان لێ بکەیت بەرەو ئەو شتانە رێنوێنیت بکەن کە تۆ بە دژیەکییەکی ئاشکرایان دادەنێیت". هیڵتزیک و هاوکارەکەی چاک فیلیپس[504] بەهاوبەشی خەڵاتی پوڵیتزریان بردەوە بەبۆنەی هەواڵێک کە ئاشکرای کرد خەڵاتەکانی گرەمی[505] کە وا زانراوە بۆ خێرخوازی بێت، دەرامەتێکی گەورە و قازانجێکی خێرخوازانەی کەمیان هەیە. دامەزرێنەرانی گرەمی بە گرتنەبەری کاری یاسایی و شتی تر هەڕەشەیان لە هەواڵنێران کرد. "ئەوان نەیاندەتوانی دەستمان لەسەر بەرز بکەنەوە، چونکە هەموو شتێک نووسرابوو. کاتێک شتەکە دۆکیومێنت کراوە، هەموو قسە بۆشەکان و هەڕەشەکان بێ مانان. جێی پێت پتەوە".

لەگەڵ پێشکەوتنی سەدەی بیست و یەکەم، شۆڕشی تەکنۆلۆجیا و ئەو دامەزراوە

503. Michael Hiltzik
504. Chuck Philips
505. Grammy Awards

ئابوورییەی لێیەوە سەرچاوەی گرتووە، هەلی نوێ دەڕەخسێنن و هەروەها هەڕەشە لە چاپەمەنییەکی چاودێریی سەربەخۆش دەکەن. پێوەندیی دیجیتاڵی ڕێگە بە زانیاری دەدات زۆر بەئاسانتری و خێراتری بگوازرێتەوە، بەڵام پێوەندییەکە هەروەها ڕێخۆشکەرە بۆ داهێنانی کۆمپانیای هاوبەشیی نێودەوڵەتی لە بواری پێوەندییەکاندا کە بەرهەڵستی خودی چمکی دەوڵەتی نەتەوەیی دەکەن. وەک پێشتر باسمان لێوە کردووە، لە زۆر باردا ئەم کۆمپانیا هاوبەشییە ئاوێتە نێودەوڵەتییانە وەک جەنەراڵ ئێلێکتریک و واڵت دیزنی یان کۆمپانیای هاوبەشیی ئێی ئۆ ئێڵ تایم وارنر ڕۆژنامەنووسیان تێهەڵکێش بە کولتووری هاوبەشییە بەرفراوانترەکانیان کردووە. هاوبەندییەکانی ناو کۆمپانیایەکی وەک ئێی ئۆ ئێڵ تایم وارنر بێ ژمارن، بۆیە هەر ئیدیعایەکی ڕۆژنامەنووسانی بۆ سەربەخۆبوون زۆری پێ ناچێت ناواقیعی دەبێت. بۆ هەواڵنێرێکی تایم زۆر سەختتر دەبێت نەک تەنیا ئێی ئۆ ئێڵ، بگرە هەر هەموو تۆڕەکە، بازرگانیی ئینتەرنێتی، سەرگەرمی و تەلەڤزیۆن و پێوەندییەکانی تیلیکۆمی ڕووماڵ بکات. ئەزموون پێشانی دەدات بەتێپەڕینی کات و کاتێک کاربەدەستانی هەواڵی پەروەردەکراو لەم ژینگەیە دەگەنە پۆستی سەرکردایەتی، ئیدی ڕەنگە گێڕانی ڕۆڵی چاودێرانە لەسەر هاوپشکی کۆمپانیای هاوبەشیی خۆت نرخێکی نەبێت.

تیۆری چاپەمەنییەی ئازادی سەرچاوەگرتووە لە ڕۆشنبیری- واتە ئەوەی دەنگێکی سەربەخۆ هەیە بۆ چاودێریکردنی کاریگەرییەکانی دامەزراوە بەهێزەکانی ناو کۆمەڵگە- بووەتە جێگەی گومان. ریفکا ڕۆزنواین[506] لە گوتارێک بۆ هەڵسەنگاندنی کۆمپانیاکانی ئاوێتەکاری میدیاوە لە بریلز کۆنتێنتدا[507] نووسی "ئەم کۆمپانیا ئاوێتەکارانە لە کاری میدیادا گرینگن بەشێوازگەلێک کە کڕیارانی تر گرینگ نین. هەبوونی پێنج یان شەش کۆمپانیای میکانیکی سەرەکی ڕەنگە بەس بێت بۆ پارێزگاریکردن لە کێبەرکێی نرخ و بەرهەم کە تیۆری ئابووریی کۆن و یاسای دژە قۆرخکاری بازرگانی پرژاونەتە سەری. بەڵام چڕکردنەوەی زۆربەی هێزەکە لە دامەزراندن و دابەشکردنی هەواڵ و بیرۆکە لە پێنج یان شەش کۆمپانیای هاوبەشی ئاوێتەی تایبەت بە میدیای کە کۆمەڵێکی گەورەی بەرژەوەندییەکانە هەیە، هەموو جۆرە کێشەیەکی تر دێنێتە ئاراوە. هیچ نەبێت لەوەی پێوەندیی بەدەربڕینەوە هەبێت

506. Rifka Rosenwein
507. Brill's Content

تایبەتمەندییەکی جۆرەوجۆریەتیی هەیە کە بەهێزیشە و سنووری تیۆری ئابووریی میکانیکی دەبەزێنێت.

مێژوو ئاماژە بەوە دەدات ئابوورییەکی بازاڕی لە کۆمەڵگەیەکی کراوەدا توانای ئەوەی هەیە خۆی لە رەگوڕیشەوە نویێ بکاتەوە و. ئاماژە هەن لەبارەی کاردانەوەی بازاڕ بەرامبەر بە نیگەرانی بۆ لەدەستدانی سەربەخۆیی رۆژنامەوانیی ئەمەریکاییەوە. دەیەی ١٩٩٠ەکان پەرەسەندنێکی هەستپێکراوی لە ناوەڕۆک و قووڵایی و سروشتی رەخنەئامێزی بەرهەمەکانی بڵاوکراوەکانی سوودوەرنەگرەوە[٥٠٨] دیت کە چاودێریی چاپەمەنییان دەکرد. ئەوانەش نیمن ریپۆرتز[٥٠٩] و کۆڵۆمبیا جۆرنالیزم ریڤیوو[٥١٠] و ئەمێریکەن جۆرنالیزم ریڤیووی[٥١١] دەگرتەوە. لە ١٩٩٨دا ستیڤن بریلی[٥١٢] دامەزرێنەری کۆمپانیای رۆژنامەوانی بازاڕێکی بڵاوکراوەی تێبینی کرد کە چاودێریی میدیای دەکرد، بەلەخۆگرتنی چاپەمەنیش و لە پێناو قازانجێکدا کاری دەکرد.

هەرچەندە هەڵمەتەکەی بریل وەک پرۆژەیەکی بازرگانی شکست هێنا، بەڵام وەک مژدەی رۆڵێکی نوێی سەرەتایی بوو بۆ هاوولاتییانی لێکۆڵەوان. لە کاتێکدا تاکەکانی بلۆگەرکاری سەر ئینتەرنێت لە زیادبووندان، زۆرێکیان دەپرژێنە سەر چاودێریکردنی خودی چاپەمەنی بەلەخۆگرتنی هەوڵەکانی گوزارشی لێکۆڵەوانیش. کۆمەڵگەی بەرژەوەندیخوازی خێرا لەسەر ئینتەرنێت لە درەنگانی ١٩٩٠ەکاندا گەشەیان سەند تاوەکو بەشێوەیەکی کاریگەر پرسیار لەبارەی پەردەهەڵماڵینەکانی چاپەمەنیی ئاراستە بکەن. لە یەکێک لە هەرە بەناوبانگترین حاڵەتەکاندا بلۆگەرێک کە خۆی بە بوکهێد[٥١٣] وەسف کرد (بەناوی کۆمەڵگەی ناو ئاتلانتا کە ئەو لێی دەژیا) لە دژی ژمارەی چوارشەمەی سی بی ئێس لە ٢٠٠٤دا لەبارەی پرۆگرامی ٦٠ مینیتسەوە وەستاوە و پێی وابوو لە سالانی شەڕی ڤێتنامدا گاردی نیشتمانیی تێگزاسی لایەنگریی سیاسیی بۆ جۆرج دەبلیوو بووش هەبووە.

بەرهەڵستیی بوکهێد گومانی خستە سەر راست و دروستیی ئەو بەڵگانەی دان

508. Not for profit
509. Nieman Reports
510. Colombia Journalism Review
511. American Journalism Review
512. Steve Brill
513. Buckhead

رازر[514] بۆ پشتیوانیکردن لە بۆچوونەکانی بەکاری هێنابوون. هەرچەندە بوکهێد هیچ بەڵگەیەکی راستەقینەی بۆ پشتیوانیکردن لە بۆچوونی خۆی دابین نەکردبوو، لە ماوەی چەند سەعاتێکدا جەماوەرەکەی لەسەر ئینتەرنێت دەنگیان هەڵبڕی و گومان و برە داتای سەلمێنەر کە زوو بەدوایەوە هاتن سی بی ئێسی ناچار کرد لە راست و دروستبوونی بۆچوونەکان بکۆڵێتەوە. لە دواییدا، رازر بەئاشکرا هەواڵەکەی بە " هەڵەیەک" ناو برد و داوای لێبووردنی کرد. چوار ئەندامی ستافی سی بی ئێس لە کار لادران، لەوانەش بەرهەمهێنی پایە بەرزی هەواڵەکەی بووش. رازر خۆیشی دواتر لە بێژەرایەتیی هەواڵی ئێوارانی سی بی ئێس نیووز وازی هێنا و زۆری نەبرد یەکێکی تر جێگەی سەرۆکی هەواڵکاریی سی بی ئێس ئەندروو هێیواردیشی[515] گرتەوە.

رەنگە گرینگتر لە شەونخوونیی ئەم میدیا چاودێرانەی ئەو راستییە بێت کە ئامرازەکانی دابینکراو لەلایەن ئەم تەکنۆلۆجیایەی پێوەندییە نوێیەکانەوە هەلی ئەوەیان رەخساندووە بۆ ئەوەی لە راستیدا هەر کەسێک چاودێری و تەنانەت ڕکابەرێتیی چاپەمەنی فەرمانڕەوا بکات. هەرچەندە ژمارەیەکی کەم بلۆگەر وێ دەچێت بەم ئاراستەیەدا بڕۆن- واتە بەرهەمهێنانی هەواڵی هاوڵاتیانە لە ڕێگەی کۆکردنەوەی زانیاری بەشێوەی ریپۆرتاج یان لێکۆڵەوانی- هەندێک رۆژنامەنووسی پێشەوەر گرەوی کارکردن لە دەرەوەی داوودەزگە و رێکخراوی دامەزراویان کردووە.

نموونەیەک بۆ ئەم رێتێچوونە سەنتەری دەستپاکیی گشتییە[516] لە واشینتۆن کە لە ١٩٩٠ لەلایەن چارڵز لویس[517]، بەرهەمهێنێکی ٣٤ساڵانی پرۆگرامی ٦٠ مینیسی سی بی ئێس نیووز دامەزرا. لویس کە لەژێر پاڵەپەستۆ بۆ بەرهەمهێنانی هەواڵی "سەرنج ڕاکێشتر" و وازهێنان لەو هەواڵانەی داوای کات و هەوڵێکی پتر دەکەن، نائومێد بووبوو، وازی لە کارەکەی هێنا لە پێناو دامەزراندنی جۆرێکی نوێی دامەزراوەی هەواڵی کە "پێویست نەبوو نیگەرانیی جەماوەری شەوانەی نێڵسن یان لانی کەم دوایین ژمارەی ئابوونەدەرانەوە بێت".

بە پاڵپشتیی دارایی دامەزراوەی مرۆڤدۆستانەوە، لویس وۆرکشۆپێکی بۆ

514. Don Rather
515. Andrew Hayward
516. Center for Public Integrity
517. Charles Lewis

ڕۆژنامەنووسانی هاوبیری خۆی دامەزراند بۆ هەوسارکردنی هێزی کۆمپیوتەر و دەسەڵاتی وێب. لە ١٩٩٩دا چل دانە لە هەواڵە سەرەکییەکانی سەنتەرەکە بەئاسانی وەرگیران و لەلایەن ئەو دامەزراوە هەواڵییە کۆنەکانەوە کە ئیتر پشتیوانییان لە ستاف نەدەکرد بۆ ئەنجامدانی کاری هاوشێوە، بڵاو کرانەوە.

هەرچەندە ئەو سەنتەرەی لویس دایمەزراند بەباشترین دەستپێشخەرییەکان لە بواری ڕۆژنامەوانیی سەربەخۆ ناسراوە، دەستپێشخەریی تریش هەن. کۆمپانیای هاوبەشیی سندووقی ڕۆژنامەوانیی لێکۆڵەوانی[518] یارمەتیی دارایی دەبەخشێت بەو هەواڵنێرانی سەربەخۆیانەی "لە دەرەوە و بێ پاڵپشتیی دامەزراوەی هەواڵیی سەرەکییەوە" کار دەکەن. دەزگای ئالیسیا پەترسن[519] کۆمەکی دارایی بۆ پشتیوانیکردن لەو هەواڵنێر و نووسیارانە دەبەخشێت کە لە دامەزراوە هەواڵییە کۆنەکان کار دەکەن.

ئەنیستیتۆی ئۆپن سۆسایتیی[520] سەر بەدەزگای سۆرۆس[521] بەم دواییانە دەست کردووە بە بەخشینی یارمەتیی داراییی هاوشێوە بۆ هەواڵنێری لەبارەی بابەتی لەدادگەدانی تاوانییەوە. ڕۆژنامەنووس دێیڤید بێرنهام[522] لەڕێگەی پارەدان بەبێ سوودوەرگرتن و هەروەها یارمەتیی زانکۆکانەوە، ئەو سۆفوێری داهێناوە کە ڕێگە بە ڕۆژنامەنووسان دەدات بە یارمەتیی کۆمپیوتەر گوزارشی لێکۆڵەوانی لەسەر تۆمارەکانی حکوومەت ئەنجام بدەن. لە ماوەی هەڵبژاردنە سەرەتاییەکانی ٢٠٠٠دا مۆرتن مینتزی[523] ڕۆژنامەنووس، کە هەواڵنێرێکی لێکۆڵەوانیی کۆنەکاری واشینتۆن پۆست بوو بەبەردەوامی بۆ تۆمپێین دۆت کۆم[524]، هەواڵی لەبارەی ئەو بابەتانەوە دەدا کە لە درێژەی هەڵمەتەکەدا ئاراستە نەدەکران ماڵپەڕێکی سوودوەرنەگر کە شرۆڤەکانی لەبارەی ئەو بابەتانەی میدیای گشتییەوە زۆربەی جار پشتگوێی دەخست، بڵاو دەکردەوە.

بە هەمان ڕادەی کە ئەم هەولانە سەرنج ڕاکێشن، پێویستە بە ساوا و نەگەییو

518. The Fund for Investigative Journalism Inc.
519. Alicia Patterson Foundation
520. Open Society
521. Soros Foundation
522. David Burnham
523. Morton Mintz
524. TomPaine.com

هەژمار بکرێن، ئەمەش بەدڵنیاییەوە بەبەراوردکردنیان لەگەڵ رۆژنامەوانیی گشتیدا. پاڵپشتیی دامەزراوەی مرۆڤدۆستانەی تایبەت بەهەمان ئەو خێرایییەی کە دەدرێت، رەنگە نەمێنێت و توانای ئەو هەولانە بۆ پەلکێشکردنی جەماوەر پشت بە سەرنجی دەزگا میدیاییەکانی سوودوەرنەگرەوە دەبەستێت بۆ بلاوکردنەوەی لێکۆڵینەوەکانیان.

سەنتەرەکانی رۆژنامەوانیی سەربەخۆ پێشانی دەدەن چۆن تەکنۆلۆجیای نوێ دەتوانێت رێگەی بەرهەمهێنان و گەیاندنی هەواڵ هەموار بکات. لانی کەم رێی تێ دەچێت ئەمە گرەوێک بخاتە بەردەم دامەزراوە هەواڵییە کۆنەکان و ئاماژە بەوە دەدات ئەگەر میدیای کۆن بەهەر شێوازێکی رژدەوە واز لە رۆڵی چاودێری بێنێت، ئەوانی تر ئەو رۆڵە وەردەگرن. تەنانەت هاکەرێکی تەنیاش کە ئێستا خەریکی سەروژێرکردنی داتابێیس و ژووری چاتە دەتوانێت شێوە بە رەوتی هەواڵ بدات یان تەنانەت بیشیسەپێنێت، وەک مەت دراج روونی کردووەتەوە.

بەلام لە سەرووی بۆچوونی ئۆتۆپیانە لەبارەی تەکنۆلۆجیاوە پرسیارگەلێکی ئابووریی کارەکی هەن کە هێشتا وەلام نەدراونەتەوە. ئاخۆ هیچ کام لەم دەزگا هەواڵییە نوێیانە سەرنجی ژمارەیەکی بەرچاوی جەماوەر بۆ ئەو شتەی ئەوان دەیانەوێت باسی لێوە بکەن، کۆ دەکەنەوە؟ و ئەگەر بتوانن، ئاخۆ دەکرێن یان تێهەڵکێش دەکرێن بە کولتوورێکی کۆمپانیای هاوبەشیی گەورە کە دامەزرێنەرانیان ویستوویانە لێی رزگار بن؟ لەم ساتەدا وەلامەکە روون نییە. بەلام هۆکار هەن بۆ ئەوەی گومانی لێ بکەین. بەشەکانی هەواڵیی تۆڕەکانی تەلەڤزیۆنی روونترین مۆدێلمان لە دامەزراوەیەکی هەواڵیی ئابووریی نوێ پێشکێش دەکەن. ئەوانە یەکەمین دامەزراوە رۆژنامەوانییە سەرەکییەکان بوون کە تێهەڵکێش بە کۆمپانیا هاوبەشییە نارۆژنامەوانییەکانەوە کران. بەلام کاتێک لە بەرامبەر تەکنۆلۆجیای نوێدا بەرە بەرە لە بنەڕەتدا جەماوەریان لەدەست دا، لە ئەرکی رژدی چاودێرانەوە بۆ مۆدێلێکی هەواڵ، تەنانەت هەواڵی لێکۆڵەوانیش، لەسەر شێوەی سەرگەرمی لایان دا. ئەو مۆدێلە، تاکە بەڵگەیەک کە ئێمە ئێستا بۆ کاریگەریی کۆمپانیا هاوبەشییە ئاوێتەکارەکانی جیهانی لە بواری هەواڵ هەمانە، گومانێکی زۆر دروست کردووە کە رۆژنامەوانیی لێکۆڵەوانی بەردەوام لەو ئاستەدا بمێنێتەوە کە ئێمە لە نیو سەدەی رابردوودا پێی ئاشنا بووین.

ڕۆڵی چاودێرانە لە هیچ ڕۆڵێکی تر ناچێت. تاکە شتێکی کە بە هەموو ڕۆژنامەوانیی تر دەچێت، ئەوەیە پێویستی بە شارەزاییی تایبەت، مەزاجێکی تایبەت و برسێتییەکی تایبەتە. هەروەها داوای دڵسۆزیی ڕژدی سەرچاوەکان و مەیلێک بۆ ئاشکراکردنی نیگەرانییە ڕژدەکان و چاپەمەنییەکی سەربەخۆ لە هەر بەرژەوەندییەک دەکات جگە لە بەرژەوەندیی دوایین کڕیاری هەواڵەکە. سەرەڕای هەر هەموو ئەو پەسنەی درا. بنەمای چاودێرانە وەک ئەوانی تری لێرەدا باسیان لێوە کرا، ئەمڕۆکە لە هەر کاتێک زیاتر تووشی گرەوەی پتر بووەتەوە. بەڵام وەک دواتر دەبینین، سروشتی پەرەگری ڕۆژنامەوانی وەک کۆڕبەندێکی جەماوەری شەپۆلێکی نوێی ڕۆژنامەوانی بەشێوەی ڕاگەیاندن لێ کەتووەتەوە، کە پێویستیی بۆ ڕۆژنامەوانییەکی چاودێرانەی زیندوو و ڕژد یەکجار هەستیارتر کردووە. لەم سەدە نوێیەدا پێویستە چاپەمەنی نەک تەنیا چاودێریی حکوومەت بکات، بگرە چاودێریی جیهانی پەرەگری دامەزراوە سوودوەرنەگرەکان، جیهانی کۆمپانیا هاوبەشییەکان و مشتومڕیی جەماوەریی پەرەگریش بکات کە تەکنۆلۆجیای نوێ بەرهەمی هێناوە.

ئەمە ڕێتێچوونی ڕێبازێکی نوێی ڕۆژنامەوانی بەهێزتر دەکات. وەک نموونەکەی پێشوو لەبارەی گومانەکانی بلۆگەرێکەوە سەبارەت بە ڕاست و دروستیی هەواڵێکی نەتەوەیی ڕوونی کردەوە، سەرهەڵدانی هاووڵاتییەکی بەشدار و چالاک بۆ چاودێریکردنی چاپەمەنیی ڕۆژنامەوانیی چاودێرانە بەرەو ئاراستەیەکی نوێ دەبات. گونجاندنی بنەماکانی ڕۆژنامەوانی لەگەڵ تەکنیکەکانی بلۆگەری هاووڵاتی نەک تەنیا ئامرازێکی بەهێزی نوێ بۆ هەواڵنێریی چاودێرانەوە بەرهەم دێنێت، بگرە دەبێتە هۆی داننان بەپێویستی بۆ ڕۆژنامەوانییەکی دامەزراوە لەسەر هاوکاریی نێوان چاپەمەنی و جەماوەر.

بەشی حەوتەم

## رۆژنامەوانی وەک کۆڕبەندێکی جەماوەری

کۆدی شیرر[٥٢٥] تازە لە گەشتێکی ئەورووپا گەڕابووەوە کاتێک سێشەممە شەوێک دانیشت بۆ ئەوەی تەماشای تەلەڤزیۆن بکات. رۆژنامەنووسی سەربەخۆی واشینتۆن بەناو کەناڵەکاندا سووڕایەوە و لەسەر سی ئێن بی سیی راگرت و بۆ چەند خولەکێک تەماشای شۆی گفتوگۆئامێزی هاردبۆڵی[٥٢٦] کرد کە لەلایەن کریس مەتیوسەوە[٥٢٧] پێشکێش دەکرا.

میوانی مەتیوس کەسڵین ویڵی[٥٢٨] بوو، ژنێک کە دەیگوت سەرۆک کلینتۆن لە کۆشکی سپیدا دەسمالیی کردووە. مەتیۆس هەوڵی دەدا باس لەوە بکات ئاخۆ کەسێک ویستوویەتی بەهەڕەشەکردن ویڵی دەمکوت بکات. بەڵام زوو دەرکەوت بابەتی دیمانەکە سەرۆک یان تۆمەتەکەی ویڵی نەبوو - بگرە خودی شیرر بوو.

کریس مەتیوس: کاتێک ئەم پیاوە لێت نزیک بووەوە - لە بەرەبەیانی ئەو رۆژە، لە ریچمۆند[٥٢٩]، پێنج ساڵ پاش ئەم رووداوە، ئەو پیاوە کێ بوو؟ من دەمەوێت دووبارە پرسیارت لێ بکەمەوە، چونکە دەزانم تۆ دەزانیت ئەو کێ بوو.

کەسڵین ویڵی: من دەزانم. وابزانم دەزانم.

کریس مەتیوس: بۆ پێم ناڵێیت ئەو کێ بوو؟ ئەمە بەشێکی گرینگی ئەم بەسەرهاتەیە، تۆ بۆچی ویستووتە ئەمشەو بێیتە ناو ئەم بەرنامە زیندووە و پێمان نەڵێیت بەبۆچوونی تۆ ئەو کەسە کێیە... با بەوریاییەکی زیاترەوە پرسیارت لێ بکەم. ئاخۆ هەرگیز ئەو باوەڕەت لەلا دروست کرا کە ئەو کەسە کێیە و ئەو کەسە کێ

525. Cody Shearer
526. Hardball واتە سەرسەخت
527. Chris Matthews
528. Kathleen Willey
529. Richmond

بوو کە ئەو باوەڕەی لەلات دروست کرد و ئەوە چ باوەڕێکیان لەلات دروست کرد؟

ویڵی: وێنەیەکەم پێشان درا و...

مەتیوس: کەسەکەی ناو وێنەکە کێ بوو؟

ویڵی: ناتوانم پێت بڵێم. من هەوڵ نادەم ناز بکەم.

مەتیوس: ئاخۆ من وێنەکە دەناسمەوە؟

ویڵی: بەڵێ.

مەتیوس: ئاخۆ کەسێکە لە بنەماڵەی سەرۆک، هاوڕێکانی؟ ئاخۆ کەسێکی نزیکی ستڕۆب تاڵبۆتە[530]؟ ئاخۆ شێرە؟

ویڵی: داوام لێ کراوە نەی...

مەتیوس: داوات لێ کراوە نەیدرکێنیت؟

ویڵی: بەڵێ، لەلایەن...

مەتیوس: باشە.

شێرر بەنائومێدییەوە دەیزانی مەبەستی مەتیوس چییە. لە واشینتۆندا دەنگۆی ئەوە بڵاو بووبووە گوایە شێرر لە ویڵی نزیک بووەتەوە کاتێک ئەو خەریکی هەروەڵە بوو و هەڕەشەی لێ کردووە بۆ ئەوەی سکاڵاکەی لە دژی سەرۆک بکشێنێتەوە. دەنگۆکە بێ بنەما بوو. هەروەها نادروستیش بوو. شێرر لە کالیفۆرنیا بوو کاتێک ڕووداوە کە گوایە رووی داوە، بەڵام کەس ئەرکی نەکێشا لەم بەشەی چیرۆکەکە دڵنیا بێتەوە. ئێستاکە ئەو تەنیا دەیتوانی تەماشای مەتیوس بکات کە دەنگۆ بێ بنەمایەکەی رادەگەیاند و وەک راستی پێشانی دەدا.

مەتیوس: با بگەڕێنەوە سەر هەروەڵەکە، یەکێک لە هەرە ورووژێنەرترین و ترسێنەرترین بەشەکانی ئەم بەسەرهاتە. کاتێک تۆ پیاسەت دەکرد تووشی کەسەکە بوویت. تۆ نەتدەتوانی بخەویت، ملت دەئێشا- ئەم پیاوەی تۆ هەرگیز پێشتر نەتدیبوو هاتە لات. تۆ هەرگیز پێشتر نەتدیبوو؟

ویڵی: نەخێر.

مەتیوس: و باسی ئەوەم بۆ بکە... ئەو چی گوت، ئەم بەسەرهاتە تەواو بکە.

530. Strobe Talbott

ویلی: ئێ، ئەو ناوی منداڵەکانمی هێنا. پرسیاری کرد منداڵەکانم چۆنن. لەم ساتەدا دەستم کرد بەپرسیارکردن لێی، ئاخۆ ئەو کێیە و چی دەوێت و، ئەویش راستەخۆ تەماشای ناو چاومی کرد و گوتی "دەڵێیت تۆ هەر تێ ناگەیت، وانییە؟" و منیش سووڕامەوە و رام کرد. من هیچ کارێکم نەبوو بۆئەوەی رابکەم و رەنگە نزیکەی ١٠٠ یارد رام کردبێت، زۆر تۆقابووم و، ئاوڕم داوە و ئەو چووبوو.

مەتیوس: کێ وێنەی ئەو کەسەی پێشان دایت کە بەبڕوای تۆ رەنگە ئەو بێت؟

ویلی: جەکی جوود[531].

مەتیوس: لە ئێی بی سی؟

ویلی: بەڵێ.

مەتیوس: و ئاخۆ تۆ بەدڵنیاییەوە ناسیتەوە؟

ویلی: بەڵێ.

مەتیوس: کەواتە ئەو کەسە کۆدی شیررە؟

ویلی: من ناتوانم پێت بڵێم.

مەتیوس: باشە، بەڵام تۆ ناسیتەوە... با باس لە کۆمەڵێک شتی تر بکەین بۆ ئەوەی لێرەدا بگەینە ئەنجامێک.

تەنیا بۆ چەند چرکەیەک بوو شۆیەکە دەستی پێ کردبوو کاتێک یەکەم یەکەم تەلەفۆن لێ درا. دەنگێکی نزم و گڕی کەسێکی نەناسراو بوو کە هەڕەشەی گیانی لە شیرر دەکرد. شیرر هەڵنەچوو، بەڵام وا تێ گەیشت کەسێکی سووکی بەکرێگیراوە لەلایەن شۆی هاردبۆڵەوە. بەڵام دواتر تەلەفۆنی دووەم هات و هی سێیەم. شیرر هەستی بەنیگەرانی کرد.

رۆژی دواتری روس لیمباوی پێشکێشکاری کۆنەپارێزی بەرنامەی رادیۆیی دەنگۆیەکەی بڵاو کردەوە: "ویلی دەڵێت کێن ستار[532] داوای لێ کردووە ناوی ئەو پیاوە نەدرکێنێت کە بەگوتەی خۆی دوو رۆژ پێش شایەتیدانی لە کەیسی پاولا جۆنزدا[533] هەڕەشەی لێ کردووە. ئەو کەسەش کۆدی شیررە- ئێس-ئێچ- ئی- ئێی- ئار-ئی-ئار".

531. Jackie Judd
532. Ken Starr
533. Paula Jones

لیمباو کاریگەرییەکی تەنانەت مەزنتری هەبوو. لەو ڕۆژەدا تەلەفۆن پاش تەلەفۆن بۆ ماڵی شیرر لێ دەدرا، دەوروبەری سەت پێوەندی کە نیزیکەی نیوەیان هەڕەشەی کوشتن یان ئازاری جەستەیان دەکرد. هەرچەندە بەسەرهاتەکە بەئاشکرا هەڵبەستراو بوو، ئەو شەوە مەتیوس لە هاردبۆڵدا بەشێکی دیمانەی ویلیی دووبارە لێ داوە و کلیپی "هەواڵی دەستە یەکی" خۆی بۆ مایکڵ ئیسیکۆفی[534] نیوزویک و مایکڵ بارۆنی یوو ئیس نیوز ئەند وێرڵد ریپۆرتس[535] و پاتریشا ئایرلەندی[536] سەرۆکی ڕێکخراوی نەتەوەیی بۆ ژنان لێ دا.

شیرر شارەکەی بۆ چەند ڕۆژێک بەجێ هێشت و هەوڵی دا ڕووداوەکە لە بیر بکاتەوە. ئەو پێی وابوو واشینتۆن شارێکی مێشک پەرتەوازەیە. لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا کەس بیر لەوە ناکاتەوە. بەڵام ئەو هەڵە بوو. بەیانی یەکشەممە کە گەڕایەوە واشینتۆن کاتێک خەریکی دووشگرتن بوو میوانێکی هاتە ناو گەرماوەکە و پێی گوت پیاوێکی چەک بەدەست لەناو حەوشەی ئەودا دەڵێت هاتووە شیرر بکوژێت. شیرر وای زانی ئەوە گاڵتەیەکە تا ئەو کاتەی هاتە دەرەوە و پیاوەکەی بینی کە چەکەکەی ڕاستەوخۆ لەسەر هاوڕێیەکی تری شیرر نیشان کردووە و داوا دەکات شیرر ببینێت.

لە ناکاو بەشێوەیەکی سەیر چەکدارەکە بۆ لای ئۆتۆمۆبێلەکەی ڕای کرد و هەڵات. شیرر و هاوڕێکانی ژمارەی پلێتی ئۆتۆمۆبێلەکەیان هەڵگرت و تەلەفۆنیان بۆ پۆلیس کرد. پاش سەعاتێک پۆلیس کۆتاییەکی تەنانەت سەیرتری بە بەسەرهاتە سەیرەکەی بەخشی. چەکدارە شێتبووەکە هەنک بیوکانەنی[537] برای پاتریک بیوکانەنی[538] پێشکێشکاری پێشووی شۆی گفتوگۆئامێز و کاندیدی پێشووی سەرۆکایەتی لەلایەن پارتی کۆماری و پارتی چاکسازی بوو. هەنک بیوکانەن مێژووی نەخۆشیی عەقڵیی هەبوو.

شیرر زیاتر لە کریس مەتیوس زویر بوو. ئەو گوتی "ئەگەر من هەڵەیەکی لەو جۆرەم کردبایە، دەبووایە دابنیشتبام و نامەیەکەم نووسیبا و ڕوونم کردبایە دەرفەتم کەمە و داوای لێبووردنم کردبایە. بەڵام من هیچم بۆ نەهاتبوو، تەنانەت لەلایەن

534. Michael Isikoff
535. US News and World Reports
536. Patricia Ireland
537. Hank Buchanan
538. Patrick Buchanan

بەرهەمهێنەکەشەوە و... سەیرترین شتەکە ئەوەیە ئەو هیچی بەسەر نەهات. شەوی دواتر دووبارە بەرنامەی پەخش کردووە".

هەردووکیان چەند رۆژێک پاش وەشانەکە و پێش رووداوی بیوکانەن لەناو شەمەندەفەر یەکتریان دیتبوو. بەگوتەی شیرر ئەوان سەرسەختانە مشتومڕییان کردبوو و ئەو وا تێ گەیشتبوو مەتیوس پەشیمان نییە. مەتیوس پاش ئەوەی نامەی لەلایەن داواکاری شیررەوە پێ گەیشت، بەشێوەیەکی زیندوو داوای لێبووردنی کرد و لێدوانی داواکاری شیرری راگەیاند سەبارەت بەوی شیرر "هیچ جۆرە پێوەندییەکی بە رووداوەکانی وەسفکراو لەلایەن خاتوو ویلّییەوە نییە".

مەتیوس لە پرۆگرامەکەیدا گوتی " من ئێستا پەشیمانم کە قسەم کرد _ کە پێشوەختە لەگەڵ ئەو (شیرر)دا قسەم نەکرد بەر لەوەی ناوی ئەو بڵاو بکەمەوە. من نەدەبووایە هەرگیز ناوی ئەوم هێنابایە تا ئەو کاتەی دڵنیا نەبووبایەن".

ئەمە شتێکی کەمتر لە راستکردنەوەیەک بوو. لەوەش گرینگتر هەواڵەکە ناڕاست بوو. بەسەرهاتی کریس مەتیوس و کۆدی شیرر وریاییەک دەدات بۆ تێگەیشتن لە بنەمایەکی تری رۆژنامەوانی. رۆژنامەوانی لە رەچەڵەکییەوە، لە بازاڕی یۆنانەوە بگرە تا مەیخانە ئەمەریکییەکانی کۆڵۆنیاڵ، هەمیشە کۆڕبەندێک بووە بۆ گفتوگۆی جەماوەری. کۆمیسیۆنی هاچینز لە ١٩٤٧دا ئەم ئەرکەی وەک بەرپرسیاریەتییەکی بنەڕەتیی پیشەکە و تەنیا بەپلەی دووەم دوای درکاندنی راستی لە قەڵەم دا. کۆمیسیۆنەکە نووسی "ئاژانسە گەورەکانی پێوەندییە جەماوەرییەکان پێویستە خۆیان بە بزوێنەری گشتیی گفتگۆی جەماوەری دابنێن".

ئەمە بنەما یان ئەرکی شەشەمی چاپەمەنییە:

**پێویستە رۆژنامەوانی کۆڕبەندێک بۆ رەخنە و سازشی جەماوەری دابین بکات.**

تەکنۆلۆجیای نوێ کۆڕبەندەکەی بەهێزتر و باوکایەتیی رۆژنامەوانیی بێهێزتر کردووە. بەڵام بەسەرهاتی شیرر ئاماژە بەوە دەدات خێرایی و تاوی زیاتری کۆڕبەندەکە هەروەها پەرەی بە هێزەکەی داوە بۆ شێواندن و چەواشەکردن و زاڵبوون بەسەر ئەرکەکانی تری میدیای ئازاددا و، ئەمە لە رێگەی هەڵگیرسانی توانستی رۆژنامەگەریی هاووڵاتی و بلۆگ و تەنانەت ئاوێتەکردنی رۆژنامەوانی و گفتوگۆدا هەر لە پەرەسەندندایە.

له بەشی دووەم لەبارەی راستییەوە ئێمە لەو کۆڕبەندی سروشتییەمان کۆڵییەوە کە بڵاوکراوەکانی سەرەتایی دابینیان دەکرد و هەروەهاش لە پێوەندییەکەی بە شێوەدان بە رای گشتی. ئەم توانستە بۆ داهێنانی کۆڕبەندێک ئەوەندە گشتگیرە کە بەنزیکەیی هەر هەموو رەهەندەکانی کاری رۆژنامەنووس پێک دێنێت.

لەگەڵ هەواڵە سەرەتاییەکەی رۆژنامەنووسێک کە بەهۆیەوە جەماوەر لە رووداوێک یان هەلومەرجێک لەناو کۆمەڵگەدا ئاگەدار دەکاتەوە، دەست پێ دەکات. ئەم هەواڵانە رەنگە لێکدانەوەیان لەخۆ گرتبێت کە ئاماژە بە کاریگەرییە رێتێچووەکان بکەن. لە پێناو بەراوردکردن یان جیاوازی کردن رەنگە دەق دابین بکرێت لەگەڵ هەڵسەنگاندنی زانیارییەکە لەلایەن نووسیارانەوە. ستوونووسان رەنگە تێبینیی کەسێنی لەسەر بابەتەکە بدەن.

هەموو شێوازەکانی رۆژنامەنووسان رۆژانە بەکاری دێنن دەکرێت لە خزمەت ئەرکی داهێنانی کۆڕبەندا بن لە رێگەی هۆشیاریدان بە جەماوەر لەبارەی کێشەکانەوە بەجۆرێک کە هانی هەڵسەنگاندن بدات. سروشتی زانخوازی مرۆڤ بەو مانایەیە لە رێگەی گوزارشکردنی وردەکارییەکانی رووداوە بەرنامەرێژکراوەکان و ئاشکراکردنی پێشێلکارییەکان یان باسکردنی دیاردەیەکی پەرەگر، رۆژنامەوانی جەماوەر دەخاتە پرسیارکردنەوە. کاتێک جەماوەر دەست بە کاردانەوە نواندن بەرامبەر بەم راگەیاندنانەوە دەکات، کۆمەڵگە پڕ دەبێت لە دەنگی جەماوەر- لەسەر رادیۆ و لە شۆیەکانی پێوەندیوەرگر و شۆیە گفتوگۆئامێزەکانی تەلەڤزیۆنی، لە بۆچوونە کەسێنییەکانی سەر لاپەڕەی بۆچوونی پێچەوانە و لە بلۆگەکان و لە ژوورەکانی چەت و لە راپرسییە جەماوەرییەکان و شوێنی تر.

کاتێک ئەوانەی لەسەر دەسەڵاتن ئەم دەنگانە دەبیستن، تێگەیشتن لە سروشتی رای گشتی سەبارەت بە بابەتەکە کە لە گەشەدایە، دەکەن بە ئەرکی خۆیان. ئەم پرۆسەیەیە رۆژانە لە کۆمەڵگەی مۆدێرندا کۆڕبەندە دێرینەکان دادەهێنێتەوە کە تێیاندا سەرەتاییترین دیموکراسییەکانی جیهان دروست بوون.

ئەم ئەرکەی کۆڕبەندی چاپەمەنی رێگە بە خوڵقاندنی دیموکراسی دەدات تەنانەت لە وڵاتێکی گەورە و فرەنەژاد، ئەمەش لە رێگەی هاندانی سازش، سازش، سازش- ئەو شتەی جێیمز مەدیسن و ئەوانی تر بە کۆڵەکەی دیموکراسییان داناوە.

هیچ کام لەمانە ئەمڕۆکە لەلای گرووپە لایەنگرەکان و پارتە سیاسییەکانەوە لەناو نەچووە. ساڵانە میلیۆنان دۆلار لە گۆڕینی رای گشتیدا خەرج دەکرێت و، زۆربەی جار لە رێگەی بەکارهێنانی بابەتی نیمچە راست و هەندێک جار درۆی ئاشکرا. لە ئەنجامدا بەشێوەیەکی یەکلاکەرەوە پێویستە میدیا رۆڵی نێوانجیکار و ناوبژیوانی راستگۆ بگێڕێت کاتێک گفتگۆیە جەماوەرییەکە دەگوازێتەوە.

لە سەردەمی نوێی میدیادا ئەوانەی رۆژنامەوانیمان بۆ دابین دەکەن، ناچارن قسە هۆنینەوە و درۆی مشتومڕی بازرگانی و لۆبی و پڕوپاگەندەی سیاسی ئاشکرا بکەن. لاپەڕەکانی تایبەت بە نووسیارانی رۆژنامەیەک، ستوونەکانی بۆچوونی، شۆیە گفتوگۆئامێزەکان، گوتاری کۆوارە بۆچوونییەکان، بلۆگەرەکان و هەر کەسێکی تر مافی ئەوەی هەیە بۆچوونی هەبێت. ئەمە ئەرکی ئەوانە. بەڵام ئەگەر نووسەرانی ئەمانە بیانەوێت خۆیان بە رۆژنامەنووس ناوبەرن، پێویستە راستییەکان چەواشە نەکەن – پێویستە وەک هەر بەشێکی تری پیشەکە پابەندی هەمان ستانداردەکانی راست و دروستبوون یان دڵسۆزی بۆ بەرژەوەندیی گشتی بن.

کەواتە پێویستە رۆژنامەوانی کۆڕبەندێک بۆ رەخنە و سازشی جەماوەری فەراهەم بکات. بەڵام لە سەردەمێکی نوێدا، زۆر گرینگترە نەک کەمتر کە ئەم گفتوگۆیە جەماوەرییە وەک بەشەکانی تری رۆژنامەوانی لەسەر هەمان بنەماکانەوە بنیات بنرێت، کە بە هەقیقیبوون و راستییەکان و سەلماندنەوە دەست پێ دەکەن، چونکە کۆڕبەندێک بێ رەچاوکردنی راستییەکان ناتوانێت ئاگەدارکەرەوە بێت. مشتومڕییەکی نقووم بووە لە دەمارگیری و گریمانە تەنیا وروژێنەرە.

بەهەمان شێوە گرینگە ئەم کۆڕبەندە بۆ هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵگە بێت نەک تەنیا بۆ زەنگینەکان یان ئەوانەی لە رووی دیموگرافییەوە سەرنجڕاکێشن.

لە کۆتاییدا بنەمایەکی تر هەیە بۆ لێتێگەیشتن کە پێوەستە بەو کۆڕبەندە جەماوەرییەی میدیا دەیگوازێتەوە: مشتومڕییەک کە تەنیا لەسەر دوو ئاراستەی ناکۆکییەکە چڕ کراوەتەوە لە خزمەت جەماوەردا نییە و لە جیاتیی زۆربەی هاووڵاتییان پشتگوێ دەخات. تەنانەت ئەگەر میدیای هەواڵی مەودای جۆرەوجۆری ئەو بۆچوونانە بوەشێنێت کە یەکجار فرەجۆربوونی کۆمەڵگەیەک دەردەخات، پێویستە ئەو راستییەیان لە بەرچاو ون نەبێت کە دیموکراسییەکان لە دواییدا لەسەر

بنەمـای سـازش بنیـات دەنرێن. پێـویسـتـە کـۆڕبەندە جـەمـاوەرییـەکـە رووبەرە بەرفـراوانەکـانی سـازشـیش بگرێتـە خـۆی کـە زۆربەی جـەمـاوەر لەناویانـدایە و چارەسەری کێشەکانی کۆمەڵگەیان تێدا دەدۆزرێنەوە.

هەندێک خەڵک رەنگە ئەم لێکدانەوەیە بەچاودێریکردنی نابەجێ دابنێن – و شتێکی زیاتر لە دەستەبژێرێکی بچووک – پاشماوەی سەردەمێک کە تەنیا چەند دەزگایەکی کەم دەسەڵاتیان بەسەر دەسترەسیی جەماوەر بە زانیاری هەبووە

لە سەردەمێکی نوێدا لەگەڵ تەکنۆلۆجیای پێوەندییە نوێیەکانییەوە ئاخۆ مەتیوس تەنیـا بە رێگەدان بەوەی ویلّی قسـە بکات نەیتـوانی وا لە شـیـرر بکات کـاردانەوە بنوێنێت؟ ئێستا ئێمە دەتوانین رۆژنامەوانی نێوانجیکار لەسەر رێگە لابدەین و رێگە بە مشتومڕییەک بدەین لە چوارگۆشەی جەماوەریی راستەقینەدا روو بدات نەک لەناو چوارگۆشەیەکی دەستکردی پێناسەکراو لەلایەن ئێن بی سی یان سی بی ئێس نیوز. ئەمە ئەو شـوێنەیە کـە مـشـتـومـڕیی تـەکنۆلۆجـیـا و رۆژنامـەوانی دەگـاتە روونتـرین جیاوازیی فەلسەفییانەی خۆی.

راسـتـە مـشـتـومـڕییـەکی کـراوەتر لە توانـای ئێـمـەدایە و لە ئـاسـتـێکدا شـتـێکی دڵخـۆشکەرە وا بیـر بکرێتـەوە کـە تـەکنۆلۆجـیـا ئەوانەی هـەواڵ بەرهەم دێنن لە پێـویسـتـیی هـەڵسـەنگاندن و بەرپرسـیـاریەتی رزگـار دەکـات. پەرەسـەندنی مـشـتـومـڕییـەکی دروسـتبـووە بەهـۆی مـاشـێنەکانەوە هەڵەی مـرۆڤ کـەم دەکاتەوە و هەموومان بەرز دەکاتەوە. بۆ ناسینەوەی هەقیقەت، ئێمە دەتوانین پشت بە بازاڕی راستی و بیرۆکەکان ببەستین نەک رۆژنامەنووسان.

جیـهانی بلۆگ ئەم فەلسـەفەیە تەنانەت بێگەردتریش دەکات. بەپێی پرۆتۆکۆلەکە لانی کـەم لە یەکـەم دەیەی ئەم سـەدە نوێـیەدا، کـاتێک بلۆگـەرێک بۆچوونێک پۆست دەکات، ئەو هەروەها لینکێک بۆ هەر شتێک کە کاردانەوەی بەرامبەر نواندووە یان ئامـاژەی پێ کـردووە، دەخـاتە ناوی. کـێـشـەی ئاڵۆزی بەهەڵە پێـشکەشکردن یان بەئەنقەست شێواندنی راستییەکان لەلایەن مرۆڤەوە، نەماوە.

کـێشـەکـە ئەوەیە: بە چ پێـوەرێک مـەتیـوس یان هەر کـەسـێکی تر لە هەر کـۆت و بەندێک بۆ پابەندبوون بە بنەمـای سەلماندن یان پەرۆشی بۆ بەرژەوەندیی جەماوەریی گەورەتر ئازاد کراون؟ کەناڵی زیاتر؟ تێکەڵاوبوون؟ شیمانەی لینکە بێ ژمارەکانەوە؟

هەرچەندە ئەمە رەنگە لە روانگەیەکی تەواو تەکنۆلۆجییەوە راست بێت، لە بازاڕی راستەقینەی پێوەندی و کولتووری سیاسیدا، ئەمە چوارگۆشەیەکی جەماوەری دروست دەکات بە بایەخدانێکی کەمکراوە بە راستییەکان و دادوەری و بەرپرسیاریەتی. قسە هۆنینەوە جێگەی سەلماندن دەگرێت. ماف دەبێتە بابەتێک بۆ کەسی خاوەن گەورەترین دەسەڵات و وزە و کارامەیی لە رەوانبێژی.

بۆ نموونە لە بەشێکی زۆری تەلەڤزیۆن و رادیۆدا بەتایبەتیش لە هەواڵی تەلەڤزیۆنی و هی بەیانیاندا رۆژنامەوانیی ئەلیکترۆنی مەودایەکی بەرچاوی بڕیوە بەئاراستەی وازهێنان لە بەرپرسیاریەتییەکەی بۆ سەلماندن لە کاتی پێشکێشکردنی کۆڕبەندی جەماوەریدا. هۆیەکەی ئەوەیە ئەم سەکۆیانە ئێستا پشت بە دیمانەی راستەوخۆ دەبەستن وەک شێوازی سەرەکییان بۆ کۆکردنەوەی هەواڵ.

شێوازی دیمانەکردنی راستەوخۆ، وەک چۆن هەر هەواڵکارێک بەخۆشحاڵییەوە دانی پێ دەنێت، دەسەڵاتەکە دەخاتە بەردەست دیمانەکراو. میوانەکە کۆنترۆڵی ئەو شتە دەکات کە ئەوان دەیڵێن و دەسەڵاتێکی بەرفراوانی هەیە بۆ کاتکوژی بە درێژبڕی، چەواشەکاری، یان تەنانەت درۆکردن. رۆژنامەنووسی پێشکێشکار تەنیا بۆ چەواشەکارییە هەرە ئاشکراکانەوە نەبێت، ئەگەرنا دەسەڵاتێکی کەمی هەیە بۆ دڵنیاکردن یان راستکردنەوەی هەموو نیاز و ئامانجەکان. هەرچەندە رۆژنامەوانیی ئەلیکترۆنی رەنگە هەست بەوە نەکات، بەڵام ئەو رۆژنامەوانییە پرۆگرامەکانی خۆی بەشێوەیەک داڕشتووە کە راستییەکان بەشێوەیەکی کاریگەر جێیان بە هەر شتێک پڕ کراوەتەوە کە میوانەکانی ئەم پرۆگرامانە هەست دەکەن دەتوانن بیفرۆشنەوە. هەواڵی تەلەڤزیۆنی بەم شێوەیە رێخۆشکەر بووە بۆ ئەو هەلومەرجەی تێیدا راستییەکان لە پێناو قسەهۆنینەوە سووک کراون.

بەداخەوە کێشە تەکنۆلۆجییەکە بەکردەوە و لەسەر شێوەی دیجیتاڵ هاوتای دیکتاتۆرییەتە نەک ئازادی. ئێمە لە جیاتیی ئەوەی ئازاد بکرێین دەبینە دیلی تەکنۆلۆجیا. کاری رۆژنامەنووسان تەنیا دەبێتە دڵنیابوونەوە لە کارابوونی تەکنۆلۆجیا. دەبێتە مۆتەکەی کۆمپیوتەری هاڵ[٥٣٩] ٩٠٠٠ لەناو فیلمی ٢٠٠١: ئێ سپێس ئۆدیسێی[٥٤٠].

539. HAL 9000
540. 2001: A Space Odyssey

یەکێک لە گەورەترین پشتیوانانی دیاردەی چاودێریی هاووڵاتی بەسەر دەقی بەرهەمهاتوو لەلایەن هاووڵاتییەوە ویکیپیدیایە[٥٤١] - ئینسایکلۆپیدیایەکی ئینتەرنێتی هەموارکراو لەلایەن بەکاربەرانەوە. ویکپیدیا لەسەر تەکنۆلۆجیایەک بنیات نراوە بەناوی ویکی، کە ڕێگە بە دروستکردنی گوتار و هەڵەچنیکردنی لەلایەن کۆمەڵێک خەڵکەوە دەدات- ویکی مێژووی گوتارەکە لەگەڵ هەموارکردنەوەکانی ئەنجامدراو لەلایەن هەر تاکێکەوە تۆمار دەکات. فەلسەفەی ویکیپیدیا ئەوەیە هەڵە لە ڕاستییەکاندا کە لەلایەن بەکاربەرێکەوە جێگیر کراوە، لەلایەن بەکاربەرێکی ترەوە دەبینرێن و ڕاست دەکرێنەوە. ویکیپیدیا ڕۆژنامەوانی نییە هەرچەندە ماڵپەڕی بنیاتنراو لەسەر ویکی بوونیان هەیە.

لە ئایاری ٢٠٠٥دا پیاوێکی نەشڤیل[٥٤٢] ژیننامەی ڕۆژنامەنووسی خانەنشینبوو جۆن ئیل سیگنئاڵری[٥٤٣] لەسەر ویکیپیدیا بڵاو کردەوە. پۆستە ڕەسەنەکە کە ناوی نووسەرەکەی پارێزراو بوو کۆمەڵێک قسەی هەڵبەستراوەی تێدا بوو، لەوانەش گوایە سیگنئاڵر لە تیرۆرکردنی جۆن ئێف کەنێدی و ڕۆبێرت کەنێدیدا دەستی هەبووە و ماوەی ١٣ ساڵ لە یەکەتیی سۆڤیەتدا ژیابووە.

لە ڕاستیدا ژیننامە کورتەکە هەڵگری تاکە ڕستەیەکی ڕاستەقینەی بوو- سیگنئاڵر یاریدەری کارگێڕیی ڕۆبێرت کەنێدی بوو لە سەرەتای ١٩٦٠کاندا. سەرەڕای کەموکوورییەکان، بابەتەکە تا ئەیلوول هەستی پێ نەکرا کاتێک سیگنئاڵر پێی زانی و لای دا.

سیگنئاڵر بەسەرهاتی خۆی لە بابەتێک لە یۆ ئێس ئێی تودێیدا[٥٤٤] باس کرد و گفتوگۆیەکی هەم لە میدیای کۆن و هەم لەسەر ئینتەرنێت ورووژاند لەبارەی یاسا و چاکەکانی ویکیپیدیا و گفتگۆیەکەی گشتاند بەسەر چمکەکانی ڕاستی و هەقیقیبوون لە کۆمەڵگەی ئینتەرنێتیدا. هەندێک پێشنیازیان کرد یاساکانی تۆمەتبارکردن بەرفراوان بکرێن بۆ ئەوەی ئینتەرنێتیش بگرنەوە، لە کاتێکدا ئەوانی تر ڕەخنەیان لە سیگنئاڵر دەگرت کە بۆچی لە جیاتیی لادانی ژیننامەکەی تەنیا هەمواری نەکردووە- هەرچەندە ویکیپیدیا ڕێگەی بە هەموو کەسێک داوە ئەو کارە بکات.

541. Wikipedia
542. Nashville
543. John L. Seigenthaler
544. USA Today

لێرەدا مەبەست ئەوە نییە بگوترێت سەرچاوە کۆنەکانی دابینکردن و زانیاری لە خۆیانەوە پشت پێ بەستراوەترن. بەپێی لێکۆڵینەوەیەکی چاپکراوە لەلایەن ڕۆژنامەی نێیچر[٥٤٥] لە کانوونی یەکەمی ٢٠٠٥دا ویکیپیدیا لە ڕووی وردبینییەوە لە ئینسایکلۆپیدیای بریتانیکا[٥٤٦] "نزیکە". لێکۆڵینەوەکە ٤٢ بەندی لە هەردوو ئینسایکلۆپیدیا شی کردەوە و ١٢٣ هەڵەی لە بریتانیکا و ١٦٢ی لە ویکپیدیا دۆزییەوە. بریتانیکا ڕەتکردنەوەیەکی دوور و درێژی بڵاو کردەوە و لێکۆڵینەوەکەی نێیچری بە چەوت و هەڵە و چەواشەکار ناو برد، ئەمەش بەهۆی ڕێگەی هەڵبژاردنی بابەتەکانەوە. نێیچر گوتی ئەو لەو باوەڕەدایە "بەراوردەکە دادوەرانە بووە" و وەڵامی داوە و ڕەتی کردەوە لەو شتەی بڵاوی کردبووەوە، پاشگەز ببێتەوە.

بەدڵنیاییەوە لێکۆڵینەوەی پتر لەبارەی ویکیپیدیا و ئەوانی ترەوە هەن. بەڵام لەوەتەی ٢٠٠٦ەوە بێگومان هیچ بەڵگەیەک نییە بۆ پشتیوانیکردن لە قسەی تەکنۆلۆجیکاران کە گوایە نەخشەسازیی کراوەی ئینتەرنێت بەشێوەیەک باڵادەستترە لە هەوڵی ژمارەیەکی کەم لە پیشەوەران بۆ سەلماندنی ڕاستی و زانیاری.

ئینتەرنێت دەبێتە دەنگی بەشێکی پتری خەڵک، پتر لە هەمیشە و بەشداربوون تێیدا باشە. بەڵام ڕۆژنامەنووسان و هاووڵاتییان دەبێت ئاگەداری ئەو مەترسییانە بن کە لەگەڵ زاڵبوونی هەر شێوازێکدا دەردەکەون. کاتێک ئەم کۆڕبەندە جەماوەرییە نوێ و یەکجار بەهێزە تاو دەسەنێت، هێزی ئەو شتەی جێنشین کراوە- هەوڵی پیشەوەرانە بۆ سەلماندن- لەناو دەچێت. بۆیەش لە هەمان کاتدا کە ئێمە بە ڕەوایی ڕێز لە گفتوگۆی جەماوەری دەگرین کە خەریکە لە دایلۆگی میدیادا دەبێتە بەشێکی دانەبڕاو، پێویستە بەرگەگرتن بۆ ئەو شتەی لە دەستیشی دەدەین، لە بەرچاو بگرین. لە جیاتیی ئەوەی وا دابنێین کێشەی سەلماندن چارەسەر بووە، چونکە ڕاستییەکان وەک کاڵایەک مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت و بەها و کاتێکی زیاتر دراوەتە مشتومڕی، پێویستە لە پێشکێشکردنی ڕاستییەکان بە ڕاست و دروستی زۆرتر وریا بین نەک کەمتر.

گفتوگۆی جەماوەری لە ناوجەرگەی ڕۆژنامەوانیی فەرمیی ئەمەریکیدا درۆ دەکات

---

545. Nature
546. Encyclopedia Britannica

و پێشی دەکەوێت. پێش چاپەمەنیی نووسراوی، وەک باسمان کرد، هەواڵ لە ماوەی پێکێکی ئاوجۆ لە مەیخانەکاندا ئاڵوگۆڕ دەکرا. هەواڵەکان وشەی نەگۆڕی چاپکراوە نەبوون، بەڵام لە بۆشەوە هەڵدەنەقوولان، بەشێکی گفتوگۆیەک بوون و هەرچەندە لە گفتوگۆکان بەئاشکرا زانیاری ئاڵوگۆڕ دەکرا، بەشی زۆری بایەخەکە درابوو بە ئاڵوگۆڕکردنی بیرۆکە و بۆچوونەکان.

لەگەڵ گەیشتنی چاپەمەنیی چاپکراوە، ئەم نەریتە لەناو نەچوو، بگرە بۆ پێشەوە بۆ ناو ئەو گوتارانە گوازرایەوە کە کۆنترین رۆژنامەکانیان داگیر کردبوون. نوا وێبستر[٥٤٧] (کە فەرهەنگەکەی بۆ یەکەم جار زاراوەی نووسیاریی پێناسە کرد) لە "گوتارێک بۆ جەماوەر"[٥٤٨] کە لە یەکەم چاپی ئەمێریکەن مینێرڤای[٥٤٩] خۆیدا (لە ٩ی کانوونی یەکەمی ١٧٩٣) ئەم ئەرکەی وەسف کردووە : "رۆژنامە بە تەنیا گەیەنەری ئەو شتە نییە کە پێی دەگوترێت هەواڵ، بگرە ئامرازی گشتییە بۆ گفتوگۆی جەماوەری، کە بەهۆیەوە هاووڵاتییانی ئەم کۆمارە بەرفراوانە بەبەردەوامی گفتوگۆ دەکەن و لەگەڵ یەکتر لەسەر بابەتی پێوەندیدار بە جەماوەرەوە مشتومڕ دەکەن".

لە سەردەمانی دواتردا رۆژنامەوانی کاری کرد بۆ زیندووڕاگرتنی بیرۆکەی کۆڕبەندێکی کراوە لەگەڵ جەماوەردا. کاتێک رۆژنامەکان لە دواییدا "هەواڵ"یان هەبوو بۆ ئەوەی بیگوازنەوە لاپەڕەی نووسیاری بووە پێگەیەک بۆ گفتوگۆی جەماوەری لە ڕێگەی چاپکردنی نامەی نێردراو بۆ نووسیار و دواتریش لاپەڕەکەی بەرامبەر بەلاپەڕەی نووسیاری کە زۆربەی جار لەلایەن خوێنەرانەوە دەنووسرا. خاوەن ئیمتیازەکانیش چمکی کۆڕبەندەکەیان بەشێوەی سەرەتاییتر پاراست. لە ١٨٤٠دا هۆستن ستار[٥٥٠] لەناو یەکەمین ئەو رۆژنامانەدا بوو کە لۆبییەکەی کردە شتێکی پتر لە دەروازەیەک بۆ ژووری هەواڵ، رۆژنامەکە بووە ساڵۆنێکی کراوە بۆ جەماوەر. دانیشتوان نەک تەنیا هان دەدران سەردانی رۆژنامەکە بکەن، بگرە بۆ خۆیان "گلاسێک بخۆنەوە، رۆژنامەیەکی سەرنج ڕاکێش بخوێننەوە و جگەرەیەکی خۆش بکێشن". لە زۆر شاردا نەریتی لۆبیی رۆژنامە وەک ژووری خوێندنەوە و ساڵۆنی جەماوەری بانگهێشتنکراو بۆ پتر لە سەدەیەکی تر درێژەی کێشا. رۆژنامە

547. Noah Webster
548. ADDRESS to the PUBLIC
549. American Minerva
550. Houston Star

نەک تەنیا بەشێکی کۆمەڵگە بوو، بگرە بەشێوەیەکی زۆر هەستپێکراو شوێنێک بوو بۆ کۆبوونەوە و گفتوگۆکردنی کۆمەڵگە.

تۆم وینشیپ[551] پێی وابوو رۆژنامەکەی لەم رۆڵەدا شکستی خواردووە پاش ئەوەی گوزارشی رۆژنامەکەی لەبارەی تەنگژەی پاسەکانی قوتابخانەوە لە بۆستندا هەڵسەنگاندووە، گوزارشێک کە لە ١٩٧٥دا خەڵات پوڵیتزری بۆ بۆستن گلۆب بردەوە بەبۆنەی خزمەتی دیار رۆژنامەکە بە جەماوەرەوە. وینشۆپ کە ئەو کات نووسیاری رۆژنامەکە بوو گەیشتە ئەو باوەڕەی ئەو هەڵە بووە کاتێک داوای لە ستوونیوسانی کردووە ماوەی دوو حەفتە لە مشتومڕیکردن لەسەر دژیەکییەکان دوور بکەونەوە. لە کاتی پاش هەڵسەنگاندنەکەدا ئەو گوتی ستوونووسانی گلۆب رەنگە پێشنیازی بنیاتنەرانەیان سەبارەت بەجێبەجێکردنی پلانەکە هەبووایە. ئەو بە زامنپاراوییەوە پرسی "ئێمە بۆچی بە گڕ و تینی پتر لە وردەکارییەکانی پلانی پاسەکانمان نەپرسی؟ وابزانم خۆپێشاندانەکانی سەر شەقام و هێرشەکانی ئۆپۆزسیۆن بۆ سەر رۆژنامەکە بەسەرماندا زاڵ بوون... من تووشی سانسۆرکردنی ستوونووسانی رۆژنامەکە بووم."

کێشەکە لەوەدایە ئەمڕۆکە چمکی میدیا وەک کۆڕبەندێکی جەماوەری رەهەندگەلێکی سەرووئاساییی وەرگرتووە. لە ١٩٩٠دا میدیا رێخۆشکەر بوو بۆ پەرەسەندنی ئەو شتەی زمانەوان و نووسەر دێبۆرا تەنن[552] بە "کولتووری مشتومڕی"[553] وەسفی کردووە. ئەوەش بە پرۆگرامی تەلەڤزیۆنیی وەک کرۆسفایر[554] لەسەر سی ئێن ئێن و زێ مەکلافلێن گرووپ لەسەر تەلەڤزیۆنی بازرگانی و گفتوگۆی رادیۆیی بەرەوپێش چوو، بەڵام رەنگدانەوە بوو بۆ شتێکی قووڵتر و کولتووریتر لەبارەی رووداوەکانی ناو سیاسەتەوە. لە ١٩٩٨دا پرۆگرامی وەک ئەوەی خوارەوە کە لەسەر شێوەی پرۆگرامی تەلەڤزیۆنیی کرۆسفایری سی ئێن ئێن بوون، نائاسایی نەبوون.

لەم گفتوگۆیەی خوارەوەدا، لەری کلێیمەن[555]، بەڕێوەبەر و راوێژکاری گشتیی

551. Tom Winship
552. Deborah Tannen
553. Argument Culture
554. Crossfire
555. Larry Klayman

چاودێریی دادوەری کە گرووپێکی یاسایی کۆنەپارێزی خۆبەختکردوو بۆ ڕکابەرێتی لەگەڵ کاربەدەستانی دیموکراتە، پێی وایە سەرۆک کلینتۆن پێویستە بۆ جاری دووەم لێپێچینەوەی لەگەڵدا بکرێت، چونکە ئەو نەیتوانیوە ئەو ئیمێیلانەی کۆشکی سپی کە پێوەندییان بە ناکۆکیی "فایلگێیت"[556] ەوە هەیە رادەستی وەزارەتی داد بکات و لەبەر ئەوەش کە سەرۆک نامەکانی کەسێنیی لەگەڵ کەسلین ویلیدا بڵاو کردووەتەوە. کلێیمەن لەناو پرۆگرامی کرۆسفایر لەگەڵ هاوپێشکێشکاران بیل پریسی[557] لیبراڵ دیموکرات و رۆبێرت نۆڤاکی[558] کۆنەپارێزدایە.

کلێیمەن: ئەمە یەکەم جارە لە مێژووی ئەمەریکادا سەرۆکێک بەتاوانێک حوکم بدرێت و بیل من پێشنیاز دەکەم، لێم گەڕێ با لێرە بیبرێنمەوە... کاتی لێپێچنەوەیەکی ترە.

پریس: وابزانم بەر لە هەموو شتێک ئێمە دەرفەتی چاوپێداخشاندنەوە بە فەرمانەکەمان هەیە و، دووەم شت، پێم خۆشە ئاماژە بەوە بدەم پیاوی ئێوە... (لە دادگای بالا) ئانتۆنین سکالیا[559] لە ١٩٧٥دا فەرمانی دا یاسای تایبەتمەندێتی کاری پێ نەکرێت.

کلێیمەن: ئەو فەرمانی پێ نەدا. ئەو فەرمانی پێ نەدا. ئەو فەرمانی پێ نەدا.

پریس: لە ڕاستیدا ئەو کاتە ئەوە بۆچوونی ئەو بوو و لەو کاتە بەدواوە ئیدارەی کۆماری و دیموکراتەکان پێرەوییان لێی کردووە.

کلێمەن: بیل، ئەو سەرە خالانەی کۆشکی سپی بۆ باسی ئەمشەوی پێت داوە، کەموکوورییان تێدایە.

پریس: نەخێر، نا.

کلێیمەن: ئەوان بە تۆیان نەگوتووە یاداشتی ناوەخۆیی لەناو کۆشکی سپیدا هەن کە دان بەوە دەنێن- لە کۆشکی سپیی کلینتۆندا- یاسای تایبەتمەندێتی کاری پێ

---

٥٥٦. Filegate لە ١٩٩٦ دا دەرکەوت لە نێوان ساڵانی ١٩٩٣ تا ١٩٩٤ کارگێڕی کۆشکی سپی فایلی کەسێنیی کارمەندان پێشووی کۆشک و بەرپرسانی و راوێژکارانی بەبێ وەرگرتنی مۆڵەت لە نووسینگەی ئێف بی ئای وەرگرتبوو. لەم ناوەدا خێزانی سەرۆک کلینتۆن، هیلاری کلینتۆنیش گومانی خرایە سەر.

557. Bill Press
558. Robert Novak
559. Antonin Scalia

دەکرێت. بێگومان لەو بارەیەوە هیچ ناکۆکییەک نییە.

پرێس: بێگومان، بێگومان ناکۆکی هەیە.

کلێیمەن: زمانە سادەکەی حوکمەکە دەڵێت فەرمانەکە لەسەر نووسینگەی جێبەجێکاری سەرۆکدا پیادە دەبێت.

پرێس: با بچینە سەر خودی نامەکانەوە. من کۆمێک لەم نامانەم لە نهۆمی سەرەوەدا هەیە. ئەمانە نامەی کەسێنین، کۆپیکراوەی نامەکانن... نامەی بە دەست نووسراوی کەسلی ویلین.

کلێیمەن: بیڵ، تۆ چۆن ئەوانەت دەست کەوت؟

پرێس: هیچ پێوەندیی بەتۆوە نییە.

کلێیمەن: چۆن؟

پرێس: بەڕێز سەرۆک...

نۆڤاک: پرێس رەنگە فەرمانی دادگەت بۆ دەربچێت.

پرێس:... لە ١ی تشرینی دووەمی ١٩٩٦دا بەڕێز...

نۆڤاک: فەرمانی دادگە لە داهاتووی تۆدا دەبینم.

پرێس: بۆب ئەگەر بکرێت ئیتر قسەم پێ نەبڕیت با ئەمە بخوێنمەوە؟

لە ٢٠٠٠دا لە ماوەی ٢٤ سەعاتدا بەتێکڕا لە تەلەڤزیۆن ١٧٨ سەعات بۆ هەواڵ و پرۆگرامی کاروباری گشتی تەرخان کرابوو کە نزیکەی ٤٠٪ی لەسەر شێوازی شۆی گفتوگۆئامێز بوو. ساتەکە رەنگە بەباشترین شێوە ترۆپکی کولتووری مشتومڕی بووبێت، کە لەگەڵ لێپێچینەوەی بیڵ کلینتۆندا گەیشتە لووتکە. بەڵام بەرزبوونەوەکە رەنگدانەوەی کۆمەڵێک فاکتەر بوو.

یەکێک لە هێزەکانی پاڵنەری کولتووری مشتومڕی بەتەنیا ئەوە نەبوو کە جەماوەر خوازیاری بوو، بگرە بەشێوەیەکی تەواو دەقاودەق ئەوەیە قسەکردن هەرزانە. تێچووی بەرهەمهێنانی شۆیەکی گفتوگۆئامێز تەنیا بەشێکی تێچووی دامەزراندنی ژێرخانی هەواڵنێری و بڵاوکردنەوەی هەواڵە. لە ئەنجامدا لەو شتەی ئێمە لە شوێنی تردا بە کولتووری نوێی میدیای ئاوێتە لە شۆیەکانی گفتوگۆئامێزی رادیۆ و تەلەڤزیۆن، ماڵپەڕەکان، ژوورەکانی چات، بلۆگەکان، بولێتین بۆرد[٥٦٠] و شتی تری

560. Bulletin Board

ناو دەبەین، کە ئێستا بەسەر سیستەمەکانی پێوەندیکردندا زاڵە، پێویستی بەدەربڕینی بۆچوون شوێنی پێویستی بە سەلماندن و هەندێک جار پێویستی بە گوزارشکردنی گرتووەتەوە. بیر لەوە بکەوە لە ٢٠٠٦دا لە سەرانسەری هەواڵە تەلەڤزیۆنییەکاندا ئێمە تەنیا تاکە شۆیەکی گفتوگۆئامێز دەناسین کە هەوڵی داوە لە راستییەکان بکۆڵێتەوە و لە ماوەی پرۆگرامەکەدا هەڵەکان راست بکاتەوە. ئەو شۆیە پاردن زێ ئینترەپشن[٥٦١] شۆیەکی گفتوگۆئامێزە لەبارەی وەرزش لەسەر ئی ئێس پی ئێندا[٥٦٢].

دووەم شت، وەک لە سەرەتا لە کتێبەکەی پێشووترماندا، رەپ سپید، باسمان لێوە کرد، کولتووری مشتومڕی بەئاراستەی سووککردنی ئەزموون بوو. کولتووری مشتومڕی کە نائومێدانە لە هەوڵی بەرزکردنەوەی پێگە جەماوەرییە هەڵچوواوەکەی لەسەر تەلەڤزیۆن یان دامەزراندنی پێگەیەکی نوێ لەسەر ئینتەرنێتە، لە جیاتیی ئەوە ئێستا بەئاراستەی بایەخدان بە نوێبووندا دەڕوات. گوێ لە بیل شاینی[٥٦٣] بەرهەمهێنی جێبەجێکاری جەماوەرکێشترین پرۆگرامی فۆکس نیوز بگرە کە لە ٢٠٠٠دا باس لەوە دەکات بۆچی هێزر ناورتی[٥٦٤] دامەزراندووە، کە ئێستا پەیامنێری ئێی بی سییە- کەسێک لە چینی لە گەشەدابووەی شرۆڤەکارانی نیمچە شارەزای کەم بەرچاو و بەزۆری گەنج کە دەستیان بەسەر کولتووری نوێی میدیادا گرتووە. شاین بە واشینتۆن پۆستی گوت "سەرەتا کە هێزرم دیت، بیرم کردەوە ئەو دیموگرافیای ئێمەیە، ئەو دەتوانێت خەڵکی گەنجی تر بێنێتە ناوەوە". جگە لەوەش، شارەزایانی گەنجتر "وزەیەکی پتر دەردەن. پیاو و ژنانی بەتەمەنتر زیاتر... لە دواوە دادەنیشن و دەحەسێنەوە. ئەگەر مشتومڕیت هەبێت، پێویستیت بە گڕ و تینە".

هەرچەندە ناورتی ئەو کات ٢٩ ساڵان هیچ ئەزموونێکی لە سیاسەت و تەلەڤزیۆن و رۆژنامەوانیی چاپەمەنیدا نەبوو و هیچ کات بۆ پارتی کۆماری کاری نەکردبوو، فۆکس زۆربەی جار بەهەڵە وەک "راوێژکارێکی کۆماری" یان "ستراجیکارێکی کۆماری" ناوی دەبرد. ناورت روونی کردەوە "وابزانم ئەوان پێویستیان بەو ناونیشانە هەبوو". بەداخەوە چینی نوێی شارەزایان هەوسارکراوەن بۆ چوونە ناو هەر

561. Pardon the Interruption واتە ببورە قسەم پێ بڕیت
562. ESPN
563. Bill Shine
564. Heather Nauert

ئەركێكی پیشەوەرانە یان ئەزموونێک جگە لە ویستیان بۆ بەردەوامبوون لەگەڵ تەلەڤزیۆن. بەم شێوەیە شەڕوانانی نویٚ لە پێناو بەرهەمهێنەرانی تەلەڤزیۆن پتر لە هەموو شتێک خۆیان بۆ دابینکردنی گڕ و تین و بۆچوون و زێدەڕۆییی پێویست بۆ پرۆگرامەكە بەخت كردووە. میدیا لە جیاتیی دۆزینەوە یان رامان لە قسەهۆنینەوە– بەواتایەكی تر درۆ و دەنگۆ– زۆربەی جار هەوەسی لە قسەهۆنینەوەیە. بەدروستكردنی "شارەزا"كانەوە میدیا مشتومڕیی راستەقینەی جەماوەر ناگوازێتەوە، مشتومڕییەكی دەستكردی خۆی لە پێناو تەلەڤزیۆن دروست دەكات.

سێیەم تایبەتمەندیی كۆڕبەندی نوێی میدیای گەورەتر ئەوەیە مەرج نییە كۆڕبەندەكە مەودای گفتوگۆ جەماوەرییەكە بەرفراوان بكات. كۆڕبەندە میدیاییيە هەرە گرینگەكان– شۆیە تەلەڤزیۆنییەكان، پرۆگرامەكانی رادیۆیی و ماڵپەڕە سەرەكییەكان– زیاتر دەپڕژێنە سەر زنجیرەیەكی بەشێوەیەكی سەرسڕمێن تەسكی هەواڵ كە لە رووی بازرگانییەوە سەركەوتوون. بازنەكانی چاپكردن بەبیٚ هیچ ژێرخانێكی هەواڵنێری پێویستە پشت بەم هەواڵە كۆن و سادانە ببەستن كە جەماوەر بەئاسانی دەتوانێت لەناویاندا نقووم ببێت و لێیان دەربچێت. ئەم رێژیمە میدیاییيە هەر هەموو شتێكی تێدایە لە درامای رادیۆ و تەلەڤزیۆنیی بیٚ نرخەوە بگرە تا گۆڕینی خەڵكی نەناس بۆ سەرناس و لێک بەستنەوەی نوێترین رووشان بە شەڕی دژە تیرۆر.

بەرەنجامە كۆمەڵایەتییەكان ئاشكران. زۆرێک لە نیگەرانییە دیارەكانی نەتەوە تووشیان بووە لە چوارگۆشەی جەماوەریی گەورەتردا نین. ئەمانە سپێردراون بەزنجیرەیەک میدیای كەمینەی بچووكترەوە. بیٚ مەیلیی تۆڕەكانی تەلەڤزیۆن بۆ وەشاندنی ساتە چارەنووسسازەكانی چالاكیی سیاسی وەک رێككەوتنە سیاسییەكان و جێهێشتنی ئەو ئەركە بۆ تەلەڤزیۆنەكانی ئابوونەوەرگرەوە، تەنیا هێمایەكە. ئەنجامەكەی ئەوەیە میدیای گشتی ئیتر رێخۆشكەر نییە بۆ دەستنیشانكردنی كۆمەڵێک كێشە. یەكێک لە دیارترین تایبەتمەندییەكانی كولتووری ئەمەریكی– واتە توانستی نەتەوە بۆ هاندانی خۆی لە بەرەنگاربوونەوەی كێشەكان وەک چۆن ئێمە لە بەرامبەر فاشیزم یان كۆمۆنیزم یان خەمۆكیدا كردمان– ئێستا جێی گومانە.

لە کۆتاییدا سروشتی خودی گفتوگۆیەکە لە ئارادایە. تامەزرۆیی میدیا بۆ گفتوگۆ پەرەگرانە گۆڕا بۆ تاسەیەک بۆ دوو جەمسەربوون. لە بازنەی بازرگانی تردا، لەسەر رادیۆ و تەلەڤزیۆندا "گفتوگۆکان" زۆربەی کات هیچ پێوەندییەکیان نییە یان پێوەندییەکی کەمیان هەیە بە ئەرکی رۆژنامەوانی بۆ رۆشنبیرکردنەوە. لە جیاتیی بەگوێرەی ئەو تیۆرەی کە هەمووان حەز لە مشتومڕییەکی باش دەکەن، هەموو کێشەکان وێ دەچێت بێ چارەسەر بن. سازش وەک بژاردەیەکی رەوا پێشکێش ناکرێت. ئەو ئەو شتەیە مایکڵ کرایتنی[565] نووسەر لە سەرەتای ١٩٩٣دا بە "نەخۆشیی کرۆسفایر" ناوی ناوە وەک ئاماژەیەک بۆ پرۆگرامەکەی سی ئێن ئێن. مەجازەکە لەوەدایە هەرچەندە پرۆگرامەکە جەماوەرێکی بچووک بەڵام تامەزرۆ دروست دەکات، ڕکابەرێتییە بەهەراوهوریاکە بەتێپەڕینی کات بەئاراستەی بێگانەکردنی جەماوەری گەورەتردا دەڕوات کە تا دێت کەمتر خۆی لەناو مشتومڕییەکەدا دەبینێتەوە.

کرایتن سروشتی گفتوگۆی ناو کولتووری مشتومڕیی شی کردەوە: "ئاخۆ تۆ لایەنگری بەرهەمی ناوەخۆییت؟... ئاخۆ پێت وایە گەشتەکەت بۆ رۆژهەڵاتی ناوین بەفیڕۆدانی کات بووە؟.... داڕشتەی پرسیارەکان وەڵامەکە دەسەپێنێت". لەوەش گرینگتر "ئەم پرسیارانە جۆرێکی سادەکراوەی واقیع پێشان دەدەن کە هیچ کەسێک لە ڕاستیدا پێی قبووڵ نییە".

"ئێمە هەموومان پێمان وایە لەم رۆژگارەدا لە یەکێک لە دوو ئاراستەکانی مەودای بۆچووندایین. ئێمە لایەنگری منداڵ لەباربردن یان دژی ئەوین. ئێمە بازرگانیی سەربەخۆ یان لایەنگری بەرهەمی ناوەخۆیین. ئێمە لایەنگری کەرتی تایبەت یان حکوومەتی گەورەین. ئێمە یان مێپەروەر یانیش شۆڤێنین. بەڵام لە جیهانی واقیعدا ژمارەیەکی کەم لە ئێمە ئەم بۆچوونە توندڕۆیانەیان هەیە. لە جیاتیی ئەوەی مەودایەکی بۆچوون هەیە".

کێشەی ئەم تایبەتمەندییانەی کولتووری مشتومڕی– واتە ئاستی دابەزیوی هەواڵنێری، بێ نرخکردنی شارەزایان، جەختکردنەوە لەسەر مەودایەکی تەسکی هەواڵی بازرگانیی سەرکەتوو و، جەختکردنەوە لەسەر مشتومڕییەکی یەکجار

565. Michael Crichton

سادەکراوە و دوو جەمسەرە- ئەوەیە ئەم تایبەتمەندییانە بەئاراستەی دابڕاندنی خەڵکە لە گفتوگۆیە جەماوەرییەکە کە میدیا نەک تەنیا پێویستە پشتگیریی بکات، بگرە بۆ زیندوومانەوەشی پێویستی پێیەتی. گۆڕینی سیاسەت بۆ ڕکابەرێتییەکی بەهەراوهوریا خەڵک لە میدیا دوور دەخاتەوە.

رۆبێرت بێردالی[٥٦٦] سەرۆکی زانکۆی کالیفۆرنیا لە بێرکلی لە ١٩٩٨ لە کۆبوونەوەیەکی رۆژنامەنووساندا گوتی "دیموکراسی لەسەر سازشێکی بنەڕەتی لە نێوان زۆرینە و کەمینەوە دامەزراوە. بەڵام سازش ناکردەنییە ئەگەر هەر کێشەیەک بۆ ئاستی پێویستییەکی رەوشتی بەرز بکرێتەوە"، واتە ئاسان بکرێتەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ کۆمەڵێک دەمارگیریی کلێشەیی بگونجێنرێت یان "بەشێوەیەک چوارچێوەڕێژ بکرێت تاوەکو بەرزترین ئاستی راتەکان بەرهەم بێنێت". بەڵام ئەمە ئەو شتەیە کە چاپەمەنی بەشێوەیەکی نموونەیی دەیکات.

بێردال درێژەی پێ دەدات "من بۆ یەک ساتیش پێم وا نەبووە میدیا و رۆژنامەکان تاکە سەرچاوەی رەشبینین لە کۆمەڵگەی ئێمەدا. بەڵام شەپۆلی بەدگومانی لەسەرمانە و زۆر زیانگەیێنە بۆ دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی شارستانی... چونکە ئەو جۆرە بەدگومانییە داڕزێنەرەی ئێمەی تووشی بووین رێخۆشکەرە بۆ هەست ساردی و بێباکی. رێخۆشکەرە بۆ پاشەکشەکردن. رێخۆشکەرە بۆ پرژانە سەر تاک لەسەر حسێبی کێشەی کۆمەڵگەی گەورەتر... من پێم وایە بەدگومانی جۆریەتیی گفتوگۆی شارستانی لە ئەمەریکادا دادەخورێنێت و هەڕەشە لە بناخەی دامەزراوە دیموکراتییەکان دەکات".

بێردال پێی وابوو چاپەمەنی پێویستە لەوە تێ بگات هەرچەندە سەربەخۆیە بەڵام دانەبڕاوە. رۆژنامەنووسان بەم شێوەیەی ئەو دەیڵێت "چاودێری دابڕاو لە کێشەی بەردەست نین". ئەوان سەربەخۆن، بەڵام پشکێکی زۆریان پێوە هەیە.

مەبەست لە هیچ کام لەوانە ئەوە نییە بگوترێت بەستنی کۆربەندێک لەگەڵ جەماوەر رەنگە بەمانای بەشداربوونەوە نەبێت. ئەوە هەر بەو مانایەیە ئاڵوگۆڕییەکە پێویستە هزردارتر بێت و پتر بپرژێتە سەر گفتوگۆیەکە و بۆ مەبەستێک بێت- واتە چارەسەرێک.

---

566. Robert Berdahl

جۆن کەتزی[567] رەخنەگری میدیای بە هاوکارە ئەکادیمییە لێکۆڵەوانەکانمانی گوت "ئەم کولتوورەی ئەو خەڵکەی باوەڕیان بەوەیە رۆژنامەوانی پێویستە لەبارەی مشتومڕییەکی بەهەراوهوریاوە لە ڕێگەیەکی بیرتیژانە بێت، یەکجار سروشی بۆ هێناوم. بەڵام مەبەستم ئەوە نییە خشتەیەک لە سەری یەکێک رابکێشیت و بڵێیت "ئەرێ، ئەرێ، تۆ گەمژەیت. پێویستە تۆ بەڕاستی خەڵک بۆ بیرکردنەوە بورووژێنیت– بەرەنگاریان ببیتەوە بۆ ئەوەی بیرۆکەکانیان بسەلمێنن و بەرگریان لێ بکەن، بەهەمان شێوە کە من هی خۆم دەسەلمێنم و بەرگرییان لێ دەکەم".

بەکورتی مشتومڕیی جەماوەری نابێت یارییەکی بەهەراوهوریا بێت– هەڵدانی کولیچەی سیاسی یان مشتومڕی بەشێوەی سەرگەرمی بێت. چاپەمەنی بە گشتگیربوون و جیاوازی بەخشین و بەڕەنگدانەوەی شوێنی راستەقینەی مشتومڕییەکە لەناو کۆمەڵگەدا و هەروەها خاڵەکانی رێککەوتن بەشی بە گفتوگۆکەوە هەیە.

لە ٢٠٠٦دا کولتووری مشتومڕی بۆ شتێکی نوێ گۆڕا. ئەو گۆڕانە لەوانەیە بە زەقترین شێوە لە ١٥ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٤دا روون بووبێتەوە، ئەمەش بە دەرکەوتنی جۆن ستیوارتی[568] کۆمیدیەن لە کرۆسفایر– نموونەی مەجازیی کولتوورەکە و پرۆگرامێک کە ئەو کات پتر لە دەیەیەک بوو پەخش دەکرا.

ستیوارتی پێشکێشکاری دەیلی شۆ[569] لە کۆمێدی سێنترال[570]، کە یەکجار جەماوەرکێش بووبوو بەتایبەتیش بۆ جەماوەری گەنج کە لە ڕێگەی رێکلامکارانەوە تامەزرۆ کرابوو، بووبووە رەخنەگری کرۆسفایر و ئەو شێوازە مشتومڕییەی کرۆسفایر بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کەسایەتیی سیاسی بەکاری دەهێنا بەتایبەتیش لەگەڵ سیناتۆر دیموکرات جۆن کێریی [571]کاندیدی سەرۆکایەتی. ستیوارت لەلایەن هاوپێشکێشکارانی شۆیەکە، پۆڵ بێگالا[572] ، نوێنەری باڵی چەپ و تاکر کارڵسنی[573] نوێنەری باڵی راستی مەودای سیاسی بانگهێشتن کرابوو.

---

567. Jon Katz
568. John Stewart
569. Daily Show
570. Comedy Central
571. John Kerry
572. Paul Begala
573. Tucker Carlson

کارڵسن بەبزەیەکی ئاشکرا کە ئاماژەی بە تامەزرۆییی ئەو بۆ گفتوگۆ لەگەڵ ستیوارت و "جۆری تایبەتی بۆچوونی لەبارەی سیاسەت و چاپەمەنی و ئەمەریکا" دەدا، گوتی "بەڵێ، ئەو بە بڕواپێکراوەترین کەس لە بواری هەواڵی ساختە ناونراوە". بەڵام بەنزیکەیی دەستبەجێ بەخوێندنەوەی روونووسێک، لانی کەم بۆ خوێنەران، ئاشکرا بوو ستیوارت نەهاتبووە شۆیەکە بۆ ئەوەی لەگەڵ پێشکێشکارانی گاڵتەگۆڕینەوە بکات.

ستیوارت: ئێوە، هەردووکتان، بۆچی مشتومڕی دەکەن؟ رقم لێیە کە دەیبینم.

کارڵسن: چێژی لێ وەردەگرین.

ستیوارت: با پرسیارێکت لێ بکەم.

کارڵسن: باشە، لێم گەڕێ با من یەکەم جار پرسیارت لێ بکەم.

ستیوارت: باشە.

کارڵسن: ئاخۆ جۆن کێری- جۆن کێری لە ڕاستیدا باشترینە؟ مەبەستم ئەوەیە جۆن کێری...

ستیوارت: ئاخۆ ئەو باشترینە؟ من پێم وایە لینکۆڵن باش بوو.

کارڵسن: ئاخۆ ئەو باشترین نموونەی دیموکراتەکانە؟

ستیوارت: ئاخۆ ئەو باشترین نموونەی دیموکراتەکانە؟

کارڵسن: بەڵێ، ئەمساڵ لەناو هەموویاندا.

ستیوارت: من هەمیشە پێم وابووە- لە دیموکراسیدا- و دووبارە من نازانم- من هەر لەم وڵاتەدا ژیاوم- پرۆسەیەک هەیە. پێی دەڵێن هەڵبژاردنی سەرەتایی.

کارڵسن: وایە.

ستیوارت: و هەمیشە باشترینەکان هەڵنابژێردرێن، بگرە هەر کەسێک بیباتەوە. کەواتە ئاخۆ ئەو باشترینە؟ بەگوێرەی پرۆسەکە.

کارڵسن: وایە. بەڵام لەو نۆ کەسەی ڕکابەرییان کرد، پێت وایە کامیان باشترین بوو؟ پێت وایە ئەو باشترین، کاریگەرترین بوو؟

ستیوارت: کاریگەرترین؟

کارڵسن: بەڵێ.

ستیوارت: من پێم وابوو ئاڵ شارپتن[574] یەکجار کاریگەر بوو. حەزم لە شێوازی ئاخاوتنی بوو. پێم وایە زۆربەی جار ئەو کەسەی دەزانێت سەر ناکەوێت ڕێگەی پێ دراوە بە ئازادانەترین شێوە بدوێت، چونکە بەپێچەوانەوە لەگەڵ ناونیشانی وەک کرۆسفایر...دا دەردەکەون.

بێگالا: کرۆسفایر.

ستیوارت: یان هاردبۆڵ یان "ئام گۆوینگ توو کیک یۆر ئەس"[575] یان بەسەریدا باز بدەم. لە زۆر ڕووەوە گاڵتەجاڕە. من هەوڵێکی تایبەتم دا بۆ ئەوەی ئەمڕۆ بێمە شۆیەکە، چونکە من خۆم لەناو دۆستانم و جاربەجار لە ڕۆژنامە و شۆیە تەلەڤزیۆنییەکاندا گوتوومە ئەم شۆیە خراپە.

بێگالا: ئێمە تێبینیمان کردووە.

ستیوارت: و من دەمەویست... هەستم دەکرد ئەوە ڕەوا نەبووە و دەبوایە بێم بۆ ئێرە و پێتان بڵێم من ناتوانم- گرینگ نییە شۆیەکە خراپە بگرە زیانگەیێنە بۆ ئەمەریکا. بەڵام من ویستم ئەمڕۆ بێم بۆ ئێرە و بڵێم... ئازاردانی ئەمەریکا بەسە، بەسە، بەسە.

بەئاشکرا ئێستاکە پێشکێشکاران لەو شتەی پێشتر بینەران تێبینییان کردبوو، تێ گەیشتبوون- لەوەی شۆیەکە بۆ گاڵتەی توانجداری چاوەڕوانکراو نەبوو- و کارڵسن هەوڵی دا لە ڕێگەی تەحەداکردنی ئەو شێوازەی ستیوارت جۆن کێری لە شۆیەکەی خۆیدا دیمانە دەکرد، بارودۆخەکە لە دژی ستیوارتدا بشکێنێتەوە.

کارڵسن: تۆ هەست ناکەیت... هەلت بۆ ڕەخساوە لەگەڵ ئەو کابرایەدا دیمانە بکەی. لە جیاتیی لووتبەرزیت بەرامبەری، بۆچی پرسیارێکی ڕاستەقینەی لێ ناکەیت؟

ستیوارت: وایە. "تۆ چۆن خۆت بۆ دەگیرێت؟" لووتبەرزییەکی ڕاستەقینەیە. و من لە ڕاستیدا پەیامێکی ڕەقی گەرمی ئاراستە دەکەم بەهەمان شێوەی ئێمە

574. Al Sharpton

٥٧٥ . I'm going to kick your ass واتە دەمەوێت تێت هەڵدەم پێوەندیی هەیە لەگەڵ ڕستەی دواتری (یان بەسەریدا باز بدەم) بەبۆنەی وشەی ass کە بە مانای پاشەڵە .

خەریکی ئەم کارەین.

کارڵسن: وێ دەچوو وا بێت، وێ دەچوو.

ستیوارت: دەزانیت، سەیرە گوێم لە تۆ دەبێت باسی بەرپرسیاریەتیی من دەکەیت.

کارڵسن: من هەستم بە پریشکدانەوەی نێوانتان کرد.

ستیوارت: من هەستم پێی نەکرد.. و رەنگە ئەمە تا ڕادەیەک روونی بکاتەوە.

کارڵسن: نا، هەلی...

ستیوارت:... ئەوەیە دامەزراوەگەلی هەواڵی تەماشای کۆمێدی سێنترال بکات بۆ ئەوەی ئاماژەکانی راست و دروستییان دەست بکەوێت...

ستیوارت: کەواتە ئەوەی من پێشنیازی دەکەم ئەوەیە کاتێک تۆ باس لەوە دەکەیت قاچی سیاسەتوانان دەخەیە سەر ئاگر، پێم وایە ئەوە ناڕاشکاوە، پێم وایە تۆ...

(قسەگۆڕینەوە)

ستیوارت: بەڵام مەبەستی من ئەمەیە. ئەگەر بیرۆکەی تۆ بۆ بە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ من ئەوەیە من بەپێی پێویست پرسیاری هەواڵیی سەرسەختانە ناپرسم، هاوڕێیان ئێمە هەڵەین.

پاش قسەگۆڕینەوەیەکی پتر، ستیوارت قسەی خۆی دەباتە سەر سەرەڕای بێ مەیلیی تەواوی کارڵسن کە لە هەوڵی ئەوەدایە شۆیەکە بێنێتەوە ژێر کۆنترۆڵی خۆی.

ستیوارت: دەزانیت، خاڵی سەرنج ڕاکێش بۆ من ئەوەیە، تۆ بەرپرسیاریەتییەکەت بەرامبەر بە گفتوگۆی جەماوەری هەیە و خراپ شکست هێناوە.

کارڵسن: پێم وایە پێویستە تۆ کارێک لە قوتابخانەیەکی رۆژنامەوانیدا بدۆزیتەوە.

ستیوارت: تۆ پێویستە بچیتە یەکێک لەو قوتابخانانە. ئەو شتەی دەمەوێت بیڵێم ئەوەیە کاتێک تۆ خەڵکت هێناوە تەنیا بۆ فرتەئەژنۆ، قسەکردنی کاردانەوەیی...

کارڵسن: بوەستە. من پێم وابوو تۆ بەنیازی گاڵتەکردنیت. دەی. گاڵتە بکە.

ستیوارت: نەخێر. نەخێر. من نابم بە مەیمۆنی تۆ.

بێگالا: دەی، دەی،

ستیوارت: من رۆژانە تەماشای شۆیەکەتان دەکەم و دەمکوژێت.

کارڵسن: دەتوانم پێت بڵێم حەزی لێ بکە.

ستیوارت: ئەوەندە... ئۆھ تەماشاکردنی ئەوەندە بەئازارە. دەزانن، لەبەرئەوەیە ئێمە پێوستیمان بە کاری ئێوەیە. ئەمە دەرفەتێکی ئەوەندە باشە کە ئێوە لێرەدا دەتوانن لە ڕاستیدا سیاسەتوانان لە سزای بازاڕدۆزینەوە و ستراتیجییەکانیان رزگار بکەن.

کارڵسن: ئاخۆ ئەمە بەڕاستی جۆن ستیوارتە؟ ئەی ئەمە چییە؟

ستیوارت: بەڵێ، ئەمە کەسێکە شۆیەکەی ئێوە دەبینێت و چیی تر بەرگەی ناگرێت. من ئیتر ناتوانم.

کارڵسن: دەبێت نانخواردنی شەو لەگەڵ تۆ چۆن بێت؟ رەنگە وەک پێست هەڵکەندن وا بێت. ئاخۆ تۆ وەک خەڵکی وانەبێژ حەزت لەمەیە یان تۆ دەچیت بۆ ماڵیان و دادەنیشت و وانەیان پێ دەڵێیتەوە: کە ئەوان کارە راستەکە ناکەن و هەلەکانیان لە چنگ دەدەن و مل نادەنە بەر بەرپرسیاریەتییەکانیان؟

ستیوارت: ئەگەر بزانم بەم شێوەیەن.

کارڵسن: من حەز ناکەم لەگەڵت نان بخۆم پیاو. ترسناکە.

ستیوارت: دەزانم. و تۆش ئەم کارە ناکەیت... ئێمە بۆ ناتوانین هەر قسە بکەین... تکایە داواتان لێ دەکەم کوڕینە تکایە.

کارڵسن: پێم وایە تۆ زۆر سەیری کرۆسفایر دەکەیت. پشوویەکی کورت وەردەگرین.

ستیوارت: نا نا نا. تکایە.

کارڵسن: نا نا بوەستە. رێکلاممان هەیە.

ستیوارت: تکایە تکایە با بەس بێت.

لە کولتووری لەزگرتووی سەدەی بیست و یەکەمدا دەرکەوتنی ستیوارت بووە شتێکی نموونەییی خێرا، لە گشت ڕووبەڕی میدیادا سەرلەنوێ وەشێنرایەوە و بەکار هاتەوە. سی ئێن ئێن، کرۆسفاییر و کارڵسن لەناو بلۆگەکانی ئینتەرنێت و ژوورەکانی چات تا چەند رۆژ دواتر گورزیان پێ کەوت. لە کانوونی دووەمی ٢٠٠٥دا سەرۆکی سی

ئێن ئێن جۆناسان کلێین[576] رای گەیاند شۆیەکە هەڵدەوەشێنێتەوە. لەگەڵ ڕاگەیاندنی نەمانی پرۆگرامەکە، ئەو بە ڕۆژنامەنووسانی گوت "وابزانم بە دڵنیاییەکی پترەوە دەچمە ناو دەستەی جۆن ستیوارت".

ئەو کات ئەستەمە کلێین بەتەنیا بووبێت. کولتووری مشتومڕی نەبڕابووە. بەڵام لە بەرگدا دەگۆڕا بۆ شتێکی تر. ئەو پرۆگرامانەی کولتووری میدیایان دادەڕشت ئێستا مشتومڕیی ئەوەندە کراوە نەبوون، بێ براوە یان دۆڕاو بوون، وەک ئەو پرۆگرامانەی زیاتر یەک لایەنەن و هەستکردن بەوەرگرتنی وەڵامەکانیان پێشکێشی جەماوەر دەکرد–ستایلی پرۆگرامی بەرجەستەکراو لەلایەن لوس لیمباوە لەسەر ڕادیۆ یان بیڵ ئۆرێیلی[577] لەسەر تەلەڤزیۆن.

ئۆرێیلی، لیمباو، کێیت ئۆلبێرمەنی[578] چەپڕەوی ئێم ئێس ئێن بی سی یان ئێیر ئەمێریکا[579] لەسەر ڕادیۆ و تەنانەت ئامۆزاکانیان لە جیهانی بلۆگدا مشتومڕی پێشکێش ناکەن. ئەوان بەڵێنی وەڵام دەدەن. تەنانەت ئەو پرۆگرامانە وێ دەچێت مشتومڕی بن وەک کۆمز ئەند هەنیتیی[580] فۆکس لەم دەستە نوێیەدان. کۆمز لیبراڵێکی ڕواڵەتپارێز و بەنزیکەیی هەمیشە هاننەدەرە. لە سەردەمێکدا کە زانیاری وێ دەچێت لە ڕادەبەدەر دابین کرابێت، کولتووری مشتومڕیی نوێ ئاسوودەیی وەڵامی ئاسان پێشکێش دەکات کە ئەمەش وێ دەچێت بەجێگەیاندنی بەڵێنی یارمەتیدانی خەڵک بێت بۆ تێگەیشتن لە شتەکان و لە ڕێکخستنیان. زۆرێک لە بلۆگە جەماوەرییەکان لە ٢٠٠٦دا بەهەمان شێوە سەر بەم جۆرەن.

جگە لە هەستکردن بەوەی بۆچوون یارمەتیدەرە بۆ تێگەیشتنی خەڵک لە زانیارییەکان، پەلکێشییەکی تری جۆری نوێی کولتووری مشتومڕی باوەڕهێنانە بەوەی مشتومڕی بە یەک بۆچوونەوە جۆرێکی متمانەپێکراوەتر و ڕاستگۆیانەتری گفتوگۆیە لە سەردەمێکدا کە چمکی گوزارشێکی سەربەخۆی ڕووداوەکان جێی گومانە. لە کولتووری مشتومڕیدا، من هەڵوێستی تۆ دەزانم.

بۆ ئەوانەی سەرقاڵی میدیای بازرگانیی ترن، فاکتەرێکی پێوەندیدار ئەوەیە

576. Jonathan Klein
577. Bill O'Reilly
578. Keith Olbermann
579. Air America
580. Hannity and Colmes

کۆمپانیا میدیاییەکان مشتومڕی بە ڕێگەیەک بۆ پێوەندیکردن لەگەڵ کۆمەڵگە دەبینن لە کاتێکدا کە ئەو پێوەندییانە بێهێز بوون. مەجازەکە لەمەدا ئەوەیە بەتەنیا مایکێکی کراوە کاردانەوەیەکی ناتەواو و تەنانەت خۆبەزێنە[581] بەرامبەر بە کێشەکە.

جەک فولەری[582] سەرۆکی تریبیوون پابلیشینگ کۆمپانی[583]. هۆکارەکانی بەچڕوپڕییەوە دەربڕیوە. ئەو باس لە چاپەمەنی دەکات، بەڵام چمکەکان بەسەر میدیادا پیادە دەبن. فولەر لە کۆڕبەندێکی ڕۆژنامەنووسانی پەروەشەوە بەئێمەی گوت "گرژییەکە ئەمەیە. ڕۆژنامەیەک کە لە دەرخستنی کۆمەڵگەکەیدا بەخێرایی شکست دێنێت، سەر ناکەوێت. بەڵام ڕۆژنامەیەک کە بەرەنگاری بەهاکان و دەمارگیرییەکانی کۆمەڵگەکەی نابێتەوە، ڕێزی نامێنێت بەهۆی سەرنەکەوتنی لە پێشکێشکردنی ئەو ڕاستگۆیی و سەرکردایەتی لە ڕۆژنامەکانەوە چاوەڕوان دەکرێت". دەستبەجێ توانابەخشین و بزواندنی کاری کۆمەڵگە گرەوێکی گەورەیە، بەڵام گرەوێکە ڕۆژنامەوانیی هەمیشە بە هی خۆی زانیوە. گرەوێکە کە بردنە سەری دەکرێت، ئەمەش بە قبوڵکردنی ئەرکی پێشکێشکردنی نەک تەنیا زانیاری و ئەو تێگەیشتنانەی ئەندامانی کۆمەڵگە پێویستیانە، بگرە ئەو کۆڕبەندەش کە بەهۆیەوە دەتوانن لە بنیاتنانی کۆمەڵگەدا بەشدار بن.

پێویستی بۆ چاپەمەنییەک کە هەوڵ بدات بەرپرسیار بێت زیاتر بووە نەک کەمتر، ئەمەش بەهۆی ئینتەرنێتە کە تێیدا بۆڵێتین بۆرد و ژوورەکانی چات و بلۆگەکان و کۆڕبەندەکانی تر ئەو شتەیان بەرهەم هێناوە کە سەردەمانێک قسەیەکی تایبەتیی ناو گفتوگۆی جەماوەری بووە.

بڵاوکراوەکانی سەر دێیلی کۆس بلۆگ[584] لە ١١ی شوباتی ٢٠٠٦دا بەو ناونیشانە کرابوون "واشینتۆن پۆستییەکان، جیم برەدی[585] هێشتاش دەبەنگە". بڵاوکراوەکە کە پتر لە ٢٠٠ تێبینیی لەسەر بوو ئاماژەی بە جیم برەدی، نووسیاری جێبەجێکاری واشینتۆن پۆست دۆت کۆم[586] دەدا، کە ماوەی چەند ڕۆژێک بوو خۆی

581. Self-defeating
582. Jack Fuller
583. Tribune Publishing Company
584. Daily Kos Blog
585. Jim Brady
586. Washington Post.com

دەدزییەوە لە تانەکانی بلۆگەرانی چەپگەراوە لەبارەی بڕیارەکەی بۆ وەستاندنی تێبینییەکانی سەر واشینتۆن پۆست وەک وەڵامێک بۆ ئەو کاردانەوانەی خوێنەران کە بردەی پێی نەشیاو بوون. ئەو پتر لە هەزار تێبینییانەی سەر پۆست بلۆگ لە ناوەڕاستی کانوونی دووەمی ٢٠٠٦ ئاماژەیان بە دێبۆرا هاوڵی چاودێری پۆست دەدا، کە بە هەڵە گوتبووی لۆبیکاری ناوزڕاو جەک ئابرامۆف[587] جیا لە کۆمارییەکان راستەوخۆ پارەی بە دیموکراتەکانیش دابوو.

دێیلی کۆس و بلۆگە لیبراڵخوازەکانی تر سەرکۆنەی هاوڵ و دواتر بردیشیان دەکرد، پاش ئەوەی ئەو لە لاپەڕەی پێچەوانەی نووسیاریدا هۆکارەکانی بڕیارەکەی روون کردەوە، سەرەتا بۆ لادانی تێبینییەکان (کە هەندێکیان دواتر گەڕێندرانەوە) و دواتر بەتەواوەتی داخستنیان (کە دواتر بە سیاسەتێکی نوێ بۆ کاتی دووبارە بەکارهێنانەوەیان کرانەوە). دێیلی کۆس یان خوێنەرانی بلۆگەکە بە ستوونی بردەی قایل نەبوون و لە ١١ی شوباتدا کاردانەوەیان نواند.

وەڵامدەرێک بەبەکارهێنانی ناوی خوازراوەی تێمیفاه[588] ئەمەی پێشکێش کرد:

"دەمەوێت بپرژێمە سەر بەشێکی گوتاری بەڕێز بردەی و دوو پرسیارەکەی ئەو بۆی وەڵام بدەمەوە. بۆچی خەڵک ئەوەندە تووڕەیە؟ پرسیارێکی زۆر جوانە بەڕێز بردەی. ژمارەیەکی زۆر هۆکار هەن بۆ ئەوەی خەڵک ئەوەندە تووڕە بێت. ئەمە چەند نموونەیەکی کەمە:

* ئێمە بەبەراورد لەگەڵ پێنج ساڵ پێش ئاسایشمان کەمترە.
* ئێمە دەرگیری شەڕێک بووینە.
* هیچ کاممان ئاسایشی کاریی نییە و هەندێکمان دوو تا سێ ئیشی بێ نرخ دەکەین بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو کارانەمان کە لە ئابووریی درەوشاوەدا لە دەستمان داوە.
* گوایە ئێمە لەسەر ئاستی فیدراڵیدا دوو هەڵبژاردنمان لێ دزراوە و هەر خوا بزانێت لەسەر ئاستەکانی تردا چی دزراوە.
* ئێمە لە ڕاستیدا هەر کاتێک لە دەوروبەرمان روانیوە رقی پووچ و بێ گەردی دووڕوویانەی سەرچاوەگرتوو لە پارەمان لە قورگمان داوەتە خوارەوە (رق لە

587. Jack Abramoff
588. Tamifah

هاوسەرێتیی هاوڕەگەزانە، رق لە مافی ویژدان، رق لە ئێی ئێف ئێی[589]، رقبوونەوە لە مافی تێری شیاڤۆ[590] بۆ ئێکسپایێربوونی لەناو شکۆی خۆزگەکانی، رقبوونەوە لە لاواز و هەژار و بەساڵاچووان).

و بۆچی ئێمە بەتایبەتی لە تۆ قەڵسین بەڕێز بردەی؟ چونکە هەر جارە و کەسێک وەک دێبۆرا هاوڵ لەلایەن ئەو داگیرکەر و دزانەی نەتەوەی ئێمە کۆنترۆڵ دەکەن، درۆیییەکی مەبەستدارمان پێ دەڵێت و هەر جارە و کەسێکی وەک تۆ پاڵپشتی لەو دەکات، تۆ خۆت دەکەیتە بەشێک لە کێشەکە و بەشێک لە ڕژێمی سەرکوتکار... ئێمە بەبۆنەی پاڵپشتی لە درۆیەکانی کۆمارییەکان وەک تۆ و دێبۆرا هاوڵ سەرزەنشت ناکرێین. ئێمە زانیاریی وەک (ئۆهـ حکوومەتی وەسواس، رێک بەر لە هەڵبژاردنێک، خەریکی سیخوڕییە لەسەر ئەمەریکاییەکانە) ناشارینەوە وەک چۆن نیویۆرک تایمز ئەم کارە دەکات. ئێمە وەک واشینتۆن پۆست ئەو شوێنانە ناشارینەوە کە تێیاندا حکوومەتی ئەمەریکی خەڵکی بۆ ماوەیەکی نادیار بۆ ئەشکەنجەدان و هەر خوا بزانێت بۆ چی تریش ڕاگرتووە. ئێمە هاوشێوەی بۆب وودواردی خۆتان لەبارەی پێوەندییەکانمان بە کەیسی پلێیمەوە[591] درۆ ناکەین و هەوڵ نادەین هەواڵەکە بقۆزینەوە. جیم بردەی ئێمە بەرپرسیاریەتیی چاپەمەنییەکی ئازاد وەردەگرین کە ئێوە دزیوتانە.

دوای ئەمە کەسێک هات کە لە خۆی بە جورەسیک پۆرک[592] ناو بردبوو و پێشنیازی کردبوو:

بردەی کۆمارییەکی زۆروەڕ و قەشمەرە، کۆپییەکی بیڵ کێڵری نیویۆرک تایمزە، کە بە دوژمنداریکردنی بلۆگەرەکان ناسراوە...

زۆروەڕ؟ درۆزن؟ ئەم زمانێکە لەناو زمانی گفتوگۆی میدیای گشتیدا بوونی نییە. بەڵام بلۆگەرەکان زۆربەی کات لێوانلێو بە هەستێکی قووڵی ناپاکی و رق و گومانێکی زاڵ بەرامبەر بە گەندەڵی و دووڕوویی سیاسەتوانانی حکوومەت و

٥٨٩. AFA یان American family Association ڕێکخراوێکی مەسیحی کە پەرە بە بەهاکانی مەسیحییەت و دژایەتیکردنی هاوڕەگەزبازی و لەشفرۆشی وله بارچوواندنی منداڵ و کۆمەڵێک بنەمای تر دەکات.

590. Terry Schiavo
591. Plame
592. Jurassic Pork

چاپەمەنیی ئەم راگەیاندنانە دەپرژێن. ئاخۆ رۆژنامەنووسان بە چ شێوازێک وەڵامی ئەم جۆرە زمانە و تانانە دەدەنەوە؟ لەسەر ئاستێکەوە در و کەسێنییە. بەڵام لە ئاستەکەی تردا پەنجە دەخاتە سەر دەمارێکی هەستی جەماوەری کە باوەڕپێکراوە و لەوانەیە باویش بێت و لەناو میدیای گشتیدا بوونی نییە.

بەڵام قسەی رەق و بەهەمان شێوەش کەلکەلەی شکستەکانی زانراوەی میدیای گشتی تاکە ئەو شتانە نین کە کولتووری مشتومڕیی نوێ لەناو جیهانی بلۆگدا بناسێنێت.

هەر هەمان بلۆگ لە هەمان رۆژدا لە وەڵامی هەمان پۆستە سەرەتاییەکەدا هەروەها تێبینیی وای تێدا بوو کە لە بنەڕەتدا هەڕەشە نەبوون بۆسەر بردەی، بەڵام زیاتر لەسەر ئابرامۆف و خودی ریسواییی لۆبیکردنەکە هەڵوەستەیان دەکرد. ئەم ئاڵوگۆڕییە گفتوگۆیەکی جەماوەریی جیاواز بوو- مشتومڕییەکی پڕ وردەکاری لەبارەی وردەکاریی ئاڵۆزیی ریسواییەکە- و ئەوەندە ورد بوو کە رەنگە تێگەیشتنی بۆ زۆرێک لە هاووڵاتییان سەخت بووبێت. کەسێک کە خۆی بە ڤایسرۆی[٥٩٣] ناو نابوو لەگەڵ هاووڵاتییەکی تر بەناوی تۆماس ویلیام[٥٩٤] لەسەر ماڵپەڕەکەدا لە مشتومڕیدا بوو لەبارەی ئەوەی ئاخۆ ئابرامۆف هۆزگەلی هیندییەکانی بۆ پارەدان بە دیموکراتەکان هان داوە یان نا. سەختە مشتومڕییەکی هەڵگری ئەوەندە سەردێری واتاسازی لە هەر شوێنێکی چاپەمەنیی کۆندا دەرکەوتبێت:

ڤایسرۆی: تۆ (ویلیام) هیچ شتێکت لەبارەی بەکارهێنانی وشەی "رێنوێنکراو" نەسەلماندووە و کاتێک ئێمە هەوڵ دەدەین وشەی "رێنوێنیکراو" شی بکەینەوە، تۆ (من) بە "واتایی" تۆمەتبار دەکەیت. تۆ لە پێوەندییەکانی نێوان کەسانی باوەڕپێکراو، موراجیع، کارمەند و سەرۆکدا شکستت هێناوە. تۆ ناتوانیت بەرەورووی ئەو راستییە ببیتەوە کە دامەزراوە خێڵەکییەکان ویستیان ئازادە. کاتێک دەڵێیت تۆ لە مشتومڕییەکە سەرکەوتوویت کاتێک لە ڕاستیدا وا نییە، بەڕاستی جێی گاڵتەیە - تۆ لە ڕاستیدا هەر بەئەستەم باسی بابەتەکەت نەکردووە.

تۆماس ویلیام بە هەمان شێوە وەڵام دەداتەوە، بە لێکدانەوەیەک بۆ واتای وشەی "رێنوێنیکراو" و ویستی ئازادیی خێڵە هیندییەکان.

---

593. Viceroy
594. Thomas William

تۆماس ویلیام: ئەگەر تۆ باسی مانای "ڕێنوێنیکراو" دەکەیت، دان بەوە دەنێم تۆ دەتوانیت ئەوە بە شێوازێک پێناسە بکەیت کە ئابرامۆف هیچ شتێک و لەوانەش بەخششەکان بۆ هەردوو پارتەکەی "ڕێنوێنی" نەکردووە. بەڵام گەیشتن بەو بەرەنجامەی خۆت حەزت لێیە، شێوازێکی تا ڕادەیەک لەنگە- ئەو ئەنجامەی ئابرامۆف ڕێنوێنکاری هیچ بەخششێک نەبووە بۆ دیموکراتەکان. ئەگەر تۆ ئەوەت مەبەست بێت، پێویستە دان بەوە بنێیت ئەو هەروەها ڕێنوێنیکار نەبووە بۆ بەخشش بە کۆمارییەکان... ئەگەر ئێمە ناچارین لەسەر ئەوە ڕێک بکەوین کە پێک نەهێین، من پێک ناهێم و پێم وایە پێکهاتەی پێشنیاکراوەی تۆ بۆ وشەی "ڕێنوێنیکراو" لەم دەقەدا بە ئەنجامێکی تا ڕادەیەک پووچ دەگات، پووچ لەوەدا کە ئەوە لە بنەڕەتدا تەواوی پێوەندیی نێوان ئابرامۆف و خێڵەکان پشتگوێ دەخات، جا تۆ بەهەر شتێک حەزت لێ بێت ناوی بنێیت و بڵێیت شێوازی بەخششەکانیان بەتەواوەتی دەرهاوێشتەی "ویستی ئازاد"یان بووە و هەر هەمووی لە پێناو پاراستنی دیموکراتەکان بووە. ببوورە، من دیموکرات نیم، من سەربەخۆم و هیچ بۆچوونێکی دەمارگیرانەشم لەبارەی ریسواییی ئابرامۆفەوە نییە.

لەسەر بلۆگێک لە یەک ڕۆژدا لەسەر بابەتێک کۆمەڵێک شت خۆی دەسەپێنێت. هێرشێکی کەسێنیی بەگڕ و تین لەبارەی ناوزڕاندن بەرەوڕووی ڕۆژنامەنووسانی دەبێتەوە. مشتومڕییەکی جەماوەریی پڕ وردەکاریی لێیە لەبارەی ڕوودواوە هەواڵییە سەرەکییەکانەوە. تێکەڵاوێتیی هاووڵاتییانی تێدایە. لە سەرووی هەمووشیانەوە، پەرۆشی تێدایە.

بەگوێرەی ئەم جۆرە نوێیەی کولتووری مشتومڕی ئاخۆ پێگەی ڕۆژنامەنووسی بەهەر شێوازێک بێت، لە کوێدایە؟ جیهانی بلۆگ و ڕێڕەوە نوێیەکانی تری ئینتەرنێت ڕەنگە سروشهێنەری کۆمەڵێک هەست بن. ئەوانەش بەئاشکرا شتێک بۆ دیالۆگی جەماوەری زیاد دەکەن کە چاپەمەنیی کۆن ڕەنگە نەیتوانیبێت پێشکێشی بکات. بەڵام کێشەکە لە ئاکاری گرووپەکانی گفتوگۆکاری ئینتەرنێتدا نییە. تەکنۆلۆجیا بۆچوونی ئەم کەسانەی دانەڕشتووە کە بەشدارن لێی. ئامێرەکان سروشتی مرۆڤ ناگۆڕن.

کێشەکە ئەوەیە چ شتێک بەسەر پاشماوەی جیهانی میدیا دێت. بەهەمان ڕادە کە

کۆڕبەندە نوێیەکان دەکرێت بەگوێرەی بابەتی پۆستکراو دەوڵەمەند و بۆش بن، بەهەمان رادەش ناتوانن جێگەی گەڕان بۆ راستی و دەق بگرنەوە کە رۆژنامەوانی سەلماندنی کۆن دابینی دەکات. ئەگەر ئەوانەی هەواڵ کۆ دەکەنەوە و دواتر بڵاوی دەکەنەوە ئیتر کات و پارە لە هەواڵنێری و سەلماندن و لێکدانەوە خەرج نەکەن ــ ئەگەر ئەوان لەوە بترسن هەڵسەنگاندن کاری دەستەبژێرانە یان ئێستا تەکنۆلۆجیا ئەوانی لەم ئەرکە کۆنانە رزگار کردووە– کەواتە قسە و گەپی سەر ئینتەرنێت تاکە شتێکە بۆمان دەمێنێتەوە.

کێ دەبێت بۆ ئەوەی لەو راگەیاندنانەی لە ژوورەکانی چاتدا دەکرێت، ئەوانەیان بدۆزێتەوە کە لە ڕاستیدا تەواون؟ کێ لە پێشینە و پاڵنەرەکانی کوتلە جیاوازەکان دەکۆڵێتەوە؟ کێ وەڵامی ئەو پرسیارانە دەداتەوە کە تەنانەت ئەم تووڕەترین مشتومڕکارانەش داوای وەڵامی دەکەن؟

لە داهاتوودا رەنگە ئێمە زیاتر پشت بە هاوولاتییان ببەستین بۆ دیدەوانیکردنی یەکتری. بێگومان ئەوە کۆڕبەندی جەماوەریی گەورەتر و مەودای دەنگەکان فراوانتر دەکات. بەڵام تەنیا ئەگەر کۆڕبەندەکە لەسەر بنەمای راستی و دەق دامەزرابێت، دەنا ئەو پرسیارانەی هاوولاتییان ئاراستەی دەکەن تەنیا مەجازین. مشتومڕییەکە بۆ فێرکاری نابێت و تەنیا ئەو دەمارگیرییانەی خەڵک پێی گەیشتوون، بەهێزتر دەکات. جەماوەر کەمتر لە توانایدا دەبێت بەشدار بێت لە چارەسەرەکان. گفتوگۆی جەماوەری نابێتە شتێک بۆ ئەوەی خەڵک لێی فێر ببێت، بگرە لەناو دەنگەدەنگێکدا دەتوێتەوە کە زۆربەی جەماوەر کپی دەکات. نیگەرانییەکە لە زیادبوونی سەرسوڕهێنی میدیای هاوولاتیدا نییە، بگرە لە نەمانی چاودێریی بەردەوام و پیشییانەی دامەزراوەگەلی بەدەسەڵاتدایە.

کەواتە سەرەتا کۆڕبەندی جەماوەری پێویستە لەگەڵ هەر هەموو بنەماکانی تری رۆژنامەوانی بگونجێت و دووەم شت راستەوخۆ پێوەست بێت بە پێناسەی مەدیسن بۆ رۆڵی سەرەکیی سازشکردن لە کۆمەڵگەی دیموکراسیدا. بەڵام ئەگەر رۆڵی سەرەکیی کۆڕبەندەکە بەم شێوەیە، بۆ رۆشنکردنەوە بێت نەک دنەدان، کەواتە بە چ شێوەیەک رۆژنامەنووسان جەماوەر تێکەڵ بەکارەکە دەکەن؟ ئەمە بنەمای دواتری رۆژنامەوانییە.

بەشی هەشتەم

## تێکەڵکردن و پێوەندی

دابینکردنی چاودێریی پزیشکی بۆ منداڵانی سەرەمەرگ یەکێکە لەو بابەتانەی ڕۆژنامەنووسان بە گرینگی دەزانن، بەڵام زۆربەیان پێیان ئەستەمە لێی نزیک ببنەوە. خەباتی خێزانێک بۆ ڕزگارکردنی منداڵێکی تووشبوو بەنەخۆشییەکی کوشندە، تەنیا ئەگەر بۆ ئەوە بێت وەک هەر هەواڵێکی تری میدیایی لە ڕۆحی خەڵکانی داخدیدەوە بچێتە ژوورەوە و بڵاو ببێتەوە، چیرۆکێکی سەختە و، کاتێک تراجیدیای مەرگی منداڵێک دەبەسترێتەوە بەگرێکوێرەی پزیشکی بۆ درێژکردنەوەی ژیان لە ڕێگەی شێوازی هێرشبەرانە بۆ ئەوەی دوا ساتەکان کەم ئازارتر بن، چیرۆکەکە بۆ زۆربەی هەواڵنێران دژوار دەبێت.

بەڵام بۆ دایانا[595] ساگ وا نەبوو. ساگی هەواڵنێری تەندروستیی براوەی خەڵاتی پوڵیتزر لە بالتیمۆر سان بەدرێژاییی ژیانی چاوەڕێی هەواڵێکی بەم شێوەیە بوو، ئەو جۆرە هەواڵەی بۆی بەجۆش بوو: "هەستەکی، خاو و نەدرکاو". ماوەی دوو ساڵ بەدەوری بابەتەکە خولایەوە. زۆربەی جار دەبووایە بەبیر خۆی بێنێتەوە هەڵەیەکی باوی ڕۆژنامەنووسان ئەوەیە زوو چۆک دەدەن. ئەو بەڵگەنامەکانی هەبوو و شارەزاکانی ناو بردبوو و دیمانەی لەگەڵ ژمارەیەکی کەم خێزاندا کردبوو، بەڵام پێی وابوو ئەمە مافی هەواڵەکە نادات.

ساگ گوتی "ئەو هەواڵەی من دەمویست لە سەرەتادا بیڵێم ئاستی سەختیی مەرگی منداڵێک بوو لە ئەمەریکادا. ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام ئەوەیە منداڵان لە ڕادەبەدەر ئازار دەچێژن، منداڵان دەترسێنرێن، منداڵان پێیان ناگوترێت ئەوان دەمرن هەرچەندە بۆ خۆیان لە ئاستێکدا لەوە تێ دەگەن".

ژان لە کرۆکی هەواڵەکەدا بوو: دایک و باوک و دوکتۆرەکان هەموو شتێکیان لە

595. Diana Sugg

سۆنگەی ئومێد و خۆشەویستییەوە ئەنجام دەدا، بەڵام بەرەنجامە مەجازییەکە ئەوە بوو منداڵان ئازاریان دەچەشت. بەڵێ، ساگ بە تۆن زانیاریی کۆ کردبووەوە، بەڵام دەیزانی گوتەی شارەزایان و کارمەندانی پزیشکی هەرگیز ناتوانێت وێنە تەواوەکە پێشان بدات. بۆ ئەمە ئەو شتێکی پتر لە واتای شاراوەی دەویست- گرێکوێرەکانی بوارێکی پزیشکی بەناوی "چاودێریی ئازارشکێنەرانەی منداڵان". ئەو مانای دەقاودەقی دەویست. ئەوەی لە ئار جێی ڤیگۆی[596] ١٢ ساڵاندا دۆزییەوە کە ئەو بۆ ماوەی چوار حەفتەی کۆتاییی ژیانی بەدواداچوونی بۆ کرد.

ئار جێی هێزی چیرۆکی کەسێنیی منداڵێکی روون دەکردەوە، چیرۆکێک کە خوێنەران نەیاندەتوانی پشتگوێی بخەن. کەس کوڕێکی لاوازبووەی پێڵوو ئاوساوەی لە بیر نەدەچووە کە بەتەقەلاوە بەگوێی دایکیدا چرپاندی "فریشتەکان. فریشتەکان وا دێن".

ساگ نووسی "دەمزانی ئەم هەواڵە چارەنووسی هەستەکیی خێزانەکانی تر دەگۆڕێت. رەنگە دایکێک بپرسێت (تۆ دەترسێیت؟)، رەنگە کوڕێکی سەرەمەرگ بپرسێت (من ئیتر ئەوەم ناوێت)". بەنزیکەیی سێ ساڵی برد تا ساگ توانی بگاتە ئەو هەواڵەی دەیویست. بۆ نووسینی هەواڵەکەش ئەو سوودی لە تۆمارەکانی پزیشکی و یادنامەکانی رۆژانەی ئار جێی و کۆمەڵێک دیمانە لەگەڵ خێزان و هاوڕێ و پزیشکەکان و خەڵکانی ترەوە وەرگرت. ساگ و وێنەگری بالتیمۆر سان مۆنیکا لۆپۆسێی[597] پتر لە ٢٠ رۆژیان لە ژووری ئار جێی لە نەخۆشخانەدا بەسەر برد و لە زۆربەی رووداوەکانی وەسفیان کردووە جگە لە مردنی، لەوێ ئامادە بوون. ئەنجامەکە زنجیرەیەکی چوار بەشی بوو کە کاردانەوەیەکی مەزنی هەم لەلایەن ئەو دایک و باوکانەی منداڵەکانیان لەدەست دابوو و هەم لەلایەن پسپۆڕانی کۆمەڵگەی پزیشکیی لێ کەوتەوە.

هەواڵەکە کارێکی هاوسەنگکەرانە بوو لە نێوان ئار جێی و کێشە مەزنترەکە و هەردووکیان دەبوایە تەواو بن. ساگ گوتی "زۆربەی جار ئێمە چیرۆکی کەسێک تەنیا لەبەرئەوەی چیرۆکێکی مەزنە دەگێڕینەوە. ئێمە نابێت تەنیا برۆین بۆ بەدواداچوونی منداڵێکی تووشبوو بە شێرپەنجە بۆ زانینی بارودۆخەکە، بگرە لەبەرئەوەی کێشەی

596. R.J. Vigot
597. Monica Lopossay

گەورەتر هەن. شتەکە لەسەر ئەو هەواڵە چەقیوە کە خەڵک دەیەوێت بیزانێت". ئەوەی ساگ لەگەڵ بەسەرهاتی تراجیکی مەرگی ئاری جێیدا کردی دەربڕی حەوتەم بنەمایە:

**پێویستە رۆژنامەنووسان بابەتی گرینگ و سەرنج ڕاکێش و پێوەندیدار بکەن.**

بەشێوەیەکی نەرێنی، کاتێک خەڵک باس لە دروستکردنی هەواڵێک دەکەن کە بەشێوەیەک خەڵک تێکەڵ بکات و پێوەندیدار بێت، مشتومڕییەکە دەبێتە هونەری لێکدانەوە-تێکەڵکار لە بەرامبەر پێوەندیدار. ئاخۆ پێویستە ئێمە جەخت لەو هەواڵە بکەینەوە کە شاد و دڵڕفێنە و بەسەر هەستەکانماندا زاڵ دەبێت؟ یان پێویستە دەست بەو هەواڵەوە بگرین کە گرینگترینە؟ ئاخۆ رۆژنامەنووسان دەبێت ئەو شتە بدەن بە خەڵک کە پێویستیانە یاخۆ ئەوەی بۆ خۆیان داوای دەکەن؟

ڕێگەی کلاسیکیی ئاراستەکردنی پرسی تێکەڵاوکردن- بەشێوەی زانیاری بەپێچەوانەی چیرۆک گێڕانەوە یاخۆ ئەو شتەی خەڵک پێویستییەتی بەپێچەوانەی ئەو شتەی خەڵک دەیەوێت- شێوێنەرە. رۆژنامەنووسان بە ئێمەیان گوت ئەمە شێوازی کارکردن بە رۆژنامەوانی نییە. ئێمەش پێمان وایە ئەوە هەروەها شێوازی تێکەڵبوونی خەڵک بە هەواڵ نییە. بەڵگە ئاماژە بەوە دەدات زۆربەی خەڵک هەردووکیان دەوێت: ئەوان لاپەڕەکانی وەرزش و بازرگانی، زێ نیویۆرک و کاریکاتەر و پێداچوونەوەی کتێب و خشتەی وشەی یەکتربڕ دەخوێننەوە. نیویۆرک تایمز ٢٥ نووسینگەی لە دەرەوە و نووسینگەیەکی لانی کەم ٨٠ کەسیی لە واشینتۆندا هەیە و کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی شارەوانی رووماڵ دەکات، بەڵام بەشەکانی تایبەت بە پرد و هەڵسەنگاندنی رێستۆرانت و ماڵ و خواردنیشی هەیە. نیویۆرک دێیلی نیوز لە ڕاپۆرتی وەرزشیدا سەردەستە، بەڵام بە هێزەوە لە کێبەرکێدایە بۆ ئاگەدارکردنەوەی خوێنەرانی لە سەرنەکەوتنی دادوەری یان حکوومەت و شکستەکان.

چیرۆک گوتن و زانیاری دژیەک نین. بەشێوەیەکی باشتر بە دوو خاڵی سەر زنجیرەی پێوەندیکردن دانراون. لە سەرێکی زنجیرەکەوە رەنگە چیرۆکی کاتی خەو هەبێت کە تۆ لە خۆتەوە بۆ منداڵەکانتی دروست دەکەیت و رەنگە هیچ مەبەستێکی نەبێت جگە لە لێک نزیکبوونەوە و بەسەربردنی کاتی خۆش لەگەڵ یەکتری. لە کۆتاییەکەی تردا زانیاریی خاو هەیە- کورتەی بەرەنجامی یارییەکان و سپۆرتس،

بلاڤۆکی کۆمەڵگە، یان خشتەی پشکەکان- کە هیچ چیرۆکێکیان تێدا نییە. زۆربەی ڕۆژنامەوانی وەک زۆربەی پێوەندیکردن لە شوێنێکی ناوەڕاستدا هەڵکەوتووە. ڕاهێنەرانی نووسینی ڕۆژنامەوانی، ڕۆی پیتێر کلارک و چیپ سکەنلەن[598] دەڵێن هەواڵنووسینی کاریگەرانە دەتوانرێت لە چوارەیانی دیوەدەربوونی شارستانییانە، ئەو زانیارییە هاووڵاتییان پێویستیانە بۆ کارکردن و هەروەها لە شکۆمەندیی ئەدەبیدا بدۆزرێتەوە کە بەو مانایەیە شارەزاییی هەواڵنێر لە چیرۆکبێژیدا تەواوە.

ئەگەر بەم شێوەیە لێک بدرێتەوە، باشترین کار ئەوەیانە کە بۆ سەرووی ناوەڕۆکە بەرز دەبێتەوە- هەواڵەکە بۆ ناوەڕاستی ئەو زنجیرەیە واتە زیاتر لەوەی جەماوەر چاوەڕێی دەکات، پاڵ دەنێت. ئەو کارە لە ڕێگەی باشترین هەواڵنێری و رامان و گێڕانەوە و سەرەدەرییەکانی ترەوە ئەنجام دەدرێت. گوتارەکەی هۆلیوودە کە شتێکی قووڵتر لەبارەی دروستکردنی فیلمەوە دەڵێت، پەردەهەڵماڵینی لێکۆڵەوانیشە کە هەلومەرجی مرۆڤ ئاشکرا دەکات و سەرەدەریکردنە لەگەڵ زانیاریی دیموگرافییە کە گەڕەکێک دێنێتە ناو ژیان. بەم شێوەیە ئەرکی ڕۆژنامەنووس ئەوەیە ڕێگەیەک بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی بابەتی گرینگ لە هەر هەواڵێکدا باڵکێش بکات و ئاوێتەی راست و دروستی بابەتی رژد و کەمتر رژد بدۆزێتەوە بۆ پێشکێشکردنی هەواڵی ڕۆژ.

لەوانەیە بەباشترین شێوە ئاوا لێک بدرێتەوە: ڕۆژنامەوانی چیرۆکبێژییەکی ئامانجدارە. ئەو ئامانجە دابینکردنی ئەو زانیارییەیە بۆ خەڵک کە بۆ تێگەیشتن لە جیهان پێویستیانە. یەکەم تەحەدا دۆزینەوەی ئەو زانیارییە کە خەڵک بۆ ژیانیان پێویستیانە. دووەمیان ئەوەیە زانیارییەکە واتادار و پێوەندیدار و تێکەڵاوکەر بێت.

تێکەڵاوکردن لە ڕاستیدا پێوەندیی بەخۆبەختکردنی ڕۆژنامەنووس بە هاووڵاتییانەوە هەیە. وەک هەواڵنێرێک کە لەلایەن تیمی ئەکادیمیی لێکۆڵەوانی هاوکارمان دیمانە کرابوو، بەم شێوەیە دەری بڕیوە: "ئەگەر تۆ لەو جۆرە کەسانە بیت کە کاتێک شتێکت دۆزییەوە هەست بکەیت لە تێگەیشتنت لە شتەکە رازی نیت تا ئەو کاتەی ڕێگەیەکت بۆ گوتنی شتەکە بە کەسێکی تر نەدۆزیبێتەوە، کەواتە تۆ ڕۆژنامەنووسیت".

بەشێک لە ئەرکی ڕۆژنامەنووس، بەواتایەکی تر، تەنیا دابینکردنی زانیاری نییە

598. Chip Scanlan

بگرە دابینکردنی زانیارییە بەشێوەیەک کە خەڵک حەز لە بیستنی بکات. هاوارد ڕێنگۆڵدی[599] نووسەر و نووسیاری پێشووی کۆواری ئەلیکترۆنیی هۆتوایرد[600] دەڵێت "سەرەکیترین کێشەی ئێمە لە دەوری هەڵبژاردنی ئەو شتەدا دەخولێتەوە کە سەرنجی خوێنەران رادەگرێت - زۆر خوێنەر- خوێنەری زۆر جیاواز. لە سەرێکی مەوداکەدا گرینگترین شتەکەی لێیە - ئاخۆ شەڕ دەبێت یان ئاشتی، ئاخۆ باجەکان زیاد دەکرێن یان کەم دەکرێنەوە؟ لە سەرەکەی تریدا هەر ئەو شتەی تەنیا سەرنج ڕاکێشە و... زۆربەی هەواڵەکان تێکەڵەیەکن لەو دووانە".

کەواتە چۆن پرسی تێکەڵکردن ئەوەندە دەشێوێنرێت، بەشێوەیەک کە هیچ ئاوێتەکارییەک نەبوووبێت؟ ئەگەر رۆژنامەوانی هەم گرینگ و هەم تێکەڵکار بێت، ئەگەر خەڵک لە بنەڕەتدا بەشێوەیەک یان شێوەیەکی تر داوای ئەوە بکات، ئەی بۆ هەواڵەکان زۆربەی کات لەمەدا کەموکوورییان هەیە؟

زنجیرەیەک کێشەی ناچارەکی لەسەر ڕێگەی هەواڵدا هەیە: پەلەپەل، گوێنەدان، تەمەڵی، هاوکێشە، دەمارگیری و چاوبەستە کولتوورییەکان. نووسینی هەواڵێک بەباشی، لە دەرەوەی هەرەمی هەڵگەڕاوەی چاپەمەنی یان ساوند بایتی[601] دیاریکراو بۆ هەر بەشێک کات دەبات. کارەکە لە کۆتاییدا راهێنانێکی ستراتیجییە کە زیاتر لە بەتەنیا کورتکردنەوەی راستییەکان و رستەی راگەیاندنیی پێویستە و، کات شتێکی بەنرخە و ئەمڕۆکە رۆژنامەنووسان هەست دەکەن بەردەوام کاتێکی کەمتریان هەیە.

بەداخەوە لە کاتێکدا جەماوەر جێگرەوەی تەنانەت پەلکێشتر و سەرنج ڕاکێشتری بۆ هەواڵ هەیە و لە رۆژنامەوانی بەگومانتر بووە، کەمکردنەوەی بودجە لە ژوورە هەواڵییە کۆنەکاندا ستافێکی بچووکتر بەرهەم دێنن و جەختەکە پتر لەسەر ژمارەی هەواڵەکانە نەک جۆرایەتی. هەروەها کاتی پێویستی بۆ برەودان بە تێگەیشتنی بابەتەکەش لە ئارادایە. پێشکێشکردنێکی باش لەسەر شێوازی رۆژنامەوانی هەمیشە بەرهەمی هەواڵنێریی پتەو و قووڵە کە ئەو وردەکاری و دەقەی تێدایە کە هەواڵێک بەیەکەوە دەبەستێتەوە. هەر هەموو هەواڵەکان پێویستیان بەو سێ ساڵە

599. Howard Rheingold
600. HotWired
601. Soundbite

نییە کە ساگ بەسەری برد، بەڵام کاری باش پێویستی بەشتێکی پتر لە ئامادەبوون لە بۆنەیەک و پاشان دانیشتن لە پای کیبۆردێک یان ماشێنێکی بەجۆشی تایبەت بە نووسیاریکردنی ڤیدیۆییە.

تەنانەت ئەگەر هەواڵنێران کاتی پێویستیان بۆ هەواڵنێری و نووسین پێ بدرێت، پرسی مەودای سەر لاپەڕە یان ماوەی سەر پەخش لە ئارادایە. کاتێک دامەزراوە هەواڵییەکان باوەڕیان بەوە هێناوە مەودای بایەخی بەردەوام تەسک بووە پێویستی بە هەواڵی بەردەوام کورتتر هەیە، بۆ هەواڵنێرێک سەختە کات و مەودای پێویست وەدەست بێنێت لە پێناو گوتنەوە هەواڵێک بەتەواوەتی.

بەڵام ئێستاکە پەلکێشکردنی جەماوەر تەنانەت گرینگتر دەبێت، چونکە ئینتەرنێت کۆت و بەندەکانی مەودا دەشکێنێت. لەسەر هێڵدا درێژیی بەستەی ڤیدیۆیی و دەقی گوتراو و ژمارەی پێکهاتەکانی باکگراوند و چوارچێوەکانی روونکردنەوە و خشتە و هێڵکاری هەر هەموویان لە ڕاستیدا لە ژمار نەهاتوون. کاتێک سنووری ئارەزوومەندانەی مەودا کێشەیەک نەبێت، جەماوەر تا دێت زیاتر داوا لە رۆژنامەنووسان دەکات باشترین بڕیار بدەن سەبارەت بە چەندێتیی زانیاریی دابینکراو. کات دەبێتە تاکە دەگمەنی.

بەشێوەیەکی مەجازی، بەڵگەکان ئاماژە بەوە دەدەن بەشێک لە تێگەیشتنی کۆن لەبارەی مەوداکانی بایەخ بەهەڵەدا براوە و لە بریی یارمەتیدان زیانی بە رۆژنامەوانی گەیاندووە. بۆ نموونە لێکۆڵینەوەیەکی چەند ساڵ خایەن لەلایەن پرۆژەی کارامەیی لە رۆژنامەوانیدا لەبارەی هەواڵی تەلەڤزیۆنی ناوخۆیی دۆزییەوە ئەو وێستگانەی هەواڵی یەکجار کورت- کەمتر لە ٤٥ چرکە- یان زیاترە، وێ دەچێت جەماوەریان لە دەست بدەن. لەلایەکی ترەوە ئەو وێستگانەی چیرۆکی زیاتر لە ماوەی دوو خولەکدا دەدەن، وێ دەچێت جەماوەر کۆ بکەنەوە.

ئیرا گلەسی[٦٠٢] پێشکێشکاری بەرنامەی رادیۆیی زیس ئەمێریکەن لایف[٦٠٣] کە "ئەو هەواڵانە دەوەشێنێت کە بۆ رادیۆ وەک فیلم وان"، دەڵێت بەتێکڕا گوێگران ٤٨ خولەکی شۆیە ٦٠ خولەکییەکە گوێ دەگرن. زیس ئەمێریکەن لایف هەفتانە دەگاتە

602. Ira Glass

603. This American Life ئەم ژیانە ئەمریکییە

۱,۷ ملیۆن خەڵک و زۆربەی جار سێ هەواڵ لە هەر بەشێدا بڵاو دەکاتەوە کە ڕاپۆرتی درێژکراوە و گوتار و بابەتی بیستەنیی دۆزراو لەخۆ دەگرێت.

بەڵام ئەمە بەئەستەم تاکە نموونەیە کە چۆن تێگەیشتنی کۆن لەبارەی ویست و چاوەڕوانییەکانی خەڵک لە ڕۆژنامەوانیی ئێمە بەسەر ڕێگەی خۆوێرانکەردا شۆڕ دەکاتەوە.

فریوی پرۆگرامی زانیاری-سەرگەرمی

باربارا واڵتەرزی کەسایەتیی ئێی بی سی نیوز بەوردی و بە هاوخەمییەکی خۆ بۆئامادەکراوەوە تەماشای ژنە گەنجەکەی کرد.

ئەو پرسی "ئەو تۆی ماچ کرد؟"

مۆنیکا لوینسکی وەڵامی داوە: "بەڵێ".

واڵتەرز بە نیگای پوورێکی دڵسۆز کە ناتوانێت بەتەواوەتی وروژانی خۆی بشارێتەوە گوتی "بیرت لە چی دەکردەوە؟".

"ماچکەرێکی باشە".

"تۆ ژنێکی گەنجی یەکجار بەهەوەسیت؟"

"همممم."

"بەجۆش؟"

"بەڵێ."

واڵترز بۆی چوو "بیڵ کلینتۆن پیاوێکی بەجۆشە؟"

لوینسکی بۆ ساتێک سوور هەڵگەڕا و واڵترز گاڵتەی پێ کرد. پاشان لوینسکی وەڵامی داوە.

"پێم وایە ئەو پیاوێکی بەجۆشە کە هەستی هەوەسێنی بەهێزە و، پێم وایە ئەو هەروەها پەروەردەیەکی ئاینیی یەکجار بەهێزی هەیە. وابزانم ئەو بەگژ لەشپەرستیی خۆیدا دەچێتەوە، چونکە پێم وانییە ئەو ئەوەی پێ ڕاست بێت و، دواتر پێم وایە ئەو هەوڵ دەدات خۆی بکشێنێتەوە، بەڵام ئیتر ناتوانێت".

هەواڵبێژی ۳۷ ساڵەی تۆڕەکە درێژەی دایە "لە یەکەم پێکگەیشتندا سەرۆک وەڵامی تەلەفۆنی ئەندامێکی گۆنگرێسی دایەوە کاتێک ئێوە زۆر لێک نزیک بوون. تۆ

هەستت بەرامبەر بەمە چۆن بوو؟"

لوینسکیی ٢٥ سالان دەستی پێ کرد: "بابەتێکی نهێنییە. لەوبارەوە تا ئاستێک جۆشوخرۆش هەبوو. جۆشوخرۆش و ڕەنگە کەمێک مەترسی لەوە پێوەندییە و لەوەی ئەگەر وا بنوێنرێت پێوەندییەکە بوونی نییە، راست دەرناچێت".

دیمانەی یەکجار بانگەواز بۆکراوە و بەجۆشەوە بەدواداچوون بۆکراوەی ئێی بی سی لەگەڵ لوینسکی بەم شێوەیە بەردەوام بوو.

واڵترز دوای پرسی "تۆ یان سەرۆک لەوە دەترسان نەوەک کەسێک بێتە ژوورەوە و بتانبینێت؟... ئاخۆ ئەوە بەشێک لە ورووژانەکە بوو؟"

ساتێک دواتر ئەو پرسی "ئەو هەستەی سەرۆک نیشانی دا ئەوە بوو کە ئەمە رێگەیەکی تاک سایدە، کە ئەو رازییە و تۆ وا نیت. بەڵام راستییەکەی ئەوەیە تۆ رازی بوویت".

پاشان ئەمە: "و ئەوەش کە شتی وا ئەنجام دراوە کە تۆی وەک ژنێک دڵخۆش و رازی کردووە؟"

واڵترز هەروەها پرسی"لە زۆربەی ماوەی پێوەندییەکەدا سەرۆک بە سێکسی زارەکی تەواو نەدەبوو. بۆچی؟ ئەو چی دەگوت؟"

بەنزیکەیی دوو سەعات دیمانەکەی ئێی بی سی پڕژایە سەر ئەو جۆرە پرسیارانە کە ئاخۆ سەرۆک ماچکەرێکی باش، پیاوێکی بەهەوەس بووە یان نا و ئەوەش کە ئاخۆ ترسی ئاشکرابوونەکە بەشێک بووە لە پاڵنەری سایکۆلۆجی بۆ سێکس. تەنانەت لە بەشی دووەمدا پرۆگرامەکە دەستی کرد بە لێکۆڵینەوە لە راستی- و پێوەندیی دەستوورییەوە- بۆ نموونە بەوەی ئاخۆ لوینسکی لە سوێندخواردنەکەیدا بۆ پاراستنی سەرۆک درۆی کردووە یان سەرۆک لە بەرامبەردا کارێکی بۆ ئەو رێک خستووە.

بەکورتی هەواڵ یان چاوپێکەوتنی دەستی یەکەمی یەکجار چاوەڕوانکراو وەک "چیرۆکی مۆنیکا" پێشکێش کرا کە بەرێککەوت ناوی ئەو کتێبە بوو کە لوینسکی بۆ برەودان پێی سوودی لە دیمانەکە وەردەگرت. لەم حاڵەتەدا هەواڵ نەک تەنیا جەختی لەسەر سێکس و هەست دەکردەوە، بگرە فۆرمێکی بازرگانییەکی دوولایەنەش بوو. ئێی بی سی لوینسکیی بۆ کۆکردنەوەی جەماوەر بەکار دەهێنا و لوینسکیش ئێی بی

سیی بۆ فرۆشتنی کتێب.

لیۆ براودی[٦٠٤]، پرۆفیسۆرێکی ئینگلیزی زانکۆی کالیفۆرنیای باشوور کە کتێبی زێ فرێنزی ئۆڤ ریناونی[٦٠٥] نووسیوە و بالادەستێکی بواری پیشەسازیی سەرگەرمییە، دەڵێت تایبەتمەندییەکی سەرەکیی رۆژنامەوانیی زانیاری " تا ڕادەیەک پێشکێشکردنی هەواڵەکەیە بەشێوەی نهێنییەک. پێویستە تۆ هەواڵنێری بزان بیت و جەماوەر بۆ ناوی رابکێشیت و، بەداخەوە بەتێپەڕینی کات نهێنییەکە ریسواکەرتر یان بێ شەرمانەتر دەبێت". ئەمە لە بەرامبەردا "جەماوەرێک دروست دەکات کە حەز دەکات وا بیر لە خۆی بکاتەوە یەکێکە لەو کەم کەسانەی شتەکە دەزانن"– ئەوەش دواتر پێویستی بەچارەسەرێکە بۆ بێ شەرمایەتی.

لە رۆژنامەی ورووژێنەردا رێگەی کلاسیکی هەیە: ئەو هەوالانەی راستیی وەک سێکس و ریسوایی ناوداران ئاشکرا دەکەن. رامانێک لە ناوەرۆکی میدیا بۆچوونی براودی پشتڕاست دەکاتەوە لەوەدا کە ئەمە تەکنیکێکی سەرەکییە بۆ گۆڕینی هەواڵ بۆ سەرگەرمی و سەرگەرمی بۆ هەواڵ. یەکێک لە پەلکێشترین رەهەندەکانی ئەمە دیتنی ئاستی رەزامەندیی دامەزراوە هەواڵییە بەناو رژدەکانە لە کێشەکە، کە زۆر لە ئێی بی سی و لە دیمانەکەی لوینسکی دەچێت. بیر لە بەرگی کۆواری نیوزویک بکەوە لە یەکەم شەش مانگی سەدەی نوێدا. لێکۆڵینەوەیەک دەری دەخات ١٧ دانە لە ٢٢ بەرگەکان یان کەسایەتییەکانی بواری سەرگەرمییان بەرجەستە کردووە و لەبارەی سێکسەوە بوون، یان زمانی نهێنییە هەڵمالراوەکان وەک: "ئێلیان، بیهایند زێ کاستدی"[٦٠٦]، "زێ ئینسایدستۆری"[٦٠٧] یان "زێ ترووس ئێباوت..."[٦٠٨] بەکار هێناوە. لەو ٢٢ بەرگە تەنیا دووانیان لەبارەی سیاسەتەوە بوون، هەرچەندە ئەوە ساڵی هەڵبژاردنە سەرەتاییەکانی سەرۆکایەتی بووە. دووانیان لەبارەی سێکسەوە

604. Leo Braudy

605. The Frenzy of Renown واتە شەیدایی بۆ ناوبانگ

٦٠٦ . Elian: Behind the Custody چیرۆکی ئەو کوڕە کوبییەی لە کۆتایی نەوەدەکان لەسەفەر بۆ ئەمریکا دایکی وزڕبابی لەناو بەلەمی کۆچبەراندا دەمرن بەلام زیندوو دمێنێتەوە و مالێکی ئەمریکی بەخێوی دەکەن. پاشان باوکی کوڕە لە کوبا و هەروەها فیدڵ کاسترۆی سەرۆکی ولاتیش داوای دانەوەی کوڕە بچووکەکە دەکەن.

607. The Inside Story واتە چیرۆکی نهێنی (ناوخۆیی)

608. The Truth about ... واتە راستییەکە لەبارەی

بوون. سێیانیان لەبارەی تەندروستییەوە. دووانیان لەبارەی بازرگانییەوە و دووانی تر لەبارەی کەیسی ئێلیانەوە گۆنزالێز، کوڕە کوبییەکە. تاکە بەرگێک لەبارەی کاروباری جیهانییەوە نەبوو.

ئەمە ئاماژە بە سەرەتاییەکی نوێ دەدات بۆ حەفتەنامە هەواڵییەکان و بەڵگەش هەیە بۆ هەموو کولتوورەکە بەو شێوەیەیە. لە ١٩٧٧دا بەگوێرەی لێکۆڵینەوەیەک لەلایەن پڕۆژەی کارامەیی لە رۆژنامەوانیدا بەرگەکانی تایمز و نیوزویک ٣١٪ی کاتەکە کەسایەتیی سیاسی یان نێودەوڵەتییان بەرجەستە کردبوو. لە هەمان کاتدا نزیکەی نیوەی هەموو بەرگەکان، ١٥٪، لەبارەی کەسایەتییەکانی سەرگەرمی یان ناودار بوون. لە ١٩٩٧دا پێوەندییەکە بەشێوەیەکی کاریگەر پێچەوانەی بووبوو. ژمارەی کەسایەتییە سیاسی یان نێودەوڵەتییەکان بۆ پتر لە ٦٠٪، واتە نزیکەی ١ بەرگ لە هەر ١٠ بەرگێک دابەزی، لە کاتێکدا ژمارەی بەرگەکانی وێنەی ناوداران و سەرگەرمی بۆ ٤٠٪ بەرز بووەوە (بۆ دوو بەرگ لە هەر ١٠ بەرگێک).

کۆمەڵێکی تر ژمارە گۆڕانەکە تەنانەت بەشێوەیەکی روونتر بەرجەستە دەکات: دوو حەفتەنامەی هەواڵیی تایمز و نیوزویک دەکرا بەیەکەوە لە ١٩٩٧حەوت ئەوەندەی ١٩٧٧ هەمان هەواڵی سەربەرگی کۆواری پیپڵیان[٦٠٩] هەبووایە. وەک پێشتر باسمان کرد، ئەو هەواڵەی تەنیا شتی گرینگ کەتەلۆگ دەکات بەهەمان رادەی ئەو هەواڵەی هەموو شتە گرینگەکە وەلا دەنێت، ناسروشتییە. پێچەوانەکەشی راستە.

لە هەر ساتێکدا ئێمە دەتوانین نموونە لەسەر ئەوە بدۆزینەوە ئاخۆ هەوەسبزواندن بازاڕی هەیە یان نا. دیمانەی باربارا واڵترز لەگەڵ مۆنیکا لوینسکی بۆ نموونە جەماوەرکێشترین پرۆگرامی ئێی بی سی نیوز بووە کە تا ئەو کات وەشێنرابێت. بەڵام مێژوو لە ماوەی درێژتردا ئاماژە بەوە دەدات ئەو دامەزراوانەی لەسەر مەوداکەدا بەرەو کۆتاییەکەی تایبەت بە زانیاریی شۆڕ دەچەمێنەوە، وێ دەچێت بەسەر ئەوانەی بەرەو ئاراستەی سەرگەرمی شۆڕ دەبنەوە، زاڵ بن. لە کاتێکدا کە تۆنی ناودار/ناوزڕاوی ناو دیمانەی واڵترز و لوینسکی تایبەتمەندیی هەواڵی تەلەڤزیۆنیی زۆر زیاتر بوو، ئەو گۆڕانە بەرەو زانیاری-سەرگەرمی ئەوەندە چەکەری نەکردووە و رەنگە بەباشترین شێوە لە خزمەت دابەزاندنی خێرای جەماوەری

609. People

پرۆگرامە هەواڵییەکانی تەلەڤزیۆنی بوویێت و، هەمیشە هەر وا بووە.

وەک چۆن کۆچەرانی ١٨٩٠ەکان لە سەدەی بیستەمدا بۆ چینی ناوەڕاست بەرز بوونەوە، ورووژێنەرایەتیی ڕۆژنامەوانیی زەرد[٦١٠] جێگەی بۆ شێوازی سەلاری نیویۆرک تایمز چۆڵ کرد. لە ١٩٢٠دا بۆ نموونە نیویۆرک وێرڵدی جۆزێف پولیتزر بووبووە ڕۆژنامەیەکی تەواو وێژەیی. کاتێک جۆش و وڕێنەی ساڵە خرۆشێنەرەکانی دەیەی بیستەم جێگەی بۆ تینی خەمۆکێ بەردا، سەردەمی ناوبانگی ڕۆژنامەکانی ورووژێنەر و شەیدایانی گوتەگوت وەک واڵتر وینچێلی[٦١١] ناوداری رادیۆیی و ستوونووسی ڕۆژنامە، شوێنی دا بە ڕژدییەکی نوێ کە لە ماوەی شەڕی سارددا بەردەوام بوو. ئەوانەی رزگاریان بوو لە شەڕە ڕۆژنامەییە گەورەکانی ١٩٦٠ەکانەوە کە تێیاندا زۆربەی شارەکان بوونە شاری تاک ڕۆژنامەیی، ڕۆژنامە ورووژێنەرەکانی تیراژ بەرز نەبوون، بگرە ڕۆژنامەی ڕژدی هەر شارێک بوون- واشینتۆن پۆست و نیویۆرک تایمز و لۆسانجلێس تایمز و فیلادێلفیا ئینکوایرر و بۆستن گلۆب و بێ ژمار ڕۆژنامەی تر. ئەوە بۆ تەلەڤزیۆنیش ڕاست بوو. تۆڕی هەواڵیی تەلەڤزیۆنی زاڵ هەمیشە ئەوەیان بووە گەورەترین ژمارەی نووسینگە هەبووە و زیاتر لە هەموان خۆی بۆ دابینکردنی هەواڵی ڕژد بەخت کردووە، جا چ ئەوە زێ هانتلی- برینکلی ریپۆرتی ١٩٦٠ەکان بوویێت، چ زێ سی بی ئێس ئیڤینینگ نیوزی[٦١٢] واڵتر کرۆنکایت لە ١٩٧٠ەکان یان وێرلد نیوز تونایتی[٦١٣] پیتێر جێنینگز[٦١٤] لە ناوەڕاستی ١٩٨٠ەکانەوە بۆ ناوەڕاستی ١٩٩٠ەکان.

لێکۆڵینەوەیەکی پرۆژەی کارامەیی لە ڕۆژنامەوانیدا لە نێوان ١٩٩٨ و ٢٠٠٢دا شێوازێکی لێکچووی تەنانەت لەناو هەواڵی تەلەڤزیۆنیی ناوەخۆییشدا دۆزییەوە. ئەو هەواڵانەی سەروو ٦٠ چرکە کە ئاستێکی بەرزتری گرینگی و چاونەترسی و هاوسەنگی و رەوایی و پێوەستی بە کۆمەڵگە و نەبوونی هەوەسبزوێنەرایەتییان هەبوو، بەبەراورد لەگەڵ پرۆگرامێکی تایبەت بە هەواڵی کوالێتی نزم جەماوەرێکی باشتریان هەبوو و بەشێکی زۆری جەماوەرە سەرەتاییەکەی خۆیان بۆ ماوە.

---

610. Yellow Journalism یان ڕۆژنامەگەریی ورووژێنەر
611. Walter Winchell
612. The CBS Evening News
613. World News Tonight
614. Peter Jennings

بەڵگە ئاماژە بەوە دەدات پەلکێشکردنی جەماوەر تەنیا لە ڕێگەی تێکەڵکردنیان وەک ستراتیجییەکی کاری بۆ ڕۆژنامەوانی لە کۆتاییدا شکست دێنێت، ئەمەش بەهۆی سێ هۆکاری سادە بەڵام ناچارەکییە.

یەکەمین ئەوەیە ئەگەر تۆ تەنیا شتی پووچ و سەرگەرمی بە خەڵک بدەیت، ئارەزوو و چاوەڕوانییەکانی هەندێکی خەڵک بۆ شتی تر هەڵدەپرووکێنیت. ئەمە یەکجار ڕاستە بۆ ئەو خەڵکانەی بەهۆی بێ مەیلی و کات و سەرچاوەکانەوە کەمتر بەدوای جێگرەوەیەک دەگەڕێن. ئێستا زۆرێک لە هەواڵەکانی تەلەڤزیۆنە ناوخۆییەکانی تووشی ئەم گرێکوێرە بوونەتەوە. بەگوێرەی زانیارییەکانی ئینسایت ریسێرچ[٦١٥]، دامەزراوەیەکی پێشەنگ لە کالیفۆرنیا بۆ لێکۆڵینەوە لە جەماوەری تەلەڤزیۆنی، "لەوانەی تەماشای هەواڵی تەلەڤزیۆنی ناوخۆیی دەکەن، زیاتر لە نیوەی ئەوانەیان کە لێکۆڵینەوەیان لەسەر کرا، ئیتر بۆیان گرینگ نییە تەماشای چ وێستگەیەک دەکەن".

کێشەی دووەمی درێژخایەنی ستراتجیای زانیاری-سەرگەرمی ئەوەیە دەسەلاتی دامەزراوەی هەواڵی بۆ وەشاندنی هەواڵی رژدتر لەناو دەبات و ئەو جەماوەری داوای ئەو هەواڵانە دەکەن دوور دەخاتەوە. ئەمەش هەروەها لە هەواڵی تەلەڤزیۆنە ناوخۆییەکاندا رووی داوە. لێکۆڵینەوەیەکی توێژەرانی نیوز لەبی[٦١٦] زانکۆی ئیندیانا[٦١٧] بۆ نموونە دۆزییەوە پێنج لەو حەوت هۆکارە سەرەکییەی خەڵک واز لە هەواڵی تەلەڤزیۆنیی ناوخۆیی دێنن ئەوەیە ناوەڕۆکی نییە (دوو هۆکارەکەی تر ئەوە بوون خەڵک لەماڵەوە نەبوو یان یەکجار سەرقاڵ بوو). ئەم لێکۆڵینەوەیە نەک تەنیا بە تێگەیشتنی زۆرێک لە هەواڵکارە ناوخۆییەکان بگرە لەلایەن لێکۆلێنەوەی هەڵسەنگێنەری تریشەوە پشتڕاست کراوەتەوە. بەگوێرەی زانیاریی تری ئینسایت ریسیرچ " دوورکەوتنەوە لە هەواڵی ناوچەیی لە ١٠ ساڵی رابردوودا دوو ئەوەندە زیادی کردووە". هۆکارێکی ئەوە بووە "پتر لە نیوەی ئەوانەی لێکۆڵینەوەیان لەسەر کراوە هەست بەوە دەکەن زۆربەی وێستگەکان کاتێکی یەکجار زۆر دەگرن بە رووماڵکردنی هەمان هەواڵەکان بە دووبارە و دووبارەکردنەوەیان".

615. Insite Research
616. News Lab
617. Indiana

له کۆتاییدا ستراتجیای زانیاری–سەرگەرمی وەک پلانێکی کاری ناتەواوە، چونکە کاتێک تۆ هەواڵەکەت دەگۆڕیت بۆ سەرگەرمی، تۆ لەگەڵ خاڵە بەهێزەکانی میدیاکانی تر رکابەرێتی دەکەیت نەک هی خۆت. هەر چۆن هەواڵەکە دەتوانێت رکابەرێتیی سەرگەرمی یان زاراوەکانی سەرگەرمی بکات؟ بۆچی داوای شتێکی وا بکات؟ نرخ و پەلکێشیی هەواڵ لە جیاوازبوونیدایە. لەسەر پێوەستبوونەوە دامەزراوە. هەرچەندە ستراتجیای زانیاری – سەرگەرمی رەنگە لە کورت مەودادا جەماوەر راکێش بکات و رەنگە بەرهەمهێنانی هەرزان بکەوێت، بەڵام جەماوەرێکی رووکەشی کۆ دەکاتەوە، چونکە لەسەر فۆرم نەک ناوەڕۆک دامەزراوە. ئەو جۆرە جەماوەرەش روو دەکاتە "پڕجۆشترین" شتی تر، چونکە لەسەر بناخەی ئیسفنجیی جۆشهێنەرایەتی دروست بووە.

ئەم کێشانەی وەک جەماوەرێکی پەرتبووە، رۆژنامەوانی ئەستەم ناکەن تەنیا سەختی دەکەن. رۆژنامەنووسانی سەرکەوتوو لەوانی تەوەزەل و چاکە لە خراپە و تەواو لە یەکجار هەوەسبزوێن جیا دەکەنەوە.

بۆچی رۆژنامەنووسان ئەم مێژووە لەکیس دەدەن؟ نەبوونی پێوەندی هۆکارێکە. پاش ئەوەی دەروونزانانی پەروەردەیی ویلیام دێیمن و هاوارد گاردنر[٦١٨] لە رۆژنامەنووسانیان کۆڵییەوە، یەکێک لە راتەکێنترین بەرەنجامەکان ئاستی گەیاندنی وانەکانی نەوەیەک بووە بۆ نەوەیەکی تر لەناو رۆژنامەنووسان بەبەراورد لەگەڵ پیشەوەرانی تر. جگە لەوەش، نەک تەنیا سیستەمی شاگردی تێک چووە، بگرە کارێکی کەم یان هیچ نەکراوە بۆ جێگرتنەوەی سیستەمەکە. پەروەردەی رۆژنامەوانی بەگشتی لەلایەن رۆژنامەنووسانی کاراوە بایەخێکی کەمی پێ دراوە یان لانی کەم گرینگییەکەی جێی ناکۆکییە.

لەوانەیە لە هەمووان گرینگتر ئەوە بێت گێڕانەوەی جەماوەر لە رێگەی چیرۆکبێژییەکی باشتر و دژوار و کاتگر و بەتێچوو بێت. لە ئەنجامدا کاتێک پیشەسازیی هەواڵی هەوڵ دەدات جەماوەری کەمبووە بدوێنێت، زۆربەی جار دەپرژێتە سەر ئەو نیگەرانییانە بەڕێوەبردنیان ئاسانترە، برەودان بە بودجەگەلی بازاڕدۆزینەوە و کەمکردنەوەی تێچووەکان و گۆڕینی هەواڵبیژان یان دروستکردنی

618. Howard Gardner

کۆمەڵێکی نوێی هەواڵی. کاتێک پیشەسازیی ڕۆژنامەیی لە ١٩٨٠کاندا هەستا بە چارەسەکردنی نەمانی جەماوەرەکەی، پرژایە سەر چوارچێوە و نەخشەسازی و ڕەنگ. ئەو نموونە بەرزانەی لە ١٩٨٠کاندا بۆ دروستکردنی ئەو بەشانەی ڕۆژنامە کە بۆ کەسانی بەدەر لە خوێنەران بوون و لەلایەن گرووپی نووسیارانەوە پەرەیان پێ درا، بەواتای وشەوە دەبووایە کۆپییەکی هەواڵەکانیان لەو شوێنانە دابەزاندبایە کە لەسەریان نووسرابوو "دەقەکە دەچێتە ئێرە. دەقەکە دەچێتە ئێرە. دەقەکە دەچێتە ئێرە. دەقەکە دەچێتە ئێرە". کەس دووبارە بیری لە ڕێبازی چیرۆکگێڕانەوەیی بۆ هەواڵ نەدەکردەوە.

تاکوتەرا ڕۆژنامەنووس لە دروستکردنی هەواڵی تێکەڵکەر و پێوەندیدار، لە سەرنجڕاکێشکردنی بابەتی گرینگ و گرینگ پێشاندانی بابەتی سەرنج ڕاکێش سەرکەوتوون. بەڵام وەک ویلیام دێیمن دۆزیویەتەوە، زۆربەی کات ئەو ڕۆژنامەنووسانە ئەوانەن کە خۆفێرکارن و لە ڕێگەی هەوڵدان و هەڵەکردنەوە و بەپلەی دووەمەوە لە ڕێگەی وەرگرتنی بیرۆکەکانی هاوەڵانیان بەهەوڵی خۆیانەوە فێر بوون. باشترین بیرۆکەکان یەکجار باو نین.

ئێمە لێرەدا ناتوانین وا بنوێنین ئینسایکلۆپیدیایەکی ڕێبازەکان بۆ ناچارەکیترکردن و پەلکێشترکردنی چیرۆکبێژی- بۆ سەرنجڕاکێشترکردنی بابەتی گرینگ- پێشکێش دەکەین. ئەوە کتێبێکی جیاوازی دەوێت. بەڵام ئێمە دەمانەوێت لە کۆمەڵێک بابەتی چمکیانەتر بڕوانین کە ڕەنگە یارمەتیدەر بن بۆ هاووڵاتییان، هاووڵاتییانی ڕۆژنامەنووس و ڕۆژنامەنووسانی پیشەیی بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی جیاواز بیر لە چیرۆکبێژی بکەنەوە.

سەرەتا باسکردنی کێماسییەکە بەسوودە. بەگوتەی ئەو ڕۆژنامەنووسانەی لەگەڵیان دواین، بەشی زۆری چیرۆکبێژیی کۆنی ڕۆژنامەوانانەی وێ دەچێت کۆمەڵێک کەموکووڕیی هاوبەشی هەبێت. ئەوانەش ئەمانە لەخۆ دەگرن:

کەسایەتی بوونی نییە-سەرچاوەکان دەبنە نموونە نەک خەڵکی ڕاستەقینە.

کات وەستێنراوە بۆ ئەوەی هەموو شتێک یان دوێنێ یان ئەم ئێوارەیە ڕووی دابێت.

زانیارییەکە بۆ تاکە جەماوەرێک داڕێژراوە نەک ژمارەیەکی زۆر.

هەواڵ وەک گفتوگۆی سەرچاوەکانی ناوەخۆییەوە پێشکێش کراوە.
هەواڵەکان مانایەکی گەورەتر نابەخشن.
هەوڵێکی کەم هەیە بۆ بەجیهانیکردنی هەواڵی ناوەخۆیی یان پێچەوانەکەی.
چیرۆکبێژی چاوەڕوانکراو و کلێشەییە.
ئینتەرنێت وەک شوێنێکی نوێ بۆ بابەتی کۆن دەبینرێت نەک وەک تەکنۆلۆجیایەکی جیاواز.

## هەندێک ڕێبازی نوێگەرانە

ئەگەر پیشەسازیی رۆژنامەوانی بەدوای باشترین بەرژەوەندیدا گەرابایە، بەراوردی بۆچوونەکانی کردبایە و بەدوای بیرۆکەگەلی ناباوی لەناو هەموو میدیادا گەڕابایە، کۆمەڵێک بیرۆکەی نوێی ناچارەکیی دەدۆزییەوە.

یەکەم بیرۆکە ئەوەیە چیرۆکبێژیی باشتر بەوە دەست پێ ناکات تۆ دانیشیت بۆ نووسیاریکردنی هەواڵ یان ڤیدیۆیەک، بۆ نووسینی دەقێک یان ئەوەی بۆ نووسینی هەواڵێکی گێڕانەوەیی تا کۆتایی تەماشای شاشە بکەیت. شتەکە هەر پێش ئەوەی بۆ هەواڵنێری بچیت، دەست پێ دەکات و پێوەندیی بە گوزارشکردن بەشێوەی جیاواز و چوون بۆ لای سەرچاوەی جیاواز و پرسینی پرسیاری جیاوازەوە هەیە.

## جەماوەر کێیە و چ شتێکی پێویستە بزانێت؟

زۆربەی جار رۆژنامەنووسان هەواڵێک بە "وەدەستهێنانی پارچە رۆژنامەکان" و پێداچوونەوە بە زانیارییەکانی ناو کۆمپیوتەر و خێراکردن و پاشان گوزارشکردن لە نوێترین پەرەسەندنەکان دەست پێ دەکەن. بەڵام ئەمە رەنگە هەواڵەکە سنووردار بکات.

کۆمەڵێک رۆژنامەنووس ئێستا پشتیوانی لە ڕێبازێکی جیاواز دەکەن. بۆ هەر ئەرکێک رۆژنامەنووسان پێویستە ئەو پرسیارانەی خوارەوە بکەن و پێویستە جەماوەریش بتوانێت بیاندۆزێتەوە:

* ئەم هەواڵە لە راستیدا لەبارەی چییە؟
* جەماوەری ئەم هەواڵە کێیە و ئەم خەڵکە چ جۆرە زانیارییەکی پێویستە بۆ ئەوەی

بڕیار لەسەر بابەتەکە بدات؟

* کێ زانیارییەکەی لەلایە؟

* باشترین ڕێگە بۆ گێڕانەوەی هەواڵەکە چییە؟

ئەم پرسیارە سادانە دەتوانن جیاوازییەکی گەورە دروست بکەن. ڕۆماڵەکە دەبەن بەئاراستەی هاووڵاتیدا – سەرەتا جەماوەر– و لە گرووپە بەرژەوەندیخوازەکان و سەرچاوەکانی ناوەخۆیی و بەشدارانی ڕاستەوخۆی تر دووری دەکەنەوە. ئەو پرسیارانە هەروەها ڕۆژنامەوانی بەرەو کۆمەڵێکی نوێی سەرچاوەکان کە لە پارچە ڕۆژنامە کۆنەکاندا نین ئاراستە دەکەن، ئەگەر هاتوو سەرچاوەکانی بەردەستکراو لەلایەن دامەزراوە هەواڵییەکان نەتوانن ئەو پرسیارانەی هاووڵاتییان پێویستیانە وەڵام بدەنەوە. ئەم پرسیارانە رووماڵەکە دوور دەخاتەوە لە رووتینەکانی هەواڵی پێشوو، کە ڕەنگە جەماوەرەکەی زیاتر لەوەی چاوەڕوان کراوە، بەرتەسک کردبێتەوە.

## پێناسەیەکی نوێ بۆ کێ، چی، کەی، کوێ، بۆچی و چۆن

ڕۆژنامەنووسان دەتوانن دووبارە بیر لە توخمە سەرەکییەکانی هەواڵ– کێ، چی، کەی، کوێ، بۆچی و چۆن– بکەنەوە. ڕۆی پیتەر کلارک، پرۆفیسۆری نووسین لە پەیمانگەی پۆینتر لە سێینت پیتیرزبورگی فلۆریدا، دەقاودەق ئەو کارەی کردووە. ساڵانێک لەمەوبەر کلارک بە بیرۆکەکانی ریک زاهلەری[619] نووسەر و نووسیاری خەڵکی سیاتڵ[620] ئاشنا، کە پێی وابوو هەواڵنووسی ڕووداوی بەجووڵەی وەرگرتووە و فریزی کردوون. زنجیرە کاتییەکان تەنیا بوون بە دوێنێ. شوێن بوو بەهێڵی شوێن و ڕێکەوتی هەواڵ. زاهلەر دەیویست هەواڵ "بتوێنێتەوە" و شتەکان بخاتە جووڵەوە. ئێستا کلارک بەپشتبەستن بە بیرۆکەکانی زاهلەر لە چۆنیەتیی ئەنجامدانی ئەو کارە دەدوێت.

کلارک دەڵێت "کێ دەبێتە کەسایەتی. چ شتێک دەبێتە نەخشەکە. کوێ دەبێتە شوێن و کاتەکە. بۆچی دەبێتە پاڵنەر یان هۆکارەکە". لە دواییدا "چۆن دەبێتە چیرۆکبێژی" یان ئەو شێوازەی هەموو توخمەکان لەگەڵ یەک بگونجێن. کلارک زۆربەی جار ئاماژە بەوە دەدات لە سەرەتای ڕۆمیۆ و جولێتدا شێکسپیر لە یەکەم

619. Rick Zahler
620. Seattle

هەشت دێری هەڵبەستەکەدا هەموو راستییەکانی چیرۆکەکە دەڵێت، بەلەخۆگرتنی کۆتاییەکەشی. کەواتە چ شتێک دەمێنێتەوە بۆ گوتن ؟ وەک روونی دەکاتەوە، دوو سەعاتەکانی تری شانۆیەکە هەموو وردەکارییە پێویستەکان پڕ دەکاتەوە. کلارک دەڵێت "ئێمە زۆربەی جار هەواڵەکە دەدەین، بەڵام تۆ هێشتاش دەتەوێت بزانیت چۆن رووی داوە. لە سەرەتادا چۆن مۆنیکا لوینسکی گەیشتە کۆشکی سپی. چیرۆکبێژی ئەو رێگەیە بەهۆیەوە وەڵامی پرسیاری (ئەوە چۆن رووی دا) دەدەینەوە".

ئەگەر ئێمە کێ بە کەسایەتی دابنێین، چی بە نەخشە و کوێ بە کات و شوێن و چۆن بە چیرۆکبێژی، ئێمە دەتوانین زانیاری و چیرۆکبێژی ئاوێتە بکەین. هەواڵ نابێتە بەتەنیا زانیاری بگرە واتاش. ئەنجامدانی ئەوەش کە ئەوەندە بەرێکەوت نییە، پێویستیی بە گوزارشکردنی زیاتر و زانخوازیی پتری هەواڵنێر هەیە. جەک هارت[٦٢١]، نووسیاری بەڕێوەبەر و راهێنەری نووسین لە ئۆرێگۆنیەن، دەڵێت ١٥ تا ٣٠ ئینج درێژییەکی ماقووڵە بۆ هەواڵێکی گێڕانەوەی کە دەکرێت لە رۆژێکدا دروست بکرێت. بیرۆکەکە ئەوەیە بەدواداچوون بۆ کەسایەتییەک بکەیت کە تووشی ئاڵۆزییەک بووە و پێشانی بدەیت چۆن چارەسەی دەکات. ئەمەش دەکرێت لە رێگەی چەماوەیەکی پێنج پارچەی چیرۆکبێژی ئەنجام بدرێت. سەرەتا پێشەکی دێت کە تێیدا کەسایەتی و ئاڵۆزییەکە پێناسە دەکرێن. دواتر پەرەسەندنی کارەکە دێت، ئەوەش ناوەرۆکی هەواڵەکەیە کە کۆسپەکانی بەردەم چارەسەی ئاڵۆزییەکە پێشان دەدات. ئەوانەی دواتر دێن خاڵی تێگەیشتن یان ئەو ساتەیە کەسایەتییەکە شتێک دەدرکێنێت و چارەسەرەکەشە، کاتێک ئاڵۆزییەکە چارەسەر دەکرێت. کۆتاییەکەش کۆتاییی کارەکەیە، دەرفەتێک بۆ توندوتۆڵکردنی سەروبنە سستەکان.

## تاقیکردنەوەی تەکنیکە نوێیەکانی چیرۆکبێژی

باوترین شێوازی چیرۆکبێژی لە رۆژنامەوانیدا بەشێوەیەکی بەرچاو سنووردارە. لەگەڵ ئاڵۆزتربوونی رۆژنامەوانی و فراوانتربوونی بابەتەکان زۆرێک لە باشترین رۆژنامەنووسان تێ گەیشتوون شێوازەکە ناتەواوە. ویلیام ویتێکری[٦٢٢] سی بی ئێس نیوز بە هاوکارانی لێکۆڵەوانی ئەکادیمیی ئێمەی گوت "هەندێک جار تەنیا بە

621. Jack Hart
622. William Whitaker

دەستپێکردن لە A و چوون بۆ Z باشترین کار نییە. هەندێک جار تۆ لە ناوەڕاستدا دەست بۆ L، M، N، O، یان P دەبەیت و لە سەرەوەی دادەنێیت، چونکە ئەوێ ئەو خاڵەیە باشترین مانا دەبەخشێت و ئەوەش ئاسانترین شتە بۆ تێگەیشتنی خەڵک و ئەوەش هەواڵەکە دەخاتە بەر دید".

تۆد هەنسن[٦٢٣] سەرنووسیار لە حەفتەنامەی گەپی ئۆنیەن[٦٢٤]، بە ئۆنلاین جۆرناڵیزم ریڤیووی[٦٢٥] گوت بەشی زۆری گەپی کۆوارەکەی ئەو لەو نابەجێبوونەوە سەرچاوە دەگرێت کە تایبەتمەندیی زۆر رۆژنامەیە. کۆوارەکە سەردێری وەک "کونگرێس ٤ بیلیۆن دۆلار بۆ ردێن پەسند دەکات" و "بەهۆی ئارەزووی کچان بۆ بوون بە دوکتۆر و پارێزەر جەماوەری سیرک و شازادە پەری لە داکشاندایە"، پێشان دەدات.

## تێکەڵکارترین شێواز

جەکی باناژینسکیی[٦٢٦] براوەی خەڵاتی پوڵیتزر دەڵێت رێگەیەک بۆ وەدەستهێنانی هەواڵی جیاواز لەبارەی بابەتێکەوە ئەوەیە لە حەوت رێگەی جیاواز و بە هەشت شێواز بۆی بچیت. هەر هەموویان لەگەڵ بابەتێکی دیاریکراودا ناگونجێن، بەڵام ئەم راهێنانە خێرایە بۆ راتەکاندنی مێشک دەتوانێت گەنجینەیەک بیرۆکە بۆ گوزارشکردن لەبارەی هەواڵێکی دیاریکراوەوە دروست بکات:

١- وەسفێک. خەڵکی پشت هەر هەواڵێک بدۆزەوە، ئەو کەسانەی بابەتەکەیان لەدەستدایە. تۆ دەتوانیت نەک تەنیا وەسفی کەسێک بکەیت بگرە وەسفی شوێنێک و رووداوێک و تەنانەت تەلارێکیش بکەیت.

٢- بەشی روونکردنەوە. بە خوێنەران بڵێ بۆچی شتێک روو دەدات یان چۆن شتێک کار دەکات.

٣- کێشەکان و هەواڵە مۆدەکان. لە خۆت بپرسە ئاخۆ وێنەیەکی گەورەتر هەیە بۆ لێکۆڵینەوە. مۆدەکان بەتەنیا لە کولتوور و شێوەژیاندا نین: بیر لە تاوان و ئابووری بکەوە.

---

623. Todd Hanson
624. Onion
625. Online Journalism Review
626. Jacqui Banaszynski

٤- لێکۆڵەوانی. لە سەرپێچییەکان بڕوانە "بەدوای پارەدا بچوو"، شەرِەدەسەڵات شی بکەوە و سوود لە بەڵگەکانی بەردەست وەربگرە.
٥- چیرۆکبێژی. هەواڵێکی هەڵگری کەسایەتی و شوێن و گرژی.
٦- رۆژێکی وەسفکاریی ژیان. جێگرەوەیەکە بۆ چیرۆکبێژی کە دەپرژێتە سەر ساتێکی دیاریکراو وەک گەڕانێک لەگەڵ پۆلیس یان سەردانێکی مۆزەخانەیەکی نوێ.
٧- دەنگەکان یان هەواڵێکی روانگەیی. خەڵک بێنە بۆ ئەوەی هەواڵەکە بەشێوەیەکی بێ هاوتا بڵێن: پرسیار و وەڵام، مێزگردی گفتوگۆ، پەیڤەیەک لە گوتەی خوازراوە یان وێنەی رۆژنامەیی.
٨- هەواڵی دیتەنی. وێنە، هێڵکاری یان روونکردنەوەکان رەنگە باشترین رێگە بن بۆ گەیاندنی هەندێک هەواڵ.

## کاتژمێری زیخی

لە سەرەتای ١٩٩٠ەکاندا کلارک تێبینیی ئەو شتەی کرد کە بە دارِشتەی "کاتژمێری زیخی" ناوی برد. "ئەوە بەتەواوەتی چیرۆکبێژی نییە. بەتەنیا هەرەمی پێچەوانەش نییە... فۆرمێکە کە بەهۆیەوە تۆ دەست بە گوتنی هەواڵەکە دەکەیت، رووداوەکە دەگێڕیتەوە و پاشان هەرەمەکە درزێکی دەبێت و دێرێک دێت کە دەستپێکی چیرۆکبێژییەکەیە کە زۆربەی جار زنجیرەییە، وەک ئەوە "رووداوەکە کاتێک دەستی پێ کرد کە..."، لەو خاڵەدا هەواڵەکە دەتوێنرێتەوە و بەشێوەیەکی سەرنج ڕاکێشتر و زۆربەی جار راستەقینەتر دەردەبڕێت.

## داهاتووی پرسیار و وەڵام

لە کۆنفرانسێک بۆ لێکۆڵینەوە لە شێوازە نوێیەکانی پێوەندیکردن لەگەڵ هاووڵاتییاندا، جەی رۆزن[٦٢٧]، پرۆفیسۆری رۆژنامەوانی لە زانکۆی نیویۆرک و رەخنەگرێکی سەرسەختی کولتووری چاپەمەنی، گوتی ئەو شێوازی پرسیار و وەڵام بە رێگەیەکی بەهێز بەڵام کەم بەکارهاتوو دەزانێت. شێوازەکە رۆژنامەنووسان ناچار دەکات کەرەستەکە لە چوارچێوەی ئەو شتانەدا بن کە رەنگە هاووڵاتییان پرسیاریان

627. Jay Rosen

لێ بکات. هەروەها دەرفەت بە هاووڵاتییان دەدات هەڵسەنگاندنێک بۆ هەواڵەکە بکەن و لە هەر شوێنێک ویستیان بۆ هەواڵەکە بچن لە بریی ئەوەی ناچار بن لە سەرەتاوە تا کۆتاییەکەی بخوێنەوە. بەشێوەیەکی سەرنج ڕاکێش ئەمە لەسەر شێوازی پرسیاری زۆر کراوە (FAQs) بووەتە شێوازێکی ویستراو لەسەر ماڵپەڕەکان.

## چیرۆک بەشێوەی ئەزموون

مایکڵ هێر[٦٢٨]، کە کتێبەکەی بەناوی دیسپەچیز[٦٢٩] بە یەکێک لە باشترین کتێبەکانی سەرچاوەگرتوو لە شەڕی ڤێتنام دادەنرێت، بە یەک هەنگاو بەرەوپێشبردنی تەکنیکی " فلای ئۆن زێ وۆڵ"ی[٦٣٠] گەی تێیلز[٦٣١] ڕەهەندێکی تری بۆ گوزارشکردن لەبارەی شەڕەوە زیاد کرد. هێر نەک تەنیا وردەکاریی فراوانی کۆ کردەوە کە ئەو جۆرە گوزارشکردنە داوای دەکرد، بگرە دەرفەتی بە سەربازەکان دا بۆ خۆیان قسە بکەن و کەرەستەکەی نەک تەنیا بۆ گێڕانەوەی چیرۆکە سەربازان، بگرە بۆ داگیرکردنی مێشک و هزریان هەڵدەبژارد. وەک ئاڵفرێد کەزین[٦٣٢] لە خوێندنەوەیەک بۆ کتێبەکە لە ئێسکوایردا[٦٣٣] نووسی "هێر لە هەموان باشتر بۆ ئەو.... نەریتە سەختە چوو کە تێیدا پیاوانی گۆڕەپانی شەڕ پێشانیان دەدا باش و لە ڕاستیدا بێ نرخن".

## بەسەری لووتەوە دیار بوون

داگ مارلێت[٦٣٤]، نووسیاری کاریکاتۆریست کە خەڵاتی وەرگرتووە و هەروەها شانۆ و سیناریۆی فیلم و ڕۆمانێکی نووسیوە، دەڵێت گەورەترین کێشە لە هەواڵدا ئەوەیە بەشێکی زۆری بەشێوەیەکی ئاسایی "بێزارکەرە". مارلێت دەڵێت "کاتێک تۆ بێزار

---

628. Michael Herr

629. Dispatches واتە ناردنی سوپا

٦٣٠. Fly on the Wall مێشی سەرا دیوار بەمانای چاودێرێکی هەستپێنەکراوە. تەکنیکەکە کە زیاتر لە ڕۆژنامەکەری یان جۆرە چیرۆکبێژییەکدا بەکار دێت کە نووسەر هیچ بیر یان هەست یان بۆچوونی کارەکترەکان وەسف ناکات و لەجیاتی تەنیا بۆچوونێکی بێ لایەنەی بابەتیانە پێشکەش دەکات.

631. Gay Talese

632. Alfred Kazin

633. Esquire

634. Doug Marlette

دەبیت، ئیتر فێر نابیت و پێوەندیکردنەکە سەر ناگرێت". هۆکاری سەرەکیی ئەوەیە "تۆ هەرگیز سەرسام نابیت". لە شانۆدا زاراوەیەک بۆ ئەم بێزارییە هەیە. پێی دەگوترێت "بەسەر لووتەوە دیاربوون" کە "ئەو کاتەیە تۆ شتێک بە خەڵک دەڵێت کە ئەوان بۆ خۆیان دەیزانن."

مارلێت دەڵێت لە هەواڵدا "ئەوە گوتنە نەک نواندن، وانەگوتنەوەیە، پەروەردەکارییە. ئەو ساتەیە کە لەسەر تەلەڤزیۆن پەیامنێرەکە ئەو شتەی جەماوەر بۆ خۆیان وا دەیبینن پێیان دەڵێت". ساتێکە کە هەواڵێکی رۆژنامە لەسەر خاڵێک یەکجار هەڵوەستە دەکات لە جیاتیی بەرەوپێش بچێت.

ئێمە چۆن دەتوانین هەواڵ لە بەسەر لووت دیاربوونەوە بپارێزین؟

## وێنەکانی ناو مێشک

رێگەیەک ئەوەیە یارمەتیی خەڵک بدەیت بۆ خۆیان لەناو مێشکیان وێنا بکەن لە بریی ئەوەی ئەو وێنانەیان بۆ بکێشیت. ئانی لەنگ[635] کە وانەی تێلێکۆمیونیکێیشن دەداتەوە و پەیمانگەی لێکۆڵینەوە لە پێوەندییەکان لە زانکۆی ئیندیانا بەڕێوە دەبات، دەڵێت لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی بەئاشکرا هێزی وێنە هزرییەکان، بەلەخۆگرتنی مەجازەکانیشی سەلماندووە. "هیچ شتێک مەترسیدارتر نییە لەوەی بە کەسێک بڵێت (مارێک لە پشتتەوەیە). ئەوە یەکجار بەهێزترە لەوەی مارەکەی پێشان بدەیت".

## گرێدانی هەواڵەکە بە بابەتی قووڵتر: پەردەهەڵماڵین

جۆن لارسنی[636] پەیامنێری ئێن بی سی نیوز پێی وایە سەرسامبوون کلیلی چیرۆکبێژییە. بەڵام ئەو هەروەها دەڵێت " سەرسامکردنیان بەشێوەیەکی بەمانا. نەک تەنیا شۆککردن و راتەکاندنیان". لە پرۆگرامی لارسن بەناوی دێیتلاین ئەوە بە "پەردەهەڵماڵین" ناو دەبردرێت. لە مێشکی لارسندا باشترین جۆری پەردەهەڵماڵین کاتێک دەبێت کە هەواڵێک لە جۆرە ناوەڕۆکێکی چاوەڕواننەکراوی قووڵترەوە گرێ دەدرێت. ئەو کاتەیە هەواڵەکان "لەسەر ئاستێکی سەرەتایی پێمان دەگەن. باس لە خۆشەویستیی دایکێک بۆ منداڵەکەی و شانازیی زەلامێک بە وڵاتەکەی،

635. Annie Lang
636. John Larson

فراوانخوازی، چاوبرسێتی و ئیرەیی دەکەن. لە هەواڵە باشەکاندا شتێکی یەکجار گرینگ هەمیشە بەشێوەیەکی یەکجار ساکار لە گەڕدایە". ئەم ناوەڕۆکانە لەلایەن رۆژنامەنووسانەوە دەرنابڕێن بەڵام بەو ڕێگەیەی رۆژنامەنووسان مامەڵە لەگەڵ کەرەستەکە دەکەن، دەردەکەون یان ئاشکرا دەبن- لە ڕێگەی گوتەی وەرگیراوی بەجێ، وێنەی گیراوی گونجاو بۆ سەر تەلەڤزیۆن یان تێڕوانینی دوو کەس بەرامبەر بە یەکتری کاتێک لەگەڵ یەک قسە ناکەن. وەک لارسن دەڵێت "هەواڵە باشەکان دەتگەیەنن بە راستی، بەڵام خۆیان راستییەکەت پێ ناڵێن".

ئەم لێکگرێدانی کەرەستە و ناوەڕۆکی گەورەتر ئەو شتەیە رۆبێرت کارۆ[٦٣٧] لەگەڵ زێ پاور برۆکردا[٦٣٨] یان دەیڤید هاڵبێرستەم[٦٣٩] لە زێ پاورز زەت بی[٦٤٠] یان ئێچ جی بیسینگر[٦٤١] لە فرایدێی نایت لایتس[٦٤٢] یان تۆم وولف لە زێ رایت ستافدا[٦٤٣] کردوویانە. کارۆ، ژیننامەنووسی سەرۆک لیندن جۆنسن و رۆبێرت موسسی دەڵاڵی دەسەڵات لە نیویۆرک، دەڵێت ئەم چمکە ڕێنوێنیکاری ژیانی کاریی ئەو بووە. کاتی نووسینەوە لەبارەی موسسەوە، بیرۆکراتێکی کەم ناسراوە کە شاری نیویۆرکی گۆڕی، کارۆ دەیویست شتێکی پتر لە پەردەهەڵماڵینێک بکات. "ئەوەی دەمویست بیکەم روونکردنەوەی چۆنیەتیی کارکردنی دەسەڵاتی سیاسی بوو، چونکە من هەواڵنێر بووم و بواری سیاسیم رووماڵ دەکرد و هەستم کرد من لە ڕاستیدا ئەو شتەم روون نەدەکردەوە کە بۆ راڤەکردنی تێکەڵ بە کاری رۆژنامەوانی بووبووم، کە ئەمەش چۆنیەتیی کارکردنی دەسەڵاتی سیاسی بوو و بەشێکی زۆری دەچووە سەر ئەو پیاوە، رۆبێرت موسس، بەشێکی زۆر لەو شتەی من لێی تێ نەدەگەیشتم. ئێستا کەسێک هەبوو کە هەرگیز بۆ هیچ پلەیەک هەڵنەبژێردرابوو و خەریک بوو تێ دەگەیشتم ئەو دەسەڵاتێکی پتری هەیە لەوانەی پارێزگار یان شارەوان بوونە".

637. Robert Caro
638. The Power Broker
639. David Halberstam
640. The Powers that Be
641. H. G. Bissinger
642. Friday Night Lights
643. The Right Stuff

## کەسایەتی و وردەکاری لە هەواڵدا

ڕۆژنامەنووسانی تر پێیان گوتین ئەوان کەسایەتی بە کلیلی ڕاکێشانی خەڵک بۆ هەواڵەکان دادەنێن. ئەمەش زۆربەی جار لەو وردەکارییانەدایە کە کەسێک وەک مرۆڤ و ڕاستەقینە پێشان دەدات. کاتێک باوکی ئێلیان گونزالێز، کوڕەکەی کەشتییە تێکشکاوەکە، لە ٢٠٠٠دا هاتە ئەمەریکا بۆ دۆزینەوەی کوڕەکەی و گەڕاندنەوەی بۆ کوبا، بۆید هاپێرتی[٦٤٤] هەواڵنێری کێی ئێی ئار ئی تی ڤی[٦٤٥] لە دیمانەکەی لەگەڵ کاربەدەستانی کۆچ لە هەمووی پتر بەوە ڕاتەکا کە "باوکەکە نمرەی پڵاوەکەی (هی کوڕەکەی) دەزانی". ئەمە بۆ هاپێرت "تیشکێکی تەواو نوێی خستە سەر پیاوەکە"، پەردەی لەسەر شتێک لەبارەی پێوەندیی نێوان باوک و منداڵەکە، خۆبەختکردن و کەسایەتییەکەی هەڵماڵی.

بەشێکی زۆری ڕۆژنامەوانی ناتوانێت پەرە بە کەسایەتی بدات. خەڵکەکە کارتۆنە، ناو و دەموچاوگەلێکن کە لەگەڵ قاڵبێکی ڕۆژنامەوانیدا کونجێنراون.- کاربەدەستی لێکۆڵەوانی، بەرهەڵستکاری داکۆکیکار لە ژیان، گوتەبێژی تووڕەی کەمایەتییەک، دایکێکی جەرگسووتاو. هۆکارێکی سەرەکی بۆ ئەمە ئەوەیە خەڵکەکە ڕێگەی پێ نادرێت لەو شێوازە بدوێت کە لە ژیانی ڕاستەقینەدا پێڕەوی دەکات. لێدوان زۆربەی جار وەک ئامرازێک بەکار دێت نەک بەشێکی قووڵتری گفتوگۆیەک لە نێوان بابەتەکانی هەواڵەکە و جەماوەردا. ئەو شێوازەی دیمانەکان لە تەلەڤزیۆندا پێشان دەدرێن، هۆکارێکی سەرەکیی ترە. زۆربەی جار خەڵکەکە تەنانەت وەک کەسانی ڕاستەقینە پێشان نادرێن کاتێک لەوبەر باکگراوندی دەستکرد و ڕووناکیی یەکجار بەرزەوە وێنەیان دەگیرێت یان لە بەرامبەر تەلارێکی دەورەدراو بە مایکرۆفۆنەوە وەستاون. ئەوان تەنیا لە جیهانێکی دەستکرددا بوونیان هەیە- جیهانی هەواڵ- و زیاتر لە کاریکاتۆر دەچن نەک کەسایەتی.

ناوبردنی کەسێک بە "کاربەدەسی لێکۆڵەوانی" وەسفکردنی سەرچاوەیەکە. بەڵام "لویسی لێکۆڵەوان، پۆلیسێکی لێکۆڵینەوەی لە کوشتنی کۆچبەران[٦٤٦] .... کە

644. Boyd Huppert
645. KARE-TV

٦٤٦. Second-generation murder مەبەست لێی حاڵەتەکانی کوشتنی ئەو کەسانەیە کە سەر بەو نەوەیەن کە پاش ئەوەی دایک و باوکیان ب ئەمریکا کۆچیان کرد، ئەوان لە دایک بوون.

باوکیشی پێش ٢٠ ساڵ حاڵەتێکی هاوشێوی هەبوو" کەسایەتییە. یەکەمیان لویسی لێکۆڵەوانی کوشتن لەناو کلێشەیەکی تا ڕادەیەک رەق دادەنێت، کلێشەیەک کە بۆ مەبەستی رۆژنامەوانی گونجاوە، بەڵام رووالەتییە و لویس دەکاتە کەسایەتییەکی چەسپاو کە جیاوازیی نییە لەگەڵ هیچ کاربەدەستێکی لێکۆڵەوانی تر.

"کۆمارییەکی پلە دووی ئەندامی هاوس وێیز و مینز کۆمیتی"[٦٤٧] کلێشەیە. "بەئەزموونێکی ٣٠ ساڵانی هاوس کە بەنێزیکەیی لە دژی هەر کەمکردنەوەیەکی باج دابووە جگە لە هی تەندروستیی عەقڵییەوە نەبێت، ئەوەش پاش ئەوەی بووە باپیرەی منداڵێکی خاوەن پێداویستیی تایبەت" بۆ خۆی سەرنج ڕاکێشترە. بەڵام بۆ گەیشتن بە دووەم ئاست، بۆ گۆڕینی سەرچاوەکان بۆ خەڵک، پێویستیی بە بیرکردنەوەی پێشوەختە لە کەسایەتییەوە هەیە. پێویستی بە پرسیارکردنی جۆرەوجۆر لەبارەی کاربەدەستەکەوە، گەڕان بە دوای شتی زیاتر و زانخوازی هەیە لەبارەی کاربەدەستەکەوە وەک کەسایەتییەکی ڕێتێچوو نەک تەنیا سەرچاوەیەک. رەنگە کاتێکی زیاتر بخوازێت، بەڵام نەک زیاتر یان بە قەدەر ئەو پرسیارانەی بە خەیاڵی کەسێکدا دێن. "ئاخۆ تۆ هەرگیز حاڵەتی لەم جۆرەت هەبووە؟ ئاخۆ شێواز یان ڕێگەیەکی تایبەتت هەیە بۆ لێکۆڵینەوە؟" لە هەمووی گرینگتر کارەکە دەخوازێت کاربەدەستەکە بەچاوی کەسێک تەماشا بکرێت نەک تەنیا بۆ لێدوان یان زانیاری.

لە بواری تەلەڤزیۆندا رەنگە هەروەها بەمانای بەجیاوازی بیرکردنەوە لە فۆتۆ-رۆژنامەوانی بێت. دێیڤید تروکامۆ[٦٤٨]، دەرهێنەرێکی فیلمکار بۆ پرۆگرامی نایتلاینی ئەی بی سی، کە وێنەگر و دیمانەکار و نووسەر و نووسیاری بەرهەمەکانی خۆیەتی، هەمیشە هەوڵ دەدات کەسایەتییەکانی بە شێوازی راستەقینەی ژیانیانەوە زۆربەی جار بەدوور و درێژییەوە وێنە بگرێت- دوکانداران کاتێک لەپشت مێزی پارەن، فرۆشیاران لە کاتی لێخوڕینی ئۆتۆمۆبێلەکانیان و بازرگانان کاتێک بەرەو کۆبوونەوە دەچن. بابەتەکانی ئەو لێکۆڵینەوەی بچووکن لەسەر کەسایەتی و رای جەماوەر بەرامبەر بە بابەتەکانی ئەو گۆڕاوە، چونکە لە ناکاو خەڵکی راستەقینە دەبین-بازرگانان- و ئیتر"داکۆکیکاران" یان بەشێکی "لۆبییەک" نابین.

---

٦٤٧. House Ways and Means Committee سەرەکیترین لێژنەی باجسەپێن لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی ولاتە یەکگرتووەکاندا.

648. David Truecamo

## دۆزینەوە مەجاز یان داڕشتەی شاراوەی هەر هەواڵێک

لەوانەیە هیچ رۆژنامەنووسێکی ئەمەریکی بەڕادەی رۆبێرت کروڵیچی[٦٤٩] هەواڵنێری ئێی بی سی نیوز لە سەرنجراکێشکردنی بابەتی گرینگ داهێنەر نەبێت. کروڵیچ دەڵێت شێوازەکەی بریتییە لە دۆزینەوەی کەرەستەی شاراوەی ناو هەر هەواڵێک کە هەواڵەکە لە بیر نەچووە و راستەقینە دەکات. ئەمەش بەمانای دوورکەوتنەوە لە هاوکێشەکانە- مامەڵەکردن لەگەڵ هەر هەواڵێک وەک هەواڵێکی بێ هاوتا و رێگەدان بە کەرەستەکە بۆ ئەوەی شێوەی داڕشتنی خۆی دیار بکات. "من زۆر هەواڵی نابەرجەستە دەکەم، چونکە پێویستە ئەو مەجازە بدۆزرێتەوە کە خەڵک بەبیری دەمێنێتەوە. وەک قولاپێک وایە وەک ئەو قولاپەی کۆتەکەی پێ هەڵدەواسیت. ئەگەر قولاپەکەت هەبێت، کەواتە (وایە، ئەوە هەواڵی ئەو مریشکە بوو کە دەیخوێندەوە. وایە؟ ئەو باسی لە چی دەکرد؟ ئۆه، ئەرێ، داشکانی دراو)".

مەجازەکانی کروڵیچ زۆربەی جار یەکجار چاوەڕواننەکراون. بۆ بەهێزکردنی بیرۆکەی دابەزینی ئابووریی ژاپۆن ئەو ڤیدیۆکە هێواشتر دەکاتەوە. بۆ پتەوکردنی ئەو بیرۆکەیەی خەڵک ناتوانن وشەی (lennium mil هەزارە) رێنووس بکەن، ئەو مامۆستایەکی سەرسەختی قوتابخانە پێشان دەدات کە لەسەرەخۆ وشەکە دەنووسێتەوە.

## سوود لە هێزی ئینتەرنێت وەربگرە

زۆرێک لە ژوورەکانی هەواڵ هەستاون بە بەکارهێنانی ئینتەرنێت بۆ بەهێزترکردن و کەسێنیترکردن و تێکەڵاوترکردنی هەواڵەکانیان. ئینتەرنێت هەروەها برەو بە دیوەدەری دەدات و رێگە بە خوێنەران دەدات تێڕامانێکی کورتیان لەبارەی چۆنیەتیی کارکردنی پرۆسەی هەواڵنێرییەوە هەبێت. ئەمانە هەندێک بابەتی زیادکراوەی گشتین بۆ وێنەی ئینتەرنێتیی هەواڵەکە:

### ڤیدیۆی هەواڵەکە یان ڤیدیۆ لەبارەی هەواڵەکەوە

تۆماری دەنگیی دیمانەکان، چیرۆکبێژی لەلایەن کەسایەتییەکەوە لەگەڵ سلایدشۆی وێنەکان یانیش تێبینییەکانی خودی هەواڵنێران. چات لەگەڵ هەواڵنێران یان رێگەکانی تر بۆ تێکەڵکردنی خوێنەران بە مشتومڕیکردن لەسەر هەواڵەکە.

---

649. Robert Krulwich

## سلایدشۆی وێنەکان

هێڵکاریی تێکەڵکار کە کەسانی بەکاربەر بتوانن بەکاری بێنن

دەقی تەواوی بەڵگەنامەکانی بەکارهاتوو و لینکی سەرچاوەکانی تری ئاماژەپێدراو لەناو هەواڵەکەدا لیستەکەی ئێمە تەنیا نموونەیەکە. ئێمە تەنیا بۆ ئەوە باسمان کرد کە ئاماژە بەوە بدەین هەواڵکاران دەتوانن شتێکی زیاتر بە ئەزموونەکەوە بکەن، هەر هەواڵێک بەبێ وێنە دابنێن و بەرهەڵستی هاوکێشەکان بکەن. خاڵی سەرەکیی تێگەیشتنە لەوەی سەرنجراکێشکردنی بابەتی گرینگ بنەمایەکی کۆڵەکەییە و پێویستیی بە رەنگدانەوەی زیاترە.

## چیرۆکبێژی لە خزمەتی راستیدا

لە کۆتاییدا، ئاگەدارکردنەوەیەک. لە ساڵانی دواییدا هەواڵنووسیی چیرۆکبێژانە وای لێ هاتووە لەلایەن نووسیارانەوە بە "نووسینی بۆچووندار" تەماشا دەکرێت. ئەمە نووسینێکە کە تێیدا رۆژنامەنووس هەست یان بۆچوونەکانی خۆی وەک چپەدووی سەر شانۆ لە ناکاو هەڵدەڕژێنێت، وەک چۆن لە دێری خۆ ئاماژەپێدەری وەک "هەواڵنێران نرکەنرکێکی بیستراویان لێ هەستا کاتێک کاندیدەکە دەستی بە قسەکردن کرد.." ئاشکرا دەبێت.

لە هەندێک باردا بۆچوونێک پەرە دەسەنێت کە هەواڵ دوای هەواڵ خۆی دەنوێنێت، تەنانەت لە چاپکراوەی جیاوازدا- جۆرێک لە بەکارهێنانی مێتانەرێتیڤ[٦٥٠] کە لەناو رۆژنامەنووساندا باوە. سیاسەتوانان تەنیا بۆ دەسەڵات تێیدان. ناوت گینگریچ[٦٥١] شێتۆکەییی بچووکە. بیڵ کلینتۆن هەرگیز بەڵێنەکانی ناباتە سەر. جۆرج دەبلیوو بوش ساختەچییە. مێتانەرێتیڤ دەتوانێت ئەوەندە بەهێز بێت کە راستی بشارێتەوە. کاتێک ئێمە باسی تەکنیک دەکەین پێویستە لە بیرمان نەچێت فۆرم هەرگیز ناتوانێت بڕیار لەسەر ناوەڕۆک بدات – تەکنیک هەرگیز نابێت راستییەکان بگۆڕێت.

---

٦٥٠. Meta-Narrative سەروو نووسین: بە بیرۆکەیەک دەگوترێت کە روونکردنەوەیەکی گشتگیری زانیاری و ئەزموونی مێژووی لەخۆ دەگرێت.

651. Newt Gingrich

بەکارهێنانی فۆرمەکانی چیرۆکبێژی لەلایەن رۆژنامەنووسەوە پێویستە هەمیشە بەو بنەمایانەی وردبینی و راست و دروستییەوە کۆنترۆڵ بکرێن کە پێشتر باس کران. بێ رەچاوکردنی فۆرمەکە بۆ پێشکێشکردنی هەواڵ، پێویستە بیر لە تێکەڵکارترین شت لە نێوان هەمووان – واتە بیر لە هەواڵە راستەکە – بکرێتەوە.

ئێمە لەم باسەدا جەختمان لەسەر گوزارشکردنی کاروباری گشتی کردووەتەوە، بەڵام هیچ بابەتێک نییە کە پێویستی بە رۆژنامەوانییەکی تێکەڵکار و پێوەندیدارەوە نەبێت. بە زۆر شێوە هەواڵێک کە یارمەتیی جەماوەر دەدات بۆ تێگەیشتن لەوەی چۆن ستراتیجیی بیڵ گێیتس[٦٥٢] لە بازاڕدۆزینەوەدا کاریگەریی لەسەر ژیانی خەڵک دەبێت بەهەمان رادەی گفتوگۆیەک لەبارەی هەڵوێستی کاندیدێکی سەرۆکایەتی لەبارەی سیاسەتی ئینتەرنێتی گرینگە. کورتە گوتارێکی وەسفی لەبارەی ناودارێکەوە کە پێشانی بدات بۆچی هۆلیوود ئەو فیلمانە بەرهەم دێنێت کە دروستی کردوون، رەنگە بەرهەمێکی سەرەکی بێت بۆ روونکردنەوەی کولتووری ئەمەریکی– یان رەنگە هۆکارێک بێت بۆ برەودان بە چاپەمەنی. ئەوە دەوەستێتە سەر مامەڵەکردنەکە نەک بابەتەکە. بەم شێوە هاووڵاتییان دەتوانن بنەمای تێکەڵکاری و پێوەستبوون بۆ هەڵسەنگاندنی نرخی هەر رۆژنامەوانییەک بەکار بێنن کە تووشی دەبن.

بنەمای دواتر ئەمە دەخاتە ناو چوارچێوەیەکی سنوورییەوە: ئاخۆ ئێمە چۆن بڕیار دەدەین کام هەواڵانە سەرەتا رووماڵ بکەین؟

---

652. Bill Gates

بەشی نۆیەم

## هەواڵەکە گشتگیر و هاوسەنگ بکە

ڤاڵێری کرێین[٦٥٣]، سەرۆکی ریسێرچ کامیونیکێیشن لیمیتد[٦٥٤] لە فلۆریدا حەز دەکات، ئەم چیرۆکە لەبارەی چۆنیەتیی نەخوێندنەوەی جەماوەر بگێڕێتەوە، چیرۆکەکە لەبارەی سەرۆکی لێکۆڵینەوەی بازاڕییەوە لە تۆڕێکی تەلەڤزیۆنیی سەرەکیدا، کەسێک کە داوای لێ کرا ئەم پرسیارە لە گردبوونەوەیەک لەگەڵ گرووپەکانی هەڵسەنگێنەر و بینەرانی گەنجدا ئاراستە بکات، "ئاخۆ نەریتی گەورەی دواتر بۆ گەنجان چی دەبێت؟".

لێکۆڵەرەکە هەستی کرد ئامرازی وەک لێکۆڵینەوە بەڕاپرسی، سایکۆگرافیکس و گرووپەکانی هەڵسەنگێنەر بۆ تێگەیشتن لە کاردانەوەی خەڵک بەرامبەر بە شتەکان دەتوانرێت بەکار بهێنرێ. تۆ هەروەها دەتوانی ئەوانە بەکار بێنی بۆ تێگەیشتن لەوەی خەڵک چۆن ژیان دەگوزەرێنێت و چۆن میدیا بەکار دێنێت. بەڵام ئەوانە ناتوانرێت بەکار بهێنرێت، یان لانی کەم نابێت بەکار بهێنرین، بۆ ئەوەی شوێنی هەڵسەنگاندنی پیشەییانە بگرنەوە.

بەڵام سەرۆکەکان دەیانویست پرسیارەکە بکرێت، بۆیە لێکۆڵەرەکە بەدڵگرانییەوە تەماشای سەرۆکی گرووپی هەڵسەنگاندنی کرد، کە پرسیارەکەی ئاراستەی هەرزەکارانی گردبووە لە دەوری مێزەکەی ئەوبەر ئاوێنەی یەک بەر کرد "بەڕای ئێوە نەریتی گەورەی دواتر بۆ گەنجان چی دەبێت؟". لە بەختی ئەو وەڵامەکە هات "مەبەستت چییە، نەریتی دواتر چی دەبێت؟ ئێمە پشت بە ئێوە دەبەستین بۆ ئەوەی پێمان بڵێن نەریتی گەورەی دواتر چی دەبێت".

ئەگەر بنەمای تێکەڵکاری و پێوەستبوون یارمەتیدەر بێت بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوەی

653. Valerie Crane
654. Research Communication Limited

ئاخۆ چۆن ڕۆژنامەنووسان بەشێوەیەکی زۆر کاریگەرتر دەتوانن دەست بهاوێنە هەواڵەکانەوە، ئەو بنەمایەی دواتر دێت دەڵێت کام هەواڵانە ڕوومالْ بکرێن.

هەوالْ چییە؟ بە لە بەرچاوگرتنی مەودا و کات و سەرچاوەکانەوە،چ شتێک گرینگە و کامە ناگرینگە، چ شتێک دەبێت لەناو هەواڵدا بهێڵرێتەوە و چ شتێک دەبێت دەربهێنرێت؟ لە سەردەمی بێ سنوورایەتیی ئینتەرنێتدا کێ زیندوو دەمێنێتەوە؟ ئەم پرسیارانە زانیاریی لەبارەی ئەو بنەمایە هەشتەمەوە دابین دەکەن، کە هاووڵاتییان لە چاپەمەنی داوای دەکەن:

## پێویستە ڕۆژنامەنووسان هەواڵەکە گشتگیر و بەراوردی بکەیت

بەڵام چۆن؟ لە سەردەمی دۆزینەوەدا نەخشەکێشی بەهەمان ڕادەی زانستبوونییەوە هونەریش بوو. ئەو پیاوانەی بەسەر کاغەزی پێستە هەڵدەوەستان و ڕەشنووسی وێنەکانی جیهانی فرەوانبووەیان دەکێشاوە دەیانتوانی کارێکی تا ڕادەیەک ورد لە نەخشەکێشانی ئەورووپا و تەنانەت دەریاکانی هاوسێیەوە ئەنجام بدەن. بەڵام لەبارەی ڕۆئاوا و جیهانی نوێوە (ئەمەریکا)، بۆ ئەو هەرێمانەی، کە بەو شێوەیە گریان لە هزری خەڵک بەردەدا، ئەوان زیاتر مەزندەیان دەکرد، ئاخۆ چ شتێک لەوێ هەیە؟ زێڕ؟ تاقگەکانی گەنجێتی؟ کۆتاییی جیهان؟ دێوەکان؟ قەوارەی کیشوەرە دوورەکانی ئەوان دەیانکێشانەوە بەگوێرەی ئەو جەماوەری پێیان وابوو ڕەنگە هێڵکارییەکان بکرێن، دەئاوسا و دادەچووەوە. لە زەریای یەکجار دوورەدەستی ئارامدا ئەوان وێنەی دێوی دەریایی، ئەژدیها یان نەهەنگی زلیان دەکێشا بۆ پڕکردنەوەی شوێنی ئەو شتانەی نەیاندەزانین. چەندی دێوەکانیان سەرنج ڕاکێشتر و بەسامتر بوونایە، بەهەمان ڕادەش کانەکانی زێڕ و ئەو هیندییانەی مەزەندەیان دەکردن، سەیرتر و بەهەمان ڕادەش نەخشەکانیان زیاتر دەفرۆشران و ناوبانگیان وەک نەخشەکێش گەشەی دەکرد. جۆش و خرۆش نەخشە گشتییەکانی بەرهەم هێنا، هەرچەندە نەخشەکان ڕێنوێنیی لاواز بوون بۆ دۆزینەوە یان تێگەیشتن.

ڕۆژنامەوانی نەخشەکێشیی سەردەمییانەی ئێمەیە. نەخشەیەک بۆ هاووڵاتییان دادەهێنێت بۆ ئەوەی لەناو کۆمەڵگەدا بسووڕێنەوە. ئەمە سوودەکەیەتی و هۆکاری ئابوورییە بۆ هەبوونی، ئەم چمکەی نەخشەکێشی یارمەتیدەرە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو پرسەی ئاخۆ ڕۆژنامەوانی بەرپرسە لە ڕووماڵکردنی چ شتێک. بە وێنەی هەر

نەخشەیەک، نرخی ڕۆژنامەوانیش دەوەستێتە سەر تەواوبوون و بەراوردیبوونەکەی. ئەو ڕۆژنامەنووسانەی بۆ دادگەییەکی بەجۆش یان ڕیسواییی ناودارێک کات و مەودایەکی پتر لەوە تەرخان دەکەن، کە پێیان وایە شایەنیەتی- لەبەرئەوەی پێیان وایە هەواڵەکە بازاڕی دەبێت - وەک ئەو نەخشەکێشانەن، کە بەریتانیا و ئیسپانیایان بەهەمان قەبارەی گریلەند کێشاوە، چونکە جەماوەر وای دەویست. ڕەنگە ئەوە مەبەستی ئابووریی کورت مەودا بپێکێت، بەڵام گەشتیاران بەلاڕێدا دەبات و لە دواییدا ناوبانگی نەخشەکێشەکە لەناو دەبات. ئەو ڕۆژنامەنووسەی ئەو شتە دەنووسێت کە " تەنیا پێی ڕاستە" بەبێ ئەوەی لە ڕاستیدا سەرەتا لێی دڵنیا بێتەوە، وەک ئەو هونەرمەندەیە، کە دێوەکانی دەریایی لە سووچە دوورەکانی جیهانی نوێدا کێشا. ئەو ڕۆژنامەنووسەی بەشێکی زۆری هەواڵەکانی تر لە پرۆسەکەدا دەردێنێت، وەک ئەو نەخشەکێشەیە، کە ناتوانێت باسی هەموو ئەو شەقامانەی تری سەر ڕێگە بۆ گەشتیاران بکات.

بیرکردنەوە لە ڕۆژنامەوانی وەک نەخشەکێشی یارمەتیمان دەدات بەراورد و گشتگیر بوون بەکلیلی ڕاست و دروستی بزانین. ئەمەش مەوداکەی لە سەرووی تاقە هەواڵێکە. لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەیەک، ماڵپەڕێک یان بڵاوکراوەیەکی هەواڵی، کە بەپێز و سەرنج ڕاکێشە، بەڵام بەهەر پێوەرێکی ماقووڵەوە هیچ شتێکی بەنرخی تێدا نییە، شێواندنە. لە هەمان کاتدا هەواڵێکی ڕۆژ کە تەنیا بابەتی ڕاستەقینە و گەورەی تێدایە، بەبێ گڕ و تین یان هەست، بەهەمان ڕادە ناهاوسەنگە.

بەئاشکرا سنوورەکانی کات و سەرچاوە بەو مانایەن هەواڵکاران ناتوانن هەموو شتێک ڕووماڵ بکەن، بەڵام ئێمە وەک هاووڵاتی دەتوانین ئەم پرسیارانە بکەین: ئاخۆ ئێمە تەواوی کۆمەڵگە لەناو گوزارشتەکەدا دەبینین؟ ئاخۆ من خۆم دەبینم؟ ئاخۆ گوزارشتەکە تێکەڵەیەکی بەراوردیی ئەو شتەی تێدایە، کە خەڵک یان بەسەرنج ڕاکێش یان بەگرینگی دادەنێت؟

## بۆچوونی هەڵە لە بەئامانجکردنی دیموگرافییەکاندا

چمکی نەخشەکێشییەکە هەروەها یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی باشتر لە بیرۆکەی جۆرەوجۆریەتیی هەواڵ تێ بگەین. ئەگەر ئێمە ڕۆژنامەوانی بەنەخشەکێشییەکی کۆمەڵایەتی دابنێین، نەخشەکە پێویستە هەواڵی بۆ هەموو کۆمەڵگە تێدا بێت، نەک

تەنیا ئەوانەی خاوەن دیموگرافیای سەنج ڕاکێش یاخۆ پەلکێشییەکی بەهێزن بۆ ڕێکلامکاران. ئەگەر بەپێچەوانەوە کارەکە بکرێت نەخشەی وا دروست دەبێت، کە ناوچەی تەواوی لەناودا بزرە.

بەداخەوە دەرچووە ئەمە بنەمایەکی سەختە بۆ پابەندبوون پێی. وەک لە بەشی سێیەم لەبارەی دڵسۆزییەوە بۆ هاوولاتییاندا باسمان کرد، دامەزراوەی هەواڵی لە ١٩٨٠کاندا دەستیان کرد بە پڕژانە سەر خوێنەری دەوڵەمەندتر، ئەمەش لێکدانەوەیەکی تۆزێک پتر هەڵدەگرێت لە چوارچێوەی بەراوردیبووندا. پاش ٢٥ ساڵ لە لەدەستدانی جەماوەر و ڕێکلامکارانی تەلەڤزیۆن و میدیاکانی تر، ڕۆژنامەکان لەسەر ئەوە ڕێک کەوتن سنووری سەرەکی هەن بۆ تیراژی ڕێ تێچوویان لە سەردەمی ڤیدیۆدا، لە ڕاستیدا ڕۆژنامەکان ئامرازێکی گونجاوترن بۆ کەسانی باشتر پەروەردە کرا. هۆکارێکی سەرەکیی دووەم پێوەندیی بەتێچووەکانەوە هەبوو، ڕۆژنامەکان هەر ڕۆژنامەیەکیان بە زەرەرەوە دەفرۆشت. ئەو ٢٥ سەنت یان تەنانەت یەک دۆلارەی دەدرێت بەئەستەم قەرەبووی تاکە بە بەشێکی تێچووەکانی هەواڵنێری و چاپ و بڵاوکردنەوەی هەر کۆپییەک دەکاتەوە، پاشماوەکەی لە سوودەکانی ڕێکلامکردنەوە دێت. کۆپیی هەر ڕۆژنامەیەکی فرۆشراو بەو خوێنەرانەی بەدڵی ڕێکلامکارانەوە نەبوون، لە ڕاستیدا پارەی تێ دەچوو. بازرگانیی ڕێکلامکردنیش بڕیاری دا ڕۆژنامەکان بەشێوەیەکی سەرەکی بۆ گەیشتن بەچینی سەرەوە بەکار بێنێت. بازرگانییەکە میدیاکانی تر بەتایبەتیش تەلەڤزیۆن و ڕادیۆی بۆ گەیشتن بەجەماوەری کرێکار بەکار دەهێنا. لە دواییدا ستراتیجەکانی کاری ڕۆژنامەیی گەیشتە ئەو باوەڕەی ئامانجکردنی تیراژەکە لەسەر زەنگینەکان نەک تەنیا پێویستی، بگرە کردەوەیەکی ڕەوایە. مەزەندەی تێچووەکان بەگوێرەی هەر کۆپییەک و سوودەکەش بەپێی هەر ئابوونەدەرێکەوە لەژێر ناوی کاراییی ئابووری، دەرچوو بەدڵی هەموو کۆمەڵگەوە نییە. پشتگوێخستنی گەڕەکێکی دیاریکراو هەروەها بەمانای وەبەرهێنان نەکردنی چڕ بۆ ڕووماڵکردنیان بوو.

مشتومڕیکردن لەگەڵ ئابووری یان تەنانەت- بە لە بەرچاوگرتنی لەدەستدانی جەماوەری تەلەڤزیۆن- ئەو بیرۆکەیەی، کە ئەم جەماوەرە ناگەڕێتەوە، سەخت بوو بەرهەڵستیکردنی ئەو نەریتە بەمانای باوەڕهێنان بوو بەو ستراتیجییە

دوورمەودایەی وۆڵ ستریت و بەشی زۆری بۆچوونی کۆن لەگەڵی ناکۆک بوون.

تەلەڤزیۆنیش ڕێگەیەکی هاوشێوەی گرتە بەر بەتایبەتیش پاش ئەوەی وێستگەی زیاتر هەواڵیان بەرهەم هێنا و بەشی هەر کەسێکیان لە هەواڵ کەم کردەوە. پاڵەپەستۆکە چڕتر بووە، بەهۆی ئەو ڕاستییەی وێستگەکان و وۆڵ ستریتیش لە قازانجێکی گەورە لە هەواڵەکان ڕاهاتبوون، کە زۆربەی جار پتر لە ٤٠٪ بوو. لە پێناو پاراستنی بودجە، وێستگەکان هەواڵنێری بەشێوەیەکی سەرسوڕمێنەر کەمیان هێشتەوە و داوایان لە زۆربەیان دەکرد لانی کەم ڕۆژانە هەواڵێک بەرهەم بێنن. ڕوومالکردنی تەواوی کۆمەڵگە ئەستەم بوو، لە جیاتیی هەواڵ پڕژێنرابووە سەر دڵخوازترین پێکهاتە - ژنانی گەنجتر.

تێپەڕینی کات دیتنی کێشەی رژدی لۆجیکی ئابووری بۆ بەئامانجکردنی دیموگرافییەکان ئەستەم دەکات، کێشەکە ئەوەیە ئەو جەماوەرە نوێیانەی بەرە بەرە لە کۆتاییی ١٩٧٠کان پشتگوێ خران، ئەو کۆمەڵگەکانی ئەو کۆچبەرانەی بوون، کە شارەکانی ئەمەریکایان گۆڕی و بەردەوام گەورەتر دەبوون، ئەمە دەقاودەق ئەو جەماوەرە بوو کە سەد ساڵ لەمەوبەر کۆڵەکەی سەرکەوتنی ڕۆژنامەوانی بوو. پوڵیتزر و سکریپس و بارۆنەکانی تری چاپەمەنیی نرخ یەک پێنی ئەم کۆچبەرانەیان کردە پێکهاتەی سەرەکیی جەماوەرەکەیان، نووسینەکانیان سادە بوو بۆ ئەوەی کۆچبەرەکان بتوانن سەری لێ دەربکەن، لاپەڕەکانی نووسیاری فێری دەکردن چۆن ببن بەهاوولاتی. ئەمەریکاییە نوێیەکان شەوانە کۆ دەبوونەوە بۆ باسکردنی شتەکانی ڕۆژنامەکان یان بۆ خوێندنەوەیان بۆ یەکتری و گفتوگۆکردن لەسەر بابەتە گرینگەکانی ڕۆژ.

کاتێک کۆچبەرانی ١٨٨٠ و ١٨٩٠ەکان زیاتر بەئەمەریکی کران، ڕۆژنامەکان لەگەڵیان گۆڕان و زیاتر بوون بە هی چینی ناوەڕاست و ئەدەبیانەتر بوون. نیویۆرک وێرڵدی ١٩١٠ ڕۆژنامەیەکی زۆر مەتینتر بوو لە وێرڵدی ٢٠ ساڵ پێش خۆی. هەشتا ساڵ دواتر پیشەسازیی ڕۆژنامەوانی، کە ئێستەکە ئەوەندە گرێدراوی کاراییی ئابوورییە، هەر هەمان وەبەرهێنانی نەکرد و پێوەندییەکی لەگەڵ نوێترین ئەمەریکاییەکان پێک نەهێنا، بەو شێوەی یەک سەدە لەمەوبەر کردی.

هەروەتر کاتێک ڕۆژنامەوانی خۆی کرد بەئامانج بۆ بەتەنیا زەنگینترین

دیموگرافییەکان وەبەرهێنانێکی ئەوتۆی بۆ گەنجترین ئەمەریکاییەکان نەکرد. هەواڵەکان درێژ و دەسکرد بوون و زۆربەی جار بۆ تێگەیشتن داوای پلەی کۆلێجیان دەکرد، ڕەخنەگرانی وەک ستێڤان هێسی[655] پەیمانگەی بروکینگز[656] بەرە بەرە باسیان لەوە دەکرد ڕۆژنامەنووسان بۆ سەرچاوەکانیان هەواڵ دەنووسن. لە تەلەڤزیۆندا جەختکردنەوە لەسەر تاوان، هەروەها پەرۆشی هەواڵی تەلەڤزیۆنی لە شتێک، کە خێزان بۆ دیتنی کۆ دەبووەوە، گۆڕی بۆ شتێک، کە دایک و باوک منداڵانی خۆیان لێ دەپاراست، لەژێر ناوی کارایی و قازانجەوە، ئێمە هیچ شتێکمان بۆ نەکرا لە پێناو دروستکردنی نەوەیەکی نوێی تامەزرۆ بۆ هەواڵ، ئەمڕۆ زانیاری لەبارەی جەماوەرە لەسەر ئینتەرنێت دەری دەخات، کەسانی گەنج حەزیان لە هەواڵە، بەڵام نەک بە هیچ کام لە فۆرمە کۆنەکانی پێشکێشکردنی بەهۆی تەکنۆلۆجیای کۆنەوە. هەرچەندە هەمووی سووچی کاری هەواڵی نییە، بەڵام کارەکە لە ڕاستیدا ستراتیجییەکی بازرگانیی هەبوو بۆ خولقاندنی کڕیارانی ناهەواڵی.

ئەرکی گەیشتن بە سەرجەم کۆمەڵگە بێگومان لە ١٩٩٠ەکاندا لە چاو ١٨٩٠ەکان سەختتر بووە، رکابەرێتی لەسەر کاتی خەڵک یەکجار چڕتر بووەتەوە و هەمەچەشنێتیی کولتوورەکان ڕەنگاوڕەنگتر بووە، لە چاو سەتەیەک پێشتر، کە کۆچبەران بەشێوەیەکی سەرەکی لە ئەوروپاوە دەهاتن. بەڵام ئێستەکە سەرچاوەی زیاتری زانیاری هەبوون بۆ هەڵبژاردن و دامەزراوە هەواڵییەکان بەهەڵە وای بۆ چوون جەماوەری کۆچبەر کاتێک "دەکرێن بەئەمەریکی" بۆ ڕۆژنامەکان کێش دەبن. لە میامیدا[657] هێراڵد[658] لە تێگەیشتن لەوەی جەماوەر ڕوو لە هێراڵد ناکات و هێراڵد پێویستە لێیان بچێتە پێشەوە دوا کەوت، لە ئەنجامدا ڕۆژنامەکە دابەزینێکی زەقی لە تیراژەکەی بەخۆوە دیت تا ئەو کاتەی گۆڕینی دیموگرافییەکان و پێویستیی ڕۆژنامەکە بۆ کاردانەوە روون بووە، تیراژی ڕۆژنامەکە لە پتر لە ٤٣٥٠٠٠ لە ١٩٨٤ بۆ ٣٥٧٠٠٠ لە ١٩٩٩ دابەزی.

655. Stephen Hess
656. Brookings
657. Miami
658. Herald

داهێنەرایەتیی وەک چەندین ڕۆژنامە، لەوانەش ئیل نوڤۆ هێراڵد[659] و ئای یۆ![660] (حەفتەنامەیەک بۆ گەنجان) دەستیان پێ کرد. بەشێوەیەکی سەرنج ڕاکێش لە کۆتاییی سەتەدا تیراژی بەیەکەوەی هێراڵد و ئێل نوڤۆ هێراڵد بووە ٤٣٧٠٠٠- کە زیاتر بوو لە لووتکەی تیراژی هیراڵدی کۆن. لە ٢٠٠٥دا تیراژی بەیەکەوەیی ڕۆژنامەکانی میامی، وەک لە ساڵنامەی نووسیاران و خاوەن ئیمتیازەکاندا هاتووە، بووە ٤٠٥٦١٨ .

ئاخۆ دەکرا پێچەوانەکەی ڕوو بدات؟ ئاخۆ ڕۆژنامەوانی دەیتوانی ڕێگری لەم دابڕانە لەگەڵ جەماوەری بەرفرەوانتر بکات و سەرکەوتووانە بگاتە جەماوەرێکی جۆرەوجۆرتر و جەماوەرێکی گەنجتر؟ بەدڵنیاییەوە وەڵامی ئەمە سەختە، بەڵام تا کۆمپانیا هەواڵییەکان دیموگرافیی دەستەبژێر و کاراییبان لە تێچوون کردبووە ئامانج، پیشەسازییەکە بەشێوەیەکی گشتی هەوڵی بۆ ئەمانە نەدا. یان کاتێک کۆمپانیاکان هەوڵیان دا، وەک لە حاڵەتی میامیدا، زۆر درەنگ بوو. چمکی نەخشەکێش هەڵەکە دەردەخات. ئێمە نەخشەیەکمان بۆ کۆمەڵێک گەڕەکی دیاریکراوە کێشاوە نەک هەموویان. ئەوانەی نەیانتوانیوە بەناو ئەو شوێنەی تێدا دەژین، بسووڕێنەوە وازیان لە نەخشەکە هێناوە.

ئەو بڵاوکراوە هەواڵی و ڕۆژنامانەی کۆمەڵگە گشتییەکانیان پشتگوێ خست، هەروەها کێشەیان بۆ ئەو کۆمەڵگەنەش دروست کرد، کە لە خزمەتیان دابوون. سەرەتا بەهێشتنەوە جەماوەرەکەیان بەزانیارییەکی کەمەوە، چونکە بەشێکی زۆری زانیاری دەرهێنرابوو، ئەمەش هاووڵاتییان تووشی بڕیاردانی لاواز سەبارەت بە نەریتە هاوسەردەمییەکان و پێویستییەکانیان دەکرد. لە دواییدا ستراتیجەکە مەترسیی لەسەر بژێویی دامەزراوە هەواڵییەکە هەبوو، دامەزراوەیەک، کە گەورەترین پێویستی بەهاووڵاتییانی تامەزرۆوە هەیە، بەگوتەی بەپێزی جۆن مۆرتۆنی[661] شرۆڤەکاری وۆڵ ستریت "ئێمە تۆی خۆمان خواردبوو".

لەگەڵ فەرامۆشکردنی کۆمەڵگە گشتییەکان، هەروەها کێشەی پێچەوانەی پێدانی وردەکاریی یەکجار زۆریش بۆ ئەو گرووپە دیموگرافییە هەبوو، کە ڕۆژنامەوانی لە

659. El Nuevo Herald
660. iYo!
661. John Morton

خزمەتیدا بوو، هەواڵەکان درێژتر و فرەتر بوون، هەرچەندە بەشێکی بچووککراوەتری جەماوەریان بەئامانج کردبوو. ڕۆژنامەکان جاری وا هەبوو پتر لە سەد لاپەڕە دەبوون و ڕەنگە ڕۆژێکی تەواو بۆ خوێندنەوەیان پێویست بووایە. لەسەر تەلەڤزیۆن بەئامانجکردن کاریگەرییەکی هاوشێوەی هەبوو، بۆ نموونە بەرنامەکانی ڕۆژانەی تەلەڤزیۆنی ناوەخۆیی لەبارەی تەندروستییەوە، کە هەر لێکۆڵینەوەیەکی پزیشکییان چەندیی سەرەتاییش بووایە، ڕووماڵ دەکرد، وێ دەچوو پتر لەوەی هاووڵاتییان ئاگەدار بکەنەوە سەریان لێ بشێوێنن.

هەڵەکە ڕەنگە چاک بکرێتەوە. بەڵام پێویستە ڕۆژنامەوانی بەخێرایی کار بکات بۆ ئەوەی ڕێگەکانی خزمەتکردن بەکۆمەڵگە جۆرەوجۆرەکان– کە بەشێکن لە کۆمەڵگەی گەورەتر– بدۆزێتەوە، هەروەها بەڵگە هەیە، کە هاووڵاتییانیش هاوڕان. لەوەتەی ١٩٩٨ەوە بۆ ماوەی چەندین ساڵ پرۆژەی کارامەیی لە ڕۆژنامەوانیدا لێکۆڵینەوەی لەو کردووە چ جۆرە هەواڵێکی تەلەڤزیۆنیی ناوەخۆیی جەماوەرکێشە. تیمێکی پلاندانی پێکهاتوو لە شارەزایانی هەواڵیی تەلەڤزیۆنیی ناوەخۆیی ڕووماڵکردنی گشت کۆمەڵگەیان بە گرینگترین ئەرکی وێستگەیەکی هەواڵیی تەلەڤزیۆنی لە قەڵەم دا. زانیارییەکە دەری خست بینەرانیش هاوڕان. ئەو وێستگانەی کۆمەڵە بابەتێکی زیاتریان گوزارشت دەکرد، شیمانەی دروستکردنی جەماوەر یان ڕاگرتنی جەماوەریان پتر بوو لەوانەی بەم شێوەیە نەبوون.

## سنوورەکانی لێکچوواندن

بەهەمان شێوەی هەموو لێکچوواندنەکان، بەراوردەکە لەگەڵ نەخشەکێش سنووری خۆی هەیە. نەخشەکێشیی زانستییانەیە، بەڵام ڕۆژنامەنووسی وا نییە، تۆ دەتوانیت شوێنی دەقاودەقی شەقامێک بدۆزیتەوە یان ڕووبەری وڵاتێک یاخۆ تەنانەت زەرییایەک بپێویت، هاوسەنگییەکانی ناو هەواڵ بابەتێکی ترن، هەواڵێکی گرینگ بۆ کەسێک بۆ کەسانی تر بێ بایەخە.

هاوسەنگی و گشتگیری لەناو هەواڵدا کەسێنین. بەڵام لێڵبوونیان هیچ بەو مانایە نییە ئەوان لە تایبەتمەندییەکانی بابەتییانەی شەقام و ڕووبارەکانی سەر نەخشە کەم بایەختررن. بەپێچەوانەوە، هەوڵدان بۆیان بۆ جەماوەریبوونی ڕۆژنامەوانی و

تەندروستیی دارایی پێویستە، هەروەها دەکرێت – ئەوە نەک تەنیا چمکێکی نابەرجەستە نییە– کە بەدواداچوون بکرێت بۆ هاوسەنگی و گشتگیری سەرەڕای کەسێنیبوونیان. هاووڵاتییەک و ڕۆژنامەنووسێک ڕەنگە لەبارەی بڕیاردانەوە لەسەر ئەوەی چ شتێک گرینگە جیاواز بن، بەڵام هاووڵاتییان ئەو جیاوازییانە قبووڵ دەکەن، ئەگەر بگەنە ئەو باوەڕەی ڕۆژنامەنووسەکە هەوڵ دەدات هەواڵەکان هەڵبسەنگێنێت لە پێناو ئەو شتەی خوێنەران پێویستیانە و داوای هەڵسەنگاندنەکە دەکەن، گرینگترین شت ئەوەیە هاووڵاتییان پێویستە باوەڕ بێنن بڕیارەکانی ڕۆژنامەنووسان بۆ ئیستیغلالکردن نییە – واتە ڕۆژنامەنووسان تەنیا ئەو شتانە پێشکێش ناکەن کە دەفرۆشرێن – و خۆیان سووک ناکەن، هەروەها خەڵک کەمتر گرینگی بەوە دەدەن ئاخۆ ڕۆژنامەنووسان هەڵە دەکەن یان بەباشی هەڵەکان چاک دەکەنەوە یان هەمیشە هەواڵی ڕاست و دروست هەڵدەبژێرن. بنەمای سەرەکی بۆ باوەڕمەندی پاڵنەری خوێنراوەی ڕۆژنامەنووسە. خەڵک داوای بێ کەموکووڕێتی ناکەن، چاوەڕێی نیازپاکین، وەک چۆن لە باسی دڵسۆزی بۆ هاووڵاتییاندا لێی دواین. پەرۆشی بۆ هاوسەنگێتی ڕێگەیەکی سەرەکییە بۆ خستنە ڕووی پاڵنەری بەرژەوەندیی گشتی.

خەڵکانی ڕاستگۆ لەبارەی گرینگیی هەواڵێکەوە دەتوانن ناکۆک بن، بەڵام هاووڵاتییان و ڕۆژنامەنووسان وەک یەک دەزانن کەی هەواڵێک زێدەڕۆییی تێدا دەکرێت، ئەوان ڕەنگە لەسەر دەقاودەقێتیی سنووربەزاندنەکە ناکۆک بن، بەڵام لە خاڵێکی دیاریکراودا هەست دەکەن شتەکە ڕووی داوە. لەم کاتانەی دواییدا ئەم خاڵەی سنووربەزاندنە بە بەردەوامییەکی بێزارکەرەوە هێرش کراوەتە سەری.

## پاڵەپەستۆی زێدەڕۆیی

لەو ساتانەی کولتووری میدیایی هەواڵی بەگۆڕان و سەرلێشێوانێکی خێرادا تێپەڕ دەبێت، وێ دەچێت پاڵەپەستۆی ورووژاندن و بەجۆشکردن لە ئارادا بێت. ڕەنگە ئەمە بەبنەمای "جەستەی رووت و گیتار" ناو بنێیت.

ئەگەر تۆ دەتەوێت جەماوەر پەلکێش بکەیت، دەتوانیت بچیت بۆ سووچێکی شەقامێک و شانۆی بەرە بەرە جلداکەندن[٦٦٢] بکەیت و خۆت ڕووت بکەیتەوە. ڕەنگە خێرا جەماوەرێک کۆ بکەیەوە. کێشەکە ئەوەیە چۆن خەڵکەکە ڕادەگریت. چۆن ڕێگە

662. Striptease

لە جووڵەجووڵی جەماوەر دەگریت؟ ڕێگەیەکی تر هەیە. وا دابنێ تۆ چوویت بۆ هەمان سووچی شەقام و گیتارەکەت ژەنی. یەکەم ڕۆژ خەڵکانێکی کەم گوێیان گرت. ڕەنگە ڕۆژی دووەم زیاتر بن. بەگوێرەی توانات لە گیتارژەنیدا و ئاستی جۆرەوجۆریەتی و دڵگیریی پێڕستی نواندنەکانت، جەماوەرکە ڕەنگە ڕۆژانە زیاتر بن. ئەگەر باش بیت ڕەنگە ناچار نەبیت ئاپۆڕەکە بجووڵێنیت و خەڵکی نوێ بێنیتە شوێنی ئەوانەی لە دووبارەبوونەوە بێزار بوون.

ئەمە لە ڕاستیدا ئەو هەڵبژاردنەیە، کە میدیای هەواڵی بە پچڕپچڕی تووشی دەبێت. کاتێک تەکنۆلۆجیای نوێ ژمارەی دەزگاکان زیاد دەکات، هەر دامەزراوەیەک شایەتی دابەزینی جەماوەرەکەیەتی، کاتێک داهاتوو مسۆگەر نییە و دیار نییە، تۆ چەند لەگەڵ ئیشەکە بەردەوام دەبیت، مەگەر بەخێرایی جەماوەر دروست بکەیت، ئاخۆ پێویستە چ ڕێگەیەک بگریتە بەر؟ دامەزراوەیەکی هەواڵی پێویستە کار بکات و تا ڕادەیەک دەبێت بەگوێرەی بیروباوەڕ یان فەلسەفەیەک کار بکات، لەبەرئەوەی نموونە کارپێکراوەکانی ڕابردوو ڕەنگە لە داهاتوودا کاریان پێ نەکرێت.

هەندێک دامەزراوەی هەواڵی، تەنانەت ئەوانەی مێژوویەکی تا ڕادەیەک ڕژدیشیان هەیە گەڕاونەتەوە سەر ڕێبازی رووت. بەشێوەیەکی گشتی پاڵنەرەی ئەمە ئەو بیرکەیەیە، کە هەواڵ بووەتە کاڵایەکی یەکجار فرەوان. وەک شرۆڤەکارێکی وۆڵ ستریت، جێیمز ئێم مارش جۆنیۆری[٦٦٣] سەر بەئەمنیەتە دووربینەکان[٦٦٤]، بەلێژنەی ڕۆژنامەنووسانی پەرۆشی گوت "ئێستاکە لە پرۆگرامەکانی هەواڵی فرەن و دابینکردنەکە بەئاسانی بەپێش خواستەکە کەوتووە". هەروەها تا ڕادەیەک هۆی ئەمە ئەو ڕاستییەیە، کە بەرهەمهێنانی بەشێکی زۆری هەواڵی ڕەسەن گرانە و داوای تۆڕێکی پەیامنێران و کامێرا و تاقم و نووسینگە لە سەرانسەری جیهاندا دەکات.

بەرەنجامەکەی ئەوەیە تۆڕەکان بەشێوەیەکی بەرچاو لە کاری هەواڵی سەخت دوور کەوتوونەتەوە. لێکۆڵینەوەکانی پڕۆژەی کارامەیی لە ڕۆژنامەوانیدا بە بەردەوامی دۆزیویانەتەوە پرۆگرامەکانی هەواڵیی بەیانیان، بزوێنەری ئابووریی تۆڕی تەلەفزیۆنی، جەختێکی زۆری خستووەتە سەر ناوداران و سەرگەرمی و شێوەژیان و برەودانی هاوبەشانەی بەرهەم، هەمان شت ڕاستە بۆ پڕ جەماوەرترین کۆوارە

663. James M. Marsh Jr.
664. Prudential securities

هەواڵییەکان کە زۆربەی جار بەتەواوەتی هەواڵ فەرامۆش دەکەن.

تەنانەت بڵاڤۆکی هەواڵیی شەوانەش لە ١٩٩٠ەکاندا لە گوزارشێکی کەمتر لەبارەی کاری دامەزراوە شارستانییەکانەوە بۆ زیاتر سەرگەرمی و پەلکێشیی ناوداران گۆڕا، هەرچەندە ئەوە لە پاش هێرشە تیرۆریستییەکانی ١١ی ئەیلوولی ٢٠٠١دا یەکجار گۆڕاوە.

هەندێک کەس لە تۆڕی تەلەڤزیۆنیدا تێبینی دەکەن، کاتێک بەشەکانی وەشانی هەواڵی لە رووماڵکردنی هەواڵی تایبەت و دەستبەجێی سەرانسەری جیهان دوور کەوتوونەتەوە، بەشەکانی سەرگەرمی بەئاراستەی پرۆگرامی "وەرگیراو لە واقیع" گۆڕاون. شۆی وەک لۆ ئەند ئۆردر[٦٦٥]، سی ئێس ئای[٦٦٦] و ویزاوت ئێ ترێیس[٦٦٧] بۆ چیرۆکی ورد و ئاڵۆز کە " لە سەردێرەکانەوە هەڵکەندرابن" هەوڵ دەدەن. رۆبێرت کروڵیچی هەواڵنێری ئێی بی سی نیوز لە بەهاری ٢٠٠١دا پێی وا بوو "ئێمە گەیشتووینەتە ئەو خاڵەی، کە بەشەکانی سەرگەرمی هەواڵ دروست دەکەن و بەشەکانی هەواڵیش سەرگەرمی".

پاش چەند مانگێکی کەم پرۆگرامدانەرانی تۆڕی تەلەڤزیۆن دەستیان کرد بەشۆی سەرگەرمیی "وەرگیراو لە واقیع"، وەک سەرڤایڤر[٦٦٨] کە لە بەهاری ٢٠٠٠دا سەرکەوتنی ئابووریی وەدەست هێنا، پاشان هێنانی ئەستێرەکان لەژێر ناوی "میوان" بۆ ناو پرۆگرامە هەواڵییەکانیان بۆ بەرزکردنەوەی جەماوەری سەرگەرمی و هەواڵ بەیەکەوە، بۆ نموونە سی بی ئێس بەشێکی زۆری شۆی بەیانیانی، کە لەلایەن بەشی هەواڵەوە بەرهەم دێت، گۆڕی بۆ بانگەشە بۆ سەرڤایڤر، بە لەخۆگرتنی چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەو کەسەی شەوی پێشتر چووبووە ناو شۆیەکە. بەم شێوەیە بەشی سەرگەرمیی کۆمپانیا هاوبەشییەکە هەواڵ پێشکێش دەکات، کە دواتر بەشی هەواڵی ڕووماڵی دەکات. نەریتەکە بەردەوام بوو تەنانەت لەگەڵ فرەوانتربوونی تەلەڤزیۆنی دامەزراوە لەسەر واقیع گەشەی سەند و جۆری وەک ئەمێریکەن ئایدڵ[٦٦٩] و زێ ئەپرێنتازی[٦٧٠] زیاد کرد.

665. Law and Order
666. CSI
667. Without a Trace
668. Survivor
669. American Idol
670. The Apprentice

لە ماوەی شەش ساڵدا بەئاشکرا گوتەی کروڵێچ پتر لە تۆزقاڵێک ڕاست بوو، لە ٢٠٠٦دا هەستەکیبوون لە وەشانی هەواڵیدا خێرایییەکی نوێی وەردەگرت، بەشێوەیەکی رووەو زیادبوون هەواڵبێژانی تەلەڤزیۆنی هەوڵیان دەدا، لە ڕێگەی باسکردنی چۆنیەتیی هەستکردن بەهەواڵ بۆ خەڵک، لەگەڵ جەماوەردا پێوەندی دروست بکەن، بۆ نموونە لێکۆڵینەوەیەکی پرۆژەی کارامەیی لە ڕۆژنامەوانی لە ٢٠٠٦دا ئاشکرای کرد، پرۆگرامەکانی هەواڵیی بەیانیانی تۆڕەکانی تەلەڤزیۆنی ئەمە لە ڕێگەی بەستنەوەی هەواڵەکان بە وشەی هێماـئامێزی هەستەکیی وەک "ڕاتەکێنەر... تۆقێنەر... ترسێنەر..." و دەستەواژەی وەک "گەڤێکی ڕژد، کە پێویستە هەر دایک و باوکێک بیبیستێت" ئەنجام دەدەن. بۆ نموونە لە ١١ی حوزەیرانی ٢٠٠١دا سێ شۆی تەلەڤزیۆنی ئەم جۆرە وشانەیان سی جار لە پێشکێشکردنی یەکەم پێنج هەواڵدا بەکار هێنا، زۆربەی جار لە سەرەتای بلاڤۆک یان کۆتایییەکەدا بوون، یان هەندێک جار لە ڕێگەی هەڵبژاردنی ئەو بەشەی دیمانانەکان کە تێیاندا سەرچاوەکان ئەم وشانەیان بەکار هێنابوو.

ئەمە پاش زریانی کاترینا لە ٢٠٠٥ چڕتر کرایەوە، کاتێک هەواڵنێران لە بۆنە سەرەکییەکاندا نەک تەنیا بە هەست بگرە هەندێک جار بە قینەوە کاردانەوەیان دەنواند، پاش ئەوەی ئەندرسن کوپر[٦٧١] لە نیوو ئۆرلینز[٦٧٢] پاش زریانی کاترینا ئەم کارەی کرد، بۆ پێشکێشکاریی پڕ جەماوەرترین پرۆگرامی سی ئێن ئێن بەرز کرایەوە، کە بەهەڵمەتێکی بانگەشەیی کە ئەوی لە ساتەکانی ئاوێتەبوونی هەستەکی لەگەڵ هەواڵدا پێشان دەدا، تەواو بوو.

چاودێرانی جیاواز ئەم پەرۆشییە تازەدۆزەراوەی دەسەڵاتی چوارەمیان ستایش کردووە، هەندێکی تر تەنانەت بیریان لەوە کردووەتەوە ئاخۆ دەکرێت ئەو هێمای زێدەڕۆییەکی تازەدۆزەراوە نەبێت. بەڵام ستایشەکە بەهیچ شێوەیەک گشتی نەبووە، زۆر کەس بیریان کردووەتەوە ئاخۆ خۆبەختکردنێکی ١٠٠ ساڵەی ڕۆژنامەوانی بۆ گوزارشتی بێ جۆش و خرۆش لەبارەی ڕاستییەکانەوە کەوتووەتە مەترسییەوە؟

کێشەکە جەرگەی ئەو شتەی بەمانای ڕۆژنامەوانە دەبڕێت. لە پیشەیەکدا، کە بەڵێنی سەرکوتکردنی بەرژەوەندیی خۆی دەدات لە پێناوی دڵنیاکردنەوەی

671. Anderson Cooper
672. New Orleans

متمانەکەی ئاخۆ هەستەکییانەبوون و قین بەجێن؟ ئەگەر بەجێ بوون، کەی زێدەڕۆیی دەکرێت؟ سەختە مشتومڕی لەسەر ئەوە بکرێت ئەو هەستانەی ڕۆژنامەنووسانی سەر گۆڕەپان، کە شایەتی ئازارچەشتنی مرۆڤەکانن دەریان دەبڕن هەردەم نابەجێن، کەواتە ئەگەر هەستەکییانەبوون هەندێک جار، بەڵام نەک جارەکانی تر بە شتێکی بەجێ دێتە بەرچاو، سنوورەکە لە کوێدایە؟

وێ دەچێت یەکەم بنەمای هەستیار دەرکەوتنی سنوورەکە لەو ساتانە بێت کە هەر جۆرە کاردانەوەیەکی تر بەزۆرەکییانە بێتە بەرچاو - کاتێک هەستدەربڕین تاکە کاردانەوەی بنەڕەتییە. کاتێک واڵتر کرۆنکایتی پێشکێشکار پاش تیرۆرکردنی جۆن ئێف کەندێدی لە ١٩٦٣دا فرمێسکەکانی سڕییەوە یان پاش چەند ساڵێکی کەم هەستی تۆقانی خۆی لە بەرامبەر تەقەی ئاسمانی دەربڕی، خەڵکی ئەمەریکا وەک شتێکی بەجێ پێی راتەکان.

خاڵی دووەم ئەوەیە هەستەکییانەبوون پێویستە لە نێوان ساتی دۆزینەوەی کێشەیەک و ئەو گەڕانەدا نەمێنێت، کە دوا بەدوای دێت لە پێناو ئەو زانیارییەی بەمەبەستی دانانی ڕووداوەکەیە، لەناو چوارچێوەیەکی گەورەتر و قووڵتردا، کاتێک ڕۆژنامەنووسان بەشێوەیەکی مرۆڤانە بەرامبەر بەو شتەی دەیبینن کاردانەوەیان نواند، پێویستە خۆیان بۆ گەڕان بەدوای وەڵامەکاندا ئامادە بکەن و ئەوەش پێویستی بەگومانایبوون و پیشەییانەبوون و سەربەخۆیی هزریی ئەوانەوە هەیە. هەستی مرۆڤ لە ناوجەرگەی ئەو شتەدایە، کە شتێکی نوێی لێ دروست دەبێت، کاتێک تۆ هەوڵت دا لە هەستەکەدا ساختەکاری بکەیت یان بەکاری بێنیت بۆ ئەوەی سەرنج بۆ خۆت ڕابکێشیت، تۆ سنوورەکەت بۆ شتێک بەزاندووە کە بەڕادەی پێویست بوونی هەیە - سەرگەرمیی وەرگیراو لە واقیع.

## بازاڕ دۆزینەوە بە پێچەوانەی بازاڕدۆزینەوە

گەرەنتی بۆ بەرهەڵستیکردنی هەستەکییانەبوون و ڕاگرتنی هەواڵ بەهاوسەنگی چییە؟ وەک گوتوومانە، ئەوە بەدابڕاندنی ڕۆژنامەنووس لەپشت دیوارێک بۆ ئەوەی واقیعەکانی بازاڕ فەرامۆش بکات، ناهێتە دی. تێگەیشتنێکی باشتر لە سەلیقە و پێداویستی و نەریتە گۆڕاوەکانی کۆمەڵگە بەشێکی گرینگی گەرەنتییەکەیە.

بەڵام زۆربەی تێگەیشتنی ئێستە لە بازاڕ کە لەسەر بنەمای جەماوەریترین شێوازەکانی لێکۆڵینەوە لە بازاڕە ڕەنگە بەسوود نەبێت. لێکۆڵینەوەی کۆن لەبارەی بازاڕەوە داوا لە کڕیاران دەکات لەناو جێگرەوە ڕێ تێچووەکانەوە هەڵبژاردن بکەن. تۆ پێت خۆشە ئەو کاڵانە پرتەقاڵی بن یان شین؟ مەعجوونی ددانت لەناو بوتڵی گوشەر بێت یان بۆڕی؟ مەعجوون بێت یان جەلی؟ لی ئان برەدیی[٦٧٣]، کە پێشتر لە کۆمەڵەی پرینکتۆن[٦٧٤] بۆ لێکۆڵینەوەی ڕاپرسانە بوو، بۆ ئێمەی ڕوون کردەوە "وێ دەچێت خەڵک لەناو مەودایەکی تەسکی بژاردەکانەوە وەڵام بدەنەوە. تۆ بۆ خەڵکەکە پێناسەی سنوورەکانی هەڵبژاردنەکەت کردووە. بۆیە ئەوان بە تۆ ناڵێن چ شتێکیان حەز لێیە. وێ دەچێت ئەوان دەست بۆ هەڵبژاردنە سنووردارکراوەکانی تر ببەن و ڕێزبەندییەک پێ بدەن".

بیر لە ڕاپرسییەکی نموونەیی بکەوە، ٢٠ خولەکی و ڕەنگە هەڵگری پازدە تا هەژدە پرسیار بێت. زۆربەی جار تەنیا دوو لەو پرسیارانە ڕێگە بەدیمانەکراوان دەدەن وەڵامێکی سەربەخۆ بدەن. پاشماوەکەی پرسیاری بژاردەیی یان پرسیارکردنە لە وەڵامدەرەوە کە ئاخۆ ئەو هاوڕایە یان ناکۆکە لەگەڵ لێدوانێک، کە لە ڕاپرسییەکەدا هاتووە.

هەواڵ تەحەدای زۆربەی لێکۆڵینەوەی بازاڕیی کۆن دەکات – کە جیهانێکی نەگۆڕی بژاردەکان تاقی دەکاتەوە – چونکە هەواڵ ڕۆژانە دێتە گۆڕین. گرووپەکانی هەڵسەنگێنەر – یەکێک لە هەرزانترین و باوترین شێوازەکانی لێکۆڵینەوە لەبارەی بازاڕەوە – ڕێگەی پرسیاری کراوە بۆ زۆربەی خەڵک واڵا دەکات. گرووپەکان هەروەها جەماوەرین لەبەرئەوەی ڕێگە بەڕۆژنامەنووسان دەدەن چاودێریی جەماوەر بکەن، کاتێک لەبارەی بەرهەمی ئەوانەوە گفتوگۆ دەکەن، بەڵام ئەوانەش یەکجار سنووردارن. بردەی دەڵێت "جار بەجار تۆ گوێبیستی دەنگێک یان بیرۆکەیەک دەبیت لە گرووپێکی هەڵسەنگێنەرەوە، کە هەرگیز نەتبیستووە. کەواتە ئەوان بەسوودن ئەگەر بێتو تۆ خانەیەکی بەتاڵت هەبێت".

هەر کەسێک چاودێریی دانیشتنێکی گرووپێکی هەڵسەنگێنەری کردبێت دەتوانێت بەڕاستی کەموکوورییەکانی وەک ڕێگەیەکی لێکۆڵینەوە لە هەواڵ ببینێت، سەرەتا

673. Lee Ann Bradley
674. Princeton Association

گرووپەکانی هەڵسەنگێنەر زۆر زانستی نین، یەکجار سەختە گرووپەکانی هەڵسەنگێنەر بکرێنە نوێنەر یان دوو گرووپی هەڵسەنگێنەر هەمان شت بڵێنەوە – کە ئەمەش بنەمای بابەتییانەبوونە، کەسێک یان دووان دەتوانێت گفتوگۆیەکە بەئاراستەیەکدا ببات یان سەرۆکی گرووپی هەڵسەنگێنەر بەبەردەوامی گرووپەکە بەرەو وەڵامێکی پێشتر دیاریکراوەوە ڕێنوێنی بکات.

لەوانەیە لە هەمووی گرینگتر ئەوە بێت زۆربەی خەڵک بۆ لێکۆڵینەوە لە بیرۆکەی بێ کۆتا سوود لە گرووپەکانی هەڵسەنگێنەر وەرنەگرن، لە جیاتیی گرووپەکان بەزۆری بۆ تاقیکردنەوەی ئەو گریمانە و هەڵبژاردانەی دامەزراوەکە بەکاری دێنێت کاریان پێ دەکرێت. لیۆ بۆگارتی[٦٧٥] کۆچکردوو، لێکۆڵەری میدیایی گوتی "گرووپەکانی هەڵسەنگێنەر سەرەتا وەک ڕێگەیەک بۆ وروژاندنی ئەو بیرۆکانە هاتە مەیدانەوە، کە ئەو کات دەتواندرا کاریان پێ بکرێت و لە ڕێگەی ڕاپرسییەکی ڕێکوپێکەوە تاقی بکرێنەوە و لەسەر جەماوەرێکی گەورەتردا پیادە بکرێن، هیچ چاوەڕوان نەدەکرا، کەس لەو شتەی ئەو چەند کەسە دەیانگوت بگاتە بەرەنجامێک یان پرۆژەڕێژی بکات". ئەمڕۆ "گرووپەکان زۆر خراپ بەکار دێن".

جیا لەم کەموکوڕییە بنەڕەتییانەی لێکۆڵینەوەی کۆن لەبارەی بازاڕەوە، لێکۆڵەوانان دەڵێن جەماوەر ڕەنگە بەتەواوەتیی نەزانێت بۆچی ڕۆژنامەوانییەکی لەوەی تر پێ باشترە، لەری مەککگیلّ[٦٧٦]، بەڕێوەبەری پێشووی لێکۆڵینەوە لە جەماوەری هەواڵی لە ئێن بی سی نیوز دەڵێت "ئەگەر تۆ داوا لە خەڵک بکەیت، دەرمانی ددانشۆرینی جەلی و مەعجوون بۆ بەراورد بکەن، ئەوە لە ڕاستیدا زۆر بەرجەستەترە لەوەی هەوڵ بدرێت دەستنیشانی جیاوازیی بنەڕەتیی نێوان تۆم برۆکاو یان پیتێر جێنینگز بکرێت". مەککگیلّ دەڵێت لە ئێن بی سی ئەو و هاوکارانی لێکۆڵەوانی تێگەیشتن دەبێت گومانیان لەم جۆرە کارە خەیاڵییەوە هەبێت، "لە ژمارەکاندا دابەزینێکی یەکجار تەندروست هەبوو".

لێکۆڵینەوە لەبارەی بازاڕەوە بەتایبەتی بۆ ئاشکراکردنی باشترین ڕێگە بۆ داڕشتنی هەواڵی پڕ جەماوەرترین کۆوارە هەواڵییەکان کاریگەر بووە. ئێن بی سی دۆزییەوە تاکە گرینگترین ڕێگە بۆ گۆڕینی بینەران بۆ پشتیوانانی خۆی لە سەعات

675. Leo Bogart
676. Larry McGill

١١ی شەودا ئەوەیە، وێنەکانی ڕۆژ یان حەفتە لە کۆتاییی گەشتی هەواڵدا پێشان بدات، دێیتلاین تێ گەیشت کاتەکە بۆ کەرەستەکان بەشێوەیەک دابنێت بۆ ئەوەی ئەو کاتە بڵاو بکرێتەوە، کە تۆڕەکانی تر ڕێکلامی خۆیان دەوەشێنن، مەککگیل ڕوونی کردەوە "زۆربەی جار پێشکەوتنێکی پلە ٢یی لە جەماوەرکێشی لێ دەکەوتەوە یان پتر لە ١,٨ ملیۆن خانەوادە. ئێمە لە زۆربەی بەرنامەکەدا جەماوەرمان ١٢ خاڵی بوو و بۆ هەوادارانمان ١٤ خاڵی".

بەڵام لەوەی پێوەندیی بەناوەڕۆکی هەواڵەوە هەبێت، ئاخۆ تۆ چۆن کاردانەوە بەرامبەر بەهەواڵێک کە بەخەیاڵتدا نەهاتووە یان تاقیت نەکردووەتەوە، هەڵدەسەنگێنیت؟ ئەزموونی هەواڵیی تەلەڤزیۆنی بەم شێوەیەیە. تەلەڤزیۆن بەجوانی بەڕێگەی ناسینەوەی ئەو شتەدا چووە، کە خەڵک لە خولەک بەخولەکی پرۆگرامەکانی شەوانەیەدا تەماشای دەکەن، تەنانەت دەتوانێت دیاری بکات لە چ خاڵێک لە هەندێک هەواڵدا خەڵک دەست دەکەن بەگۆڕینی کەناڵەکە، کەواتە ئامرازەکە بەرە بەرە بڵاوکراوەکانی هەواڵی دەگونجێنێت بەمەبەستی دڵنیابوون لەوەی هەر هەواڵێک بینەرێکی زۆری هەیە.

بەڵام ئەمە ستراتیجییەک بووە، کە بۆ ڕێگری لە دابەزینی بینەران شتێکی کەمی کردووە، بەشی ئەو خانەوادانەی هەواڵی شەوانەی تەلەڤزیۆنی تەماشا دەکەن لە ٧٥٪ی ١٩٨٠ەوە بۆ ٣٧٪ لە ٢٠٠٥ دابەزیوە. بینەرانی تەلەڤزیۆنی ناوەخۆییش لە کۆتاییەکانی ١٩٩٠ەکان بەرە بەرە کەم بوونەوە، هەرچەندە بەفەرمی ژمارە ڕاستەقینەکە کۆ نەکراوەتەوە، ئەمە ڕەنگە بەدژیەکی بەتەنیا دابینکردنی ئەو شتەی خەڵک داوای دەکات، ناو بنرێت.

جۆن کێری، لێکۆڵەوانێکی بازاڕی، کە لەگەڵ ئێن بی سی و نوێنەرە میدیاییەکانی تر کاری کردووە ڕوونی کردەوە "دامەزراوە هەواڵییەکان لەسەر بۆمبی کفنەدیواری خۆیان قووت کراونەتەوە. بەتێپەڕینی کات دامەزراوەکان دوای ئەو ژمارانەی جەماوەر کەوتوون، بەردەوام زیاتر ئەو هەواڵانەیان دروست کردووە، کە جەماوەری زۆریان کێش کردووە و لە شێوازانەدا چەقیون... لە ئەنجامدا کۆوارە هەواڵییەکان جەماوەری کۆنیان پێوە نووساوە – جەماوەرێکی هەست ناسکتر و بەجۆشتر". بەڵام زۆربەی بینەران دوور کەوتوونەتەوە. "بەشێوەیەک خەڵکی ناو تەلەڤزیۆن ئەوە دەزانن، بەڵام نازانن چۆن لێی ڕزگار بن".

بەڵام چۆنە بگەڕێینەوە بۆ بیرۆکەی "جەماوەری لێک گرێدراو"، بۆ گوزارشێکی هەواڵی کە ئێی ئێم ڕۆزێنتاڵ بە "تێکەڵەی هەواڵ و زانیاری"ی ناو برد کاتێک نووسیاری جێبەجێکاری نیویۆرک تایمز بوو؟ یان وەک دێیڤ بێرگینی نووسیاری ڕۆژنامەی بەردەوام باسی لەوە دەکرد چۆن لاپەڕەیەکی ڕۆژنامە دابڕێژرێت: ئەگەر هیچ هەواڵێک پتر لە ١٥٪ی جەماوەر کێش نەکات، دڵنیا بەوە لەوەی بەپێی پێویست هەواڵ هەن بۆ ئەوەی هەر کەسێک بیەوێت یەکێکیان بخوێنێتەوە، بەهەڵبژاردنی ناوەڕۆک بەم شێوەیە، دامەزراوەیەکی هەواڵی دەتوانێت لە هاوسەنگکردنی هەواڵ دڵنیاتر بێتەوە.

یان بگەڕێوە بۆ بەراوردەکە لەگەڵ نەخشەکێش، ئەگەر ڕۆژنامەوانی تەنیا ئەو زانیارییە بۆ خەڵک دابین بکات، کە پێشتر خەڵکە دەڵێت دەیەوێت لەبارەیەوە بزانێت، ئێمە تەنیا لەبارەی ئەو بەشەی کۆمەڵگەوە باسیان بۆ دەکەین کە بۆ خۆیان لەبارەیەوە دەزانن.

## لێکۆڵینەوەیەکی نوێ لەبارەی بازاڕەوە بۆ ڕۆژنامەنووسان

کەواتە چ جۆرە لێکۆڵینەوەیەک لەبارەی بازاڕەوە بەنرخە؟ ڕۆژنامەنووس و هاووڵاتی و لێکۆڵەوانان بەیەکەوە ئەم وەڵامە دەدەنەوە: لێکۆڵینەوەیەک کە یارمەتیی ڕۆژنامەنووسان بدات هەڵسەنگاندن بکەن، نەک لێکۆڵینەوەیەک کە شوێنی هەڵسەنگاندنەکەیان بگرێتەوە. بەواتایەکی تر، پێویستە ئێمە دەست لە بەکارهێنانی ئەو لێکۆڵینەوە لەبارەی بازاڕەوە هەڵبگرین، کە وەک کڕیار مامەڵە لەگەڵ جەماوەری ئێمەدا دەکات و پرسیاریان لێ دەکات چ بەرهەمێکیان بەدڵە، ئێمە پێویستیمان بەدروستکردنی لێکۆڵینەوەیەکە لەبارەی بازاڕی ڕۆژنامەوانییەوە، کە لە خەڵک وەک هاووڵاتی نزیک ببێتەوە و لەبارەی ژیانیانەوە پێمان بڵێت. تۆ چۆن کاتت بەسەر دەبەیت؟ بۆمان باسی ڕۆژانەت بکە، ڕێگەی چوونە سەر کارت چەند دوورە؟ چی نیگەرانت دەکات؟ بۆ منداڵەکانت ئاوات و ترسەکانت چین؟ ئەمە لێکۆڵینەوەی کراوەیە لەسەر ئاراستە گشتییەکانی حەز و ئارەزوو – ئەو جۆرە پرسیارانەی ڕێگە بەنووسیاران دەدەن، لە چۆنیەتیی دارشتنی بەستە هەواڵێک تێ بگەن، کە گشتگیر و هاوسەنگە لەگەڵ کۆمەڵگە و پێداویستییەکانی ئەوان.

بووچ وارد[٦٦٧]، نووسـیاری بەڕێوەبەری فـیلادێلـفیا ئینكوایرر، كـە ئێسـتـە لە پەیمانگەی پۆینتـر وانە دەڵێتـەوە، دەڵێت پرسـیـاركـردن لەوەی خـەڵك چی دەوێت پرسیاری هەڵەیە. "پرسـیارێكی بازرگانییە. بیری لێ بكەوە: لە دووشـەمدا پیاوێك كە دەستی بەڕێجیم كردووە پێویستیی بەزانیاریی زیاترە لەسەر خواردن. سێشەمەكەی هەر هەمـان ئەو پیاوە دووبارە چیپسی پەتاتە دەخوات و داوای پرۆگرامی باشـتری تەلەڤزیۆنی دەكات".

وارد پێی وایە دامـەزراوە نوێیـەكان لە جیاتیی ئەوە پێویسـتـە پشت بە پرسـیـاری ڕۆژنامـەوانی ببەستن – پرسـیارێـك، كـە دەتوانن لە ڕێگەی گـوزارشكردنەوە وەڵامی بدەنەوە: خـەڵك خـەریكی چین؟ وارد دەڵێت "بزانە خـەڵك خـەریكی چین. ئەوان لەگـەڵ هاوڕێكان لەسـەر مـێـزی نانخـواردن باس لە چی دەكـەن ؟ بۆچی ئەوان دوو كـار دەكـەن؟ چی دەخـۆن؟ چ بڕیارێك دەدەن سـەبارەت بەتێـچـووەكـانی چاودێریی تەندروستی، پشـووەكـان و پەروەردەی منداڵان؟" كـاتێك تۆ ئـەو وەڵامـانەت دۆزییـەوە، دەتوانیت ڕوومـاڵەكە دابڕێژیت كە ڕاسـتـەوخۆ تێكەڵ بـەو خـەڵكە دەبێت كـە تۆ هـەوڵ دەدەیت پێیان بگەیت.

ئەمـە ئەو جۆرە لێكۆڵینەوەیە ڤالێری كرێن لە ریسێرچ كۆمیونیكێیشن لیمیتدی فلۆریدا ئـەنجامی دا. لێكۆڵینەوەكـەی كرێن دوو ڕێگەی گـشـتی دەگـرێتـە بەر، هیچ كـامیـان بەتەواوەتی كۆن نین. یەكـەمیـان بەدیمانەی گشتگیر پێناسە دەكرێت، دواتر ڕاپرسیی گـەورەتر نموونەی ئەو پێداویستییە سەرەكییەكانی ژیانی خەڵك دێنێتەوە، كە بەهۆی ئەو هـەواڵانەی پێیـان دەگات، وەدی دێن – ڕێگەیەكی جۆری بۆ گـەڕانەوە بۆ ئەركی هـەواڵ. كرێن دەڵێت "بۆ هـەندێك خـەڵك پێویـسـتـیـیـەكە پێوەندیكردنە بە كۆمـەڵگەوە. بۆ هـەندێكیـان پێـوەندیی بەباشـتركـردنی ژیانیـان هەیە (تەندروسـتـتر، سـەلامـەتتر، ئاسـوودەتر). بۆ ئەوانی تر پێوەندیی بە بڕیاردانەوە هـەیە، بۆ ئەوانی تر ڕێگەیەكە بـۆ قبوولبوونی كۆمـەڵایەتی". كرێن كۆمـەڵێك پێداویسـتیی پێناسـە كردووە كە بەگـوێرەی جـۆری مـیدیا و شـێـوازی پێناسـەكـردنی جۆرەكانی هـەواڵ و جـۆری جەمـاوەری لێكۆڵینەوە لەسـەركراو دەگۆڕێن. كرێن بۆ كۆمپانیا هـەواڵییـەكان بەڕێژە دەری دەخات هـەواڵ چ سـوودێكی بۆ خەڵك هـەیە – نەك پرسیاركردن لەوەی چ جۆرە هـەواڵێك سـەرنجی خـەڵك ڕادەكێشێت – ئەمـەش ڕێگەیەكی گرینگە بۆ پڕژانە سـەر

677. Butch Ward

بابەتی گونجاو. ئەو لەبارەی موراجیعەکانییەوە دەڵێت "خەڵک (کۆمپانیا هەواڵییەکان) زۆر بەئەستەم بیر لە پێویستییە سەرەکییەکانی هاووڵاتییان دەکەنەوە".

بۆ دووەم ڕێگە کرێین لەوە دەکۆڵێتەوە چۆن خەڵک لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا ژیان دەبەنە سەر، ئەمەش بە بەکارهێنانی جۆرێک لەو شتەی هەندێک خەڵک بەلێکۆڵینەوە لە شێوەژیان و نەریتەکان ناوی دەبەن، ئەم جۆرە لێکۆڵینەوەیە وێ دەچێت جەماوەر بەگوێرەی نەک تەنیا دیموگرافییەکان، بگرە بۆچوون و هەڵسوکەوت هێشوو هێشوو کۆمەڵ بکات، کرێین لە پازدە بواری جیاواز، لە تەندروستی، ئاین، کار، بەکاربەری، پێوەندییە خێزانییەکان، پەروەردە و هی تر دەکۆڵێتەوە و نیگەرانی و نەریتە سەرەکییەکانی شوێنێکی دیاریکراو پێناسە دەکات، بەتێکڕا، لێکۆڵینەوەکەی سەبارەت بەهۆکاری سوودوەرگرتنی خەڵک لە هەواڵ و لێکۆڵینەوەکەی لەبارەی نیگەرانی و نەریتە قووڵترەکانی ناو ژیانی خەڵکەوە بەرچاو ڕوونی دەدات بەڕۆژنامەنووسان سەبارەت بەوەی چۆن هەڵسەنگاندنی پیشەییانەیان بەکار بێنن. کرێین دەڵێت بەڵام پێویستە لێکۆڵینەوەکە هەڵسەنگاندنەکە بەهێز بکات نەک شوێنی بگرێتەوە.

ئاڵ تۆمپکینز[٦٧٨]، بەڕێوەبەری هەواڵیی پێشوو، کە ئێستە لە پەیمانگەی پۆینتر وانەی وەشاندن دەڵێتەوە، پێی وایە لێکۆڵینەوەکەی کرێین بەڕۆژنامەنووسان دەڵێت "کۆمەڵگەکان چۆن دەژین و لایەنگرییەکانیان بۆ چین و نەک تەنیا تەماشای چی دەکەن، بگرە بۆچی تەماشا دەکەن". تۆمپکیز دەڵێت کارەکەی کرێین ڕێنوێنە بۆ پێشکێشکردنی هەواڵ، بەڵام بڕیار لەسەر ئەو هەواڵانە نادات، کە تۆ دەیانکەیت. تۆمپکینز دەڵێت بۆ نموونە هەرچەندە زۆر لێکۆڵینەوە ئاماژە بەوە دەدەن، خەڵک حەزیان لە سیاسەت نییە، " لێکۆڵینەوەکەی کرێین پێشانمان دەدات خەڵک گرینگی بەکۆمەڵگەکەی دەدات، بەڵام متمانەی بە دامەزراوە سیاسییەکان نییە... ئەوەی لێی بێزار بوون بابەتەکە نەبووە، ڕێگەی پێشکێشکردنی بابەتەکە بووە".

ئەم چمکە – کە هەواڵبێژی گرینگترە لە بابەت – بەشێوەیەکی سەرەکی لەناو ژاوەژاوی دەوران دەوری لێکۆڵینەوەی بەردەوام پتر دەستکرد بووە لەبارەی بازاڕەوە

678. Al Tompkins

ون بووە، بەڵام لە تەلەڤزیۆنی ناوەخۆدا لانی کەم وەک سەرەکیترین شت بۆ بینەرانی بڵاوکراوەی هەواڵی ماوەتەوە.

شیکردنەوەی ٣٣٠٠٠ هەواڵ لە ٢٤١٩ بڵاوکراوەی هەواڵیی ١٥٠ وێستگە لە ماوەی پێنج ساڵدا لەلایەن پڕۆژەی کارامەیی لە ڕۆژنامەوانیدا دۆزییەوە چۆنیەتیی کۆکردنەوە و گوزارشکردنی هەواڵێک – واتە ژمارە و هاوسەنگی و شارەزاییی سەرچاوەکان، ئاخۆ پێوەندیی هەواڵەکە بەجەماوەر و گرینگییەکەی بۆ کۆمەڵگە پشتڕاست کراوەتەوە، ئاخۆ هەواڵەکە تەواوترە – دوو ئەوەندەی بابەت لە دیاریکردنی ژمارەی بینەران گرینگە، ئەم دۆزینەوەیە بەتایبەتی گرینگە ئەگەر، وەک پێشبینی کراوە، هەواڵەکە نەک بڵاوکراوەکە ببێتە ئەو یەکە سەرەکییەی کڕیاران لەناو بازاڕی نوێی میدیادا بەدوای دەگەڕێن.

ئەم بەرەنجامە پشتیوانییەکی بەهێزی لێ کرا، کاتێک سەنتەری لێکۆڵینەوەی پیوو ڕاپرسییەکی سەرانسەریی ئەنجام دا، کە پرسیاری ستانداردی ڕاوێژکارانەی لەبارەی سیاسەتەوە تێدا بوو. تەنیا ٢٩٪ گوتیان زۆر حەز لەو جۆرە گوزارشکردنە دەکەن، بەڵام کاتێک خەڵکەکە پرسیاری لێ کرا ئاخۆ حەزیان لە "هەواڵە لەبارەی ئەو کارانەی حکوومەت بۆ برەودان بە کاراییی قوتابخانە ناوەخۆییەکان دەتوانێت بیانکات "، تێکڕای سەتیی "زۆر حەزم لێیە" بۆ ٥٩٪ بەرز بووە. بەهەمان شێوە، کاتێک بەشداران پرسیاریان لێ کرا ئاخۆ حەزیان لە گوزارش لەبارەی ئەو کارانەی حکوومەتەوە دەتوانێت ئەنجامیان بدات بۆ دڵنیاکردنەوەی جەماوەر لەوەی شوێنە گشتییەکان لە تیرۆریزمەوە پارێزراون، تێکڕای سەتیی "زۆر حەزم لێیە" بۆ ٦٧٪ بەرز بووەوە. بۆ ئارەزوومەندی بۆ ئەو هەواڵانەی لەبارەی کەمکردنەوەی تێچووی چاودێریی تەندروستی بوون، ئاستی سەتیی هاوشێوە دەرچوون، هەموو ئەم بابەتانە لە قوتابخانەوە بگرە تا چاودێریی تەندروستی و سەلامەتیی گشتیی تەواو پێوەندییان بە سیاسەت و حکوومەتەوە هەیە.

پێویستە ڕۆژنامەنووسان بپرژێنە سەر خەڵک و کێشەکانیان، نەک سیاسەتوانان و کێشەکانیان. وەلاوەخستنی راوێژکاریی کۆن و لێکۆڵینەوەی گومانایی خاڵی سەرەکین بۆ چوونە ناو داهاتوویەک، کە بەردەوام ئاڵۆزتر دەبێت، سکۆت تۆلاڵی[679] سەر بە

679. Scott Tallal

ئینسایت ریسێرچ لە کالیفۆرنیا پەرەی بەتەکنۆلۆجیا دا بەمەبەستی ئەنجامدانی راپرسیی تەلەفۆنی کە پرسیاری کراوەی زیاتری تێدا بوو، دیمانەکانی بەشێوەیەکی دیجیتاڵ تۆمار دەکرد، لە جیاتیی ئەوەی دیمانەکراو وشە بەوشەی وەڵامەکان بنووسێتەوە.

جۆن کێیریی گرێیستۆن[٦٨٠] کۆمیونیکێیشن لێکۆڵینەوەی ئیتنۆگرافی لەبارەی بازاڕەوە کرد. ئیتنۆگرافی کە دەرهاوێشتەیەکی ئەنترۆپۆلۆجییە، بەشێوەی چاودێریی ڕاستەخۆی گۆڕەپانی کار دەکات. کێیری بەمانای وشەوە لەناو ماڵی خەڵک دادەنیشێت و تەماشای دەکردن چۆن لەگەڵ میدیا و تەکنۆلۆجیادا تێکەڵ دەبن. ئەو کاتی ژەمەکان، نانی بەیانیان، نانی ئێوارە، بەیانی زوو، تەنانەت درەنگانی شەو لە ماڵی خەڵک دانیشتووە.

دۆزینەوەکانی کێری زۆرێک لە بیرۆکەکانی کۆنی لەبارەی تەلەڤزیۆن لەناو مێشکی خەڵکدا پێچەوانە کردەوە. بۆ نموونە هەرچەندە بەشێکی زۆری لێکۆڵینەوەی زانستی کۆمەڵایەتی ئاماژە بەو شتە دەدات، کە ئەکادیمییەکان بە "گرینگتربوونی بینراوە"ی ناوی دەبەن یاخۆ ئەو چمکەی، کە وێنەکان بەهێزترن لە وشەکانی تەلەڤزیۆن، لێکۆڵینەوەکەی کێیری دۆزییەوە "زۆربەی جار خەڵکەکە تەماشای هەواڵی تەلەڤزیۆن ناکات بگرە گوێی لێ دەگرێت. زۆر خەڵک لە ڕاستیدا خەریکی خوێندنەوەی ڕۆژنامەن کاتێک کردوویانەتە سەر هەواڵی تەلەڤزیۆنی، وێ دەچێت ئەو کاتە ئاوڕ لە تەلەڤزیۆن بدەنەوە، کە گوێیان لە شتێک دەبێت، کە پێیان وایە وێنەی گرینگی لەگەڵدایە". بڵاوکردنەوەی زانیاری بۆ دیتن، بەبێ بەهێزکردنی وشەکان ڕەنگە هەڵەیەکی گەورە بێت.

لێکۆڵینەوەکەی کێیری هەروەها ئاماژەی بەوە کرد چمکی تیزرەکان[٦٨١]، یان وەسوەسەکردنی خەڵک بۆ مانەوە بۆ گوێگرتن تا کاتێکی درێژتر لە پێناو هەواڵێکی گرینگی چاوەڕوانکراو، ڕەنگە تەواو هەڵە بێت. "هەڵەیەکی گەورە ئەوەیە وا بیر بکرێتەوە خەڵک بەدرێژاییی ماوەیەک خەریکی تەماشاکردنە. تیزرەکان هەڵەیەکی گەورەن. خەڵک چاوەڕوان نابێت". ئەو بابەتانەی دەڵێن "ئاخۆ بەیانی باران دەبارێت؟ دیارە ئەمشەو سارد دەبێت و جیم پاش حەوت خولەکی تر بە پێشبینییەکی تەواو

680. Graystone

681. Teaser یان گاڵتەپێکەر

دەگەڕێتەوە"– ئەوانە وێ دەچێت خەڵک دوور بکەنەوە. لە ڕاستیدا لێکۆڵینەوەکانی کێیری پێشانی دەدەن هەر کاتێک ڕێکلامێک هەبێت، زۆربەی بینەران دەستبەجێ کەناڵەکە دەگۆڕن، کێیری پێی وا بوو جێگرەوەیەکی باشتر ئەوەیە زانیاریی سەرەکیی وەک کەشوهەوا بەبەردەوامی دابین بکرێت، بۆ ئەوەی لە تەواوی بڵاوکراوە هەواڵییەکە زانیاری بنێردرێت، تەنانەت لە ماوەی ڕێکلامیشدا ژێرنووس بکرێت. "تۆ دەتوانیت خەڵکەکە بەبەردەوامبوونی زانیارییەکەت پەلکێش بکەیت".

کارۆڵ نیلەندی[٦٨٢] کۆچکردوو، بەڕێوەبەرێکی هەواڵ لە ئۆستن لە تێگزاس، هەروەها بە بەرهەڵستکردن لە دژی تێگەیشتنی کۆن ناسرابوو، ئەم ڕێگەیەی گرتە بەر. ئەو پێشبینیی کەشوهەوای بەو گریمانەیەی، کە خەڵک بۆ تەواوی نیو سەعاتەکە نامێننەوە، لەناو گەشتی هەواڵدا دووبارە کردەوە، بەڵام ئەگەر تۆ بتوانیت خەڵکێکی زیاتر بەخێرایی ئاگەدار بکەیتەوە، بەتێپەڕینی کات کۆنترۆڵی وەفادارترین و گەورەترین جەماوەر دەکەیت، کێیری گوتی "پێم وایە لە داهاتوودا پێویست دەکات واز لە بابەتی سی خولەکی و شەست خولەکی بێنین. ڕەنگە پرۆگرامی وات هەبێت، کە هەر ئەڵقەی پێنج خولەک درێژ بێت" بابەتە درێژەکانیش لە کاتی دیاریکراودا بێن، زۆر لە شێوەی پرۆگرامەکانی ڕادیۆ، کە هەر هەشت یان ١٢ خولەک جارێک هەواڵ و کەشوهەوا دووبارە دەکاتەوە یان وەک وەشانەکانی نەشناڵ پابلیک ڕێدیۆ[٦٨٣]، کە سەردێرەکان بەتێکەڵاوی لەگەڵ هەواڵی درێژتردا دووبارە دەکاتەوە.

بەڵام ئەمانە چمکی ئەوتۆن کە هێشتا لە دەرەوەی جیهانی لێکۆڵینەوەی کۆن لەبارەی بازاڕ یان تەنانەت زانیاریی کۆن لەبارەی ژمارەی جەماوەر و تیراژنەوەن، ئەو چمکانەن، کە بۆ داهێنانەوەی سروشتی لێکۆڵینەوە و ئەو بەستەیەن، کە ڕۆژنامەوانی تێدا پێشکێش دەکرێت.

زۆر ڕۆژنامەنووس بەرهەڵستیی لێکۆڵینەوە لەبارەی بازاڕەوە دەکەن، کرێن گوتی "ئەوە ئەو شتەیەی من بەئەفسانەی بوێریی زێڕین ناوی دەبەم". دژیەکییەکە لەوەدایە ڕۆژنامەنووسان شارەزاییی پێویستیان بۆ ئەنجامدانی جۆری لێکۆڵینەوەی چاودێرانە لەبارەی ژیانی خەڵکەوە، زۆرترە لەو شارەزاییانەی ڕەنگە بەباشترین شێوە بۆ ڕۆژنامەوانی پێویست بن. بەڵام ڕۆژنامەنووسان پەرەیان بەهیچ نەریتێک

682. Carole Kneeland
683. National Public Radio

نەداوە بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە، هەروەها وێ ناچێت نزیک بن لە هەوڵدان بۆی.

ئەگەر ڕۆژنامەوانی ڕێگەی خۆی ون کردبێت هۆکارەکەی بەشێوەیەکی سەرەکی ئەوەیە مانای خۆی لەناو ژیانی خەڵکدا لەدەست داوە، نەک تەنیا جەماوەرە کۆنەکەی، بگرە نەوەی داهاتووشی لەدەست داوە، ئێمە ڕوونمان کردووەتەوە، هیوادارین ڕوونمان کردبێتەوە، کە هۆکارێکی سەرەکی بۆ ئەمە ئەوەیە ڕۆژنامەنووسان متمانەیان بەوە نەماوە هەوڵ بۆ گشتاندن و هاوسەنگکردنی هەواڵ بدەن، وەک نەخشە دێرینەکان، کە بەشێکی زۆری جیهانیان وەک سەرزەمینی نەناسراوەوە دەهێشتەوە، جەماوەری هاوسەردەمیش بەرەوڕووی ڕۆژنامەوانییەک بووەتەوە، کە بۆشاییی هاوشێوە هەیە لە شوێنی کۆمەڵە دیموگرافییە سەرنج ڕانەکێشەکان یان ئەو بابەتانەی بۆ بەدواداچوون زۆر سەختن.

ئەگەر ڕۆژنامەنووسان تەنیا بەڕادەی پێویست خێرا و داهێنەر بن بۆ بەکارهێنانی ئینتەرنێت، سروشتی کارلێککەری ئینتەرنێت، دەرفەت دەڕەخسێت بۆ هاوێشتنی هەنگاوی گەورە لە پێناو زاڵبوون بەسەر کێشەکانی سەرچاوەگرتوو لە بەکارهێنانی تەسکبینانەی لێکۆڵینەوە لەبارەی بازاڕ و زانیاریی دیموگرافییەوە. بەکارهێنانی ئامرازەکان لە کردنەوەی ژووری چات لەگەڵ قوتابیان بۆ گوزارشکردنی هەواڵێک لەبارەی گۆڕانەکانی پرۆگرامی خوێندنەوە، بگرە تا ئیمەیل ناردن بۆ شارەزایانی بەئەزموون لە پێناو لیستەی ئەو بابەتانەی خەڵک بەکەمترین ئاست لێیان تێ گەیشتووە، هەواڵنێران دەتوانن پێوەندیی قووڵتر ببەستن، لەگەڵ جەماوەر وەک پشکدار، ئەمە ڕەنگە ئەو جۆرە تێگەیشتنە بەرهەم بێنێت، کە ڕێگە بە جەماوەر بدات، خۆی بەردەوام هەندێک لە بۆشاییەکان لە ڕووماڵکردنی جیهانی خۆیدا پڕ بکاتەوە و زانیاریی پشتئەستوور بەئەزموونی تایبەتی خۆی دابین بکات، کە بەرچاوڕوونیی بێ هاوتا بەجەماوەر دەبەخشێت.

وەڵامەکە گەڕانەوە نییە بۆ ئەو ڕۆژەی ڕۆژنامەنووسان تەنیا بەخۆڕسک کار دەکەن، هیوادارین تیشکمان خستبێتە سەر کۆمەڵێکی نەخشەکێشیی نوێ، کە خەریکی پەرەدانن بەئامرازی هێڵکاریکردنی شێوەی گوزەرانی خەڵک لەمڕۆکە و ئەو پێویستییە هەواڵییانەی ئەم ژیانە دەیانخوڵقێنێت. ئەوان یەکێک لە گرینگترین ئامرازەکانی دامەزراوەی هەواڵی بۆ داڕشتنی ڕاپۆرتە هەواڵیی گشتگیرتر و

هاوسەنگتر دابین دەکەن، کە لە بریی دوورکردنەوەی جەماوەر کێشیان دەکات. ئێستە لەسەر ڕۆژنامەنووسانە هەوڵ بدەن.

لەگەڵ هەموو ئەوەشدا هێشتا بنەمایەکی تر هەیە، کە هەموو ئەوانی تر بەیەکەوە دەبەستێتەوە. بنەماکە پێوەندیی بەو شتەوە هەیە، کە لەناو خودی ژووری هەواڵدا ڕوو دەدات.

بەشی دەیەم

## ڕۆژنامەنووسان بەرامبەر بەویژدان بەرپرسیارن

ماوەی سێ حەفتە لە تشرینی یەکەمی ٢٠٠٢دا واشینتۆن دی سی کۆمەڵگەیەک بوو لە ترسان سڕ بووبوو، کەسێک بە نهێنکارییەکی زیرەکانە و کارامەیییەکی کوشندە بۆسەی بۆ سێزدە پیاو و ژن و منداڵ لەناو شارەکە و ناوچەکانی مێریلەند و ڤێرجینیایدا دانابووەوە و نۆ کەسیانی بەگوللە کوشتبوو و سێیانیانی بریندار کردبوون، لەوانەش کوڕێکی ١٢ساڵان کاتێک گەیشتە ناو قوتابخانەکەی خۆی.

لە سەرانسەری وڵاتدا گەڕان بەدوای تاوانبار دەستی پێ کرد، کاربەدەستانی جێبەجێکاری یاسای شار و ناوچە و ویلایەت و فیدراڵ بەو تێبینییانەی لە شوێنی کوشتن بەجێ مابوون تانەیان لێ دەدرا، لەوانەش تێبینییەک، کە گەفی دەدا "منداڵەکانتان ئیتر پارێزراو نین لە هیچ شوێنێک، لە هیچ کاتێکدا". کوشتنەکان بەشێوەیەکی تۆقێنەر وەک دەستپێکی قۆناخی گەریلایی لە "شەڕی دژە تیرۆر"ی گوماناوییانە و ناتەواو پێناسەکراو بوو، کە سەرۆک جۆرج دەبلیو بوش پێش ١٣ مانگ ڕای گەیاندبوو، کاتێک فڕۆکە ڕفێندراوەکان بوونە بۆمبی خۆتەقێن و هەزاران کەسیان بەکوشت دا لە کاتی وردوخاشکردنی تەلاری سەنتەری بازرگانیی جیهانی لە نیویۆرک سیتی و لەناوبردنی بەشێکی پێنتاگۆن لە واشینتۆن. ڕووماڵی چاپەمەنی لەبارەی کوشتنەکان، هەواڵەکانی تری بە لەخۆگرتنی شەڕی هێزەکانی ئەمەریکا لە ئەفغانستان لە لاپەڕەی یەکەم ڕاماڵی، کاتێک جیهان پڕژایە سەر ترس لە مەرگێکی شاراوە کە تووشی کۆمەڵگەی پایەتەختی ئەمەریکا بووبوو.

بۆ هاوڵ ڕێینزی[٦٨٤] نووسیاری جێبەجێکار هەواڵەکەی واشینتۆن دەرفەتێکی تر بوو بۆ ناردنی پەیامێک بۆ کارمەندانی و ئەو ڕکابەرێتییەی ئەو بۆ نیویۆرک تایمزێکی نوێ و یەکجار پشتیوانیلێکراو بەرێوەی دەبرد، ڕکابەرێتییەک، کە

684. Howell Raines

"مەودا"ی هەواڵێکی گەورە "نوقم بکات" و بەسەر هەمووواندا زاڵ بێت. رێینز لە ٢٠٠١دا بۆ گەیشتبووە ئەو پلە بەرزە، چەند حەفتەیەکی کەم پێش هێرشەکانی ١١ی ئەیلوول و کارمەندانی بۆ ڕووماڵکردنی ڕووداوە مێژووییەکە ئەوەندە باش ئامادە کردبوو، کە ریکۆردی پێنج خەڵاتی پولێتزری بۆ ڕۆژنامەکە بردەوە. هەواڵەکەی واشینتۆن هەلی ئەو بوو بۆ ئەوەی لە ڕێگەی جۆری ڕکابەرێتییەکەی خۆی بەپێش واشینتۆن پۆستی شاری لەدایکبوونی بکەوێت و هەوڵ بدات ئەو ئازارە بسڕێتەوە، کە زۆرێک لە کارمەندانی تایمز هێشتا بەبۆنەی شێوازی پێشکەوتنی پۆست لە تایمز لە ڕیسواییەکەی واترگێیتی ٣٠ ساڵ پێشدا هێشتا لە دڵیاندا بوو.

هەرچەندە تایمز گەورەترین نووسینگە و کۆمەڵێکی شەش کەسیی باشترین هەواڵنێرانی لێکۆڵەوانی ڕۆژنامەکەی لە واشینتۆن هەبوو، رێینز ڕووماڵەکەی لە نیویۆرکدا بەردەوام سەرپەرشتی دەکرد. لەناو ئەو خەڵکانەی ئەو بۆ واشینتۆنی ناردن جێیسن بلێیر بوو، ئینتێرنێکی[685] پێشووی ٢٧ ساڵان، کە تەنیا ماوەی ٢١ مانگ هەواڵنێریی کردبوو، لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا زیادکردنی بلێیر وەک بژاردەیەکی سروشهێن هاتە بەرچاو، هەواڵنێری نوێ هەواڵی لاپەڕەی یەکەمی لەگەڵ وردەکاریی ئازاردەری ئەوتۆی بەرهەم دەهێنا، کە هەواڵنێرانی تری ناوچەی واشینتۆن نەیاندەتوانی لەگەڵی ڕکابەرێتی بکەن.

بەهەمان خێرایی هەواڵنیرانی بەئەزموونتری واشینتۆن دەستیان کرد بەپرسیارکردن لە "ئەو کوڕە، بلێیر"، کە ناوی بەرەبەرە لەناو ڕۆژنامەکەدا دەردەکەوت، بەڵام هیچ کامیان لە نووسینگە یان لە گۆڕەپان نەیاندیتبوو. یەکێک لەو هەواڵنێرانە، ئێریک لیچبلاو[686]، کە وەزارەتی دادی بۆ تایمز رووماڵ دەکرد، نیگەران بوو کاتێک هەواڵەکانی بلێیر بەبەردەوامی لەلایەن کاربەدەستانی جێی متمانەی ئەو لە وەزارەتی داد گومانیان لێ دەکرا. هەواڵنێرانی تریش گومانیان هەبوو و کاتێک سەرچاوەیەک لە تووڕەییدا بە لیچبلاوی گوت "ئەو نازانێت ئەو سەرچاوە ناوپارێزراوانەی ئەم کوڕە بلێیر پشتیان پێ دەبەستێت کێن، بەڵام بەشێکی زۆری ئەو شتەی ئەو دەینووسێت هەر راست نییە"، لیچبلاو چووە لای ریک بێرک[687]، نووسیاری هەواڵی لە نووسینگەکەدا.

685. Intern کەسێک کە پاش دەرچوون لە کۆلێج یان لە ساڵی کۆتاییی خوێندنیدا راهێنانی پیشەیی وەردەگرێت
686. Eric Lichtblau
687. Rick Berke

بێرکیش نیگەرانییەکانی خۆی بە نیویۆرک ڕاگەیاند، کاتێک گوتی پێشنیازەکانی ئەو لەبارەی پاڵنەری ئیرەییەوە لە سکاڵاکاندا گوێیان لێ نەگیراوە، بێرک وەڵام دراوە ڕێینز "گەیشتووەتە ئەو باوەڕەی بلێیر هەواڵنێرێکی کۆڵنەدەری مەزنە".

ئەوەی هیچ کام لە ئەندامانی نووسینگەی واشینتۆن نەیاندەزانی ئەوە بوو گلەیی لەبارەی بلێیرەوە وەک تایەکی بەردەوام پێش ئەوەی بلێیر بنێردرێتە واشینتۆن، ژووری هەواڵی نیویۆرکی ئاڵوودە کردبوو. تا ڕادەیەک کاتێک بلێیر لە نووسیارێکی سەرپەرشتیارەوە دەگوزراوە بۆ یەکێکی تر، گومان لەبارەی جۆری کارەکەی ئەوەوە لەگەڵ گواستنەوەیدا نەدەگوزرایەوە، وەک ئەوەی بلێیت نووسیارەکان لەسەر کیشوەری جیاواز دەژیان، نەک تەنیا چەند یارد یان میلێک دوورتر لە یەکتری.

کاتێک دوو لە گومانباران دەسگیر کران، لە کەیسی تەقەکردنەکەدا تۆمەتبار کران، هەواڵنێرانی واشینتۆن بەنیازی ڕێکخستنی سکاڵایەک بوون بۆ نیویۆرک. ڕووماڵەکە کەمتر بووە و گرژی و گومانەکان سستر دەبوونەوە، کاتێک بلێیر بۆ هەواڵی تر ڕاسپێردرا. ئیتر هەواڵەکانی بلێیر لە بایلاندا واشینتۆنیان لەسەر نەبوو، بگرە بەرەبەرە مێریلەند و وێست ڤێرجینیا و ئۆهایۆ تێدا دەرکەوت، تەنانەت لە تێگزاسیش، شوێنێک کە ڕۆبێرت ریڤاردی[688] نووسیاری سەن ئانتۆنیۆ ئێکسپرێس نیوز[689] شتێکی لە هەواڵی بلێردا دی، کە نیگەرانی کرد. ئەوەندە نیگەرانی کرد کە پەیامێکی بەئیمێیڵ بۆ ڕێینز و نووسیاری بەڕێوەبەری تایمز، جێراڵد بۆید[690]، نارد و پێی ڕاگەیاندن گوتارێکی بلێیر "بەشێوەیەکی بێزارکەر لێکچووە" لەگەڵ گوتارێک، کە ڕۆژنامەکەی پێشتر بلاوی کردووەتەوە.

ئەم سکاڵایە دەرەکییە لەلایەن نووسیاری ڕۆژنامەیەکی ترەوە، نەدەکرا پشتگوێ بخرێت، ڕێینز و بۆید بلێیریان بەرەوڕووی کردەوە. هەواڵنێری گەنج خێرا گرفتاری تاڤگەیەک دژیەکی بووە. پاش دوو ڕۆژ دەرکەوت ئەو هەرگیز نەچووەتەوە ئەو ماڵەی تێگزاس کە لەبارەیەوە نووسیویەتی و وردەکارییانەی "شایەتی بەچاودیتە" لە وێنەکانی ئەرشیڤی وێنەیی تایمزەوە وەرگیرابوون، زانیارییەکانی تر لە هەواڵی پەیامنێرانی ترەوە دابین کرابوو. لە ١ی حوزەیرانی ٢٠٠٣دا بلێیر دەستی لەکار

---

688. Robert Rivard
689. San Antonio Virginia
690. Gerald Boyd

کێشـایەوە، هـەواڵی دەسـت لەکارکێـشـانەوەی وەک تـەقینـەوەیەک کاریگەر بوو، بۆ کرانەوەی هێڵـە داخـراوەکانی پێوەندیکردن لەناو تایمزدا. کارمـەندان یەک لەدوای یەک تێ دەگـەیشتن ئـەوان تاکە کـەس نەبوون گلەییـیان لـە ڕەفتـار و کـاری بڵـێـیـر هـەبووە.

لێکۆڵینـەوەیەکی تەواو لـەبارەی کـاری بڵـێـیـرەوە کـاتێک ئاشکرا بوو کـە زۆر لە ئەنـدامـان گـومـانیـان هـەبووە لەوەی ئـەو هـەواڵنێـرێکی کـۆڵنـەدەر و لێکـۆڵەر و خـۆبەخـتکەر نیـیـە، بگرە پیـاوێکی گـەنجی دامـاوە و پشت بە دەسـخـەڕۆیی و دزی ئەدەبی و درۆ دەبەستێت بۆ بەرەوپێشبردنی کارەکەی لەسـەر حسێبی هـەموو خەڵکی دەوروبەری، کارمـەندان دەسـتـیان کرد بەبڵاوکردنەوەی هـەسـتی نـاڕەزایی، تەنانەت ناپاکی، ئەوان بۆ مـاوەیەکی درێژ سـەرکوت کرابوون کاتێک هەستیان بەوە کردبوو، لە هـەستکردن بە درکپێنەکردندا بەتەنیان، بۆ ماوەی دوو حەفتەی دواتر ڕێینز و بۆید لەگەڵ تاکەکان و گرووپەکانی ناو ژووری هـەواڵ کۆ بوونـەوە و هـەوڵیان دا دڵنیـایان بکەنەوە. ئەوەی ئـەوان لەم کۆبوونەوانەدا گوێیـان لێ بوو، ئەو هـەواڵنێر و نووسـیـارە تازەکـارانە بـوون، کـە نـائومـێـدی و تووڕەیی خـۆیـان لە دژی ئەم پێـشـێـلکارییـە سـەرەکییانەی بەرامبـەر بە سـتـاندارد و بەهاکان هەڵڕشت- ئەو پێشێلکارییانەی هەڕەشەی لەناوبردنی متمانەی ئەوان و ڕۆژنامەکەشیان دەکرد.

لە جیاتیی دڵنیـابوونەوەیان ناڕەزاییی کارمەندان چڕتر و بەهەڵمەتتر بوو و ئارسر سولزبێرگر جونیـۆری خاوەن ئیمـتـیازی ڕۆژنامـە ڕای گەیاند ئەو و ڕێینز و بۆید لەگـەڵ ژووری هـەواڵ لە "تەلارێکی شـاردا " کـۆ دەبنەوە بۆ گـفـتـوگـۆکـردن لەسـەر پرسیار و نیگەرانییەکان. کۆبوونەوەکە، کە بۆ ڕۆژنامەنووسانی تر ڕێگەپێنەدراو بوو لە شـانۆخـانـەیەکی نزیک بـەڕێوە چوو. قـووڵاییی گـومـان و تووڕەیی زاڵبـوو بەسـەر بەڕێوەبەرانی پلە بەرزتر لە مـاوەی دانیـشـتنەکـەدا، دواتر بـە "بەزۆری سـارد و هەستـەکییانە و ڕاستـەقینە" وەسف دەکرا، هەندێک لە بەشداران نەک تەنیا وەسفی بەرەنگاربوونەوەی پەیامنێرانی دامەزراوە هەواڵییەکانی تریان کرد، بگرە بە ئیمەیل پەیامیـان بۆ مـاڵپـەڕی چاودێری ڕۆژنامـەوانی وەک ڕۆمـێنسکۆ نارد، کە لەوێوەش بۆ دیتنی هـەمووان بڵاو کرانەوە. پەیامەکەیان بەرە بەرە پڕۆژەیەکی جەمـاوەریی تایبەتی لە دژی سـەرکردایەتیی ڕێینز و بۆید دروست کرد.

ئەو وێنـەیەی ئەو پەیامـانە نەخشـاندیان وێنەی ژوورێکی هەواڵ بوو، کـە تێـیـدا گفتوگۆی ناوەخۆیی ئەوەندە لە کار کەوتبوو، کە پێنج ساڵ ئاگەدارکردنەوە لەبارەی جـۆریەتی و بـاوەڕپێکراوەبوونی کـاری بلـێـیـر پشـتگوێ خـرابوو، ئەو بـەبەردەوامی هـەواڵی گرینگ و گرینگتـری پێ ڕاسـپێردرابوو، تا ئەو خـاڵەی ناوەکـەی لە هـەواڵی نەتەوەیی و تەنانەت نێونەتەوەییشیدا دەرکەوت، بەر لەوەی چیرۆکی بلێیر تەواو بێت، ڕێینز و بۆید هـەردووکیان و پتر لە بیست و چوار کارمـەندی ژووری هـەواڵ دەرکران، کە دەسـتـیـان لە ڕێکخسـتنێکی درێژخـایەنی سـتـاندارد و پێکـهاتە و کردەوەگـەلی ژووری هـەواڵدا هـەبوو.

لە حوزەیراندا لێکۆڵینەوە ناوەخـۆییەکە بەڵگەی دۆزییـەوە لەسـەر "کاری بەردەوامی بلـێـیـر بـۆ سـاختـەکاریی ڕۆژنامـەوانی و... درۆی زۆر و دزیی ئەدەبی (کـە) دەربڕی ناپاکیی قـووڵ بـەرامـبـەر بەمـتـمـانە و خـاڵێکی ڕەش بوو لەناو مێژووی ١٥٢ سـاڵەی ڕۆژنامـەکـەدا ". کاتێک زانیـاریی زیـاتر ئاشکرا بوو، کارمـەندان بۆیان ڕوون بووەوە پێویست بوو دەنگێکی دەرەکی هـەبێت بۆ ئەوەی هـێڵـەکانی پێوەندیکردنی ناوەخـۆیی ببنەوە.

بەشـێکی زۆری پاڵنەر بۆ ڕووخـاندنی بەڕێوەبەرانی بەرزی ژووری هـەواڵ درایە پاڵ ئینتەرنێت، کە بەهۆیەوە بەشێکی زۆری کارمـەندانی تایمز سکاڵا پشتگوێخراوەکانی خۆیان وەشـاند. ئەو ئەندامانـەی، کە داڕشـتـەی بێ سنووری ئەو ئامرازە نوێیـەیان بۆ دروستکردنی "دەنگی دەرەکی" بەکار دەهێنا، چاودێرییان لەسـەر ڕەفتاری ئینتەرنێت دەکـرد، ئـەوان لەگـەڵ کـەسـانی تردا تێگەیشتن ئینتـەرنێت ڕۆڵێکی گـرینگی لە کردنـەوەی کـەناڵی نوێ هـەیە، کە بەهۆیـانەوە بەها و سـتـانداردەکان گـومـانیـان لێ دەکـرێت و لەلایەن کـۆمـەڵگەیەکی گەورەوە هـەڵدەسـەنگێنرێت، کە پشت بە ڕاسـت و دروستیی چاپەمەنی دەبەستێت، لە دواییدا ڕۆژنامەنووسی دەربڕێکی کەسایەتییە.

لـەبەرئـەوەی هـیچ یاسـایـەکی ڕۆژنامـەوانی و ڕێنـوێنی و مـۆڵـەت فـەرمـی و سـیـاسـەترێژییـەکی خـۆیی فـەرمـی بوونی نییـە، لـەبەرئەوەی ڕۆژنامـەوانـی بەهۆی سروشـتـیـەوە ڕەنگە چەوسێنەر بێت، بەرپرسـیـاریـەتییـەکی گـەورە دەکـەوێتـە سـەر ئەخلاق و هـەڵسـەنگاندنی ڕۆژنامەنووسان بەجیاوە بەجیاش لەسـەر ئەو دامەزراوەیەی کـاری تێدا دەکەن، ئەمـە ڕەنگە تەحـەدایەکی گـەورە بێت، بۆ هـەر پیشـەیەک، بەڵام بۆ

ڕۆژنامەنووسان هەروەها گرژیی نێوان ڕۆڵی ڕۆژنامەنووس بۆ خزمەتی گشتی – ئەو ڕەهەندەی کارەکە، کە پاساو بۆ زانخوازییەکەی دێنێتەوە – و ئەو بازرگانییە هەیە، کە پارە بۆ کارەکەی دابین دەکات. ئەوەی شتەکان ئاڵۆزتر دەکات، تەنانەت لە سەردەمی ئینتەرنێتدا، ئەوەیە زۆربەی ڕۆژنامەنووسان هێشتا بەدامەزراوەکانی ئۆلیگارکیکەوە[٦٩١] دەورە دراون لەبەر تێچووە گرانەکانی مۆنتاجکردنی دامەزراوەیەکی هەواڵیی گشتگیرەوە.

داڕشتەی سەر بۆ ژێری دامەزراوەکانی ئۆلیگارکیک زۆربەی جار باسکردنی بابەتی نابەرجەستەی وەک ڕەوشت یان پرسیاری ویژدان – لانی کەم لەناو ژوورەکانی هەواڵی خۆیاندا – بۆ تاکەکان سەختتر دەکات، لەم ساڵانەی دواییدا زۆربوونی بلۆگەکان و بەدیموکراسیکردنی بەرهەمهێنانی دەق دەنگی داوە بە هاوولاتییان بۆ چاودێریکردنی سیاسەت و کۆمەڵگە و چاپەمەنی و چینێکی نوێی زانا و ڕەخنەگرانی میدیایی دروست کردووە، هەندێکیان سەربەخۆ کار دەکەن، هەندێکیان لەناو ئەو دامەزراوانەی بەڵێنی چاودێریی چاپەمەنییان داوە، بەڵام خاڵی هاوبەشی هەموویان خۆبەختکردنێکی بێوێنەیە بۆ پاسەوانی لە MSM[٦٩٢] یان میدیای گشتی. ئەمڕۆکە ئەگەر کێشەیەک لەناو ژووری هەواڵدا بڵق بداتەوە، ئاشکرا دەبێت، ئەگەر دامەزراوەکە خۆی لە بەرپرسیاریەتییەکان بدزێتەوە، کەسێک ئاشکرایان دەکات، گرژی و ترس لە باسکردنی کێشەی ناوخۆیی دامەزراوە لە دەرەوەی ژووری هەواڵدا، هەندێک نووسیاری ناچار کردووە، واز لە یاداشت ناردن یان نووسینی بڕیارەکان لەسەر کاغەز بێنن.

هەندێک لەم چاودێرە نوێیانە نەک تەنیا پەرەیان بەداواکاری بۆ دیوەدەربوونی ژوورەکانی هەواڵ داوە، بگرە وەک حاڵەتەکەی جێیسن بلێیر، هەروەها ڕێخۆشکەر بوونە، بۆ ئاشکراکردنی هەڵە و کەموکورتیی ئەخلاقی لە ڕیزبەندیی بنەڕەتی نیویۆرک تایمزدا. ڕاستە کە بەشێکی زۆری چات لەناو ئینتەرنێت لە ئاستی تۆمەتی ئایدیۆلۆجی لە دژی چاپەمەنی بەبۆنەی یەکجار کۆنەپارێزبوون یان لیبراڵبوونییەوە تێپەڕ ناکات، بەڵام کاتێک تێ پەڕی و کاتێک چاتەکە کێشەی مەترسیداری ناو

691. Oligarchic واتە پێکهاتوو لە ژمارەیەکی کەمی دەوڵەمەندان
692. Mainstream Media_ MSM یان میدیای گشتی

ژووری هەواڵی دەرخست، باوەڕمەندبوونی ئەو بەرهەمە ڕۆژنامەوانییە ڕەنگە یەکجار کاری تێ بکرێت.

گرینگە ئەم بەرەنجامە لە یاد نەکرێت، چونکە بمانەوێت و نەمانەوێت ئێمە ئاگەداری گرینگییەکەین، کاتێک هەموو شتێک گوتراوە و ئەنجام دراوە، ئەو شتەی ئێمە لە کاتی هەڵبژاردنی کۆوارێک، پرۆگرامێکی تەلەڤزیۆنی، ماڵپەڕێک یان ڕۆژنامەیەک دەیکەین هەڵبژاردنی دەسەڵات و هەڵسەنگاندنی ئەو ڕۆژنامەنووسانەیە، کە بەرهەمی دێنن، بەشێکی بەرپرسیاریەتیی ڕۆژنامەنووس ئەوەیە هانی کولتوورێکی دیوەدەر و کراوە بدات، کە ڕێگە بە ڕەخنەگران نەدات گومان بخەنە سەر باوەڕپێکراوەبوونی بەرهەمەکە.

لە ئەنجامدا بنەمایەکی دواییی هەیە، کە ڕۆژنامەنووسان لەبارەی کاری خۆیانەوە لێی تێ گەیشتوون و ئێمەش وەک هاووڵاتی لە کاتی هەڵبژاردنەکانمان بۆ میدیادا درکی پێ دەکەین. لە هەر هەموو بنەماکانەوە خۆبەدەستەوەنەدەرترە، بەڵام هەموو بنەماکانی تریش لێک دەبەستێتەوە.

## پێویستە ڕۆژنامەنووسان ویژدانی خۆیان بەکار بێنن

هەر ڕۆژنامەنووسێک، لە ژووری هەواڵەوە بگرە تا دەستەی بەڕێوەبەرایەتی، پێویستە هەستی ڕەوشت و بەرپرسیاریەتی – تێگەیشتنێکی ئەخلاقیی هەبێت. لەوەش زیاتر، ئەوان بەرپرسن لەوەی دەروونی خۆیان بەدەنگی بەرز هەڵڕێژن و دەرفەت بەکەسانی دەوروبەریش بدەن هەمان کار بکەن. بۆ ئەوەی ڕۆژنامەنووسان بتوانن دەروونی خۆیان دەرببڕن، بەڕێوەبەر و خاوەنەکانی پێویستە ژوورێکی هەواڵی کراوە دروست بکەن، هەلومەرجێکی پێویست بۆ جێبەجێکردنی ئەو بنەمایانەی لەم کتێبەدا هاتوون، بەربەستی بێ ژمار بەرهەمهێنانی هەواڵی ڕاست و دروست و ڕەوا و هاوسەنگ و هەواڵی بوێر و پڕژاوە سەر هاووڵاتی و سەربەخۆ لە هزر سەخت دەکات، بەڵام هەوڵەکە لەناو بێشکەکەیدا بەبێ بوونی کەشوهەوایەک، کە ڕێگە بە خەڵک بدات بەرەو ڕووی گریمانە و بۆچوون و دەمارگیرییەکانی یەکتری ببێتەوە، خنکێنراوە. دەبێت ڕۆژنامەنووسانمان هەست بەئازادی بکەن، تەنانەت هان بدرێن دەنگ هەڵبڕن و بڵێن "پێم وایە ئەم بیرۆکە هەواڵییە نەژادپەرستانەیە" یان "سەرۆک،

تۆ خەریکە بڕیاری هەڵە دەدەیت". تەنیا لە ژوورێکی هەواڵدا، کە هەمووان بتوانن بۆچوونە جیاوازەکانیان دەرببڕن، هەواڵەکە شانسی بەڕاست و دروستی پێشبینیکردن و پێشاندانی بۆچوون و پێویستییەکانی بەردەوام جیاوازتربووەی کولتووری ئەمەریکایی دەبێت.

بەزمانێکی سادە، ئەوانەی دامەزراوەی هەواڵیان داگیر کردووە، پێویستە درک بکەن بە بەرپرسیاریەتییەکی کەسێنی بۆ جیاوازبوون و بەرەنگاربوونەوەی نووسیار و خاوەن و رێکلامکار، تەنانەت هاووڵاتییان و دەسەڵاتی بەرقەراریش، ئەگەر دادوەری و ڕاست و دروستی ئەوەیان لێ بخوازێت.

لە بەرامبەردا ئەوانەی دامەزراوەی هەواڵی بەڕێوە دەبەن، پێویستە ڕێگە و هانی کارمەندانیان بدەن بۆ جێبەجێکردنی ئەو بەرپرسیاریەتییە کەسێنییە. شتێکی ساویلکانەیە وا بیر بکرێتەوە لەناو سەردەمێکدا، کە داهاتووی چاپەمەنی نادیارە، خۆبەختکردنێک کەسێنیی بەسە. زۆر ڕۆژنامەنووس ئەوەندە نیگەرانن لەوەی ڕەنگە بەهۆی شەپۆلی دواتری بێکارکردنەوە ڕابماڵرێن، کە بەگژداچوونەوەی دەسەڵات و کولتوورێکی دامەزراوەیی چەوت دوایین شتە بیری لێ بکەنەوە، بۆیە دامەزراوەی هەواڵی، تەنانەت لەوەش گرینگتر لەناو جیهانی کۆمپانیا گەورەکانی هاوبەشی ئەمڕۆدا، کۆمپانیا پێکهێنەرەکانیان پێویستە کولتوورێک دروست بکەن، کە بەرپرسیاریەتیی کەسێنی پەروەردە بکات، پاشان پێویستە بەڕێوەبەران حەز بکەن، گوێ لە کێشە و نیگەرانییەکان بگرن، نەک تەنیا لەناویان ببەن.

هیچ بەشێکی جیا لەم کتێبەدا لەبارەی ڕەوشتەوە نییە، ئەوە لەبەر ئەم ڕەهەندە ئەخلاقییەیە، جۆری ئەم هەڵسەنگاندن و تۆن و سەلیقە و کەسایەتی، کە لەو هۆکارەدا شاراوەیە، کە بۆچی ئێمە کۆوارێک، گەشتێکی هەواڵی یان ماڵپەڕێکدا لە چاو ئەوانی تر هەڵدەبژێرین، ڕەوشت لەگەڵ هەر بنەمایەکی ڕۆژنامەوانیدا گرێ دراوە، ئێمە وەک هاووڵاتی زۆربەی جار زیرەکانەتر لە خودی ڕۆژنامەنووسان، کە هەندێک جار ڕەوشت وەک بابەتێکی فەرامۆشکراو گەمارۆ دەدەن، هەست بەمە دەکەین.

وەک هەواڵبێژی شیکاگۆ کارۆڵ مەرین لە یەکەم کۆڕبەندی لێژنەی ڕۆژنامەنووسانی پەرۆش بەلێژنەکەی گوت "پێم وایە ڕۆژنامەنووس کەسێکە باوەڕی

بە شتێک هەیە، کە ئەوانی تر حەز دەکەن وازی لێ بێنن".

لە ١٩٩٣دا دێیتلاینی ئێن بی سی خەریکی ئامادەکردنی بابەتێک بەناوی "وێیتینگ تو ئێکسپلۆد؟"[٦٩٣] بوو، گوایە تەنکەری گازی لۆرییەکانی جێنیراڵ مۆتۆرز وێ دەچێت لە پێکداداندا بتەقن و گڕ بگرن، هەواڵنێری بابەتەکە نیگەرانیی لەوە دەربڕیبوو. هەرچەندە میشێل گیلنی[٦٩٤] پەیامنێر ڤیدیۆی پێکدادانی ڕاستەقینەی کۆ کردبووەوە، کە تێیاندا شۆفێران بەئاسێبوون لەناو ئۆتۆمۆبێلی گڕگرتوودا بریندار دەبوون، ئەو دەیزانی ئەو تاقیکردنەوانەی پێکدادانەکان، کە ئێن بی سی ئەنجامی دابوون، هەمان بەرەنجامەکانی بەدەستەوە نەدەدا، ئاگرێکی بچووک دەکەوتەوە، بەڵام تەنیا ١٥ چرکەی دەبرد بۆ ئەوەی ئۆتۆمۆبێلەکە گڕ لە خۆی بەردات. بۆیە کاتێک زانییەوە تەلەڤزیۆنەکە سوود لە تاقیکردنەوەی زیاتر وەردەگرێت، بۆ ئەوەی ورووژێنەرتر بێت، گیلن ئەو شتەی کرد، کە لە ماوەی حەوت مانگی کارکردنی لەگەڵ پرۆگرامەکەدا نەیکردبوو، تەلەفۆنی بۆ ماڵی سەرۆکی خۆی، جێف دایمند[٦٩٥] کرد و نیگەرانییەکانی خۆی بۆ باس کرد، ئەو داوای دەکرد تاقیکردنەوە نوێیەکان بوەستێنرێن.

دایمند پێی گوت پێی وایە ڤیدیۆکە راتەکێنەر دەبێت و شتێک دەخاتە سەر هەواڵەکە. هەردووکیان لەسەر ئەو خاڵە بۆ ماوەی چەندین ڕۆژ بگرە و بەردەیان کرد، بەڵام دایمند لە کۆتاییدا گیلنی رازی کرد باسی تاقیکردنەوەی پێکدادانەکە بکات، کاتێک بەرهەمهێنەرانی دڵنیایان کردەوە نیگەرانییەکان لە وەشانی دواییدا تۆمار دەکرێن. تاقیکردنەوەکە بە "نازانستی" ناودەنرا، هەر ئەنجامگیرییەکیش بۆ شارەزا بەجێ دەماوە.

بەڵام پرۆگرامەکە هەموو نیگەرانییەکانی گیلنی تۆمار نەکرد، هەرگیز باسی لەوە نەکرد، ئاگرەکە چەندی خایاند یان لە خۆیەوە هەڵبووبوو، لە دواییدا گیلن بڕیاری دا بەهەر شێوەیەک و بەپێچەوانەی ویستی دەروونیی خۆی، بابەتەکە بگێڕێتەوە، چونکە "لە هەندێک کاتدا پێویستە تۆ باوەڕت بە بەرهەمهێنی جێبەجێکاری خۆتەوە هەبێت، ئەگەر ئەو بە من بڵێت ئەمە تەواوە و ئەویش بەرپرس بێت لە چاودێریکردنی باشترین بەرژەوەندییەکانی من و هی پرۆگرامەکە، کەواتە من باوەڕی پێ دەکەم".

---

693. Waiting to explode? واتە چاوەڕێت بتەقێتەوە؟
694. Michele Gillen
695. Jeff Diamond

گیلّن هەڵە بوو و شـەرمەزاریی تەقینەوە ئامادەکراوەکان بووە خـاڵی ڕەشی مـێژووی ئێن بی سی نیوز.

ئەم ڕووداوە پێشـانی دەدات پرسی تێگەیشتنی ئەخـلاقی دەکرێت چەند هەستیار بێت. ویژدان شـتێک نییە سووک بکرێت، وەک ئەوەی لـە حاڵەتی دێیتـلاینـدا ڕووی دا. شتێکە دەبێت ڕێزی لێ بگیرێت. بەرپرسـیاریەتیی پارێزگاریکردن لە ویژدان ناکرێت، بەتەنیا لە ئەستۆی تاکدا بنرێت یان وەک لە ڕەخنەکانی گیلّندا بخنکێنرێت. ئەگەر ڕەخنەکانی گیلّن بەهەند وەرگیرابان، ئێن بی سی نیـوز دەیتـوانی پێشگیری لە شـەرمەزارییـەکە بکات، کە لە دواییدا بـووە هۆی دەست لە کارکێشـانەوەی مـایکڵ گارتنری[696] سەرۆکی بەشی هەواڵ.

ئەگەر بەسـەرهاتەکەی گیلّن ئەمڕۆکە ڕووی بدابایە، هەواڵەکە بەشێوەیەکی لێک چوو ئاشکرا دەبوو، تەنیا ئەوە نەبێت، کە گفتوگۆی دەرەوەی ژووری هەواڵ یەکجار بەجۆشتر دەبوو. ڕەخنـە و هەڵسەنگاندنی نوێی چاپەمـەنی، کـە لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە هاتووەتە کایەوە، بەهەمان شێوە ڕەنگە پشتیوانیی لە گیلّن کردبایە و ئێن بی سیی توندتر و دەستبەجێتر شووشتبایەوە.

بیر لە نموونەیەکی کەم بایەختر لە ئۆتۆمۆبێلی تەقێنەر بکەوە. بەیانیی ١٩ی ئابی ٢٠٠٥ تیڤی نیوزر[697]، بلۆگێکی سەر میدیابیسترۆ دۆت کۆم[698]، کە ماڵپەرێکە بۆ دابینکردنی هەواڵ و سەرچاوەی ڕۆژنامەوانی، هەواڵی ئەوەی بڵاو کردەوە گوایە بۆب کۆستاس[699] ڕەتی کردووەتەوە پرۆگرامی لەری کینگ لایڤی[700] سی ئێن ئێن لە شەوی پێشووتر پێشکێش بکات، چونکە بابەتەکەی بەدڵ نەبووە. پرۆگرامەکە، کە کۆستاس جار بەجار تێیدا شوێنی کینگی دەگرتەوە، بڕیار بوو بەشێوەیەکی سەرەکی لەبارەی ناتالی هۆلۆوییەوە[701] بێت، هەرزەکارێکی ئالاباما[702]، کە لە ماوەی گەشتێکی پاش دەرچوون لە خوێندن بۆ ئەورووپا[703] لە ئایاری ٢٠٠٥دا ون بووبوو. لە ئاب چیرۆکی هۆلۆویی بووبووە دیاردەیەکی میدیایی و هەندێک کەناڵی

696. Michael Gartner
697. TV Newser
698. MediaBistro.com
699. Bob Costas
700. Larry King Live
701. Natalee Holloway
702. Alabama
703. Arbua

تەلەڤزیۆنی چەندین سەعاتیان بەبەردەوامی بۆ ڕوومالکردنی ڕاستەوخۆی تەرخان کردبوو.

تیڤی نیوزری میدیابیستر ڕای گەیاند زانیارییەکە لە "سووسەپێدەرێکی ناوپاریزراوە دابین کراوە، کە ستایشی کۆستاس دەکات، بەبۆنەی (پێداگیری لە بنەماکانی بۆ وازهێنان لە هەواڵی بێ نرخ)... کۆستاس وەلامی داواکاریی تیڤی نیوزەری بۆ لێداون نەدایەوە". هەواڵەکە پشتڕاست کرایەوە، نیوەڕۆکەی لەسەر ئاژانسی ئەسۆشیێیتد پرێس و، زوو لە هەموو شوێنێکی تر بلاو بووەوە. کۆستاس لە لێدوانێکدا گوتی "من پێم وا نییە بابەتی شۆی پێنجشەمە ئەو جۆرە پرۆگرامە بووبێت، کە دەبوایە من بیکەم. من هەندێک جێگرەوەم پێشنیاز کرد، بەلام بەرهەمهێنەرەکان ئەو بابەتانەیان پێ باش بوو، کە هەڵیان بژاردبوون، من کێشەم لەگەڵ ئەوەدا نەبوو و بەڕێزەوە ڕەتم کرد بەشدار بم".

هەواڵەکەی ئەسۆشیێیتد پرێس ڕای گەیاند کۆستاس و سی ئێن ئێن هەردووکیان بڕیارەکەیان بەدڵ بووە، بەلام ئەوە بەری بە بلۆگەر و ڕەخنەگران نەگرت لەوەی ماوەی چەند حەفتەی داهاتوو ڕای لەسەر بدەن، زۆربەیان ستایشی ڕۆژنامەنووسەکەیان دەکرد، بۆ بڕیارەکەی و ئەوانەی بۆ بلۆگەکەیان پۆست دەکرا سەردێری ئاویان هەبوو "لە کۆتاییدا، ڕۆژنامەنووسێکی بەرپرسیار!" و " سوپاس بۆب کۆستاس" یان "ڕاست و دروستیی بۆب کۆستاس".

## کارکردن بەویژدان ئاسان نییە

هێنانی ئەم پێویستییە بۆ پرۆسەی دروستکردنی ڕۆژنامەوانی گرژییەکی تر دەخولقێنێت. ژوورەکانی هەواڵ بەناچاری دیموکراسی نین. وێ دەچێت بەشێوەیەکی ناڕاست دیکتاتۆرییانە بن. کەسێک لە لووتکەی زنجیرەی فەرماندانەوە، پێویستە بڕیار بدات - ئاخۆ هەواڵەکە بکرێت یان نا، لێدوانە نەفرەتییەکە لە هەواڵدا بهێلرێتەوە یان لێی دەربهێنرێت، ئەگەر بەم شێوەیەش نەبێت، دامەزراوەی گەورەی وەک ڕۆژنامە، چاپکارانی سەر ئینتەرنێت یان وێستگەی تەلەڤزیۆنی بەشێوەیەکی ئاسایی نەیاندەتوانی بە دوا مۆڵەتیان ڕابگەن. بۆ سەر ئەمە مەیلێکی ژووری هەواڵ زیاد بکە، کە بۆ دروستکردنی تاقە کولتوورێکی هاوبەشییە کاتێک بەشەکانی

بازرگـانی و هـەواڵ بەشـێـوەیەکی ڕووەو زیادبوون بەشـێـوەی تیم کـار دەکـەن، ئـەمـە ڕەنگە بەڕێـوەبردن ئـاسـانتـر بکات، بەڵام کـولتـووری تاکـانـەی ژووری هـەواڵ، دژیەکـە لەگەڵ ئەم بنەمایەی ویژدانی تاکەکەسی، کە سەرچاوەی بەهاکانی ترە، وەک ڕاست و دروسـتـی و دڵسـۆزی بـۆ هـاووڵاتیـیـان و ئەو فـرە جـۆریەتیـیـە زەینیـیـەی بۆ ڕووماڵکردنـی کۆمەڵگەکەمان پێویستـە، بەڕێوەبەران دەبێت تێ بگەن، هـەرچەندە دوا قسە بۆ ئەوانە، بەڵام پێویستە دەرگەکە بۆ هەر کەسێکی سەر ڕێگە ئاوەڵە بێت. وەک بۆب وودوارد دەڵێت پیشـەکەی ئەوی فێری شـتێک کـردووە "باشـترین ڕۆژنامـەوانی زۆربەی جار لە بەرهەڵستیکردنی بەڕێوەبەرایەتیدا ئەنجام دەدرێت".

لە ڕوویەکـەوە، بەڕێوەبەران پێـویسـتـە جـیـاوازیـی نێوان بەرژەوەنـدییـە گـەورەتر و بچـووکتـرەکانیـان بناسنەوە. هەرچەندە ژوورێکی هـەواڵی بێدەنگ و وەک یەک ڕەنگە بۆ بەڕێوەبردن ئـاسـانتر بێت، بەرژەوەنـدیی گەورەتر و نابەرجـەسـتـەتری کـۆمـپـانیـای هـەواڵی داوای کـولتـوورێکی ئاڵۆزتر لەوە دەکات. ڕێگەدان بـەتاکـەکانی بـۆ دەربڕینی ویژدانیـان لە ژووری هـەواڵدا بەڕێوەبردنی ڕۆژنـامـەکە سـەختـتر دەکات. هـەواڵەکـەش تەواوتر دەکات.

چمکی ویـژدانی ئەخـلاقی شـتێکە، زۆر لەو ڕۆژنامـەنـووسـانەی ئێـمـە چاومـان پێ کـەوتن (ئەگـەر هـەمـووشـیـان وا نەبن)، باوەڕیان پێ هـەیە. بیڵ کـیـوریتس[٧٠٤] بە هاوکـارانی لێکۆڵەوانـی ئەکـادیمیی ئێـمـەی گـوت "هـەر هەواڵنێرێک بەتەنیا پێویستە یاسـاکـانی خـۆ دابڕێژێت، سـتـانداردەکـانی خـۆی و شـێـوازێک بۆ پیشـەکـەی خـۆی دابنێت".

کـاتێک جـۆن کـەتز دەسـتی بـەڕەخنەی میدیایی کرد، هـەسـتی کرد ئـەمـەی لەبارەی ڕۆژنامـەنووسبـوونـەوە، تەنانەت زیاتر لەبارەی ڕەخـنـەگری ڕۆژنامـەوانیبوونەوە. کـەتز هـەسـتی کرد ناچارە دابنیـشـێت و یاسـای تایبـەت بەخـۆی بۆ ئەخـلاق دابڕێژێت. ئەو بەهاوکارانی لێکۆڵەوانی ئێمەی گوت "پێم وایە پێویستە چوارچێوەیەکی ئەخلاقیت هـەبێت لەو کارەی دەیکەیت بۆ ئەوەی کارەکەت لە ڕاستیدا مانایەکی هـەبێت. تۆ هـەر شـتێک بکەیت، پێم وایە پێـویسـتـە بەشـێـوەیەک بیکەیت، کە لە ڕووی ئەخـلاقـیـیـەوە ڕازیت بکات".

---

704. Bill Kurits

زۆربەی ڕۆژنامەنووسان لەو بارەیە یەکجار کەمتر لە کەتز فەرمین. ئەوان تەنیا تێ دەگەن ڕۆژنامەوانی کارێکی ئەخلاقییە و دەزانن هەر هەموو پێشینە و بەهاکانیان ئەو کارە ئاراستە دەکات، کە دەیانەوێت لە بەرهەمهێنانی ڕۆژنامەوانیدا بیکەن یان نەیکەن، تۆم برۆکاو بەهاوکارانی لێکۆڵەوانمانی گوت "خۆڕسکەکانی خۆم و شێوازی پەروەردەبوونم و... پێم وایە گەشەسەندنی هەستەکی و زەینیی خۆم بەتێپەڕینی ساڵەکان منیان بەرەو کۆمەڵێک بیروباوەڕی تا ڕادەیەک بەهێز بردووە، من لێرەدا گرینگییان پێ دەدەم".

بۆ زۆر ڕۆژنامەنووس ئەم ڕەهەندە ئەخلاقییە بەتایبەت لەبەر ئەو شتە گرینگە، کە لە سەرەتادا پەلکێشی پیشەکەی کردوون، کاتێک لە سەرەتادا حەزیان چووە هەواڵ، بەزۆریش لە تەمەنی گەنجی یان هەرزەکاریدا، زۆربەیان بەهۆی بنەما سەرەکییەکان پیشەکەوە پەلکێشی بووبوون- سەرنج ڕاکێشان بۆ نادادوەرییەکانی سیستەم، پێک گەیاندنی خەڵک و پێکهێنانی کۆمەڵگە. لە ڕاپرسیی ئێمە لەگەڵ سەنتەری لێکۆڵینەوەی پیوو بۆ خەڵک و چاپەمەنی ئەو هۆکارانە بەنێزیکەیی بە دوو بەرامبەر بەپێش هەموو هۆکارەکانی تر کەوتن، وەک هۆکاری ناسراوە بۆ ڕۆژنامەوانی. بەکورتی، بۆ ئەوانەی ڕۆژنامەوانی دەکەن، پیشەکە ڕەهەندێکی ئەخلاقیی هەیە.

ئەم ڕۆژنامەنووسانە باوەڕێکی بەهێزیان بەرامبەر بە ڕەهەندی ئەخلاقیی پیشەکەیان هەیە، چونکە بەبێ ئەوە ئەوان کەمیان لەدەست دێت بۆ سووڕانەوە لەناو مەودا تاریکەکانی بڕیارە ئەخلاقییەکان. وەک کارۆل مەرین بەئێمەی گوت لەبەرئەوەی هیچ یاسایەک بۆ هەواڵ نییە... لە دواییدا جۆرە نەخشەیەکی ڕێنوێنیکاری خۆت هەیە، کە بڕیار دەدات چی بکەیت و چی نەکەیت".

ئێمە وەک جەماوەر بەو بڕیارانەی ڕۆژنامەنووسان دەیدەن سەبارەت بەوەی چی گوزارش بکەن و چۆن گوزارشی بکەن، ڕێنوێنی دەکرێین، ئێمەش لە هەڵبژاردنی بەستەی هەواڵیمان بەئاوێتەیەکی وردی هۆکارەکانەوە ڕێنوێنی دەکرێین، بەڵام ئەم هەستە ئەخلاقییە بەشێکە لێی. ئێمە بەدوای زانیاری دەگەڕێین، بەڵام هەروەها چاو دەگێڕین بۆ سەلماندن بۆ بەڵگە و بۆ ڕاستگۆیی و بۆ ئەو هەستەی، کە ڕۆژنامەنووسان بەرژەوەندیی ئێمەیان لە دڵدایە.

بیر لەو ئەزموونە بکەوە، کە لە شیکاگۆ بەسەر خودی مەریندا هات، سەرەتای

١٩٩٧ ئەو پێشکێشکاری دەبلیو ئێم ئێی کیو[٧٠٥] بوو، وێستگەیەک لەناو شارەکە کە ئێن بی سی خاوەنی بوو و بەڕێوەی دەبرد، ئەو پیاوەی بەرپرسی هەواڵی وێستگەکە بوو، جۆڵ چیتوود[٧٠٦]، بیرۆکەیەکی هەبوو بۆ ماقوولترکردنی ژمارەی جەماوەری گەشتی هەواڵی تەقەڵاکەری ٦ی ئێواران. چیتوود کە لقی فۆکسی لە میامی بەبۆنەی "ئۆڵ کرایم، ئۆڵ زێ تایم"[٧٠٧] بۆ وێستگەی پلە یەک گۆڕیبوو، جۆرە ناوبانگێکی دەرکردبوو، پلانی دانا لە شیکاگۆ، شانسی خۆی دووباری تاقی بکاتەوە. ئەو جێری سپرینگری[٧٠٨] دادەمەزراند، شارەوانیی ناتۆرەی چینچیناتی، کە بووبووە پێشکێشکاری شۆی گفتوگۆئامێز، بۆ ئەوەی لە کۆتاییی هەواڵدا شرۆڤە بدات. سپرینگێر خەڵکی شوێنەکە بوو. ئەو پرۆگرامە تەلەڤزیۆنییەکەی خۆی لەبارەی سێگۆشەی خۆشەویستیی هەوەسبازانە و پێکدادانە توندوتیژەکانەوە، کە بۆ فرۆشتن بوو، ڕاستەوخۆ لە ستۆدیۆکانی دەبلیو ئێم ئێی کییو تۆمار دەکرد. کاتێک پلانی چیتوود ڕاگەیەندرا، بڕیارەکە کارمەندانی دەبلیو ئێم ئێی کیو تووشی نائومێدی کرد، ئاخۆ ئەوان لە کاری شۆی شۆککەردا بوون؟ ئەوان پێیان وابوو شتێکی گرینگ دەکەن، شتێکی پێوەست بەخزمەتی گشتی، لە دواییدا مەرین تێ گەیشت ئیتر بەسیەتی. ئەو پێی وابوو دەبلیو ئێی ئێم کیو خەریکە دەگەنێ. دەستەی بەڕێوەبەران جارێک ئەویان لەژێر چاودێری دانابوو، چونکە ئەو ڕەتی کردبووەوە ئەو بابەتە تەندروستییانە پێشکێش بکات، کە بەڕێککەوتنی نێوان وێستگەکە و نەخۆشخانەی لۆکاڵ لە پێناو کڕینی کاتی ڕێکلام کرابوون. ئێستەش سپرینگر هاتبوو. مەرین هیچ خەیاڵی بۆ خۆی نەبوو، ئەو پیاوچاک نەبوو، بەڵام ڕۆژنامەنووسان بەناوبانگی خۆیان وەک کەسانی بە ئەخلاق دەژین و دەمرن، ئەوە هەموو دار و نەدارییانە. ئەو بڕیاری دا دەست لەکار بکێشێتەوە.

هاوڕێکانی بەدەنگی بەرزەوە ستایشی مەرینیان کرد، کاتێک ئەو لە بەرامبەر کامێرا بڕیارەکەی خۆی ڕاگەیاند. تۆ دەتتوانی ڕاستەوخۆ بیانبینیت، زۆریان گریان. شتەکە بەو مانایە بوو کەسێکی جەماوەری ئەو جۆرە هەڵوێستە ئەخلاقییە لەبارەی کارەکەیەوە وەربگرێت. مەرین چووە وێستگەیەکی تر، دوا بەدوای دابڕانی بینەرانی

---

705. WMAQ
706. Joel Cheatwood
707. All Crime All the Time واتە هەموو کات تاوان
708. Jerry Springer

دەبلیو ئێم ئێی کیوش دوور کەوتنەوە.

پاشان کاردانەوەکە مەرینی "تۆقاند"، بەڕادەیەکی زۆریش بە "ژمارە و جۆری نامە و ئیمەیلەکان... خەڵک بابەتی دوور و درێژی نووسیبوو و لە زۆربەی نامەکاندا سێ شتیان کردبوو. ئەوان پێوەندیی خۆیان بەهەواڵ ڕوون کردبووەوە... خۆیان بە زاراوەی دیموگرافی پێناسە کردبوو... باسیان لە گرێکوێرەیەکی ئەخلاقی کردبوو کە تووشیان بووبوو... ڕاستیی بابەتەکە ئەوەیە، پارێزەرێکی شیکاگۆ، کە دەیناسم بۆمی نووسی و گوتی، کە هەر کەسێک لە ئێمە لە ژیانی خۆیدا بەرەو ڕووی بڕیارێکی بەناو سپرینگر دەبێتەوە. من قسەم لەگەڵ ئەو گۆشتفرۆشانە کردووە، کە گۆشت لە کێشەکەی کەمتر دانانێن و یەکێکیانیش کە دەرکرا. بانکدارێکی خانووبەرە کە لە لێیک فۆرێستدا[709] مەزندەکانی پەردەپۆش ناکات، دوو ڕێککەوتنی گرینگی بەبانکەکانی شیکاگۆ دۆڕاند".

کاتێک ئێمە هەواڵ بەکار دێنین، پرسەکانی کەسایەتی، کە ڕۆژنامەنووسان تووشیان دەبن، بەئێمە نامۆ نین، ئێمە لەو هەڵسەنگاندانانەدا بەدوویان دەگەڕێین، کە بۆ دەستنیشانکردنی کەسیی متمانە پێکراو و باوەڕ پێکراون.

## کولتوورێکی ڕاستگۆیی

لیندا فۆلی[710]، سەرۆکی نیوزپێیپر گیلد[711]، لە کۆڕبەندێکی لێژنەی ڕۆژنامەنووسانی پەروەشەوە بەئێمەی گوت "توانای ڕۆژنامەنووسان بۆ کارکردن بەویژدانیان یەکجار گرینگترە لە هەر شتێکی تر، کە بڕوایان پێی هەیە یان هەر بیروباوەڕێکی تر، کە دەیهێننە ناو کارەکەیانەوە. بۆ ئێمە لە پیشەسازییەکەماندا باوەڕمەندبوون لە بابەتییانەبوون گرینگترە... پێویستە کولتوورێک لە ژوورەکانی هەواڵدا هەبێت بۆ ئەوەی دەرفەت بە ڕۆژنامەنووسان بدات گفتوگۆیەکی ئازاد و کراوەیان هەبێت".

دۆناڵد شریڤر[712]، سەرۆکی خانەنشینبووەی یونیێن سیۆلۆجیکاڵ سیمیناری[713]

709. Lake Forest
710. Linda Foley
711. Newspaper Guild
712. Donald Shriver
713. Union Theological Seminary

لە نیـویۆرک سیـتـیدا، کـەمێک پێش ئێسـتـە بەچوار کـتـێب لە سـەر ئەخـلاقی ڕۆژنامـەوانیـدا چووەوە و ئەمـەی پێشکێش کرد لەبارەی ئەو کـتێبـەی سـەبارەت بە بابەتەکـە لەلایەن پـەیمانگەی پۆینـتـر لە فلۆریدا ئامـادە کـراوە. "بـەسـوودترین بەشی نموونەی پـۆینتـر بۆ ئەخـلاقی ڕۆژنامـەوانـی ڕوونکردنەوەکـەیەتـی لەبارەی گـۆڕان لە ئەخلاقی "کـاردانەوە دەروونییـەکـان" پاش چاودێریکردنی یاسـاکان بۆ پێگەیشـتنی هزر و لێکدانەوە. لە لووتکەی ئەم ڕیزبەندەدا ڕۆژنامـەنووسان سـوورن لەسـەر ئەوەی "هاوکـاری پێـویسـتـە". بەو مـانایەیە لەگـەڵ هـاوکـارانت لـە هـەواڵەکـە دڵنیـابەوە. بەرەچاوکردنی پەلەپەلکردن بۆ دواکات و ڕکابەریەتیی نێوان هەواڵنێران لە زۆربەی ژوورەکـانی هـەواڵدا، ئـەمـە ئامـۆژگـارییـەکەی دەگـمـەنە. بـەڵام ئەگـەر ڕۆژنامـەوانی ئامرازێک بێت بۆ دیالۆگ لە نێوان هاووڵاتییان، وا دیارە دەسـتپێکردنی ئـەو دیالۆگە لە ژووری هـەواڵ شتێکی ڕاست بێت".

بەشـێـوەیەکی سـەرنج ڕاکـێش هەندێک لە باشـتـرین و ئاڵۆزترین بڕیارەکـان لە مێژووی ڕۆژنامەوانیدا لە ڕێگەی هەر ئەو هاوکارییە خۆبەدەستەوەنەدەرە دراون، کە شـیـڤـر باسی لـێـوە دەکـات، کـاتێک کـەسـرین گـراهـام بڕیاری دا بەڵگەنامـەکـانی پێنتاگۆن لە ١٩٧١دا بڵاو بکاتەوە پرۆسەکە بەشێوەیەکی سەرووئاسـایی کراوە بوو. گـراهـام پێـویسـت بوو بڕیار بدات ئاخـۆ واشـینـتـۆن پۆست بەچاپکردنی بەڵگەنامـە نهێنییەکانی پێنتاگۆن مـەترسیی سـزا یاساییـەکانی دەگرێتـە ئەسـتـۆ، ئەمەش پاش ئەوەی وەزارەتی داد داوای لە دادگـە کـردبوو، ڕێگە بەنیـویۆرک تایمـز نەدات بڵاویان بکاتەوە، گراهـام خۆی بەم شێوەیە لە ژیننامەکەیدا باسـی ئەو کارە دەکات:

بێن (برەدڵی) هـەسـتی دەکـرد تەنگی پێـوە هـەڵچنراوە لە نێـوان نووسـیـار و هـەواڵنێرانەوە کە سـەرسەختانە ڕێزیان گرتبوو بۆ بڵاوکردنەوە و پشـتیوانیکردن لە تـایمز، سـەبـارەت بەبابەتـی ئازادیی چاپەمـەنی و ئەو پارێزەرانـەی لـەلایەکـەوە پێـشنیـازی سـازشـێکیـان دەکـرد، کـە بەهۆیەوە پۆست بەڵگەکـان لە هـەینیـدا بڵاو نەکـاتەوە، بگرە داواکـاریی گشـتی لـە نیـازی بۆ بڵاوکـردنەوەکـەیان لە یەکشـەمـدا ئاگەدار بکاتەوە. هـاوارد سـایمنز[٧١٤] کـە ١٠٠٪ لەگەڵ بڵاوکردنەوەیان دابوو، داوای لە هـەواڵنێران کرد ڕاستەوخۆ لەگەڵ پارێزەران بدوێن.

714. Howard Simons

(دۆن) ئۆبێردۆرفر[715] گوتی سازشەکە "بێ نرخترین بیرۆکە بووە تا ئێستە بەرگوێم کەوتبێت". (کاڵمێرز) رۆبێرتس[716] گوتی ئەگەر پۆست بڵاویان نەکاتەوە، ئەوا بۆ چوونە لای داواکاری گشتی "لەسەر زگی خشکە دەکات". ئەو دوو حەفتە دواتر داوای خانەنشینبوونەکەی خۆی وەرگرتەوە و کردی بە دەست لەکار کێشانەوە و بەئاشکرا پۆستی بە ترسنۆکی تۆمەتبار کرد. مێری ماردر[717] بەبیری دێتەوە گوتبووی "ئەگەر پۆست بڵاویان نەکاتەوە وەک دامەزراوەیەک بارودۆخێکی زۆر خراپتری لەوە دەبێت ئەگەر بڵاویان بکاتەوە"، لەبەرئەوەی متمانەی ڕۆژنامەکە "بەشێوەیەکی ڕۆژنامەوانە بەهۆی ترسنۆکییەوە لەناو دەچێت". (بێن) بەگدیکیەن[718] بەڵێنی بڵاوکردنەوەی بەڵگەکانی، کە بە (دانیێڵ) ئێڵسبێرگ[719] درابوو، بەبیر پارێزەران هێنایەوە و ڕای گەیاند "تاکە ڕێگە بۆ سووربوون لەسەر مافی بڵاوکردنەوەیان ئەوەیە بڵاویان بکەینەوە"... جین پەترسن[720]... یەکەم گەڤی پێ دام لەبارەی ئەو شتەی خەریک بوو ڕوو بدات، پێی گوتم ئەو پێی وایە بڕیاری بڵاوکردنەوەی لەلایەن منەوە دەدرێت، هەروەها ئەو دەیزانی "من بەتەواوەتی لەوە تێ دەگەم ژیانی ڕۆژنامەکە لە مەترسیدایە".

پرسیم "خوایە! تۆ پێت وایە شتەکە بگاتە ئەو ڕادەیە؟" جین گوتی بەڵێ. ئەو...

ترسا و شڵەژا و قومێکی زلم قووت دا و گوتم "دەی، دەی، دەی. با بچین. با بڵاوی بکەینەوە".

وەک ئەنتۆنی لویس، کە ئەوکات ستوونووسی نووسیاری نیویۆرک تایمز بوو، پاش حەڤدە ساڵ تێبینیی کرد:

لە گوتارێکی هەڵسەنگاندنی یاسایی، کە پاشان بۆ شرۆڤەی ڕووداوەکە لەلایەن هارۆڵد ئێدگار[721] و بێنۆ شمیدت جونیۆر[722]، پرۆفیسۆرەکانی کۆلێجی یاسای زانکۆی کۆڵۆمبیادا نووسرابوو، هاتبوو ڕووداوەکە ئاماژەی بە "کۆتاهاتنی سەردەمێک"ی چاپەمەنیی ئەمەریکا دەکرد. ئەوان گوتیان ئەوە ئەو سەردەمە بوو

715. Don Oberdorfer
716. Chalmers Roberts
717. Marrey Marder
718. Ben Bagdikian
719. Daniel Ellsberg
720. Gene Patterson
721. Harold Edgar
722. Benno Schmidt Jr.

تێیدا "پێوەندییەکی پێکەوەژیانی لە نێوان سیاسەتوانان و چاپەمەنیدا" هەبوو. بەڵام ئێستە لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی مێژووی شاراوەی شەڕی ڤێتنام سەرەڕای بەرهەڵستیی توند دامەزراوەکانی حکوومەت "پێشانیان داوە بەشێکی زۆری چاپەمەنی ئیتر حەز ناکات بەتەنیا هاوبەشێکی جار بەجار ڕەخنەگری (حکوومەت) بێت، کە خۆی بۆ ئامانجی هاوبەش تەرخان کردووە، بەڵام بەنیازە ببێتە نەیار".

ساڵێک پاش بەڵگەنامەکانی پێنتاگۆن، واشینتۆن پۆست لە واترگێیتی کۆڵییەوە.

## جۆرەوجۆریەتیی هزری ئامانجی راستەقینەیە

ئەم چمکەی دیالۆگی کراوە لەناو ژووری هەواڵدا لە ناخی ئەو شتەدایە کە ژمارەیەکی بەردەوام بەرزەوەبووەی خەڵک لە کاتی بیرکردنەوە لە هەواڵ بەبنەمای سەرەکی دادەنێن لە پرسی جۆرەوجۆریەتی و لە گەڕان بەدوای ڕۆژنامەوانییەکی هاوسەنگ.

هەواڵبێژی ئێی بی سی چارلز گیبسن[723] لە یەکێک لە کۆڕبەندەکانی لێژنەی ڕۆژنامەنووسانی پەرۆشەوە پرسی "ئاخۆ کولتووری ژووری هەواڵ بوونی هەیە؟ ئاخۆ ئێوە تەحەدای یەکتری دەکەن، لەگەڵ یەکتر گفتوگۆ دەکەن و هانی یەکتر دەدەن؟".

دێیڤید ئەشنفێلدری[724] براوەی خەڵاتی پولیتزر لە دیترۆیت فری پرێس[725] کە هەروەها کریستیانێک و ئەندامی گرووپێکی گەورەی ناوچەی دیترۆیت بوو بۆ لێکۆڵینەوەی حەفتانە لەبارەی ئینجیلەوە، وەڵامی داوە "من پێت دەڵێم ئەمە چۆن بۆ کریستیانەکانی ناو ژووری هەواڵ تەواو دەبێت. ئەوان قسە ناکەن. ئەوان لەوە دەترسن گاڵتەیان پێ بکرێت. ئەوان لەوێن. من دەزانم کام کۆمەڵیان کریستیانن. ئێمە ئەم جۆرە نهێنییە بچووکەمان هەیە و ئێمە لەگەڵ یەکتر و لە نێوان خۆماندا قسە دەکەین. شتێک کە بەو دواییانە لە خۆمان پرسی بێت ئەوەیە ئێمە بۆچی هەر لەناو خۆماندا قسە دەکەین".

بەشێوەیەکی نەریتی چمکی جۆرەوجۆریەتی لە ژوور هەواڵدا بەشێوەیەکی سەرەکی بە زاراوەی ئامانجی ژمارەییەوە پێناسە کراوە، کە پێوەندییان

723. Charles Gibson
724. David Ashenfelder
725. Detroit Free Press

بەنەتەوایەتی، نەژاد و ڕەگەزەوە هەیە. پیشەسازیی هەواڵ لە درەنگەوەختدا هەستی بەوە کردووە بەگشتی ژوورەکانی هەواڵی پێویستە بەشێوەیەکی لێکچووەتر دەربڕی کولتوور بن. کۆمەڵگەی ئەمەریکایی بۆ نووسیارانی ڕۆژنامە، بۆ نموونە، لە ١٩٧٨دا بەشێوەیەکی فەرمی ڕێنوێنیی دا بەوەی ژمارەی ئەو کەمایەتییانەی لە ڕۆژنامەکانی ئەمەریکاییدا کار دەکەن، پێویستە هاوتا بن لەگەڵ ڕێژەی لە سەتای کەمایەتییەکە لەناو گشت جەماوەردا – ئامانجێک کە هێشتە وەدی نەهاتووە. ئەم ئاراستانە و شکست لە وەدیهێنانیان گرینگن. کۆتا[٧٢٦] ژمارەییەکان پێوەندییان بە دادوەرییەوە هەیە، هەروەها هەنگاوێکی پێویستن بۆ ئەوەی ڕۆژنامەوانی و بەم هۆیەشەوە هاوولاتیبوون و دیموکراسی بکەن بەشتێکی بەردەست بۆ هەمووان.

بەڵام ئەم پێناسە نەریتییە بۆ جۆرەوجۆریەتی ئەگەر لە چوارچێوەی بەرفرەوانتری ویژدانی کەسێنیدا لێی بڕوانرێت، چەندی گرینگیش بێت، یەکجار سنووردارە. مەترسیی تێکەڵکردنی ئامراز و ئامانجی لەگەڵدایە. هێنانی ژمارەیەکی زۆرتری کەمایەتی بۆ ناو ژووری هەواڵ ئامرازێکە بۆ جۆرەوجۆریەتی، نەک ئامانجەکەی. ئامانجەکە دامەزراوەیەکی هەواڵیی تەواوتر و نوێنەرانەترە. کۆتای نەتەوەیی و نەژادی و ڕەگەزی ئامرازن بۆ نزیکبوونەوە لەو ئامانجە، بەڵام لە خۆیانەوە هیچیان بۆ ناکرێت، ئەگەر کولتووری ژووری هەواڵ ئەو کاتە داوا لە هەموو ئەم خەڵکەی سەر بە بەکگراوندی جیاواز بکات پابەندی تاکە مێنتاڵییەتێک بن. ڕۆژنامە یان وێستگەی تەلەڤزیۆنیی لۆکاڵ ڕەنگە "لە ئەمەریکا بچێت"، وەک سەرۆک کلینتۆن حەزی دەکرد وا بڵێت، بەڵام وەک کۆمەڵگەی ئەمەریکایی بیر ناکاتەوە و نەتوانێت لێی تێ بگات یان ڕووماڵی بکات.

پێویستە ئامانجی جۆرەوجۆریەتی نەک تەنیا پێکهێنانی ژووری هەواڵ بێت، کە ڕەنگە نوێنەری کۆمەڵگە بێت، بگرە ژوورێکی هەواڵی وا کە کراوە و ڕاستگۆیە بۆ ئەوەی ئەم جۆرەوجۆریەتییە بتوانێت کار بکات. ئەمە تەنیا جۆرەوجۆریەتی لە نەژاد و ڕەگەزدا نییە. تەنیا جۆرەوجۆریەتی لە چینی کۆمەڵایەتی یان ئابوورییەوە نییە. ئەو شتەیە، کە ئێمە بە جۆرەوجۆریەتیی هزری ناوی دەبەین، ئەوە هەموو جۆرەکانی تری جۆرەوجۆریەتی دەگرێتەوە و مانایان پێ دەبەخشێت.

---

726. Quota

بەشێوەیەکی ڕووەو زیادبوون ئەو خەڵکانەی بۆ جۆرەوجۆریەتی تێ کۆشان خەریکە کتوپڕ دەگەنە ئەم بەرەنجامە. مێرسێدێس دی ئۆریاتێ[٧٢٧]، کە لە زانکۆی تێگزاس وانەی ڕۆژنامەوانی دەڵێتەوە، لە کۆڕبەندێکی تری لێژنەکەدا بە ئێمەی گوت "ئێمە... جۆرەوجۆریەتیمان یەکجار زۆر بە زاراوەی ڕەگەزی و بۆماوەیی واتە بەخەڵکانێک پێناسە کردووە، کە تۆزێک جیاواز دێنە بەرچاو، بەڵام بەشێوەیەکی سەرەکی وەک یەک وان. ئێمە زۆربەی جار ئەوە دەگشتێنین بەسەر سەرچاوەکانیش، ئەوانەی ئەو شتەی نێوان هەردوو سەری مەودایەکی بەرتەسکی مشتومڕی دەڵێن، کە ئێمە پێی ئاسوودەین". بەڵام دی ئۆریاتێ دەڵێت "ئەوەی هێشتەش ئێمە بۆ ئاوێتەکردنی لەگەڵ هەواڵدا کێشەمان هەیە، جۆرەوجۆریەتیی هزرییە. بەگوێرەی زانایانی کولتووری ئەمەریکایی قبووڵکردنی جۆرەوجۆریەتیی هزری لە سەختترین شتەکانە بۆ ئەمەریکاییەکان".

بەداخەوە ئەم چمکەی جۆرەوجۆریەتیی هزری، هەروەها بۆ بەڕێوەبەرانیش سەختە. ئاراستەکە، لەبەر زۆر هۆکارەوە، بەرەو دروستکردنی ژوورێکی هەواڵە، کە وەک بەڕێوەبەر بیر دەکاتەوە.

## پاڵەپەستۆی سەر ویژدانی کەسێنیی

هۆکاری جۆرەوجۆر هاندەرن بۆ دروستکردنی ژووری هەواڵیی وێکچوو. یەکێکیان لە ڕاستیدا سروشتی مرۆڤە. خوان گۆنزاڵیز، ستوونووسێکی نیویۆرک دێیلی نیوز لە کۆڕبەندێکی لێژنەکەدا بە ئێمەی گوت "نووسیاران بەو ئاراستەیەدا دەڕۆن، کە خەڵکەکە بەگوێرەی تێگەیشتنی خۆیان دروست بکەن. ئەگەر نووسیارەکە بە هۆیەکەوە حەز لە تۆ نەکات، تۆ بەرز نابیتەوە. کەواتە پرۆسەیەکی خۆهەڵبژێرانە هەیە، کە لەناو پیشەکەدا بەردەوامە".

تۆم برێی[٧٢٨]، کە ئەو کات ستوونووسێکی کۆنەپارێزی دیتریت نیوز بوو، بە ئێمەی گوت "ئێمە سیستمی دامەزراندنی وامان لەم وڵاتەدا هەیە کە ریسککردن لەسەر خەڵک زۆر سەخت دەکەن، ئەو خەڵکەی دەکەونە دەرەوەی میدیای گشتی، وەک بەو شێوەیە پێناسەی دەکەین، دەقاودەق ئەو کەسانەن، کە دەرفەتێکیان

727. Mercedes de Uriarte
728. Tom Bray

نابێت". کێشەیەکی تری جۆرە سستییەکی بیرۆکراسی لەناو هەموو دامەزراوەیەکدا هەیە. سستییەکە خەڵک ناچار دەکات، لە هەر هەلومەرجێکدا ئەو شتە بکات، کە بەشێوەیەکی ئاسایی ئەنجام دەدرێت، ڕووتینەکان دەبنە پەناگەی دڵنیاکەر، ئەمە ڕوو دەدات چونکە دامەزراوە هەواڵییەکان - بەخۆ بەکار و کۆمەڵگە و بەرهەم و بەرژەوەندییەکانی تر - ئاڵۆز و ڕیزبەندن. تووشبوون بە پرۆسەیەکە، کە ڕەنگە بەتێفکرینێکی لە پڕ و بەخۆڕ ناو ببرێت، ئاسانە - پرۆسەیەک، کە دەتوانێت ڕەفتارەکانی ویژدانی کەسێنی لاواز و سست بکاتەوە. (هەواڵەکە "پێویستە" ئێستە بڵاو بکرێتەوە، تەنانەت ئەگەر بەتەواوەتی دڵنیا نەکرابێتەوە، چونکە دوا کاتەکە درێژ ناکرێتەوە. ڕەنگە باشتر بێت لەم ساتە هەستیارەی مشتومڕییەکەدا بەدواداچوون بۆ ئەو سەردێرە باش نەبێت. توانای بەرهەمهێنانی ئێمە ڕێگە بە هەواڵێکی ئەوەندە درێژ نادات بۆ ئەم ژمارەیە). و بەم شێوەیە.

هەندێک ڕۆژنامەنووس هەردەم لە دەرەوەی دامەزراوەکانەوە کاریان کردووە. ئەم تاکانە کە تەنیا بەهەستی دڵسۆزیی خۆیانەوە ڕێنوێنی کراون بە مەبەستێکی یەکدلانە و هەندێک جار تایبەت بەدواداچوون بۆ هەواڵەکان دەکەن، بەردەوام ئەو ڕاستییە ناحەزانە ئاشکرا دەکەن، کە ئەوانی تر پشتگوێیان خستووە، خۆیان لێ دزیوەتەوە، یان تەنیا کەسانی وەک تۆماس پێین و جۆرج سێڵدێس[729] و ئای ئێف ستۆن[730] و کەسانی زۆر نوێتر، دێڤید بێرنهام و چارلز لویسیان نەبینیوە.

هەروەها وەک گوتوومانە بەڕێوەبردنی ژوورێکی هەواڵیی وا، کە تێیدا خەڵک وەک یەک کار دەکەن و بیر دەکەنەوە، ئاسانترە. ژوورەکانی هەواڵ، لە دواییدا، بەهۆی خواستەکانی ئامێرەکانی بەرهەمهێنانەوە بەڕێوە دەچێت. پێویستە ئەوان ماوەیەکی وەشان و مەودایەکی ئینتەرنێتی یان کاغەزی ڕۆژنامە پڕ بکەنەوە. لەم کەشوهەوایەدا تێگەیشتن لەوە ئاسانە، کە هەر هەواڵێکی باش ئەوەیانە، کە تەواو بووە. چەندی ئەو کارە ڕۆژانەیە بۆ چاپکردنی ڕۆژنامە یان وەشاندنی پرۆگرامەکە وەک هێڵێکی مۆنتاجی بێت، پاڵەپەستۆ هەیە بۆ ئەوەی ئەو پرۆسەیە تا ئەوپەڕی توانا، بێ کێشەتر و کاراتر بەڕێوە بچێت.

729. George Seldes
730. I.F. Stone

## دروستکردنی ژوورێکی هەواڵ، کە تێیدا ویژدان و جۆرەوجۆریەتی بتوانن گەشە بکەن

ڕەنگە گەورەترین تەحەدا بۆ ئەو خەڵکانەی هەواڵ بەرهەم دێنن تێگەیشتن لەوە بێت، کە تەندروستیی درێژمەودایان پشت بەژوورەکانی هەواڵیان دەبەستێت، نەک تەنیا کارایی ژوورەکە. بەرژەوەندیی درێژمەودا سەرنج بۆ کولتوورێکی ئاڵۆزتر و سەختتری میدیا ڕادەکێشێت. کەسایەتیی خاوەنێک، نووسیارێک یان هەر بەڕێوەبەرێک تا ڕادەیەکی زۆر بەوە پێناسە دەکرێت، کە تاکەکە تا چەند دەسەڵاتی بەسەر ئەو مەودا درێژەدا دەشکێتەوە.

بەهەمان ڕادەی سەختیی بەربەستەکان، مێژووی ڕۆژنامەوانی پڕە لە حاڵەتی وا، کە هاوکاری و تەنانەت تێکهەڵچوونیش ڕووی داوە، تەنانەت ئەو شوێنەی کە تێهەڵچوونەکەش لێیەوە پەرەی سەندووە. هەندێک هەواڵکار وێ دەچێت سروشتییانە پەلکێشی کولتوورێک بن، کە تێیدا خەڵک هەست بە ئازادی دەکەن و هان دەدرێن بەگوێرەی ویژدان کار بکەن.

مۆدێلێک ئەوەیە ئەم کولتوورە بە بەرچاوی خەڵکەوە لە سەرەوە بۆ خوارەوە بەڕوونکردنەوەی ئاشکرا دابەزێنرێت، ڕەنگە باشترین نموونە ئەو بەسەرهاتە بێت دێیڤید هاڵبێرستەم لەبارەی یەکەم چاوپێکەوتنی لەگەڵ ئۆرڤیل درایفووزدا[731] دەیگێڕێتەوە، کەسێک کە تەنیا بەم دواییانە بووە خاوەن ئیمتیازی نیویۆرک تایمز.

"سەرەتای ١٩٦٢ بوو، ڕەنگە شوبات. من تەنیا لەوەتەی حوزەیرانی پێشوو لە کۆنگۆ بووم و داوام لێ کرا بگەڕێمەوە نیویۆرک، تا خەڵاتێک وەربگرم، پیاوێک بەرەو ئەو مێزەی لێی دانیشتبووم هات و خۆی وەک ئۆرڤیل درایفووز ناساند. ئەو گوتی (من بیستم تۆ لێرەیت، من ویستم بزانیت من چەند سەرسامم بەکارەکەی تۆ، کە ئێمە چەند ئاگەدارین لەو ریسکانەی تۆ دەیانکەیت. ئەوە ئەو شتەیە ڕۆژنامەکەی پێ گەیاندووە)، هیچ شتێکی تر بەقەدەر ئەو بۆچوون و ئاسوودەییەی بەهۆیەوە ئەو گفتوگۆیەکەی نێوان خاوەن ئیمتیاز و هەواڵنیر توانی ڕوو بدات، ئەو ژوورە هەواڵەی لە هەر ژوورێکی تر جیا نەدەکردەوە".

731. Orville Dryfoos

لە دواییدا، زۆربەی خەڵکانی ژووری هەواڵ هەست دەکەن، گفتوگۆکردن لەگەڵ هاووڵاتییانی هاوڕێیان ئەرکێکە لە سەرووی ئەو دامەزراوەیەی کە کاری تێدا دەکەن. بانگەشەیەکە و هەر کەسێک لە ژووری هەواڵدا کار بکات سەرکارە لەو ئەرکەدا. لەوەی پێوەندیی بە بەرپێوەبەرانەوە هەبێت، پێویستە ئەوان یارمەتیی ڕۆژنامەنووسان بدەن، ئەو ئەرکە تا ئەوپەڕی توانایان جێبەجێ بکەن. گریگۆری فاڤر[٧٣٢]، نووسیاری پێشووی ساکرامێنتۆ بی و جێگری سەرۆکی هەواڵ لە زنجیرەی مەکلچی، کە پاشان بووە ئەندامی دەستەی مامۆستایانی پەیمانگەی پۆینتر، زۆربەی جار لەگەڵ ڕۆژنامەنووسان لەبارەی ئەو هەستکردنە گەورەترە بە ئەرکەوە دەدوێت.

"تۆ یارمەتی خەڵک دەدەیت جا چ لە کاتی ئارامیدا بێت چ لە کاتی تەنگژەدا. یارمەتییان دەدەیت لەگەڵ یەک بدوێن و ڕێگە بە زۆر دەنگ دەدەیت تا ببیسترێن و زانیاریی پێویستیان بۆ دابین دەکەیت، بۆ ئەوەی وەک هاووڵاتیی بەرهەمهێن کار بکەن، یارمەتییان دەدەیت پردێک لەسەر کەنداوی جیاوازییەکانیان دروست بکەن و، تۆ بەرپرسیاریت لەوەی پرسیار لە خۆت بکەیت، بە هەمان شێوە کە پرسیار لەوانی تر دەکەیت. بەرپرسیاریەتییەک بۆ ژیان و کارکردن بەگوێرەی هەمان ئەو کۆمەڵە بەهایانەی تۆ لەو کەسانەی داوا دەکەیت، کە ڕووماڵیان دەکەیت، بەرپرسیاریەتییەک بۆ ڕێخۆشکردن بۆ وەدیهێنانی گۆڕانێک لە کولتوور لە ڕێگەی کارەکەمانەوە، کولتوورێک، کە هەستێکی بەرپرسیارانەی تێدایە، کە خوازیاری جۆرەوجۆریەتی لە پلەکانمانە، کە هەستێکی مرۆڤانەی تێدایە، لە ناخەوە و لە ڕووکەش، کولتوورێک کە لەناو قوماشێکی ئەخلاقییەوە هەڵپێچراوەتەوە، کە لە ساتە سەختەکاندا هەڵناپچڕێت".

لە ڕاستیدا فاڤر بەخەڵکی ناو ژووری هەواڵ دەڵێت ئەو ئەرکە ئەوەندە گرینگە، کە ڕۆژنامەنووسان بەرپرسن لەوەی بیپارێزن و بەهێزی بکەن، هەم لە پێناو ئەوانەی پێش خۆیان و هەم ئەوانەی دوای خۆیشیان.

## ڕۆڵی هاووڵاتییان

دوا پێکهاتەی پرسەکە ئەوەیە ئاخۆ چۆن ئەندامانی کۆمەڵگە، هاووڵاتییان، دەبنە بەشێک لە پرۆسەکە. بەرپرسیاریەتییەکانی ئەوان چین؟ وەڵامێکی هەمیشەییی

732. Gregory Favre

ڕۆژنامەنووسان ئەوەیە ئەگەر چاپەمەنی شکست دێنێت – ئەگەر یەکجار ورووژێنەر یان لایەنگری زانیاری – سەرگەرمی بێت – ئەوانە لە دواییدا هەڵەی هاووڵاتییانە. ڕۆژنامەنووسان دەڵێن ئەگەر خەڵک ڕۆژنامەوانییەکی باشتریان بویستبایە بازاڕەکە بۆی دابین دەکردن، کێشەی ئەم لێکدانەوەیە، وەک تێبینیمان کردووە، ئەوەیە ڕۆژنامەوانی بەبازاڕێکی بێ کەموکوورییەوە دانەمەزراوە، ئەو جۆرە هەواڵە لۆکالانەی ئێمە لە تەلەڤزیۆن پێمان دەگات، بۆ نموونە، بەشێکی زۆری پێوەندیی بەئاستی قازانجی ووڵ ستریتەوە هەیە. ئێمە لە کاربەدەستانی هەواڵییەوە زانیومانە سروشتی ڕۆژنامەیەک بەچڕی بە بەهاکانی خاوەنەکەیەوە کاریگەرە، جۆری ئەو بڕیارانەی ڕۆژنامەنووسان ڕۆژانە دەیدەن یەکجار کاریگەرە بەنووسیاران و کولتووری ژووری هەواڵ. شێوازی دامەزراندنی کاری هەواڵی هەروەها ڕۆڵ دەبینێت. ڕۆژنامەکان بەگشتی قۆرخ کراون، وێستگە تەلەڤزیۆنییەکان کە لەسەر شەپۆلی گشتییەوە مۆڵەتیان پێ دراوە، بەزۆری ئۆلیگاریکین. لەم ساتەدا ئینتەرنێت هێشتە زۆر ساوایە بۆ ئەوەی مەزەندەی ئەوە بکرێت لە داهاتوودا دەربڕی چ جۆرە واقیعێکی بازاڕی دەبێت.

بازاڕەکە، وەک بەزۆری دەگوترێت، لە ڕاستیدا ئەو هەوالانەی هاووڵاتییان داوای دەکەن بۆیان دابین ناکات. بازاڕەکەش ئەو هەوالانە وەردەگرێت کە ووڵ ستریت، خاوەنەکان، ڕاهێنانی ڕۆژنامەوانی و نەریتەکانی هەواڵی، دەیانسەپێنن بۆ دابینکردنی هەواڵ بۆ بازاڕ. ئەگەر ئەمە پێویستیی بەگۆڕان بێت، ئەگەر ئەو بنەمایەی، کە دڵسۆزیی ڕۆژنامەنووس بەشێوەیەکی سەرەکی دەبێت بۆ هاووڵاتییان بێت، دەبێت مانای هەبێت، پێویستە پێوەندییەکی نوێ لە نێوان ڕۆژنامەنووس و هاووڵاتییان گەشە بکات، ئەوە نوێترین بنەمای ڕۆژنامەوانییە، بنەمایەک، کە هەردەم کاریگەر بووە، بەڵام لە سەتەی نوێدا، خەریکە ڕوونتر و پێویستتر دەبێت. ئەوە ڕۆڵی هاووڵاتییە.

بەشی یازدەم

## ماف و ئەرکەکانی هاوولاتییان

لە بەرەبەیانی ٧ی حوزەیرانی ٢٠٠٦دا سێ بۆمب لە میترۆی لەندەندا تەقینەوە، پاش ماوەیەکی کەم تەقینەوەیەکی لە پاسێکی دوو نهۆمی بەدوایاندا هات. تەقینەوە خۆکوژییەکان پەنجا و دوو کەسیان لە هێرشێک بە کوشت دا، کە تەقینەوەکانی شەمەندەفەری مادریدی لە ٢٠٠٤ زیندوو دەکردەوە.

کۆمپانیای بڵاوکردنەوەی بەریتانی، یان بی بی سی، تێ گەیشت، ئەمە هەواڵێکی زۆر گرینگە و کارمەندانی بۆی نارد و هەوڵی دا یەکەم کەس بێت زانیارییەکە وەردەگرێت، وەک ریچارد سەمبروکی[733] بەڕێوەبەری بەشی هەواڵ نووسی، بی بی سی هەوڵی دا "شتەکان بەتەواوی وەربگرێت". لەو ڕۆژەدا بی بی سی یارمەتییەکی بێوێنەی لە دانیشتوانی لەندەن وەرگرت. شەش سەعات پاش هێرشەکە، دامەزراوەکە ١٠٠٠ وێنە و ٢٠ ڤیدیۆ کلیپ و ٤٠٠٠ کورتە نامە و ٢٠٠٠٠ ئیمەیلی هەبوو– هەر هەموویان لەلایەن هاوولاتییانەوە نێردرابوون.

بی بی سی هەموو کات هانی هاوولاتییانی داوە بۆ بەشداری لە هەواڵ، بەڵام ئەم ئاستەی بەشداری نوێ بوو، سەمبرۆک بەبیری دێتەوە "قەوارە و جۆری بەشداریی جەماوەر لە سەروو نوێگەری و ڕووکەشییانە بوون یان سەرووئاسییبوون بوو و ئەوەش کێشەی سەرەکیی لێ دەکەوێتەوە کە هێشتاش ئێمە کاریان لەسەر دەکەین".

سەرەڕای کاردانەوە چاوەڕواننەکراوەکە، بی بی سی سوودێکی باشی لە کەرەستەکە وەرگرت، تا ئەو ڕادەیەی گەشتێکی هەواڵی بڵاو کردەوە بەو ڤیدیۆ کلیپانەی لە هاوولاتییانەوە وەری گرتبوون. سەمبروک گوزارشەکەی هەواڵی لەندەنی بەکارێکی هاوبەشی ناو برد و تێبینیی دا دامەزراوەکەی ئەو تێ گەیشتووە کاتێک ڕووداوێکی سەرەکی دەقەومێت جەماوەر دەتوانێت زانیاریی نوێی زۆرمان پێ

733. Richard Sambrook

ببەخشێت و ئێمە دەتوانین بڵاوی بکەینەوە".

تەکنۆلۆجیا توانای بەخشیوەتە هاووڵاتییان بۆ ئەوەی لەناو هەواڵدا ڕۆڵ بگێڕن و ببنە هاوپشکی میدیای کۆن لە کاتی تەنگژە، بەڵام مۆدێلی بی بی سی بۆ تێکەڵاوی لەگەڵ هاووڵاتییان دەیسەلمێنێت تەنیا لە ڕووداوە ورووژێنەرەکاندا خەڵک بەکار نایەت یان پێویستە تەنیا ئەو کاتانە بەکار نەیەت.

دەستپێشخەرییەکانی تری بی بی سی بۆ هاووڵاتییان ئەمانەن:

* پرۆژەی هەواڵبێژیی دیجیتاڵی. لە ٢٠٠١دا دەست پێ کرا و وۆرکشۆپی لۆکاڵ دەگرێتەوە کە تێیاندا شارەزایانی بی بی سی هەر جارە و وانە بە ١٠ کەس دەڵێنەوە لەسەر نووسینی هەواڵ و تۆمارکردنی ڤیدیۆ و نووسیاریکردنی وێنە و ڤیدیۆ.

پتر لە ٥٠٠ کەس تا ئێستە ڕاهێنراون، زۆرێک لە هەواڵەکانی بەرهەمیان هێناون بڵاو کراونەوە.

* پرۆژەیەکی بەشداری لە میدیا بەناوی بلۆگکردنی دوورگە لەلایەن کاربەدەستانی ناوچەییەوە دەست پێ کرا بۆ دوورگە دوورەکانی کەنارەیی سکۆتلەند بەیارمەتیی بی بی سی سکۆتلەند. دوورگەنشینان کۆمپیوتەری کەسێنی و پێوەندییەکی ئینتەرنێتیی نەرۆباندیان[734] پێ درا، کە بۆ ناردنی وێنە و ڕووداو و وروژاندنی مشتومڕی لەبارەی بێ ژمارەوە کێشەی کۆمەڵگە بەکاریان هێنا. ئەوان تەنانەت هەواڵیان دەنارد وەک کەوتنی نەهەنگێک لە کەنارەکە دواتر لەلایەن میدیای گشتیی سکۆتلەندەوە بەکار هات.

* تۆڕی کرداری بی بی سی هەوڵێکە بۆ ئاشناکردنەوەی هاووڵاتییان لەگەڵ پرۆسەی سیاسی لە ڕێگەی فەراهەمکردنی کۆڕبەندێک بۆیان بۆ ئەوەی لەسەر بابەتی پێوەست بەخۆیانەوە گفتوگۆ بکەن.

بی بی سی بیرۆکەی تری بۆ داهاتوو هەیە لەوانەش گفتوگۆی جیهانی، کە سەمبروک بە "شوێنی جەماوەری جیهانی"ی دەزانێت، کە تێیدا خەڵکانی وڵاتانی جیاواز دەتوانن، لەگەڵ یەک گفتوگۆ بکەن. ئەم دەستپێشخەرییانە بەهۆی پێشکەوتنەکانی تەکنۆلۆجیاوە کردەنی بووە، کە هاووڵاتییانی بەشێوەیەکی بێوێنە

734. Narrowband

بەهێز کردووە، ڕۆژنامەوانی وا خەریکە، ئەو ڕێگەیانە دەدۆزێتەوە تاوەکو بتوانێت باشتر جەماوەر تێکەڵ بەکێشەکانی ڕۆژ بکات، ئەم هەوڵە کاتی دەوێت و ڕەنگە هەم جەماوەر و هەم ڕۆژنامەنووسان، کە پێویستە لەسەر خاڵی هاوبەش دانوستاندن بکەن، نائومێد بکات.

سەمبروک نووسی "من وەک کەسێک کە پشتیوانی لەم ئاراستە دەکات، پێم وا نییە کارمەندانی بی بی سی لە پێناو ڕاست و دروستی و دادوەری و بابەتییانە بوون، دەبێت ئەرکی خۆیان فەرامۆش بکەن. کاتێک ئێمە بەئاراستەی بەشداریی جەماوەر دەکرێینەوە، پێویستە بەشێوەیەک ئەمە بکەین، کە لەگەڵ بەهاکانی نووسیاریماندا بگونجێت. بەڵام باوەڕم وایە هەقیقەت و ڕاست و دروستی و بێلایەنی و جۆرەوجۆریەتی لە بۆچووندا لە ڕێگەی کرانەوە بەرامبەر بەمەودایەکی بەرفرەوانتری بۆچوون و ڕوانگەوە بەهێزتر دەبن، کە لە ڕێگەی زانیاری و تێگەیشتنی جەماوەرمانەوە بۆمان دێت".

دوو سەتەی خایاند تاوەکو ئاوێتەی ئەو زانیارییەی لەگەڵ داهێنانی دەزگای چاپی میکانیکی دەستی پێ کرد وەرچەرخانی بنەڕەتی لە کۆمەڵگەی ڕۆئاواییی لێ بکەوێتەوە، ئەم وەرچەرخانە لە ڕێگەی بڵاوبوونەوەی زانیاری بەهۆی وشەی چاپکراوەوە وەهێز کەوت و ڕێخۆشکەر بوو بۆ خەڵک تا ببنە جەماوەرێک، کە بەڕادەی پێویست بەهۆی زانیارییەوە دەسەڵاتیان وەرگرتبوو، لە پێناو دروستکردنی ڕایەکی گشتی کە ڕەنگە بەشدار بوایە لە سیستمەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسیی خودی جەماوەردا، زۆربەی ئەم زانیارییە لە ڕێگەی ئەو شتەی دواتر بەڕۆژنامەوانی ناسرا بەسەر کۆمەڵەی بەرفرەوانی خەڵکەوە دابەش کرا. ئەو زانیارییە بوو کە یارمەتیی دان ببنە هاووڵاتیی بەئاگا و هەر لەو کەشوهەوایەدایە، کە ڕای گشتی دروست دەبێت. رای گشتی لە بەرامبەردا، ڕێگەی بەگەشەسەندنی خۆبەڕێوەبردندا.

لەم ڕوانگەیەوە ڕۆژنامەوانی و دیموکراسی بەیەکەوە لەدایک بوون. لە یەکەم قۆناخی گەشەسەندندا ڕۆڵی میدیا تەنیا دابینکردنی زانیاری بوو بۆ خەڵک لەبارەی چالاکی و دامەزراوەکانی دەسەڵاتەوە، کە ژیانی ئەوانی کۆنترۆڵ دەکرد، ئەمڕۆکە، کە دنیا نقومی زانیاری بووە، ڕۆڵی چاپەمەنی جیاوازە. کاتێک زانیاریی هەمیشە و لە

هەر شـوێنێک فـرەوان و بـەردەسـتــە، پێـوەندییـەکی نوێ لـە نێـوان چاپـەمــەنی و جەماوەردا پێویستە دروست ببێت، وەک چۆن بەهاکانی ڕۆژنامـەوانی لەم کەشوهەوا ڕکـابەرە نوێیـانەدا زۆر نـاگـۆڕێن، ئەو ڕۆڵـەش ئەوەندە ناگـۆڕێت هـەرچەندە ڕۆڵـەکـە سـەردەمـانێک تەنیا دابینکردنی ئامرازی خۆبەڕێوەبردن بووە، ئێستە ڕۆڵەکە بووەتە دابینکردنی ئەو ئامـرازانەی هـاووڵاتییـان پێویستییانە بۆ ئەوەی بـۆ خۆیان زانیـاری وەربگرن لەنـاو سیـلاوێکی چوونیـەکی دەنگ و پڕوپاگـەندە و گوتـەگوت و ڕاسـتی و ڕاگەیاندن و تۆمەت، کە ئێسـتە سیستمەکانی پێوەندی بەرهـەمیان دێنن. بەم شێوەیە ڕۆژنامەنووس پێویستە نەک تەنیا لە جیـهان تێ بگات، بگرە لە لافاوی زانیارییەکەش تێ بگات کاتێک بەردەدرێتە سەر هـاووڵاتییان.

بۆ ئەنجامدانی ئەمە، ڕۆژنامەنووسان پێویستە سـەرەتا بانگهێشتنی جـەماوەریان بکـەن بۆ نـاو پرۆســەیەک کــە بەهـۆیەوە هـەواڵ بـەرهـەم دێنن، وەک لـە بەشـی چوارەم لەبارەی سەلماندن بەوردەکارییەوە باسمان کرد، پێویستە ڕۆژنامەنووسان ڕەنج بدەن بۆ ئەوەی خۆیان و کـارەکەیان بەهەمان ئەو ڕادەیە دیودەر بێت، کە خـۆیان لەو خـەڵک و دامەزراوانەی دەسـەڵات داوایان دەکەن.

ئەم جـۆرە ڕێگەیە لە ڕاسـتیـدا دەسـتپێکی پێوەندییە لە نێوان ڕۆژنامـەنووس و هـاووڵاتی. ڕێگەیەکـە کە بەهـۆیەوە تاکـەکانـی جـەمـاوەر هـەلیـان بۆ دەرەخـسـێت بۆ ئەوەی ئەو بنـەمـایانە هـەڵسـەنگێـنن کـە بەهۆیانـەوە ڕۆژنامــەنووسـان کـاری خـۆیان دەکـەن. ئـەوان بەو زانیـارییـە پڕچەک کـراون، کـە داوایان لێ دەکـات ئەمـە لـەگـەڵ بژاردەکـانی بـەردەسـتی تر بەراورد بکـەن. لە هـەمـووی گـرینگتـر، ئەوە بـنـەمــایەک بـەهـاووڵاتیــیــان دەبەخـــشــێت بۆ ئەوەی بڕیار بـدەن، ئاخـــۆ ئەمـــە ئـەو جـــۆرە ڕۆژنامەوانییەیە کە حەز دەکەن هـانی بدەن.

لەم روانگەیـەوە هـاووڵاتییـان بەرپرسـیـاریەتیـەکیـان هـەیە. ئەوە بەدەیەم بنـەمـای ڕۆژنامــەوانـی دابنـێ، بنـەمــایەک کــە لەگـەڵ ســەرهـەڵدانی تـەکنۆلـۆجـیــای نـوێی بەهێزکەرەوە گەشەی سەندووە.

## لەوەی پێوەندیی بە هەواڵەوە هەبێت هاووڵاتییان
## مافیان هەیە، بەڵام ئەرکیشیان هەیە

پێویستە هاووڵاتییان دەمارگیرییەکان بەلاوە بنێن و کاری ڕۆژنامەوانی لەسەر ئەو بنەمایە هەڵبسەنگێنن، کە ئاخۆ بەشی هەیە بە زۆرکردنی توانای ئەوان بۆ وەرگرتنی ڕۆڵێکی بەئاگا لە پێناو دروستکردنی کۆمەڵگەدا. بەڵام ئەو شێوازەی ڕۆژنامەنووسان بۆ کاری خۆیان دەیگرنە بەر لە پێناو تێکەڵکردنی جەماوەر پێویستە نەک تەنیا چوارچێوەی پێویست، بگرە تێگەیشتنێک لە بنەماکانەوە دابین بکات، کە بەهۆیانەوە کارەکە ئەنجام دەدرێت، بەم شێوەیە ڕۆژنامەنووسان بڕیار دەدەن، ئاخۆ جەماوەر دەتوانێت ببێتە هێزێک بۆ ڕۆژنامەوانییەکی باش یان نا.

خواستی بازاڕ بەئاشکرا بەهێزترین فاکتەرە لە دروستکردنی کۆمەڵگە لەمڕۆکەدا. بەئاشکرا وێ دەچێت ئەو فاکتەرە لە بەرژەوەندیی ڕۆژنامەنووساندایە تاوەکو ئەوەی لە دەستیان دێت بیکەن بۆ دروستکردنی بازاڕێک بۆ ئەو جۆرە ڕۆژنامەوانییەی ئەو کتێبە هەوڵی بۆ دەدات: ڕۆژنامەوانییەک، کە دان بەو بنەمایانە دەنێت، کە ڕێخۆشکەرن بۆ دڵنیابوونەوە لە هەواڵی بەوەخت و هاوسەنگ و گشتگیر و کار بەو بنەمایانەش دەکات، لە پێناو ڕێخۆشکردن بۆ تێگەیشتن لە جیهانی خۆمان و پێگەی ئێمە لەناویدا. یەکەم هەنگاو بەو ئاراستەیە پێویستە برەودان بە ئامرازێک بێت، کە ڕێگە بدات بەو کەسانەی لە کۆتاییدا ئەو بازاڕە دادەمەزرێنن، ببینن چۆن سۆسێجەکە دروست بووە - چۆن ئێمە کاری خۆمان کردووە و چ شتێک کاریگەر بووە لەسەر بڕیارەکانمان.

ئەمە چ مانایەکی بۆ هاووڵاتییان هەیە؟ بەشێوەیەکی وردتر ئێمە وەک هاووڵاتی پێویستە چ شتێک لە دامەزراوەیەکی هەواڵی چاوەڕوان بکەین؟ پێویستە چی بکەین، ئەگەر پێمان وابێت ئەو شتەمان دەست ناکەوێت؟ ئەم پرسیارانە گرینگن. بنەماکانی ڕۆژنامەوانی بەهەمان ڕادەی، کە هی ڕۆژنامەنووسانن، هی هاووڵاتییانیشن لەبەر ئەو هۆیە سادەیەی، وەک لە سەرەتادا باسمان کرد، کە ئەم بنەمایانە لەو ئەرکەی هەواڵ لە ژیانی خەڵکدا دەیگێڕێت هەڵدەقووڵێن نەک لە تایبەتمەندییەکانی پیشەکە.

لەو ڕوانگەیەوە بنەماکانی ڕۆژنامەوانی مافنامەیەکن، بۆ هاووڵاتی بەهەمان ڕادە،

که ئەرکنامەی ڕۆژنامەنووسانن. لەگەڵ ماف سروشتییانە ئەرکیش بۆ هاووڵاتییان دێت – بەرپرسیاریەتیگەلێک، کە لە سەدەی ٢١دا لەگەڵ دەسەڵاتی پەرەگرتووی هاووڵاتییان بۆ بەشداری لە هەواڵ گەشە دەسەنێت. بەم شێوەیە باشە ئەوە ڕەچاو بکرێت، کە چۆن ئێمە وەک هاووڵاتی دەتوانین بزانین ئاخۆ بنەماکانی ڕۆژنامەوانی لەو هەواڵانە هەن، کە بەدەستمان دەگات.

## جاڕنامەیەک بۆ ماف و ئەرکەکانی هاووڵاتی لەبارەی ڕاستگۆییەوە

ئێمە مافی ئەوەمان هەیە چاوەڕوان بین، بەڵگە لەسەر ڕاستگۆیی گوزارشەکە ڕوون و ئاشکرا بێت. ئەمە مانای ئەوەیە پرۆسەی سەلماندن – چۆن و بۆچی هەواڵکاران بڕیارەکانی خۆیان داوە – پێویستە دیوەدەر بێت. پێویستە ئاماژەیەکی ڕوون بۆ لێکۆڵینەوەیەکی مێشککراوانە هەبێت. پێویستە ئێمە بتوانین نرخ و لایەنگریی زانیارییەکە بۆ خۆمان هەڵبسەنگێنین.

بۆ پابەندبوون بەم بەرپرسیاریەتییەش ئەو پارچە گوزارشە، پێویستە کام بنەمایانەی تێدا بێت؟ هەواڵ پێویستە سەرچاوەکانی زانیاری و بنەمای تێگەیشتنەکە ڕوون بکاتەوە. پێوەندیداربوونی هەواڵەکە پێویستە، بەڕوونی دەربڕابێت. پرسیار گرینگە، وەڵامنەدراوەکان پێویستە تێبینییان لەسەر درابێت. ئەگەر هەواڵەکە ڕێگەی بەخاڵێکی دژیەکی دا، ئێمە پێویستە چاوەڕێی بەدواداچوون بین. هەواڵەکانی تر بەتێپەڕینی کات بەردەوامی دەدەن بە گفتوگۆی جەماوەری بۆیە پرۆسەی جیاکردنەوە کە ڕێخۆشکەرە بۆ هەقیقەت ڕەنگە ڕوو بدات. هەواڵ بەواتایەکی تر پێویستە نەک تەنیا بەشداریمان پێ بکات، بگرە تەحەدامان بکات و ناچارمان بکات بیر بکەینەوە.

ئەمە لە بەرامبەردا، بەمانای پرۆسەیەکی دووسەرە. هاووڵاتی بەرپرسیارە لەوەی بەمێشکێکی کراوە لە هەواڵ بچێتە پێش نەک تەنیا حەزکردن لەوەی هەواڵ بۆچوونی بەردەست بەهێز بکات.

## لەبارەی دڵسۆزی بۆ هاووڵاتییانەوە

پێویستە ئێمە بەڵگە لەسەر ئەوە ببینین، کە کەرەستەکە لە سەرووی هەموو شتێکەوە بۆ سوودی ئێمە ئامادە کراوە. ئەمە بەو مانایەیە پێویستە هەواڵ وەڵامی پێویستییەکانی ئێمە وەک هاووڵاتی بداتەوە، نەک تەنیا لە پێناو بەرژەوەندیی ڕۆڵگێران یان سیستمی سیاسی یان ئابوورییەوە بێت. هەروەها بەو مانایە هەوڵێکی ڕوون و ئاشکرا دراوە بۆ تێگەشتن لە هەموو کۆمەڵگە.

ڕەنگە باشترین ڕێگە بۆ هەڵسەنگاندنی ئەمە ڕادەی سەرکەوتنی هەواڵ بێت بۆ ڕێگریکردن لە کلێشەکان لەگەڵ تێپەڕینی کاتدا، لە هەواڵدا کلێشەکان زۆربەی کات وەسفی کەسایەتییەکان بێت کە لە هەندێک باردا ڕەنگە ڕاست بێت، نەک بۆ حاڵەتێکی تایبەتی گوزارشکراو. هەواڵێک لەبارەی تاوانێکەوە لە ناوچەکەدا، کە دەپرژێتە سەر تەنیا بەشێک لە کۆمەڵگە لە کاتێکدا کە ڕاستییەکان دەری دەخەن، ئەو تاوانە بەگشتی بەناو تەواوی کۆمەڵگەدا بڵاو بووەتەوە نموونەیەکە. زۆربەی کات، کلێشەسازی شکستێکە لە کارکردن، کلێشەی لەم جۆرە ڕەنگە هەردەم پێشگیریی لێ بکرێت لە ڕێگەی گوزارشی زیاتر و وردتر، کە هەردووکیان پێویستە لە هەر هەواڵێکی بەوردی ئەنجامدراودا ببینرێن.

ئێمە هەروەها پێویستە چاوەڕوانی دیتنی حاڵەتی ڕوونی وا بین، کە تێیاندا دامەزراوەی هەواڵی جار بەجار بەرژەوەندیی خۆی دەخاتە مەترسییەوە لە پێناو هێنانی زانیاریی گرینگ بۆ ئێمە، لە ڕێگەی هەواڵ و هەڵسەنگاندنە هونەری و بازرگانی و ڕووماڵەکانی لەبارەی کڕیار و نرخی تاکەوە. کەسرین گراهام ئەم کارەی کرد کاتێک بڕیاری دا بەڵگەنامەکانی پێنتاگۆن بڵاو بکاتەوە، بەڵام خەڵکانێکی تری بێ ژمار ڕۆژانە ئەم کارە دەکەن، کاتێک هەڵسەنگاندنێکی ڕەخنەگرانە بڵاو دەکەنەوە لەبارەی ریستۆرانتێکەوە، کە هەروەها ڕێکلامکاریشە یان هەواڵێکی سەرسەختانە لەبارەی پیشەسازییەکی گرینگەوە لەناوچەکەدا.

دڵسۆزی بۆ هاووڵاتییان هەروەها بەمانای ئاشکراکردنی هەر جۆرە هاوپشکی و پێوەندییەکی هاوبەشانە یان هەر ناکۆکییەکە لە بەرژەوەندیدا، کە پێوەندیی بەهەواڵەوە هەبێت. ئەمەش بەمانای گوزارشکردن لەبارەی هەوڵەکانی لوبیکارانەی خۆیان و ئەو پاڵەپەستۆ ڕێکخراوەیە، کە دەیخەنە سەر حکوومەت لە پێناو

بەرژەوەندییەکانی بازرگانیی خۆیان. بەهەموو هۆیەکەوە ئێمە پێویستە چاوەڕوان بین ئەوانەی هەواڵ دابین دەکەن، لە چالاکییەکانیاندا بەهەمان ڕادە، کە چاوەڕوان دەکەین ئەوان داوای دیوەدەری لە دامەزراوەکانی دەسەڵات بکەن، خۆشیان دیوەدەر بن.

## لەبارەی سەربەخۆییەوە

ئێمە مافدارین چاوەڕێ بین شرۆڤەکار، ستوونووس و ڕۆژنامەنووسانی بۆچوونووس خزمەت بە بەرژەوەندیی گفتوگۆی هاووڵاتییان بکەن، نەک بەرژەوەندییە سنووردارەکانی فراکسیۆنێک یان بەرەنجامێکی لەپێشەوە دیاریکراوە. سەربەخۆیی لەو شرۆڤانەدا بەدی ناکرێت، کە هاوهەنگاون لەگەڵ فراکسیۆنەکان یان بەرژەوەندییەکانی دیاریکراوەوە. ئەمە بەو مانایەیە، کە بۆ نموونە، ئێمە دەتوانین چاوەڕوانی بین کۆمارییەکان هەندێک جار لەلایەن شرۆڤەکارانی کۆنەپارێز و دیموکراتەکان لەلایەن لیبراڵەکانەوە ڕەخنەیان لێ بگیرێت، کاتێک بیر لەوە بکرێتەوە دڵسۆزیی یەکەمی ڕۆژنامەنووس بۆ پێویستییەکانی هاووڵاتییانە، ئەوە هەروەها بەو مانایەیە لە هەمان کاتدا، کە پێویستە ڕۆژنامەنووسان بێلایەن بن، ئێمە دەتوانین چاوەڕوان بین، ئەوان لایەنگری جیاوازیان هەبێت. ئێمە دەتوانین چاوەڕوان بین ڕۆژنامەنووسان لێدوان نەنووسنەوە یان بەنهێنی لەگەڵ ئەوانەی ڕوومالیان دەکەن یان بۆچوونیان لەبارەوە دەردەبڕن، ڕاوێژ نەکەن. لەبەرئەوەی ئێمە چاوەڕوانی ئەوەین نووسەرانی بۆچوونی یارمەتیمان بدەن لە جیاکردنەوەی ئەو بابەتە ئاڵۆز و ڕکابەرانەی تووشی هاووڵاتییان دەبنەوە، ئێمە پێویستە لەناو نووسین یان گوزارشتی خۆیان چاوەڕوانی بەدیکردنی ئەو بەڵگەیە بین کە ئەوان بیرۆکەی کەسانی تریان لەبارەی بابەتەکەوە هەڵسەنگاندووە.

## لەبارەی چاودێریکردنی دەسەڵاتەوە

ئێمە مافدارین چاوەڕوان بین سەنتەرە هەرە گرینگ و ئاڵۆزەکانی دەسەڵات چاودێری بکرێن. لە کاتێکدا ئەمە حکوومەت لە خۆ دەگرێت، دامەزراوە و کەسانی تریش هەن لەناو کۆمەڵگە، کە دەسەڵاتی ئابووری و زۆرەکییانە و کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی و هاندەرانەیان بەقەدەر یان زیاتر لە حکوومەت بەدەستەوەیە.

لەبەرئەوەی بەهۆی ڕۆڵی لێکۆڵەوانییەکەی چاپەمەنی دەسەڵاتێکی بەرچاو بۆ خۆی دەستەبەر دەکات، ئێمە مافدارین چاوەڕێ بین لە بەکارهێنانیدا بایەخ و وردبینییەکی زۆر بەدی بکەین. ئەمە بەو مانایەیە دامەزراوە هەواڵییەکان بەرپرسیاریەتییەکیان هەیە، بۆ ئەوەی بەرێوەی بەرن - ئاشکراکردنی ئەو شتانەی گرینگ و نوێن و نموونەکانی کۆمەڵگە دەگۆڕن. ئێمە مافی ئەوەمان هەیە چاوەڕوان بین ڕۆڵی چاودێرانە دەرخەری پابەندی دامەزراوەی هەواڵی بێت بۆ بەرژەوەندیی گشتی، ئەمەش بەو مانایەیە ئێمە دەتوانین چاوەڕێی ئەوە بین دەسەڵات لەسەر بابەتی لاوەکی یان نیمچە ڕیسواییەک وەک چینە سەلامەتەکانی بەکتریا لەناو ماستی بەستوو[735] یان ڕێژەی بێ زیانی پیسایی لەناو پێخەفی هۆتێلەکاندا کات بەفیرۆ نەدات. لە جیاتیی ئەوە، دامەزراوە هەواڵییەکان پێویستە کات و سەرچاوەکانیان بپرژێننە سەر بابەتگەلی سەرەکی و درۆزنانی چاوەڕواننەکراو و مەترسییە نوێیەکان وەک چۆن نیویۆرک تایمز چەند مانگ دواتر گەڕاوە، بۆ هەڵسەنگاندنی ئەوەی ئاخۆ چۆن حزبی کۆماری لە فلۆریدا بەشێوەیەکی ناپەسند دەسکاریی ژمارەی دەنگی ئامادەنەبووانی کردبوو لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی لە ٢٠٠٠دا.

## کۆڕبەندێکی جەماوەری

پێویستە ئێمە چاوەڕوان بین ئەو لایەنەی هەواڵمان بۆ دابین دەکات کۆمەڵێک کەناڵ دروست بکات، بۆ ئەوەی لەگەڵی تێکەڵ بین. ئەم کەناڵانە ڕەنگە نامە، ئیمەیل، ژمارەی تەلەفۆن، گفتوگۆی ژووری چات، شوێنێک بۆ نووسینی ستوونی بۆچوونی میوانان، دەرفەت بۆ پێشنیازکردنی بابەتی هەواڵ و چاودێریکردن لە خۆ بگرێت. ئەم کەناڵانە هەروەها پێویستە لە ڕێگەی ئەندامانی ستافەوە بەردەوام لەناو جەماوەردا لەناو شوێنی کۆبوونەوە جەماوەرییەکان وەک کۆڕبەند و یانەی شارستانی و کۆمەڵەی دایک و باوکان - مامۆستایان و گفتوگۆی ئەنجوومەنەکان دەربکەوێت، هەروەها لە رادیۆ و تەلەڤزیۆندا پرۆگرامی تێکەڵکاری هەبێت.

لە کاتێکدا تەکنۆلۆجیای نوێ و ئینتەرنێت دەسەڵات دەدەنە هاوڵاتییان و هەندێک لە کۆتوبەندەکانی میدیای کۆن لە ڕووی مەوداوە کەم دەکەنەوە، پێویستە ئێمە

735. Frozen

چاوەڕێ بین ڕێگەمان پێ بدرێت، بابەت بەرهەم بێنین یان شتێک بۆ سەر گوزارشە هەواڵییەکان زیاد بکەین (وەک لە نموونەکەی بی بی سیدا ڕوون بووە).

لە ڕێگەی هەموو ئەو پێوەندییانەوە، ئێمە پێویستە بەتێپەڕینی کات چاوەڕوان بین ڕەنگدانەوەی بۆچوون و بەهاکانی خۆمان نەک تەنیا هی دژی یەکترین؛ کەسەکان لەبارەی بابەتە گرینگەکانەوە لەناو ڕووماڵی هەواڵدا بەدی بکەین. ئەگەر ئایدیاڵی دیموکراسی سازش دەبێت بەدی بێت، پێویستە چاوەڕێ بین کۆڕبەندی گشتیی میدیا بەئاراستەی تێگەیاندنی کۆمەڵگە لەوەی چ جۆرە سازشێک پێویستە دانی پێ بنرێت، بنیات بنرێت.

لەناو ئەم مافانەدا هەروەها ئەرکیش شاراوەیە. ئێمە وەک هاوولاتی پێویستە بەمێشکێکی کراوە و بەویستی قبووڵکردنی ڕاستیی نوێ و هەڵسەنگاندنی بۆچوونی نوێ لە کاتی پێشکێشکردنیان لە هەواڵ نزیک ببینەوە. ئێمە وەک هاوولاتی، هەروەها بەرپرسیارین لەوەی لە کۆڕبەندە جەماوەرییەکان دەربکەوین یان نامە یان ئیمەیل بۆ نووسیاران بنێرین. بەکورتی، بنەماکانی ڕۆژنامەوانی ئەو بنەمایانەن، کە لەسەر هاوولاتییان، هەروەها ئەندامانی هەواڵکار جێبەجێ دەبن، هاوولاتییان پێویستە ئەرکی خۆیان ڕاپەڕێنن لە پێناو درێژەدان بە پێوەندییەکە.

## لەبارەی هاوسەنگی و تێکەڵکارییەوە

ئێمە مافدارین چاوەڕێ بین ڕۆژنامەنووسان ئاگەداری تەنگژە بنەڕەتییەکانی ئێمە بن وەک هاوولاتی: واتە ئێمە پێویستیمان بەزانیاریی قووڵ و بە وەخت هەیە لەبارەی بابەت و نەریتی گرینگی ناو کۆمەڵگەمانەوە، بەلام ئێمە هەم کات و هەمیش ئامرازی دەستەبەرکردنی بەشێکی زۆری ئەم زانیارییە یەکلاکەرەوەمان نییە.

بەئاگەداربوون لەمە، ئێمە مافی ئەوەمان هەیە چاوەڕوان بین ڕۆژنامەنووسان دەسترەسی بێوێنەی خۆیان بە ڕووداوەکان و زانیاری بەکار بێنن لە پێناو دانانی ئەو کەرەستەیەی وەدەستی دێنن لەناو چوارچێوەیەکدا، کە سەرنجمان ڕابکێشێت و بەتێپەڕینی کات گرینگیی ڕاستەقینەی ئەم نەریت و ڕووداوانە لەناو ژیانی خۆماندا بەدی بکەین، پێویستە ئەو بابەتانەی بایەخێکی کاتییان هەیە بەردەوام بۆمان لێ نەدرێنەوە، لە پێناو مەبەستێکی بازرگانیدا نەشێوێنرێن. ماوەی چەند حەفتەیەک لە

١٩٩٧ چاپەمەنیی لۆکاڵ و نەتەوەیی لە سەرانسەری وڵاتدا لەسەر لەدادگەدانی هێرشی ڕاگەیەنەرێکی تۆپی باسکە بەناوی مارڤ ئاڵبێرت[٧٣٦] چەقیبوو، کەیسێک، کە زیاتر پڕژابووە سەر نەریتە سێکسییەکان و بارۆکەیەکی خراپ نەک هەر شتێکی پێوەست بەکاریگەری لەسەر نەتەوە. ڕووماڵکردنی هەواڵیی وەک ئەمە تەنیا بەمەبەستی ڕاکێشانی جەماوەر واتە ئیستیغلالکردنی جەماوەرە نەک خزمەتکردن پێی و بەتێپەڕینی کات زۆربەی جار خەڵکەکە دادەبڕێنێت.

بۆ ئەوەی ئێمە وەک هاووڵاتی بڕیاری سەلامەت و دروست لەبارەی زۆر بابەتی پێوەست بە ژیانمانەوە بدەین، ئێمە مافی ئەو هەواڵانەمان هەیە، کە دەرخەری سروشتیی ڕاستەقینەی هەڕەشەکانی وەک تاوانن بۆ سەر کۆمەڵگەکەمان، هەروەها ئەو هەواڵانەش، کە ئەو ڕەهەندانەی ژیانی کۆمەڵگە پێشان دەدەن، کە بەباشی کار دەکەن. سەرکەوتنەکانمان پێویستە بەهەمان ڕادەی شکستەکانمان دیوەدەر بن.

خوێنەرێکی وردبین هەست دەکات، دوو بنەمای ڕۆژنامەوانی کە لەم کتێبەدا باس کراون – سەلماندن و ویژدان – لەم لیستەی مافەکانی هاووڵاتییاندا نین، ئەمە لەبەر ئەوەیە، ئەگەر لەو ڕوانگەیەی، کە چۆن هاووڵاتییەک، ئەم مافانە دەناسێتەوە دەست پێ بکەین، هەندێک بنەما بەباشترین شێوە وەک بەشێک لە بنەماکانی تر دەبینین. لەم چوارچێوەیەدا پرۆسەی سەلماندنی ڕۆژنامەنووس دەبێتە نیشانەی پابەندبوونی بەگێڕانەوەیەکی واقیعییانەی هەواڵ و دەچێتە ژێر سەردێری واقیعیبوون. بەهەمان شێوە، ویژدان دەبێتە بەشێک لەو تێکەڵاوییەی نێوان هاووڵاتی و هەواڵکاران، کە لە ئەرکی کۆڕبەندی جەماوەریی دامەزراوەیەکی هەواڵیدا دەردەکەوێت و دەکەوێتە ژێر سەردێری کۆڕبەندی جەماوەرییەوە.

ئەگەر ئەم مافانە نەهاتنە دی ئێمە وەک هاووڵاتی پێویستە چی بکەین؟ ئێمە پێویستە یان دەتوانین چ کارێک بکەین ئەگەر، بۆ نموونە، ڕۆژنامەیەک گوزارشی لەبارەی ساختەکارییەکی بازرگانی یان سیاسییەوە، بەڵام بەدواداچوونی نەکرد بۆ بابەتە ناکۆکەکانی لێیەوە سەرهەڵدەدەن؟ هەڵبەتە یەکەم شت ئەوەیە ئەو پێوەندییە بەشێوەیەکی بنیاتنەرانە بێت، وەک ئامۆژگاری و زانیاری نەک سەرکۆنەکاری. دووەم شت، ئەگەر ئەوەش پشتگوێ خرا، پێویستە و لەوانەیە بە زیاتر لە ئامرازێک دووبارە

736. Marv Albert

پێشکێش بکرێتەوە. بۆ نموونە ئەگەر ئیمەیلێک پشتگوێ خرا، دووبارە بینێرەوە، دواتر دەست بۆ تەلەفۆن بەرە یان نامەیەک بنووسە و کۆپییەک بۆ سەرنووسیار بنێرە. ئەگەر تۆ دەتەوێت هاوولاتییانی تر لە سکالای تۆ ئاگەدار ببنەوە تۆماری هەوڵەکانی خۆت بۆ پێوەندیکردن لەگەڵ دامەزراوەکە و کاردانەوەکانی دامەزراوەکە لەسەر بلۆگێک ئاشکرا بکە.

ئێمە چیمان پێ دەکرێت ئەگەر وەک هاوولاتی ئەم هەڵسەنگاندنەمان پێشکێش بەدامەزراوەی هەواڵی کرد، بەڵام بەشداری و بۆچوون یان رەخنەکانی ئێمە پشتگوێ خران؟ ماف تەنیا ئەگەر وەک ماف سەیر بکرێت ماناگەیێنە، لەو خاڵەدا کاری خۆت بوەستێنە. ئابوونەکەت مەدە. تەماشا مەکە. لە هەمووشی گرینگتر ڕاڤەیەکی ڕوون لەبارەی هۆکاری ئەم کارانەتەوە بنووسە و بینێرە بۆ نووسیار یان ڕەخنەگرانی میدیا یان لەسەر ماڵپەڕی خۆتدا پۆستی بکە، ئەگەر ئێمەی هاوولاتی خۆبەدەستەوەدەر بین و حەز بکەین بەرگەی بەرهەمێکی لاوازبووە بگرین، بازاڕ شکست دێنێ. پێشتر هیچ جێگرەوەیەک نەبوو، بەڵام ئەمڕۆکە دامەزراوەگەلی میدیاییی کۆن بەشێک لە قەوارەکەیان قۆرخ نەکردووە، ئەگەر ئێمە بە دەنگ و بە بەڵگە کار بکەین، لەوانەیە ئەوان گوێ لە دیالۆگەکە بگرن و لەگەڵی تێکەڵ بن و، ئەگەر ئەو کارە نەکەن، ئەوا ئامانجەکەیان نەپێکاوە.

لە کۆتاییدا ڕەنگە وەک کارۆڵ مەرین دەڵێت "هیچ یاسایەک بۆ هەواڵ نییە". بەڵام وەک لێکۆڵینەوە و گفتوگۆکانمان لەگەڵ ڕۆژنامەنووسان و هاوولاتییان بەئێمەیان گوتووە کۆمەڵێک بیرۆکەی درێژخایەن لەبارەی ڕێژەنی هەواڵ و ڕۆڵی ڕۆژنامەوانی لە دابینکردنی هەواڵدا هەن، کە دەکرێت پێناسە بکرێن. ئەم بیرۆکانە هەڵکشاون و داکشاون لەلایەن ئەو کەسانەی بەناوی ئەو بیرۆکانەوە کاریان کردووە، بەهەڵە لێک دراونەتەوە و خراپ بەکار هێنراون، بەڵام ئەوانە داهێنانی دەسکرد نین، بنەماکانی ڕۆژنامەوانی دەسکاری کراون و لە سێ سەتەی ئەزموون و تاقیکردنەوەی بازاڕیی فۆرمە ڕکابەرەکانی زانیاریدا هەموار کراون. بنەماکان لەو ئەرکەی کە هەواڵ ڕۆڵێکی گرینگ لە ژیانی خەڵکدا دەبینێت، چەکەرە دەکەن. ئەوانەی ڕۆژنامەوانی بەرهەم دێنن، پێویستە ئەم بنەمایانە بەکار بێنن بۆ بەڕێوەبردنی ئاراستەیەکی ئەخلاقی لەناو کارەکانیاندا. کات دەری دەخات ئێمە لە دژی خۆمان لێیان دوور دەکەوینەوە.

ئەو بنەمایانەی ڕۆژنامەوانی کە لێرەدا باسمان کردوون، ئەو تیۆرەی ڕۆژنامەوانی، کـە ئێـمـە وەرمـان گـرتووە، بنەمـای ڕۆژنامـەوانیی سـەتەی نوێ پێک دێنن، ڕۆژنامـەوانیـیـەکی بەمـانا و دامـەزراوە لەسـەر لێکدانەوە و سـەلماندن و سـەربەخـۆییـیـەکی سـەخت، ئەمـانە هەروەها تاکـە پەرژین لە دژی ئەو هێـزەی هەڕەشەی لەناوبردنی ڕۆژنامەوانی و لاوازکردنی کۆمەڵگەی دیموکراسی دەکات، ئەم هەڕەشەیە ئەوەیە ڕۆژنامەوانیی تێهەڵکێش بەجیهانی گوتاری بازرگانی یان جیهانی چوونیەکی پێوەندییە بەرفراوانەکان بکرێت. تاکە ڕێگە بۆ پێشگیریکردن لەمە ئەوەیە ڕۆژنامـەنووسان تێگەیشتنێکی روونتر و پتەوتریان لەبارەی ئەو بنەمـایانەوە هەبێت، کە ڕۆژنامەوانی دەکەنە شتێکی بەنرخ. هەڵمەتێکی دیوەدەرانە، کە خواستی خۆی لە ڕێگەی بانگهێشتنکردنی هاوولاتییان بۆ ناو پرۆسەکە دروست دەکات و پێوەندیی نێـوان ڕۆژنامـەوانی و هـاوولاتی لەناو گـفـتـوگـۆیـەک، نەک ژوورێکی وانـەگـوتنەوە دادەمـەزرێنێتـەوە، ئەم گـۆڕانە تەنیا شـتێک نییـە، لەژێر کـۆنترۆڵی هاوولاتییـان و ڕۆژنامـەنووسـاندا بێت، شـتێکە کـە لە پێناویدا هەردوولا هەندێک بەرپرسـیـاریەتی هەڵدەگرن.

مـێـژوو لە ڕێگـەی ئەزمـوونی خـوێناوییـەوە فـێـری کـردووین چ شـتـێک بـەسـەر کۆمەڵگەیەک دێت، کە هاوولاتییانی لەسەر بنەمای زانیاریی خۆپەرستانەدا کار بکەن – جا چ پڕوپاگەندەی دەوڵەتێکی زۆردار بێت، چ یاساکانی چینێکی خۆشگوزەرانی بەکەشوفەش، کە سەرگەرمی بە سەربەخۆیی دەگۆڕنەوە.

جەماوەر بەردەوام کێشەی بۆ دروست دەبێت، نیگەرانیی بەرزبووەوە هەیە لەبارەی دەمـارگـیـرییـەوە، ئـەوەش کـە ئاخـۆ مـیـدیای هـەواڵی لە ڕاسـتـیـدا پارێزگـاری لە دیموکـراسـی دەکـات یان نا، بەڵام زێدەڕۆییـیـە ئەگـەر بگوترێت وڵات لە تەنگژەدا گەیشتووەتە خاڵێکی نوێ یان تەنانەت متمانەی جەماوەر بە چاپەمەنی بەئاراستەی لێژییـەکی تیژدا دەڕوات، هەرچەندە ڕای جـەمـاوەر بەرامبـەر بە چاپەمـەنی لەوەتەی ١٩٨٠کانەوە ڕەتکردنەوەیەکی گشتی بوو ئەمەش بەهەندێک پێوەر – لەوانەش ئاخۆ چاپەمەنی پیشـەییانە و ئەخلاقییـە – بەبەراورد لەگەڵ پێش ١١ی ئەیلوولی ٢٠٠١ەوە یان پاش لێکۆڵینەوە لەگەڵ بیل کلینتۆن، بەڵام ئەمەریکاییەکان ئێستە دڵنیاترن.

ژمارەی ئەو ئەمەریکاییانەی بۆچوونێکی "پەسند"یان بەرامبەر بەچاپەمەنی هەبوو

بەرز بووە – ئەمانەش ئەمەریکاییەکانی سەر بەهەموو لایەنێکی سیاسین و، بەنێزیکەیی سێ چارەکی ئەمەریکاییەکان بەردەوام باوەڕیان بە بیرۆکەی میدیایەکی هەواڵیی سەربەخۆ و بێلایەن هەیە، هیچ هاوکێشەیەکی سیحراوی لەم ژمارانەدا جێگیر نەکراوە. ئەوەی بە نەگۆڕی و ڕوونتر دێتە بەرچاو ئەوەیە جەماوەر لەو بیرۆکەیە تێ دەگات، کە چاپەمەنی تامەزرۆی کارکردن لە بەرژەوەندیی گشتییە و هەوڵ دەدات بەتەواوەتی ئەنجامی بدات و کۆڵنەدەر بێت. ئەوەی خەڵک گومانی رژدی لەبارەیەوە هەیە، ئەوەیە ئاخۆ ڕۆژنامەنووسان پابەندن بەو ئایدیالانە و ئاخۆ ئەو کۆمپانیانەی خاوەنی هەواڵن هێشتاش باوەڕیان بەو ئایدیالانە هەیە.

شارستانییەت بیرۆکەیەکی زۆر بەهێزتر لە بیرۆکەکانی تری بەرهەم هێناوە، چمکی ئەوەی خەڵک دەتوانن خۆیان بەڕێوە ببەن. تیۆرێکی یەکجار نەدرکاوەی زانیاریی دامەزراندووە بۆ پارێزگاریکردن لەو بیرۆکەیە کە ناوی ڕۆژنامەوانییە. هەردووکیان بەیەکەوە پەرە دەسەنن و شکست دێنن. ئەم کتێبە هەوڵێکە بۆ گۆکردنی ئەو تیۆرە، هیوای هەرە مەزنمان داهاتوویەک نییە، کە بۆ ڕابردوو بگەڕێتەوە، کە وەک خەڵک بەبیری دێتەوە ئەوەندە شیرین نەبووە. سەربەستیی ئێمە لە سەتەیەکی دیجیتاڵ لە ڕاستیدا دەوەستێتە سەر فەرامۆشنەکردنی ئەو ڕابردووە یان ئەو تیۆرەی هەواڵ، کە ئەم ڕابردووە لە کاتی خرۆشانی متمانە بە لەدایکبوونەوەی تەکنۆلۆجیا و کۆمپانیای هاوبەشی بەرهەمی هێنا، ئێمە دوو شەڕی جیهانیی ناکۆک و شەڕێکی ساردی بەشێوەیەکی سەرەکیی شاراوەمان لە سەتەی ڕابردوو لە دژی ئەم یۆتۆپیا تەکنۆلۆجییەدا کرد، ڕەنگە بەرگەی یەکێکی تر نەگرین.

# پێڕست


دیباچەی چاپی نوێی کتێبەکە ........ 5
پێشەکی ........ 13
بەشی یەکەم: ڕۆژنامەوانی بۆ چییە؟ ........ 22
بەشی دووەم: هەقیقەت، یەکەمین و ئاڵۆزترین بنەما ........ 54
بەشی سێیەم: ڕۆژنامەنووسان بۆ کێ کار دەکەن ........ 74
بەشی چوارەم: ڕۆژنامەوانیی سەلماندن ........ 108
بەشی پێنجەم: سەربەخۆیی لە کوتلە ........ 153
بەشی شەشەم: چاودێریی دەسەڵات بکە ........ 187
بەشی حەوتەم: ڕۆژنامەوانی وەک کۆڕبەندێکی جەماوەری ........ 216
بەشی هەشتەم: تێکەڵکردن و پێوەندی ........ 247
بەشی نۆیەم: هەواڵەکە گشتگیر و هاوسەنگ بکە ........ 274
بەشی دەیەم: ڕۆژنامەنووسان بەرامبەر بەویژدان بەرپرسیارن ........ 298
بەشی یازدەم: ماف و ئەرکەکانی هاووڵاتی ........ 322